# دیدگا

# دیدگا

لێکۆڵینەوە و وتاری ڕۆژنامەنووسی

نووری بێخاڵی

ناوی پەرتووک: دیدگا
بابەت: لێکۆڵینەوە و وتاری ڕۆژنامەنووسی
پیتچنین: نووسەر
نەخشەسازیی ناوەوە:
بەرگ: تەیب موعتەسەم
چاپی یەکەم، ٢٠١٧
لە چاپکراوەکانی (ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی و کەلتووری)
تیراژ:
نرح:
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان – هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی ()ی
ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

«ڕەنگە ئەو شتانە نەڵێم کە بڕوام پێیان هەیە،
بەڵام هەرگیز شتێک ناڵێم کە بڕوام پێی نەبێت — کانت»

# بەرچەنە

زیاتر لە چوار ساڵە ئەم کتێبە لەم کۆمپیوتەرەوە، دەگوازمەوە سەر ئەو لابتۆپ.. لەم فلاشەوە، دەیخەمە سەر ئەو هارد و لەم فایلەوە دەیخەمە ناو ئەو فۆڵدەر، تا دواجار بە هیممەتی جوامێرانەی هاوڕێ و برای ئازیزم (حەمید بەدرخان — سەرۆکی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی و کولتوور) کۆتایی بەم گوازە گوازەیەی دێت و ڕۆشنایی چاپ دەبینێ.

بەشێکی بابەتەکانی ئەم کتێبە، ژمارەیەک لێکۆڵینەوەن دەربارەی بابەت و پرسگەلی فیکری، سیاسی و کولتووری، هاوکات هەندێکیشیان وەڵامی پرسیاری چەند ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگایەکی میدیایی ناسراوی کوردستان کە وەک دۆسیەی تایبەت بەم پرسە سیاسی و کولتوورییانە، لە تەک ژمارەیەک نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیکە، شەرەفی ئەوەیان بە منیش بەخشیووە، ڕا و باری سەرنجی خۆم لەمەڕ بابەت و تەوەری ئەو دۆسییانە بخەمەڕوو.

لێکۆڵینەوەکان و وەڵامی پرسیاری تەوەرەکان، دیدگا و گۆشەنیگای نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکن کە وەک خاوەن ئەزموونێکی سادە، لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەکان و ئەو واقیعەی تێیدا ژیاوە و تا ئەو شوێنەی شارەزایی و توانای بەسەریاندا شکاوە، لە بارەیانەوە دواوە.

خراپ نییە سەرنجی خوێنەر بۆ خاڵێکی گرنگ لە پەیوەست بە ناوەڕۆکی ئەم کتیبە ڕابکێشم، ئەوەی کە دواتر خوینەر بۆ خۆی و بە ئاسانی هەستی پێدەکات، ئەویش یەکێتیی بابەت و ناوەڕۆکی نووسینەکانە. بەو پێیەی بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە، ئەگەرچی بە ناوونیشانی جیا و سەربەخۆ دەردەکەون، بەڵام دواجار هەر یەکە و لە خاڵێکدا، لە شوێنیک،دا پەیوەندییێک بەوەی دیکەی دەبەستێتەوە. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە توێی بابەتەکاندا، کۆمەڵگای کوردی لە ئاستە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتوورییەکەی، چەقی باس و تەوەری سەرەکیی قسە لەسەر کردنن.

بەهەرحاڵ، دووبارە سوپاس بۆ کاک (حەمید بەدرخان) و دامەزراوە ڕۆژنامەوانی و کولتوورییەکەی، کە ساڵانێکە وەک دڵسۆزی کتێب و وشەی کوردی و خەمخۆری پرۆژەی ڕووناکبیری و میدیایی، درێغیان لە خزمەتی کتێبخانەی کوردی و بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی نەکردووە.

نووری بێخاڵی
٢٠١٧/٨/٦
تورکیا - ئیستانبۆل

## بەهاكانی ڕاپەڕین، دەروازەیەك بۆ بەخۆداچوونەوە

### ئازادی لە خەونەوە بۆ واقیع

ڕاپەڕیـن وەک ڕووداوێکـی دەگمەنـی نێـو مێـژووی سـەد سـاڵ تێکۆشـانی نەتەوەیـی و شۆڕشـی کـورد، وەرچەرخانێکـی چۆنێتـی بـوو لـە دیرۆکـی تەڤگـەری ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی باشـووری کوردسـتاندا، کـە لەگـەڵ خۆیـدا پرسـی قۆناغێکـی نوێـی لـە ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کولتـوری کوردسـتاندا هێنـا پێشـەوە، قۆناغێـک لـە هەناویـدا هەڵگـری کۆمەڵـێ پرسـیاری گرنـگ و هەسـتیار بـوو، کـە هـەر یەکەیـان و بـە دیوێکـەوە مانـا و بەهایەکـی دیاریکـراوی بـۆ خـودی ڕاپەڕیـن لـە هەناویـدا هەڵگرتبـوو. بـە مانایەکـی تـر و ڕوونتـر بڵێیـن، ڕاپەڕیـن بـە تەنهـا هەڵگـری ڕەهەندێکـی نەتەوەیـی شۆڕشـگێڕی نەبـوو، کـە تەنهـا خەونـی ڕزگاربـوون لـە سـتەمکاری و ژێـر دەسـتەیی بێـت، بەڵکـو لـە هەناویـدا هەڵگـری کۆمەڵێـک ئامانـج و بەهـای مـەزن و پـڕ بایەختـر بـوو بـۆ قۆناغـی دوای خـۆی لـە ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کولتوریمـان. ئاماژەیەک بـوو بـۆ دەسـتپێکردنی سـەرەتایەکی نـوێ لـە ژیانـی سیاسـی، کـە تـەواو جیـاواز بێـت لـە قۆناغـی پێـش خـۆی. واتـە ڕاپەڕیـن بـە تەنهـا بریتـی نەبـوو لـە تینوێتـی گەلێـک بـۆ ئـازادی و سـەربەرز ژیـان و ویسـتیان بـۆ ڕزگار بـوون لـە دیکتاتۆرییـەت و داگیرکردنـی وڵاتەکەیـان، بەڵکـو دەسـپێکی سـەرلەنوێ تێهەڵچوونەوەیەکـی جیـددی بـوو بـە کـۆی کایەکانـی کۆمەڵگـە لـە تـەواوی ئاسـتەکانیدا، بـەڵام ئـەوەی دوای ئـەوە بینیمـان و دەیبینیـن هێشـتا لـە ئاسـتی پێویسـتی وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکانی ئـەو وەرچەرخانـە نەبـووە و نییـە.

دوای تێپەڕینـی بیسـت سـاڵ بەسـەر ڕاپەڕینـە گەلێرییەکـەی باشـووری کوردسـتان، هێشـتا پرسـیارگەلی بـێ وەڵام مـاون، کـە پێویسـت دەکات لـە ئاسـتیاندا هەڵوەسـتە بکەیـن. بـۆ ئەوەیـش ڕاپەڕیـن تـەواوی مانـا و بەهاکانـی خـۆی بـۆ بگەڕێنرێتـەوە دەبـێ وەڵامـی ئـەو پرسـیارە هەڵواسـراوانەی بدرێتـەوە، بـەو پێیـەی تـا ئـەو چرکـە سـاتەش کایـەی سیاسـی نەیتوانـی مانـا و بەهـای دروسـتی خـۆی بداتـەوە ڕاپەڕیـن

و ئامانجەکانی، بە تایبەتی لە ئاستە مەعنەوی و رۆحییەکەی و بونیادنانی کەسایەتییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی، کە بۆ هەمیشە خەونی نیشتمانێکی ئازاد لە خەیاڵ و بیرکردنەوەیدا بێت، هەر بۆ نموونە هەروا بە ئاسانی بەوە رازی نەبێ، کێشەی بستە زەوییە داگیرکراوەکانی وڵاتەکەی بە چەمکگەلی (ناوچە دابڕاوەکان، ناوچە جێ ناکۆکەکان، ناوچە کێشە لەسەرەکان)ی دەرخوارد بدرێ.

## راپەڕین لە تاکڕەوی سیاسییەوە بۆ فرەیی حزبی

ئەوەی قۆناغی دوای راپەڕین لە پێش خۆی جیا دەکاتەوە، کرانەوەی فەزا سیاسییەکەیەتی لە باڵادەستی دەسەڵاتی تاک حزبییەکی دیکتاتۆری داگیرکەر، بۆ بەرەیەکی سیاسی نیشتمانی کوردستانی، کە پێشتر خەونی پێیەوە دەبینی، بەرەیەکی سیاسی کوردی دێت حوکم دەکات و هەر زوو دەروازە و دەلیڤەی هەڵبژاردنێکی ئازاد دەڕەخسێنێ. واتە هەرچی بکەین و پاساوەکانمان هەر چییەک بن ناتوانین ئەو جیاوازییە لە رۆژە سەرەتاکانی دوای راپەڕین و ژیانی سیاسیدا نەبینین، کە تا ئەو چرکە ساتەش (وێڕای تێبینی و رەخنەکان) بەردەوامی هەیە.

قۆناغی دوای راپەڕین و فرەمینبەری سیاسی و فرە حزبی لە ژیانی سیاسی کوردستاندا ئومێدێکی لای مرۆڤی کورد دروست کرد، کە دەشێ دوای هەموو قوربانیدان و خۆڕاگرییەکانی نەتەوەکەمان، پاش رستێک شکستی سیاسی نێو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەییمان لە شاخدا، لاپەڕەیەکی نوێ دەستپێبکەین و بەیەکەوە روو بەرەو ئاسۆیەکی گەشتری ژیان و خەباتی سیاسی لە باشووری وڵاتدا هەنگاو هەڵگرین، هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسپێکی ئەو ئومێد و گەشبینییە دەبێت، کە بەداخەوە زۆری نەبرد شەڕی براکان ئەو ئومێدەی کاڵ کردەوە، بەڵام لە بەرامبەریشدا بوونی ئیرادەیەکی گەلێری و دەرکەوتنی چالاکی مەدەنی و هەڵوێستی ئاشتیخوازی ئەو کلاوڕۆژنەیە بوو، کە مرۆڤ لە ئایندەی ئاشتەوایی و بەیەکەوەژیان بێهودە و هیوا بڕاو نەبێ. واتە سەرەڕای وێرانییەکانی شەڕی ناوخۆ و دیوە جەهەننەمی و ترسناکەکانی و ئەو عەقڵیەتە شەڕانگێزییەی هەبوو، بوونی ئەو ویست و ئیرادە ئاشتیخوازە توانی کۆتایی بە ناسۆرییەکانی شەڕ بێنێ و دەرگای ژیانێکی نوێ لە بەردەم نەوەکان بکاتەوە. نابێ ئەوەش لە بیر بکەین

کە سەرباری شەڕ و باڵادەستی گوتاری تاک حزبی لە قەڵەمڕەوی هەر حزبێکدا، بەڵام کەم تا زۆر لە هەردوو جوگرافیا و بەرەی شەڕدا فرەیی سیاسی ئەگەر بە لاوازیش بێت هەناسەی دەدا، تا ئەوەی هەر لەو قۆناغە ئاڵۆزەشدا حزبگەلی نوێ، بە ئایدیا و ئامانجی نوێ لە دایکبوون و بە پراکتیکی هاتنە نێو پرۆسەی سیاسی. ئەوەی لە ئێستاشدا دەیبینین کە بەردەوامی و گەشەکردنی ئەو فرەییە سیاسییەیە، تا ئاستێک توانیویتی تەمی بێئومێدی لە بەرچاوماندا برەوێنێتەوە، لەوەش گرنگتر هوشیاربوونەوەی خودی تاکەکانی کۆمەڵگە و دەرکەوتنی بزووتنەوە و هێزگەلی کۆمەڵایەتی و مەدەنین، کە تا دێت رۆڵی دیموکراسی و مەدەنیان زیاتر گەشە دەکات و شوێن پەنجەیان بەسەر ئاراستەی رووداوەکاندا دەبینرێ و خەریکە دەبنە هێزی فشاری جیددی. بۆیە ئەگەر شانازییەکی سیاسی دوای راپەڕین هەبێ ئەو فرەمینبەرییەیە، کە پێویست دەکات و ئەرک و بەرپرسیارێتی سەر شانی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە بەردەوامی پێبدەن و ململانێ و جیاوازییەکانی بە ئاراستەیەکی تەندروست تردا بەرن، واتە لە هەر حاڵەتێکدا باشووری کوردستان دەستبەرداری ئەو رووخسارە سیاسییە فرە رەنگەی بێت، ئەوا گەورەترین زیان لە ئێستا و ئایندەی خۆی و گەلەکەی و ئەزموونەکەی دەدات، چونکە ئەو رەهەندەیان یەکێکە لە کۆڵەگە هەرە گرنگەکانی مانەوە و بەردەوامی ئەزموونەکە و گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی. بەتایبەتی کە هیچ دیموکراسییەک ناتوانێ دیوی راستەقینەی خۆی بنوێنێ، ئەگەر باڵانسی ئەو فرەییە و کارایی و رۆڵی هەر هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنی تێدا بەرچاو نەبێ و جیاوازییەکان لە یەکێتییەکی دژ و ناکۆکدا (نەک دوژمنایەتی) پەرە بە سووڕی ژیان و مانەوە و گەشەکردنیان نەدەن.

## راپەڕین.. بونیادنانی ژێرخان و شکستی رۆح

ئەوەی جێگەی سەرنجە، خەون و خەمی گەورە و سەرەکی کایەی سیاسی و دەسەڵاتی کوردستان هەر لە دەسپێکی راپەڕینەوە برەوپێدان و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بوو (ئەگەرچی زۆرێک لە خودی کاراکتەر و بەرپرسەکانی ئەو کایەیە لە رۆژانی یەکەمی راپەڕین هەرچی کەرەسەی خاو و ئامێری گەشەپێدانی ئابووری و ژێرخانی ئەو نیشتمانە

هەبـوو، لـە بەرامبـەر بـڕێ هـەزار دیناریـدا ئاودیویـان کـرد!)، لـە ئێستاشـدا پرۆسـەی وەبەرهێنانـی سـەرمایە و سـەرچاوە سروشـتییەکان لـە پێشـەوەی میکانیزمەکانـی ئـەو پرۆسـەی گەشـەپێدانە ئابوورییـە دێـن، بێگومـان ئـەوە لایەنێکـی زینـدووی گەشـەپێدانی ئەزموونەکـە و بـەرەو پێـش بردنییەتـی، بـەڵام هـەر هەمـووی نییـە، واتـە بـە تەنهـا بیناکردنـەوەی لایەنـە ماددییەکـەی وڵات نییـە دەتوانـێ وڵات بـەرەو پێشـەوە ببـات، ئەگـەر سـەرەتا و لـە بنەڕەتـدا مرۆڤەکانـی لـە ئاسـتی کەسـایەتی و ڕۆحیـدا ئامـادە نەکرێـن. نیشـتمانێک مرۆڤەکانـی ڕۆحیـان تێکشـکاو بێـت، ئابـووری بـە تەنهـا ناتوانـێ راسـتی بکاتـەوە، وڵاتێـک کەسـایەتی مرۆڤەکانـی رووخـاو بێـت، بوژانـەوەی ژێرخـان بـە تەنهـا ناتوانـێ زینـدووی بکاتـەوە.

دیـارە ئـەو سـەرنجە بـەو مانایـە نییـە، کـە لەبەرچاوگرتـن و بایـەخ پێدانـی ئـەو رەهەنـدە ئابـووری و سـتراتیژییە گرنـگ و پێویسـت نەبـووە و نییـە، بەتایبەتـی بـۆ وڵاتێـک کـە لـە میانـی پرۆسـەکانی جینۆسـاید و داگیرکاریـدا زیاتـر لـە ٤٥٠٠ گونـد و ئاوایـی بـە زەوی و مـرۆڤ و سروشـتییەوە وێـران و خاپـوور کـرا و راپەڕیـن هاتـە سـەر وێرانـە خاکێـک، کـە نـەک تەنهـا هێـزی بەرهـەم هێنـان لـە کـزی دابـوو، بەڵکـو هۆگەلـی بەرهەمهێنانیـش لـە پلـەی ژێـر سـفری سـەدی بـوون، بـەڵام ئـەوەی کایـەی سیاسـی بیـری لێنەکـردەوە و کاری بـۆ نەکـرد، بونیادنانـەوەی کەسـایەتی تێکشـکاوی مرۆڤـی کـورد و ڕۆحـە سـوتاوەکەی بـوو، کاتێکیـش کایـە و دەسـەڵاتێک نەتوانـێ لـە ئاسـتە ڕۆحـی و ویژدانییەکـەی سـەر لـە نـوێ ئـەو کەسـایەتییە دروسـت بکاتـەوە و بـە شـێوەیەکی تەندروسـت ئاراسـتەی بـکات و بیکاتـە هێـزی پـڕ گـوڕی ئـەو پرۆسـەی بوژانـەوە و گەشـەپێدانە ماددییـەی بـواری ئابـووری و وەبەرهێنـان و بوارێکـی شایسـتەی وەک یەکـی هەلـی کار و ژیـان و گـوزەران بـۆ هاووڵاتیانـی برەخسـێنێ و وڵات روو بـەرەو گەندەڵـی و بێـدادی بـڕوات، ئیـدی ئاسـاییە کەمتریـن هەسـتی بەرپرسـیارێتی و ئینتمـا لـەلای خەڵـک بمێنـێ. کەسـایەتی مـرۆڤ بـە بڕینـەوەی مووچـەی مانگانـە و چەکدارکـردن و بـە حزبـی کردنـی زینـدوو نابێتـەوە، کەسـایەتی مـرۆڤ ئەگـەر لـە دیـوە ڕۆحییەکـەی تێـر نەکـرێ، ئەگـەر وشـیارییەکەی نەگاتـە ئاسـتی هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی نیشـتمانی و نەتەوەیـی، ئەگـەر بـواری بەشـداری کارا و دەستپێشـخەری بـۆ نەرەخسـێ، ئەگـەر هەسـت بـە هاووڵاتـی بـوون و تاکێتـی خـۆی نـەکا، ئەگـەر لـە کەسـێکی بەکاربـەر و مشـەخۆرەوە نەکرێتـە مرۆڤێکـی بەرهـەم هێنـەر، ئەگـەر نەگاتـە

ئـەو بڕوایـەی کـە خـاوەن بـوون و بەهـا و سـەروەری و ئـازادی و توانـای خۆیەتـی و بـەری رەنجـی دەسـتی بخـوات، دروسـتکردنی بینایـە و قوتکردنـەوەی بالاخانەیـەک ناخـی روونـاک ناکەنـەوە. بـە کورتـی ئەگـەر پرۆسـەی بوژانـەوەی ژێرخانـی ئابـووری و بونیادنانـی کەسـایەتی مرۆڤـی کـورد هاوشـان و تەریبـی یەکتـری بـوان، رەنگـە لـە ئێسـتادا وەڵامێکـی ئامانجەکانـی راپەڕیـن بدرابوایـەوە و کۆمەڵگـە لـە کەمتریـن حاڵەتـی ناکۆکـی و بەیەکـدا هەڵشـاخانی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی بیگوزەراندایـە.

## راپەڕین و گوتاری رۆشنبیری

تـا ماوەیەکـی درەنگـی دوای راپەڕیـن، نـا ئامادەتریـن گوتـار، کـە کاریگـەری بەسـەر ئاراسـتەکردنی رای گشـتی هەبووبێـت و رۆڵـی لـە چارەسـەرکردنی کێشـەکان و ئاراسـتەکردنی رووداوەکان هەبـێ، گوتـاری رۆشـنبیری بـوو. ئـەو گوتـارە بـە هـۆی پەرتەوازەیـی کاراکتەرەکانـی و سـەنگەر لـە یەکتـری گرتـن و سـڕینەوەی یەکتـری، بـە هـۆی ناکامـڵ بوونـی لـە ئاسـتە مەعریفـی و بونیـادی و عەقڵانییەکـەی، بـە هـۆی بـارگاوی بوونـی بـە چەمکی ئایدیۆلـۆژی و حزبـی، بـە هـۆی گەڕانـی بـەدوای شووناسـی پاڵەوانـی، لەگـەڵ چەندیـن هـۆکاری تـر، نەیتوانـی ئـەو رۆڵـە پێویسـتەی خـۆی بگێـڕێ و لـە ئاسـت ئـەو بەرپرسـیارێتییە نیشـتمانی و نەتەوەییـەی قۆناغەکەیـدا بێـت، کـە خـودی ئەزموونـە نوێیەکـەی دوای راپەڕیـن پێویسـتی پێـی بـوو.

چـۆن کایـەی سیاسـی و دەسـەڵات نەیانتوانـی وەک پێویسـت هوشـیارییەکی سیاسـی تەندروسـت پێشـکەش بـە کۆمەڵگـە بکـەن، تـا لـە ساتەوەختی کێشـە و ئاڵۆزییەکانـدا نەکەوێتـە ژێـر بـاری فشـاری نەخـوازراو و بەشـدار بێـت لـە راسـتەڕێکردنەوەی ئاراسـتەی نێـو هاوکێشـە و ململانێـکان، لـە بەرامبەریشـدا کایـەی رووناکبیـری هەڵگـری ئـەو گوتـارە عەقڵانییـە تەندروسـتە نەبـوو، کـە کۆمەڵگـە لـە ئاسـتی هەڵچـوون و جـۆش و خـرۆش و هەڵچوونـی سـۆزدارییەوە بگوازێتـەوە بـۆ ئاسـتی بیرکردنـەوەی قـووڵ و رامانـی فرەلایـەن و خوێندنـەوەی عەقڵانـی و لـە قەیرانەکانـدا حوکمـی لۆژیکـی چارەسـەکردن و دەربازکـردن بـدات. تەنانـەت لـە ساتەوەختی شـەڕی ناوخـۆ ئـەو گوتـارە رۆشـنبیرییەی گوایـە لـە هەوڵـی ئاشـتکردنەوەی هێـزەکان و هوشـیارکردنەوەی کۆمەڵگـەدا بـوو، لـە بـری خوێندنـەوەی جیـدی رووداوەکان و کەشـفکردنی ئەودیـوی هاوکێشـەکان، زێدەتـر بـە کاوێژکـردن لەسـەر شکسـتە سیاسـییەکانی نێـو مێـژووی هێـزە سیاسـییەکان و

خوێکـردن بـە برینـەکان و جووینـەوەی چەمـک و گوتـەزای نێـو کتێبـان، کەمتریـن ڕێگەچـارە و ئەلتەرناتیـڤ و میکانیزمـی چارەسـەرییەکانی خسـتەڕوو.

ڕەنگـە هەبـن بپرسـن ئـەو گوتـارە چ پەیوەندییەکـی بـە وەڵامگـۆی پرسـیارەکانی ڕاپەڕینـەوە هەیـە؟ لـە وەڵامـدا دەڵێیـن گوتـاری ڕووناکبیـری کـە کاری بەرهەمهێنانـی مەعریفـە و بەهـای نـوێ و هوشـیارکردنەوەی تاکـە بـە دیـوی بەرخـورد بـوون لـە مـاف و ئازادییەکانـی و لەسـەر هەسـتکردن بـە بەبرپرسـیارێتی و ئینتیمـا گۆشـی دەکات، تـا ئـەوەی لـە ئاسـتە تیـۆری و بەهاییەکەیـدا مەشـقی ژیانـی دیموکراسـی و مەدەنـی و قەبوڵکردنـی جیاوازییەکانـی پێـدەکات، بـە تایبەتـی لـە کاتێکـدا کایـەی سیاسـی و دەسـەڵات لـە هەوڵـی پەخشـکردنەوەی هوشـیارییەکی سـەقەتی ئایدیۆلـۆژی تاکەکانـدا بێـت و بیـەوێ کۆمەڵگـە بـە حزبـی بـکات و لـە بـری چەمکی هاووڵاتیبـوون، هوشـیاری حزبـی بکاتـە هوشـیارییەکی دەسـتەجەمعی، کـە بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان و لـە شـوێنکاتی جیـا ئـەو کایـە سیاسـییە لـە کوردسـتاندا بـەو لۆژیکـە هاتـەوە نێـو کۆمەڵگە. کاتێکیـش دەبینیـن ئـەو گوتـارە ڕووناکبیرییـە نەیتوانـی، یـان هەوڵـی بینینـی ئـەو ڕۆڵـە و ڕاپەڕاندنـی ئـەو بەرپرسـیارێتییە مۆڕاڵـی و ویژدانییـەی نـەدا، وەک هـەر کایەیەکـی تـر کـە بەشـێک بـوون لـە قوڵکردنـەوەی گرفتـەکان بەشـێکی بەرپرسـیارێتی لـە بەرامبـەر دروشـمەکانی خـۆی دەکەوێتـە ئەسـتۆ.

لاوازی هوشـیاری سیاسـی (بـە ئاسـتە نیشـتمانی و نەتەوەییەکـەی) و دیموکراسـی تـا ڕۆژی ئەمـڕۆ لـەلای تاکـی کـورد، چەنـدە هۆکارەکـەی فـەزای سیاسـی و شـێوە ژیـان و مومارەسـەی حزبایەتـی بـووە لـە کوردسـتان، بەشـی ئـەوەش (ئەگـەر زیاتریـش نەبـێ) دەکەوێتـە ئەسـتۆی گوتـاری ڕووناکبیـری کـوردی، تـا ئـەوەی زۆرجـار هێنـدەی ئـەو گوتـارە ڕەگـی بێئومێـدی لـە ئاسـت ئاییندەی سیاسـی و نەتەوەیـی لـە ناخـی مرۆڤـی کـورد داکوتیـووە، نیـوەی ئـەوە ڕۆڵـی لـە چرۆکردنـی هیوایـەک لـەلای تاکـدا نەبینیـووە، تەنانـەت بـە خـودی ئـەو گوتـارە ڕووناکبیرییـە ڕەخنەیـی و جیددیـەی کـە لە کۆتاییەکانـی شـەڕی ناوخـۆ ماکینـەی ڕەخنـەی خـۆی بـە ئاراسـتەی حزبـە شـەڕکەرەکان و دەسـەڵات خسـتەگەڕ و لـە ئێستاشـدا بەنـاوی ڕیفۆرمـەوە قسـە دەکات، بەوپێیـەی ئەوەنـدەی سـەرقاڵی ناشـیرینکردنی کـۆی پرۆسـەی سیاسـی و ڕق ئەسـتوورکردنی خەڵـک بـوو بەرامبـەر چەمکـی دەسـەڵات وەک یەکەیەکـی گشـتگیر و فـرە ڕەهەنـد، نیـوەی ئـەوە کاری لەسـەر هوشـیارکردنەوەی ئـەو تاکـە نەکـرد بـۆ تێگەیشـتن لـە

دروستی چەمکی دەسەڵات و راهێنانی لەسەر ئەوەی چۆن کار بۆ هێنانەدی ئەو دەسەڵاتە پێرفێکتە بکات و میکانیزمەکانی نەخستە بەردەست، رەنگە هەڵچوون و هەڵوێست و رەفتار و گوفتارەکانی ئەم دواییەی نێو خۆپیشاندانەکان باشترین بەڵگە و رەنگدانەوەی ئەو گوتارەبن بەسەر هوشیاری ئەو خەڵکە، بە خودی ئۆپۆزسیۆنیشەوە کە تا ئەوپەڕی، دەرگیری چەمک و تێزەکانی ئەو گوتارە سوپەر رەخنەییەی رووناکبیری کوردین، کە بە تەنها خوێندنەوەی دیوێکی شتەکان دەیەوێ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ رووداو و پێشهاتەکان و هێزەکانی نێو ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە بکات.

## کۆتایی

ئێستاش کە بیست ساڵ بەسەر راپەڕیندا رەت دەبێت پێویست دەکات بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی، بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەها و پرەنسیپانەی لە پێناویدا راپەڕینمان کرد، بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئامانجە سیاسی و دیموکراسییانەی بڕیار بوو بەری داری راپەڕین بن، بگەڕێینەوە بۆ ئەو خەونە کولتوری و فەرهەنگی و شارستانییانەی لەسەر راپەڕین بونیادمان نابوون، بگەڕێینەوە بۆ زۆرێک لەو پرسیارانەی راپەڕین هێنانی و هێشتا وەڵاممان نەداونەتەوە.. پرسیارگەلێک کە پەیوەندییان بە کۆی ئاسۆی بیرکردنەوەمانەوە هەبوو، ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان بە کۆی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بونیادە فەرهەنگی و ئابوورییەکانەوە هەبوو، ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان بە خەونە نەتەوەیی و نیشتمانییە ئاییندەییەکانمانەوە هەبوو. تا ئەوە نەکەین، ئەستەمە بتوانین کۆمەڵێک قەیران و کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری و تەنانەت ئابووری و کارگێڕی هەنووکەیی کە هەن دەرباز و چارەسەر بکەین و دوور نییە بۆ سبەیش درێژ ببنەوە.

ئەو گەڕانەوەیە بە تەنها ئەرکی کایەکی دیاری کراو نییە، بەڵکو ئەرکی کۆی کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رووناکبیرییەکانی ئێمەیە، ئەرکی هەموو ئەوانەیە کە لە خەمی ئەو ئەزموونە و دەسکەوتەکانی دان و چاویان لە دەسکەوتی دیکەی جوانتری سیاسی و نەتەوەییە. بەرای ئێمە راپەڕین بەو بەها و ئامانجانەی تا ماوەیەکی دوورتریش ئەو دەروازەیە دەبێت کە لێیەوە بە خۆماندا بچینەوە، بەخۆداچوونەوە لە کۆی ئاست و کایەکاندا، بەخۆداچوونەوە بۆ سەر لە نوێ

پێناسـه کردنـهوهی چهمـک و تێگـهکان، بـۆ دیسـانهوه دارشـتنهوهی هێڵـه سـهرهکی و گشـتییهکانی گوتـاری کوردبـوون و ئـازای و دیموکراسـی، بـۆ ههمدیـس پێداچوونـهوه بـه گوتـاری ئاییندهبینـی و پرسـهکانی ئاشـتی کۆمهڵایهتـی و تهبایـی سیاسـی و بهیهکـهوه ژیانـی جیاوازییـهکان لهنـاو یهکێتییهکـی ناکـۆک و جیـاواز (نـهک دژ و دوژمـن)دا.

## سرووتەکانی کوشتنی گەنج

هـەر کـە بـاس دێتـە سـەر کێشـە و گرفتەکانـی گەنـج، بەتایبەتـی لـە کۆمەڵگایەکـی داخـراوی وەک کوردسـتان ، کۆمەڵگایـەک کـە هەرچـی پەیوەنـدی کۆمەلایەتـی سـواو و سـەقەتی باوکسـالاری هەیـە بەڕێـوەی دەبـات و لەسـەری سەرەوەیشـیدا سیسـتەمێکی میتافیزیکـی لـە دەرەوەی ویسـت وئـارەزوی تاکـەکان شـاقوڵیانە حوکمـی کـۆی نێوەنـد و پێکهاتەکانـی دەکات، سیسـتەمێک بـە حوکمـی قەدەرێکـی جەبـری هەرچـی گیانـی پرسـیار و گومانکـردن و یاخیبوونـە لـە ناخـی تاکەکانیـدا کوشـتووە . بابەتێکـی ئـا لـەم چەشـنە بەناچـاری دەمانباتـە سـەر قسـەکردن لەسـەر سـێ ئاسـت وکایـەی جیـاواز لـە باکگراونـد و کـۆک و تەبـا لـە ئامانـج، ئاسـتگەلێک کـە کاریگـەری راسـتەوخۆیان لەسـەر تێکشـکاندنی کەسـایەتی و ئیـرادەی ئـەو کائینـە هەیـە و سـەرچاوەی کـۆی ئـەو ئارێشـانەن کـە گەنـج بەدەسـتییانەوە گیـرۆدە بـووە ،ئـەو ئاسـتانەش بریتیـن لـە : ( دەسـەلات+ ئاییـن+ سـتراکتۆری کۆمەلایەتـی).

ترسـی هـەرە گـەورە لەسـەر ئایینـدەی گەنـج لـەو چەشـنە کۆمەڵـگا نەخـۆش و داخراوانـەدا لەوێدایـە کـە ئـەو سـێ هێـزە لەبەرامبـەر هـەر هەناسـەیەکی گـۆڕان و هـەر هەوڵێکـی یاخـی و هـەر هەنگاوێکـی نوێگـەردا دەچنـە بەرەیـەک و سـەرەڕای تـەواوی جیاوازییەکانیـان سـەنگەر لـەو هێـزە نوێگـەرە دەگـرن... هـاوکات ترسـەکە لەوێـدا قووڵتـر دەبێتـەوە کـە ئـەو سـێ کایەیـە نـەک تەنهـا لەسـەر ئاسـتی گوتـاردا، بەڵکـو لەسـەر ئاسـتی هەڵوێسـت و رەفتـاری پراکتیکـیدا لەبەرامبـەر دنیـای خەونەکانـی گەنـج دا دەکەونـە شـەڕ...مەرجیش نییـە لەهەمـوو شـوێنکات و هەلومەرجێکـدا ئـەو سـێ هێـزە پەنـا ببەنـە بـەر کوشـتنی جەسـتەیی گەنـج، بەڵکـو زۆربـەی جـار لەسـەر ئاسـتی مەعنـەوی و شـکاندنی ئیـرادە و سـوک تەماشـاکردنی توانـا و ئەزموونـی گەنـج، وەک فشـارێکی دەروونـی ئـەو شـەڕە دژی گەنـج بەڕێـوە دەبـەن.

کاتێـک باوکەکانـی حـزب بەماندووبوونـی شـاخ و هیلاکـی رۆژانـی سـەختی شـۆڕش دەیانـەوێ منـەت بەسـەر گەنجـەوە بکـەن و قەرزبـاری بکـەن، یـان بەپاسـاوی کـەم

ئەزموونـی لـە بەهـای بیرکردنـەوە و عەقڵـی داهێنەرانـەی کـەم دەکەنەوە...ئـەو دەمـەی پیاوانـی ئایینـی مومارەسـەی ئازادانـەی مەیـل و ئـارەزوە چەپێنـراوەکان لەلایـەن گەنـج بـە گونـاه و حـەرام نـاوزەد دەکـەن، یاخـود کەرامـەت و کەسـایەتی گەنـج بـەوە دەپێـون چەنـد نوێـژ دەکات و بـەڕۆژوو دەبێـت و لـە مزگـەوت و دیوەخانەکانـدا سـەری ڕەزابـوون و ئـەرێ بـۆ تەلقیـن و ئامۆژگارییەکانیـان دەلەقێنـێ... ئـەو ساتانەی دابونەریـت و سـتراکتۆری ژەنگگرتـووی بەمیـرات بەجێمـاوی کۆمەڵایەتـی سـنورەکانی عەیبـە و شـورەیی بـۆ ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتی گەنـج دیـاری دەکات، یـان کۆمەڵـگا خواسـتی گەنـج و خولیـای تاکەکـەس بـە پێودانگـی نەریتـی بـاو کـۆت و مەحکـوم دەکات . ئـا لەوێـدا پرۆسـەی کوشـتنی گەنـج و ڕوشـاندنی کەرامـەت و بەکۆیلەکـردن و خەسـاندنی خـۆی نمایـش دەکات، هـەر لەوێدایـە پرۆسـەی کپکردنـەوەی ئـارەزو و غەریـزە سروشـتییەکان و خنکاندنـی دەنـگ و ئیفلیجکردنـی ئیـرادەی ئـەو کائینـە لەدایک دەبێـت، کـە دواجـار بەشکسـتێکی سـایکۆ — سۆسـیۆلۆژی بەسـەر کەسـایەتی گەنـج دەشـکێتەوە و ڕادەسـتی قـەدەری کوشـتنێکی حەتمـی، بـەڵام لەسـەرخۆی دەکات.

ئاسـتی هـەرە ترسـناکتریش لـەو پرۆسـەیەی بەپەراوێزکردنـی گەنـج و ناچارکردنـی بـۆ خۆدانەدەسـت قـەدەری شۆرشـگێڕی باوکەکانـی حـزب و پیـرۆزی پیاوەکانـی ئاییـن و گەورەیـی پەنـد و حیکمەتەکانـی دابونەریـت، لـەو کۆمەڵـگا داخراوانـەدا (کـە کوردسـتانیش یەکێکیانـە) لەوێـوە دەردەکەوێـت کـە دەسـەڵاتی سیاسـی نـەک لەسـەر ئاسـتی گوتـار، بگـرە بەتـەواوی هێـزو گـوڕو توانـای ماددییانـەی ئـۆرگان و دامەزراوەکانی خـۆی سـەنگەری دوو هێزەکـەی تـر (ئایین+سـتراکتۆر) پتەوتـر دەکات و لەبەرامبـەر مەترسـی هەژمونـی گۆڕانکارییـەکان و پاراسـتنی بەرژەوەنـدی و سـەرچاوەکانی هێـزی خـۆی کـە لـەو دوو کایەیـە وەریدەگرێـت (مماگلـە) لەتـەک پـرۆژە و داخوازییـە جـدی و سـەربەخۆکانی گەنـج دەکات، هاوکاتیـش کاری جـدی و لێبراوانـە لەسـەر قوڵکردنـەوە و تۆخکردنـەوەی گوتـاری پیرانـەی خـۆی و هێزەکانـی تـر دەکاتـەوە .

حـزب ئەوەنـدەی بـۆ مانـەوە و بەردەوامـی پێدانـی دەسـەڵاتەکەی بـۆ دیوەخـان و مزگـەوت دەگەڕێتـەوە، هێنـدەی سـەری (ئەشـهەدو) بـۆ ڕازیکردنـی کاراکتـەر و پیاوەکانـی ئـەم دوو دامـەزراوە کۆمەڵایەتییـە دۆگمـا و داخـراوە دەلەقێنـێ، ئەوەنـدەی دەرگاکانـی خـۆی لەبـەردەم کاراکتـەر و پـرۆژەی پیـر ئاوەڵاکـردووە و سـەر بەمـاڵ و دیوەخانەکانـی حیکایەتـی دابونەریـت و حیکمەتەکانـی پیـریدا دەکات، نیـو ئەوەنـدە

بـاوەش بـۆ گەنـج ناکاتــەوە، مەگــەر تەنهـا لەکاتــی گەرمبوونــەوەی ســەنگەرەکانی شــەڕ و لەمەراســیمی قەرەباڵغکردنــی میلیشــیاکانیدا نەبێــت . دیـارە مەبەسـت لـەم هاوکێشــەیەی ســەرەوە کۆمەڵــگا داخــراوو جوگرافیاکانــی دەرەوەی پێشــکەوتنی تەکنەلـۆژی و گەشــەی عەقڵانیــەت و فەراهەمبوونــی مـاف و ئازادییەکانــی تاکەکەسـن (بـە کوردستانیشــەوە)، ئەگینـا لـە دنیـای پێشــکەوتوودا حـزب وەک دامەزراوەیەکـی کۆمەڵــگای مەدەنــی بـەردەوام لـە خۆنوێکردنـەوەی ریشــەیی دایـە لەســەر ئاسـتەکانی گوتـار و پــرۆژە و بەرنامــە و کاراکتــەردا .

هەنـدێ جـار و ئێسـتایش لـە پانتایـی سیاسـی کوردسـتاندا گوێبیسـتی کۆمیدیاگەلێـک بەنـاوی پرۆســەکانی بەخۆداچوونــەوە و نوێبوونــەوە لەنــاو حزبــی کوردیــدا دەبیــن، ئــەوەی لــەو پرۆســە و بانگەشــانەی حزبــی کــوردی جێــگای پێکەنینــە ئەوەیــە کــە بانگەشـەکان جارێکـی تـر پەنـا دەبەنـەوە بـەر لۆژیکـی چاوسـورکردنەوە و منەتبارکـردن، هەروەهـا دەگەڕێنــەوە بـۆ ئەزمونەکانـی خۆگیڤکردنــەوە و هەڕەشــەی کەرتکـردن. لـەم پرۆســە بەنـاو نوێکردنەوانــەی حزبـدا نــەک تەنهـا جێــگای گەنجـی کارا نابێتــەوە... لــەو پــرۆژە بارگاویکراوانــە بــە گوتــار و باکگراونــدی خۆســەپاندن نــەک دەرفــەت بــۆ گەنجــی بــزۆز و ئینســیاتیفەکانی نابێــت، بەڵکــو زەمینــە و دەرگا لەبــەردەم هەنــدێ کاراکتــەری بــە ســیما گەنــج و بــە عەقــڵ و ئیــرادە پاســیڤ و خۆبەدەســتەوەدەری خــودان گیــان موریــدی تەریقــەت خــۆش دەکرێــت، کاراکتــەر گەلێــک کەبەهەنــدێ چەمـک و هوتـاف بـارگاوی دەکرێـن لـە بنەڕەتـدا بەرهەمـی بیرکردنـەوە و سـەرچیخی ئـەوان نیـن، بۆیـەش دواجـار ئـەو کاراکتەرانـە کـە هەنـدێ جـار شوناسـی رۆشـنبیرییش هەڵدەگـرن دەبنــە دەروێــش وتووتــی و وانەکانــی باوکەکانیــان دەڵێنــەوە، بــەڵام دوای رتـوش و ماکیاژکردنـی سیماکانیان کـە ئـەوە بابەتـی شـوێنێکی تـرە و هەوڵدەدەیـن لـە دەرفەتێکـی تـردا قسـەی لەبـارەوە بکەیـن. هـاوکات نابێـت ئـەو راسـتییە لەبیرخۆمـان بەرینــەوە کــە نائامادەگــی ئەکتیڤانــەی گەنــج لــە گۆڕەپانەکــە و نەبوونــی ئیــرادەی خۆڕاگــری لەبەرامبــەر پــرۆژە بەردەوامەکانــی پیــر بــۆ دەســەڵات، ئــەوە بۆخۆیشــی فاکتەرێکـی زەمینەسـازکەرە کـە ئـەو هێزانـە بەردەوامـی بـە گەمکەکانـی خۆیـان بکـەن و ئـەوەش کاتێکـی تـر لێـی دەدوێیـن .

بێگومـان لـەم گەمەیەشـیدا حـزب جارێکـی تـر و لەڕیگـەی ئـەو عەقـڵ و جەسـتە پاسـیڤانەی بەنـاو گەنـج ( کەهەنـدێ ئمتیـازی پێبەخشـیون !) دێـت و گاڵتــە بــە

کەسـایەتی و کەرامەتـی خـودی گەنـج دەکات، تـا لـەو ڕێگەیـەوە پێمـان بڵێـت پێویستە ئێـوەی گەنـج گـوێ شـل بکـەن و ئامادەیـی فێربـوون و بێدەنگیتـان تێدابێـت بەسـە بـۆ ئـەوەی ئێمـە لـە مەجلیسـەکانماندا شـوێنتان بـۆ بکەینـەوە، چـوون ئێـوە پیـاوی ئیـدارەدان و کاراکتـەری ڕابەرایەتیکـردن نیـن.

ئاخـۆ لەهەلومەرجێکـی کۆمیـدی ئـاوادا دەتوانیـن چ جیاوازییـەک لـە نێـوان عەقڵـی سـوپەرمانی کـە گوایـە قاڵبـووی ئەزموونـە و لەگـەڵ بیرکردنـەوەی باوکەکانـی دیوەخـان و مزگەوتـدا دۆزینـەوە ؟!

ئاخـر لەبیرمـان نەچێـت پیاوانـی ئاییـن و باوکەکانـی دیوەخـان و مامۆسـتاکانی دابونەریتیـش لـە کوردسـتاندا دەمێکـە بـە ئامانجـی خەسـاندن و دەمکوتکـردن و لـە بەهـا کەمکردنـەوەی توانـا و عەقڵـی گەنجـدا پێمـان دەڵێـن : (ئـەوەی گەورەیەکـی نەبێـت ، گەورەیـەک ناهێنێـت !!) .

## ڕاپەڕین لە لاواندنەوەوە بۆ وەبەرهێنانی ئامانجەکان

بەر لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، دەمەوێ بڵێم لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مەزن بوو لە دیرۆکی تەڤگەری ڕزگاریخوازی نەتەوەییمان و وەڵامدانەوەی ساڵەهای ساڵی گەلە زۆرلێکراوەکەمان بوو بۆ ستەمی داگیرکاری و سەرکوتکردنی سیاسەتی تۆتالیتارییانەی بەعس، بەڵام ئەو ڕووداو و دیاردانەی دوای زەمەنێکی کورت لە تەمەنی خۆیدا ڕاپەڕین هێنانی، ئەگەر نەڵێین گومانێکی ترسناکی لای خەڵک دروست کرد، لە بەرامبەر گەورەیی شۆڕش و چەمکی کوردایەتی، ئەوا بێگومان کۆمەڵی پرسیاری وروژاند، کە ئێستاشی لەگەڵ دابێت وەڵام نەدراونەتەوە. دیارە ئێمە ناڵێین ڕاپەۆڕین هیچ بەرهەمێکی نەبوو، یان هیچ ئامانجێک، کە شیاوی باس بێت بە دەستی نەهێنا. بە پێچەوانەوە ڕاپەڕین ئەوەی سەلماند، کە کۆمەڵانی خەڵک هەر کاتێک تروسکەیەکی هیوا ببینن، ئامادەی قوربانیدان و ڕووبەڕوو بوونەوەن. ڕاپەڕین ئەگەر هیچی نەکردبێ، بۆتەیەک بوو هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی کوردستانی لەخۆ گرت، کە ئەمەش بەڵگەی ئامادەگی گیانی تەبایی و یەکگرتن و یەکتر قەبوڵکردنی خەڵک بوو. واتە ئەو ڕاستییەی جارێکی تر دووپات کردەوە، کە خەڵک تامەزرۆی یەکڕیزییە و تەنها یەکبوونی گوتارە سیاسییەکە دەتوانێ لە ئاستی خواستەکانی خەڵکدا بێت، کە تا ئەو ساتانە بەرە توانیبوو، وەک چۆن یەکڕیزییەکی دەمامکدراو و چەواشەکارانە نەبوو، کە دواتر حزب لە شتی لە یەکدەنگی خەڵکەوە بێت و هەلەکان بقۆزێتەوە و کارەسات بۆ خەڵک بنێتەوە، بەڵکو هیواکان لەوە گەورەتر بوون و خەونەکانیش جوانتر. چونکە وەک دواتر دەرکەوت ڕاپەڕین و ئەو واقیعە سیاسییەی بەرهەمی هێنا، نەک نەیتوانی قەرەبۆی قوربانییەکانی جەماوەر بکاتەوە و لە ئاستی پێویست دابێت، بەڵکو برینەکانی قووڵتر کردەوە. کەواتە ئامانجەکانی ڕاپەڕین زۆر لەوە گەورەتر بوون، کە دەسەڵاتی حزبایەتی دوای ڕاپەڕین دێت و لە بەهای دەسکەوت و ئامانجەکانی کەم دەکاتەوە. بۆیە خەڵک

تاوانــی نییــە، کــە تاکــو ئــەم چرکەیــەش گومــان لــە شــۆڕش و کوردایەتــی بــکات و بپرســێ: راپەڕیــن لــە پێنــاو چــی و بــۆ کــێ؟

لێــرەوە دەکــرێ بڵێیــن خــودی پرســیارەکانی تەوەرەکــەش، هــەر یەکــەو لەگــەڵ خۆیــدا کۆمەڵــێ پرســیاری تــر بەرهــەم دێنــێ، کــە فەرامۆشــکردنیان ئاســان نییــە. خۆبووردنیــش لــەو راســتییەی، کــە دەســەڵاتی دوای راپەڕیــن تــا ئەمــڕۆش نەیتووانیــووە هیــوا و گەشــبینی لــە دڵــی خەڵکدا بروێنــێ، فێڵکردنێکی تــرە لــە خۆمــان کــە دەرەنجــام تووشــی هەڵــەی گەورەمــان دەکات.

لــەم روانگەیــەوە دەپرســین ( ئەگــەر ئامانجــە راســتەقینەکانی راپەڕیــن بەدەســت هاتــوون کــوان؟ ئەگەرنــا بۆچــی؟)، بۆچــی وەک (اچعــف الایمان)یــش شــتێک نادۆزینــەوە بەنــاوی ئینتیمــا و بەرپرســیارێتی؟ بــۆ خەڵــک گۆشــەگیر و بێهــوودە چرکــە ســاتەکانی ژیانیــان لــە تــەک تــرس و دڵەڕاوکێــدا دەگوزەرێنــن؟ کــوان ئەوانــەی سەرمەشــقی تێکۆشــان و قوربانیــدان بــوون؟

دەتوانیــن ســەبارەت بــە پرســیاری ئامانجەکانــی راپەڕیــن وەڵامەکــەی بــە ئاســانی لــە پرســەی بەردەوامــی قوربانییەکانــی براکــوژی.. لــە بەرکەنارکــردن و پشــتگوێ خســتنی تێکۆشــەرانی دوێنــێ.. لــە رەشــبینی خەڵــک.. لــە دابڕانــدن و پەراوێزبوونــی نــەوەی بەرهەمــی بەنــاو ئــازادی.. لــە نوازانــەوەی منداڵــە لات و لانەوازەکانــی ســەر چوارڕیــان و شۆســتەکان.. لــە ژیانــی کولەمەرگــی خانــەوادەی شــەهید و قوربانییانــی ئەنفــال و کارەســاتەکانی تــر بدۆزینــەوە.. دواجایــش لــەو نیشــتمان و یادگارییانــەی منداڵــی حەشــاماتێک، کــە دەبنــە مشــتێ یادەوەری توێشــووی ســەفەرێکی بــێ چارەنــووس و دەخرێنــە جانتاکانــی کــۆچ!

دەســەڵاتی دوای راپەڕیــن و رەفتــاری حــزب، کــە نەیتوانــی مــاف بــۆ خاوەنەکانــی بگێڕێتــەوە.. کــە نەیتوانــی تێکۆشــەر و تێکووشــەر – نیشــتمانپەروەر و نیشــتمانفرۆش لــە یەکتــری هەڵاوێــر بــکات.. لــە بــری ئــەوەی وەعزەکانــی دیکتاتــۆر بگــۆڕێ، کەچــی دەیانکاتــە تەلقیــن و ئامۆژگارییەکانــی حزبــی ســەرکردە و لــە بەرگێکــی تــردا.. دەســەڵاتێک کــە بەرهەمــی قوربانیدانــی خەڵــک و لــە نەعرەتــەی راپەڕیــوی جەمــاوەردا هاتبێتــە ســەر کورســی عــەرش و کەچــی پێــی وابــێ ئــەوە بەخشــندەیی ئــازادی و لەژێــر چەتــری دیموکراســیدا شۆڕشــگێڕی و کوردایەتــی و هەڵوێســت بەســەر ســەری خەڵکــدا هەرزانفــرۆش بــکات.. دەســەڵاتێک دەمــی شمشــێری لــە بەرامبــەر دەســتە و

گروپـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییە خۆماڵییـەکان تیـژ بکاتـەوە و دەرگای قسـەکردنیان بـە ڕوودا دابخـات و لـەولاش گەمـەی (گـورگ و گیسـکەکەی هەیاس!) لەگـەڵ بـەرەی تورکمانـی بەکرێگیـراودا بـکات.. دەسـەڵاتێک پێـی وابێـت سـەروەری یاسـا و ئاسایشـی نەتەوەیـی بریتیـن لـە سـەروەری و ئاسایشـی حـزب و سـەرکردە و بەرژەوەندییەکانیـان و لـە دەرەوەی ئینتیمـای ئەوانـدا کـەس بـۆی نەبێـت قسـە بـکات و ڕەخنـە بگرێـت.. دەسـەڵاتێک تـا ئێسـتا وەڵامـی ناڕەزایـی و بێـزاری خەڵـک نەداتـەوە، کـە ئاخـۆ کـێ ئـەو مافـەی پێـداون دوای دە سـاڵ هۆڵەکانـی هەڵبـژاردن و سـندووقەکانی دەنگدان دابخـەن.. دەسـەڵاتێک ئێستاشـی لەگـەڵ دابـێ حکومـەت تیایـدا لـە پەراوێـزی بڕیارەکانـی حـزب بێـت و ...هتـد، دەبـێ کام ئامانجـی ڕاسـتەقینەی ڕاپەڕیـن هاتبنـە دی، کـە باسـی لێـوە بکەیـن؟!

ئەگـەر ئازادکردنـی بەشـێکی زۆری ناوچەکانـی باشـووری کوردسـتان بەرهەمـی ڕاپەڕیـن بێـت و هاودەنگـی و یـەک سـەنگەری خەڵـک و هێـزی پێشـمەرگە و دواتـر کۆڕەوی ملیۆنـی نیشـانەی ئومێـد و بڕوابوونـی کـورد بێـت بـە هەڵسـانەوە گەیشـتن بـە ئاسـۆی ڕزگاری. . ئەگـەر واقیعـی ڕۆژانـی ڕاپەڕیـن و پرۆسـەی هەڵبژاردنـی پەرلەمـان هیوایەکـی لای خەڵـک دروسـت کردبێـت بـە گۆڕانـی سیسـتەم و جـۆری پەیوەنـدی و مامەڵـەی سیاسـی دەسـەڵات و خەڵـک و کرانـەوەی کۆمەڵـگای کـوردی و هاتنـە ئـارای دەسـەڵاتێکی دیموکراسـی گەلێـری، ئـەوا دواجـار ململانێـی تەسـکی حزبایەتـی شـەڕی بـراکان و پاوانکردنـی دەسـەڵات و سـەرچاوەکانی ژیانـی خەڵـک و بەرتەسـککردنەوەی ئازادییەکانیـان و گەمـە ترسـناکەکانی حزبـی کـوردی لەگـەڵ داگیرکـەران بـە نـاوی دۆسـتایەتی و لەژێـر پـەردەی پاراسـتنی بەرژەوەندییـەکان و ئەزموونەکەمـان، سـەرجەمی خـەون و خولیاکانـی جەمـاوەر و خەڵکـی نیشـتمانپەروەری کـردە بڵقـی سـەر ئـاو.

ئەمـەی سـەرەوە بـۆ خـۆی دەکـرێ ببێتـەوە وەڵامـی پرسـیاری دووەم. چونکـە ئـەو ڕەوشـە بـە ڕۆڵـی خـۆی هەرچـی گـوڕ و تیـن و وزەی ڕاپەڕینـە لەبـەر ئەوانـەی کـوڕی ڕۆژانـەی تەنگانـە و هەوێنـی ڕاپەڕیـن بـوون پرووشـاند. بـە جۆرێـک ئـەو جـۆرەی دەسـەڵات ڕاپەڕیـن بەرهەمـی هێنـا لـە بـری ئـەوەی کەسـایەتی نـوێ بینـا بکاتـەوە، کـە هەسـت بـە بەرپرسـیارێتی نیشـتمانی — نەتەوەیـی (نـەک حزبـی!) بـکات، بـووە هـۆی تێکشـکاندنی کەسـایەتی ئەوانـەش، کـە زەمەنێکـی درێـژ ژیلەمـۆی شـۆڕش و

سەرقافڵەی قوربانیدان و گیانبازی بوون. کەواتە ئەو نێوەندەی باسی لێوە دەکەن بە هەڵەدا نەچووە لەوەی، کە ئەوانەی هەوێنی راپەڕین بوون، ئەمڕۆ ئەو جۆش و خرۆشەیان نەماوە، بگرە رەنگە بێزار و پەشیمانیش بن لە کۆمەڵێ بۆچوون و هەڵوێستی ئەوێ رۆژێیان. چونکە ئەوان بۆ هەلومەرجێک ئامادەی قوربانیدان بوون، کە بە راستی جەوهەری شۆڕش و تێکۆشان مەبەستییەتی. رەوشێک دواجار خۆی لە پیسی و تاوانەکانی رابردوو رابماڵێ و سیمای رابردوو بشواتەوە.. کەشێک کە تیایدا کە سەروەری و بەها بۆ تاکەکان بگەڕێتەوە و ئازادیش ئەو ئاوە بێت کە هەمووان تینوێتی خۆیانی پێ بشکێنن.. خەونی ئەوان هاتنە کایەی دەسەڵاتێکی نیشتمانی بوو، کە مافی ژیان و هاووڵاتیبوون و ئازادی رادەربڕین بۆ تەواوی تاکەکان مسۆگەر بکات، نەک دەسەڵاتێک، کە خەڵکانی جیاواز لە بۆچوونی سیاسی خۆی بخاتە دەرەوەی بازنەی هاووڵاتیبوون و لە سەرچاوەکانی ژیان و کەناڵەکانی گوزارشت کردن لە هیواکانیان بێبەشیان بکات.

کەواتە بۆ ئەوەی جارێکی تر وزەی تێکۆشان و گیانی ئینتیما و بەرپرسیارێتی بۆ جەماوەر بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی تاک متمانە بە بوون و توانای خۆی بکات.. بۆ ئەوەی خەڵک هەروا نەزانێ کە راپەڕین تەنها جلە زەیتوونییەکانی بە شاڵ و رانک و چۆغە گۆڕیەوە و بیرکردنەوکانیش هەروەکو خۆیان مانەوە.. بۆ ئەوەی تەنانەت بە قەد تاڵە مووێکیش ئومێدێک هەبێت خەڵک بەم نیشتمانە گرێ بداتەوە.. بۆ ئەوەی وزەی راپەڕین وەبەر جەستە و مێشکی جەماوەردا بێتەوە و گیانی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی راگواستن و بە عەرەبکردن زیندوو بکرێتەوە. پێویستە دەسەڵات دەستبەرداری حەزی پاوانکردن و باڵادەست کردنی ئایدیۆلۆژیا و قۆرخکردنی سەرچاوەکانی ژیان و بیرکردنەوە و گوزارشت کردنی خەڵک بێت، دەبێ بوار لە بەردەم بەشداری سیاسییانەی وەک یەکی جەماوەر و ئازاجی رادەربڕین و رەخنە بکاتەوە.. گەرەکە واز لە دروشمبازی و تەلقیندان بهێنێ و کوەمیچکیش گوێ بۆ ئازارەکانی خەڵک قوڵاخ بکات.. پێویستە نێوەندی سیاسی کوردی و لەو نێوەشیاندا دەسەڵاتداران واز لە چەند کەرتکردنی کوردستان بێنن و پردێکی متمانە و بڕوا بۆ تەبایی و ئاشتی و بەیەکەوەژیان دروست بکەن.. دەبێ لە بەرامبەر کێشە چارەنوسسازەکانی پەیوەست بە ئاییندەی سیاسی دۆزی نەتەوەییمان و ژیانی خەڵک هەڵوێستیان بگۆڕێ.. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە

ڕەگەکانی گەندەڵی (سیاسی، ئیداری) لە دامودەزگاکانادا ببڕدرێتەوە و گەل لە ڕێگای ڕاپرسی و ریفراندۆمی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بەشدار بێت لە داڕشتنی بڕیارە ستراتیژی و چارەنووسسازەکان.

هەموو ئەو شتانەش بۆ ئەوەی بە بیری هەموومانەدا بهێنینەوە، کە هێشتا کاروان، وێستگەی تری ماوە و عاشقێکی زۆری ئاوەدانی زیاتری ئەم نیشتمانە، لە جێ ژواندا چاوەڕێی دەستەملانێی ڕاپەڕین و ڕزگارین!

## مێژووی سەرهەڵدانی پارتە سیاسییەکان

بێگومـان لـە ڕۆژگاری ئەمڕۆمانـدا و لـە نێوەنـدی سیاسـیدا بابەتـی دیموکراسـییەت و سیسـتەمی فرەحزبـی شـوێنێکی گرنـگ و مـەزن لـە ژیانـی کۆمەڵـگا و سیسـتەمەکانی دەسـەڵات داگیـر دەکات. دیـارە بۆیـەش هـەردوو چەمکـی دیموکراسـییەت و پارتـی سیاسـی بەیەکـەوە گـرێ دەدرێـن، چونکـە پەیوەندییەکـی دیالێکتیکـی بەیەکـەوە دەیانبەسـتێتەوە. بـەو پێیـەی فرەمینبـەری یەکێکـە لـە تایبەتمەندی و پێداویسـتییەکامی دیموکراسـییەت و هـەر لـە هەمـان کاتیشـدا تەنیـا دیموکراسـییەتە کـە زەمینـەی کاری سیاسـی و پیادەکردنـی پرۆسـەی ململانێـی شارسـتانییانەی فیکـری سـاز دەکان، بـەڵام ئەمەیـان ئـەوە ناگەیەنـێ کـە سـەرهەڵدانی دەسـتە و گـروپ و کۆمەڵـە سیاسـییەکان تەنیـا پەیوەسـت بێـت بـە سیسـتەمی دیموکراسـی. نەخێـر بەڵکـو پـارت هەیـە لـە چوارچێـوەی ئـەو سیسـتەمە و هەشـیانە لـە دەرەوەی پەرلەمـان و تەنانـەت بـە نهێنـی لـە دایـک بـووە. ئەمـە وێـڕای ئـەوەی لـە دەوڵەتـی خـودان تـاک پارتـی دەسـەڵاتداریش، پارتـی سیاسـی دروسـت بوونـە. ئـەو پرسـە گەلێـک ڕەهەنـدی گرنـگ و بەرفـراوان هەڵدەگـرێ، کـە هـەر یەکەیـان پێویسـتی بـە شـیکردنەوەی ورد و هەڵوەسـتە لەسـەر کـردن هەیـە. ئـەوەی ئێمـە لێرەدا بـە پێویسـتی دەزانیـن کـە باسـی بکەیـن، ئاماژەیەکـی کورتـە بـە پێناسـە جیاجیاکانـی حـزب، لەگـەڵ فاکتەرەکانـی سـەرهەڵدانی حـزب و گەشەسـەندنی ئـەو ئاسـتەی ئەمـڕۆی حزبـە سیاسـییەکانی جیهانـی لـێ دەبینـرێ. بەتایبەتیـش سـەرکەوتنی سیسـتەمی دیموکراسـییەت و ڕۆڵـی لـە گەشەسـەندن و بەرەوەپێشـبردنی پرۆسـەی سیاسـی.

شـتێکی ئاشـکرایە وەک مێـژووش بۆمـان دەسـەلمێنێ، هـەر لـە کاتـی بەیەکەوەژیانـی مرۆڤایەتـی و دەرکەوتنـی چینایەتـی و دزینـی هێـزی کار و قازانـج، ململانێـی جیـاوازی بیـروڕا یەکـێ: بـووە لـە خەسـڵەتە دیارەکانـی کۆمەڵـگای مرۆڤایەتـی. بێگومـان خـودی ئـەو ململانـێ و جیـاوازی بیروڕایـە پەیوەسـتە بـە جیـاوازی بەرژەوەنـدی تاکـەکان، یاخـود جیـاوازی بەرژەوەنـدی نێـوان دەسـتە و دەسـتەیەکی تـر، چینێـک و

چینێکی تر. زۆرجاریش ئەو جیاوازییە خودان بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەکاتە بەرەیەک سیمایەکی تایبەت و خەسڵەتی کۆمەڵایەتی تایبەتی پێ دەبەخشێ. بەمەش ئەو بەرەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی پێویستی بە بەرگریکردن دەبێ. کارکردنیش لە پێناو هێشتنەوەی بەرژەوەندییەکان و پەرەپێدانینان لە هەر کۆمەڵگایەک زەرورەتی بوون و دروستکردنی کۆمەڵە و یانە و رێکخراو (جا بە هەر ناوێکەوە بێت) دێنێتە پێشەوە. کەواتە لێرەدا بۆمان دا٥ردەکەوێ کە جیاوازی و دژە بەرژەوەندی و گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی هۆ و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، چینی کۆمەڵایەتی جیاجیای دروست کردووە. بەم پێیەش هەر چینە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی تایبەتی خۆی بۆ جۆر و چۆنییەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە و هەیە و بۆتە خودان قوتابخانەی فیکری و فەلسەفەی سیاسی و جیهانبینی تایبەت بە خۆی. بۆیە دەبینین سەرجەمی کۆمەڵگاکان (تەنانەت کۆنەکانیش) پێش ئەوەی حزبی سیاسی بە تێگەیشتن و پێکهاتی سەردەمیان ناسیبێ، گروپ و دەستە و کۆمەڵەیان بە خۆوە بینیووە. رەنگە جیا لەوەش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سیاسییان تێدا بووە، تەنانەت لەوزانەیە دەستەی سیاسی لەناو خودی ئەنجوومەنی ئۆتۆکراتی هەبووبێت، وەک چۆن ئێستا لە نێو ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو (پەرلەمان)دا دەبینرێت. لەم نێوەشدا مێژوو ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنمنێ، کە بە شێوەیەکی گشتی لە سەرجەم ئەنجوومەنە پشتاوپشتی و بۆماوەیی و تایبەتەکان، ئەو ململانێیە هەبووە. جا ئەو ئەنجوومەنە (ئەنجوومەنی رۆمانی کۆن) بێت، یاخود (دایت) لە پۆڵۆنیای کۆن.

بەم پێودانگە، دروستبوونی چینی کۆمەڵایەتی خودان خەسڵەتی چینایەت و بەرژەوەندی تایبەت، لێکدانەوەی جیا و پێناسەی جیای بۆی دیاردە و چەمک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ خۆیدا هێنا. بێگومان حزبیش وەک چەمکێکی (سیاسی، کۆمەڵایەتی) لەم کارە بەدەر نییە. بۆ نموونە، حزب لە تێگەیشتنی سۆسیالیستیدا بریتییە لە کۆمەڵێک خەڵک، کە بە پلەی یەکەم بەرژەوەندی ئابووری هاوبەش بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە، لە رێگای چاکسازی، یان شۆڕش، هەوڵ گەیشتنە دەسەڵات دەدات.

لە تێگەیشتنی کۆمۆنیزمیشدا، حزب (پێشەنگایەتی دەگەیەنێ). واتە پێشەنگی چینی رەنجدەران، کە بە سەرجەم شێوازەکانی خەبات، هەوڵی سڕینەوە و

نەهێشتنی چەوسانەوە دەدات. لە دەسەڵاتیش کە جاڕی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دەدات، مەبەستی ئەوەیە دیکتاتۆرییەتی چینە رەنجدەرەکان لە پێناو نەهێشتنی چەوسانەوە و زەمینەخۆشکردن بۆ بونیادنانی سیستەمێکی بێ چین دابمەزرێنێ.

لە کاتێکدا حزب لە تێگەیشتنی رۆژئاوا، بریتییە لەو کۆمەڵە خەڵکەی کە هەوڵ دەدات لە رێگای هەڵبژاردن ئەندامەکانی بگەیەنێتە ناوەندەکانی دەسەڵات و لەم رێگایەوە دەست بەسەر کاروباری حکومەتدا بگرێت و ئاراستەی بکات.

حزبی سیاسیش لە تێگەیشتنی رۆژئاوا شتێک نییە بێجگە لە کۆمەڵێک لەو کۆمەڵانەی، کە لە سایەی سیستەمی سیاسی جیوازدا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی حکومەت و سیاسەتەکەی دەدەن. بۆیە لە چوارچێوەی ئەو لێکدانەوەیاندا شوێنێک بۆ دەسەڵات و سیستەمی تاک حزبی ناهێڵێتەوە، هەروەها بڕوایان بەو حزبە نییە کە جگە لە رێگای هەڵبژاردن و ململانێی سیاسی، شێوازێکی تر بۆ گەیشتنە دەسەڵات بەکار بهێنێ.

گرنگیدان بە سیستەمی فرەحزبی لەلایەن ئەوانەی لە کاروباری دەستووری و سیاسی کار دەکەن، بەتایبەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆ لەوە دایە کە پارتە سیاسییەکان پێداویستی سیستەمی دیموکراسین و بەشێکن لەو پرۆسیسە شارستانییە و مەحاڵە ئەو سیستەمە بێ بوونی مینبەری جیا و ئایدیا جیاو شێوازی ململانێی شارستانییانەی نێوانیان بەرقەرار بێت. بەڵگە و بیانووشیان لەم بوارەدا رۆڵی کارا و کاریگەری حزبەکانە، کە دەبینین لە ئەنجام دانی کارەکانیان لە بۆتەی سیستەمی دیموکراسی و ژیانی پەرلەمانی و ژیانی سیاسی بە گشتی دیارە. ئەو بەڵگانەشیان ساخڵەم و راست و دوور لە گومانن. چونکە بەهێزترینی ئەو بەڵگە دروستانەی لەم بارەیەوە بە دەستییانەوەیە، ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان تۆوی یەکەمیان لە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی هەڵبژێدراو و پێگەیشتووەوە و لەناو رەحمی پەرلەمان و بە شێوەیەکی سروشتی گەشەی کردووە و لە کەشی هەڵبژاردن و پەرلەمانەکان و ژیانی دیموکراسی کامڵ بووە. بەو مانایەی ژیانی پەرلەمانی و پلۆرالیزم زەرورەتی بوونی پارتە سیاسییەکانە. دیموکراسییەت دەسکەوت و بەرهەم و گەشەی ژیانی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی) مرۆڤایەتییە. سیستەمێکە پەیوەستە بە ململانێی دیرۆکیی نێوان هێزی ماددی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی ئابووری و بەرهەم و موڵکداری و جیاوازی بەرژەوەندییەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان.

به چاوپێدا خشاندنەوەیەکی وردی مێژوو، بۆمان دەردەکەوێت کە پەرلەمان و پێداویستی ژیانی پەرلەمانی چ رۆڵێکی بەرچاوی بینیووە لە سەرهەڵدان و بەرەو پێچ چوونی حزبە سیاسییەکان، تا ئەو ئاستەی حزبی سیاسی بۆتە یەکێ: لە دەزگاکانی سیستەمی پەرلەمانی و دیموکراسی و ئامرازێک لە ئامرازەکانی ئەو سیستەمە. وەک ( مۆریس دیڤرجێ) دەڵێ « ئەو حزبەی کە پەیوەندی و سەروکار و مێژووی لەگەڵ پەرلەماندا هەیە و لە گرنگی سیستەمی هەڵبژاردن گەیشتبێ، دەستخستنی کورسی لە ئەنجوومەنە سیاسییەکان بە بنەمای ژیانی حزب و مانەوەی دادەنێ، تەنانەت ئەو حزبانەش کە کارەکانیان و بەدیهاتنی ئامانجەکانیان تەنیا لە رێگای پەرلەمان نییە. ئەوا ململانێی هەڵبژاردن و پەرلەمان بۆ ئەوانیش هەر بە گرنگییەکی گەورە دەمێنێتەوە«.

ئەگەر دابەشبوونی خەڵک بۆسەر دەستە و گروپی جیاجیا دیاردەیەکی کۆن بێت و گشت کۆمەڵگاکان بە خۆیانەوە بینیبێتیان لە هەر چوارچێوە و پێکهاتەیەکدا بووبن، ئەوا پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکان و ئەنجوومەنی نوێنەران بە سەرەتای سەرهەڵدانی پارتە سیاسییەکان ( بە تێگەیشتنی هاوچەرخ) دادەنرێت، بەڵام دیارە مەرج نییە هەموو کات و لە هەمو شوێنێک جیاوازی سیاسی، سەرەتایەک بێت بۆ سەرهەڵدانی پارتە سیاسییەکان. دروستبوونی پارتە سیاسییەکان لەناو ئەنجوومەنی یاسادانای فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ باشترین بەڵگەیە لەم بوارەدا. سەبارەت بە کەرتبوونی پەرلەمان بۆ کۆمەڵی جیا جیا لە فەرەنسا یانەی (ئەلبیرتۆن) و (دێری یەعقوبییەکان) و یانەی (جیرۆندین)، نموونەی بەرچاوی شێوازی سەرهەڵدانی پارتەکان و کاری سیاسییە. بۆیە دەبینین لە بارەی جیاوازی هۆکاری سەرهەڵدانی پارتە سیاسییەکان لە شوێنێک و شوێنێکی تر ( مۆریس دیڤەرجێ) دەڵێ « هەندێک جار تەوەرە جوگرافییەکان، یان ئیرادەی بەرگرییکردن لە بەرژەوەندی پیشەیی هاوبەش سەرەتای دروستبوونی پارتە سیاسییەکان بووە و پاشان پرسی رێباز و بیروباوەڕ هاتۆتە ئاراوە«.

بەم چەشنەش (ئەلبیرتۆن) لە فەرەنسا بە دەسپێکی سەرهەڵدانی کۆمەڵەی ئایدیۆلۆژی دادەنرێت. بێگومان دوای ئەوە کۆمەڵێک گۆڕانکاری و پێشڤەچوونی (ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی) لە ئەوروپا رۆڵێکی بەرچاویان لە سەقامگیری و بەهێزبوونی دیموکراسییەت و ژیانی سیاسیدا بینی. بەتایبەتیش (دۆزینەوەی جوگرافی، چاکسازی ئایننی، شۆڕشی پیشەسازی، شۆڕشی فەرەنسا، نەمانی

بازرگانـی کۆیلـه، بیـری کۆمۆنیزمـی و هتـد)، کـه لـەم وتـارە کورتـەدا دەرفەتـی باسـکردنی کاریگـەری راسـتەوخۆی هەریـەک لـەم فاکتەرانـە نییـە. چونکـە هەریەکـە بـۆ خـۆی بابەتـی لێکۆڵینەوەیەکـی سـەرەبخۆیە. ئەمـەو جگـە لـەوەی چاکسـازییە پەرلەمانییـەکان و بزووتنـەوەی (چارتـی) رۆڵێکـی بەرچاویـان لـە گەشـەکردنی سیسـتەمی حزبایەتیـدا بینـی.

بـەم پێودانگـە و بـە شـارەزاییەکی کەمـی دیرۆکـی سـەرهەڵدانی پارتـە سیاسـییەکان، بۆمـان دەردەکـەوێ کـە بـە چ کوێرەوەرییـەک وڵاتانـی پێشـکەوتوو گەیشـتوونەتە ئـەو ئاسـتە بـەرز و گەشەسـەندووەی ژیـان و شارسـتانییەت، هەروەهـا ئـەو قوربانییـەی لـەم نێوەنـدەدا دراوە، تـا بـەم شـێوەیەی ئەمـڕۆ ەبهاکانـی ئـازادی و دیموکراسـییەت، توانییوانـە جـێ پێـی خۆیـان لەنـاو ئـەو کۆمەڵگایەنـەدا قاییـم بـکات، هـەروا بێتـەوە نابـێ ئـەوەش الەبیـر بکەیـن کـەوا رەتکردنـەوەی تاکـڕەوی و بیرۆکراتییـەت و زمانـی چـەک و تۆقانـدن، فاکتـەر و پاڵنـەری هـەرە سـەرەکی بوونـە لـەو گۆڕانـە ( کۆمەڵایەتی، سیاسـی) یانـە، کـە بـە درێژایـی ئـەو مێـژووە ئەوڕوپـا بەخۆیـەوە بینییوویەتـی. ئـەوەی ئەمـڕۆش لـەو وڵاتانـە پیـادە دەکـرێ، حـزب کراوەتـە ئامـرازی دابینکردنـی خۆشـگوزەرانی و ئارامـی و ئاسـایش و ئاییندەیەکـی ئاسـوودە بـۆ هاووڵاتییـان.

ئەمـە و لـە کاتێکـدا کـە مرۆڤایەتـی پێـی ناوەتـە هـەزارەی سـێیەم و ئاسـتی پێشـکەوتنی تەکنەلـۆژی خەریکـە دەگاتـە لوتکـە و چەمکەکانـی ئـازادی و کۆمەڵـگای مەدەنـی دەبنـە بەشـێک لـە رەوشـت و رەفتـاری دونیـای گەشەسـەندوو. پێویسـتە حـزب و هێـزە سیاسـییە کـوردی و کوردسـتانییەکان لـە باشـووری کوردسـتان چالاکانـە بکەونـە خزمەتـی ئاییـندەی کوردسـتان و لـە پێنـاو پاراسـتن و بەرەوپێـش بردنـی ئـەو قەوارەیـە و ئەزموونـی دیموکراسـی گەلەکەمـان. هـاوکات کۆشـش بکـەن بـەوەی لۆژیکـی عەقـڵ و زمانـی گفتوگـۆ بکەنـە ئەلتەرناتیڤـی ململانێـی توندوتیـژ و تیـرۆر و بـەرووی یەکتـردا هەڵشـاخان. چونکـە ئـەو رەت و گروپانـەی دەیانـەوێ خۆیـان بخزێننـە سـەر راسـتەڕێی شارسـتانییەت و لـە کاروانـی ژیـان و پێشـکەوتندا دانەبڕێـن، پێویسـتە خۆیـان لـە دۆگمایـی و ویسـتی بیرۆکراتییـەت و کاری تیرۆریزمـی و کۆنەپەرسـتیدا داشـۆرن و بیـر لـە ململانێـی سیاسـی شارسـتانییانە بکەنـەوە و بـە سـنگفراوانییەوە ژیانـی پەرلەمانـی و پلۆرالیـزم قەبـوڵ بکـەن.

# کوردبوون لە نێوان سەربەخۆیی و ئازادیدا!

## پێشدەستی:

ئـەو دەمانـەی لـە سـەرەتای نەوەدەکانـدا لـە نووسـین و وتارەکانمـان قسـەمان لەسـەر زەرورەتـی دەوڵـەتـی کـورد دەکـرد، خەڵکانێـک بـە فەریکـە رۆشـنبیر و هـەرزە سیاسـی ناویـان دەبردیـن، ئیـدی بـۆ ماوەیـەک لـە ئاسـتی مەعنـەوی باجـی ئـەو بۆچوونـەی خۆمانمـان دا، بـەڵام ئـەو باجدانـە هەرگیـز نەیتوانـی ئـەو بیروبـاوەڕە کۆنکرێتییەمـان تـا ئـەو چرکـە سـاتەش بگـۆڕێ، کـە پێویسـتە کـورد دەوڵـەتـی خـۆی هەبـێ. بـۆ نموونـە حزبـە کلاسـیکییەکانی کـورد، کـە هەمیشـە لـە داواکردنی خواسـتێکی وادا شـەرمن بوون، پێیـان وابـوو ئـەوە قوتدانـی پاروێکـە، کـە گـەدەی کـورد توانـای هـەرس کردنـی نییـە، هەندێکیشـیان لـەو حزبانـە کـە لـە  رۆژگارێکـدا خەڵکیـان بـە تۆمەتـی عیراقچێتـی لـە زیندانـان دەپەسـتا و دوای راپەڕیـن بوونـە سـوپەر عیراقچـی، هەمیشـە ئـەو بیرکردنـەوە و هەڵوێسـتی ئێمەیـان بـە خەونـی شـاعیرانە دەچوانـد. وەکوتـر زۆر لـەو سـوپەر ئێنتەرناسیولیسـتانەی بـە نـاو و دەمامکـی جیـاواز لـە دوای راپەڕیـن و لـە گۆڕەپانـی سیاسـی کوردسـتاندا هەڵتۆقیـن، کـە دواتـر بەرگـەی ئابڵووقـەی ئابـووری و شـەڕی ناوخۆیـان نەگـرت و روو بـەرەو (بەهەشـتی سـەرمایەداری!) جانتاکانیـان پێچایـەوە و تەنهـا بـۆ وەرگرتنـی رەگەزنامـەی وڵاتـی ئەوروپـی بوونـە سـوپەر ناسیونالیسـت، تـا بـە ئاسـتی شـۆڤینییەت دەگات، ئـەو دەم بـە ئێمەیـان دەگـووت (ناسـیونالیزم شـەرمەزارییە بـۆ مرۆڤایەتـی). حـزب و گروپـە پـان ئیسـلامی و کۆنزەرفاتیڤەکانیـش بـەلای خۆیانـەوە بـە خەونـی گەڕاندنـەوەی تارمایـی خەلافـەت، پێیـان وابـوو نـەک هەوڵـدان بـۆ ئـەو دەوڵەتـە، بگـرە بیرکردنـەوەش لێـی، هەوڵێکـی ناچیزەیـە بـۆ لەباربردنـی خەونـی دەوڵەتـی ئیسـلامی، کـە هەمـوو ئوممـەی ئیسـلام لـە بـاوەش بگـرێ، بیریـان چـوو بـوو کـە ئیسـلام ئایینـە نـەک ئوممـە. جێـی سـەرنجە هەمـوو ئەوانـە رۆژێـک ئامادەیـی دمـودو و گفتوگـۆی ژیربێژییـان لەگـەڵ ئێمـەدا نەبـوو، بـۆ ئـەوەی تێبگـەن خواسـتی ئێمـە بـۆ دەوڵەتـی کـوردی، بەرلـەوەی سـەربەخۆیی کوردسـتان بێـت وەک نیشـتمان، بونیادنانـی دەوڵەتێکـی کـوردی ئـازادە، دەوڵەتێـک ئـازادی بـە بنـەڕەت بگـرێ و رێـز

لـە ئازادییـەکان بنـێ، چونکـە بـەلای ئێمـە بـەس نەبـوو کـورد خاوەنـی دەوڵەتێـک و سـنور و نیشـتمانێکی سـەربەخۆ بێـت لـە ئاسـتی جوگرافـی، ئەگـەر ئـەو دەوڵەتـە لەنـاوەوەی خۆیـدا و لـە بونیـادی سیسـتەم و مامەڵەکانیـدا ئـازاد نەبێـت و رێـزی ئـازادی هاونیشـتمانیانی نەگـرێ. بۆیـە تەنانـەت بـە گومانیشـەوە سـەرەدەرمان لەگـەڵ ئـەو کۆجیتۆیـەی رووناکبیـری تـرک (بێشـکچی) دەکـرد، کـە دەیگـووت « بـۆ کـورد حوکمڕانییەکـی کـوردی خـراپ، لـە حوکمڕانێتێکـی باشـی داگیرکـەر باشـترە«، چـوون ئێمـە تێگەیشـتنمان بـۆ چەمکەکانـی چاکـە و خراپـەی سیسـتەمی حوکمڕانـی بەرمەبنـای خـودی بەهـای ئـازادی بـوو، نـەک مەیلێکـی نەتەوەپەرسـتی فاشـی و شـۆڤینیانە. ئێسـتاش کـە سـەر لەنـوێ بابەتـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کـورد لێـرە و لـەوێ و وەک سـۆزێکی نەتەوەیـی دێتـە گـۆڕێ و دوور نییـە لـە پشـتییەوە گەمەیەکـی سیاسـی و ئایدیۆلـۆژی بیوروژێنـێ، پێمـان وایـە هێشـتا لـە کرۆکـی باسـەکە و ئامانجـە سـەرەکییەکە نزیـک نەکەوتووینەتـەوە، لەبـەر ئـەوە پێویسـتی قسـەکردن لەسـەر ئـەم پرسـە ئەرکـی هەمـوو کوردێکـە کـە ( بـۆ خـۆ کـوردە)، نـەک (لـە خـۆ کـوردە)*.

### لە هوشیاری کوردبوونەوە بۆ ئیرادەی ئازادیخوازی

جـارێ کـورد لـەو قۆناغـەدا، هەتـا ئەگـەر بـە تەنهـا باشـووری کوردسـتانیش وەربگریـن (ئـەو باشـوورەی حزبـە کلاسـیکییەکانی کـورد بـە ئاگایـی، یـان نائاگاییـەوە بێـت ناویـان نـا هەرێمـی کوردسـتان و بەمـەش شـەرعییەتێکی مەعنەوییـان بـە عیراقێتـی ئـەو پارچەیـەی کوردسـتاندا، وەک بەشـێک لـە نیشـتمانی عـەرەب. بـەو پێیـەی لـە دەسـتووری بنەڕەتـی عیراقیـدا، عیـراق یـەک پارچەیـە و بەشـێکە لـە نیشـتمانی عەرەبـی)، بەرلـەوەی لـە خەمـی بونیادنانـی دەوڵـەت دابێـت، پێویسـتە کار بـۆ زیندووکردنـەوەی هەسـت و ئینتمـای کـورد بـوون لەنـاو خـودی هاونیشـتمانی و هێـزە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی بکاتـەوە، چونکـە بەبـێ بوونـی ئـەو هەسـت و ئینتمایـە، ئەسـتەمە دەوڵەتـی کـوردی مانـا و بەهایەکـی هەبێـت لـە ئاییندەدا.

کـە دەڵێیـن دەوڵەتـی کـوردی مانایەکـی نابێـت، بـەو مانایـەی ئەگـەر هێـزە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی کـورد لـە نـاو خۆیانـدا کاوێـژ لەسـەر مێـژووی خوێنـاوی سیاسـی خۆیـان بکـەن و هەمیشـە لـە بۆسـەی تۆڵەسـەندنەوەدا بـن و بـە تەونـی ململانێـی ئایدیۆلـۆژی و بەرژەوەندخـوازی دەسـەڵاتگەرایی خۆیـان بناغـەی ئـەو دەوڵەتـە بچنـن،

دواجـار دێینـەوە چوارگۆشـەی یەکـەم.

لـەو ڕوانگەیـەوە و بـۆ ئـەوەی کـورد بتوانـێ ئـەو ئامانجـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەی بێنێتــە دی، بــەر لەهــەر شــت پێویســتە وەک کــورد لــە ئاســتی تــاک و گروپــە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکانــی پەیوەســتی بەهــای کوردبــوون بێــت، ئەمــەش وەک هەســت و ئینتمایەکــی نێوکۆیــی. بــە مانایەکــی دی بــۆ ئــەوەی دەوڵەتــی کــوردی لەســەر بناغەیەکــی پتــەو و تەندروســت بێتــە کایــە، پێویســت دەکات مرۆڤــی کــورد ئینتمـای کوردبـوون بخاتـە سـەروو ئینتمـا خێڵەکـی و حزبـی و ئایدیۆلـۆژیو ئایینـی و مەزهەبییەکانــی و کار بــۆ هێنانــەدی ئاشــتی سیاســی و کۆمەڵایەتــی بــکات و لاپەڕەیەکــی نــوێ لــە پەیوەنــدی سیاســی و کۆمەڵایەتــی بکاتــەوە. قوڵکردنــەوە و شـۆڕبوونەوەی هەسـت و ئینتمـای کوردبوونیـش لـە هوشـیاری و هـزری مرۆڤـی کـوردا بـە پلـەی یەکـەم لـەوە چەکـەرە دەکات کـە خـۆی لـەو گرێـی خـۆ بەکەمزانینـە لـە ئاسـت ئەوانـی تـر دەربـاز بـکات. هوشـیاری و ئینتمایـەک دواجـار بەهـای مرۆیـی خـۆی لــە بەرامبــەر ئەوانــی دی ناکــورد بســەلمێنێ و چیتــر شــەرمکردن لــە کوردبــوون و پەیوەسـت بـوون بـە دیـرۆک و کولتـور و فەرهەنگەکـەی (بـە کـۆی ڕەهەنـدە ئەرێنـی و نەرێنییەکانیـەوە) بەشـێک نەبێـت لـە بیرکردنـەوە و ڕەفتـارو گوفتاریـدا لـە بەرامبـەر ئەوانــی دیکــەدا.

کاتێکیـش ئـەو ئینتمـای کوردبوونـە لـە ئاسـتی هەسـت و سـۆزەوە دەچێتـە ئاسـتی هــزری و هوشــیاری و درک کردنــەوە، لەوێــدا کەســایەتییەک بەرهــەم دێ، کــە نــەک شـەرم لـە کوردبونـی خـۆی نـاکا، بگـرە لـە ئاسـت ئـەو مێـژووە دوور و درێـژەی گرێـی خـۆ بەکـەم زانـی و شـەرمکردن لـە کوردبـوون، خـۆی بـە شـەرمەزار دەزانـێ. لـەوەش گرنگتـر ئەوەیـە کـە نابـێ ئـەو هوشـیارییە تەنهـا لـە هـزر و ناخـی تـاک و گروپێکـی دیاریکـراوەوە چەکـەر بـکات، بەڵکـو پێویسـتە ئاسـتێکی نێوکۆیی وەربگرێ و شـۆڕبێتەوە بـۆ یەکـە بـە یەکـەی کایـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی کـوردەواری، جـا ئـەو کایانـە هــەر بیرکردنەوەیەکــی سیاســی و ئایدیۆلــۆژی و ئایینــی و مەزهەبییــان هەبێــت (بێگومـان مەبەسـتم کـوردە، نـەک کلدۆئاشـوور و ئەوانـی تـر، کـە هەڵگـری مـۆرک و خەسـڵەتی نەتەوەیـی خۆیانـن و لـە کوردسـتان دەژیـن). بـەڵام پرسـیاری گـەورە لـەو نێـوەدا بـە تەنهـا کوردبـوون خـۆی نییـە، بەڵکـو خـودی ڕوئیـا و دونابینـی کوردبوونـە بــۆ بەهاکانــی ئــازادی. بــە مانایەکــی دی، کوردبوونــی هــەر کەســێک پێویســتە بــە بڕوابوونـی نەگـۆڕی بـە ئازادییـەوە موتوربـە بکـرێ، ئازادییـەک کـە دواجـار هەناسـەی

قەبوڵکردنـی جیاوازییـەکان و بەیەکـەوە ژیانـی هەبێـت. بـارگاوی کردنـی کوردبـوون بـە بەهـای ئـازادی و ژیـان و مرۆڤدۆسـتی، گرەنتـی ئەوەیـە کـە لـە سـبەی بونیادنانـی دەوڵەتـی کوردیـدا، تـەم و تارمایـی دیکتاتۆرییـەت و سـتەمکاری برەوێتـەوە.

بـە مانایەکـی تـر، ناکـرێ پەیوەسـتبوونی هـزری و هوشـیارانە بـە بەهـای کوردبـوون، پاسـاوێک بێـت بـۆ خۆدزینـەوە لـە ویسـتی ئازادیخـوازی و بەدیهێنانـی بنەمـا دیموکراسـییەکان لـە ژیانـی سیاسـی و لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی کوردیـدا. چونکـە لـەو حاڵەتـەدا نـە کوردبـوون و نـە دەوڵەتـی کـوردی بـۆ ئێمـەی هاوونیشـتمانی و نەوەکانـی ئایینـدەی ئـەو نیشـتمانە هیـچ سـەنگ و بەهایەکـی نابێـت، بـەو پێیـەی شـەڕی سـەرەکی ئێمـە لـە بنەڕەتـدا لەسـەر بـوون و نەبوونـی ئازادییـە، بەتایبەتـی لـە سـەردەمێکدا کـە بونیادنانـی دەوڵەتـی نەتـەوە جێگـەی مشـتومڕی زۆرە. دیـارە ئـەوە بـەو مانایـە نییـە کـە باوەڕمـان بـە دەوڵەتـی نەتەوەیـی کـورد نییـە وەک مافێکـی سروشـتی و یاسـایی کـورد، کـە تـا ئێسـتا گەورەتریـن نەتەوەیـە لـە دونیـادا بـێ دەوڵەتـە، بەڵکـو بـەو مانایـەی ئەگـەر لـە پێنـاوی ئـەو دەوڵەتـە نەتەوەییـەدا دەسـتبەرداری خەونـی مرۆیـی و کۆمەڵایەتـی و ئازادییـە کەسـی و گشـتییەکانمان بیـن، ئـەوە هیچمـان بـە هیـچ نەکـرد. چونکـە « هـەر دەوڵەتێکـی کـوردی، یـان هـەر بنکەیەکـی ناسـیونالی دی کـە بـۆ ڕێکخسـتنی ژیانـی کۆمەڵگـەی کـوردەواری دروسـت ببـێ، دەبـێ « لـە ئـازادی» دا هاتبێتـە کایـە و «بـۆ ئـازادی» هاتبێتـە کایـە. چونکـە «دەوڵەتـی کـورد « بـەلای هاوبیرانـی قوتابخانـەی کوردیـی سۆسـیالیزمەوە، ئامانـج نییـە، بەڵکـو هۆیەکـە بـۆ دەربڕیـن و بەکارهێنانـی مافـی ئازادیـی مرۆڤـی کـورد.....». (١)

ئـەو بۆچوونـەش دیـوی دووەمـی ئازادیخـوازی و مـرۆڤ و ژیاندۆسـتی هاوبیـری نەتەوەیـی کـوردی راسـتەقینە دەردەخـات، بـەوەی کـە ئامانجـی سـەرەکی ئـەو، ئازادییـە و شـتێک نییـە لـە سـەرووی ئـازادی، بـە سـەربەخۆیی نیشتمانیشـەوە. ئـەم بیرکردنـەوە و هەڵوێسـتەش دواجـار گرەنتـی سەرنەکێشـانی دەوڵـەت و کاراکتـەرە نەتەوەییەکانـی دەکات بـەرەو فاشـیزم و تۆتالیتارییـەت، لـەو سـۆنگەیەی کـە لـە بنەڕەتـدا پرسـی نەتەوەیـی و ئـازادی و دیموکراسـییەت گرێـدراوی یەکـن و بزووتنەوەیەکـی نەتەوەییـش ئەگـەر ئـازادی و دیموکراتخـواز نەبـێ، ناتوانـێ سیسـتەمێکی شـیاوتر بـە مـرۆڤ، لـە سیسـتەمی سـتەمکاری داگیرکـەر بـۆ کۆمەڵگەکـەی بەرهـەم بێنـێ.

هوشـیاری و هـزری کوردبـوون و ویسـت و ئیـرادە بـۆ بونیادنانـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی لای هـەر کوردێـک، دەبـێ لـەوە سـەرچاوە بگـرێ کـە مەوداکانـی ئـازادی فراوانتـر بـن

و لـه سـايەياندا ڕێـز لـه بـوون و بەهـا و کەرامەتـی مـرۆڤ خـۆی و جیاوازییەکانـی نێـو پێکهاتـه سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی بگـرێ و بـواری وەک یەکـی گەشـەکردن بـۆ کـۆی ئـەو جیاوازییانـه بکاتـەوە. ڕوونتـر بڵێیـن دەبـێ پەیوەسـتبوون و ئینتمـای کوردایەتـی و مەیلـی دروسـتکردنی دەوڵەتـی کوردسـتان دواجـار ژیانێکـی شایسـتەتر بـۆ مرۆڤـەکان و نـۆرم و بەهـای نوێتـر لـه ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی کـوردەواری بەرهـەم بێنـێ، بـه شـێوەیەک وەرچەخانێکـی بنەڕەتـی بێـت لـه واقیعـی بـاوی ژێـر دەسـتی داگیـرکاری و لـه واری کردەنیـدا، چ وەک فـەزای کاری سیاسـی، یـان پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی و کولتـوری، مـوژدەی قۆناغێکـی نـوێ و جیاوازتـر بێـت لـه قۆنـاغ و سـەردەمی سـتەمکاری و ژێردەسـتەیی دوژمنـان، لـەو ڕوانگەیـەی کـه « دەشـێ ئایینـدەی مـرۆڤ لـه ڕابردووەکـەی بەختیارتـر بێـت». (٢)

کاتێکیـش دەڵێیـن بەختیـار و جیاوازتـر، ئـەوە شـتێکی ڕێژەییـە، نـەک ڕەهـا. ڕوونتـر بێژیـن بەختیارتـر نـەک بـه مانـای دروسـتکردنی وێنایەکـی وەهمـی و یۆتۆپـی لـه زەیـن و زاکیـرەی مرۆڤەکانیـدا، کـه بەرهەمهێنانـی بەهەشـتە، بەڵکـو تێپەڕاندنـی قۆناغـی بـاوی تاریـک بـۆ ئاسـتێکی بـاڵا و جیاوازتـر لـه بـاری گەڕاندنـەوەی بەهـا و سـەنگ بـۆ خـودی مرۆڤـەکان، چونکـه ئەگـەر کوردبوونیـش کەوتـه ئـەو هەڵەیـەی کـه بەهەشـتێک بەرهـەم دێنـێ، دوور نییـه بـەو موژدەیـەی خـۆی دۆزەخێکـی وێرانتـر لـەوەی پێـش خـۆی بکاتـه دیـاری کۆمەڵگـه.

لێرەوەیـه بەهـا و سـەنگ و ڕۆڵـی کاراکتـەرە (لـه خـۆوە کـوردەکان) دەردەکـەوێ، کاراکتـەر گەلێـک کـه خەونـی بونیادنانـی دەوڵەتیـان ناکەنـه پاسـاوی خۆدزینـەوە لـه ئـازادی و خواسـت و ئامانـج و داخوازییـه کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵگەکەیـان. یـان باشـتر بڵێیـن ویسـتی ئەوانـه بـۆ دەوڵـەت لـه خەونـی تۆڵەکردنـەوەی مێـژوو سـەرچاوە ناگـرێ، ئـەو ویسـتەی دواجـار مرۆڤێکـی تـا سـەر ئێسـقان فاشـی و ڕەگەزپەرسـت بەرهـەم دێنـێ، تاکێـک لەگـەڵ خۆیـدا هوشـیارییەکی سـەقەت بـۆ نـەوەکان دەگوازێتـەوە، هوشـیارییەک نـەوەکان دەخاتـه بـەردەم تاکـه هەڵبژاردنێـک، کـه ئەویـش سـڕینەوەی بەرامبـەرە جیاوازەکانـی بەرمەبنـای ڕقـی پەنگخـواردووی مێـژووی ژێـر دەسـتەیی و سـتەمدیدییەکانی نەتەوەکـەی، هوشـیارییەک بیانـوو دەداتـه دەسـتی ئـەو نەوەیـه کـه لـه پێنـاو دەسـتگرتن بـەو دونیابینییـه شـۆڤینییە و قوڵکردنـەوەی بـۆ هەنـاوی کولتـور و مێـژوو و پەیوەندییـه کۆمەڵایەتـی و مامەڵـه سیاسـییەکان و ترسـی دووبارەبوونـەوەی ئەزموونـی ژێردەسـتەیی، جگـه لـەوەی چـاو لـه بەهـای

ئـازادی مرۆڤەکانـی و ژیانـی دیموکراسـی بپۆشـێ، دواجـار کـۆی ناڕەزایـی و داواکارییـە دیموکراسـی و مەدەنییەکانـی کایـە بەشـمەینەتەکانی ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی مەحکـوم بـە تەخویـن و بەکرێگیـراوی بـکات. هـەر ئـەو تێڕوانیـن و ئایینـدە بینییـەی قوتابخانـەی کوردیـی سۆسیالیزمیشـە وایکـردووە، کـە تیۆریسـێن و ڕێبوارانـی ئـەو قوتابخانەیـە، بـەردەوام چەمکـی ئـازادی مـرۆڤ و بەهاکانـی بخەنـە پێشـەوەی دروشـمی سـەربەخۆیی نیشـتمان، چونکـە نیشـتمانێک مرۆڤەکانـی ئـازاد نەبـن و لـە بەهـا و سـەروەری و بوونـی مرۆییانـەی خۆیـان بەرخـورد نەبـن، نیشـتمانێک دواجـار لـە پشـتی دروشـمە سـۆزدارییە نەتەوەییـە بەسـەرچووەکان ببێتـە دۆزەخـی نابەرابـەری و بێـدادی، هەرگیـز ئـەو نیشـتمانە ناتوانـێ سـەقامگیری سیاسـی و ئاشـتی کۆمەڵایەتـی بەخۆیـەوە ببینـێ. مرۆڤەکانـی نەتەوەیـەک ئەگـەر ئـازاد بـن، دەتوانـن سـەربەخۆیی نیشـتمان بپارێـزن و بـۆ هەمیشـە شووناسـە نەتەوەییەکەیـان بـە زیندوویـی بهێڵنـەوە، بـە پێچەوانـەوە و لـە رۆژگارێکـدا کـە ئیـدی زۆرتریـن گریمانـە و ئەگـەری دەسـت گەیشـتن بـە مافـە نەتەوەییـەکان و بەسـەرچوونی هەژموونـی داگیـرکاری لـە ئـارادان و زۆرتریـن شـێواز و میکانیزمـی یاسـایی و ئاشـتی و دیموکراتخوازانـە فەراهەمـن بـۆ ئـەوەی نەتـەوە ژێردەسـتەکانی بگەنـە خەونـی لـە مێژینـەی خۆیـان، کـە جیابوونـەوە و بونیادنانـی دەوڵەتـە، دیـارە کوردیـش لەمـڕۆدا و لەنـاو ئـەو هەمـوو گۆڕانـکاری و پێشـهاتە سیاسـییە خێراڕایانـی ناوچەکـە و دونیـا و گۆڕانـی باڵانسـی هێـز و بەرژەوەندییـەکان لـە دەرەوەی ئـەو سـیاقە نییـە، بـۆ ئەوەیـش کـورد بتوانـێ وەک گەورەتریـن نەتـەوەی بـێ دەوڵەتـی سـەرگۆی زەوی ئـەو گرێیـەی بکاتـەوە، جگـە لەسـەر لەنـوێ پێداچوونـەوە بـە گوتـاری سیاسـی و سـتراتیژی شـەرمنانەی حـزب و کردنـەوەی گرێـی خـۆ بەکەمزانـی سـەرکردەکانی لـە ئاسـت ئەوانـی دی، وێـڕای بەدامەزراوەیـی کردنـی ژیانـی حزبـی و سیاسـی خـۆی، سـەرەڕای پێداچوونـەوە بـە تێگەیشـتنە کلاسـیکییەکەی بـەر لـە هـەر شـت پێویسـتی بەراهێنـان و پەروەردەکردنـی تاکەکانییەتـی بـە مەسـەلە مرۆیـی و دیموکراتـی و ئازادیخوازییـەکان، گۆشـکردنیەتی لەسـەر دەسـتبەرداربوونی رۆحـی تۆڵەسـەندنەوەی کوێرانـە و توانـای هەڵکـردن لەگـەڵ جیاوازییـەکان و قەبوڵکردنیـان لـە نـاوەوە و دەرەوەی جوگرافیـای سیاسـی و کولتـوری و ئیتنـی خـۆی، لـە دەرەوەی ئەو هاوکێشـە و بیرکردنـەوە و جـۆری مامەڵەکـردن لەگـەڵ شـووناس و بونیادنانـی دەوڵـەت، ئەسـتەمە بتوانیـن بگەینـە هیـچ ئەنجامێکـی دڵخۆشـکەر.

# ئاشی دەسەڵات، گەمژەیی رەعیەت دەیگێڕێ!!

دەسـپێک دەمـەوێ ئـەو راسـتییە بدرکێنـم، کـە بیرۆکـەی ئـەم ناونیشـان و نووسـینە دوور و نزیـک پەیوەنـدی بـەو پەنـدە کوردییـەوە نییـە کـە دەڵێـت: (ئاشـی نـەزان، خـوا دەیگێـڕێ)، چونکـە زۆر لـەوە دڵنیـا و پشتڕاسـتم کـە دەسـەڵاتی کـوردی و کاراکتەرەکانـی ئەوەنـدە زیـرەک و لێـزان و شـارەزان، دەزانـن چـۆن و بـە چ زمـان و میکانیزمێـک، بێبـاک لـە پەرچەکـرداری خەڵـک بـۆ چارەگـە سـەدەیەکی تریـش هـەر بـەو ریتمـەوە دەتوانـن درێـژە بـە دەسـەڵات و فەرمانڕەوایـی و قەڵەمـڕەوی خۆیـان بـدەن، هـەروا دەکارن و بەبـێ ئـەوەی لـە کاردانەوەیـەک بترسـن لەسـەر بێدەنگـی و خۆشـباوەڕی شـەقام کاوێـژ بکـەن، لەبەرئـەوەی ناهوشـیاری زۆرینـەی هـەرە زۆری خەڵکـی ئێمـە لـە ئاسـتێکدایە، کـە رێـگای تێدەچێـت شـێتێک بەهەمـوو بێئاگایـی و شـێتێتی خۆیـەوە و چۆنـی بخـوازێ و لەسـەر ئـەو ئـاوازەی خـۆی دەیـەوێ، خەڵـک بخاتـە سـەما!

بەهەرحـاڵ بـۆ ئـەوەی لـە تـەوەر و مەبەسـتی سـەرەکی نووسـینەکەمان دوور نەکەوینـەوە و خوێنـەر بـێ تاقـەت نەبێـت، راسـتەوخۆ بـە قسـەی بیرمەندێـک دەچمـە نێـو نـاوەڕۆک و ئامانجـی بابەتەکـەم، کـە دەڵـێ: ( هەرگیـز لـە عارەبانچییەکـی نەمسـا گـوێ بیسـتی ئـەوە نابیـت کـە بڵێـت —دروود بـۆ قەیسـەر_).

بێگومـان لـە پشـتی ئـەو دەستەواژەیەدا دەتوانیـن دونیایـەک مانـا و مەدلولـی گرنـگ بدۆزینـەوە و بخوێنینـەوە، رەنگـە نزیکتـر و جوانترینیـان ئـەوە بێـت، کـە هاوڵاتـی کاسـبکار و عارەبانچـی و دەسـتگێڕی نەمسـایی گەیشـتوونەتە ئـەو ئاسـتە بـەرزەی هوشـیاری و ئاگایـی، کـە درک بـە ئـەرک و مافەکانیـان دەکـەن و تێدەگـەن، ئـەوەی رۆژانـە وەک داهاتێـک دابینـی دەکـەن و بەهۆیـەوە گوزەرانـی خۆیـان و خێزانەکانیانـی پـێ مسـۆگەر دەکـەن، بـەری رەنـج و ماندووبـوون و شـەونخونی و ئارەقـەی نێوچەوانـی خۆیانـە، نـەک دیـاری و نوقڵانـە و بەخشیشـی قەیسـەر و پاشا..هوشـیاری و ئاگاییـەک لـە رێگەیـەوە بـواری بـۆ دەسـەڵات نەهێشـتۆتەوە، کـە بتوانـێ و بـۆی بلـوێ بـە میـزاج

و ویستی خۆی خەڵک وەک مێگەل لێبخوڕێ و کۆیلەیان بکا..هوشیاری و ئاگاییەک بەرهەمەکەی ئەوەیە، کە بە هۆیەوە ئەو کاسبکار و عارەبانچی و دەستگێڕانە توانیویانە و دەتوانن بوون و بەها و سەروەری مرۆیی خۆیان بپارێزن، ئەمە و بەبێ ئەوەی خاوەن شکۆ و دەست وپێوەند و واعیزەکانی بتوانن تۆمەتی بێ ئینتمایی و هەست نەکردن بەبەرپرسیارێتی بەسەر خەڵکدا ببەشنەوە، کەچی لە حاڵەتێکدا ئەم هاوکێشەیە لەلای ئێمەدا رێک پێچەوانە بۆتەوە و خەڵکێکی زۆرمان هەیە (کە زۆربەیشیان بەقەد سووتووی جگەرەیەک لە حکومەت سوودمەند نەبوونە!) سەرەڕای راکە راکە و ماندوو بوونی رۆژانەیان بەدوای ژیان و پەیداکردنی پاروێ نان و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان، پێیان وایە ئەوان لەسای سەدەقە و خێر و بەخشیشی دەسەڵات دەژین، جا ئەگەر ئەمە ئەوپەڕی ناهوشیاری و نائاگایی خەڵک و خۆبچووک کردنەوە و خۆ بەکەم زانینیان نەبێت لەبەرامبەر دەسەڵات و حکومەتێکدا، کە لە ماوەی پانزە ساڵ نەیتوانییوە وەک پێویست سەرەتاییترین ماف و داخوازی و پێداویستی خەڵک دابین بکات، ئەی دەبێ چی بگەیەنێت؟!

زۆر باش بەبیرم دێت و نە هێندە لەمێژە و نە هی ئەوەشە کەستان نەیزانن، کە لە باوک و باپیرو ریش سپییەکانمان گوێمان لێ دەبوو، حکومەت خوای سەر عاردانە و ئێمەی میللەتیش شتێک نین دەرەقەتی بێین، بۆیە باشترە رابێین، ئاخر حکومەت کەروێشک بە عارەبانە دەگرێ و ئێمەش رەعیەتی ئەوین و کێ بێتە سەر حوکم بە کەیفی خۆی وەک خوری مەڕ دەمانبرێتەوە...رەنگە تا ئەو چرکەیەش وێڕای ئەو قوربانییە گیانی وماڵییە زۆر و زەوەندەی خەڵکی کورد بۆ شۆڕش و ئازادی دای، بەڵام هەر بەو کولتورە دەقمان گرتبێ ولەو خەوە قوڵە بێدار نەبووبینەوە، کە ئەوەی ئەمڕۆ هەیە بەری رەنجی خەڵک و موڵکی هەمووانە.

ئاخر چۆن سەیرت پێ نەیەت و عەقڵت نەوەستێ، کاتێ لەم وڵاتە دەبینی هاوڵاتی زستانان رۆژ تا ئێوارە بەدوای سوتەمەنی راکە راکەی بێت و هاوینانیش بۆ چۆڕێ ئاو و کاتژمێرێک کارەبا بنوزێتەوە، چش لە خانەوادەی ئەو شەهید و ئەنفالکراوانەی ئێستاش لە ژێر کەلاوە و بە نانێکی مەمرە ومەژی شەو دەکەنەوە رۆژ، کەچی هەمان ئەو هاوڵاتییە موچرکی حزبایەتی کوێر بەلەشیدا دێت و بۆ خۆیشی کە لەبەر قرچەی گەرمای هاوینانی بێ ئاو و سەهۆڵ و کارەبادا، لە

دوکانە بنمیچ رووخاوەکەیدا بەرامبەر هەندێ وردەواڵە نووشتاوەتەوە، چییە داخوا تا ئێوارە دینارێک قازانج دەکات، یان نا، بۆ ئەوەی قووتی رۆژانەی منداڵەکانی دابین بکات،کەچی بەو پەڕی رووقایمی و پڕ بەگەروی دەڵێ: خوایە تەمەنی ئەم حکومەتە درێژ بکەیت..کاراکتەر و کاربەدەستەکانی لە بەلا و کارەسات بپارێزیت، یان لە مەجلیساندا دەبێتە دەمڕاست و ریش سپی دەسەلات و خەڵک ئامۆژگاری دەکات، کە هەقە رۆژانە نانێک بخۆن و هەژدە بۆ فلانە حزب بکەنە خێر..دوای هەر پێنج فەرزی نوێژ بە کۆشی نزاوە روو لە ئاسمان بکەن و لە خوا بپاڕێنەوە دەست بە باڵی فیسارە سەرکردە و کاربەدەستە بگرێت؟!

ئەوەی کە دەیخوێننەوە نە زیادەڕۆییە و نە خەیاڵ، بەڵکو رۆژانە لێرە و لەوێ ئەم حاڵەتانە دەبینین، کە چۆن هاولاتی کورد بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە، لەگەڵ ئەوەی کە بچوکترین داخوازی منداڵەکانی پێ نایەتەدی و سادەترین پێداویستی خێزانەکەی بۆ دابین ناکرێ و خاوەنی بستێ زەوی و مەئوایەکی شیاو نییە بۆ ژیان و حەسانەوە و ئۆقرەگرتن، چەشنی هەر کەسێکی ئاسایی و وەک سەرەتاییترین مافی هاولاتیبوون و ژیان، نەیتوانیوە و ناتوانێ بخوا و بخواتەوە و بپۆشێ و گەشت بکا و ژیانێکی ئارام و ئاسوودە و بەختەوەر لە خەونیشدا میوانی نابێت، کەچی هەر هەمان ئەو هاولاتییە لە بەرامبەر رێکپۆشی و ناز و نیعمەت و عەیش و نۆشی منداڵی بەرپرس و کاربەدەست و سەرکردەکان و بەختەوەری خێزانەکانیان و ئەو بەهەشتانەی، کە لە خانو وڤێللا و زەوی و ئۆتۆمۆبیلی مۆدیل بەرزی سفر کیلۆمەتر بۆ خۆیان دروستیان کردووە، ئەو هاولاتییە دێت و روو قایمانە لە قاپی خوا دەپاڕێتەوە دەست بە تەمەنی حکومەت بگرێ و لە تەمەنی ئەو بخاتە سەر هی سەرکردە و کاربەدەستان، تا ئەوان شەوەکانی خۆیانی پێ سووورتر بکەن و سک و گیرفانیان قەڵەوتر بێت!!

ئەو حاڵەتەی خۆشباوەڕی و سەرلەقاندن و رازیبوون و بێ دەنگی و بێ هەڵوێستی خەڵک «بەزۆرێک لەوانەش کە گوایە رۆشنبیر و دەستەبژێرن» و نەبوونی پەرچەکداریان (بە شێوازی دیموکراسی و شارستانییانە) بۆ گوزارشتکردن لە داخوازی و مافەکانیان لە ئاست ئەو بێدادی و نایەکسانییەی خەریکە هەناوی کۆمەڵگا دەخوا، رێک نموونەی سەربوردە و قسەی ئەو پێشمەرگە دێرینەم بیر دەخاتەوە، کە دەیگوت:

دوای بیست و ئەوەنـدە سـاڵەی بـێ پچڕانـەوە و خۆبەدەسـتەوەنەدان و بـێ فایلـداری ژیانـی پێشـمەرگایەتی، بـە هـەوراز و لێـژ و مانـدوو بـوون و برسـێتی و تینوێتـی و شـەونخوونی و شـەڕی دەسـتەویەخەی دوژمـن، کەچـی دوای ڕاپەڕیـن لـە کۆبوونەوەیەکـی ڕێکخسـتنی حزبـدا، بابـای سـەرکردە و بەرپرسـمان مزگێنـی ئـەوەی داینـێ، کـە ئیـدی ڕۆژانـی سـەخت و نەهامەتـی و بـێ ئومێـدی گوزەشـتن و تـازە بـواری کار و ژیـان ئەوەنـدە زۆر و فـراوان دەبـێ، نـەک بەشـی ئێـوە و مانـدوو بوونتـان دەکات، بگـرە لـە هـی خەڵکیـش زیاتـر دەبێـت، دڵنیابـن زۆر نابـا هـەر کـە کەوتینـە سـەرڕێ و ڕەوش ئـارام بـووەوە، کرێـکاری و کۆڵکێشـی سـنوورەکان ئەوەنـدە زۆر دەبێـت بـاوەڕ ناکـەن و سـەرتان سـوڕ دەمێنـێ.

ئـەوی پێشـمەرگەی دێریـن، کـە ئێسـتاش تـۆز و دوکەڵـی شـەڕ و سـەنگەرەکان بـە سـیمایەوە دیـارە و هیلاکـی ڕۆژانـی خەبـات بـە جەسـتەیەوە دەبینـرێ و کـەم شـوێن لـە جەسـتەی مـاوە گوللـە نەیپێکابێـت، بـە هەناسـەیەکی قوڵـی پـڕ ئەسـەفەوە گوتـی:

زۆر سـەیرم هـات، ئـەو دەمیـش زۆر لـە ئامادەبـووان بـەو مزگێنییـە شاگەشـکە بـوون و کەوتنـە چەپڵەڕێـزان و سـەربادان، ئیـدی ئـەو کات تێگەیشـتم (ئـاش لـە خەیاڵێـک و ئاشـەوان لـە خەیاڵێکـی تـر)، بـەوەی کـە ئـەوەی دوێنـێ کردمـان و بینیمـان تەنهـا لـێ لێیـە، لـۆ لۆکەیـش لـە سـەردەم و ڕۆژگاری دوای ڕاپەڕیـن و ئازادیـدا دەبـێ لەسـەر حیسـابی خۆمـان و لەبەرژەوەنـدی ئـەوان تـەواو بکەین..ئـەوە نییـە پەندەکـە دووبـارە دەبێتـەوە، کـە چـۆن دوێنـێ نەدەبـوو سـەرکردە و سیاسـی و لێپرسـراو و فەرمانـدە بکوژرێـن، چونکـە عەقـڵ و داینەمـۆی شـۆڕش و داڕێـژەری پلانەکانـی شـەڕ و سـەرکەوتن بـوون، ئەمـڕۆش نابێـت ئـەوان (بـا هەنـدێ جـار شـەیتان زەللـەی بـە بەعزێکیشـیان بردبـێ و فایلیـان هەبێـت!)، ناکـرێ بـێ خانـوو و کۆشـک و ڤێللا و زەوی و پـارە و ئۆتۆمبیلـی جـوان و خێزانـی بەختیـار و منداڵـی شـازادە ژیـان بـن، نابـێ چـرا لـە ماڵەکانیـان ببـڕێ و گوڵـی باخچەکانیـان لـە بـێ ئـاوی بژاکـێ و هاوینـان ئارەقـە بکـەن و مێشـوولە بێزاریـان بـکا و زسـتانان بـێ ئاگـردان و سـووتەمەنی بـن، ئاخـر ئـەوان وەک دوێنـێ، بـۆ ئەمـڕۆش عەقڵـی کارگێـڕی و بەڕێوەبـردن و دیبلۆماسـیەت و چەسـپاندنی یاسـا و ئەتەکێتـی مەدەنیەتن..ئێمـەی پێشـمەرگەش چـۆن دوێنـێ بەچـۆڕێ ئـاوی نێـو مەتـارەکان و نوردیـێ نانـی ڕەق و فیشـەکدان و تەنهـا ورەوە، کـۆڵ هەڵگـری کاروانـی دوور و سـەختی داسـتان و چالاکییـەکان بوویـن و چنگـە ڕنێمـان

لەگەڵ سەختی و دژوارییەکاندا دەکرد و هاوڕێ لەگەڵ شریقەی تفەنگەکانماندا سەنگەری شەڕ و بەرگریمان ئاوەدان دەکردەوە و بە قەڵغانی سنگمان و خوێنی ئاڵمان بەرهێرشی دوژمنانمان دەگرت، ئەمڕۆش دەبێ هەر بەو دەستی زبرەوە عارەبانەکانی سەوزە و میوە و وردەواڵە راکێشین و بەو هیلاکی جەستەمانەوە کۆڵکێشی قەیسەرییەکان بین و تینی گەرماش ئەو برە هێزە ماسولکەییەی ماومانە بپوکێنێتەوە و کرێکاری بیناکردنی کۆشک و تەلار و باڵاخانەی ئەوانی سەرکردە و فەرماندە و کاربەدەست بین، بەس بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ئێوارەیەک مناڵەکانمان بە سکێکی کەمێک تێرەوە سەرخەوی ناو کەلاوە بێ رووناکییەکانمان بشکێنن، کە بەکرێمان گرتوون.

## دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە گەمەی دیموکراسیدا

روخسارێکی گرنگ و زیندووی هەر سیستەمێکی سیاسی، کە بانگەشەی دیموکراسییەت بکات، بوونی ئۆپۆزسیۆن و هێزگەلێکە، کە لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی دەسەڵات و بە میکانیزمی جیا لە میکانیزمەکانی دەسەڵات، کار بۆ کرانەوە و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە دەکەن، تەنانەت پرەنسیپێکی بنەڕەتی بەرجەستەکردنی دیموکراسییەت لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتدا، بریتییە لە دەستاو دەست کردنی ئاشتییانەی دەسەڵات، جا ئەگەر لەو نێوەدا دەسەڵات بەسەر تەنها هێز و لایەنێکەوە قۆرخ بێت و بوار بۆ هەناسەدانی جیاواز و کێبەرکێی سیاسی دیموکراسی و شارستانیانە بۆ هێزگەلی تر نەبێ، ئەوا باس کردن لە دیموکراسی نوکتەیەکی بێ مانایە، چونکە خودی بوونی ئەو هێز و کایە جیاوازانەیە، کە دواجار مۆرکی دیموکراسی بوون دەبەخشێتە دەسەڵاتێک، کە ئامادەیی دەستاودەست کردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتی تێدا بێت لەگەڵ هێزەکانی بەرامبەر خۆی. بۆیەش لێرەدا جەخت لەسەر بنەمای دەستاودەست کردنی دەسەڵات دەکەینەوە، نەک لەبەر ئەوەی بە تەنها بەها و پرەنسیپێکی گرنگی دیموکراسەتە، بەڵکو لەبەرئەوەی دیوێکی دیکەی ئامانج و کارکردنی ئۆپۆزسیۆن گەیشتنە بە دەسەڵات.

من پێم وانییە چەمکی ئۆپۆزسیۆن لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا نوێ، یاخود شتێکی نامۆ بێت، بە قەد ئەوەی بە درێژایی مێژووی ئەو پرۆسەیە، تەوزیفکردنەوەیەکی نا تەندروست بۆ خودی چەمکەکە و رەهەندەکانی بەشێک بووە لەوەی ئەو حاڵەتە وەک شتێکی نوێ و نامۆ نیشان بدرێ، بە تایبەتی کە دوای هەڵبژاردنی ٢٥ی تەممووز ئۆپۆزسیۆن تا ئاستێک بە روخسارێکی جیاواز لە هەموو هەوڵەکانی پێشووتر هاتەوە نێو ژیانی سیاسی کوردستان. جاران و پێش ئەو ماوەیە جگە لەوەی گوتاری بەناو ئۆپۆزسیۆن هەڵگری رۆحیەتێکی شۆڕشگێڕانە بوو و بە دروشمی بروخێ دەسەڵاتی کوردی بارگاوی بوو، لەگەڵیشیدا ئۆپۆزسیۆن هێزگەلێک بوون بە بەرگی ریایی و دوو فاقییەوە خزابوونە نێو پرۆسەکە، کورد

وتەنـی هەمیشـە سـەرگەرمی کوتینـی نـاڵ و بزمـار بـوون، بـەوەی پێیەکیـان لـە نـاو دەسـەڵات و پێیەکـەی تریـان لـە دەرووەی دەسـەڵات بـوو، بـەڵام دواجـار ئـەو پێشـهاتە هاوکێشـە و لێکدانەوەکانـی گـۆڕی و تەنانـەت زۆرێکیشـی لەوانـەی بـەر لـەو مێـژووە ناویـان لـە خۆیـان نابـوو ئۆپۆزسـیۆن، خسـتنیە بـەردەم پرسـیار و گومانـی جـددی.

ڕەنگـە ئێسـتاش رایەکـی لـەو چەشـنە هەبێـت، کـە پێـی وابێـت ئـەوە دەسـەڵاتی کـوردی بـووە ڕێگـری لـە بـەردەم دەرکەوتنـی ئۆپۆزسـیۆن کـردووە و نەیهێشـتووە هێـزی جیـاواز لـە بیرکردنـەوەی ئـەوان بێنـە نێـو پرۆسـەی سیاسـی و کێشـمە کێـش و ململانێـی دەسـەڵات، بـەڵام ئەگـەر ئـەوە هۆکارێـک بێـت لـەوەی ڕێگـر بووبێـت لە بـەردەم لەدایکبوونـی ئۆپۆزسـیۆنێکی کارا و تەندروسـت لـە کوردسـتاندا، ئـەوا لەلایەکـی تـر خـودی ئـەو دەنگانـەی وەک ئۆپۆزسـیۆن لەنـاو کایـەی سیاسـی کوردسـتاندا خۆیـان نمایـش دەکـرد، هەڵگـری شوناسـێکی راسـتەقینەی ئۆپۆزسـیۆن بـوون نەبـوون و هۆکارێکـی سـەرەکیش بـوون لـە شـێواندنی چەمکەکـە.

گومـان لـەوەدا نییـە کـە لـە دوای پرۆسـەی هەڵبـژاردن نەخشـەی سیاسـی کوردسـتان بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان گۆڕانـی تێکـەوت و هاوسـەنگی هێـزەکان کـەم تـا زۆر لێـرە و لـەوێ گۆڕانیـان تێکـەوت، کـە ئەمـەش بەسـەرێک بـە قازانجـی خـودی پرۆسـەی سیاسـی کوردسـتان دەشـکێتەوە، بـەوەی هێشـتا لـە کوردسـتان ویسـت و ئیرادەیەکـی پتـەو هەیـە بـۆ نوێبوونـەوە و کرانـەوە بەسـەر دونیـا و بـە دیموکراتیزەکردنـی ژیانـی سیاسـی لـەو وڵاتـەدا، بەسـەرەکەی تریـش وێـڕای زەمینەسـازی بـۆ ئـەوەی ئۆپۆزسـیۆن توانـا و شـیان و راسـتگۆیی خـۆی بەرامبـەر پەیـام و بەڵێنەکانـی بسـەلمێنێ، هـاوکات هـەردوو حزبـی دەسەڵاتداریشـی خسـتە بـەردەم واقیعـی بەخۆداچوونـەوە و گـەڕان بـە شـوێن خاڵـە لاوازەکانـی خۆیـان لـە پرۆسـەی بەڕێوەبـردن و فەرمانڕەواییکردنـدا. دیـارە بڕیاردانیـش لەسـەر ئـەوەی ئاکامەکانـی هاتنـە ئـارای ئـەو ئۆپۆزسیۆنە چـۆن دەبێـت و چ کاریگەرییەکـی ئەرێنـی یـان نەرێنـی بەسـەر پرۆسـەی سیاسـی کوردسـتاندا دەبێـت لـە ئاییندەدا، ئـەوا پێویسـتە چاودێـری ئـەو چـوار ساڵەی داهاتـووی کار و هەنگاوەکانی دەسـەڵات و هەڵوێسـت و جـۆری مامەڵەکانـی خـودی ئۆپۆزسـیۆن بکەیـن، چونکـە بەبـێ ئـەوە ناتوانیـن لـە ئێسـتاوە حوکمێکی پێشـوەختە لـەو بارەیـەوە بدەیـن. راسـتە ئـەو پێشـهاتە سیاسـییە خاڵێکـی وەرچەخـان بـوو لـە پرۆسـەی سیاسـی کوردسـتاندا و بێگومـان کاریگەریشـی دەبێـت، بـەڵام نابـێ ئـەو راسـتییەش لـە بیـری خۆمـان بەرینـەوە

کە لـە نێـوان کاریگـەری و ڕەنگدانـەوەی ئەرێنـی و نەرێنـی ئـەو هاوکێشـەیەدا بڕیـاردان شـتێکی ڕێژەیـی دەبێـت، لەبـەر ئـەوەی لـە بنەڕەتـدا مـەرج نییـە هەمـو گۆڕانێـک بـە ئاراسـتەیەکی تەندروسـتدا بـڕوات. بـە واتایەکـی دی پرۆسـەی گـۆڕان هەمیشـە لەبـەردەم دوو ئەگـەری ئەرێنـی و نەرێنیدایـە، جـا چ لـە ئاسـتی سیاسـیدا بێـت، یـان لـە ئاسـتی کۆمەڵایەتـی و کولتوریـدا، بۆیەشـە بەقـەد ڕەخنەگرتنمـان لـە دەسـەڵات و کاراکتەرەکانـی و ویسـتمان بـۆ بەرهەمهێنانـی دەسـەڵاتێکی شـەفاف و کـراوە و دیموکراسـیتر، دوو ئەوەنـدە پێویسـتمان بـە وروژاندنـی پرسـیار و گومانـە لـە بەرامبـەر ئـەو هێـزەی دەیـەوێ وەک ئەلتەرناتیڤـی دەسـەڵاتی بـاو خۆیمـان نیشـان بـدات، بـەڵام لەگـەڵ هـەوو ئەوانەشـدا، لـە ئێسـتادا و بـە هەمـوو پێـوەرەکان دەرکەوتنـی ئۆپۆزسـیۆن بـەو ڕەنگـە، ڕوخسـارێکی جـوان و دیموکراسـییە و دەکـرێ بکرێتـە بناغـەی پرۆسـەیەکی دیموکراسـی و شارسـتانی تـر لـە ئاییندەدا.

ئـەوەی ئەمـڕۆ دەیبینیـن و دەیبیسـتین بـەوەی ئۆپۆزسـیۆن جیـا لـە هێزگەلـی جـاران نایـەوێ ببێتـە بەشـێک لـە دەسـەڵات، حاڵەتێکـی تەندروسـت و ئاسـاییە و سـەرەتای هەنگاوێکیشـە بـۆ ئـەوەی هەموومـان نەچینـە ژێـر جەبـری یـەک بیرکردنـەوە و دونیابینی سیاسـی، بـەو پێیـەی سـەرهەڵدان و دەرکەوتنـی هێـز و بزووتنەوەگەلـی سیاسـی کـە بڕیـار بـدەن لـەو هاوکێشـەیەدا بچنـە دەرەوەی دەسـەڵات و ڕۆڵـی ئۆپۆزسـیۆن و چاودێـر بەسـەر دەسـەڵات و دامەزراوەکانیـدا بگێـڕن، شـتێکی گرنگـە، چونکـە لەگـەڵ خۆیـدا ئـەو هوشـیارییە بـۆ خەڵـک و تەنانـەت بەشـێک لـە هێـزە سیاسـییەکان دێنـێ، کـە دەشـێ هێندێکمـان دەسـەڵات بەڕێـوە ببەیـن و هەندێکـی ترمـان لـە دەرەوەی ئـەوە و لەبـەر ڕۆشـنایی هەنگاوەکانـی دەسـەڵات و لەنـاو کەموکـوڕی و بۆشـاییەکانی پرۆسـەی حوکمڕانـی و بەڕێوەبردنیـدا زەمینـە بـۆ چوونـە سـەر دەسـەڵات خـۆش بکەیـن و پـڕۆژەی نوێتـر و زیندووتـر لـە ئاییندەدا بکەینـە هەوێنـی کارکـردن، هـاوکات ئـەو گۆڕانـە سیاسـییە هەڵگـری پەیامێکیشـە کـە دەسـەڵات لـە بوونـی ئۆپۆزسـیۆندا دەتوانێ وردتـر و باشـتر کار بـکات و بـە کردەیـی بسـەلمێنێ کـە دەیـەوێ نموونەیەکـی جوانـی دیموکراسـی لـە ژیانـی سیاسـی و پرۆسـەی حوکمڕانـی نیشـانی نـاوەوە و دەرەوەی خـۆی بـدات، لەبـەر ئـەوە مامەڵـەی واقیعـی و پراگماتیانـە لەگـەڵ ئۆپۆزسـیۆن وەک دیفاکتـۆ، دەشـێ دیوێکـی ئـەو ئەرکـەی دەسـەڵات بێـت و پێـی شـەرم و مایـەی مەترسـی نەبێـت، کـە هێزێـک دەچێتـە دەرەوەی جەبـری بڕیـاری سیاسـی و ئایدیۆلـۆژی ئەو و بـە میکانیزم

و شێوازی تر مومارەسەی ژیانی سیاسی دەکات، بە مەرجێ ئەو هێزەی دەیەوێ وەک ئۆپۆزسیۆن بێتە مەیدان، تەپ و تۆزی ململانێی سیاسی و بەرژەوەندی ئایدیۆلۆژی تەسکی حزبایەتی دەرەوەی حوکمڕانی و دامەزراوە نیشتمانییەکانی ئەزموونی کوردستان (سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت) لە شانی خۆیدا بتەکێنێ و ناکۆکی و ململانێ حزبییەکانی خۆی لە دەرەوەدا نەیەنێتە ناو حکومەت و پەرلەمان و وەک پەرچەکردا و ویستی تۆڵە سەندنەوەی سیاسی، تەڕ و وشکی پرۆسەکە نەداتە بەر ژیلەمۆی ئاگری تورەیی ناوەوەی خۆی!

لەلایەکی تر چەمکی دیموکراسی و رەهەندەکانی و بنەما و پرەنسیپەکانی ژیانی دیموکراسی لەمڕۆدا پێناسە و تەوزیفکردنەوە کلاسیکییەکانی تێپەڕاندوون و لەو ئاستانەیەشدا دەبێ دەسەڵاتی کوردی بەشی ئەوە هوشیاری و مەعریفەی بە پێشڤەچوونانە هەبێت، کە ئیدی دیموکراسییەت بە تەنها بریتی نییە لە دەسەڵاتی زۆرینە و ملکەچ بوونی بێ مەرجی کەمینەی جیاواز بۆ ویست و ئیرادەی ئەو زۆرینە سیاسییە، بەڵکو دیموکراسی بە تێزە (تۆرین)ییەکەی چوونە ژێربالی زۆرینە و مل دانیەتی بۆ خواست و داوا و مافە دەمەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کەمینە و گوێگرتن لە پڕۆژە و پێشنیارەکانی، کە بە خزمەتی جوانترکردنی ژیانی سیاسی وڵات و پرۆسەی حوکمڕانی تەواو دەبن. لێرەوە ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بەو رۆحی مەترسییەوە مامەڵە بکات، کە زۆرینەی هێزەکانی ناو دەسەڵات، کە بەرهەمی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنە دەتوانن بای هەموو هاوکێشەکان بە ویستی کەشتی بەرژەوەندییەکانیان ئاراستە بکەن، دواتریش ئەوە بکاتە بیانو و پاساوی خۆ دزینەوە لە بەڵێن و ئەرکەکانی، ئەوا هەڵەیەکی گەورە دەکات، چونکە لە دەرەوەی پەرلەمان کە زۆرینە بەسەر بڕیاردانیدا زاڵە، هێزگەلی فشار لە ئاستی شەقامدا هەن، کە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ سوود لە فشار و تواناکانیان وەربگرێ لە پێناو راستەڕێکردنی پرۆسەی حوکمڕانی بە قازانجی دیموکراسی لە کوردستاندا، رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و هێز و گروپگەلی کۆمەڵایەتی و میدیا و تەنانەت نێوەندی رووناکبیری (کە هەڵگری پڕۆژەی رەخنەیی و جددین)، ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ بە ئاراستەی تەندروست سوود لە هێزی فشار و نارەزایی هەموو ئەو گروپ و نێوەندانە وەربگرێ. واتە لە بەرامبەر زۆرینەی پەرلەمانیدا شەقام دەتوانێ لە زۆر هەوڵ و دەستپێشخەری نیشتمانی و نەتەوەیی و مەدەنی

و دیموکراسیدا پشتیوانی ئۆپۆزسیۆن بێت.
چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت بە تەنها ئەرکی ئۆپۆزسیۆن نییە، بەڵکو لەگەڵیشیدا میدیا رۆڵێکی گرنگ لەو چاودێرییە دەبینێ، هاوکات پەرلەمان لە رێگای دامەزراوەی تایبەتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و چاودێری و پشکنین (کە لە تەک دارشتنی یاسا و پەسەندکردنی بۆدجە، ئەرکێکی تری پەرلەمانە) دەتوانێ شوێن پێی چۆنییەتی بەرێوەچوونی کارەکانی دامەزراوەکانی حکومەت هەڵگرێ و لە هەر کەموکورِی و کەمتەرخەمی و گەندەڵییەک بیخاتە بەردەم لێپرسینەوە.
ئەوەی دەمێنێتەوە و زۆر گرنگە ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن لە ناو پەرلەماندا پێداگیر بێت لەسەر ئەوەی بەدواداچوون بۆ چارەنووس و ئاکامی کار و پرۆژەکانی حکومەت بکرێ و لە بەرامبەریشدا حکومەت و دامەزراوەکانی پێویست دەکات لە ئاست لیژنەکانی بەدواداچوون و چاودێری پەرلەمان و کەناڵەکانی میدیا کراوە و شەفاف بێت. کەوابێت ئەو هەنگاو و رێوشوێنانەی ئۆپۆزسیۆن لەم بارەیەوە دەیانگرێتە بەر چوارچێوەی یاساییان هەیە، بە واتایەکی تر چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت لەلایەن ئۆپۆزسیۆن ئەو مافە رەوایەیە کە هەر سیستەمێکی دیموکراسی بە یاسا بۆی دەستەبەر کردووە، لەو نێوەدا سروشت و چۆنیەتی مامەڵە کردنی ئۆپۆزسیۆن حوکم لەسەر ئەوە دەدەن کە تا چەندە ئۆپزسیۆن بە ئاراستەی شیاو و تەندروست و هەناسەی دیموکراسی و ویستی چاکسازی کارەکانی دەکات.
هەرچی پەیوەستە بە رۆڵی میدیا لە پرۆسەی چاودێری کردنی کارەکانی حکومەت و هەنگاوەکانی دەسەلات، کۆمەڵێ پێشمەرج هەن تا لە سایەیانەوە بتوانێ ئەو کاریگەرییەی هەبێت و بتوانێ رایەکی گشتی تەندروست لەسەر پرسێک دروست بکات، کە بە شێکی ئەو مەرجانە دەکەونە ئەستۆی حکومەت و دەسەلات خۆی، بەوەی تا چەندە دەرگای زانیارییەکانی بە رووی میدیا دەکاتەوە، کە مافێکی سروشتی و یاسایی میدیایە دەستی بگاتە زانیارییەکان، هاوکات بە دەنگەوەچوون و بەدواداچوونی حکومەت و دامەزراوەکانی بۆ ئەو هەواڵ و بەداواداچوونانەی میدیا لەو بارەیەوە دەیانخاتە بەردەستی حکومەت و خەڵک، وەکو تر بەشی دیکەی مەرجەکان میدیا و کاراکتەرەکانی لێی بەرپرسیارن، کە ئەویش پابەندبوونی پیشەیی و ئەخلاقیانەیانە بە بنەماکانی ئیتیکی کاری رۆژنامەگەری، کە لە پێشەوەی هەموویان بێلایەنی و راستگۆیی و هاوسەنگی دێن،

بۆیە وەک چۆن گوناهێکە میدیا ببێتە کوتەکی دەستی دەسەڵات بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان، ئەوا کوفرێکی گەورەش دەکات ببێتە کوتەکی دەستی ئۆپۆزسیۆن بۆ شێواندن و چەواشەکردنی ڕووی ڕاستی پرسەکان، کەوابێت دەبێ ئۆپۆزسیۆن بە چاوی هاوکار مامەڵە لەگەڵ میدیادا بکات و سوود لە ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی ببینێ، نەک لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنیدا بێت و بیکاتە قەڵغانێک بۆ خۆدزینەوە لە پەیام و بەڵێنەکانی.

شتێکی ئاساییە ئۆپۆزسیۆن ڕەخنە لە کار و هەنگاوەکانی حکومەت بگرێ و پەنا بۆ شێوەکاری شارستانی و دیموکراسی ببات بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر باری بەرپرسیارێتی بەرامبەر هاووڵاتیان، لەم نێوەدا سوود وەرگرتنی ئۆپۆزسیۆن لە توانا و کاریگەری هێز و گروپەکانی فشار و میدیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەوتی و چەوێڵیەکانی حکومەت بەشێکی ئەو میکانیزمانەی کاری ئۆپۆزسیۆنییە، بەڵام لە بیر نەکەین کە لە دونیادا و بەرمەبنای فیکری و سیاسی و مەعریفی و تیۆری و ئەزموونی وڵاتانی دیموکراسی، ئەو ڕاستییەمان بۆ زەڵاڵ دەبێت، کە پێویستە ئۆپۆزسیۆن هۆکاری سەقامگیری سیاسی و ئاساییش بێت لە وڵاتدا، نەک ببێتە سەرچاوەی فەوزا و تێکدان، ئەرکێکی دیکەی ئۆپۆزسیۆن ڕاگرتنی باڵانس و هاوسەنگی نێوان حکومەت و هاوڵاتیانە و کار بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی و قوڵکردنەوەی گیانی دیموکراسی و بەرپرسیارێتی دەکات، هاوکات دەبێ ئۆپۆزسیۆن ئەو ڕاستییە بزانێ کە مەرج نییە هەموو ئەو پرۆژە و بەرنامە و پێشنیارانەی دەیانخاتە بەردەم حکومەت واقیعی و پراگماتی بن، بەڵام لە بەرامبەردا مەرجە حکومەت گوێ لە داوا و بەرنامەکانی بگرێ و بە گوێرەی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی لەگەڵیدا تاوتوویێیان بکات، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن ئەوە نەکات و بە ئامانجی وروژاندنی شەقام و ڕۆحی تۆڵە سەندنەوەی زادەی باکگراوندی کێبەرکێ و ململانێی حزبی و ئایدیۆلۆژی ئەو کارە بکات، ئەو کاتە تەنها دەتوانین ناو لەو هێزە بنێین ئانارشیست و هێزی فەوزەوی، نەک ئۆپۆزسیۆن.

دواجار دەمێنێتەوە بڵێین کە لە بنەڕەتدا دیموکراسییەت چەتری کۆکردنەوە و بە یەکەوە هەڵکردنی جیاوازییەکانە، لە سای سیستەمێکی سیاسی دیموکراسیشدا کە باوەڕی نەگۆڕی بە پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت و ئازادی و هاووڵاتیبوونە هەبێت، هیچ هێزێک ناکەوێتە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی، بوونی ئۆپۆزسیۆنیش

دەکەوێتــە ئــەو خانەیــەوە، واتــە ئۆپۆزســیۆن بەشــدارێکی کارای نێــو پرۆســەی سیاســییە و لــە دەرەوەی هاوکێشــەکەدا نییــە و لەگــەڵ دەســەڵاتدا دەتوانــن نموونــەی دیموکراســییەتی جوانتــر پێشــکەش بکــەن، بــەم پێیــەش لــە ســایەی دیموکراســییەتدا بــە هیــچ شــێوەیەک دووانــەی دەســەڵات و ئۆپۆزســیۆن ناچنــە خانــەی دوژمنایەتــی و دژایەتییــەوە، بــە پێچەوانــە هــەر لایەنــە و لــەو نێــوەدا ڕۆڵیــان دیــاری کــراوە و خــەم و ململانێــی هەردووکیــان لەســەر بەرهەمهێنانــی ئەزموونێکــی جوانتــر و هاوولاتییێکــی ئاســوودە و بەختــەوەر و وڵاتێکــی ئاوەدانتــرە.

## ئۆپۆزسیۆن لە نێوان ڕەوایەتی سیاسی و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاندا

ئۆپۆزسیۆن لە یەک کاتدا بوونێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، بوونێکی سیاسییە بەو پێیەی لە سیاقێکی مێژوویی دیاریکراودا و لە ناو هەلومەرجێکی سیاسیدا، هەڵگری پرۆچەیەکی سیاسییە لە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتەی لە گوتار و ستراتیژ و کارەکانیدا بۆشاییەک هەیە.. بوونێکی کۆمەڵایەتیشە، لەبەر ئەوەی لە هەناوی پرۆژە سیاسییەکەیدا ئەرک و پەیامێکی کۆمەڵایەتی هەڵگرتووە، کە گوزارشت لە خواست و داخوازی گروپێک، یان گروپگەلێکی کۆمەڵایەتی دەکات و بەو هۆیەوە شووناسێکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی وەردەگرێز

لە پشتی هەر ئۆپۆزسیۆنێک و ئەو پرۆژە سیاسییەی دەیخاتە روو، هەروەها ئەو پەیامە کۆمەڵایەتییەی دەیەوێ بیگەیەنێت، مەرام و مەبەستێک هەیە، کە ئەویش نەهێشتنی، یان باشتر بڵێین ڕێگرتنە لە ئەگەری ناسەقامگیری سیاسی لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا، کە ڕەنگە لە میانی گەورەتر بوونی ئەو بۆشاییە سیاسییەی لە پێکهاتی هەر دەسەڵاتیچکدا هەیە، بە هۆی پشتگوێ خستنی ئەرکەکانی لە ئاست کۆمەڵگادا بەبێ جیاوازی ، ببێتە دیفاکتۆز

واتە ئۆپۆزسیۆن بە دیوە تەندروستەکەی پاراستنی بەرژەوەندی و ئیرادەی گشتییە، هەروەها ئاشتکردنەوەی دەسەڵات و گروپە کۆمەڵایەتی و هێزە سیاسییەکانی ترە، کە بە هەر هۆ و ناوێکەوە بێت فەرامۆش کراون و کەوتوونەتە پەراوێزی گرنگی پێدان و بەرنامەکانی دەسەڵات.

بە مانایەکی تر، ئامادەگی، یان لە دایکبوونی ئۆپۆزسیۆن لە پێناو تەندروست بەڕێوە چوونی پرۆسەی سیاسی و دوور خستنەوەی کیانی دەسەڵاتە لە ئەگەری شڵەژان و ناسەقامگیری و بەرپرسیار کردنییەتی لە ئاست ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاندا.

دەتوانین بڵێین ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە، ئامراز و فاکتەری ڕاگرتنی باڵانسی پرۆسەی سیاسی و پراکتیزە کردنی تەندروستانەی دەسەڵات و لەبەرچاو گرتنی

خواسـتە کۆمەڵایەتـی و مافـە سیاسـی و ئەرکـە دیموکراسـییەکان و هـەروا رووبـەڕوو کردنـەوەی کایەکانـی تـری کۆمەڵگایـە بـۆ بەرپرسـیارێتی.

لـە دونیـای دیموکراسـی و پێشـکەوتوودا، یـان بڵێچیـن لـە واقیعـدا و بـە مانـا تەنردوسـتەکەی خـۆی، ئۆپۆزسـیۆن نـەک ئـەرک و قورسـایی ننیـە و رێگـر نییـە لەبەردەم دەسـەڵاتدا، نـەک هۆکارێک نییـە بـۆ تـوڕە و بێـزار کردنـی دەسـەڵات، بەڵکـو هاندەرێکـە بـۆ پتەوکردنـی بەندیـواری رەوایەتـی و یاسـایی دەسـەڵات و بەخشـینی شووناسـی دیموکراسـی و شارسـتانی پێـی. چونکـە ئۆپۆزسـیۆن بـە مانـا سیاسـییە لۆژیکـی و دیـوە کۆمەڵایەتییـە جوانەکـەی، نوێنەرایەتـی کردنـی خواسـتە مەدەنـی و دیموکراسـییەکانی هێـزە سیاسـی و گروپـە کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵـگا و بەشـداری پێکردنـی کارا و بەرچاویانـە لـە پرۆسـەی سیاسـی و رووبـەڕوو کردنەوەیانـە لەگـەڵ ئـەرک و لێپرسـراوێتییە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـدا، بەتایبەتـی هێـز و گروپـە پەراوێـز کـراوەکان، کـە زۆرجـار هێـزی گـۆڕان و نوێبوونـەوە و پێشـکەوتنیان تێدایـە.

پرسـیاری گرنـگ لێرەدا ئەوەیـە: ئاخـۆ بۆچـی لـە کۆمەڵـگا داخـراو و دواکەوتووەکانـی رۆژهەڵاتـدا، بـە خۆشـمانەوە، ئۆپۆزسـیۆن لـە دایـک نەبـووە؟ یـان ئەگگـەر هەبـووە و هەیـە بۆچـی نەیتوانیـووە ببێتـە دیفاکتـۆ؟ کـە ئەمـە پرسـیاری جەوهـەری بابەتەکەمانـە.

لـە وەڵامـی پرسـیاری ئـەوەی بـۆ ئۆپۆزسـیۆن لـە دایـک نەبـووە، دەتوانیـن بڵێیـن بەڵـێ هەبـووە و هەیـە، بـەڵام لەبـەر چەنـد هۆکارێکـی سیاسـی و کولتـوری، کـە پەیوەندییـان بـە پێکهاتـەی دەسـەڵاتەوە هەیـە، رێگـەی نـەدراوە هەناسـە بـدات.. هـۆکاری یەکـەم و سـەرەکییان دەگەڕێتـەوە بـۆ سروشـت و دیـوی رەوایـی دەسـەڵات خـۆی لـەو جوگرافیایـەدا، دووەمیشـیان بەنـدە بـە نـا ئامادەیـی کولتـوری دیموکراسـی و دونیابینـی تاکڕەوانـەی دەسـەڵات و جـۆری سـەودا کردنـی لەگـەڵ جیـاوازی و پرۆسـەی سیاسـیداز

بـۆ وەڵامـی پرسـیاری ئەوەیـش کـە بۆچـی ئۆپۆزسـیۆن لـە دونیـای ئێمـەدا (مەبەسـتم رۆژهەڵاتـە) نەیتوانیـووە ببێتـە دیفاکتـۆ و کاریگـەری بەسـەر هاوکێشـەکاندا هەبێـت، ئـەوە دەڕیچتـەوە بـۆ سروشـتی ئۆپۆزسـیۆن خـۆی. چونکـە بـوون و کارایـی و ئامادەیـی ئۆپۆزسـیۆن و کاریگـەری بەسـەر ئاراسـتەی رووداو و هاوکێشـەکان و پرۆسـەکانی گـۆڕان و ریفـۆرم و نوێبوونـەوەدا، پەیوەسـتە بـە بوونـی کۆمەڵێـک زەمینـە و بەڵگـە و

ئەرگۆمێنتـەوە، تـا بتوانـێ لـە سـایەیاندا گەشـە بـە خـۆی بـدات و هەنـگاوی پراکتیکـی بنـێ و ئامانجەکانـی بپێکێـز

بەڵگەیەکیـان دیسـانەوە بـۆ تێگەیشـتنی دەسـەڵات دەگەڕێتـەوە، ئەویـش ناڕەزایـی بـوون و ڕەتکردنـەوەی بـەردەوام و بـێ پێشـمەرجییەتی بـۆ هـەر بزاوتێکـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی، کـە بیـەوێ پەنجـە بـۆ هەڵـە و کەموکوڕییەکانـی رابکێشـێ و هەوڵـی پڕکردنـەوەی بۆشـاییەکانی بـدات لـە ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و پرۆسـەی پراکتیزەکردنـی دەسـەڵاتدا، بۆیەشـە لـە نێـو کار نامـە و دونیابینـی دەسـەڵات و سیسـتەمە سیاسـییەکانی رۆژهەڵاتـدا، ئۆپۆزسـیۆن نـەک ئـازادی بـوون و کارکردنـی نییـە لـە چوارچێـوەی یاسـاکاندا، بگـرە هـەر هەسـتکردنێک بـە بزاوتێکـی لـەم جـۆرە، مەحکومـە بـە سـڕینەوە و سـەرکوتکردن، ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە ئـازادی کاری ئۆپۆزسـیۆن لـە توێـی یاسـایەکی پەسـەندکراوی دیموکراسـی و شارسـتانیدا، یەکـەم ئەرگۆمێنتـە تاکـو بزاوتەکـە بتوانـێ بکەوێتـە کار و پرۆژەکانـی بخاتـە رووز

هاوکات لە شـوێنکاتێک و لە سـایەی سیسـتەمێکی سیاسـی کراوە و دیموکراسـیدا، کە رێـز لـە جیـاوازی دەگـرێ و زەمینەکانـی ئـازادی رادەربڕیـن و رێکخـراو بـوون بەرفرەتـر دەکات، لـەو کاتەشـدا ئۆپۆزسـیۆن پێویسـتی بـە چەنـد بەڵگـە و ئەرگۆمێنتیچک هەیـە کـە لـە خـودی خـۆی و ئامادەگـی و کاراییەکەییـەوە سـەرچاوە دەگـرن، چونکـە بەبـێ بوونـی ئـەو مەرجـە خودییانـە، ئەسـتەمە هیـچ ئۆپۆزسـیۆنێک بتوانـێ ئامانجەکانـی بپێکـێ، کـە دەکـرێ ئـەو بەڵگانـە بـەم شـێوەیە کـورت و پوخـت بکەینـەوەز

ئۆپۆزسـیۆن دەبـێ هەڵگـری ئەرکێکـی کۆمەڵایەتـی بێـت، لـە توێـی ئـەو ئەرکەیـدا نوێنەرایەتـی خواسـت و داخوازییـە کۆمەڵایەتییەکانـی، هێزێـک، یـان هێـز و گروپگەلـی کۆمەڵایەتـی بـکات، هەمدیـش توانـای نوێنەرایەتـی کـردن و چوونـە نێـو هاوکێشـە و کێبەرکـێ سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان هەبێـت و زەمینـە و ئیـرادەی بـە جەمـاوەری بوونـی هەبێـت، جگـە لەمـە دەبـێ خاوەنـی پرۆژەیەکـی سیاسـی تۆکمـە و سـتراتیژ و کارپێـدراو و بەڵگـەی فیکـری و ئابـووری و مۆرشـاڵی بێـت. لـە هەموویشـیان گرنگتـر دیدێکـی ئایندەخـوازی تاکـڕەو و پاوانخـوازی نەبێـت و خـۆی بـە ئەلتەرناتیڤـی کـۆی کێشـە و گرفتـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کولتـوری و ئابـووری و فەرهەنگییەکانـی کۆمەڵـگا و هێزەکانـی دیکـە نەزانـێ و بانگەشـەی فریادڕەسـی و مـوژدە بەخشـینی رەهـا و جێگیـر و نەگـۆرش نـەکات، ئەمـە و وێـڕای سـەودای واقیعـی و لۆژیکییانـە

لەتــەک پــرس و ئارێشــە و قەیرانەکانــی دەســەڵات و راســتگۆیانە گوزارشــتکردن لــە ویســت و داخوازییەکانــی گروپــە فەرامۆشــکراو و پشــتگوێ خراوەکانــی کۆمەڵــگا و ..تـد، کـە هەمـوو ئەوانـە رەهەنـدی کارایـی و شـووناس و پشـتیوانییەکی جەمـاوەری زیاتـر بـە ئۆپۆزسـیۆن دەدەن.

بـە شـێوەیەکی گشـتی ئۆپۆزسـیۆن دەبێـت لەگـەڵ هەمـوو ئـەو بەڵگـە و مەرجانـەدان ئیـرادە و توانـای ئـەوەی هەبێـت و چاوەرشـوانی ئـەوەی لێبکرێـت، کـە لـە قۆناغێکـی مێژوویـی و وێســتگەیەکی ململانێــی کۆمەڵایەتــی و سیاســیدا، ئــەو هێــز و گروپــە پەراوێزکراوانــە لــە رێگەیــەوە پێداویســتی و خواســتەکانیان تێــر بکــەن. کەواتــە بــەم پێیــە بێــت، ئۆپۆزســیۆن و مەرجــی بــوون و کارایــی و ئامادەگــی و کاریگەرێتییەکــەی بەنـدە بـە بەلچگـە و ئەرگۆمێنتـی خـودی و بابەتـی، بـەڵام لەگـەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا نابــێ ئــەو راســتییە مێژووییــە لەیــاد بکەیــن، کــە ئەرکــی ســەرەکی و راســتەقینەی ئۆپۆزســیۆن (هــەر ئۆپۆزســیۆنێک) لــە بەرامبــەر دەســەڵاتدا (کــە مەبەســت ئــەو دەســەڵاتە و سیســتەمە سیاســییەیە بوونێکــی رەوا و یاســایی هەیــە و کۆڵەگەکانــی لەســەر بنەمـا و بەهاکانـی دیموکراسـی و رێزگرتنـی بەرامبـەر و ئازادییـەکان دارێشـتووە)، پرشــکردنەوەی بۆشــاییەکی نێــو کایــەی سیاســی دەســەڵاتە، بــە مەبەســتی دوور خسـتنەوەی لـە قەیـران و ئـاژاوە و فـەوزا و پاراسـتنی لـە ناسـەقامگیری و شـڵەژان.

لەبــەر رۆشــنایی ئــەو راســتییە مێژوویــی و تیۆرییانــەدا و کاتێــک دەبینیــن ئــەم هاوکێشـەیە لـە دونیـای خۆمانـدا، دونیـای رۆژهەڵاتـدا، بەتایبەتـی لـە وڵاتانـی ناوچەکـە و دەوروبەرمانـدا، بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکانیش لـە کوردسـتاندا دەخوێنینـەوە، دەبینیـن ئاراسـتەکان رێـک پێچەوانــەن. چونکـە واقیعـی ئێسـتا و ئەزموونەکانـی دوێنــێ، ئــەو راســتییە تاڵەمــان پــێ دەڵێــن کــە ئۆپۆزســیۆن لەســەر ئاســتی خــودی و بابەتــی، هیـچ کام لـەم بەڵگـە و ئەرگۆمێنتانـەی نییـە، هـەر لـەر ئەوەیـش کـە دەبینیـن هـەر هــەوڵ و بیرکردنەوەیەکـی لـەم چەشـنە، دواجـار هەوڵێـک بـووە بـۆ چوونـەوە یـەک و بەســەرخۆ داخــران و کەرتبــوون و پەرتەوازەیــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی، هەروەهــا بـێ وەڵامـی بـووە لـە بەرامبـەر کـۆی قەیـران و دەرکەوتـە و پێشـهاتەکاندا، بـە جۆرێـک تووشـی پووکانـەوە و ئیفلیـج بـوون هاتـووە. ئـەم حاڵەتـە نـا تەندروسـتەی نێـو کایـە و ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ئێمـە، یـان روونتـر بڵێیـن نـا ئامادەگـی ئۆپۆزسـیۆن لـەم سـەر زەمینـەی ئێمـەدا، دەرەنجامـی ونبوونـی فاکتـەر و زەمینـە خـودی و بابەتییەکانـە..

ئـەم دیاردەیـەی نەبوونـی ئۆپۆزسـیۆن، یـان چوونـەوە یەكـی، یاخـود لاوازییەكـەی، تەنهـا پەیوەسـت و تایبـەت نییـە بـە هێزێكـی سیاسـی و كۆمەڵایەتـی دیـاری كـراو و نەتوانینـی لـە راپەڕاندنـی ئـەم ئەركـەدا، بەڵكـو سـەرجەمی رەوتـە ئایدیۆلـۆژی و هێـزە سیاسـی و گروپـە كۆمەڵایەتییەكانـی گرتۆتـەوە بـە (چـەپ و راسـت، عەلمانـی و ئایینـی، نەتەوەیـی و نێـو نەتەوەیـی، ئەتنـی و مەزهـەب). ئەمـەو سـەرەڕای نـا كارایـی بزاوتـە كۆمەڵایەتییـەكان و نـا ئامادەگـی و بـێ كاریگـەری هێـز و گروپەكانـی فشـار، كـە هـەوڵ دەدەیـن ئەگـەر بـە كورتیـش بێـت، دواتـر قسـەیەكیان لـە بـارەوە بكەیـن.

راسـتییەكی حاسـا هەڵنەگـر هەیـە، ئەویـش ئەوەیـە كـە لـە پشـتی گوتـاری ئۆپۆزسـیۆندا (هـەر ئۆپۆزسـیۆنێك)، خواسـت و مەیلـی گرتنـە دەسـتی دەسـەڵات هەیە، بۆیـەش دەبینیـن هـەر ئۆپۆزسـیۆنێك لەتـەك ئـەرك و پەیامـە كۆمەڵایەتییەكەیـدا، پڕۆژەیەكـی سیاسـی خـۆی هەیـە، كـە دواتـر ئـەو پڕۆژەیـەی گشـتگیر دەكاتـە نێـو سـەرجەم كایـە و بوارەكانـی ژیانـی (سیاسـی، ئابـووری، كۆمەڵایەتـی، كولتـوری) و كـۆی ئـەو كایانـە بـە رەهەنـد و خوێندنەوەكانـی ئـەو پـڕۆژە سیاسـییەی خـۆی بـارگاوی دەكات و لـە ئاسـتی گوتـار و چالاكـی رێكخراوەیـی و بـە جۆرەهـا میكانیزمیـش كار بـۆ سەرخسـتنی پـڕۆژە و خەونـە سیاسـییەكەی دەكات، ئەكـەش بـە مەبەسـتی كامڵكردنـی خـۆی و سـتراتیژەكانی.

واتـە دواجـار ئۆپۆزسـیۆن لـە بەرامبـەر دونیابینـی سیاسـی و گوتـاری ئایدیۆلـۆژی و شـێوازی مومارەسـەی سیاسـی دەسـەڵاتی بـاودا، سیسـتەمێك لـە بەهـای نـوێ بەرهـەم دێنێـت و لـە گوتـار و هەنگاوەكانیـدا تەوزیفیـان دەكاتـەوە، تاكـو لەوێـوە بخزێتـە نێـو هاوكێشـەی ململانێـكان و نارەزاییەكانـی خەڵـك بقۆزێتـەوەن بـەڵام لـە دونیـای ئێمـەدا گرفـت لـەو سـەودایەی ئۆپۆزسـیۆن (ئەگـەر هەبێـت!) لەگـەڵ شـەقامدا، ئەوەیـە كـە دەیـەوێ رای گشـتی، یـان ئـەو هێـز و گروپـە كۆمەڵایەتییـە پەراوێـز كراوانـە بـە مـوژدەی تێركردنـی پێداویسـتییەكانیان لەیـەک كاتـدا بكاتـە (بكەر و بـەركار!). بێگومان لـەو نیـازەی پرۆسـەی گرتنـە دەسـتی دەسەڵاتیشـدا لەلایـەن ئۆپۆزسـیۆن، شـووناس و ماهیەتـی هـەر یەكـە لـە دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆنمان بـۆ دەردەكـەوێ، بـەو پێیـەی فـۆرم و شـێوازەكانی گەیشـتن بـە دەسـەڵات لـە شـوێنكاتێكەوە بـۆ یەكێكـی تـر.. لـە كۆمەڵگایەكـەوە بـۆ یەكێكـی دی.. لـە سـای كولتورێكـەوە بـۆ ئـەوی تـرن جیـاوازە و

ئـەو زەمینـە و میکانیـزم و تاکتیکانـەی پەنایشـیان بـۆ دەبـردرێ هەمـە چەشـن دەبـن. چونکـە شـێوازی گەیشـتن بـە دەسـەڵات لـە هەلومەرجێکـی سیاسـی سـەقامگیر و کۆمەڵگایەکـی کـراوە و لـە سـای سیسـتەم و کولتورێکـی دیموکراسـی و شارسـتانیدا، کـە بەهـا و بنەماکانـی ئاشـتی و تاکگەرێتـی و پلورالیـزم و گەڕانـەوە بـۆ یاسـا و ڕەوایـی لـە خـۆ گۆتبێـت، زۆر جیـاواز و بگـرە ئاسـانترە، وەک لـە ڕەوشـێکی سیاسـی دەسـەڵاتێکی ناجێگیـر و لـە ئامێـزی کۆمەڵگایەکـی داخـراو و لـە سـای سیسـتەم و کولتورێکـی دیکتاتـۆری و تاکـڕەو، کـە تۆلێرانسـی جیاوازییەکانـی قەبـوڵ نییـە و کـەم تـا زۆر، دوور و نزیـک ڕەفتـار و هەڵوێسـتەکانی لەگـەڵ مـاف و ئازادییەکانـی تـاک و مرۆڤایەتـی نایەنـەوە و زەمینەیەکـی یاسـایی و ڕەوایـی نییـە، کـە بێگومـان لـەم دوو هاوکێشـەیەدا سروشـتی کاری ئۆپۆزسـیۆن و ڕاددەی ئامادەگـی و نـا ئامادەگیشـی دەگۆڕێـت، فۆرمەکانـی (هەڵبژاردنـی دیموکراسـییانە و ئاڵوگـۆڕی ئاشـتییانەی دەسـەڵات و زەبـر و زەنـگ و شـۆڕش و کودەتـا و ...تـد) لـە پرۆسـەی گرتنـە دەسـتی دەسـەڵاتدا، ئـەو وانـە و پەنـدە مێژووییانـەن، کـە دیرۆکـی سیاسـی فەرمانڕەوایـی دونیـا فێرمـان دەکـەن.

هـەر ەل میانـی ئـەو خوێندنەوەیەشـدا کـە شـووناس و ئەرکـی هـەر یەکـە لـە ئۆپۆزسـیۆنی سیاسـی و بزووتنەوەیەکـی کۆمەڵایەتـی روون دەبنـەوە، لـەو ڕوانگەیـەی کـە ئۆپۆزسـیۆن لـە یـەک کاتـدا خاوەنـی پرۆژەیەکـی سیاسـییە بـۆ گەیشـتن بـە دەسـەڵات و هەڵگـری ئـەرک و بەرپرسـیارێتییەکی کۆمەڵایەتیشـە، کـە دەیخاتـە خزمەتـی پـڕۆژە سیاسـییەکەی، لـە کاتێکـدا مـەرج نییـە بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان لـە هەمـوو شـوێنکاتێک و قۆناغێکـی خەباتـدا فۆرمـی ئۆپۆزسـیۆن وەربگـرن و نیازیـان گۆڕینـی سیسـتەمی حوکـم و گرتنـە دەسـتی دەسـەڵات بێـت، بەڵکـو زێدەتـر لـە فۆرمـی گروپەکانـی فشـاردا دەردەکـەون، چونکـە بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان (قوتابیـان، لاوان، ژنـان، کرێـکاران — بـە چەمکـە مارکسـییەکەی نـا)، ئەوانـە لـە دەرەنجامـی پەراوێزکـردن و بێبەشـکردنیان لـە مافەکانیانـدا، هەڵگـری گوتارێکـی خـاوەن خواسـت و داخـوازی کۆمەڵایەتـی و پیشـەیین و ئـەو ڕێوشـوێن و میکانیزمانـەی پەنایشـیان بـۆ دەبـەن و دەیانگرنـە بـەر بـۆ بەرجەسـتەکردن و هێنانـە دی مـاف و داخوازییەکانیـان، جیـاوازن لـەو شـێوازانەی کـە ئۆپۆزسـیۆنی سیاسـی پشـتیان پـێ دەبەسـتیچت لـە ڕووبەڕووبوونـەوە و ململانـێ و کێبەرکێـی لەگـەڵ دەسـەڵاتی بـاودا. بـە مانایەکـی

تــر، هــەر بزووتنەوەیەکــی کۆمەڵایەتــی لــە نــاو کۆمەڵــگادا، بــە گوێــرەی پێگــەی کۆمەڵایەتــی و ئاســتی کاریگــەری و توانــا و خواســتەکانی، خاوەنــی تایبەتمەنــدی و شووناسـی دیایکـراوی خۆیەتـی، بۆیـە ئاسـاییە کـە ببینیـن خواسـتەکانی (قوتابـی لـە ژن) و (گەنـج لـە پیشـەکار) و (پارێـزەر لـە پزیشـک) و...تـد، جیـاواز بـن و کـەس ئەرک و وەزیفـەی کۆمەڵایەتییانـەی خـۆی لەسـەر هـەر دوو ئاسـتی (مـاف و بەرپرسـیارێتی) بــە هــی ئەویتــر نەزانــێ، بەتایبەتــی ئەگــەر ئــەو راســتییە بزانیــن، کــە بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییــەکان، بزووتنــەوەی خۆرِســکن و بــەردەوام زەمینــەی دەرکەوتنیــان هەیــە و وا رێــک کەوتــووە لــە نــاو خــودی سیســتەمە دیموکراســییەکانیش لــە فۆرمــی جیــا جیــادا دەربکــەون، لــە کاتێکــدا ئۆپۆزســیۆنی سیاســی دێــت و کــۆی داخــوازی ئــەو بزووتنەوانــە و نارەزایەتییەکانیــان بــە مەبەســتی زیاترکردنــی ئۆتۆریتــەی جەمــاوەری و سیاسـی بـۆ پـرۆژە سیاسـییەکەی دەقۆزێتـەوە. کەچـی ئەمـەش بـەو مانایـە نییـە، کـە ئـەو بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییانـە لـە قۆناغێکـی دیاریکـراو و شـوێنکاتێکی گونجـاو و لـە سـای سیسـتەمێکی سیاسـیدا خەونـی گۆڕانـی پێکهاتـی دەسـەڵات و سیسـتەمەکەیان نەبێــت و کار و خەبــات لــەو پێنــاوەدا نەکــەن، بــەڵام ئــەوەی لــەم هاوکێشــەیەدا دەمێنێتــەوە، ئەوەیــە کــە ئــەو بزووتنەوانــە لــەو پرۆسەیەشــدا دواجــار بــە (بکــەر و بــەرکار) دەمێننــەوە، رەنگــە ئەمــە بــۆ خــۆی بابەتێکــی تــر بێــت و پێویســتی بــە لێکۆڵینەوەیەکــی ســەربەخۆ بێــت، کــە لێــرەدا جێگــەی نابێتــەوە.

ماوەتـەوە بڵێیـن، کـە پرسـیاری نـا ئامادەگی و نا کارایی ئۆپۆزسـیۆن لە دونیای ئێمەدا پرسـیارێکە پێویسـت دەکات هێـزە سیاسـی و گروپـە کۆمەڵایەتییـە پەراوێزکراوەکانـی نێـو کۆمەڵــگا لــە خۆیانــی بکــەن، لــە بەرامبــەر ئەمەشــدا گەرەکــە خــودی دەســەڵات ئەگەرەکانــی پرســیار و گومانــی نــا ئامادەگــی پێویســتی دیموکراســی و شــەرعیەت و بێدەنگــی شــەقام و نەبوونــی نارەزایــی ئەکتیڤــی بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییــەکان لــە خــۆی بـکات.

# ئەوی دی جیاواز لە کۆمەڵگا ئایدیۆلۆژییەکاندا

چەمکی بەرامبەر، یان ئەوەی دی جیاواز وەک چەمکێکی فیکری لە رووی مێژووییەوە بە پێی قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵگا و ئاستی هوشیاری تاکەکان و رووداوگەلی (سیاسی — کۆمەڵایەتی — ئابووری) گۆڕانی بەردەوامی بە خۆیەوە بینیووە.

لێرەوە دەکرێ بپرسین: ئەوی بەرامبەر کێیە؟ لە رووی مێژووییەوە چۆن سەری هەڵداوە؟ بۆچ دژایەتی کراوە و دەکرێ؟ لەبەرچی، تاکو ئەمڕۆش وێڕای گۆڕانکارییەکانی دونیا گوێبیستی حاڵەتی ناشیرینکردنی بەرامبەر دەبین؟

رەنگە وەڵام دانەوەی ئەم پرسانە، کە لە هەناوی خۆیاندا پرسیارگەلێکی زۆریان هەڵگرتووە، هەروا کارێکی سادە و ئاسان نەبێت.

بەهەرحاڵ، دەکرێ بڵێین چەمکی بەرامبەر لە رێڕەوی مێژوویی خۆیدا، بەرهەمی پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و زیاتر بوونی پێداویستییەکانی مرۆڤ و دابەش بوونی کار و سەرهەڵدانی ململانێیە، بۆیە سروشتی ئەو قۆناغە مێژووییانە و ئاراستەی رووداو و گۆڕانکارییەکان و ئاستی هوشیاری خەڵک، ئەوەی دەست نیشان کردووە کە ئاخۆ جیاوازییەکان تا چەند توانیویانە لە مامەڵە کردنیان لەگەڵ یەکتردا بالانسێک وەربگرن، ئەمەش لەو گۆشەنیگایەی کە دیرۆکی مرۆڤایەتی سەربوردەی یەکتر قەبوڵکردن و بەگژدا چوونەوەی جیاوازییەکانە، یان باشتر بڵێین، بریتییە لە بەیەکەوە هەڵکردن و رەتکردنەوەی یەکتری جیاوازییەکان.

کەواتە قسەکردن لەسەرە بەرامبەر، قسەکردنە لەسەر کۆمەڵێک ئاستی جیا جیای مامەڵەکردنی جیاوازییەکان (ئەتنی، مەزهەبی، رەگەزی، کولتوری، ئایدیۆلۆژی ...تد). من لەم نووسینەدا دوایین ئاستی ئەو مامەڵەیە، واتە (ئاستی ئایدیۆلۆژی) دەکەمە ستێرکی باسەکەم.

لەو روانگەیەی کە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات بە گشتی و لە نێویاندا کوردستانیش، تا ئێستاشیان لەگەڵ دابێت گیرۆدەی دەستی ئەو قەیرانەیەیە، کە بەرهەمی خوێندنەوەی چەوت و تاک رەهەندی ئایدیۆلۆژی بەرامبەرەکان، لەبەر ئەوە

باسـکردن لـەو روانینـە سـەقەتەی ئـەوی دی جیـاواز لـە جوگرافیـای رۆژهـەڵات و ئـەو وێنـا کردنـە شـێواوەی لـە پرۆسـەی خوێندنەوەیـدا بەرهەمـی هێنـاوە، پێویسـت بـەوە دەکات کەمێـک لەسـەر سیسـتەمی بیرکردنـەوەی کۆمەڵـگا بوەسـتین، کۆمەڵگایـەک کـە تیایـدا بەرامبـەر بـەردەوام مەحکومـە بـە دوژمـن، ئـەویٚ کـە هەمیشـە شووناسـی مرۆییانـەی لـیٚ زەوت کـراوە و بچـووک ک راوەتـەوە بـۆ کائینێکـی گومانلێکـراوی ئـەو دیـوی چاویلکـە تاریکەکانـی ئایدیۆلۆژیـا.

بێگومـان ئـەو رەوشـەی مەنزوومـەی ئایدیۆلـۆژی لـە رۆژهەڵاتـدا دروسـتی کـردووە، کـە هەمیشـە ئـەوی دی دەخاتـە بەرامبـەر دوو پرسـیاری نەگـۆڕ (لەگـەڵ مـن دایـت، یـان دژی منیـت؟)، باکگراوندێکـی مێژوویـی و پانتاییەکـی بەرفراوانـی پرۆسـەی سیاسـەت کردنـی لـە پشـتەوە، کـە رەگەکانـی دەچنـەوە قوڵاییەکـی دووری دیرۆکـی، بـەڵام لـە سـاتەوەختە مێژوویـی و هـەر ناسـکە سیاسـییەکانی رۆژهەڵاتـدا، کـە کـەم تـا زۆر کاری کـردە سـەر رەوتـی رووداوەکان و سیسـتەمی بیرکردنـەوە لـەم سـەر زەمینـەی جیهانـدا، شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر و ئەزموونـی سـۆڤییەتی جـاران بـوو. بـە تەشـەنەکردن و پـەل هاویشـتنی ئـەم سیسـتەمە و بەتایبەتـی دوای (لینیـن) و رەفتارەکانـی دوای ئـەو زەنگێکـی ترسـناک بـە گوێـی دونیـادا زرنگایـەوە، چونکـە لـەو ئەزموونـەدا و لـە چوارچێـوەی ئـەو سیسـتەمەدا کـۆی گشـتی کۆمەڵـگا بـە تـەواوی جیاوازییـە (ئەتنـی، مەزهەبـی، کولتـوری* یەکانـی خرایـە بۆتەیەکـی تایبـەت و کرایـە ئامـرازی پتەوکردنـی بەندیـواری فیکـری حـزب، کـە دواتـر خـودی حـزب بـە سـەرجەمی ئۆرگانەکانـی کەوتـە خزمەتـی تاکـە کەسـێک، ئیـدی دەبـووا کۆمەڵـگای سـۆڤییەت لـە چـاوی ئـەو رەمـزە سیاسـییە، ئـەو فریادرەسـە، ئـەو داینەمـۆی شـۆڕش و بەرهـەم هێنانـی فیکـرە بروانێتـە خـۆی و تـەواوی بوونەوەرەکانـی دەوروبـەری خـۆی، دواجـار گەیشـتە ئاسـتێک، کـە کۆمەڵگایـەک ناچـار کـرا بـە یـەک گـویٚ ببیسـتیٚ و بەیـەک چـاو ببینـیٚ و بـە یـەک دەم قسـە بـکات، کـە ئەویـش سـەرکردەی حزبـە. بـە کورتـی دەتوانیـن بڵێیـن ئـەو ئەزموونـە وێـڕای بانگەشـە و دروشـمەکانی و هونەرەکانـی خـۆی لـە گەمـەی سیاسـەتدا، بیرۆکراتییەتـی بەرهـەم هێنـا.

دیـارە کۆمەڵـگای رۆژهـەڵات بـە گشـتی و لـە نێویانـدا زۆربـەی بزاڤـە رزگاریخـوازە (نیشـتمانی، نەتەوەیـی، چینایەتی)یـەکان بـە تایبەتـی، لـە کاریگـەری ئـەو شـەپۆلە فیکرییـە و سیسـتەمەی سـۆڤییەت رزگاریـان نەبـوو. بـە جۆرێـک ئەگـەر نەڵێیـن لـە

بیرکردنــەوە و گوزارشــت لەخۆکــردن و رەفتــاری سیاســیدا کۆپــی ســەد دەر ســەدی ئــەو بــوون، ئــەوا دەکــرێ بڵێیــن قوتابییەکــی زیــرەک و گوێڕایەڵــی بوون..یەکێـک لـە قەیرانــە ترســناکەکانی کۆمەڵــگای رۆژهــەڵات، خوێندنــەوەی کوێرانــەی بەرامبــەر، کــە بــەرای مــن ئەویــش بەرهەمــی سیســتەمی سیاســی و شــێوازی بیرکردنــەوە و مامەڵــەی ســۆڤییەتە. بێگومــان کۆمەڵــگای ئێمــە و لەگەڵیشــیدا بزاڤــە رزگاریخوازەکــەی لــەم کاریگەرییــە بــەدەر نەبــوو.

هەرچۆنیچـک بێـت مـن وای دەبینـم کـە بـۆ خوێندنەوەی رەوشـی پـڕ قەیرانیکۆمەڵگای کــوردی پێویســت نــاکات بــەراوردی بکەیــن لەگــەڵ ئەزموونێکــی دەرەوەی جوگرافیــا و مێــژوو و پێکهاتــەی بونیــادی سۆسـیۆ – سیاسـی خۆیـدا، هـەر لەبـەر ئەمـەش پێوانـی کەتــواری کۆمەڵــگای کــوردی بــە پێــوەری ئەزموونــی کۆمەڵگاکانــی تــر لەوانەیــە نەتوانــێ وەک پێویســت بمانگەیەنێتــە مەبەســت، دیــارە ئــەو راســتییەش پەیوەســتە بــە کۆمەڵــێ هــۆکاری (کۆمەڵایەتــی، سیاســی، مێژوویــی، کولتوری..تــد).

راسـتە ئەمـرۆ لـە وڵاتـی ئیچمـەدا بـە حوکمـی چەندیـن هـۆکار، نـەک تەنهـا لەسـەر ئاسـتی سیاسـی، بەڵکـو لـە نێوەنـدە رۆشـنبیرییەکان و زۆربـەی یەکـە کۆمەڵایەتییەکانی دیکــەی کۆمەڵــگا قســەی زۆر لەســەر چەمکگەلــی وەک (دیموکراســی، کۆمەڵــی مەدەنــی، ئــازادی فرەیــی، بەیەکــەوە ژیــان) و زۆر چەمــک و بــاس و بابەتــی تــر دەکرێـت و کراونەتـە رۆژەڤـی کۆمەڵـگا، ئـەو پرسـیارەش لـە جێـی خۆیەتـی سـەبارەت بـە توانـای گوتـاری رۆشـنبیری لـە خوێندنـەوەی بەرامبـەر و خسـتنە رووی قەیـران و گیروگازەکانــی ئــەم پرســە.

راسـتە ئـەو بەدحاڵـی بوونـەی ئێسـتا لـە نێـو کۆمەلچـگای کوردیـدا لـە ئـارا دایـە لــە ئاســت ئــەوی دی جیــاواز، تەنهــا پەیوەســت نییــە بــە نــا ئامادەگــی گوتارێکــی رۆشــنبیری عەقڵانــی کارا و خــاوەن ئەلتەرناتیــڤ، بەڵکــو ئەگــەر زیادەڕۆییمــان نەکردبێــت، پەتایەکــە کــۆی سیســتەمی بیرکردنــەوەی کۆمەڵگاکەمانــی گرتۆتــەوە. بــە مانایەکـی تـر کـۆی سیسـتەمی بیرکردنـەوەی کۆمەڵگاکەمـان پێویسـتی بەسـەر لـە نـوێ پێداچوونــەوە و هەڵوەشــاندنەوە و دواتریــش دۆزینــەوەی ئەلتەرناتیــڤ هەیــە، بــەڵام لەگــەڵ ئەمەشــدا، پرســیار لەمــەڕ گوتــاری رۆشــنبیری و کارایــی ئــەو لــە تێپەڕاندنــی دوێنــێ و پەرشــینەوە بــۆ ئایینــدە و پرســیار گەلــی زیاتــر و جــددی تــر دەوروژێنێــت، لەوانــە: ئایــا خــودی گوتارەکــە توانیوویەتــی خــۆی لــەم گیــروگارزە دەربــاز بــکات؟ ئایــا

گوتـاری رۆشـنبیری بـەو دەمامکـەی پۆشـیوویەتی دەتوانـێ خوێندنەوەیەکـی راسـت و دروسـت بـۆ رەوشـەکە بەرهـەم بێنـێ؟ گوتارێـک سـەرە داوەکانـی ئیشـکردن و خاڵـی سـفری دەسـپێکردنی دیـار نەبێـت.. گوتارێـک تـا ئێسـتا نەیتوانـی بێـت خـۆی لـە کۆمەڵێـک وەهـم رزگار بکات..گوتارێـک وێرشـای هەمـوو گۆڕانـکاری و پێشـکەوتنەکانی جیهـان، هـەر خەریکـی خـۆ بەرهـەم هێنانـەوە و وتنـەوەی وتـراوەکان بێت..گوتارێـک هێشـتا گیـرۆدەی کـۆت و بەنـدی ئایدیۆلۆژیـا و ترادسـیۆنە سـواوەکانی کۆمەڵـگا و خورافـە بێـت، ئـەو گوتـارە چـۆن دەکارێ بەبـێ نوێکردنـەوەی خـۆی، خوێندنـەوەی نـوێ بەرهـەم بێنـێ؟

هەمـوو ئـەو چەمکانـەی ئێسـتا لـە نێوەنـدە سیاسـی — رۆشـنبیرییەکانی کۆمەڵگاکەمـان دووبـارە دەکرێنـەوە (دیموکراسـی، کۆمەڵـی مەدەنـی و ....تـد)، ئـەو کاتـە هەسـت بـە بـوون و گرنگییەکەیـان دەکرێـت، کـەوا لەلایـەک بەرهەمـی هوشـیاری و گەشـەی سروشـتی عەقڵـی و کۆمەڵایەتـی کۆمەڵـگا بـن، لەلایەکـی تریـش لـە سـایەیاندا مینبەرەکانـی گوزارشـت کـردن و رەنـگا و رەنـگ و ئاڵـوواڵا بـن، واتـە ئـەو کاتـەی بەرامبـەرە جیاوازەکانمـان لـە پرۆسـەی وێناکردنـدا وێنەکانیـان تەڵـخ نەکـرێ و لـە نەخشـەی روانیـن و بیرکردنەمانـدا نەفـرەت لێکـراو و دوژن نەبـن، کاتێـک بڕوامـان بـەوە هەبێـت کـە راسـتییەکان رەهـا نیـن و هیـچ هێـچـز و یەکەیەکـی (سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، کولتـوری، مەزهەبـی) خاوەنـی سـەرجەمی راسـتییەکان نییـە و راسـتییەکانیش لەگـەڵ ئـەوەی رێژەییـن، هەمیشـە لـە گـۆڕان دان و ئەزمـوون و گۆڕانکارییەکانـی ژیـان، بـەردەوام راسـتی نـوێ بەرهـەم دێنـن. واتـە بـە شـێوەیەکی گشـتی بنچینـە سـەرەکییەکانی ئـەو چەمکانـە بریتیـن لـە قەبـوڵ کردنـی جیاوازییـەکان و خوێندنـەوەی بەرامبـەر، خوێندنەوەیـک خاڵـی بێـت لـە ناشـیرینکردن و رەتکردنـەوەی بەرامبـەر / ئـەوی دی جیـاواز.

لـە پرۆسـەی ئاوێتەبوونـی کۆمەڵایەتیدا وێنـای بەرامبـەر بـە چەندیـن سیما و ئـەدگار و لەسـەر چەندیـن ئاسـتی جیـا جیـا دەردەکەوێـت. ئاسـتی ئایدیۆلـۆژی یەکێکییانـە، کـە ئەویـش بریتییـە لـە کۆمەڵـێچ پەیوەسـتی ئەرێنـی و نەرێنـی نێـوان گروپگەلێـک، کـە خاوەنـی رەهەنـدی مێژوییـن، ئەمـەش بـە هـۆی مەنزوومەیەکـی فیکـری، کـە ئـەو گروپانـە بـۆ گوزارشـتکردن لـە شووناسـی مێژوویـی خۆیـان و بەرگریکـردن لـە بەرژەوەندییەکانیـان و چارەسـەری کێشـەکانیان، بـەکار دەهێنـن. پرۆسـەی وێناکردنـی

ئایدیۆلۆژیستیش بۆ بەرامبەرەکانی لەسەر چەندین ئاست خۆی نمایش دەکات، لەوانە (بەرهەم هێنان، تەوزیفکردن، ریزبەندکردن، گۆڕین) ی وێنای بەرامبەر، کە ئەم تەوەرە بۆ خۆی بابەتی باسێکی درێژترە و لێرەدا بواری باسکردنی نییە.

هەروەسا بەرهەم هێنانی وێنای ئەوی دی جیاواز لە مامەڵەی ئایدیۆلۆژیدا لەسەر ئاستی گوتار بەرپچوە دەچێت، ئامانجیش لەم وێناکردنە نیشان دان، یاخود دیاری کردنی دوو لایەنی (جوانکردن/ ناشیرینکردن)ی بەرامبەرە، چونکە چەمکی بێلایەنی لە توێی پرۆسەی وێناکردنی ئایدیۆلۆژیدا ئەستەمە جێگیر بێت و وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە دواجار مەحکوم دەبێت بە دووانەی (دۆست/ دوژمن)ز ئەو حوکم دانە سەقەت و کوێرە، تاسیبەتمەندییەکی دیاری کۆمەڵگا ئایدیۆلۆژییەکانە، هەرچەندە ئەم هاوکێشەیە لە تویچی یەککۆمەڵگای سیاسیدا ئەشێ گۆڕانی بەسەردا بێت، چونکە لەو شێوە کۆمەڵگایانەدا کەمتر هەست بەوە دەکرێ، بەرامبەر دوژمنێکی سەر ەسخت بێت، مەگەر کۆمەڵگایەک تیایدا هێزێکی سیاسی، مەنزموومەیەکی فیکری، یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، مەزهەبی، بڕوای بەوە هەبێت، کە تەنها مافی رەوای ئەوە لە عەرشی دەسەڵاتدا بێت و لە ناز و نیعمەتەکانی بەرخورد بێت. دەکرێ بڵێچین کۆمەڵگای ئێمە لە هەندێ بوار و مامەڵە و بیرکردنەوەدا دەچیچتە ئەو خانەیە، بە جۆرێک تیایدا بەرامبەر هەمیشە دەبێت کائینێکی ملکەچ و دەستەپاچە و سواڵکەر و گوێرشایەڵی هوتاف و ئامۆژگاری و حەزەکانی (خێڵن حزب، سەرکردە و ئایین) بێت و بەردەوام سەرگەرمی پڕوپاگەندە کردن و بەرهەم هێنانەوەی موعجیزەی سەرکردە و دووبارە کردنەوەی دروشمە بریقەدارەکانی (خێڵ — حزب) بێت. ئەمەش سادەترین شتێکە کە بە هۆیەوە دەتوانین سیستەمە سیاسییە بیرۆکرات و دیموکراسییەکان، رێکخستنە دیموکراسی و نا دیموکراسییەکان، کۆمەڵگا کراوە و داخراوەکان، لە یەکتری جیا بکەینەوە.

بە پێی ئەو هاوکێشەی وێناکردنەش، پرۆسەی توزیفکردنەوەی بەرامبەر بە گوێرەی ستراتیژ و بەرژەوەندییەکانی گروپی ئایدیۆلۆژی، شوێن و پێگەی دەگۆرشێت. هاوکات هەر بە گوێرەی ەو پێوەرانەش وێنای بەرامبەر لە پرۆسەی ریزبەنکدرن و گۆڕینی روانین سەبارەت بە ئەوی دی جیاواز و چەندین لایەنی تر گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەمە و پرۆسەی بەرهەم هێنان و تەوزیفکردن و ریزبەنکدرن و گۆڕین وێنای

بەرامبــەر لــە دیــدی ئایدیۆلۆژیســت و مامەڵــەی ئایدیۆلۆژیــا لــە ڕێگــەی چەندیــن دەزگا و دامــەزراوە و هــۆکارەوە بەڕێــوە دەچێــت، لەوانــە: دەزگا و دامــەزراوە سیاســییەکان (حــزب/ دەوڵــەت)، دەزگا و هۆکارەکانــی ڕاگەیانــدن (بینــراو/ بیســتراو/ خوێنــراو)، دەزگا پەروەردەییــەکان (باخچــەی ســاوایان/ قوتابخانــە/ زانکــۆ و ەپیمانــگاکان)، بنکــە و ناوەنــدە ڕۆشــنبیری و کۆمەڵایەتییــەکان، ئۆرگانــە حزبییــەکان لــە ژێــر چەتــر و پــەردەی نــاوی جیــاوازدا. هەمــوو ئــەو دەزگا و دامەزراوانــەش لەلایــەن ســەرکردەی ئایدیۆلۆژیســت و تیۆریســێنەکانی نەخشــە و بەرنامــە و میکانیزمێکــی کاریــان بــۆ دیــاری دەکرێــت، ئەوانیــش بــە شــێوازی خــۆ نمایشــکردنی جیــاوازەوە ڕاســتەوخۆ و ناڕاســتەوەخۆ ســەرگەرمی بەرهــەم هێنانــی ئــەو وێنایــە دەبــن، کــە گــروپ وســەرکردەکەیان دەیخــوازن بــۆ بەرامبەرەکانیــان وێنــای بکــەن. ئــەم پرۆســەیەش لەســەر ســێ بنەمــا و پێــوەر پەیــڕەوی لــێ دەکــریَچ، بــۆ گەیشــتن بــە ئامانجــەکان، ئــەو ســێ بنەمــا و پێــوەرەش بریتــی لــە (دۆســت/دوژمن، دووری/ نزیکــی، بەهێــز/ لاواز).

دیــارە ئــەو هاوکێشــەی یەکتــر خوێندنــەوە و وێناکردنــی گروپــە سیاســی و ســەرکردە و ئایدۆلۆژیســتەکان لــە وێناکردنــی بەرامبــەر لــە زۆر بــوار و پرســی سیاســی ڕۆژانــەدا بەســەر کۆمەڵــگای خۆمــان دەچەســپێ، بــە جۆرێــک لــە کوردســتان ئــەوی دی جیــاواز لــە دیــدی ڕێکخســتنە سیاســییەکان و گروپــە ئایدیۆلــۆژی — مەزهەبییــەکان، مەحکومــە بــە تــاوان و گومــان لێکــراوی.

دواجــار وەک پێشــتریش ئاماژەمــان پێکــرد، ئــەم شــێوە ڕەفتــار و بیرکردنــەوە لــە وێناکردنــی بەرامبــەر لــە کوردســتاندا ، تەنهــا لــە نێوەنــد و کایــەی سیاســی کوردیــا پەیــڕەوی لیچناکــرێ، بەڵکــو نێوەنــدی ڕۆشــنبیری لــەو نێــوەدا وێرانتــرە. بــە جۆرێــک وێــڕای ئــەو مامەڵــەی ڕێکخســتنە سیاســی و گروپــە ئایدیۆلۆژییــەکان لەگــەڵ ئــەوی دی، ئەگەرچــی لــە دەســەڵات و بــە ویســت و ئــارەزووی خۆیشــیان نەبێــت، کەچــی دەبینیــن لــە هەنــدێ ســاتەوەختی مێژوویــی و قۆناغــی سیاســی، لــە ژێــر هــەر فشــارێکەوە بێــت دانوســتان لەگــەڵ یەکتــری دەکــەن، ئەمــە لــە کاتێــک دایــە کــە نێوەنــدی ڕۆشــنبیری لــە پــاڵ کۆمەڵــیَچ پاســاوی نابەجێــدا وێنــای هێنــد ناشــیرین بــۆ بەرامبەرەکانــی بەرهــەم دێنــێ، کــە مــرۆڤ لــە ئاســتیدا دۆش دادەمێنــێ.

کەواتــە لــە نێــو کۆمەڵــگای ئێمــەدا بــە تەنهــا کایــەی سیاســی نەخــۆش نییــە، بەڵکــو نێوەنجــە کۆمەڵایەتییــەکان بــە گشــتی و کایــەی ڕۆشــنبیری بەاتیبەتــی تــا نــاخ نەخــۆش

و ئیفلیجن. زۆرجار وا رێککەوتووە رۆشنبیران لەناو یەکتریدا وێنای وایانا بۆ یەکتر و بەرامبەرە جیاوازەکانیان داتاشیووە، مەگەر تەنها لە زاکیرە و خەیاڵی کائینە تۆتالیتارەکاندا ئەو شێوە روانین و وێناکردنانە بەدی بکرێن، لە کاتێکدا نێوەندی رۆشنبیری بەو هەناسەیە مامەڵە دەکاتو گوتاری رۆشنبیری کەتوۆتە دەرەوەی هاوکێشەکان ولە دواوەی کۆمەڵگا و رووداوەکان بە جێماوەز

بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە و تێپەڕاندنی گوتاری باو و دەرگا کردنەوە بەسەر ئایندە و ئاسۆیەکی گەشتر، رۆشنبیر و گوتاری رۆشنبیری بەر لەوەی بیر لەوە بکاتەوە بەرنامەی ئەوە دابڕێژێ چۆن کار لەسەر دۆزینەوەی ئەو قەیران و گیروگازانەی نێو کۆمەڵگا و کایە جیاوازەکانی بکات و گوتاری دوێنێ تێپەڕێنێ، پێویستی بەوەیە جارێکی تر و سەر لە نوێ بە خودی خۆی و هەڵویچستەکانیدا بچیچتەوە و قەیرانەکان لە خودی خۆی و بۆچوون و بیرکردنەوەکانی بدۆزێتەوە.. پێویست بەوە دەکات لەگەڵ خۆیدا ئاشنا بێتەوە و شووناسی خۆی بناسێ و میکانیزمەکانی وێنای بەرامبەر/ ئەوی دی جیاواز لە پرۆسەی خوێندنەوەدا بگۆڕێ. رەنگە ئەو راو سەرنجانە زیاتر لە هەڵەوە نزیک بن وەک لەوەی راستی بن، بەڵام بەو پێیەی راستییەکان رێژەیین، بۆیە دەشێ رێژەیەکیش لەو راستییانە لەو نووسینەدا بدۆزینەوە.

## فەندەمێنتالیزم و گوتاری جیاوازی کوژ!!

بەڕاست ئەوە تەنها ئایینەکانن هەڵگری مانا و ڕەهەندی فەنەدەمێنتالین، یان دەکرێ ئایدیۆلۆژیا و کایەکانی دیکەیش بە جۆرێک لە جۆرەکان بەم شتە بارگاوی بکرێن؟ ئەی باشە بۆ هەر کە باس لە فەندەمێنتالیزم دەکرێ، نەک هەر ئایین، بەڵکو یەکراست بیرمان بۆسەر تەنها ئایینێک دەبردرێ، کە ئەویش ئیسلامە؟ ئاخۆ ئەوە هەر پیاوە ئایینەکانن فەندەمینتال و پەڕگیرن، یان ڕووناکبیر و دەستەبژێر و سیاسی و ڕۆژنامەنووسی ئوسوڵیشمان هەن، کە لە پشتی دەمامکی دیموکراسییەوە، دەیانەوێ حەقیقەتی ڕەهای خۆیانمان پێ بفرۆشنەوە و بمانبەنەوە سەر سفرەی بێدەنگی؟!

بەڕاست کاتێ کەسێک کە بانگەشەی دیموکراسییەت و عەلمانییەت دەکات، یان خۆی دەخاتە خانەی دەستەبژێر و ڕووناکبیران، یاخود بەناوی سیاسەت و حوکمڕانی و کوردبوونەوە لە ئاخافتندا بە ڕەهایی بۆچوونی کۆی بەرامبەرەکانی مەحکوم بە ملکەچی بیروڕا پێشوەختەکانی خۆی دەکات، کە سەرچاوە لە دونیا بینییەکی گشتگیر و دەقگیر و لایەنگیر دەگرێت، ناو بنێین چی؟

ئەوەی تا ئێستا ئەو گفتوگۆ و وتوێژە دوور ودرێژەی دەربارەی چەمک و مێژووی دەرکەوتنی (فەندەمێنتالیزم — ئوسوڵیەت) لە ئارا دابووە، لەگەڵ ئەو پرسیار و گیروگازانەی لەگەڵ خۆیدا هێناونی ئەوەیە، کە هەوڵ دەدات ئوسوڵیەت لە ئیسلامدا کورت بکاتەوە و بیکاتە خەسڵەتێکی بنەڕەتی ئەو ئایینە، بە گووتەی ئەوەی، کە ئەو ئایینە بە سروشتی خۆی ئوسوڵییە!

بەهەرحاڵ، بێگومان نە ئێمە و نە ئیسلام و نە ئیسلامییەکانیش ناتوانین، کە ئایینی ئیسلام لە ماناو ڕەهەندی ئوسوڵگەرایی دابشۆرێنین، بەڵام دەبێ ئەوەش بۆ مێژوو بڵێین کە ئەو چەمکە لە ناو تەواوی ئایین و ئایدیۆلۆژیاکاندا بوون و ئامادەییەکی کارای هەیە، واتە هیچ ئایین و ئایدیۆلۆژیایەک نادۆزیتەوە، نە لە دوێنێ و نە لە ئەمڕۆدا، کە بەم ناوەڕۆکە و بنەما و پرەنسیپەکانی بارگاوی نەکرابێ.

کەواتــە فەندەمێنتالیــزم لــە بنەڕەتــدا دیاردەیەکــی فیکرییــە و بــە تەنهــا لــە ئاییــن و ئایدیۆلۆژیەتێکدا کــورت ناکرێتــەوە، وەک ئــەوەی بــە تەنهــا لــە گوتــار و فۆڕمێکــەوە دەرناکــەوێ. چونکــە گوتــاری ئایینــی هەڵگــری فۆڕمێکــە جیــاواز لــەو فۆڕمــەی گوتارێکــی ئایدیۆلــۆژی ئاراســتەی دەکات ، نــەک هــەر ئەوە بگرە کەرەســتەکانی تەوزیفکردنەوەشــیان بــۆ نــاو کۆمەڵگــە جیــاوازن. وەکوتــر بەپێــی زۆرینــەی لێکۆڵینــەوەکان فەندەمێنتالیــزم ســێ خەســڵەت و تایبەتمەنــدی ناســراوی هــەن، کــە بریتییــن لــە (گشــتگیری، دەقگیــری، لایەنگیــری رەهــا).

گشــتگیری، چەمــک و بنەمایەکــی فەندەمێنتالیزمــە، کــە لــە کاســۆلیکییەت وەرگیــراوە و بــەو مانایــە دێــت، کــە هەمــوو ئــەو پرســیارە تایبەتــی و گشــتییانەی ژیــان دەیــان ســەپێنێ، یاســا و رێســاکانی ئاییــن و ئایدیۆلۆژیــا وەڵامیــان دەدەنــەوە.

تایبەتمەنــدی دەقگیریــش بریتییــە لــەوەی کــە دەقــە پیــرۆزەکان دەبــێ پیــت بــە پیــت وەکــو خۆیــان وەربگیرێــن. واتــە بەبــێ ئــەوەی ئــەو دەقانــە بچنــە ژێــر بــاری هیــچ پرســیار و گومــان و راڤــە و شــیکردنەوە و لێکدانەوەیــەک، دەبــێ قبــوڵ بکرێــن.

هەرچــی بنەمــا و تایبەتمەنــدی لایەنگیــری رەهایشــە، بریتییــە لــە رەتکردنــەوەی رەهــا و بــێ چەنــد و چوونــی هــەر لێپرســینەوەیەکی ئــەو رێســا و یاســا و بــڕوا و بەهایانــەی کەســی فەندەمێنتــاڵ بــڕوای پێیــان هەیــە، لەگەڵیشــیدا رەتکردنــەوە هەمــوو بەهــا و بنەماکانــی دەرەوەی بڕواکانــی ئــەو.

تــەوەری ســەرەکی ئــەم نووســینە قســەکردن نییــە لەســەر ئاییــن و فەندەمێنتالیــزم، یــان شــۆڕبوونەوە نییــە بــە نێــو ئاســت و رەهەنــدە فیکــری و میتۆدییەکانــی ئــەو چەمکــە، بەڵکــو لەبــەر رۆشــنایی تایبەتمەندییەکانــی فەندەمێنتالیــزم، هــەوڵ دەدەیــن قســەیەک لەســەر ئــەو فەوزایــە بکەیــن، کــە لێــرەو لــەوێ گوتــاری رۆژنامەنووســی کــوردی لــە چرکەســاتێکی مێژووییــدا دەینێتــەوە و بەبــێ ئــەوەی بیزانــێ بۆچــی و لــە پێنــاو چیــدا وا دەکات، کۆمەڵگــە دەخاتــە دڵەڕاوکــێ و شــڵەژان، دواتریــش هــەر خــودی ئــەو کاراکتەرانــەی بــە فیتەیــەک چوونەتــە ســەردار، دادەبەزنــەوە چینەکانــی خــواری خــوارەوەی زەوی و لێمــان دەبنــەوە بــە مەســیح و لــە هەڕەمــی فیتنــە نانــەوە، دەپەڕنــەوە بــۆ لوتکــەی بەشــینەوەی وەعــزی ئاشــتی و تەبایــی، لــە هــەردوو حاڵەتیشــدا دەســت بــۆ ئــەو هەگبــە ئایدیۆلــۆژی و فیکرییــە گشــتگیر و رەهاگــەرا دەقگیــرە بــە پیــرۆز کــراوە دەبەنــەوە، کــە لێیــان کــراوە بــە لەوحــی مەحفــوز و بــە مــوو ناتوانــن لــە ئاســتی وشــە و دێــڕ و دەســتەواژەکانیدا نــەک گومانێکــی ســادە، بگــرە پرســیارێکی ســاکاریش بوروژێنــن،

وەک ئـەوەی پێیـان وابـێ خەڵـک لـە گوێـی گادا خەوتـووە کـە ئـەوان لەبـەر ریتمـی چ ئاوازێکـدا ئـەو بەسـتانەیان دەچـڕن!!

ئـەو گوتـارە کـە دابـەش بووەتـە سـەر دوو بـەرەوە، بەشـێکیان پێشـوەختە خۆیـان یـەکلا کردۆتـەوە، بـەوەی هەمـوو شـتەکان بـە رەشـی ببینـن و قـەزاوەت لـە بـارەی هەمـوو شـتێ بکـەن و لـە ئامادەیـی و نائامادەیـی دادگادا خۆیـان ببنـە دادوەر، گوتارێکـە پسـپۆر لـە داڕشـتنی سـیناریۆ و دابەشـکردنی رۆڵ و دەستنیشـان کردنـی ئەکتـەر و بەسـتینەوەی شـوێنکاتی رووداو و بەیەکـەوە بەسـتینەوەی گرتـەکان و فـلاش بـاک و پاشـانیش بەجـێ هێشـتنی بینـەر لـە مەراقێکـی تـا هەتایـی تاقـەت پڕوکێنـی بـێ بەرهـەم و ئـاکام. هەروەهـا بەشـەکەی تریـان لـە کەمیـن دایـە دەسـت ببـات بـۆ بنـی ئـەو توێشـوەی پـاروی چـەوری خـۆی تێدا دەبینێتـەوە، کـە پڕیەتـی لـە ژیلەمـۆی شـەڕ و کاتێکـش سـتۆپی پێدەکـرێ، دەڵـێ ئـەوە ئێمەیـن لـە شـەڕەکاندا لـە پێشـەوەین و لـە ئـارام کردنەوەشـدا دەسـت دەبەینـەوە بـۆ نێـو ئەزموونەکەکانـی حیکمـەت، ناڵێـن سـەر بـۆ گوێچکـە راکێشـانەکانمان کـز دەکەیـن و تووتـی ئاسـا بـە تۆنـی نۆتەکانـی نێـو دەقـە ئایدیۆلـۆژی و گوتـارە بـە پیـرۆز کراوەکـەی سـەرەوەمان سـەد و هەشـتا دەبینـەوە بـە خواوەنـد و فریشـتەی ئاشـتی!!

ئەگـەر مـرۆڤ بـە چـاوی چاودێرێکـی رۆشـنبیری ورد لـە گوتـاری رۆژنامەگـەری کـوردی، بـە هـەر سـێ ئاراسـتەکەی (حزبـی، حزبـی دەمامکـدراو، ئـەوەی پێـی دەڵێـن ئەهلـی و سـەربەخۆ) ورد بێتـەوە، تێدەگا لـە پشـتییەوە چ عەقڵیەتێکـی تـاک رەهەنـد و گوتارێکـی فەندەمێنتالـی گشـگتیر و لایەنگیرییەکـی سەرسـەخت بـۆ حەقیقەتێکـی وشـک و رەهاگـەر هەیـە، کـە ئامادەیـی ئـەوەی تێـدا نییـە بـە هیـچ جۆرێـک بەرامبەرەکانـی بـە کەمتریـن جیاوازییەکانیـان بخوێنێتـەوە. ئەگـەر ئـەوە ئامـاژە بێـت بـۆ شـتێک، ئـەوا ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی کـە هێشـتا نـەک گوتـاری سیاسـی، تەنانـەت نێوەنـدی رۆژنامەگـەری و ئـەوەی نـاوی لـە خـۆی نـاوە گوتـاری رۆشـنبیری ئێمـە ئاوسـە بـە ئوسـوڵیەتێکی وشـک، ئاوسـە بـە زمانێـک کـە پاسـاوی بـۆ رەتکردنـەوەی هەمـوو جیاوازیەکـی دەرەوەی دونیابینـی خـۆی هەیـە، ئاوسـە بـە فەندەمێنتالیزمێـک، کـە دواجـار گوتارەکـەی لـە ئاسـتی وشـەدا دەگوازێتـەوە بـۆ ئاسـتی (تۆمـەت بەشـینەوە و تـاوان — لـە بـەرەی یەکەمـدا) و (تەخویـن و ئاژاوەگێـڕی — لـە بـەرەی دووەمـدا) کـە مەترسـییەکەی هیـچ لـەو گوتـارە فەندەمێنتالـە ئایینییـە کەمتـر نییـە، کـە سـبەی لـە رێگـەی تەکفیـر و تەلحیـد رەوایـی بەکوشـتنی جیـاوازی و نەیـار و ناکۆکەکانـی دەدات.

## کۆمەڵگای داخراو و گوتاری دژە گۆڕان

کۆمەڵـــگای کـــوردی بـــەو روخخســـارەی هەیەتـــی و ئـــەو فۆڕمـــە ژیانـــە کۆمەڵایەتـــی و سیاســـییەی تێیـــدا گـــوزەر دەکات، رێـــک کۆمەڵگایەکـــە داخـــراو و خـــۆی لـــە تـــەواوی ریتمەکانـــی ژیانـــی نـــوێ دوور کردۆتـــەوە. کۆمەڵگایەکـــە بڕیـــاری ئـــەوەی داوە، کـــە دەبـــێ لـــە دەرەوەی مێـــژوو بژییـــت و دەرگای پەیوەندیکـــردن بەســـەر خۆیـــدا کڵـــۆم بـــدات. لـــە ئـــاوا کۆمەڵگایەکیشـــدا قســـەکردن لەســـەر گـــۆڕان پێویســـتی بەوەیـــە بـــەر لـــە پرۆژەکـــە، قســـە لەســـەر میکانیزمەکانـــی کارکـــردن بـــۆ وەرچەرخـــان بکـــرێ. قســـەیەک دواتـــر وەڵامـــی هەمـــوو ئـــەو پرســـیارانەی دابێتـــەوە، کـــە چ گوتارێـــک ئـــەو کۆمەڵگایـــە ئاراســـتە دەکات.

لـــەم دیدگایـــەوە رەنگـــە تەنوانیـــن لـــەم چەنـــد دێـــڕە کورتـــەدا بخزێینـــە بنـــج و بناوانـــی پرســـەکان و کـــۆی ئـــەو چەمکانـــە لـــە بنەڕەتـــدا راڤـــە و شـــی بکەینـــەوە، کـــە توخمـــی ســـەرەکی بابەتەکـــەن. لەبـــەر ئـــەوە ئـــەو نووســـینە تەنهـــا دەکەینـــە دەروازەیـــەک بـــۆ پـــەردەلادان لەســـەر سروشـــت و نهێنـــی دەمامکـــدراوی ئـــەو پەیوەندییانـــەی وایـــان کـــردووە لـــە کۆمەڵـــگای کوردیـــدا دەســـەڵاتی سیاســـی و نەریتخـــوازی و باوەڕســـالاری لەســـەر یـــەک ریتـــم گوتارەکانیـــان ئراســـتە بکـــەن.

دیـــارە گـــۆڕان لـــە بونیـــادی کۆمەڵایەتـــی و سیاســـی هـــەر کۆمەڵگایەکـــدا پرۆســـەیەکی مێژووکـــردی حەتمییـــە. خـــودی پرســـەکەش بەرهەمـــی چەنـــد هەلومەرجێکـــە، کـــە دواتـــر پـــڕۆژەی گـــۆڕان لـــە بەرامبـــەر سیســـتەمی چەقبەســـتووی بـــاودا دەکەنـــە دیفاکتـــۆ. بـــە جۆرێـــک گـــۆڕان خـــودی ئـــەو کۆمەڵـــگا و سیســـتەمانەش دەگرێتـــەوە، کـــە تـــا ســـەر ئێســـقان دۆگمـــا و داخـــراون، ئەگەرچـــی توانیبێتیشـــیان بـــە شـــێوەیەک لـــە شـــێوەکان و لـــە قۆناغێکـــی مێژوویـــی و لەپـــاڵ کۆمەڵێـــک پاســـاوی چەواشـــەکارانە، درێـــژە بـــە ژیانـــی خۆیـــان بـــدەن، بـــەڵام دواجـــار ناچـــار دەبـــن لـــە دوو توێـــی ئـــەزو ململانێیـــەدا کـــە تیایـــدا رووبـــەڕووی تەوژمـــی گـــۆڕان دا\ەبنـــەوە، چـــۆک دابـــدەن.

ئەگـــەر ئـــەم هاوکێشـــەیەی ســـەروە بـــە گوێـــرەی ئەزموونەکانـــی مرۆڤایەتـــی و گەشـــەی مبێژوویـــی کۆمەڵـــگاکان بەســـەر بونیـــادی سیاســـیدا ســـەپا بێـــت، ئـــەوا لـــە هەمـــان

کاتـدا لـه بەرامبـەر دادبونەریتـی کۆمەڵگاشـدا دەبێتـه هێزێکـی کارای بگـۆڕ. واتـه ئـەو دابونەریتـه کۆمەڵایەتییانـەی لـه زەمەنێکـی مێژوویـی و بـه حوکمـی هۆکارگەلێکـەوە بەرگـی پیرۆزییـان پۆشـیوە، دواجـار هەلومەرجێـک دێتـه ئـارا، کـه بەرهەمـی هوشـیاری کۆمەڵایەتییـه، سـەرجەمی ئـەو پیرۆزییانـه دادەماڵێـت، بـەو پێیـەی کـه (دابونەریـت پشـت بـه لۆژیـک نابەسـتێت، هـەروەک ملکەچـی هزریـش نییـه، بەڵکـو تەنهـا وەک زانراوێکـی وەرگیـراو و بەپیـرۆز کـردووە — ١). لـه پشـتی ئـەو پیرۆزییەشـەوە بەنـاوی شووناسـی رەسـەنایەتی، کۆمەڵـگا تاکـەکان وەک مێگـەل لێدەخوڕێـت، بـۆ خـۆی دەبێتـه ئامانجـی گـۆڕان.

لـەم نێوەشـدا و لـه بەرامبـەر تەوژمـی ئـەو هێـزە کۆمەڵایەتییـه نوێیـەدا پاسـاوێکی عەقڵانـی و لۆژیکـی نادۆزرێتـەوە تاکـو رووخسـار و سـیمای درێـوی خـۆی پێ بشـارێتەوە. ناچـار هـەوڵ دەدات بـه نـاوی لادان و بەدڕەوشـتی، خـود و تواناکانـی تـاک لـه مانـا و بەهـا جەوهەرییەکانـی بەتـاڵ بکاتـەوە. کەواتـه دابونەریتـی کۆمەڵایەتیـش ئـەو ریتمـه جێگیـر و نەشـازە، بـەردەوام لـه بـەردەم ئەگـەری گـۆڕان و پرسـیار دایـه.

لـەم هەلومەرجەشـدا ئەگـەر چەکەرەکردنـی هوشـیاری و دەرکەوتنـی هێزێکـی کۆمەڵایەتـی کارا هۆیـەک بـن بـۆ پرۆسـەکە (واتـه گـۆڕان)، ئـەوا لـه بەرامبـەردا پێویسـتییەکانی ژیانـی هاوچـەرخ و خواسـتەکانی (نـەوە، کۆمەڵـی نـوێ) و ئاوێتەبوونـی کولتـورەکان، بـه رۆڵـی خۆیـان وا دەکـەن تـاک بتوانـێ لـه چرکەیـەک له چرکەساتەکانی ژیانیـدا سـنووری ئـەو پیـرۆزی و تەوتەمانـه تێـک بشـکێنێ. لـه حاڵەتێکـی وادا و لـه نێـو کۆمەڵگایەکـدا کـه لـه قـەوارە و بەهـای خـود کـەم دەکاتـەوە و وەکـو بوونێکـی سـڕ سـەیری دەکات و پێشـتر بڕیـاری مانگرتنـی داوە لـه نوێبوونـەوە. بـۆ درێـژەدان بـه کولتـوری خەسـاندن و پتەوکردنـی بەندیـواری دەسـەڵات، کۆمەڵـگای نەریـت و باوەڕسـالاری و دەسـەڵاتی سیاسـی دەکەونـه بـەرەی دژە گـۆڕان و وێـڕای هەمـوو جیاوازییەکانیـا، سـەنگەرێک لـه بەرامبـەر ئـەو هێـزەدا دەگـرن.

رەنگـه خوێنـەر بپرسـێ: ئاخـۆ دەبـێ لـه پـای چـی ئـەو سـێ گوتـارە دەکەونـه ئـەو سـەنگەر؟

دیـارە لەنێـو کۆمەڵـگا لـۆکاڵ و سیسـتەمە تۆتالیتارەکانـدا وەک چـۆن (دابونەریتـی کۆمەڵایەتـی بـه هەمـوو چییەتـی خۆیـەوە ئـازادی تـاک زەوت دەکات و لـه زۆر بـواری زانینـدا هـەژاری دەکات — ٢)، لـه بەرامبەریشـدا باوەڕسـالاری، یـان روونتـر بڵێیـن،

کولتـوری ڕۆحـی ئـەو کۆمەڵگایانـەش بـە درێژایـی مێـژوو بـە نـاوی پیرۆزگەرایـی و ڕۆحـی ڕەهـای کۆمەڵـگا، کۆنترڵـی ئـاکار و گوفتـار و هەڵوێسـتی تاکەکانـی کـردووە. بـەو پێودانگـە لـەم چەشـنە کۆمەڵگایانـەدا ئـەو دوو کۆنتـرۆڵ نـا فەرمییـە لەگـەڵ فەرمییەکەیـدا، کـە یاسـا و دەسـتووری دەسـەڵاتی بـاوە، بەرەیـەک پێـک دەهێنـن و دەبنـە گوتـاری دژە گـۆڕان. لەسـەرزەمینی وێرانـەی ڕۆژهەڵاتیشـدا، بـە کوردستانیشـەوە (قسـەی ئێمـە لەسـەر ئـەوە)، زۆر بـە ئاسـانی هەسـت بـە یـەک سـەنگەری و تەبایـی ئـەو سـێ گوتـارە دەکـرێ.

بۆیـە دەتوانیـن زۆر بـە ڕاشـکاوی ئامـاژە بـەو ڕاسـتییە بکەیـن، کـە لـە کوردسـتاندا دەسـەڵاتی سیاسـی لـە بەرامبـەر هەمـوو ئـەو ڕەفتـارە دژە دیموکراسسـیانەی بەرامبـەر تـاک و کۆمەڵـگا دەیـکات، نەریتیـش لـە بەرامبـەر گشـت ئـەو کـۆت و بەنـدە سـواوانەی خسـتوویەتییە ئەسـتۆی تـاک، باوەڕسـتالاریش لـە بەرامبـەر هەمـوو ئـەو بڤـە و تابـو و تەوتەمانـەی سـەپاندوونی، بوونەتـە جێـگای گومـان و بێـزاری نەوەیەکـە نـوێ. نەوەیـک تێـدەگات وبـە ئاگایـە و دەوروبـەر و شـتەکان دەخوێنێتـەوە. لەبـەر ئـەوە دەبینیـن (ئەگەرچـی خۆیشـیان وا نیشـان نـەدەن)، بـەڵام بـەردەوام ئـەو سـێ گوتـارە لـە بەرامبـەر ئـەو ڕەوشـەی خوڵقاندوویانـە ڕاڕا و لـەرزۆک و ناسـەقامگیرن و لـە قەیرانـدا دەژیـن و هەمیشـە هەسـت بـە مەترسـی تەقینەوەیـەک دەکـەن، کـە لـە هەنـاوی ئـەو هێـزە نوێیـەدا سـەر هەڵبـدات.. نەوەیـەک ئیتـر ناتوانـێ چیتـر بەرگـەی (عەیبـە و بڤـە) بگرێـت و بـە تەنهـا کۆمبـارس بێـت. بۆیـە بـە ناچـاری بـۆ ڕێگاگرتـن لـەو تەوژمـە و بەردەومـای دان بـە ژیـان و حـەزی دەسـەڵاتگەراییانەی خۆیـان پەنـا بـۆ یەکتـر دەبـەن. لـەم گەمەیەشـدا دەسـەڵاتی سیاسـی زێدەتـر پەنـا بـۆ هـەردوو هێزەکـەی تـر دەبـات و لـە ئاسـتییاندا سـواڵکەر و کۆیلەیـە. بـە واتایەکـی دیکـە، دەسـەڵاتی سیاسـی لـە کوردسـتاندا، کـە حـزب ئاراسـتەی گوتارەکـەی دەکات، هێـز و ئیـرادە و سـەرچاوەی ڕەوایـی خـۆی لـە پتەوکردنـی بەندیـواری ئـەو دوو گوتـارە دۆگمایـە و بەرگـری لێکردنیـان وەردەگـرێ، کـە پێیـان دەڵێـن (نەریتخـوازی و باوەڕسـالاری).

ئێمـە لـە نـاو هەنـاوی کۆمەڵگایەکـدا هەناسـەکانی ژیـان دەدەیـن، کـە ڕووخسـاری نـوێ و بوونـی نـوێ و بیرکردنـەوەی نوێـی قەبـوڵ نییـە و تاکـە دەروازەیەکیشـی نەهێشـتۆتەوە، کـە تیایـدا بتوانیـن گوزارشـت لـە بوونـی مرۆییانـەی خۆمـان بکەیـن. کولتورێـک ڕۆڵـی کاراکتـەری ئێمـەی لـە شـانۆی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ژیانـدا

کردۆتـە بینەرێکی رووت.. بینەرێکـی دوور لـە بینینـی هونـەری.. بینەرێـک بـە چـاوی ئایدۆلۆژیـا و نەریـت و ئاییــن شــتەکان ببینێـت.. کولتورێـک مەگـەر ریتمـی کار و سیماکانی تەنهـا لـە ئـاوازی سـەدەکانی ناوەڕاسـت و بـەر لـەوە گوێبیسـتییان بووبیـن. ئەمــەش کولتورێکـە تـا ئەوپــەڕی پەیوەسـت بـە نەریـت و باوەڕسـالاری.. کولتورێـک لـە دەرەوەی بازنـەی پەیوەندییـەکان و فۆڕمـی هەڵسـەوکەتەکانی خۆیـدا، مافێـک بـۆ تـاک تـاک ناهێڵێتـەوە. کولتورێکـی لـەم جـۆرەش، بێگومـان دەرفەتـی جـوڵان بـە تـەوژم و رووخسـاری نـوێ نـادات و دواجـار لـە بەرامبـەر تێڕوانینـی خەسـیوی (کۆ)دا بـە نامـۆ سـەیر دەکات. ئەگـەر لـە تێڕوانینـی ئـەم کولتـورەدا، کـە زۆرینـەی کۆمەڵـگا مێگـەل ئاسـا لێدەخـورێ، ئـەو هێـزە کۆمەڵایەتییـە نامـۆ بێـت، دەبێـت چ پەیوەسـتێک ئـەو هێـز و رووخسـارە نوێیـە بـەو کولتـورە ببەسـتێتەوە؟ یاخـود چ ئینتیمایـەک لای ئـەو هێـزە بـۆ ئـەو سـەرزەمینە وێرانـە دەمێنێتـەوە؟

بێگومـان لـە ئامێـزی کولتورێکـی وا پەڕپـووت و پەڕگیـر، لـە فـەزای تەڵخـی گوتارێکـی وا دۆگمـا، لـە نێـو سـرووتی عەقڵییەتێکـی وا ئیفلیـج.. لـە بەرامبـەر لۆژیکـی (بڤـە و عەیبـە)دا، گاڵتەجاڕییـە تاوانـی بـێ ئینتیمایـی بەسـەر خەڵکدا هەرزانفـرۆش بکرێـت. چونکـە ئینتیمـا بـۆ ئـەو چەمکانـەی تـرس و خەسـاندن، دەسـتەپاچەیی و کۆیلەییـە.. بەتاڵبوونـەوەی خـودە لـە بەهـای کەسـایەتی و مانـا و بوونـی مرۆییانـە. لەلایەکـی تـر گۆفتـی ئـەو هێـزە کۆمەڵایەتییـە نوێیـە تەنهـا لـە دەسـتەبژێریی خۆیـدا نییـە، یاخـود لـە مەترسـی هەژموونەکانـی سـێکوژکە و بـەرەی دژە گـۆڕان نییـە، بەقـەد ئـەوەی گرفـت لـە بـێ هۆشـی کۆمەڵگایـەک دایـە، کـە لـە خـەوی غەفڵـەت بێـدار نەبۆتـەوە.. کۆمەڵگایـەک کـە تـا نـاخ سـڕە و بەسـتەڵەکی مێشـک و ویژدانـی وا بـە ئاسـانی ناتوێتـەوە.. کۆمەڵگایـەک چەنـد ختووکـەی دەدەیـت بجوڵێتـەوە، کچـی ئـەو کێوئاسـا رەگەکانـی دادەکوتێتـەوە قووڵاییەکانـی زەوی و توانـای جوڵاندنـی نییـە. بـە واتایەکـی تـر کۆمەڵگایەکـە راهێنانـی لەگـەڵ ئـەو ریتمـە نوێیـەدا ئەسـتەمە. ئەمـە بـەو مانایـە نـا، کـە رووخسـاری نـوێ ئـەو هێـزە نییـە کۆمەڵـگا لـەو زەلـکاوەدا دەربخات، بەڵکـو بـەو تێگەیشـتنەی کـە خـودی کۆمەڵـگا ئـارەزووی جـوڵان و هوشـیاربوونەوەی نییـە. ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی کـە ئـەو هێـزە بـێ سـەرمایە (بـە مانـا ئابوورییەکـەی) و دەسـەڵاتە، بەڵکـو تـرس و خەسـاندن بۆتـە بەشـێک لـە پێکهاتـی کەسـایەتی تاکەکانـی کۆمەڵـگا و وا هەسـت دەکـەن بـە یاخیبـوون.. بـە دانانـی نیشـانەی پرسـیار

و گومـان لـه بەرامبـەر ٠عەیبـە و بڤـەدا) کوفرێـک دەکـەن و دەخرێنـە دەرەوەی بـوون. ئەمـە چ سـرِبوون بێهودەییەکـە؟ کلتورێـک بـەم عەقڵیەتـە تاکەکانـی زاخـاو بـدات، دەبـێ چ ئومێدێـک لـە ئینتیماکردنـی تاکەکانـی بـۆ ئـەو کولتـورە بمێنێتـەوە؟

ترسـی ئـەو گوتارانـەی دژی رووخسـاری نوێـن لـەوەی ملکـەچ نیـن بـۆ وەهـم و دروشـمەکانی (رەسـەن و سـەرزوەری و پیـرۆزی)، لـە جەوهـەردا لـەم گیـروگازەدا دەبینێتـەوە. ئێمـە دەکـرێ نموونـەی زۆر لـە ژیانـی ئـەو تـەوژم و هێـزە کۆمەڵایەتییـە نوێیـە وەربگریـن، کـە ئـەم سـێ گوتـارە بـەردەوام وەکـو هەرِەشـە بۆسـەر مانـەوە و دەسـەڵاتی خۆیـان تەماشـایان دەکـەن. ترسـی ئـەوان لـەوە سـەرچاوە ناگـرێ، کـە ئـەو هێـزە لـە ئینتیمـای نبیشـتمای.. نەتەوەیـی دادەبرِێـن، یـان لـە بەهـا و رەوشـتە کۆمەڵایەتییـە بەنـاو رەسـەنەکانی کۆمەڵـگا دادەدشـۆرێن، یاخـود دەسـتبەرداری پیـرۆزی سـرووتی رۆحـی خـۆی دەبێـت، بەڵکـو ئـەوان دوورت لـەم رەهەنـدە دەرِوانـن. ئـەوان تێدەگـەن کـە نەوەیـەک هەیـە بەرهەمـی ئازادییـە و فێـری تەلقینـدان نییـە و بـە ئاسـانی دەسـتەمۆ ناکـرێ. دواتـر هـەر ئـەم هێـزە ئاوێتـە کولتـور و فەرهەنگگەلێکی زۆر جیـاواز و کراوەتـر لـە هـی خـۆی بـووە، کـە بـە هۆیـەوە خـودی خـۆی دۆزیوەتـەوە. بـەو پێیـەش بۆتـە خاوەنـی خـۆی و لـە ماهیەتـی تاکگـەری گەیشـتووە. بۆیـە ئەگـەر ئـەم هێـزە لـە چرکەسـاتی ئێسـتادا هیچیشـی لەبـاردا نەبێـت، بـەڵام هـەر هیـچ نەبـێ ناچـار نییـە سـەنگەرەکانی براکـوژی پـرِ بکاتـەوە و لـە بەرامەبـر ناشـیرینییەکانی حـزب و هەڵـە سـتراتیژییەکانی سـەرکردە سیاسـییەکاندا دەسـت لەسـەر سـنگ بێـت.. ناچـار نییـە بـرِوا بـەوە بهێنـێ، کـە نووشـتەیەک ترسـی جنۆکەکانـی لەسـەر لادەبـات و بـە سـیواکێک بەهەشـت مسـۆگەر دەکات.. ناچـار نییـە مامەڵەیەکـی ئاژەڵاییانـە لـە تـەک دایـک و کـچ و خوشـک هاوسـەرەکەیدا بـکات و ببێتـە پەرسـتیاری بتـی نەریـت..!!

ئـەم واقیعەیـە کـە هێـزی نـوێ لـە بـەردەم ئـەم کولتـورەدا کردوویەتییـە دیفاکتـۆ، کـە هەرِەشـە لـە کورسـی دەسـەڵات و پیرۆزگەرایـی ئـەو سـێ گوتـارە دەکات. لێـرەوە دەگەینـە ئـەو راسـتییەی کـە جێـی سەرسـورِمان نییـە لـە بەرامبـەر ئـەو رووخسـار و گوتـارە نوێیـەدا ئـەو ئـەو سـێ سـەرچاوە دۆگمایـەی کۆمەڵـگا زیرِەیـان لـێ هەڵدەسـتێت و خێرایـی رەوتـی وەرچەخانەکانیـش ناچاریـان بـکات بەرەیـەک دروسـت بکـەن و لـە حاڵەتـی بەرەنگاربوونەوەشـیاندا سـڵ لـە بەکارهێنانـی تیـرۆری فیکـر و تەکفیـر و

جۆرەھا شـێوازی تـری بەرکەنارکردنـی ئـەم گوتـارو ھێـزە نوێیـە نەکەنـەوە.

ئەگـەر نەریـت و باوەڕسـالاری لـە سـەرەتای ھەنـگاو نانیـان میکانیزمـی تەلقینـدان و بـە کۆیلەکردنـی تاکەکەسـیان کردبێتـە چەکـی بەردەوامـی دەسـتیان و بـە درێژایـی مێـژوو نەیانتووانیبێـت ئـەو رووخسـارە تەڵخـەی خۆیـان بشـارنەوە. لـە بەرامبـەردا حـزب توانیبێتـی لـە سـاتەوەختێکی مێژوویـدا (لـە شـاخ!) رووی بـە دەمامکـی شۆڕشـگێڕی و کوردایەتـی بپۆشـێ، بـەڵام دوای راپەڕیـن کـە ماسـکی رووی ئەویـش ئاشـکرا بـوو، خەڵـک لـەو راسـتییە تێگەیشـتن کـە حزبـی کـوردی جگـە لـە وێرانـی، ھیچـی تـری بـۆ کەمەڵـگا پـێ نییـە. ھەڵوێسـت و رەفتارەکانـی رۆژانەشـیان دەرفەتـی پاسـاوھێنانەوە بـۆ نەھێشـتۆتەوە، تاکـو بتوانـێ خـۆی لـەم تەڵەزگەیـە رزگار بـکات. ھـەر ئـەم واقیعەیشـە کـە وا دەکات، کـە ئـەم سـێ گوتـارە سـەنگەر لـەو ھێـزە کۆمەڵایەتییـە نوێیـە بگـرن و بەمـەش گوتارەکەیـان ببێتـە گوتـاری دژە گـۆڕان.

## ئێمە کامیانین، دوژمن یان جیاواز؟

«لە ناخی هەر یەکێکماندا شەیتانێک و
فریشتەیەک دەژین، دەنگی هەردووکیان کت و مت
لە یەک دەچێ — پاولۆ کۆیلۆ»

کێشـــەی نێـوان دەســەڵات و رووناکبیـر، کێشــەیەکی مێژوویـی قووڵــە و ئێستاشـی لەگـەڵ دابێـت نەبڕاوەتـەوە و بـڕواش ناکـرێ، وا بـە ئاسـانی بگاتـە کۆتایـی، وەکـو تـر جگـە لـەوەی دەرکەوتنـی کێشـەکە لـە هـەر شـوێنکاتێکدا دەکەوێتـە ژێـر بـاری کۆمەڵـێ فاکتـەری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کولتـوری و لەگـەڵ خۆیانـدا مەعریفەیـەک بەرهـەم دێنـن، کـە رەنگـە هێشـتا ئـەو زەمینەیـە لێـرە و لـە جوگرافیـای ئێمـەدا کامـڵ نەبووبێـت، بـە دیوێکـی دیکـەدا سروشـتی ئـەو کێشـەیە لـە کۆمەڵـێ چەمـک و بەهـای سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کولتوریـدا خـۆی وێنـا دەکات، کـە دەبنـە تـەوەری سـەرەکی ئـەو ملمڵانێیـە و جگـە لـەوەی ئێمـە هێشـتا بـە تـەواوی بـە ماهیەتیـان ئاشـنا نەبوویـن و نیـن، هـاوکات لـە زۆرینـەی حاڵەتەکانـدا بەسـەر بەرامبەرەکانمانـدا دەیانسـەپێنین و بـۆ خۆیشـمان بڕوامـان پێیـان نییـە و ملکەچیـان نابیـن.

لـەم روانگەیـەوە دەرکەوتـن و بەردەوامـی ئـەو مشـتومڕانە و بـە تایبەتـی لـە نێـو کۆمەڵگەیەکـی هوشـیار و کامـڵ لـە بـاری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کولتـوری و لەسـەر ئاسـتی تـاک و دەسـەڵات و کایـەی رووناکبیریـدا، نـەک هـەر ئاسـاییە، بەڵکـو حاڵەتێکـی تەندروسـتە وخزمـەت بـە گەشـە و بەرەوپێشـبردنی خـودی کۆمەڵگەکـە خـۆی دەکات، بەتایبەتـی لـەو کۆمەڵگایانـەی سـەرزەمینێکی تەندروسـت و لەباریـان بـۆ ئـەو چەشـنە لـە ململانـێ تێدایـە، بـەڵام کـە دێیتـەوە رۆژهـەڵات و نێـو سیسـتەمی سیاسـی و گەلانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە گشـتی و ئـەو ناوچەیـەی ئێمـە بـە تایبەتـی، بـەو باکگراونـدە سیاسـی و رۆشـنبیری و کولتورییانـەی تێیـدا هەبـوون و بـاون، هاوکێشـەکە ئـاوەژوو دەبێتـەوە و ئاڵـۆز و پـڕ گیـروگاز دەبێـت، بـەو پێیـەی زەمینـە

و باكگراونـدی سیاسـی و ڕووناكبیـری و كولتـوری ئـەو جوگرافیایانـە، هێشـتا بـە بەهـا و مانـا و گرنگـی چەمكەكانـی (یەكترخوێندنـەوە، قبوڵكردنـی جیـاوازی، لێبوردەیـی، هـاوكاری، تەبایـی، بەیەكەوەژیـان و.....) نامۆیـە و وەک پێویسـت پێـی هـەرس ناكرێ، بـە جۆرێـک هـەر لـە تاكێكـی ئاسـاییەوە بگـرە، بـۆ دەسـەڵات و كاراكتەرەكانـی، تـا دەگاتـە ڕووناكبیـر خۆی (كـە بوونـی ئـەو كاراكتـەرەش هێشـتا لێـرە جێـی پرسـیار و تەنانـەت گومانیشـە!)، ئەوانـە هەموویـان هێشـتا خۆیـان لەسـەرووی خەڵـک دەبینـن و خۆیـان بـە خاوەنـی حەقیقەتـی جێگیـر و ڕەهـا دەزانـن، بۆیـەش كـە سـەرنج دەدەی، زۆرینـەی هـەرە زۆری ئـەو ململانـێ سیاسـی و كۆمەڵایەتـی و كولتـوری و تەنانـەت ڕووناكبیرییانـەی ناوچەكـە، ئەگـەر بـە خوێـن كۆتایـی نەهاتبـن، ئـەوا مەحكـوم بـوون بـە سـڕینەوەی مەعنـەوی بەرامبـەرەكان و هەوڵدانـی بـەردەوام بـۆ ناشـیرینكردن و لـە بەهـا كـەم كردنەوەیـان. مێـژووی ناكۆكـی و ململانێكانـی ئـەو ناوچەیـەی ئێمـە، پڕیەتـی لـە ئەزموونـی خوێـن و مـەرگ و كوشـتنی جەسـتەیی بەرامبـەرە جیاوازەكانمـان لـە ئاسـتی سیاسـی و ئەتنـی و كولتوریـدا، ئەگەریـش نەتوانرابـێ بـە خوێـن پرۆسـەكە كۆتایـی پێبهێنـرێ، ئـەوا لـە بەرگێكـی دیكـەی ناشـیرینكردن و سـڕینەوە و حیسـاب بـۆ نەكـردن و بـە سـفر كردنـەوەدا، درێـژە بـە پرۆسـەكە دراوە، بوونـی ئـەو حاڵەتـە و مانـەوەی ئـەو جوگرافیایـەش بـەو چەشـنە، بـە مانـای ئـەوە نییـە كـە بڵێیـن جوگرافیـای ڕۆژئـاوا و بەشـەكانی دیكـەی ئـەم سـەر زەمینـە خاڵـی بـوون و خاڵیـن لـەو ڕوانگانـە، بەڵكـو بـەو مانایـە دێـت، كـە پێویسـت دەكات لـەو دیدگایـەوە بـە دوای هـۆكار و نهێنییەكانـی مانـەوە و بەردەوامـی ئـەو دونیابینـی و كولتـورە توندوتیـژەدا لـەو جوگرافیایـەئ خۆمانـدا بگەڕێیـن، كـە بەداخـەوە لـە سـەردەمی بچـووک بوونـەوەی گـۆی زەوی بـۆ گوندێكیـش، كائینەكانـی بـە گشـتی و (ڕووناكبیـرەكان)ی بەتایبەتـی كەمتریـن ئامادەیـی بەیەكـەوە ژیـان و قبوڵكردنـی ئەوانـی تریـان تێـدا نییـە، گـەڕان بـە دوای ڕەگـی ئـەو هۆكارانـەی، كـە بۆچـی ڕۆژئـاوا تـا ئاسـتێكی بـاش توانـی ئـەو دۆخـە تێپەڕێنـێ، كەچـی ئێمـە هـەر خەریكـە لـە نێویـدا نقـووم و نقوومتـر دەبیـن؟ ئایـا بەردەوامـی ئـەو دۆخـە ناتەندروسـت و دژە مرۆییـەی ئێـرە و تێپەڕاندنـی لـە ڕۆژئـاوا و بەشـەكانی دیكـەی دونیـا بـەرەو جۆرێـک لـە ژیاندۆسـتی و یەكتـر خوێندنـەوە، تـا چەنـدە پەیوەسـتە بـە گەشـەی هوشـیاری سیاسـی و كۆمەڵایەتـی كۆمەڵگـە خـۆی و هەسـتكردن بـە بەرپرسـیارێتی لەلایـەن كایەكانـی دەسـەڵات و ڕووناكبیـری لـە ئاسـت

دوێنـێ و ئێسـتا و ئاییندەی مرۆڤەکانیانـدا؟

لـەو سـۆنگەیەوە هـەوڵ دەدەیـن قسـەیەک لـە بـارەی دیاردەیەکـی زەقـی نێـو فـەزای گشـتی کوردسـتان بکەیـن، دیاردەیـەک کـە لـە روخسـار و گوتـاردا خـۆی وەک ململانێیەکـی سـپی نێـوان جیـاوازی و چـوون یـەک نەبـوون نیشـان دەدا، بـەڵام لـە جەوهـەردا بریتییـە لـە گلدانـەوەی رقێکـی زۆر و شـاردنەوەی کینـە و لـە زۆربـەی کاتـدا نمایشـکردنەوەیانە بـە هەناسـە و گوتارێکـی دوژمنکارانـە، روونتـر بڵێیـن دیـاردەی بەیەکـدا هەڵشـاخانی هـەر دوو کایـەی سیاسـی و (رووناکبیـری) کوردسـتان. لـەو نێـوەدا و بـە شـەنوکەوکردنی بارودۆخەکـە و خوێندنـەوەی رەوشـەکە و هەڵسـەنگاندنی دەرهاویشـتە و رەنگدانەوەکانـی، دەگەینـە خاڵێـک.. شـتێک، کـە مایـەی پرسـیار و هەڵوەسـتە لەسـەر کردنـە، ئەویـش خوێندنـەوە و تێگەیشـتنی ناتەندروسـتی کۆمەڵگـەی کوردییـە، بـە کـۆی کایـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و روناکبیرییەکانـی بـۆ چەمکـی جیـاوازی، ئـەو شـتەی وا دەکات بـە چـاوی گومـان و نـا دڵنیاییـەوە بڕوانینـە هەمـوو ئـەو بەهـا و دروشـمانەی هـەردوو کایەکـە بـە جۆرێـک و جۆرێکـی تـر خۆیانـی پـێ سـواخ دەدەن و بەیەکتـری و خەڵکـی دەفرۆشـنەوە، بێگومـان ئـەو راسـتییەش ئەمـڕۆ بـە شـێوەیەکی روون لـە پرۆسـەی داتاشـینی تۆمـەت بـۆ یەکتـری و تەشـهیرکردن بـە یەکتـری رەنـگ دەداتـەوە، بـە جۆرێـک بـە سـفرکردنەوەی یەکتـر و وێناکردنـی بەرامبـەر بـە شـەیتان، بۆتـە روخسـاری دیـاری هەمـوو ئـەو مشـتومڕانە، کـە بەداخـەوە لـە سـەرێکیان بـە بیانـووی بەرگریکـردن لـە ئاسایشـی نەتەوەیـی و لـە سـەرەکەی تریـش بـە پاسـاوی گوتـاری رەخنەیـی و بـە نـاوی بەرگریکـردن لـە ئـازادی بـە وەرگـر سـاخ دەکرێنـەوە، ئەمـەش بـە رۆڵـی خـۆی هوشـیارییەکی ناتەندروسـتتری گواسـتۆتەوە بـۆ وەرگـر، تـا ئـەو ئاسـتەی خەریکـە سـڕینەوە و بەهـا دانـەن بـۆ یەکتـر بۆتـە مۆدێکـی گفتوگۆکان و نۆرمێکـی دیـار و شـازی نێـو کایـەی سیاسـی و رووناکبیـری لـە کوردسـتاندا، کـە رەنگـە لـە دونیـادا وێنـەی نەبووبێـت و نەبێـت، تەنانـەت تـا ئـەوەی ئـەو تەوزیفکردنـەوە دۆزەخییەیـان بـۆ یەکتـری، بۆتـە نەخۆشـییەکی درمـی نێـو بیرکردنـەوە و خەیاڵدانـی کۆمەڵگـە و رەنگدانـەوەی نەرێنـی راسـتەخۆی بەسـەر بیرکردنـەوە و گوتـار و هەڵوێسـت و رەفتـاری تاکەکانـی کۆمەڵگـەوە دیـارە، بـە جۆرێـک هـەر کەسـە و دەم دەکاتـەوە و زمـان هـەڵ دەبـڕێ، جنێـو و سـوکایەتی و حوکمـی رەهـای لەئاسـت ئەوانـی دی لـە زار دەبـارێ، ئـەوەی لـەو نێوەشـدا زۆرجێگـەی داخـە،

ئەوەیــە کــە ئــەو نەخۆشــییە لــە گوتــاری فەندەمێنتاڵانــە و هەناسەســواری کایــەی ناونـراو بـە (رووناکبیـری) و دەرهاویشـتەکانییەوە زەقتـر بۆتـەوە و رەنگـی داوەتـەوە، تـا ئــەوەی لێــرە و لــەوێ بەشــێکی زۆری ئــەو کایەیــە، خەریکــە زۆر بێباکانــە و دوور لــە بەرپرســیارێتی مێژوویــی و ئەخلاقــی، دەچێتــە نێــو شــەڕێکی بــێ مانــا و بــێ بەرهــەم و بێ دەرەنجامـی لۆژیکـی و مرۆیـی خـوازراو، شـەڕێک کـە ئاماژەکانـی دوایـی هاتنـی دیـار نیــن و دوور نییــە رەنگدانــەوەی نەرێنــی بەســەر کۆمەڵگــە و ئاســتی هوشــیارییەکەی هەبێـت، شـەڕێک (پاولـۆ کۆیلیۆ)گوتەنـی « گرنـگ نییـە تێیـدا بـراوەی یـان دۆڕاو، بـە قـەد ئـەوەی گرنگـە چـۆن کۆتایـی دێـت»، شـەڕێک لـە میانیـدا ئـەو کایەیـە لـە هەوڵـی ئــەوە دایــە کــۆی کۆمەڵگــە لــە بەرامبــەر دەســەڵاتدا، لەگــەڵ خــۆی راپێچــی نێــو ئــەو زەلــکاوە بــکات و کۆمەڵگــە بــە گشــتی و دەســەڵات و بەرامبەرەکانــی بــە تایبەتــی و بـە کـۆی پێکهـات و بونیادەکانییانـەوە بـە شـەیتان وەسـف بـکات، یـان وەک ئـەوەی دەگوتـرێ بـە (دەسـەڵاتی خۆڵەمیشـی و کۆمەڵگـەی بەربـەر)ی بۆمانـی نمایـش بـکات.

جێـی ئاماژەیـە تـا ئـەو چرکەیـەش لـە نێـو ئـەو ململانێیـەدا وەڵامـی کۆمەڵێ پرسـیاری گرنـگ بـە شـێوەیەکی دروسـت یەکلانەبوونەتـەوە، کـە بـە رۆڵـی خۆیـان سـەریان لـە کۆمەڵگـەی کـوردی بـە گشـتی و خوێنـەران بـە تایبەتـی شـێواندووە، ئـەو پرسـیارانەی، کـە ئایـا کایـەی سیاسـی و روناکبیـری کـوردی جیـاوازن، یـان دوژمنـی یەکتریـن؟ ئەگـەر جیـاوازن لـە چیـدا جیـاوازن و پێویسـتە چـۆن گوزارشـت لـەو جیاوازییانەیـان بکـەن؟ ئایا ئــەوەی ئــەوان ئێســتا دەیکــەن گوزارشــتە لــە جیــاوازی، یــان دوژمنایەتــی و ســەنگەر لەیەکتـر گرتنـە لەسـەر حوکمـی پێشـوەختە و رەهـا؟ ئاخـۆ لۆژیـک و میکانیزمەکانـی خسـتنەڕووی ئـەو جیاوازییانەیـان تـا چەنـد شارسـتانی و تەندروسـتە؟

لەلایەکـەی دی، ئەگـەر جیـاواز نیـن، چیـن؟ دوژمنـن؟ باشـە هـۆکار و پاڵنەرەکانـی ئـەو دوژمنایەتییەیـان کامانـەن؟ ئاخـۆ چ حیکمەتێـک لـەو وێناکردنـە دوژمنکارییانەیانـدا هەیــە بــۆ یەکتــری؟ ئایــا کۆمەڵگەیەکــی کــراوە و تەندروســت و پرۆســەی ریفــۆرم و گەشــەکردن و چاکســازی، وەک ئــەوەی بانگەشــەی بــۆ دەکــرێ، لــە ســەر بنەمــای بەشـینەوەی تۆمـەت و دوژمنایەتـی و سـڕینەوەی یەکتـری بەرهـەم دێ؟

هـەر بـۆ نموونـە، ئـەو پێوەرانـە چیـن، کـە دەسـەڵات بـەر مەبنـای ئـەوان، گوتـاری رەخنەیــی بــە گێرەشــێوێنی و دەســت لــە پشــتدان تۆمەتبــار دەکات؟ ئایــا هــەر کەســێک رەخنــەی لــە دەســەڵات گــرت، مانــای ئەوەیــە دوژمنــی دەســەڵاتە؟ ئاخــۆ

بەبێ پرۆسەی رەخنە، هیچ دەسەڵاتێک دەتوانێ ریفۆرم و چاکسازی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەناوی خۆیدا بکات؟ دەسەڵات بە پاساوی هەر شەرعیەتێکەوە بێت، تا چەند بۆی هەیە خۆی بە خاوەنی دوا بڕیاری کۆمەڵگە بناسێنێ؟ بە مانایەکی تر مەرجە هەر دەسەڵاتێک کە بەرهەمی شۆڕش بێت، دەسەڵاتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و بێ خەوشە؟ ئایا بنەما و بەهاکانی نیشتمانی بوون لە نێوان دوو قۆناغی شۆڕش و حوکمڕانیدا جیاوازییان نییە؟

بە دیوەکەی تردا، ئایا پێوەری رووناکبیری کورد بۆ فاشیبوونی دەسەڵاتێک چییە، تا لەوێوە وەک دوژمنی ئازادی وێنای بکات؟ بەراست دەسەڵاتی کوردی فاشییە؟ ئەگەر فاشییە بەڵگە و ئەرگۆمێنتەکان کامانەن؟ ئەگەریش فاشی نییە، بۆ هەوڵی وێناکردنی لەو چەشنەی دەدرێ؟ گریمان بەشێکی ئەو حوکمە راست بوو، بەراست ئەو راستییە رێژەییە بەسە بۆ ئەوەی تۆش بێیت و فاشییانە حوکمەکانت بەسەر کۆی کایە و پێکهات و بونیاد و کائینەکانی دەسەڵات ببەشیتەوە؟ ئایا بڕوامان بەوە هەیە، کە دەشێ گوتار و نووسینێکیش هەڵگری دونیابینی و پەیامی فاشییانە بن و بە بەلاغەتی دژە فاشی بخرێنە روو؟ یان (نیچە) گوتەنی تا چەند ئاگاداری ئەوەین، کە «هەموو ئایدیایەک رووبەندێکە و هەموو وشەیەکیش دەمامکێکە»؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری تر، چەند تەورەیەکن، کە هەڵدەگرێ قسەی جددی و خوێندنەوەی فرەرەهەند و هەمەلایەنەی زیاتریان لەبارەوە بکرێ، کە ئێمە لێرەدا و لەم بەشەی ئەو نووسینەدا زێدەتر بە باری خەوش و کەموکوڕی و بۆشاییەکانی گوتاری (رووناکبیری) بۆچوونەکانمان ئاراستە دەکەین، ئەو گوتارەی کە بە ناوی ئازادی و رەخنەگرتن لە پێناو ریفۆرم و چاکسازی و لە کەناڵی جیاواز و بەناوی جیاواز و زۆر کەرەتیش بە ماسکی جیاوازەوە ئاراستە دەکرێ و خۆی نمایش دەکات و کاراکتەرەکانی دەیانەوێ بەهەر جۆرێکەوە بێت، بێنە نێو زاکیرە و خەیاڵدان و هەست و نەستی مرۆڤی کورد و تارمایی و هەژموون و دەسەڵاتی خۆیانیان بەسەر دونیابینی و بیرکردنەوەیاندا زاڵ بکەن، بە جۆرێک وای لێهاتووە لە نێو ئەو زۆری و بۆری و بەناو گوتارە رەخنەییەی ئاراستەی دەسەڵات و بونیادی کۆمەڵگە دەکرێ، بە گەمەکردن لەسەر ژێی هەستیاری توڕەیی و بێزاری و هەڵچوونەکانی خەڵک دۆ و دۆشاو تێکەڵ کراوە (چەند دەنگێکی لێ

دەربچێ، کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن))، زۆرینەیان نەک لە پەیام و ئامانجی کاری رۆشنبیری دوور کەوتوونەتەوە، بگرە بە ئاشکرا ئەو پەیامەیان شێواندووە و سوکایەتی و بازرگانی پێوە دەکەن، دوور لە بنەما فیکری و تیۆری و مەعریفیەکان و لە بری هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی هوشیاری، رێک بە ئاراستەی قوڵکردنەوەی ئەو کێشەیە کار دەکەن، کێشەیەکی رۆشنبیری، کە رەگەکانی دەچنەوە قووڵایی مێژووی فیکر لە رۆژئاوا، ئەو کێشەیەی کۆمەڵگا بە دەستییەوە دەناڵێنێ و (جۆلیان بیندا) لەوەدا وێنای دەکا کە « رۆشنبیران دەسەڵاتی ئاکاری خۆیان سپاردووە بە شتێک، کە ناوی — ئۆرگانیزەکردنی هەڵچوونی دەستە جەمعیە — وەکو دەستەگەری و .......»، رێک ئەو لۆژیکەی ئەمڕۆی بەناوی گوتاری رەخنەیی و نێوەندی (رووناکبیری) کوردی، کە بە کاوێژکردن لەسەر کۆمەڵێ باکگراوندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری و بەشێک لە بێزارییەکانی ئەمڕۆی شەقام، دەست بۆ ئەو گەمەیە دەبات، کە بە هۆیەوە لەلایەک شەڕی دەسەڵات بکات و لەلایەکەی تریش خۆی بە خەمخۆری خەڵک و ئازادییەکانی نیشان بدات، لەو گەمەیەشدا کۆی هۆکار و ئامراز و شێوازەکان بۆ بردنەوەی ئەو شەڕە بۆ خۆی بە رەوا دەبینێ، بەڵام لە بەرامبەرەکەی حەرامی دەکات و پێی قەرزبار دەکاتەوە. بۆ نموونە تۆ بێیت بە کاوێژکردن لەسەر لایەنە ناشیرین و چەوتەکانی نێو مێژووی کۆمەڵگە و هێزەکان، رەوایی بەشەڕی نامەعریفی خۆت بدەیت، لە پێناو بوون بە پاڵەوان، بەڵام هەمان ئەو شتە بۆ ئەو هێز و کایەیە بە رووڕەشی و شەرمەزاری بزانی، کە هەندێ جار لەو ململانێ و کێبەرکێیەی لەگەڵ تۆی ئازادیخواز و لێبوردە و جیاوازی قبوڵ کەر دەیکات، دەست بباتەوە نێو توێشوو و هەگبەی مێژووی سەروەرییەکانی، کە زۆرجار دوور نییە زۆرێک لەو سەروەرییانە بەشی (رووناکبیران)یشی تێدابێت، روونتر بۆ خۆت رەوا بێ لە نێو مێژوو و دوێنێدا گەمە بکەیت و بەشێکی بچوکی ئەمڕۆ بە فلسێکی سووتاو نەکڕی و لەلاشت قەباحەت بێت بەرامبەرەکەت بگەڕێتەوە سەر بەشێکی ئەو مێژووەی، کە تۆ هەر دیوێکیانت بینیووە، یان راستر بڵێین بە ئەنقەست دەتەوێ تەنها ئەو دیوەی مەبەستتە ببینی، کە ئەمەش بە تێگەیشتنی (لاینۆ) رێک بەو مانایە دێت، مافی ئەوە بە خۆت دەدەیت « گەمە بە سیاسی بکەیت، بەبێ ئەوەی ئاگری سیاسەت بتسوتێنێ»، ئەگەریش پرشکێکی ئەوت بەرکەوت، دونیات

لێ بێتەوە یەک و رستێک دەستەواژەی لە چەشنی (جەردە، جەلـلاد، دیکتاتۆر، تۆتالیتار، فاشی، گەندەڵ، خائین، کوێر و نەزان و.....) بە باڵایدا ببڕیت و راستی ئەو کۆجیتۆیەی (فرۆم)یش، نەک هەر لە بیری خۆت بەریتەوە، بەڵکو خەڵکیش بەو خۆ نەبانکردنەت چاوبەست بکەیت، کە دەڵێ «ئەو هێرشەی بەناوی دژە فاشیزم دەکرێتە سەر ئازادی، بە هەمان ئەندازەی هێرشی فاشیزم مەترسیدارە«.

تۆدۆرۆف دەڵێ « هەڵبژاردنی وتوێژ، واتە دوورکەوتنەوە لە هەر دوو جۆری توندوتیژی، کە ئەوانیش بریتین لە موناجاتی خود-مەنەلۆج- و شەڕ»، ئەگەر بە دیوێکدا ئەو قسەیەی تۆدۆرۆف بۆ واقیعی کوردستان ورد بکەینەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان دەگەینە ئەوەی، کە لۆژیکی وتوێژ لە ناو ئێمەدا شێوێنراوە و لەوە زیاتریش هەوڵ دەدرێ دیوە راست و تەندروستەکەی لە بیری خەڵک ببردرێتەوە، مەگەر زۆرینەی نووسینەکانمان، ئەوانەی شاباشی ئازادی و کرانەوە و قبوڵکردنی جیاوازی و بەیەکەوەژیانیان تیادا کراوە، پڕ نین لە توندوتیژی و هەڕەشە و سوکایەتیکردن بە بەرامبەر و بە سفرکردنەوەی جیاوازەکان، بە جۆرێک هەناسەسوارییەکی تا ئەوپەڕ بە نووسین و گوتاری کایەی (رووناکبیری)یەوە دیارە و دونیای لە خۆی و خەڵک وێک هێناوەتەوە و دەیەوێ پێمان بڵێ، هەرچی مانا و بەهای مرۆییە لێرە نەماوە و ئەگەر من فریای نەکەوم کارەسات دەقەومێ، چونکە ئێرە جەنگەڵێکە و دەوروبەرمان لە درندە بترازێ شتێکی تر نین.. وتوێژێکە جگە لە دووبارەبوونەوە و خۆجوینەوەیەکی بەردەوام، هاوکات پەنابردنە بۆ جۆرە شەڕکردنێک، کە بواری بۆ ناوبژیکاری نەهێشتۆتەوە، واتە وەک چۆن ئەوان دەڵێن لە سای دەسەڵاتی کوردی کۆمەڵگە دابەش بۆتە سەر دوو چینی خواری خوارەوە و چینێکیش های لایف و کۆمەڵگەش بۆتە کۆیلەی نەزانی و جەهل و نەریت و باوەڕی سواو، تا ئاستێکی زۆر و بە هەمان شێوەش، کایەی (رووناکبیری) کوردی بەو گوتارەی هەیەتی هەمان هەلومەرج و وێرانتریش، بەڵام بە جۆرێکی دیکەی بەرهەم هێناوە و هەوڵی گەلاڵە کردنی تێگەیشتنێکیش دەدات، کە خەڵک بگاتە ئەو بڕوایەی لە نێوان ئەوی رەخنەگر و ئازادیخواز و ئەمی دەسەڵات و کاراکتەرەکانیدا، لە نێوان ئەوی ژیاندۆست و ئەمی کۆمەڵگەی مەرگ دۆستدا، دووانەی کۆیلەدار و ئازادیخوا.. گوێڕایەڵ و سەربەخۆ..ترسنۆک و بوێر.. ماستاوچی و راستگۆ.. چاو لەدەست و بەخشندە.. خۆپەرست و خودنەویست....هتد، هاوکێشەیەکە یەکلا بۆتەوە،

کـه ئەمـەش لۆژیکێکـە کوشـندە و فاشـی تـر لـە گوتـاری دەسـەڵات و تارماییەکانـی نەریـت و باوەڕسـالاری کۆمەڵگـە، لـەو نێـوەدا زۆرجـار لـە بـری گوتـاری ڕەخنەیـی، هەسـت بـە بزمـاری لـە خاچدانـی ئـەوی بەرامبـەر و لـە جیاتـی هەناسـەی قبوڵکردنـی جیـاوازی، تـام بـە ژەهـری سـڕینەوەی جیـاوازی دەکەیـن.. لـە شـوێنی بەرهەمهێنانـی مەعریفـەدا، بـۆن بـە ڕشـانەوەی جنێـو و تەشـهیر دەکەیـن و لـە بەرامبـەر بانگەشـە و دروشـمەکانی ژیاندۆسـتیدا، ئـاوازی بـە سـفرکردنەوە و کوشـتنی ئەویتـر دەژنەویـن، بـە کورتـی خەریکـە گوتـاری ڕۆشـنبیری کـوردی لـە بـری بەرهەمێنانـی مەعریفـە دەگـۆڕێ بـۆ بەخشـینەوەی وەعـز، هـاوکات کاراکتـەری ڕۆشـنبیری لێـرە و لـەوێ لـە جیاتـی شـەیتانی فریـادڕەس، دەبێتـە فریشـتەیەکی بکـوژ!

لێـرەوە پێـم باشـە ئـەو قسـەیەی (لۆبـۆن) بکەمـە دەروازەیەکـی دی، تـا لەوێـوە وردتـر بچینـە نێـو باسـەکەمان، ناوبـراو دەڵـێ «بێهودەییـە هـەوڵ بدەیـن بـاوەڕ بـە ماسـی بێنیـن، کـە لـە وشـکانیدا بژیێـت، بـە بیانـوی ئـەوەی هەمـوو گیانـەوەران تێیـدا هەناسـە دەدەن»، جـا ئەگـەر هـەر لـە سـەرتاوە ئـەو هەوڵـەی ئێمـە لـە وروژاندنـی نێوەنـدی (ڕووناکبیـری) و زۆرێـک لەوانـەی بـە زۆری زۆردارەکـی خۆیـان پێیـەوە هەڵواسـیووە، بـەو لۆژیکـە بێـت، کـە ئـەوان ئـەو (ماسی)ـانەن نابـێ هەوڵـی قەناعـەت پێهێنانیـان بـدرێ، تاکـو بـۆ تاوێـک بێنـەوە وشـکانی و لەگەڵمانـدا بژیـن، ڕەنگـە بـەردەوام بـوون، یـان ڕوونتـر بڵێیـن کردنـەوەی ڕووبەڕێـک بـە ڕووی ئـەو پرسـە، ئاکامەکـەی خـوازراو نەبـێ، بـە مانایەکـی دی، ئەگـەر دوا بڕیـاری کایـەی (ڕووناکبیـری) کـوردی ئـەوە بێـت، کـە ئـەو چەشـنی ئـەو ماسـیەیە و ناتوانـێ جگـە لـە هەناسـەکانی نێـو ئـاو، بـە هیـچ هەناسـە و هەوایەکـی دیکـە بژیێـت و دونیـای ئـەو باشـترین فـەزای ژیـان و جوڵـە و گەشـەیە، لـە بەرامبەریشـدا پێویسـتە و حیکمەتـە، کـە هەمووومـان بـە کۆمەڵگـە و دەسـەڵاتەوە، وشـکایی و ڕووبـەری ئـازادی و مافـی مانـەوەی خۆمـان بـە جـێ بهێڵیـن و بیدەینـە دەسـت قـەدەری هەناسـەکانی ئـاو، ئـەوا دواجـار هەمووومـان زیـان مەنـد دەبیـن و دوور نییـە بـە ئاسـانی بڕژێینـەوە نێـو بۆتـەی یەکێـک و یەکێکـی دی و شـێوەی ئـەوان وەربگریـن، ڕوونتـر بڵێیـن ئەگـەر بیـر لـەوە نەکەینـەوە کـە دەشـێ هەمووومـان بـە کۆمەڵگـە و دەسـەڵات و ڕووناکبیرانـەوە، دەتوانیـن بـە دوو هەناسـەی جیـاوازی نێـو وشـکانی و ئـاو، درێـژە بـە مانـەوە و سـوڕی ژیانمـان بدەیـن، ئیـدی دوور نییـە لـە ماوەیەکـی کورتـدا بەشـێکمان لـە نـاو ئـاو و ئەوانـەی تریـش لـە وشـکانیدا لـە

بەرامبەر قولاپی ماسیگر و داوی راوکەرێکدا هەناسەبڕ بین و بخنکێین (خنکان بە مانا فسیۆلۆژییەکەی مەرگ نا، بەڵکو بە مانای چوونە ژێرباری حوکم و لۆژیکی ئەو ماسیگر و راوچیە نامۆیانەی، بە درێژایی مێژوو و بە دەیەها شێوازی دڕندەیی نەیانتوانی هەناسە و بوونمان خەفە بکەن، بەڵام لەو دەرفەتی خۆ ونکردنەی خۆماندا، هەل وەردەگرن ناچار بە هەناسەکانی خۆیانمان بکەن).

لە راستیدا و لەم نووسینەدا دەمانەوێ زیاتر لە گۆشەنیگایەکی گوماناوییەوە (نەک یەقین و حوکمی رەها) بڕوانینە ئەو هاوکێشەیە، بۆیەشە بەو شێوەیە گریمانە و ئەگەری ئەوە دەخەینەڕوو، کە دوور نییە کایەی (رووناکبیری) کوردی هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی تر لە دەرەوەی بیرکردنەوەی خۆی رەت بکاتەوە و قبوڵی ئەو شێوە هەناسە دانەی ئێمەی نەبێ لە وشکانیدا ( ئەوە نییە ئەویش خەریکە بە میزاجی خۆی و واعیز ئاسا وەزیفە و شوناس بەسەر کەس و کایەکاندا دەبەشێتەوە) ، کە هەوڵ دەدەین لێرەدا و لەبەر خاتر و چاوی ئەوان، هاوکێشەکە بە هەردوو رووبەری هەناسەدانی ئازادی (ئاو) و رووبەری هەناسەدانی دەسەڵات (وشکانی) ناودێریان بکەین، لەو دیدگایەوە کە ئاو سەرچاوەی ژیان و مانەوەیە و هەمیشە وشکانی هەڵگری ئەگەری زیاتری فەوتان و مردنە، کە دیارە بەو لۆژیکەی ئەوان، ژیان و بەردەوامی و گەشەکردن بە شێوەیەکی رەها لە رووبەری (ئاو)دا کورت دەبێتەوە و پێویست دەکات دەستبەرداری سەوزایی و دارستان و سروشتی وشکانی بین، ئەوە نییە لە ژێر ئاویشدا گیانەوەری دیکە و سەوزایی و دەوەنی بچوک بچوکیش هەن، واتە رێک مەترسی لە دایکبوونی ئەو لۆژیکەمان هەیە، کە ئەو کایەیە خەڵک و دەسەڵاتی پێ قەرزبار دەکاتەوە، ئەو لۆژیکەی دەڵێ «رۆحی سوڵتان چوارچێوەیەکە شێوە دەداتە سەرجەم خەڵکی دی — ریکا»، بەو مانایەی ئەو نێوەندەش دەیەوێ بەرمەبنای تێڕوانین و دونیابینی خۆی و لە میانی لە قاڵبدانماندا شێوەی ئەو وەربگرین و ببینەوە کۆپی ئەو، چونکە ئەو زمانەی ئەو پێی دەدوێ و ئەو مەبەستەی ئەو لە پشتی چەمکەکانەوە لێمانی دەشارێتەوە و ئامادە نییە بوێر و شەفافانە پێمانی بڵێ، ئەوەیە کە بچینە ژێر باری حوکمەکانی ئەو، بێگومان لێرە و لەوێ و لە نێو ژیانی گەلان لە دوێنێ و ئەمڕۆشماندا ئەزموون گەلی زۆر هەن، بەو لۆژیکە دەناسرێنەوە، (مۆریس باریس) وتەنی رووناکبیر دەبێتە ئەو تاکەی کە « خۆی بەوە قایل دەکات، کە پێویستە

کۆمـەڵ بـە پێـی لۆژیـک و هەڵوێسـتی ئـەو بوونـی هەبێـت». لـەم روانگەیەشـەوە ئـەوەی ئەمـڕۆ لـە کوردسـتان دەبینـرێ و هەسـتی پێدەکـرێ، غرورێکـی زیـاد لـە پێویسـتی ئـەو کایەیـە و شـانازیکردنییەتی بـەوەی، کـە ئـەو یەکـەم و دوا فریادڕەسـی کۆمەڵگەیـە، روونتـر بڵێیـن کـەم تـا زۆر خەریکـە گوتـار و بیرکردنـەوەی ناونـراو بـە (رووناکبیـری) لـە کوردسـتاندا، بـە ئاقـاری ئـەو تێگەیشـتنەی (برۆنتێـر)دا دەچـێ، کـە پێـی وایـە « رووناکبیـران پیاوانێکـن لـە نـاو تاقیگـە و کتێبخانەکانـدا دەژیـن، کەچـی دێـن و رێنماییمـان دەکـەن بـەرەو بوختانێکـی زۆر پـڕ و پووچـی سـەردەمەکەمان»، رەنگـە ئەگـەر ئـەوە دەسـتەبژێرێکی زۆر کەمـی کـوردی لـە بـارەی ژمـارەوە نەگرێتـەوە، ئـەوا زۆرینـەی زۆری کائینەکانـی ئـەو نێوەنـد و کایەیـە ئێسـتا نقوومـی ئـەو وەهـم و یۆتۆپیایـە بوونـە و گشـتگیرانە لـە بـاری هەمـوو شـتێکەوە حوکـم و بڕیـار دەبەشـنەوە و لـە بیریـان چۆتـەوە، یـان لەبیـری خۆیانـی دەبەنـەوە، کـە لـەو سـەردەمەدا رۆشـنبیر هـەر کـەس و هـەر کارە بێـت، پێویسـتە تێبـگات و بزانـێ بەزمانێـک بـدوێ، کـە « تیایـدا پسـپۆری پەیـدا کـردووە و بـە تەنهـا بـۆ ئەندامانـی هەمـان بـوار شـیاوی سـوود لێوەرگرتنـە – ئیڤلیـن گۆڵدنـەر»، بـە مانایەکـی گونجـا و و دروسـتتر، پێویسـتە رۆشـنبیر بـەو چـاوە خـۆی ببینـێ و ئـەو تێگەیشـتنە لای خەڵـک بـۆ خـۆی دروسـت بـکات، وەک ئـەوەی (ئیـدوارد سـەعید) لـە بـارەی (سـارتەر) قسـە دەکات و دەڵـێ « ئـەو وەکـو ئادەمیـزاد قابیلـی هەڵەکردنـە، نـەک کەسـێکی وەعـز دەر و مامۆسـتای ئـاکار».. کەوابێـت دەشـێ و ئاسـاییە و بگـرە مافێکـی سروشـتی و سـەرەتایی رۆشـنبیرە لـە بەرامبـەر دەسـەڵات و کۆمەڵگـە و خەوشـەکانیان حەقیقـەت بڵـێ و (بینـدا) گوتەنـی لـە توواناشـیدایە ئـەو حەقیقەتـە بڵـێ، بـەڵام هـاوکات جیـا لـەوەی ناکـرێ ئـەو رایانـەی خـۆی وەک حەقیقەتـی رەهـا بـۆ بەرامبەرەکانـی وێنـا بـکات، پێویستیشـە جۆرێـک لـە مەعریفـە بەرهـەم بێنـێ، ئـەوەی کـە (گرامشـی) رۆشـنبیر بـە «پیشەسـازی بەرهەمهێنانـی مەعریفـە« وێنـای دەکات، یـان وەک ئـەوەی کـە (ئیـدوارد سـەعید) دەڵـێ « ئامانجـی کاری رۆشـنبیرانە بەرزکردنـەوە و باڵاکردنـی ئـازادی و مەعریفـەی ئادەمیـزادە«، نـەک شـێواندن و کوێرکردنـی هوشـیاری مـرۆڤ و کەمکردنـەوە لـە ئـازادی و بەهـا مرۆییەکـەی.

«حەقیقـەت سوودبەخشـترین هەڵەیـە – نیچـە«، تـەوەری ناکۆکـی و ململانێـی نێـو مـرۆڤ و کایـەکان گەڕانـە بـەدوای حەقیقەتـدا، حەقیقەتیـش هەرگیـز بـە

دیوێکیـەوە دەرناکـەوێ و شـتێک و کەسـێکیش نییـە هەڵگـری حەقیقەتێکـی رەهـا بێـت، گـەڕان بـە دوای دۆزینـەوەی حەقیقـەت لـە میانـی گفتوگـۆ و وتوێـژی نێـوان حەقیقەتەکانـدا دەبێـت، نـەک لـە میانـی نمایشـکردنی خـۆت وەک خاوەنـی یەکـەم و دوا حەقیقەتـی رەهـا، ئـەو حەقیقەتـە گشـتگیرەی (سـوکرات) لـە شـکانی ئاوێنەیـەک و پارچەپارچەبوونـی وێنـای دەکات و هـەر پارچەیەکـی کەوتۆتـە دەسـتێک و هـەر کەسـە و بـە جۆرێـک خـۆی تیـا دەبینێتـەوە و تەوزیفـی دەکاتـەوە، پێشـکەوتن و کرانـەوەی هـەر کۆمەڵگەیەکیـش پەیوەسـتە بـە گـەڕان بـە دوای حەقیقـەت لـە میانـی گفتوگـۆ و یەکتـر خوێندنـەوە و رووبەڕووبوونـەوەی ئەوانیتـردا، گفتوگـۆ بـەر مەبنـای رێزگرتـن لـە جیـاوازی و دونیابینـی یەکتـری و رووبەڕووبوونەوەیـەک دوور لـە تونـدو تیـژی، رووبەڕووبوونەوەیـەک نەبێـت لەسـەر بنەمـای پاسـاودانەوەی پێشـکەوتن و راسـتگۆیی خـۆت بـە دواکەوتوویـی و هەڵـەی ئەوانـی تـر، وەک ئـەوەی پچڕاندنـی پەیوەندیـش نەبێـت بـەوی دیکـەی بەرامبـەرت، چونکـە « پێشـکەوتن لەسـەر بنەمـای لێکۆڵینـەوە لـەو رێـگا و شـێوازە دێتـە دی، کـە دەتوانـێ پەیوەنـدی تایبەتـی مـن و ئـەوی دیکـەی جیـاواز، بکاتـە پەیوەندییەکـی ئەرێنـی — مارکـۆزە« . کـە باسـیش لـە توندوتیـژی گفتوگـۆ و رووبەڕووبوونـەوە دەکەیـن، مەبەسـت دیـوە مەعنـەوی و ئاماژەییەکـەی توندوتیژییـە، توندوتیژییـەک کـە دوور نییـە رەنگدانـەوە نەرێنییەکانـی لەسـەر بـاری دەروونـی و کۆمەڵایەتـی ئـەوی دی جیـاواز، ئەگـەر لـە توندوتیـژی جەسـتەیی زیاتـر نەبێـت، کەمتـر نەبـێ، توندوتیـژی لـە دواندنیـدا .. زبـری لـە هێنانـە قسـەیدا.. سـوکایەتی پێکردنـی لـە میانـی وێناکردنیـدا.. بـوار نەهێشـتنەوە بـۆ ئـەوەی وەڵامـت بداتـەوە و ....،، کـە بەداخـەوە ئەمـڕۆی گوتـاری رۆشـنبیری کـوردی لـە بەرامبـەر دەسـەڵات و کۆمەڵگـە (دەسـەڵات و کۆمەڵگەیـەک، کـە خاڵـی نیـن لـە هەڵـە و دۆگمـا)، لێوانلێـوە لـەو شـێوە توندوتیژییـەی بـواری بەرگریکردنـی بـۆ هیچیـان نەهێشـتۆتەوە.. ئەمێسـتا هێنـدەی هەناسەسـواری و گـرژی هـزری بـەو گوتـارەوە دیـارە، کەمتـر شـێنەیی و عەقڵانییەتـی پێـوە دەبینیـن، ئەوەنـدەی جنێـو و سـوکایەتی پێکـردن دەخوێنینـەوە، نیـو ئەوەنـدە بوارێـک بـۆ زمانـی لۆژیـک شـک نابەیـن!

وەکوتـر و هـەر لـە چوارچێـوەی ئـەو هاوکێشـەیەدا بنەمایەکـی زۆر گرنـگ دێتـە پێشـەوە، ئەویـش ئەوەیـە، کـە ئـازادی دیوێکـی دیکـەی سەرخسـتنی پرۆسـەی گـەڕان

بـه دوای دۆزینـەوەی حەقیقەتـە، وەک ئـەوەی بەبـێ بوونـی ئـازادی قسـەکردن و فراوانکردنـی رووبـەری ئـەو ئازادییـە بـۆ کەسـەکان، گەیشـتن بـە دۆزینـەوەی حەقیقەتـی دیکـەی جیـاواز لـە حەقیقەتـی بـاو و سـەپێنراو، نوکتەیەکـی بـێ مانایـە و گەشـە و پێشـکەوتن و کرانـەوەی کۆمەڵگـە دەبنـە خەونێکـی نـەزۆک، هـاوکات تێنەگەیشـتن، یـان روونتـر بڵێیـن نەزانینـی بەکارهێنانـی ئـەو ئازادییـە و بـە هەڵـە قۆسـتنەوە و سـوود وەرگرتـن لـە رووبەرەکـەی، ئەمـەش بـە رۆڵـی خـۆی کارەساتێک دەنێتـەوە، چونکـە ئەگـەر بڕیـارە ئـازادی کۆڵەگەیەکـی سـەرەکی دیموکراسـی بێـت، ئـەوا نابێـت ئـەو راسـتییەش لـە بیـری خۆمـان بەرینـەوە، کـە هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی دیـوی دووەمـی ئازادییـە، واتـە ئـازادی بەبـێ ئـەو هەسـتە بـەرەو بەرەڵڵایـی و گـەرەلاوژە سـەر دەکێشـێ. بـە مانایەکـی دیکـە وەک ئـەوەی نابـێ بڕوامـان بـە بوونـی حەقیقەتێکـی رەهـا هەبێـت و ئـەوە بزانیـن کـە ئـازادی گرەنتییـە بـۆ گەیشـتن بـە هـەر حەقیقەتێـک، هـاوکات پێویسـتە درک بـەوەش بکەیـن، کـە خـودی ئازادیـش شـتێکی رەهـا نییـە، ئـازادی رەهـا واتـە فـەوزا و بێسـەرووبەری، واتـە هەسـتنەکردن بـە بەرپرسـیارێتی لـە رێزنـان لـە ئـازادی و بەهـای بەرامبەرەکانمـان، خـودی ئـەو رێژەیـی بوونـەی ئازادیـش مانـای ئەوەیـە، کـە ناشـێ هیـچ کـەس لـە رەفتـار و هەڵسـوکەوتیدا رەهـا بێـت، بـەو پێیـەی «ئـازادی بریتییـە لـە دەرچـوون لـە هەندێـک سیسـتەم و پیادەکـردن و رێزگرتنـی هەندێکـی تریـان — برتراند راسـل». هاوسـەنگ بوونـی ئـەو ئازادییـە لـە نێـوان مـن و تـۆی جیـاوازدا، ئاماژەیەکـە بـۆ بوونێکـی سـەربەخۆ و تەندروسـتی هـەر یەکێکمـان لـە بەرامبـەر ئـەوی تـردا، نیشـانەیە بـۆ ئـەوەی کـە دەتوانیـن بـە کـۆی جیاوازییەکانمـان و لـە سـەر بنەمـای رێزگرتـن لـە بوونـی مرۆییانـەی یەکتـری، بەیەکـەوە بژیـن و داهێنـان بکەیـن و پێـش بکەویـن، لـە دەرەوەی ئـەو هاوکێشـەیە و هـەر چەشـنە سـەپاندنێکی زۆرەملێیانـەی مـاف و حەقیقەتـی یەکێکمـان بەسـەر ئـەوی تـردا، گەیشـتن بـە کۆمەڵگەیەکـی کـراوە ئەسـتەمە، ئینجـا ئـەو سـەپاندنە زۆرەملێییـە لـە رێگـای هێـزەوە بێـت، یـان زمـان.. لـە میانـی کوشـتنی جەسـتەییەوە بێـت، یـان بـە سـفرکردنەوەی بـوون و ئامادەیـی مەعنـەوی بێـت.. بـە هـۆی گوللـەوە بـێ، یاخـود وشـە، ئـەوا هـەر مانایەکـی هەیـە، کـە ئەویـش قبـوڵ نەکردنـی جیـاوازی و بوونـی ویسـتی پاوانخـوازی و حـەزی قۆرخکردنـی حەقیقـەت و بـە مێگـەل سـەیرکردنی بەرامبەرەکانـە. واتـە ئـەوەی کـە دەسـەڵات لـە رێگـای دامەزراوەکانـی و ئامرازەکانییـەوە بەرامبـەر خەڵکـی دەیـکات

و تـۆی رۆشـنبیر نـاوی دەنێـی فاشـیزم و بـە مێگەلکردنـی کۆمەڵگـە، لـە بەرامبـەردا تـۆ دێیـت و لـە میانـی بەلاغەتـی زمـان و فرێدانـی چەمکگەلێکـەوە دژی دەسـەڵات و سیسـتەم و فۆرمـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵگـە، بـە حوکمێکـی رەهـا و پێشـوەختە دەینووسـیتەوە، هەمـان ئـەو فاشـیزم و بـە مێگەلکردنەیـە، بـەڵام رەنگـە ئـەوەی تـۆ مۆدێـرن تـر بێـت!!

کەوابێـت ئـازادی را دەربڕیـن و گوزارشـتکرن و بـاوەڕ، بەبـێ رێکخسـتن ( بـە چەمکـە راسـلیەکەی)، جگـە لـە فاشـیزمی گوتـار و دیکاتۆرییەتـی وشـە، مەعریفەیەکـی مرۆیـی جوانتــر و هوشــیارییەکی کۆمەڵایەتــی تەندروســتتر و فەزایەکــی بەیەکەوەژیانــی ژیاندۆسـت تـر لـەوەی دەسـەڵات و نەریـت و باوەڕسـالاری کۆمەڵگـە بەرهـەم ناهێنـێ و تـا دێـت خەونـی کرانـەوە و پێشـکەوتن دوور و دوورتـر و مەحاڵتـر دەکاتـەوە، کـە هـەر ئەمەشـە وایکـردووە (پۆپـەر) بڵـێ « ئـازادی رەهـا بـێ مانایـە، ئێمـە پێویسـتیمان بـە کۆمەڵگایەکـە تیایـدا ئـازادی هـەر تاکێـک لەگـەڵ ئـازادی ئەوانیتـردا تەبـا بێـت، تەبایـی و پێکەوەبوونـی ئـازادی مـن لەگـەڵ ئـازادی تـۆدا بەسـتراوەتەوە بـەوەوە، کـە هەردووکمـان تەندوتیـژی بەرامبـەری یەکتـری رەت بکەینـەوە«، ئەمـەش دووپاتکردنـەوەی هەمـان ئـەو دیدگایـەی (پۆپـەر) خۆیەتـی، کـە پێـی وایـە، لـە هـەر کۆمەڵگایەکـدا تـاک و کایەکانـی دەسـتبەرداری بانگەشـەی حەقیقەتـی رەهـا و خەونـی مومارەسـەی ئـازادی رەهـا بـن و شـێوە ژیانێکـی هاوسـەنگی لـە بـاری حەقیقـەت و ئازادیـدا تێیـدا بێتـەدی، کۆمەڵگەیەکـی تەندروسـتە، یـان باشـتر بڵێـن، ئـەو کۆمەڵگایـەی کـە دەکـرێ ئـەو جـۆرە ژیانـە هاوسـەنگەی تێـدا پەیـڕەو بکـرێ، کۆمەڵگـەی کراوەیـە.

(کامـۆ) دەڵـێ « رۆڵـی مـن ئـەوە نییـە جیهـان یـان مرۆڤایەتـی بگـۆڕم، چونکـە نـە هێنـدە چاکـم و نـە ئـەو داناییەشـم هەیـە شـیاوی ئـەو کارەم بـکات»، ئـەم قسـەیەی ئـەو بلیمەتـە لـە کاتێکدایـە، کـە کایـەی بەنـاو (ڕووناکبیـری) کـوردی بـەو هەمـوو خـەوش و هەڵانـەی خۆیـەوە، بـەو هەڵچـوون و تووڕەییـەی، بـەو هەژارییـە مەعریفییـەی، بـەو ئەزموونـە کـرچ و کاڵ و دووبـارە کاوێژکردنەوانـەی لەسـەر کولتـور و ئەزموونـی ئەوانـی دی جیـاواز لـە جوگرافیـا و ژینگـە و شـوێنکاتەکانی دونیـای خـۆی، دەیـەوێ خۆیمـان وەک سـوپەرمان و رزگارکـەر نیشـان بـدات، ئـەو لەبـری خسـتنەڕووی دونیابینــی و میکانیزمەکانــی چارەســەری و ئەلتەرناتیڤەکانــی خــۆی لــە بەرامبــەر

واقیعـی بـاودا، دێـت و کار لەسـەر سـەلماندنی هەڵـە و خەوشـی بەرامبەرەکانـی دەکات، ئـەو شـێوە بیرکردنـەوە و مامەڵەیەیشـی هـەر تەنها لەگـەڵ دەسـەڵات نییـە، بگـرە لـە نێـو خۆیـان و لەگـەڵ کـۆی کایـە کولتـوریو کۆمەڵایەتییەکانـی دیکـەی کۆمەڵـگادا پەیـڕەو دەکـەن، بەوەشـەوە ناوەسـتن و دێـن وەعـز و ئیرشـاد لـە میانـی خسـتنەرووی چەمکەگەلـی جیـاوازەوە بەسـەر خەڵکـدا دەبەشـنەوە و خۆیـان لـەوە دەبوێـرن کـە « شـتێکی زۆر ترسـناکە داوای ئامـۆژگاری بکەیـت، لـەوەش ترسـناکتر ئەوەیـە ئامـۆژگاری ببەخشـیت — پاولـۆ کۆیلیـۆ» . ئـەو شـێوە بیرکردنـەوە و دونیابینـی و مامەڵەیـەش ڕێـک دەمانبەتـەوە بـۆ ئـەو لۆژیـک و بنەمـا سـەقەتانەی ئەمـڕۆی کارکردنـی میدیـای کـوردی، کـە دەیـەوێ لـە میانییـەوە خـۆی وەک دەسـەڵاتی چـوارەم بناسـێنێ، واتـە بەلەبەرچـاو گرتنـی بـاری نـا جێگیـری سـایکۆلۆژی و نزمـی ئاسـتی هوشـیاری کۆمەڵگـە، کـەم تـا زۆر جـۆری ئـەو دونیابینـی و گوتـارە بەنـاو ڕەخنەییـە، بـە سـوود وەرگرتـن لـە ناکامڵـی ئـەو هوشـیارییەی خەڵـک و ختوکەدانیـان و بـۆ شـوێن پێـی خـۆ کردنـەوە لـە زاکیـرەی حەشـاماتدا، زیرەکانـە هاوتەریبـی سـتراتیژییەتی ئـەو میدیایـە کار دەکات، واتـە هێنـدەی گوتـاری خـۆ سـازاندن و گونجاندنـە، ئەوەنـدە گوتـاری ریفۆرمخـواز و کرانـەوە نییـە، بـە مانایەکـی دی و بـە لۆژیکـی (دۆلـۆز) بریتیـە لـە « گوتـاری خـۆ سـازدان لەگـەڵ مەرجەکانـی هۆیەکانـی ڕاگەیانـدن»، گوتارێکـە لـەو ڕێگەیـەوە وەک دوا گوتـار خـۆی نمایش دەکات، بـە زمانێـک کـە پێـی وایـە جگـە لـەو زمانێکـی دیکـە نییـە، یـان وەک ئـەوەی (تـۆدۆرۆف) لـە بـارەی کابـرای ماریانـی باسـی دەکات و دەڵـێ « لـەو یەقیەنـەی خـۆی کـە زمانـی ئـەو تاکـە زمانـی گەردوونـە، گەیشـتە ئـەو ئاکامـەی، کـە خەڵکـی تـر نازانـن قسـە بکـەن»، بێگومـان ئـەم لۆژیکـە تـاک ڕەهەنـد و ڕەهاگـەرا و شـەیتانییەش، بـواری ئـەوە ناهێڵێتـەوە بەرامبەرەکانـی، تەنانـەت بەرگـری لـە مافـی بـوون و مانـەوەی خۆیشـیان بکـەن، نـەک هـەر ئـەوە، بگـرە دەرفەتـی ئەوەیشـیان پـێ ڕەوا نابینـرێ هەڵـە و خەوشـەکانیان ڕاسـت بکەنـەوە .

ئەدۆنیـس دەبێـژێ « نوێگـەری بریتییـە لـە ململانێـی نێـوان ئـەو سیسـتەمەی لەسـەر دەسـەڵات بونیـاد نـراوە، لەگـەڵ ئـەو ویسـتەی دادوەرانـە بـۆ گۆڕینـی ئـەو سیسـتەمە کار دەکات»، بەمـەش لـە تـەک ڕێژەیـی حەقیقـەت و ئـازادی، بـۆ گەیشـتن بـە حەقیقەتێکـی نـوێ و جوانتـر و بـە مەبەسـتی خزمەتکـردن بـە بەهـا جوانەکانـی ژیـان و پێپەڕاندنـی دۆخـی نەویسـتراوی بـاو و دەسـەڵات و دونیابینـی زاڵـی دەرەوەی

خواستی کۆمەڵگە، کە کایەی رووناکبیری بانگەشەی بۆ دەکات، پێویست بە داوەرییەکی عادیلانە دەکات، چونکە بەبێ داوەرییەکی دادوەرییانە، بە چەشنێک تەواوی دیوی شتەکان ببینێ، ئەستەمە ئەو پرۆسەیەی بەناوی ریفۆرم و چاکسازی و رەخنەوە، سەردەکێشێتە نێو زەینی خەڵک، ببێتە جێگەی متمانە و باوەڕ، ئەو نادادپەروەرییەش زۆر بە روونی بە حوکمدانەکانی ئەو گوتارەی رۆشنبیری کوردییەوە دیارە، جارێک حوکم دان بە لۆژیکی بانێکە و دوو هەوا لەسەر هێزەکان، جارێکیشیان لەسەر بنەمای ئاوەژووکردنەوەی کۆمەڵێ راستی و بەدوادانەچوونیان، جارێکی تریش لەسەر بنەمای لۆژیکی برۆخێ، بمرێ....

بەهەرحاڵ، دەمێنێتەوە بڵێین، کۆی ئەو گلەییانەی نێوەند و کایەی رووناکبیری کوردی لە دەسەڵاتی هەیە، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، گوایە دەسەڵات وەک ئەختەبووت باڵی بەسەر کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانیدا کێشاوە و قۆرخ و پاوانی کردوون، دەسەڵاتێکە ئامادەیی کەمترین گفتوگۆ و وتوێژی تێدا نییە، دەسەڵاتێکە لۆژیکی رووبەرووبوونەوەی بریتییە لە پاساودانەوە و خۆدزینەوە و بەس، دەسەڵاتێکە لە دەلاقەی مێژووەوە هاتۆتە نێو ژیانی ئێمە و دەیەوێ هەر بە تارمایی ئەو رابردووەش خەونەکانمان بخاتە ژێر پێی گالیسکەی حەزە پاوانخوازە هەنووکەیی و ویستە دەسەڵات و رەهاگەرا ئاییندەییەکانی.. بە کورتی کایەی رووناکبیری کوردی دەیەوێ دەسەڵات بە تەنها یەک مانا و رەهەند و تاکە روێکەوە و بە پێوەری حەقیقەتی رەها و حوکمی پێشوەختەی خۆی و بۆ پاساودانەوەی خەوشەکانی وێنا بکات، کە ئەمەش دوور ونزیک پەیوەندی بە لۆژیکی رەخنە و گفتوگۆی مەعریفی بەرهەم هێن نییە، بەڵکو زێدەتر مراوەغەیەکی دوو سەرەیە، ئیتر یان بۆ خۆ کردنە پاڵەوان (کە ئیتر سەردەمی ئەفسانە و موعجیزە و پاڵەوانێتیش نەماوە)، یاخود بۆ رۆچوونە نێو گەمەکەیە، گەمەیەک ئیمتیاز بەرهەم بێنێ، واتە رێک وەک ئەو خوازبێنییەی لە بری دەرگای ئاوەڵا، لە پەنجەرەوە خۆی دەکا بە ماڵی دڵخوازەکەیدا!!

## عەلمانییەت و کۆمەڵی مەدەنی

کە باس دێتە سەر کۆمەڵی مەدەنی یەکڕاست بە فەلسەفەی سیاسی دەبەسترێتەوە و قسە دێتە سەر ئازادی و تاکگەرێتی و کۆمەڵێک چەمک و بەهای تر، کە پەیوەستن بە ئیرادە و عەقڵی سەربەخۆی تاک. لەم روانگەیەوە دەکرێ قسە لە عەلمانییەت (سکولاریزم) یش بکەین، وەک رایەڵێکی گرنگی کۆمەڵی مەدەنی. بەو پێیەی عەلمانییەت لە ناخیدا هەڵگری چەندین بەهایە، کە خودی کۆمەڵی مەدەنی جەختیان لەسەر دەکاتەوە. بە شێوەیەکی تر باسکردن لەو کۆمەڵگایە بەبێ باسکردنی عەلمانییەت نیوەناچڵ و نا کامڵە.

رەنگبێ کەسێک بپرسێ، باشە عەلمانییەتێک کە بەرهەمی ململانێی هەردوو دەسەڵاتی کڵێسا و دونیایی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپایە، چ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵی مەدەنییەوە هەیە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا زۆر بە کورتی دەبێژین، کە باس دێتە سەر سەدەکانی ناوەڕاست و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو زەمەنە، بە تەنها پەیوەست نییە بە خودی خۆرئاوا. چونکە زیاتر حاڵەتێکی زهنی و عەقڵی دۆمایە و لە شوێنکاتی جیا و بە رووخساری جیاواز خۆی نمایش دەکات. لە کۆمەڵگایەکدا کە ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان و عەقڵە ئیفیلیج و چەمک و بەها تەوتەمی و موقەدەسگەراییەکان لە ئارادا بن، ئەوا خەبات بۆ عەلمانییەت و شکاندنی ئەو تەلیسمانە دەبێتە بەشێک لە خەبات لە پێنوا هێنانەدی کۆمەڵی مەدەنی. چونکە عەلمانییەت لە جەوهەری خۆیدا داکۆکیکردنە لە ئازادی و عەقڵانییەت و توانشاکانی عەقڵ بەسەر سروشت و سەرجەم دیاردە مرۆییەکان و خوێندنەوەی شتەکان. بەم چەشنە عەلمانییەت بە کۆی ناوەڕۆک و پێکهات و رەهەند و خەسڵەت و ئامانج و تایبەتمەندییەکانی، بەشێکە لە رێڕەوی وبنیادنانی کۆمەڵەی مەدەنی.

بەم پێودانگە، لە وڵاتێکدا هێشتا ئەفسانە و قەدەر حوکمی ژیانی بکات و تاکەکانی شانازی بە ئینتیمای مەزهەبی و تەریقەت و خێڵەوە بکەن. باسکردن لە

مەدەنییــەت لــە چاوەبســەت کردنــی خەڵــک بتــرازێ، شــتێکی تــر نییــە.
عەلمانییــەت دیاردەیەکــی مێژوویــی، سیاســی، کۆمەڵایەتــی، فەرهەنگییــە، چارەســەری زۆربــەری ئــەو کێشــانە دەکات، کــە پەیزوەســتن بــە عەقڵانییــەت و رۆشــنگەری و سیســتەمی دیموکراســی. ئەمــەش بــە مەبەســتی بەشــداریی کردنێکــی کارا و بەرهەــم هێــن لــە پێنــاو بونیادنانــی ئێســتاو ئایننــدەی کۆمەڵــگا. عەلمانییــەت هەڵوێســتێکە پەیوەســت بــە مەرجەکانــی مەعریفــە و پرۆســەی ژیانــی مرۆڤایەتــی و مۆمەڵــە بەهایەکــی عەقڵییــە و جەخــت لەســەر زامنکردنــی ســەربەخۆیی و ئــازادی عەقــڵ و توانــا و کارکردەکانی دەکاتــەوە بەســەر ســەرجەم بوارەکانی ژیــان. عەلمانییە لێکۆڵینــەوەی لــە مەعریفــە، ئایینیــش کــە کایەیەکــی مەعریفییــە، دێــت زانســتییانەی لێــی دەکۆڵێتــەوە , بــە واتایەکــی تــر عەلمانییــەت کۆمەڵــە ئامادەکارییەکــی سیســتەماتیکییە و زادەی ململانێیەکــی مێژوویــی دوور و درێــژی نێــوان هــەردوو دەســەڵاتی ئایینــیو دونیاییــە و ئامانجیشــی پچڕاندنــی ئــەو بەگژیەکداچوونــەی نێــوان ئــەم دوو دەســەڵاتەیە.
ئەمــە وێــڕای جیاکردنــەوەی ئاییــن ەل دەوڵــەت و نەهێشــتنی هەژمــوون و کاریگــەری پیاوانــی ئایینــی بەســەر بڕیــاری سیاســی و بێلایــەن بوونــی دەوڵــەت بــە ســەرجەم ئامــراز و دامەزراوەکانــی لــە ئایینــەکان. بێگومــان بەمــەش ئــازادی فیکــر و رادەربڕیــن و بیــروڕای سیاســی و ئایینــی زامــن دەکات و رێــگا لــە تێگەیشــتنی تەوتەمــی و موقەدەســگەرایی و حەقیقەتــی رەهاگــەری و دەســەڵاتێک و بگــرە تاکــە کەســێک دەگرێــت. بــەم پێیــە عەلمانییــەت بــە تەنهــا بــۆ رزگاربــوون لــە ســەدە تاریکەکانــی ناوەڕاســتی ئەوروپــا زەرور و پێویســت نەبــووە وەکــو دەرهاویشــتەی ئــەو شــوێنکاتە، بەڵکــو بــۆ رزگاربــوون لــە دەمارگیــری ئایینــی و دۆگماتیزمــی فیکــری پێویســتە. ســەدەکانی ناوەڕاســت لــە خەســڵەتەکانیدا تەنهــا تایبــەت نییــە بــە کۆمەڵــگای خۆرئــاوا، بەڵکــو حاڵەتێکــی زهنــی و عەقڵــە بەســتەڵەکە و لــە شــوێنکاتی جیــاواز و بــە مۆرکــی هەمەچەشــنە دەردەکــەوێ. لێــرەوە بزاڤــی عەلمانییــەت پێویســتییەکی بەردەوامــی هاوشــانی ئــەو هەلومەرجــە سۆســیۆ — سیاســییەیە، لەبــەر ئــەوەی عەلمانییــەت بــە گوێــرەی نــاوەڕۆک و پێکهاتــە و رەهەنــد و تایبەتمەنییەکانــی و ئــەو رایەڵــو کۆڵەگانــەی لەســەریان بەنــدە، بەشــێکە لــە رێــڕەوی بونیادنانــی کۆمەڵــی مەدەنــی.
رەنگــە لێــرەدا پێویســت نــەکا جارێکــی تــر بپەرژێینــە ســەر هەنــدێ تــەوەری تــری پەیوەتــس بــە عەلمانییــەت، بەتایبەتــی ســاتە مێژوویەکانــی ســەرهەڵدان و گەشــەکردنی

عەلمانییــەت و رابەرابنــی خۆرئــاوا و ئــەو فاکتەرانــەی لــە پشــتی دەرکەوتنییــەوە بــوون ( باڵادەســتی کڵێســا، هەژموونــی پیاوانــی ئایینــی بەســەر بڕیــاری سیاســی و ژیانــی کۆمــەڵ، گرنگیــدان بــە زانســتە مرۆییــەکان، دۆزینــەوە زانســتییەکان). چونکــە لــە شــوێنی تــر باســمان کــردووە **. جگــە لــەوەی دووبــارە کردنــەوەی ئــەو بابەتانــە و جوینەوەیــان خزمەتێــک بــە خوێنــەر نــاکات، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا جەخــت لەســەر ئــەوە دەکەینــەوە کــە ســەرجەمی رابــەر و رووناکبیرانــی خۆرئــاوا لــە کاتــی باســکردنی ئــەم چەنکــە زیاتــر پــێ لەســەر ئــازادی تاکەکــەس و ســەربەخۆیی عەقــڵ و رێژەیــی حەقیقەتــەکان دادەگــرن.

دیــارە عەلمانییــەت هــەر تەنهــا بــە ەبرگێکــەوە خــۆی نمایــش نــکات، یــان راســتتر بڵێیــن تاکــە رەهەندێکــی نییــە، تــا بــە هۆیــەوە نەیارانــی وەکــو بزاڤێکــی بەســەرچوو پێناســەی بکــەن، کــە ئەویــش ململانێــی هــەردوو دەســەڵاتی ئایینــی و دونیاییــە و بــۆ ئــەوەی بیکەنــە قەڵغنێــک بــۆ بەرگریکــردن لــە بۆچوونــە رەهاکانیــان و تۆمەتبارکردنــی خەڵکــی عەلمانــی بــە (گومــڕا)، بەڵکــو بزاڤــی عەلمانییــەت زیاتــر لــە رەهەندێــک بەخۆیــەوە دەگــرێ. رەهەندێکیــان ئەبســتیمییە، کــە پێداگرتنــە لەســەر بەردەوامــی پرۆســەی گــۆڕان لــە نێــو جەســتەی ژیانــی کۆمــەڵ. دووەمیــان راهێنانــی خەڵکــە و فێرکردنیانــە بــەوەی، کــە ئاییــن و دامەزراوەکانــی وەک هــەر بوارێکــی تــری ژیــان تایبەتمەنــدی خــۆی هەیــە و ناکــرێ ببێتــە بەشــێک لــە کــۆی پێکهاتــی ژینــا. بــە واتایەکــی تــر دامــەزراوە ئایینییــەکان زیاتــر پەیوەســتن بــە ئەرکەکانــی پەرســتن و ســرووتی رۆحــی و ناکــرێ باڵادەســت بــن بەســەر دەســەڵاتی وڵات و بەتایبەتیــش بــواری پــەروەردە و فێرکــردن. رەهەنــدی ســێیەمیان سیاســییە، کــە ئەویــش دابڕینــی ئایینــە لــە سیاســەت و بێلایــەن بوونــی دەوڵەتــە لــە ئاییــن، ئایینــەکان وەک پەیوەندییەکــی نێــوان تــاک و خــودای خــۆی. دوا رەهەنــدی عەلمانییــەت مۆڕاڵییــە، کــە ئەویــش گرێدانــی رەوشــت و بەهــا و ئــاکارە کۆمەڵایەتییەکانــە بــە ویژدانــی مــرۆڤ خــۆی و بــە مێــژوو و ژینگــەی کۆمەڵایەتــی.

لەلایەکی تــر، کــە لــە زەمینــەی واقیعــی ژیانــی سیاســی جیهانــدا دەبینیــن زۆربــەی ئــەو وڵاتانــەی کــە پیــادەی سیســتەمی عەلمانــی دەکــەن (بەتایبەتــی خۆرئــاوا) سیســتەمی زێــدە کــراوە و دیموکراســی و پێشــکەوتوون. نهێنــی ئــەو هەلومەرجــە و گرنگییەکــەی لــەوەدا نییــە کــە فــەزای ئایینــی و ســرووتە ئایینییــەکان لــەم وڵاتانــە ســنوور دارە،

نەخێر! بەڵکو وەک ئاماژەمان پێکرد، ئایین تەنها وەک پەیوەندی نێوان تاک و خودای خۆی دوور لە هەر کاریگەرییەکی بۆسەر بوارەکانی ژیان پیبادە دەکرێ. سەرکەوتنی عەلمانییەت لەوەدا خۆی بینیووەتەوە کە خودی خەسڵەتەکانی خۆی فاکتەرێکن بۆ گەشەسەندن و کرانەوە. چونکە لە چواەرچێوەی ئەو سیستەمانەدا زەمینەیەکی فراوانتری ئازادی لە بەردەم کۆمەڵ فرە ئایین و مەزهەب کراوەتەوە و دەوڵەت بە سەرجەمی دامەزراوەکانی خۆی لە ئایین و تیرە و رەگەزەکان بێلایەن گرتووە. یەکسانی بۆ سەرجەم هاووڵاتییان (نێر و مێ) لە بەردەم یاسا و لە هەلی کار و بەرپرسیارێتی و ئازادییەکان دەستەبەر کردووە. ئەم مامەڵەیەی دەوڵەتیش لەگەڵ تاکەکان دەرفەتی زیاتری بۆ ئازادی بیرورِا و سەربەخۆیی عەقڵ و داهێنان کردۆتەوە. بەم خەسڵەتانەشی، عەلمانییەت وەک ئەلتەرناتیڤی دۆگما و رەهایی، پەردە لەسەر ئامانجەکانی خۆی هەڵدەماڵێ و دەبێتە بەها و بزاڤێک، کە مرۆڤایەتی بەردەوام پێویستی پێبێت. ئەو ئامانجانەش لە رێرِەوی مامەڵەی سیستەمە عەلمانییەکان و تایبەتمەندییەکانی عەلمانییەت دەردەکەون.

ئازادی (بە سەرجەم مانا و رەهەندەکان) بەشێکی جیانەکراوەیە لە جەستەی ئەم بزاڤە. عەقڵ لە بۆتەی عەلمانییەتدا ئازادە لەوەی شیکردنەوەی زانستی بۆ بیروباوەرِ و ئایدیا (سیاسی، ئایینی)یەکان بکات و رەخنەیان لێبگرێت و بۆی هەیە قسە لە ئایین بکات، وەک کایەیەکی مەعریفی راڤەی بکات.

بە کورتی عەلمانییەت ئەو تێز و چەمکە سەقەت و ئیفلیجە نییە، کە هەندێ کەس وەک دژی ئایین دەیناسێنن، بەڵکو بە مەبەستی کەمکردنەوەی هەژموونی پیاوانی ئایینییە بەسەر ژیانی کۆمەڵگا و رێگرێکە لە بەردەم تەشەنەکردن و دەرکەوتنی چەمکی رەهایی و عەقڵییەتی موقەدەسگەرایی. ئەو راستییەش لە هەردوو رایەڵی سەرەکی عەلمانییەتدا خۆیان دەنوێنن، کە (عەقڵانییەت و دیموکراسی)ن. عەقڵانییەت وەک توانای عەقڵی تاک بۆ بیرکردنەوە و گۆرِان و داهێنان و خوێندنەوەی دیاردە سروشتییەکان و جیهان و رەتکردنەوەی حەقیقەتە رەهاکان و سەلماندنی رێژەیی لەو حەقیقەتانەدا. دیموکراسیش وەک سیستەمی بەرِێوەبردنی کۆمەڵ و زەمینەخۆشکەری ئازادییەکان. بۆیە ئاساییە هەرا و زەنای ئەمرِۆی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی بۆ مەدەنییەت تەنها کات کووشتن و چاوبەستکردنی خەڵک بێت. ئەمەش نەک تەنها لەبەر ئەوەی تەزکیەی حزبی

سـەرچاوەی ژیانـە، یـان بـۆ پێکەوەنانـی کۆمەڵـە و سـەندیکایەکی پیشـەیی، دەبـێ لـە پشـکنینی دەزگا ئەمنییـەکان دەرچیـت و ئینتیمـای سیاسـیت سـەلامەت بێـت، بەڵکـو لەبـەر ئەوەیـش لـە سـەدەی بیسـت و یـەک و سـەرەمی تەکنەلۆژیـا و جیهانـی زانسـت و مەعریفـە، هێشـتا لەبەرچـاوی دەسـەڵات بـە فتوایـەک نیـوەی شـارێک بـێ ئەخـلاق نیشـان دەدرێ و پیاوێکـی ئایینـی دەتوانـێ گۆڤارێکـی سـەربەخۆی گەنجانـە دابخـات و... هتـد.

ژێدەرەکان:


١. نحو مجتمع جيد، د. ناصيف نصار، دار الطليعة، بيروت، ساڵی ١٩٧٧

٢. الاسلام بين الدولة الدينية والدولة المدنية، خليل عبدالكريم، سينا للنشر. ط١، ١٩٩٥

٣. حوار حول العلمانية, د. فرج علي فودة

## به بۆنەی دەوڵەتەوە..
## لە بارەی سیکیولاریزم و بەها و ئازادیی مرۆڤ

بنەڕەتـی سیسـتـەمی سـیکیولار بریتییـە لـە گەڕاندنـەوەی شـکۆ (بـەر لـە مـاف) بـۆ مرۆڤـەکان. ئـەو شـکۆ مرۆییـەی بـە جۆرەهـا شـێوە تێکشـکێندراوە و پشـکی شـێریش لـە هێـزی تێکشـکاندنی شـکۆی مـرۆڤ , بـەر هەژمـوون و دەسـەڵاتی رەهـای ئایینـی و پیاوەکانـی دەکەوێـت. ئـازادی تـاک , ئازادییـە گشـتییەکان , وەک یەکـی مـرۆڤ لـە ئـەرک و مـاف و بەرابـەر و هاوتـا لـە بـەردەم یاسـادا , نەهێشـتنی جیـاوازی رەگـەزی و یەکسـانی نێـر و مـێ , تۆلێرانـس و لێبووردەیـی , بەیەکەوەژیـان و بەریـەک نەکەوتنـی جیاوازییـەکان..... , ئەمانـە و زۆر بەهـای دیکـەی بەرزیـش , کـرۆک سـیکیولاریزمن.

لـەم گۆشـەنیگایەوە، کۆمەڵـگای کوردسـتانی بـەر لـەوەی پێویسـتی بـە دەسـەڵاتی سـیکیولار هەبێـت , پێویسـتی بـە هوشـیاری و تێگەیشـتنێکی دروسـت هەیـە بـۆ چەمـک و ڕەهەندەکانـی سـیکیولاریزم. چونکـە بەبـێ تێگەیشـتنێکی دروسـت لـەو چەمکـە , ئەسـتەمە بـاوەڕ بـە تاکەکانـی کۆمەڵگەیـەک بکەیـت کـە نەریتگەرایـی و باوەڕسـالاری ڕۆچووەتـە خوێـن و خانەکانـی مێشـکیانەوە. واتـە کاتێـک هێشـتا کۆمەڵـگە پێـی وابێـت کـە سـیکیولاریزم یەکسـانە بەبـێ بـاوەڕی و دژایەتیکردنـی خـوا و ئاییـن و بـاوەڕ , ئاسـان نییـە چاوەڕێـی هاتنـەدی دەسـەڵاتێکی سـیکیولار بکەیـت کـە خـودی دەسـەڵات و کاراکتەرەکانیشـی , تـا مـۆخ لـەو قـوڕی تێگەیشـتنە سـەقەتە کۆمەڵایەتییـەدا چەقیـون.

هـەر بـەم پێودانگـە، کوردسـتان بـەم فرەڕەنگییـە ئیتنـی و ئایینـی و مەزهەبییـە , لـە هـەر کۆمەڵگایەکـی دیکـە زیاتر , پێویسـتی بە دەسـەڵاتیکی سـیکیولار هەیە کە شـتەکان بباتـەوە شـوێنی ڕاسـتەقینەی خۆیـان , بەتایبەتـی لـە پەیوەسـت بـە ئاییـن و دەسـەڵاتی ئایینـی نـاو کۆمەڵـگا کـە بـواری هیـچ ئازادییەکیـان بـۆ مرۆڤەکانـی نەهێشـتووەتەوە و مەحکومیـان کـردووە بـە حوکـم و پێشـمەرجە کەهەنووتییەکانـی خۆیانـەوە.

بانگەشـە و بوختانەکانـی ئەوانـەی دەیانـەوێ وا لـە کۆمەڵـگا بگەیەنـن کە سـیکیولاریزم ویسـتێکی ئیرادەرانەیـە بـۆ کۆنترۆڵکردنـی دەسـەڵات و لەوێشـەوە کۆتکردنـی هۆشـیاریی

نیوکۆیی کۆمەڵگا و بێدەنگ کردنی و لێسەندنەوەی شووناسی ئایینی لە مرۆڤەکان. دەی ئاخر بەم پێودانگە، سیستەمێک ئەوە پرەنسیپەکان و مۆراڵی بێت کە لەسەرەوە ئاماژەمان پی کردن، چ باکی بە قۆرخکردنی جومگەکانی دەسەڵات لە سەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا و تایەفە و خێڵ هەیە؟ چ باکی بە قۆرخکاری کایەکانی ژیان و دەستخستنە ئازادی و ژیانی مرۆڤەوە هەیە؟

لە ڕاستیدا ئەوە دژە سیکیولارەکانن کە سەدان تەوتەم و تەلیسمی کولتووری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دەوری مرۆڤدا دەتەنن و دەیکەنە کاراکتەرێکی پاسیڤ و لە بوون و بەهای مرۆیی و ئیرادە بەتاڵی دەکەنەوە. بۆ ئەمەش هەزاران بڕ و بیانووی دۆگم و چەقبەستوو دێننەوە و بە دەیان دەمامکی بەپیرۆزکراو هەوڵی لە مرۆڤخستنی تاک دەدەن و پاساوی وەهمی بۆ دادەتاشن , تەنیا بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤە و دواجار لە ڕێگای کوشتنی ڕۆحی و دەروونی تاکەکەسەوە , کۆی کۆمەڵگا بخەسێنن!

سیکیولاریزم کێشەی لەگەڵ ئایینداا نییە، بەڵکو لەگەڵ بەرهەمهێنانەوەی ئایینە لە پیناو لە پەلوپۆخستنی مرۆڤ خۆی. ئەگینا ئەوە شتێکی ئاساییە کە مرۆڤیک ئاتاج بە تێرکردنی پێداویستی و پڕکردنەوەی بۆشاییە ڕۆحییەکانێتی , ئیدی تۆ ناوی لێ دەنێیت ئایین , یان هەر شتێکی دیکە , بەڵام کاتێک ئایینێکی دیاریکراو و دامەزراوە و کاراکتەرەکانی دەیانەوێ خۆیان بە تاکە ئەلتەرناتیڤی پڕکردنەوەی بۆشاییە ڕۆحییەکانی مرۆڤ بزانن و ڕەهایی لە حەقیقەت و یەقیندا ببەشنەوە , ئەو کاتە بوارێک بۆ ویست و ئیرادەی خۆڕسکی مرۆڤەکان نامێنیتەوە , مافی هەڵبژاردنیان لێ زەوت دەکرێت , دەرگای بیرکردنەوەیان کڵۆم و توانای بڕیاردانیان لە چوارچێوە دەدرێت. جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت و دەوڵەت و بەتایبەتیش لە بواری پەروەردە , مەرجێکی سەرەکییە بۆ چرۆکردن و نەشونمای دروستی سیکیولاریزم. بەو مانایەی مرۆڤ ئازادە لە باوەڕداری و بێباوەڕی , ئاییندارى و بێ ئایینی و تەنانەت گۆڕینی دڵخواز و ئازادانەی ئایینیش. وردتر بڵێین بردنەوەی ئایین بۆ شوێنی ڕاستەقینەی خۆی و ڕادەستکردنەوەی بە تاک خۆی , کە چۆن ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆی و خواکەی , خۆی و پەرستراوەکەی ڕێک دەخاتەوە. کە خودا لە هەموو شوێنیکدا هەبێت , چ ئاتاج بەوەیە خودا لە گۆشەی پەرستگایەکدا بۆ مرۆڤ قەتیس بکەن؟ کێ ئەو مافەی بە کەس و دامەزراوەیەک داوە ببێتە

وەسی بەسەر مرۆڤەکان و وەکیلی خوا و باش چاوەشی یەزدان بەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤەکان؟ کاتێک ڕەوایی بە ئایین و پیاوەکانی و دامەزراوەکانی دەدرێت کە دەست بخەنە ورد و درشتی ژیانی کۆمەڵگا , ئەو مافە ڕەهایەیان پێ دەدرێت بەناو تەواوی جومگەکانی دەسەڵات و دەوڵەتدا شۆڕ ببنەوە , ئیدی مانایەک بۆ یاسا و سەروەری دەوڵەت و ئەرک و مافی هاووڵاتی نامێنێتەوە.

تەنانەت خودی دەوڵەت و دەوڵەتداری هەرگیز بە پێوانەی حەڵاڵ و حەرام بەڕێوە ناچێت. بەو پێیەی ئەوەی لە ڕوانگەی ئایینیی تۆ حەڵاڵە , ڕەنگە لە ڕوانگەی ئایینێکی دیکە حەرام بێت و پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە.

بۆ بەرچاوڕوونی ئەم تێگەیشتنە، خراپ نییە ئەو گاڵتەجارییەتان بیر بخەینەوە کە لەمەڕ پرسی قەرزکردنی پارە لەلایەن حکوومەتی هەرێم لە بانکی نێودەولەتی و کوێ و کوێی تر بینیمان. هەموومان بینیمان چۆن ئەم بابەتە کرایە (کراسی عوسمان) و بازرگانیی خواپەرستی و باوەڕداری بێ غەل و غەشی پێ کرا. تا ئەو ئاستەی حکومەتی کوردی لە ترسی فەتوا و وەعز و ئیرشادی حەڵاڵی و حەرامی , نەیوێرا پرۆژە یاسای مافی دەوڵەت لە قەرزکردنی پارە لە بانکی نێودەوڵەتی لە پەرلەمانی کوردستان تێپەڕێنێت. ئەوە ئەگەر ئەوپەڕی تەسلیم بوونی دەسەڵات نەبێت بە عەقڵییەتی کەهەنووتی , چییە؟ لەو یارییەدا بۆ مان دەرکەوت کە یاسا مەدەنییەکان و حوکمڕانێتیی مەدەنی چۆن لە بەردەم بۆچوونی ژەنگاوی و دۆگمی ژمارەیەک پەرلەمانتێر و بڕیارەکانی لیژنەی فەتوا بە چۆکدا هێندرا. ڕێک وەک کۆمیدیای حزبە کوردییەکان کە باس لە کرانەوە و مەدەنییەت و سەروەری یاسا و دادگاکان دەکەن , کەچی هێشتاش بارەگاکانی مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکانیان پان و پۆر و بەرز و قەرەباڵغتر دەبن و پڕتر دەبن لە ڕیش سپی و واعیزی ئایینی و کۆمەڵایەتی!

بەداخەوە گرفتێکی تر ئەوەیە کە بەدحاڵیبوونێکی کوشندە لە نێوان هەردوو بەرەی سیکیولار و دژەکەیاندا هەیە. لەوەش ترسناکتر , هەر دوو بەرە تەنیا خەریکی تۆمەت دروست کردنن بۆ یەکتری , هەردووکیان و هەر یەکە و بە میکانیزمێکەوە هەوڵی بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگا دەدەن. بۆیە دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو سیکیولارەی پێی وایە دەبێ ماف و ئازادی پەیڕەوکردنی ئایین لە کەسێک بسەندرێتەوە و ڕێز لە باوەڕی ئایینی خەڵک نەگیرێت , ئەوە دوژمنی سەرسەختی سیکیولاریزمە. ئەو

پیاوە ئایینییەش کە هەوڵ دەدات وێنای کوفر و ئیلحاد لە زاکیرەی کۆمەڵگادا بۆ کەسی سیکیولار بتاشێ , دەججالە!

کێشەکە باوەڕداری و بێباوەڕی , ئاییـنداری و بێ ئایینی نییە. گرفتەکە ئەوەیە مرۆڤ ئازادە لەوەی پەیرەوی لە ئایینێک دەکات , یان نا. ئەوە ئەرکی دەوڵەتە لە چوارچێوەی یاسایەکی مەدەنیدا مافی هەموو هاووڵاتییانی دابین بکات کە ئازادانە مومارەسەی سروتە ئایینییەکانیان بکەن و دەرفەتی یەکسان لەبەردەمی هەموو ئایین و ئایینزاکان خۆش بکات , بەوەی ئاستەنگیان نەیەتەڕێ , بەڵام ئەوەی کە ئایینێکی دیاریکراو بە هەر پاساوێکەوە بێت , بێت و لە بری دەوڵەت بڕیار لەسەر چارەنووسی تاکەکان بدات , ئەوە ناکرێ قەبووڵ بکرێت. دەی دەوڵەتی مەدەنی و کراوە کە کۆڵەگەکانی لەسەر مافەکانی مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ و سەروەری یاسا داکووتیبێت , دەبێ بوار و ماف و ئازادی ژیان بۆ هاووڵاتیێکیشی برەخسێنێ کە باوەڕی بە هیچ ئایینیک نییە و بەبێ ئەوەی کەسایەتی و بوون و بەهای مرۆییانەی بکەوێتە ژێر هەڕەشە و مەترسیی. بە پێچەوانەوە , سیکیولاریزم هێندەی زەمینەی بەیەکەوەژیانی جیاوازییەکان و کۆمەڵگایەکی هاوسەنگ و خاڵی لە ململانێ و بەریەک کەوتنی ئایدیۆلۆژی و ئایینی دەڕەخسێنێ , هەرگیز هۆکار و سەرچاوەی پەرتەوازەیی و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی نییە.

ئیدی شتەکە ئاوا بە هەڵە هاتووە و لێک دراوەتەوە , ئەگەرنا لە هیچ شوێنیکدا سیکیولاریزم و ئایین دژ و دوژمن ناکەونەوە. ئەوە کایە و دامەزراوە و پیاوانی ئایینین ئەو وەهمەیان لە مێشکی خەڵکدا چەقاندووە و هوشیارییان بەلاڕێدا بردوون , ئەمەش تەنیا لە پێناو رەوایەتیدان بە ڕەهاگەری و یەقین و تاک حەقیقەتی خۆیان.

لە کاتێکدا و بەرمەبنای سیکیولاریزم , ئایین مافێکی سروشتی و ئازادی مرۆڤە و وەک پەیوەندییێکی دوو سەرەی نێوان خۆی و خودای خۆی دەبێ ڕێزی لێ بگیردرێت , کەچی دامەزراوەی ئایین ئەو مافە بە بەرامبەرەکەی ڕەوا نابینێ نەچێتە ژێر بار و پێشمەرجی حەقیقەتی ڕەهای ئایینی , ئەو ڕەهاگەری و باوەڕسالارییەی کە لە دەرووەی خۆی , هیچ حەقیقەتیک و ڕاستییەکی تر نابینێ , یان ڕاستتر بڵێین باوەڕی بە هیچ حەقیقەت و ڕاستییەکی دیکەی دەرەوەی دونیابینی و باوەڕی ئایینیی خۆی نییە. بۆیەش دەبینین ئەوەندەی دامەزراوە و کاراکتەری ئایین کار لەسەر وەعز و تەلقین دەکات و یەقین و حەقیقەتی ڕەها و نەگۆڕ دەبەشێتەوە , هەرگیز ئامادە

نییە گوێ بگرێت و ڕەخنەگرتن لە گوتارەکەی , بە ڕەخنەگرتن لە خودا ناو دەبات و پیرۆزییەکانی بەسەر خۆی و گوتارەکەی تاپۆ کردوون.

زۆرجار باس لەوە دەکرێ کە سیکیولاریز مەترسییکی کوشندەیە بۆسەر باوەڕ و ئینتما و پابەندی ئایینی مرۆڤەکان و دەگووترێ هیچ گرەنتییێک نییە لە سای حوکمڕانییێتییێکی سیکیولاردا مرۆڤ بتوانێ ئازادانە مومارەسەی سرووت و باوەڕە ئایینییەکانی بکات. لەکاتێکدا ئەوە ئەزموونی سیستەمەکانی ڕۆژئاوا. ئەوەتا لە چوارچێوەی سیستەم و یاسا سیکیولارەکانی ڕۆژئاوادا بەریەک کەوتنێکی مەزهبی و ئایینی نابینی , بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوەی هەیە و خەریکە دەبێتە مەترسی بۆسەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و سیستەمی یاسا سەروەری لەو وڵاتە سیکیولارانەدا , هەر ئەو توندڕۆ ئایینانەن کە لێرە , لە دۆزەخی ڕۆژهەڵات , لە گۆمی بێدادی و چەوسانەوە و نابەرابەری و برسێتی هەڵاتوون و بە نایاسایی چوونەتە ئەوێ و مافی ژیان و هاووڵاتیبوونیشیان بە یاسا بۆ ڕێک خراوە , کەچی ئەوانەی گوایە لێرە لە دەستی ستەم و سەرکوتکاری ڕایان کردووە , خەریکە نەوای ئارام و یاسا سەروەری ئەوێ دەخەنە مەترسی و دەیانەوێ لەوێوە (فەتح)ی ئێرە دەست پێبکەنەوە!

ڕاستییەکەی ئەگەر بەو ئەتمۆسفیرە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەی لە بیرکردنەوە و دونیابینی دەسەڵاتی ئێرە , هیوای بەدی هاتنی دەسەڵاتێکی سیکیولار بخوازین , ئەوە خەیاڵ پڵاوییە. بەو پێیەی دەبێ دەسەڵاتی سیکیولار لە هەموو ئینتما بچووک و باو و ترسناکەکانی خێڵ و تایەفە و ئایدیۆلۆژیای دۆگم داماڵدرابێت. دەی دەسەڵات لێرە لە ڕۆژهەڵات بە گشتی , هێشتا بناغەکەی لەسەر ئەو داروپەردووەی خێڵگەرایی و دیوەخانچێتی و وەجاخزادەیی و بەرچاوتەنگی سیاسی و دۆگمی ئایدیۆلۆژی داندراوە , ئیدی لە جوگرافیایەکی ئاوا و لە سای ئەو پاشخانە کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەدا , گرەنتی کردنی هاتنەدی سیستەمێکی سیکیولار هەروا ئاسان نییە. ئاخر یەکەم شت ئەوەیە کە سیستەمی سیکیولار بڕوای بەم وردە ئینتما و دابەشکارییە سەقانە نییە , بەڵکو مرۆڤ و مافەکانی , مرۆڤ و ئازادییەکانی , مرۆڤ و شکۆ و بوون و بەهای مرۆییانەی , مرۆڤ و ویست و ئیرادەی بۆ بەیەکەوەژیان , چەقی گرنگی پێدانەکانییەتی. لە کاتێکدا لێرە دەسەڵات هێشتا ئاتاج بە وەعزی پەرستگاکان و ئۆتۆریتەی دیوەخان و پاڵپشتی وەجاخزادە و پیاوماقووڵە , بۆ مانەوە و بەردەوامی. ڕوونتر بڵێین لە جوگرافیایەکدا و لە سای

کولتوورێکی سیاسیدا کە مێگەلی بە چەق گرتووە , تا مرۆڤ و تاک , ئەو گرەنتییە ئەگەر مەحاڵ و کارێکی نەکردەش نەبێت , بەڵام شتێکی ئاسان نییە.

لەو نێوەدا دەبێ و زۆر گرنگە شتەکان تێکەڵ نەکەین، چۆن؟ توندڕۆیی و پەرگیری و دواجار خۆڕێکخستنەوەی لە چوارچێوەی ڕێکخستنی تیرۆریستیدا , چەندە پەیوەندی بە پاشخانی فیکری و ئایدیۆلۆژییەوە هەیە , دوو هێندەیش پەیوەندی بە هەلومەرجی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە هەیە. ڕوونتر بڵێین , ڕاستە ڕەگێکی توندڕۆیی و تیرۆر لەناو کێڵگەی فیکر و تیۆرەکان دایە , بەڵام ڕەگێکی هەرە قووڵتری لەناو کێڵگەی بەرهەمهێنانی جیاکاریی کۆمەڵایەتی , بێدادی , نایەکسانی , بێکاری , هەژاری , هەلومەرجی سەختی ژیان , سەرکوتکردنی ئازادی مرۆڤەکان دایە.

واتە بە قەد ئەوەی ڕەهاگەری و باوەڕسالاری ئایینی و بەردەوامی گوتاری توندڕۆیی بارگاوی بە تاکە حەقیقەت و یەقینێکی نەگۆڕ , ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی ئەو کەشەدا هەیە , هێندەش زیاتر بەردەوامی ستەم و نا ئامادەیی چەمکی هاوڵاتیبوون و هەستکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بە بێبەشی و پەراوێزخستن , ڕۆڵیان لە بەردەوامی ئەو دۆخە ئاڵۆزەدا بینیووە و دەبینن.

بۆیە ئیشی مرۆڤی سیکیولار پێش هەر شتێک ڕووبەڕووبوونەوەی جەوری سیاسی و ستەمی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی ئابووری و شەڕکردنی ئەو گوتارەیە کە مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ئینتمای حزبی و ئایدیۆلۆژی و پێگەی کۆمەڵایەتی دابەش دەکات. شەڕی مرۆڤی سیکیولار لەگەڵ ستەم و بێدادی و نابەرابەرییە. ئەرکی مرۆڤی سیکیولار ئەوەیە لە یەک کاتدا چۆن بەرگری لە مافی زەوتکراوی هاوبیری خۆی دەکات , ئاواش بەرگری لە مافی کەسێک بکات کە بە هۆی باوەڕ و ئینتما ئایینییەکەی دەچەوسێندرێتەوە. بۆ کەسی سیکیولار شکۆی مرۆڤ چەقە , ئیتر ئەو کەسە هەر ڕەنگ و ڕەگەز و بیروباوەڕێکی هەیە. ئەو لە یەک کاتدا دژی تۆتالیتاریزمی ئایینی و سیاسی , دژی توندڕۆیی ئایینی و دیکتاتۆریەتی سیستەمی سیاسیشە. دژی ئەوەیە ئایینداڕێک بەرامبەرەکەی لەسەر جیاوازیی ئایینی بە کافر ناودەبات و دژی ئەوەیشە کە ڕێز لە باوەڕی ئایینی کەسێکی ئایینـدار ناگرێت. بۆیە بەرهەمهێنان و هاتنەدی سیستەمێکی سیکیولار لە ناوچەکەدا پەیوەستە بە ڕاددەی ئامادەیی چوونە ژێر باری دەسەڵاتی سیاسی و گوتاری توندڕۆی ئایینی و

دامەزراوەی ئایینی و پیاوەکانی بۆ ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆڤ و ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکانی.

نوکتەیەکی کەس و هێزە توندڕۆ و پەرگیرە ئایینییەکانی ئێمە ئەوەیە کە لە ختوخۆڕایی بوختان بە حزبە کوردییەکان و دەسەڵاتی کوردستان دەکەن، بەوەی حزب و دەسەڵاتی عەلمانی (سکیولار)ن!. لەکاتێکدا نە حزبە کوردستانییەکان و نە ئەو دامەزراوانەی حوکمڕانی کە بەرهەمیان هێناون , سیکیولار نین. ڕاستییەکەی حزبە ئیسلامییەکان و تیۆریسیێنەکانیان و ڕەوتە پەڕگیرەکان و پیاوە ئایینییە واعیزەکان , لەو گەمە و گرەوەی لەسەر عەلمانی بوونی حزبەکان و حوکمڕانی کوردستان دەیکەن , پێشوەختە دۆڕاون. ئاخر هێشتا لەناو خودی ئەو حزبانە و کاراکتەرەکانی حوکمڕانیدا شەڕ و پێشبڕکێیە لەسەر ئەوەی کامیان زووتر و زیاتر لق و پۆپی خۆی دەباتەوە سەر درەختی ڕەگ داکووتاوی فلان مەزهەب و فیسار تەریقەت و ئەو شتانە. بۆیە ئەم بوختانەی حزبە ئیسلامییەکان و ئایینداره توندڕۆکانی کوردستان بە حزبەکانی دیکە و دەسەڵاتدارێتی کوردستانی دەکەن لە هەرزانفرۆشکردنی دروشم و بازاڕپەیداکردن زیاتر , هیچی دیکە نییە.

لەناو حزبی سیکیولاردا شوێنی مەکتەبی کۆمەڵایەتی و چەمکی خانەدان و نەجیبزادە و پیاوماقووڵ و وەجاخزادە نابێتەوە , بەڵکو مرۆڤ ئامانجە. وەک چۆن لەناو سیستەمی سیکیولاردا شوێنی دەزگای فەتوا و سەنتەری بڕیاری بەشینەوەی حەڵاڵ و حەرام نابێتەوە. حزب و سیستەمی سیکیولار مرۆڤ و کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ئینتمای ئایدیۆلۆژی و ئایینی و مەزهەبی دابەش ناکەن , یاسایەکی مەدەنی کە هەموو هاووڵاتییان بەیەک چاو دەبینێ و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات , هێڵی جیاکەرەوەی نێوانیانە.

بەهەرحاڵ، قسەی زۆر لەسەر ئەم بابەتە کراوە و لە ئاییندەشدا بەردەوامی دەبێت. وەلێ ئەوەی زۆر گرنگە و پێویستە وەک بەرچاوڕوونی لەبەردەم خوینەر و هاووڵاتیی کوردستاندا بێت ئەوەیە. هاووڵاتیبوون , بەرجەستەکردنی دادپەروەری , ئازادی ڕادەربڕین , بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ئاسایش , ڕەخساندنی هەل و دەرفەتی وەک یەکی کار و ژیان لە بەردەم هاووڵاتییاندا , ئازادی وەک یەکی ئاییندار و بێ ئایینی و نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی و ئیتنی و مەزهەبی و هەموو ئەوانە و زۆر بواری دیکە , سیستەمی سیکیولار لە چوارچێوەی یاسادا ڕێکیان

دەخات. یاسایەک سەروەر و وەک یەک بۆ هەمووان. بۆیە بەم چەشنە و لە سای سیستەمێکی وادا , ئەستەمە نەک تەنها ئایین , بگرە هیچ هێز و گوتارێکی دیکەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی بتوانێ ببێتە مایەی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ژیانی تاک و شکۆی مرۆڤەکانی نیشتمان.

# ئایدیۆلۆژیا، لە بۆتەدان و مەرگی مانا

«کە عەقڵ مرد، حەقیقەت دەبێتە
سەراب..کە ئازادیش مرد، ژیان پووچ و
بوون بێمانا دەبێت»

## قسەیەك لە دوێنێ..رامانێك لە ئەمڕۆ

قسـەکردن لـە بـارەی بونیـادی سۆسـیۆ — پۆلۆتیکـی رابـردووی کۆمەڵگـەی کـوردی و، بەرچاوخسـتنی دووبـارە بوونـەوەی هەمـان دیمەنەکانـی دوێنـێ لـە زەمەنـی ئێسـتا و دەرهاویشـتە و کاریگەرییـە ترسـناکەکانی ئـەو چـەق بەسـتنە مێژووییـە لەسـەر ئایینـدەی گەلەکەمـان و نەخشـەی سۆسـیۆلۆژی سـبەی کۆمەڵگاکەمـان، کارێکـە زیاتـر لـە هـەر کاتێـک پێویسـتی بـە جددییـەت و لەسـەر راوەسـتان هەیە..ئەمـەش سـبۆ شـیتەڵکردنی ئەندامـە گەنیوەکانـی جەسـتەی بونیـادی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵـگا و عەقڵـە سیاسـییە خەوتووەکـەی. بـە مەرجێـک قسـەکردنێک بێـت دوور لـە برینـدار کـردن و نەگەیشـتنی، هەنـگاوی دەسـت بـردن بـۆ سـەرجەم بونیـادە حەرامکـراوەکان لەبـەردەم عەقڵیەتـی سـەلەفی چەقبەسـتووی کۆمـەڵ بـە گشـتی و، جەمسـەرەکانی عەقڵـی سیاسـی بکاتـە دیفاکتـۆ، بـۆ ئـەوەی ورجتـر و عەقڵانیانتـر دەرزی ئاژنـی دەمـارە خوێـن تێزاوەکانـی ئـەو جەسـتە ئیفلیجـە بکرێـت و، بـە روئیایەکـی تـر و لـە دیکێکـی عەقڵانـی زەمینـە لـە بـەردەم خوێندنـەوەی نـوێ و هەنـگاوی نـوێ خـۆش بکرێت..جەخـت کردنـەوەی ئێمـەش لەسـەر عەقڵانییـەت لـەو راسـتییە سـەرچاوە دەگـرێ کـەوا عەقڵانییـەت دەیـەوێ «سیسـتەمێکی مەعریفـی و ددێکـی نـوێ بـۆ دونیـا دابمەزرێنێـت». (١)

رەنگبـێ قسـەکردن لەسـەر دوێنێـی کۆمەڵـگای کـوردی کـە نقوومـی گومـان و وەهمـە، سـەرەتای ئـەو هەنـگاوە گرنگـە بێـت بـۆ خوێندنـەوەی ئـەو بونیـادە ئاڵـۆزە، بـەڵام ئەمـە بـەو مانایـە نییـە کـە قسـە لەسـەر هەنـدێ گوتـاری سـەقەتی ئایدیۆلـۆژی و

سیاسی ئەمڕۆی کوردستان نەکرێت، ئەو گوتارەی لە پرسەیەکی بەرنامە ڕێژکراودا گەرەکیەتی وەهمەکانی موقەدەسگەرایی و سەپاندنی باوەڕسالاری ڕەها بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا زاڵ و تۆکمەتر بکات، ئەویش بە لەوەڕان لەسەر کولتوری سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا و، جەستەی کۆمەڵگای کوردی بە هەمان کفنی دوێنێ، بەلام لە ڕەنگێکی کاڵتردا بە گۆڕستانی سبەی بسپێرێ.

بە هەڵە خوێندنەوەی وتەزاکان و بازدان بەسەر قۆناغە مێژوویی و، وێستگەکانی بەرهەمی ململانێی کۆمەڵایەتی و، لە چوارچێوەگرتنی مەدلوولەکان لە بۆتەی یەک ڕوانین و خوێندنەوەی دۆگما و، خەساندن و زەلیلکردنی جەوهەری مانا لەبەردەست هەژموونی بەرژەوەنگەرایی تەوتەمەکانی خێڵ و، سواخدانی بە مکیاژێکی ئایدیۆلۆژی کە عەقڵ دەکاتە ئامرازی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی دەستەبژێرێک، سیمایەکی هەر زەقی ئەو گوتارەیە، کە لە ڕێگەیەوە حزب کراوەتە سیمبولی قودسییەت و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئیرادە و فیکری تاک دەدات. بەمەش هەندێ لە حزبە کوردییەکان دەیانەوێ بە تاکەکانی کۆمەڵگە بڵێن: قۆناغەکانی گەشەی کۆمەلایەتی و، نماکردنی ئاستی هوشیاری کۆمەڵ وەهمێکن لە دەرەوەی هاوکێشەی مێژوو و جەدەلەکانی عەقڵ و، ئاییندەش بە تەنها لە دەستی حزب دایە .هەر لە ڕێگەی ئەم لێکدانەوە سەقەتە و کردنی عەقڵ بە ئامێری دەستی ئایدیۆلۆژیا، خوێندنەوەیکی ئیفلیجتر بۆ هەندێ چەمکی سۆسیۆ – سیاسی دەکرێ.. ئەمەش دیوێکی تری ساختەکاری ئایدیۆلۆژیایە، بەتایبەتی ئایدیۆلۆژیا و تاک ڕەهەند و سەراپاگیرەکان.

دیارە ئەو فریودانەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئایدیۆلۆژیا « بەردەوام هەوڵی پتەوکردنی باوەڕسالاری دەداتن جا چ لە کاتی نمایشکردنی خۆی وەک مەنزومەیەکی فیکری، یان لە پەیوەندییەکانیدا بە ئاکاری خەڵک».[٢] بێگومان ئەو جیهانبینییەی ئایدیۆلۆژیاش جیا لەوەی کۆمەڵێ پرسیار لای مرۆیێکی هوشیار دروست دەکات، لە هەمان کاتدا گومانێک لە بەرامبەر عەقڵ و توانا و کارکردەکانی بەرهەم دێنێت.

دیارە لە حاڵەتێکی واهیشدا کە حزب وەک دەمامکێکی چەواشە ڕووخساری خێڵ دەشارێتەوە و، گوتاری خۆی ئاراستە دەکات و، لە بەرگی حکومەت و پەرلەمان و دامەزراوە مەدەنییەکاندا هەژموونی خۆی دەخاتە سەر تەواوی کایە کۆمەلایەتی

و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵ، دەبێتە داڕێژەری یاسا و دەستوور و سەنتەری دەسەڵات و بڕیارەکان، بەم چەشنە بە هۆی ئەو گوتارە خوێناوییەی حزب، نیشتمان بەدەستی دەستەبژێرێکی بیرۆکرات دەکرێتە دۆزەخ و، کائینەکانی خێڵ (شونکە لێرە حزب دەمامکی خێڵە)، ئەمە لە کاتێکدایە کە لۆک وتەنی « مافە سروشتییەکان بەخشراوی هیچ کەسێک نین، بەڵکو لە تایبەتمەندییەکانی خودی بەشەرن» .(٣)

بەهەرحاڵ، دەمانەوێ لەم نووسینەدا تیشک بخەینە سەر خوێندنەوەی سەقەتی ئایدیۆلۆژیا بۆ ژیان و بوون و ئازادی و ماف، ئەو گوتارەی لەم وڵاتەدا حزبی درێژکراوەی کولتووری خێڵ ئاراستەی دەکات، بە مەبەستی گەورەکردنی موعجیزەکانی خۆی، وەک ئاماژەمان بۆ کرد، لە سێبەری ئەو خوێندنەوە سەقەتە، زەمینە لەبەردەم شێواندنی مانای چەندین چەمکی تری سۆسیۆ – پۆلۆتیکی وەک (دیموکراسی، ئازادی، سەروەری..تد) خۆش دەکرێ، شتێکی ئاشکراشە کە لەم رۆژگارەدا دیزە بەدەرخۆنەکردنی ئەم چەواشەکارییە کارێکی ئاسان نییە و، ئەستمە حزب بتوانێ ئەو پارووە هەروا بە ئاسانی بە خەڵک قووت بدات. بە تایبەتی کە ئەمڕۆ بە ئاگاییەوە دەبێ تاکی کورد لە ناو ئەو هەژموونەی گەیاندن و زانیارییە بیر بکاتەوە و ئاگای لە هەموو مەوداکانی هوشیاری خۆی هەبێت، بەتایبەتیش کە لە زەمەنێک داین ئیدی چیتر نەوەی دوای راپەڕین و دوای دە ساڵ بێ ئاییندەیی و کارەساتەکانی حزب ئامادە نییە گوێ بۆ ئامۆژگاری و تەلقین شل بکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مەبەستمان نییە لێرە جاڕی کوشتنی ئایدیۆلۆژیا بدەین، بەڵکو چیتر ئایدیۆلۆژیا هەوڵی زیاتر نەدات بۆ دەستەمۆکردنی عەقڵ و، کردنی بە ئامێری برەوپێدان و هێنانەدی ئامانجەکانی دەستەبژێرێکی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی دیاریکراو.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لە ساتەوەختی باسکردن و وروژاندنی پرسێکی وا هەستیاردا ناکرێ کۆمەڵێ تەوەری گرنگ فەرامۆش بکرێن کە راستەوخۆ پەیوەندی ئۆرگانیکی بە جەوهەری بابەتەکەوە هەیە. هەر لە ونبوون و شێواوی شووناسی سروشتی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەمان بگرە، تا دەگاتە سنوورەکانی نێوان عەقڵ و ئایدیۆلۆژیا، لەگەڵ مەودا جیاوازییەکان و چەندین تەوەری تر، کە لە رێگەیانەوە باشتر دەتوانین پەی بە کون و کەلەبەرەکانی ئەم رەوشە جەنجاڵە

ببەین، کە تاکی کورد تێی کەوتووە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانە و، بە مەبەستی زەمینە سازکردن لەبەردەم دیالۆگی عەقڵ لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی بۆ گەیشتن بە ڕێگە چارەکان و، نەهێشتنی بەندیواری لێک تێنەگەیشتن و بەدحاڵی نێو کۆمەڵگای کوردی لەسەر هەردوو ئاستی تاک و دەسەڵاتی سیاسی، دەکرێ قسەیەک لەم بوارەدا بکەین، ئەمڕۆش کە بانگەشەی زۆر بۆ چەمکەکانی وەک دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی و فرەهەندی (التعددیە) لە کوردستان دەکرێ و، بۆتە دروشمی ئاڵوواڵای حزبەکان، هەق وایە بێ ترس ئەو دەرگایە بکرێتەوە، چونکە « بیرکردنەوەی ەرخنەیی، بابەتی دەسەڵاتی وەک یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی وەرگرتووە. ئەمەش هەر لە سەردەمی — هۆبز — ەوە کە یەکەم کەس بوو وای بینیووە کە پێویستە ئەرک و توانستەکانی خودی پاشاش بخرێنە خانەی پشکنین و لێپرسینەوە، ئەم بۆچوونەش بنچینەی فەلسەفەی عەقڵانیەتە لە (لۆک)ەوە بۆ (هیگڵ) و بە تێپەڕ بوون بە (ڕۆسۆ).. هەروەها بنچینەی مومارەسەکردنی لیبراڵیەتیشە»[٤] مادامەکەیش حزبەکان بەم چەشنە بانگەشە بۆ بەرقەرارکردن و چەسپاندنی ئەو بەهایانەی سەرەوە دەکەن، ناکرێ ئەوە لەبیر بکەین کە کۆمەڵی مەدەنی « بوارێکە بۆ پێشبڕکێ و فەزایەکە بۆ ململانێ و گۆڕەپانێکە بۆ کارکردنی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی کە خودانی بەرژەوەندی و تێڕوانین و هەڵوێستی جۆراوجۆر و ، بگرە دژ بە یەکیشن»[٥]، هەروەها ئەو ڕاستییەشمان بەردەوام لەبەرچاو بێت کە هاتنە ژێر باری فرەهەندی و ڕازی بوون بە پرەنسیپی ئۆپۆزسیۆن و قەبوڵکردنی جیاوازی بنەمایەکی سەرەکی و گرنگی سیستەمی دیموکراسییە.

## لە گومانی پرسیار بۆ یەقینی مانا

لە خاڵە هەرە مەترسیدارەکانی بەردەم ژیانی سیاسی کۆمەڵگاکەمان، خۆبواردن، یان باشتر بڵێین ڕەخنە نەگرتنە لە بونیادی عەقڵی و مێژوویی کۆمەڵگای کوردی و، گێژاوی ئەو وەهم و ئەفسانانەی زەمەنێکە نەیانهێشتووە خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و مێژووییانە بۆ کۆمەڵگاکەمان بکرێ.. بەلای ئێمەش ئەم پرسە خۆی لە نا ئامادەگی مەعریفی و عەقڵانییەت دەبینێتەوە کە تاکو ئێستاش لە پێکهاتی بیرکردنەوەی کورددا شوێنی دیار نییە. نەبوونی ئەم پرۆسە عەقڵانییەش لە نێو

سـەرجەمی کایەکانـی ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کولتوریمـان جەسـتەی ئـەو بونیادەمانـی ئیفلیـج کـردووە. ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو راسـتییەی کـە ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت، بـە بەردەوامـی هێـزە ناعەقڵانییـەکان لـە نێـو کۆمەڵگاکەمانـدا بـە شـێوەی جیـاواز بـۆ کۆنترۆڵکردنـی رەفتـاری تاکـی کـورد کار دەکـەن، ئەمـەش بـێ سـێ و دوو، بەتایبەتـی لـەم رۆژگارەدا کارکردنـی هەژموونگەرایـی ئایدیۆلۆژیایـە وەکـو «شـێوەیەک لـە بەهێزتریـن و گشـتگیرترین شـێوە کـراوەکان بـۆ کاریگـەری لایەنـی ناعەقڵانـی لـە نێـو کۆمەڵگاکانـی سـەردەمی ئێمـە» .(٦)

بێگومـان دەرکەوتـن و سـەرهەڵدانی هـەر چەمکێـک دەرهاویشـتەی کۆمەڵـێ فاکتـەری خـودی و بابەتـی و کەتـواری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و کولتوریيـە. بیروبۆچـوون و تێڕوانینەکانیـش بـۆ شـرۆڤەکردنی ئـەم چەمکانـە گۆشـەنیگا و رەوتـی جیاواز بەخیـەوە دەبینـێ، ئەویـش – واتـە جیـاوازی راڤـەکان- پەیوەسـتە بـە ئاسـتی بینیـن و زەمینـەی بەرژەوەنـدی و ململانێـی کۆمەڵایەتـی. واتـە گۆشـەنیگای جیـای جیهانبینـی و گەردوونـی بـۆ هـەر چەمـک و دیاردەیەکـی سۆسـیۆ – پۆلۆتیکـی خـۆی لـە خۆیـدا رەنگدانـەوەی کەتوارێکـی کۆمەڵایەتـی و ئاسـتی جیـاوازی کۆمەڵگایـە.

بـەم پێودانگـە حزبیـش وەک پێکهاتەیەکـی سیاسـی – کۆمەڵایەتـی ئەکتیـڤ لەنێـو ژیانـی کۆمەڵـگادا، بەپێـی ئـەو جیاوازیيانـە پێناسـەی جیـای بـۆ دەکـرێ و مەوداکانـی کارکـردن و دەسـت نیشـانکردنی سـنوری دەسـەڵات و سـەروەری دەگـۆڕێ، بـەڵام نابـێ ئـەو راسـتییەش لەبیـری خۆمـان بەرینـەوە کـە زۆرجـار لـە بـە هێنـد هەڵنەگرتنـی بەرژەوەنـدی هـەر پێکهاتێکـی کۆمەڵایەتـی، نـەک لـە دەرەوەی عەعقـڵ و خوێندنـەوە واقیعییـەکان پێناسـەی چەمکـەکان دەکـرێ، بگـرە عەقـڵ دەکرێتـە ئامێرێکـی چاوبەسـت کردنـی خەڵـک، بـەو مانایـەی ئامانجەکانـی گروپێکـی دیاریکـراو دێنـە شـوێنی پێشـەوەی ئامانجـە گشـتییەکان. لـەم بوارەشـدا (الغایـە تبـرر الوسـیلە) دەبێتـە دروشـمی سـەرەکی ئایدیۆلۆژیـا. کەوابـێ لـە دەرەوەی عەقڵانییـەت بـەردەوام پێناسـەکان جێـی گومانـن، بۆیـە لـەم نێـوەدا سـنوورێک لـە نێـوان ئایدیۆلۆژیـا و عەقـڵ بـەدی دەکەیـن، کـە دەبـێ رەهەندەکانـی ئـەو سـنوورە بناسـێنین، چونکـە هـەردوو هاوکێشـەی عەقـڵ لـە سـنووری ئایدیۆلۆژیـا و پێچەوانەکـەی، دوو دەرەنجامـی دژیەکمـان لـە گەرمـەی پرۆسـەی ململانێـی سیاسـیدا دەدەنـە دەسـت.

بـەو پێیـەی کـە بیرکردنـەوەی مـرۆڤ بـێ سـنوورە و کۆتایـی لـە مانـا و رەهایـی

لـە حەقیقەتـدا نییـە، دەبـێ یەقینمـان لـە بەرامبـەر پێشـهات و گۆڕانـە چـاوەڕوان نەکراوەکانـدا پتەوتـر بێـت و، لـە بەرامبـەر گوتـاری ڕەخنەییـدا سـنگ فـراوان بیـن. هـەر بـەم پێودانگـەش ئاراسـتەی رامـان و مـەودای بیرکردنەوەمـان بگۆڕیـن و، دەبـێ لـە قاوغـە دۆگمـا و بەسـتەڵەکەکان بێینـە دەرەوە و، چیتـر بـە وەڵامـە ئامـادە کـراوەکان و تەلقینــی ناعەقڵانییــەت رازی نەبیــن.

کەوابـێ کاتــی ئــەوە هاتــووە دەرگایــەک بــە ڕووی دمــودوو بکەینــەوە و، دانوســتان لەگـەڵ کاراکتـەری نێـو کایـەی سیاسـی کـوردی بکەین..دواتریـش لـە شـوێنێکی تـر ئەگـەر بـوار ەرخسـا نەختێـک لەسـەر خەوشـەکانی خۆمـان وەک (ڕۆشـنبیر) بوەسـتین و خاڵـە لاوازەکانـی جەسـتەی ڕۆشـنبیریمان دیـاری بکەیـن.

ئێسـتا بۆمـان هەیـە نـەک تەنهـا پرسـیار لـە مانـا و ماهیـەت و بونیـادی حـزب بکەیـن، بگـرە گومانیـش لـە حـزب و کارە قێزەونەکانـی بکەیـن و هەقـی ئـەوەش بدەیـن کـە شـتە جوانەکانیـش وەلا نەنێیـن و بپرسـین: حـزب چییـە؟ کـەی و چـۆن و بـۆچ ئـەم پێکهاتەیـە دەرکـەوت و گەشـەی کـرد؟ حـزب لـە کوردسـتاندا دەیـەوێ بـە چ ڕەنگێـک ببێتـە بەشـێک لـە مێـژوو؟ دەیـەوێ لـە چ دەروازەیەکـەوە بخزێتـە نێـو پرۆسـەی ژیانــی سیاســی و کۆمەڵایەتیمــان؟ گەرەکیەتــی بــە چ زمانێــک موخاتەبــەی عەقڵــی تاکـی کـورد بـکات و، پەیوەندییەکانـی لەسـەر چ بنەمایـەک دابڕێـژێ؟ چـۆن سـیمای حـزب لـە قۆناغێکـەوە بـۆ قۆناغێکـی تـر دەناسـینەوە؟ پەیوەندییەکانـی نێـوان عەقڵـو ئایدیۆلۆژیـا لـە نێـو کایـەی سیاسـی و گوتـاری حزبـی کـوردی لـە کـوێ لێـک دەپچڕێـن؟ ئایـا حزبــی کــوردی لــە هەنــاوی چ پرۆســەیەکی کۆمەڵگایــی (نــەک کەڵەگایــی) لەدایـک بـووە؟ ئاخـۆ کـە کـورد بەشـێکە لـە ڕۆژهـەڵات و دووانـەی تۆتالیناریيـەت و دیموکراسـییەت لـە گوتـاری حـزب و لەسـەر گۆڕەپانـدا سـەنگینییەکەیان بـە کام لا دایـە؟

بـەر لـە وەڵام دانـەوەی ئـەم پرسـیارانە و کۆمەڵـێ پرسـیاری تـر، چاکتـر وایـە ڕاگوزەرێکـی خێـرا بەسەرسـەرهەڵدانی دەسـتە و گروپـەکان بکەیـن، دیـارە کـە بـاس لـە حـزب دەکـرێ، ناکـرێ هـەردوو چەمکـی فرەهەنـدی و دیموکراسـی فەرامـۆش بکەیـن، چونکـە پەیوەندییەکـی دیالێکتیکـی ئـەم دوو چەمکـە بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە، ئەمـەش لـەو ڕاسـتییەوە سـەرهەڵ دەدات، کـە فرەهەنـدی یەکێکـە لـە تایبەتمەنـدی و پێداویسـتییەکانی سیسـتەمی دیموکراسـی، چونکـە لـە بنەڕەتـدا «فرەهەنـدی بـە

مانـا مەعریفییەکـەی زیاتـر لەسـەر ئـەو بیرۆکەیـە وەسـتاوە کـە دەڵێـت هیـچ کـەس خاوەنـی هەمـوو حەقیقەتێـک نییـە، بەمـەش هیـچ کەسـێک مافـی ئـەوەی نییـە کـەوا بۆچوونەکانـی ئەوانـی دی ئەگـەر لـە گۆشـەنیگایەکەوە راسـتیش نەبـن دەسـت بەسـەردا بگرێـت، ئـەم پرسـەش گوزارشـتکردنێکە لـە گواسـتنەوەی بنچینەیـی مەعریفـی بـۆ ئاسـتی تـاک». [٧] لـە بەرامبەریشـدا تەنهـا دیموکراسـییەتە زەمینـەی کاری سیاسـی و رۆشـنبیری و دەنگـی جیـاواز و پرۆسـەی ململانێـی شارسـتانییانەی فیکـر سـاز دەکات، بـەڵام ئەمـەش ئـەو مانایـە ناگەیەنێـت کـە لـە مێـژوودا سـەرهەڵدانی دەسـتە و گـروپ و کۆمەڵـە سیاسـییەکان تەنیـا پەیوەسـت بووبێـت بـەم سیسـتەمە، نەخێـر، بەڵکـو حـزب هەیـە چێـوەی سیسـتەمی دیموکراسـی و، هەیانـە لـە دەرەوەی پەرلەمـان و، هەشـیانە بـە نهێنـی لەدایـک بـووە، تەنانـەت حـزب هەیـە درێژکـراوەی کولتـوری خێڵـە (لـە نموونـەی کوردسـتان)، ئەمـە وێـڕای ئـەو حزبانـەی لـە دەوڵەتێکـدا لـە سـای تـاک حزبـی دەسـەڵاتداران دەرکەوتـوون.

شـتێکی ئاشـکرایە هـەر لـە دەسـپێکی پەرینـەوەی کۆمەڵـگای مرۆڤایەتـی لـە ژیانـی سـەرەتایی بـۆ دروسـتکردنی ئاوەدانـی، ململانـێ بۆتـە بەشـێک لـە ژیانـی کۆمەڵـگا، هەرچەنـدە پێشـتریش مـرۆڤ لەگـەڵ سروشـتدا لـە ململانێـدا بـووە، بـەڵام ئەمـەی دواییـان شـێوازێکی تـری گرتەبـەر کـە لـە رێگەیـەوە دیـاردەی چەوسـاندنەوەی مـرۆڤ لەلایـەن مرۆڤـەوە دەرکـەوت. بێگومـان خـودی ئـەم ململانێیـەش پەیوەسـتە بـە جیـاوازی بەرژەوەنـدی تاکـەکان، یاخـود جیـاوازی نێـوان بەرژەوەنـدی دەسـتە و دەسـتەیەکی تـر. زۆرجاریـش ئـەو جیاوازییـە، خـاوەن بەرژەوەندییـە هاوبەشـەکانی کردۆتـە بەرەیـەک و سـیما و خەسـڵەتی کۆمەڵایەتـی تایبەتـی پێبەخشـیوون. کارکردنیـش بـۆ هێشـتنەوەی ئـەو بەرژەوەندییانـە زەرورەتـی دروسـتکردنی کۆمەڵـە و گـروپ و رێکخـراوی (جـا بـە هـەر ناوێکـەوە بێـت) هێناوەتـە پێـش، بۆیـە دەبینیـن سـەرجەمی کۆمەڵگامـان (تەنانـەت کۆنەکانیـش) پێـش ئـەوەی حزبـی سیاسـی بـە تێگەیشـتن و پێکهاتـی ئێسـتایان ناسـیبێ، گـروپ و دەسـتە و کۆمەڵەیـان بەخۆیانـەوە بینیـووە.

بـەم چەشـنە رۆژ دوای رۆژ، قۆنـاغ دوای قۆنـاغ، گـۆڕان و وەرچەرخانـە مێژووییـەکان رۆڵـی بەرچاویـان لـە بـەرەو پێـش بردنـی حزبـی سیاسـی و بـە دوای ئەویشـدا گۆڕینـی چەمکـی سـەروەری بینـی، بەتایبەتـی پێشـڤەچوونە مـەزن و مێژووییەکانـی ئەوروپـا

(چاكسازی ئایینی، رۆشنگەری، شۆڕشی پیشەسازی...تد٩، لە نێویشیاندا پەرلەمان و پێداویستی ژیانی پەرلەمانی رۆڵی مەزنیان لەم بوارەدا گێڕاوە، تا ئەو ئاستەی حزب بووە بە یەكێك لە دەزگاكانی سیستەمی پەرلەمانی و دیموكراسی و كۆمەڵی مەدەنی لە رۆژئاوادا، بەڵام دیسان دێینەوە و دەڵێین: مەرج نییە لە تەواوی كۆمەڵگاكان لە رابردوو، یان لە ئێستادا بەهەمان پێودانگی ئەورووپا و لەسەر هەمان بنەما حزب هاتبێتە ئارا.وەک مۆریس دیڤرجێ دەڵێت « هەندێك جار تەوەرە جوگرافییەكان، یانئیرادەی بەرگریكردن لە بەرژەوەندی پیشەیی هاوبەش سەرەتای دروست بوونی حزب بووە».[٨]

بەم چەشنە دەتوانین بڵێین لە كۆمەڵگا دواكەوتووەكاندا پاراستنی جوگرافیا و بەرژەوەندی خێڵ یەكێك بووە لە دەرهاویشتەكانی پێكەوەنانی حزب، تاوەكو لە رێگەیەوە سروشتی بونیادی كۆمەڵایەتی و گوتاری دۆگمای خۆی ئاراستە بكات و، بەردەوامی بە بوون و مانەوەی خۆی بدات، كە ئەمەش چەقی باسەكەی ئێمەیە، چونكە لە جیهانی ئێمە و لە ناو كەتواری ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی ئێمەدا حزب درێژكراوەی ئەو جوگرافیا و كولتور ە گوتارە كلاسیكییەیە و، كراوەتە ئامرازێك بۆ پاراستن و هێشتنەوەی جوگرافیای خێڵ (رەنگە ئەمە حوكمێكی رەها نەبێت، بەڵام ئەوانی تریش هەر لە هەناوی پرۆسەیەكی لەم شێوەیە لەدایكبوون، كە ئەمەش بۆ خۆی بابەتی لێكۆڵینەوەیەكی ترە)، هەر لێرەوەش رووبەڕووی چەند پرسیارێك دەبینەوەی كە ئاخۆ حزبی كوردی دەرهاویشتەی باڵابوونی هوشیاری سیاسییە، یاخود درێژكراوەی سروشتی گوتاری خێڵە و، هێشتا نەخزاوەتە نێو پرۆسەیەكی كۆمەڵایەتی و كایەی سیاسی عەقڵانی؟ سنوورەكانی نێوان عەقڵ و ئایدیۆلۆژیا لە نێو كایەی سیاسی كوردیدا چۆن دیاری دەكەین و، كاریگەرییان بەسەر یەكتر لە چ ئاستێك دایە؟

سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری دووەم، دوارت بە روونی باسی دەكەین، هەرچی وەڵامی پرسیاری بەراشكاوی و بەبێ پێچ و پەنا و دوو دڵی دەڵێین دروست بوونی حزب لە كۆمەڵگای كوردی دەرەنجامی پرۆسەی گەشەی هوشیاری سیاسی و كۆمەڵایەتی نەبووە، بەڵكو تریبۆنێكیش بووە بۆ خێڵ و بەزیندوویی هێشتنەوەی ئەو گوتار و كولتورەی لە جەستەی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای كوردیا، ئەم راستییەش لێرەدا بەدەر دەكەوێت كە تاكو ئێستا و دوای تێپەڕینی دە ساڵ بەسەر راپەڕین و

ژیانـی سـەقەتی پەرلەمانـی (بەچاوپۆشـین لـە ئەزموونـە جیـاوازی کوژەکانـی شـاخ)، حزبـی کـوردی نەیتوانیـووە کاریگـەری گوتـاری سـەلەفی و بـاوی ئـەو دەزگایـە لەسـەر کۆمـەڵ کـەم بکاتـەوە و شـۆڕ بێتـەوە نێـو کایەیەکـی سیاسـی عەقڵانـی، بەڵکـو زیاتـر لـە هەوڵـی قوڵکردنـەوەی چەمکگەلـی باوەڕسـالاری و موقەدەسـگەرایی و فراوانکردنـی جوگرافیـا حەرامکـراوەکان دایـە (بەتایبەتـی لـە بـواری زینـدوو کردنـەوە و بەرگریکـردن لـە بەهـا ڕۆحییـەکان و ترادسـیۆنییەکانی کۆمەڵـگا!). بـەم چەشـنە تاوەکـو ئێسـتا جەسـتەی کۆمەڵگاکەمـان هـەر بـە نەخۆشـی ماوەتـەوە و اوی لێهاتـووە مرۆڤـی کـورد کڵاوڕۆژنەیـەک بـەدی نـەکات کـە لێیـەوە تیشـکێکی ئومێـد و گەشـبینی بـە ئاینـدەی سیاسـی و سیسـتەمی دیموکراسـی راسـتەقینەی بگاتـێ. ئـەم بەدبینییـەی مرۆڤـی کوردیـش لـەوەوە هاتـووە کـە ئیـدی حـزب درزێکـی بـۆ بیرکردنـەوە و جیـاوازی نەهێشـتۆتەوە و لـە رێـگای ئۆرگانـە جیاجیـا دەمامکـدراو و میلیشـیا چەکدارەکانـی و مۆنۆپۆلکردنـی تـەواوی کایەکانـی ژیانـی کۆمەڵـگا بـە دەزگاکانـی راگەیانـدن و تریبـۆن و دامـەزراوە مەدەنییەکانیشـەوە (چونکـە لێـرە سـەرجەمی رێکخـراوە پیشـەیی و سـەندیکا و.... تـد، دروسـتکراوی حزبـن و وێسـتگەیەکن بـۆ ئامادەکردنـی تـاک بـۆ قۆناغـی بەحزبـی کـردن، مەبەستیشـم نییـە بڵێـم حزبـی بـوون کارێکـی خراپـە، بەڵکـو قۆناغێکـی هوشـیاری تاکانـە لەوێـوە دەسـت پێـدەکات) تـا دێـت لـەم رێـگا هەمـە جۆرانـە پێگـەی خـۆی دادەکوتـێ و شـوێن و زەمەنێکـی بـۆ پرسـیارکردن نەهێشـتۆتەوە، جیـا لەوەشـی کـە تاکەکانـی کۆمەڵـگا خۆیـان ئازادییەکانیـان هـەڕاج کـردوون.

ئەگـەر لـە رۆژئـاوا و دونیـای مۆدێرنـدا حـزب ئامرازێـک بووبێـت (بـە ئێستاشـیانەوە) بـۆ دابینکردنـی خۆشـگوزەرانی و دادپـەروەری کۆمەڵایەتـی و چەسـپاندنی یاسـا و زیاترکردنـی جوگرافیـای جیـاوازی و ئازادییـەکان لـە نێـو کۆمەڵـگادا، لـە رێگـەی عەقڵانییەتی سیاسـی و پرۆسـەی دیموکراسییانە و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشـتییانەی دەسـەڵات، ئـەوا لـە رۆژهـەڵات و وڵاتـە دواکەوتـووەکان بـە گشـتی و کوردسـتانیش بەتایبەتـی وەک بەشـێک لـەو جوگرافیـا بـەڵا لێدراوەی جیهـان، حـزب لـە زۆر شـوێن بۆتـە «ئامرازێکـی دیکتاتـۆری مۆدێـرن».[٩] هەوڵـدان بـۆ سـڕینەوەی ئەویتـر لەسـەر نەخشـەی سیاسـی و ئامـادە نەبـوون بـۆ دیالـۆگ و تەلقیندانـی خەڵـک و فراوانکردنـی سـنووری تەلیسـم و حەرامکـراوەکان و دەسـتگرتن بەسـەر سـەرچاوەی قـووت و بژێـوی خەڵـک و قۆرخکردنـی سـەرجەمی تریبۆنـەکان و...تـد، سیمای هـەرە زەقـی گوتـاری حزبـن. لـە نێـو دۆزەخـی

ڕۆژهەڵاتـدا سـەرجەمی کۆمـەڵ بەهـەردوو ڕەگەزییـەوە و بـە تـەواوی لەژێـر گوشـاری تۆتالیتارییانـەی هەنـدێ لـە حزبـەکان بوونەتـە ئامـرازی دەسـتی حـزب و دەسـتەبژێرێکی مشـەخۆری بیرۆکـرات و هەڵسـوڕێنەری کاروبـار و فەرمـان پێکـراوی حزبـن. لـەو پانتاییـە جەهەننەمییەشـدا حـزب مەوداکانـی بیرکردنـەوەی تـاک و مـاف و ئازادییەکانـی دیـاری دەکات، حـزب سـنوورەکانی یاسـا و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان دەستنیشـان دەکات و دەسـتوور دادەڕێـژێ و لەسـەرەوەی بونیـادی هەڕەمـی کۆمەڵـگا وەکـو مێگـەل لـە ژێـرەوەی خـۆی دەڕوانـێ ومامەڵـەی لەگەڵـدا دەکات.

## عەقڵ و ئایدیۆلۆژیا.. گیروگازی حەقیقەت

چاکتـر وایـە لـەو وتەیـەی تاگـوور دەسـت پێبکەیـن کـە دەڵـێ «ئەگـەر هەمـوو دەرگاکانـی هەڵـە داخـران، ئـەوا ڕاستییەکان لـە دەرەوەدا دەمێننـەوە».(١٠) بـەم جۆرە ناکرێ ئـەو ڕاستییە فەرامـۆش بکەیـن کـە هیـچ کـەس لـە دەرەوەی بازنـەی هەڵکردنـدا نییـە، بـە خـودی کەسـی ئایدیۆلۆژیسـت و سیاسیشـەوە، تەنانـەت ڕەنگبـێ ئەوانـەی دواتـر زیاتـر لـە هـەر خەڵکێکـی تـر نوقمـی هەڵـە و هەڵدێـران بـن کـە ئەمـەش پەیوەسـتە بـە سروشـتی کاریـان لـە نێـو کایەکانـی ژیانـدا.. ئـەم بابەتـەش دەمانباتـەوە نێـو تەوەرێـک کـە بـە هۆیـەوە سـنوورەکانی عەقڵـی ئایدیۆلـۆژی کـراو و عەقـڵ وەک میکانیزمێکـی گـەڕان بـە دوای ڕاسـتی و بەڵگـە زانسـتی و حەقیقـەت پەنهانـەکان لـە دوو توێـی عەقڵانییەتـدا بناسـین.

بێگومـان کـە بـاس لـە عەقڵانییەتیـش دەکەیـن مەبەسـتمانە لـە دەرەوەی وێناکردنـی ئەفسـانەییانەی شـتەکان و نقـووم بـوون لـە گوزارشـتی ئەندێشـەیی شـیعری و خۆبەسـتنەوە بـە تەئویلـی باوەڕسـالاری ئایینییانـەی چەمکـەکان تاوتوێـی ئـەو گیـروگازە بکەیـن، کـە بـەردەوام لـە جەدەلییەتـی نێـوان عەقـڵ و ئایدیۆلۆژیـادا فۆڕمێکـی هەمیشـە ئامـادەی هەیـە. واتـە گەرەکمانـە بـە گەڕانـەوە بـۆ بەڵگـەی زانسـتی بخزێنرێنـە ئـەو مەیدانـە، بـەو پێیـەی عەقڵانییـەت وەک ڕەوتێکـی فیکـری «عەقـڵ دەکاتـە سـەرچاوەی دەستخسـتنی مەعریفـە».(١١) یـان «ئـازاد بوونـی عەقـڵ لـە دەسـت شـتە ئامـادە و وەهمـی و ڕەهـاکان»(١٢)، یاخـود وەک بەرنامەیـەک «بـۆ گەیشـتن بـە گۆڕانێـک یـا وەرچەرخـان و داهێنـان و وەلانانـی هوشـیاری کۆنخـواز»(١٣).

وەکـو میتۆدێکـی زانسـتی بـۆ سـەر لـە نـوێ بونیـاد نانـەوەی سـنوورەکانی ژیـان کۆمەڵایەتـی، کـە لـە بەرامبـەر ئـەم بیرکردنەوەیەشـدا ئایدیۆلۆژیـا لـە بەرگێکـی تەمـاوی وەکـو شـێوەیەک لـە شـێوەکانی بیرکردنـەوەی کۆمەڵایەتـی خـۆی دەخزێنێتـە نێـو کایەکانـی ژیـان، بـە مەبەسـتی کۆنترۆڵکردنـی ئاسـتەکانی ژیانـی کۆمـەڵ. لـەو روانگەیـەی کـە « بەرهەمـی پرۆسـەی پێکهاتنـی نەسـەقێکی فیکـری گشـتییە و سروشـت و کۆمـەڵ و تـاک راڤـە دەکات»[١٤]، یـان «روانینـی کۆمەڵێکـی دیـاری کـراوە بـۆ خـودی خـۆی، لـەو روانگەیـەی خـودان شووناسـێکی جیـاوازە».[١٥] لـەم نێوشـەدا زمـان دەبێتـە میکانیزمێکـی کارای گوزارشـتکردن لـەو جەدەلـە و لـە فـۆرم و گوزارشـتی جیـاواز و لـە شـوێنکاتی جیـاوازەوە خـۆی نمایـش دەکات. واتـە زمـان لـەم دیالۆگـەدا دەبێتـە بابەتێـک بـۆ ئـەوەی بکرێتـە بنەمایـەک بـۆ یەکلایـی کردنـەوەی ئـەو گێـروگازە، چونکـە زمـان «بـەردەوام بـە چەنـد پەیوەسـتێکی پتـەو لەگـەڵ رەوشـی سیاسـی – ئایدیۆلۆژیـدا دەبەسـترێتەوە و بـە گوێـرەی ئـەو رەوشـەش دەگۆڕێـت».[١٦] نهێنـی ئـەم کاراییـەی زمانیـش لـە مامەڵـەی نێـوان عەقڵـو ئایدیۆلۆژیـادا سـەبارەت بـە خوێندنـەوەی چەمکـەکان و راڤەکردنـی سروشـت و پێکهاتـی کۆمەڵایەتـی بـۆ ئـەو راسـتییە دەگەڕێتـەوە کـە زامـن لـە سیاسـەتدا گ مانایەکـی مەیدانـی هەیـە، وەکـو ئامرازێـک بـۆ سـازاندن و جێبەجێکردنـی ئەکتێڤییـەکان، نـەک وەکـو ئامرازێـک بـۆ ناولێنـان و وەسـفکردنی رووداوی بابەتـی و واقیعـی».[١٧]

واتـە زمانـی ئایدیۆلۆژیـا بـەردەوام خەریکـی وێناکردنـی حەقیقەتێکـە کـە لەگـەڵ خواسـت و مەبەسـتەکانی ئـەودا یـەک بگرێتـەوە و ببێتـە فاکتـەری سەرخسـتنی چالاکییەکانـی، یـان روونتـر بڵێیـن ئایدیۆلۆژیـا وەکـو کاسەسـەکی داخـراو بەسـەر خۆیـدا هـەردەم بـەو زمانـەی لـە سنووری روانینەکانـی خـۆی واقیـع دەخوێنیچتـەوە و لـە دەرەوەی ئـەو پێکهاتیەیـدا شـتێکی تـری قەبـوڵ نییـە.

ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە عەقڵانییـەت بـە زمانـە مەعریفـی و لۆژیکییەکـەی دەیـەوێ بڵێـت حەقیقـەت وا درەسـت بـووە کـە عەقڵـی مـرۆڤ/ مرۆڤـەکان بـە ئاسـانی تێـی بگـەن، بـەو پێیـەی عەقـڵ دەتوانـێ مامەڵـە لەگـەڵ سـەرجەمکایەکانی ژیانـدا بـکات، ئەمـەش بـە مەبەسـتی پاراسـتنی سـەربەخۆیی خـۆی لـە هەژموونـی هـەر دەسـەڵاتێکی تـر، کـە خـۆی بـە مەرجەعێکـی سـەرەکی و گشـتگیری بیرکردنـەوە و هەڵگـری شووناسـێکی رەهـا دەزانـێ، لەبـەر ئـەوەی «عەقـڵ لـە رێـگای کارتێکردنـە

شیاوەکانی خۆی دەتوانێ ئەو هێزە بداتە مرۆڤ، کە دەست بداتە داهێنان و سەر لە نوێ دارشتنەوەی حەقیقەتەکان».

دیارە بەم هەڵاوێر کردنەش نامانەوێ ببینە فاکتەرێک بۆ کوێرکردنی بیرکردنەوە و سندم کردنی عەقڵی خوێنەر و ئەو راستییە بشارینەوە، کە خودی عەقڵیش رەنگە بکەوێتە هەڵەوەڤن بۆیە هیچ کاتێک عەقڵ بانگەشەی ئەوە ناکات کە کۆی حەقیقەتە رەهاکان لای ئەوە، بە پێچەوانەوە، جیاوازی لە نێوان عەقڵێکی ئایدیۆلۆژی قورمیشکراو لەگەڵ عەقڵیچکی کراوەی سەربەخۆدا لەوە دایە، کە دووەمیان وێرای کەونە هەڵەوە، بەڵام هەمیشە دەرگایەک لەبەردەم بەخۆداچوونەوە و قەبوڵکردنی جیاوازی دەکاتەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە حەقیقەتی نوێ، کە لۆژیکی مرۆیی قەبوڵی بکات. هەر ئەمەش وا دەکات کە عەقڵانییەت «جاری رێژەیی و گۆرانی راستی/ راستییەکان دەدات، تەنانەت جاری توانای بەزاندن و تێپەڕاندنی رتستییەکانیش دەدات، ئەمەش لە پێناو ئاوەڵاکردنی دەرگا و تواناکارییەکان بۆ مەعریفەی بابەتی لە رێگەی بازدان لە ئایدیۆلۆژیاوە بۆ زانست و، لە بیانوو هێنانەوە بۆ شیکردنەوە».(١٨)

بەم دەروازەیە پانتاییەکمان دۆزییەوە کە لێیەوە تاوتوێی مەترسییەکانی ئایدیۆلۆژیا و عەقڵی قورمیشکراو بکەین لەسەر تەواوی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگا و دەکرێ هەر لەو دەروازەیەشەوە واقیعی سیاسی و حزبایەتی کردن لە دونیای ئێمەی کورددا جارێکی تر بخەینە بەر باس. وتمان عەقڵانییەت بۆ ئەوە هاتووە کە نیشانەی پرسیار بەردەم سیستەمە لۆکاڵ و بیرکردنەوە دۆگما و خودان روانینی رەها و گومان لە جیهانبینی ئایدیۆلۆژی رووت بکات و وا لە مرۆڤ بکات بگەڕێتەوە سەر سروشتی خۆی، بەو پێیەی توانای وەچنگ خستنی زیاتری مەعریفەی هەیە، تا ئەو ئاستەی دەتوانێ بگاتە راددەی تەواوێت (الكمال) لە بیرکردنەوە و گەڕان بە دوای حەقیقەتدا، هەروەها لەو تێگەیشتنەی کە پرۆسەی گۆرانی مێژوویی بەرهەمی ئەکتیڤییەکانی عەقڵە، بۆیە کاتێک عەقڵ گەمارۆ دەدرێت و دەرفەتی ئەوەی بۆ نامێنێ تواناکانی خۆی نمایش بکات و دەروازەکانی نماکردن و پێگەیشتنی لێ دادەخرێ، ئیدی لەوێوە رەوەرەوەی ژیان تووشی چەق بەستن دەبێت، کە دواتر کۆمەڵ و تاکەکان دەخرێنە جوغزێکی ئیفلیج و جەستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاش تا هەتایە ە نەخۆشی دەمێنێتەوە. بێگومان سروشتی بونیادی مرۆڤیش ئەم لە

قاڵـب دانـە ڕەت دەکاتـەوە، چونکـە «عەقـڵ خەسـڵەتی مرۆڤـە و پێویسـتی بـە کەمێـک خەملاندن و گەشانەوە هەیـە لـە هەمـوو جێگایەکدا».[١٩] بۆیـە نـەک تەنها ئاسـاییە، بەڵکـو ئەرکێکـی هەنووکەیـی پێویسـتی عەقڵـی سـەربەخۆی ڕەخنەییـە کـە ئەمـڕۆ قسـە لـە کایـەی سیاسـی کـورد بـکات و هەنـگاوە سـەقەتەکان و ئـەو کارەساتانەی دوای ڕاپەڕین بەدیاری هێنانی بیخاتـە بـەر باس و پاساوە نـا ماقوڵ و نا بەجێکانیـش، کـە هوڵێکـی تـرن بـۆ چاوبەسـتکردنی خەڵـک و کوێرکردنـی عەقـڵ، شـی بکاتـەوە، بـەڵام ئـەوەی جێـی داخـە هەنووکـە «عەقـڵ و باڵابوونـی عەقڵانییـەت وەک کایەیەکـی بەشـدار لـە گوتـار و پانتاییـە ڕۆشـنبیرییەکاندا لـە نێـوان چەندیـن ئەگـەر و پێکهاتـەی ژانرەکانـی ڕۆشـنبیری ئێمـەدا نەیتوانیـووە لـەو جوغـزە دەرچـێ، کـە گوتـاری کۆنخـوازی و دژە مۆدێرنـەی لـە پێکهاتەکانیـدا هەڵگرتـووە».[٢٠] ئەمـەش خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە کـە تـا ئێسـتاش پەیوەنـی نێـوان تـاک و حـزب لـە کوردسـتاندا سـنووری ئینتمـای کوێـر و باوەڕێکـی ڕووتـی نەبەزانـدووە، کـە بـە هۆیـەو تـاک وەکـو ئەندامێکـی چـالاک، عەقڵـی خـۆی بخاتـە کارو جارێـک (نـا، هەڵەیـە، سەرکێشییە!)ئاراسـتەی بڕیـار و فەرمانـە چەوتەکانـی حـزب بـکات. ئەمـەش لەلایـەک ڕێـک دەمانباتـەوە سـەر ئـەو شـێوازە کۆنـەی سیسـتەمە کۆمەڵایەتییـەی (خێـڵ)، کـە بـەردەوام هەوڵـی هێشـتنەوە و پاراسـتنی خـۆی دەدات لـە دوو توێـی بۆچـوون و گوتارێـک کە (دەسـەڵات/ حـزب) بـە چەمکـی پیـرۆزی و سـەروەرییەکان دەبەسـتێتەوە، وەک ئـەوەی کـە دەڵێـت «حـزب بەشـێکە لـە گـەل، سـەروەری گەلیـش بـەش بـەش ناکـرێ».[٢١] لەلایەکـی تـر ئـەو گوتـارە کۆنخـوازەی نێـو جەسـتەی ڕۆشـنبیری، کـە ئەندامێکـی نامۆیـە بـە پەیامـی ڕۆشـنبیری و پەیوەسـتە بـە سروشـتی پێکهاتـەی ئـەو عەقڵـە، بۆیەشـە دەبینیـن کـە زمانـی سیاسـی لـە نێـو کایـەی سیاسـی کوردیـدا «هەمیشـە کۆشـش دەکات بـۆ گەیشـتن بـە هوشـیاری تەمـاوی و هیـچ بەڵگەیەکـی پتـەو پێشکەشـی تـاک نـاکات، بەڵکـو ئـەو هوشـیارییەش دەگۆڕێـت بـۆ بابەتیـچک بـە مەبەسـتی کوێرکردنـی».[٢٢]

سـەرچاوەی ئـەو بیرکردنەوەیـەی حزبـی کوردیـش لـەوەوە دێـت، کـە ئایدیۆلۆژیـا بـە دوای پێناسـەیەکی دیاریکـراوی ئـەو چەمکانـەدا دەگەڕێـت، کـە لـە پێنـاوی سـتراتیژی خۆیـدا داڕێـژراون. بـۆ نموونـە خۆبەسـتنەوە بـە پیـرۆزی بەهـا ڕۆحییـەکان و بەرگـری لێکردنیـان و قەدەغەکردنـی تـاک لـە بەزاندنـی ئـەو سـنوورە و سـنووری چەندیـن تەوتـەم و تەلیسـمی تـر، وەکـو کۆڵەگەیەکـی پتـەوی هێشـتنەوەی گوتـاری خێـڵ،

بۆتـە تـەوەری پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، هـەر بۆیـە لـە دونیـای ئێمـەدا عەقـڵ تـا ئـەو سـنوورە دەرفـەت و توانـای کارکردنـی هەیـە، کـە حـزب بـۆی کێشـاوە.

بـەم چەشـنە رزگارکردنـی عەقـڵ لـە دونیـای ئێمـەدا لـە دەسـت پاڵەپەسـتۆی ئایدیۆلۆژیـا فـرە گرنگـە بـۆ سەرخسـتنی هەوڵـە زانسـتی و رەخنەییـەکان. دیـارە وانەبـێ ئایدیۆلۆژیا وەکـو عەقڵ هەست بە سـنووری نێوان خـۆی و عەقـڵ نـەکات، بـە پێچەوانـەوە، ئـەو هەوڵـی زیاتـری پەردەپۆشـکردنی ئـەو گیـروگازە دەدات، بەردەوامیـش دەبێـت لەسـەر تەڵـخ کردنـی ئـەم بۆچوونـە، لەبـەر ئـەوەی « لابردنـی ئـەو بەدحاڵییـە لـە بەرژەوەنـدی ئـەودا نییـە و دەرفـەت و پەراوێـزی فراوانـی بـۆ دەکاتـەوە، بـۆ مانۆرکـردن لەگـەڵ عەقڵـدا».(٢٣) لـەوەش زیاتـر ئـەو مەترسـییەی حـزب لـە دونیـای ئێمـە بەسـەر ئایینـدەی کۆمەڵـگا هەیەتـی، زۆر لـەو خۆدزینـەوە و بەدحاڵـی کردنەلـە ئاسـتی سـنووری نێـوان خـۆی و عەقـڵ مـەزن و ترسـناکترە. چونکـە حـزب کە شووناسـە کۆمەڵییـە ئایدیۆلۆژییەکـەی خـۆی وەکـو حەقیقەتێکـی رەهـای مێژوویـی — بابەتـی هـەردەم زینـدوو دەخاتـە روو، ئـەوا دەیـەوێ بڵـێ مـن بەشـێکم لـە دوێنـێ و ئەمـڕۆ و سـبەی ئێـوە، ئـەو گوتـارە ئیتـر شـوێنکاتێک بـۆ گفتوگـۆ و جیـاوازی ناهێڵێتـەوە. لەبـەر ئـەوە دەبینیـن لێـرە حـزب لـەو — بێژینـگ دانـە بـەر خـۆرە — و گەمەیەیدا « گەمـەی حزبایەتـی گەمەیکـی لاوازیفریـو دەرە».(٢٤) لـە هیـچ عورفێـک — کـە بەزاندنـی بـۆ تـاک بـە کوفـر دەزانـێ — ناسـڵەمێتەوە و سـنووری سـەرجەم پرەنسـیپە عەقڵـی و مۆڕاڵییـەکان دەبەزێنـێ. بێگومـان سروشـتی ئایدیۆلۆژیـا و جیهانبینییەکەیشـی وایـە کـە بـە هیـچ جـۆرێ لـە « پشـت بەسـتن بـە دەلالەتـە وێناکـراوەکان و قۆسـتنەوەی هەڵـە زمانەوانییـەکان و بەرهـەم هێنانـی هەڵـە جەدەلـی و سۆفیسـتییەکان» (٢٥٩ سـڵ ناکاتـەوە، ئەمـەش بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە داڕشـتنی ئـەو بەهـا و پێناسـانەی کـە دەسـتییان پێـوە دەگـرێ و بەرژەوەندییەکانـی دەپارێـزن. چونکـە بەهـا بـەرز و مرۆییـەکان لـە دیـدی ئایدیۆلۆژیـا بریتییـن لـە کۆمەڵـە پەنـد و پرەنسـیپو مافانـەی بـۆ خـۆی دایڕشـتوون و دەیانچنـێ و بـە بەشـێکی جیانەکـراوە لـە کیانـی خۆیـان دەزانـێ، ئـەم راسـتییەش وا دەکات کاتێـک دەسـەڵاتی سیاسـی کۆمەڵـگای دەکەوێتـە دەسـت، سانسـۆر و چەپانـدن و قەدەغـە دەبنـە بەشـێک لـە کولتـورە سیاسـییەکەی. بـۆ نموونـە، ئەمـڕۆ ئەگـەر تاکـی کـورد رەخنەیـەک لـە کایـەی سیاسـی و ئیـداری کوردسـتان بگـرێ، لـە هـەر ئاسـتێکیش دابێـت، کوفـرە، بـەڵام حـزب و سـەرکردەکانی

سـەرجەمی سـنوور و سـەروەرییەکان ببەزێنـن ئاسـاییە و بگـرە حیکمەتیشـە!!

دواجـار نهێنـی گـەورەی پشـت ئـەو رەفتـارەی حـزب و مانـۆری ئایدیۆلۆژیـا لەگـەڵ عەقڵـی رەخنەیـی، لـەوە دایـە کـە ئایدیۆلۆژیـا وەکـو مەنزوومەیەکـی فیکـری زیاتـر پـێ لەسـەر بنەمـا و بنەڕەتـی باوەڕسـالاری دادەگـرێ و خـودی ئـەو بنەمایـەش بزوێنەرەکەیەتـی.. بۆیـە سـەیر دەکەیـن کـە «مامەڵەکـردن لەگـەڵ عەقـڵ لەنـاو سـەرجەمی ئایدیۆلۆژیاکانـدان بـۆ سـنوورێک ملکەچـە، کـە ناکـرێ ببەزێنـرێ، ئەویـش سنووری پاشـکۆ بوونییەتـی بـۆ ئـەو بـاوەڕە، بـەو مانایەی پایـەی عەقڵ لـە ئایدیۆلۆژیادا هەرچەنـد بـەرز بکرێتـەوە، لـە پایـەی خزمەتکارێـک زیاتـر نییـە». (٢٦)

## بەرامبەر لە مامەڵەی ئایدیۆلۆژیدا

پرۆسـەی بەرهـەم هێنانـی (ئەویتر/بەرامبـەر) لـە مامەڵـەی ئایدیۆلۆژیـادا، یەکێکـە لـەو پرسـە گرنگانـەی کـە مایـەی تێفکرینـە، چونکـە هەمیشـە (بەرامبـەر) لـە پرۆسـەی وێناکردنـی ئایدیۆلۆژیـدا خـۆی لەبـەردەم گومـان و پرسـیار دەبینێتـەوە و دەچێتـە ژێـر بـاری دووانـەی (دژ/دۆسـت). وێـڕای ئـەوەش کـە بێلایەنـی لـەو مامەڵەیـەدا چاوەڕوان کـراوە، بـەڵام هـەر کۆمـەڵ و لـە دیدێکـەوە دەڕوانێتـە ئـەم بێلایەنییـە و هـەوڵ دەدات لـە جوگرافیـای بێلایەنـی پەلکێشـی هەڵوێسـتی لایەنگیـری بـکات، یاخـود هـەر هیـچ نەبـێ (دژ) نەبێـت. بـەم شـێوەیە «لـە مامەڵـەی ئایدیۆلۆژیـدا ئەویتـری بێلایـەن ناتوانـێ تـا هەتایـە بـە بێلایەنـی بمێنێتـەوە.. کەواتـە یـان دوژمنێکـی چاوەڕوان کـراوە، یـان دۆسـت». (٢٧)

هـەر ئـەم بـەد گومانیەشـە وا دەکات بـەردەوام گیـروگازی لێـک حاڵـی نەبـوون لـە نێـو کایـەی سیاسـیدا ئامادەگـی هەبێـت، تەنانـەت زۆرجـار ئـەو بەدحاڵـی بوونـە لـە ئاسـتی ئایدیۆلۆژییـەکان دەگوازرێتـەوە بـۆ ئاسـتێکی ترسـناکتر، کـە ئەویـش (دەسـەڵات/ هاووڵاتی)یە.

مەبەسـتی زیاتـری ئێمـە لـەم چەنـد پەیڤـە سـادەیە رێگـە خۆشـکردنێک بـوو بـۆ چوونـە سـەر تەوەرێـک، کـە ئەویـش قەیرانـی دیموکراسـییە لـە کەتـواری سیاسـی کوردسـتان. چونکـە وێـڕای هەمـوو ئـەو بانگەشـە ئەفسـانەیی و دروشـمە بریقەدارانـەی رۆژانـە لـەم وڵاتـەدا هەرزانفرۆش دەکرێـن، ئـەوا ئەزموونـی دە سـاڵ ژیانـی سیاسـیمان سـەلماندوویەتی کـە وێنـەی (بەرامبـەر) لـە تێڕوانیـن و بۆچوونەکانمـان تەڵـخ و

ڕەتکراوەیە و لە جوغزی بەرهەم هێنانەوەیکی کورتبیندا مەحکوم بووە بە (دژ) و بگرە بە (دوژمن)، کە ئەمەش ڕۆڵێکی کارای گێڕاوە لە بەرتەسککردنەوەی جیاوازییەکان. هەر بەم هۆیەشەوە لە دونیای ئێمەدا جیاوازی چەمکێکە لە دەرەوەی هاوکێشەکان و لەم نێوەشدا هەر جیاوازییەک مەحکوم بووە بە لەناوبردن، ئەمەش وایکردووە بە جۆرێک و جۆرێکی تر خەساندنی دەنگەکان ببێتە بەشێک لە کولتوری سیاسی هەندێ لە حزبە کوردییەکان.

کەتواری سیاسی ئەمڕۆی کوردستان لە قەیرانێک دایە، کە دەربازکردنی پێویستی بە هەناسەیەکی درێژ و زەمینەسازی زیاتر هەیە، چونکە کێشەکە لەوەدا نییە کە تەنها کۆمەڵ و گروپە ئایدیۆلۆژییەکان سەراوژێر یەکتری دەخوێننەوە، بەڵکو بەرهەم هێنانەوەی هەمان وێنە بۆ هاووڵاتی لە گوتاری دەسەڵات، کە حزب گوزارشتی لێدەکات، مەترسی ئاڵۆزتر بوونی گیروگازەکە زیاتر دەکات. هەر ئەم مامەڵە سەقەتەیشە وایکردووە تاکی کورد بەردەوام ئاماژەکانی پرسیارو گومان لەبەردەم هەڵوێست و هەنگاوەکانی حزبدا دابنێت

سەرەڕای ئەوەی هاووڵاتی بە چەندین شت تاوانبار دەکرێ، بەڵام ناکرێ دەسەڵات و حزبە کوردییەکان خۆیان لەو ڕاستییە بدزنەوە، کە ئێستاشی لەگەڵ دابێت بەرپرسیارێتی زیارتی پراستنی ئەو ئەزموونە و خەمخۆری بۆ بزاڤی نیشتمانی و نەتەوەیی لە ئەستۆی هاووڵاتیدا بووە، بە جۆرێک لە ڕابردوودا هەر ئەو قوربانی داوە و بۆتە سووتەمەنی شۆڕش و سیاسەتە داپلۆسێنەر و تۆتالیتارییەکەی داگیرکەرانی کوردستان، هەر ئەویشە ئەمڕۆ بۆتە ئاردی نێو ململانێی تەسکی حزبایەتی و شەڕی نەگریسی براکوژی و لە سەرجەم خزمەتگوزارییەکان بێبەش کراوە. واتە قەبوڵ نەکردنی جیاوازی لە نێوان ئەندامەکانی کایەی سیاسی کوردی هەوڵدان بۆ زیاتر پتەوکردنی هێزی میلیشیا و باڵادەست کردنی گوتاری ئایدیۆلۆژی ڕەوایەتی داوەتە پێشێلکردنی سەرجەم مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی هاووڵاتی. ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی کاری کردۆتە سەر بیرکردنەوەی تاک و چەشنێک لە کولتوری گومان و بێهودەیی و ڕەشبینی لەلا دروست کردووە، کە ناچاری کردووە نەک تەنها لە قوربانیدانەکانی ڕابردووی خۆش بێت و پەشیما بێت لە بەشداربوونی پرۆسەی شۆڕشدا، بگرە گەیشتۆتە ئەوەی بڕوای بە هیچ ئینتمایەک نەمێنێ. خۆدزینەوە و فەرامۆشکردن و بە هەڵە خوێندنەوەی ئەو هەڵوێستەی هاووڵاتیش لەلایەن

دەسەڵاتی سیاسی دەرەنجامی خراپتری لێ دەکەوێتەوە و دەگاتە ئاستێ کە ئیدی رەنگە متمانەی بە دەسەڵات لەق بێت، ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو هەڵویچستەی کایەی سیاسی کوردییە کە نەک ئامادە نییە رەخنەی تاک قەبوڵ بکات، بەڵکو پێی شەرمە گوێشی بۆ داواکاری و قسەکانی شل بکات.

کاتێک هاووڵاتی دەپرسێ: بۆ دوای دە ساڵ ئازادی و راپەڕین بۆی نییە روو بکاتە سندووقەکانی دەنگ دان؟ بۆ جەستەی وڵات بە پۆستاڵی داگیرکەران ئەنجنتر دەکرێ؟ بۆ یاسا لە ئاست هەژار و دەوڵەمەند، دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات نالەبارە و بۆ هاووڵاتییان لە داهاتی وڵاتەکەیان بێبەش دەکەن. بۆ ئازادی هاتوچۆی لێ دەسێننەوەڤ بۆ کفن دزەکانی دوێنێ تا ئەمڕۆی دە ساڵی دوای راپەڕینیش دەسەڵاتدارن و ریش سپی دەزگا مەدەنی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستانن؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر، کە هاووڵاتی ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی دەکات، چامتر وایە بە دژایەتی کردنی دەسەڵات و سڕینەوەی خەباتی حزب و ئیهانکردنی عەقڵی سیاسی لێک نەدرێنەوە. چونکە ئەوی هاووڵاتی لە گێژاوێکدا دەژییێت، دەیەوێ راست لە ناڕاست..درۆ لە راستی..دڵسۆزی لە خیانەت.. رەوا لە ناڕەوا..جوانی لە ناشیرینی..پاکی لە گوناە، جیا بکاتەوە. دەیەوێ دوای ئەو هەموو قوربانیدان و کارەساتانەی بەسەری هاتن، ئەویش وەک خواپێداو و (حازر خۆرەکانی بەر سێبەر!)، وەک مرۆڤ بژییێت و بە ئازادی بیر بکاتەوە و بدوێ و هەنگاو بنێ و دەستی بگاتە (نیعمەتەکانی!) ئەم وڵاتە.

دەگەڕێینەوە و دەڵێین «لە کۆمەڵگایەکی سیاسی یەک جۆردا، زیاتر وا دەکەوێتەوە کە (ئەویتر)ی ئایدیۆلۆژی دژ، یان تەنها بەرهەڵستکار بێت لەسەر دەسەڵات و بە دەگمەن دەبێتە دوژمن بە واتای وشەکە. تەنها لە نێو ئەو ئایدیۆلۆژیا سیاسییانە نەبێت، کە مافی پیادە کردن و گرتنە دەستی دەسەڵات بەسەر کۆمەڵێکی دیاریکراو تەسک دەکەنەوە».(٢٨) پاشان دەپرسین داوای خەڵک بۆ دابینکردنی زیاتری خۆشگوزەرانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادییە کەسییەکانی لە چێوەی دەسەڵاتێکدا، کە خۆیان قوربانی هاتنە کایەین و لە کاتێکدا کە ئەو داوایانە مافی سەرتایی و رەوای خۆیانە و ئەرکی دەسەڵاتیش دابینیان بکات و بیانپارێزێ، دەبێ ئەو داوایانە لە دیدی دەسەڵاتی سیاسی چۆن راڤە بکرێن و بچنە کام خانە، رەوایەتی، یان دوژمنایەتی؟!

## دەرەنجام

لـە کـۆی قسـەکانی پێشـوومان و بـە ورد بوونـەوە لـە کەتـواری ئەمـڕۆی کوردسـتان، دەگەینـە ئـەو راسـتییەی کـە سروشـتی بونیـادی سۆسـیۆلۆژی کـورد لـە رابـردوو و ئێسـتا و ئاییندەدا پێویسـتی بـە خوێندنەوەیەکـی قـوڵ و هەمەلایـەن هەیـە، کـە دەبـێ ئـەو خوێندنەوەیـەش لـە سـەرووی هـەر بیرکردنەوەیەکـی ئەفسـانەییانە و ئـەو روانینـە خـۆ بـەزل زانینانـە بێـت، کـە پێـی وایـە کـورد سـوپەرمانی دوێنـێ و سـوارچاکی شارسـتانییەتی ئەمڕۆیـە، کـە دووبـارە کردنـەوەی مێژووییێکـی پـڕ وەهمـە و دوورە لـە پەیـڕەو کردنـی میتۆدێکـی رەخنەیـی عەقڵانـی، کـە دەرزی ئاژنـی بونیـادی سۆسـیۆلۆژی نەتەوەکەمـان بـکات و بەبـێ دۆزینـەوەی جوگرافیـای پەیوەندییەکانمـان لەسـەر نەخشـەی سۆسـیۆلۆژیدا، ناتوانیـن هەنگاوێـک لـە شـوێنی خۆمـان بجوڵێیـن و ئاسـۆیەک لـە دوا رۆژدا بـەدی بکەیـن.

بێگومـان ئـەم لێپرسـراوێتییە ئەرکـی سـەر شـانی هەمـوو ئەوانەیـە کـە خـەون بـەوەوە دەبینـن کوردبکەوێتـە دۆخـی پێشـکەوتن و هەڵکـردن لەگـەڵ کاروانـی ژیـاری گـەلان و گەیشـتن بـە کۆمەڵـی مەدەنـی.. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەبـێ سـنووری وێناکردنـی ئەفسـانەی و ئەفسـوونگەرایی شـیعری و باوەڕسـالاری تەوتەمـی ببەزێنیـن و شـەرم لـەوە نەکەیـن عەیبەکانـی خۆمـان و ئیفلیجییەکانـی جەسـتەی کۆمەلایەتـی وسیاسـیمان ببینیـن، هـاوکات سـڵیش لـەوە نەکەینـەوە کـە گومـان ەک تەنهـا لـە هەنـگاوەکان، بگـرە لـە خـودی پێکهاتـی سیاسـی کوردیـش بکەیـن، بـەدوای ئەوەشـدا بگەڕێیـن کـە خـودی خنشـمان لـە هەڵـە دەپارێزێـز

بۆیـە ئەمـڕۆ لـە هـەر کاتێـک زیاتـر پێویسـتە سروشـتی بونیـادی سۆسـیۆ — پۆلۆتیکی کۆمەڵگاکەمـان و هەمـوو کایەکانـی ژیانـی بخەینـە بەردەمپرسـیار و وەڵامـی پۆزەتیڤانەیشـی بـۆ بدۆزینـەوە. بەتایبەتیـش کایـەی سیاسـی و دەسـەڵات لـەو روانینـە سـەقەتە و گەمـە دۆنکیشـۆتییە وریـا بکەینـەوە و سـنوورێک بـۆ هەمـوو ئـەو سـنوورە وەهمـی و تەلیسـماوییانە دابنێیـن، کـە سیاسـەت لـە رێگەیانـەوە دەیەوێـت بەنـاوی سـەروەری و باوەڕسـالاری و موقەدەسـگەرایی و نەریتسـالاری بەسـەرماندا بیسـەپێنێ و عەقڵـی تاکـی کـوردی پـێ گەمـارۆ بـدات. ئەبـێ گومـان لـە سروشـتی هەنـدێ لـەو پێکهاتـە سیاسـییانە بکەیـن و رەهاییەکانیـان نەبـن بـە بەشـێک لـە کولتـوری ژیـان و سـەر اەوێـش بـە خۆمانـدا بچینـەوە گوتـارە رۆشـنبیرییەکانمان لـە بەرهـەم هێنانـەوەی

گوتــاری دژە مۆدێــرن و پانتایــی نێوەنــدی ڕۆشــنبیری کوردیــش لــە پاشــاگەردانی ئایدیۆلۆژیـا و ئینتیمـای کوێرانـە ڕزگار بکەین..بـە هـەردوو لامـان (سیاسـی/ ڕۆشـنبیر) دەرگا بـە ڕووی دیالۆگـی عەقـڵ بکەینـەوە و جیاوازییـەکان وەکـو بەشـێک لـە کولتـوری دیموکراسـی بـە سـنگ فراوانـی لـە یەکتـری قەبـوڵ بکەیـن و چیـت خۆمـان لـەو ڕاسـتییە نەبـان نەکەیـن، کـە بـەردەوام گوتـاری سیاسـی و میتـۆدی ڕەخنەیـی لـە گوتــاری ڕووناکبیریــدا جەســتەی هاوکێشــەیەکی دوولا هاوســەنگە.

ئەمــەش بــۆ دوور خســتنەوەی مەترســییە کوشــندەکانی هــەر گوتــار و ڕوانینێکــی تەوتەمـی، کـە کۆتایـی لـە مانـا و حەقیقەتـی ڕەهـا بەشـێکە لـە کولتور و شووناسـەکەی. بۆیـە دەبـێ لـەوە بـەدوا کایـەی سیاسـی و دەسـەڵات ئـەو قەناعەتـە بـە خـۆی بێنـێ کـە پێویسـتە تـاک قسـە بـکات، دەبـێ حزبـی کـوردی ئـەو ڕاسـتییە بزانـێ، کـە ئیـرادەی کۆمەڵــگا و تــاک و ســەروەرییەکانیان لەســەرووی ئــەون، لــە بەرامبەریشــدا تــاک وەک خودێکـی خـاوەن عەقڵـی سـەربەخۆ، دوور لـە هـەر هەڵچوونێکـی سەرکێشـانە و لەســەر بنەمــای عەقڵانییــەت ڕووبــەڕووی هەژموونــی گوتــارە جیــاوازی کوژەکانــی حزب/ڕۆشــنبیر/خێڵ/ئایین...تد، بێتــەوە و لــە ئاســت لێپرســراوێتییە مێژووییەکانــدا بێـت، لـە سـەروویانەوە ڕۆشـنبیری کـورد خـۆی لـە شووناسـی (دخیـل) و گوتارەکـەی لـە خۆبەدەسـتەوەدان و پاشـکۆیی بپارێـزێ، بـەو مانایـە نـا خـۆی بخاتـە دەرەوەی سـنوورەکانی کایـەی سیاسـی و سیاسـەت کـردن، بـە پێچەوانـەوە، ببێتـە عەقڵێکـی کارای چاودێـر بەسـەر هەنـگاوە سیاسـییەکان و بەرەوپێشـبردنی کۆمەڵگاکـەی.

پەراوێزەکان:

١. گیـروگازی چومکـی کۆمەڵـی مەدەنـی/ د. کەریـم ئەبـو حـەلاوە/ و. ئیسـماعیل کـوردە و ئەوانیتـر/ چ١، ٢٠٠٠ ل١٥

٢. الایدیولوجیة علی المحک/ ناصیف نصار/ بیروت ١٩٩٤، ل٤٢

٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٥٠

٤. گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی ل ٤٤

٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٧

٦. الایدیولوجیة علی المحک ل٣٨

٧. گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی ل ٤٢

٨. نشاة الاحزاب السیاسیة/حسین جمیل/ بیروت ١٩٨٤ ل ٢٨

٩. کتێبی سەوز/ و. حسین نیرگزەجاڕی، سلێمانی ل٢٦
١٠. گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی ل١١٨
١١. الموسوعة الاشتراكية/ و.محمد حلمی مراد و اخرون، بیروت ل٢٨٣
١٢. گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی ل ١٥٤
١٣. کەلتوری رەخنەگرتن/ئیسماعیل کوردە/ گۆڤاری نما ژ٣ ل٩٧
١٤. الموسوعة الاشتراكية ل٥٨
١٥. الایدیولوجیة علی المحک ل١٠
١٦. لغة السیاسة/جورج کلاوس/ و. میشیل کیو/ دمشق ١٩٧٧ ل١٤٠
١٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٤٨
١٨. گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی ل١٥٤
١٩. گەڕانەوە لە پەشێوی/ ئیدوارد سەعید/ و. ئاوات ئەحمەد/ گۆڤاری مەدەنییەت ژ٥-٦ ل ٦٤
٢٠. کەلتوری رەخنەگرتن نما ل٩٦
٢١. کتێبی سەوز ل٣٢
٢٢. لغة السیاسة ل١٤٩
٢٣. الایدیولوجیة علی المحک ل٣٩
٢٤. کتێبی سەوز ل٣٠
٢٥. الایدیولوجیة علی المحک ل٥٤
٢٦. هەمان سەرچاوە ل ٤٦
٢٧. هەمان سەرچاوە ل ١١٧
٢٨. هەمان سەرچاوە ل١١٧

## هەڵوەستەیەك لە ئاست پرۆژەی رۆشنبیری

کەتــواری ئەمــڕۆی رۆشــنبیری ئاڵۆزییەکــی بێســەروبەری پێــوە دیــارە و، نێوەنــدی رۆشـنبیریش گیـرۆدەی پەرتەوازەیـی و تەسـلیم بـوون بـە ئیـرادەی حزبایەتـی لەلایـەک و، خـۆ بـە خـاوەن نەزانیـن و دوورە پەرێـز گرتـن لەلایەکـی تر..چەندیـن لێکدانـەوەش بـۆ نەبوونـی پرۆسـەیەکی مەعریفـی دەسـتەجەمعی و ونبوونـی رۆڵـی رۆشـنبیر وەک ئەندامێکـی ئۆرگانـی لـە نێـو کۆمەڵـی کوردەواریـدا هـەن (لـەم وتـارەدا زیاتر مەبەسـتمان باشـووری کوردسـتان)، دیارترینـی ئـەو بۆچوونانـەش بـە دوو ئاقـاردا دەچـن، یەکێکیـان پێـی وایـە رۆشـنبیر ئەرکـی سـەرەکی خـۆی ونکـردووە و لـە پەیامـی راسـتەقینەی خـۆی لایـداوە و، وەکو کادیرێکـی حزبـی بیـر تەسـک کار دەکات. ئـەوەی تریش وا سـەیر دەکا کـە خـودی حزبـەکان و دەسـەڵاتی سیاسـی سـنووری کاری رۆشـنبیریان تەسـک کردۆتـەوە و دەسـتیان خسـتۆتە بینەقاقـای، بـەڵام بەهـەر بارێکیانـدا بێـت، ئـەوا دەبێ ئـەو راسـتییە لـە یـاد نەکەیـن کـەوا « رۆشـنبیری راسـتەقینە و رەوا فەرمانبـەر، یـان بەردەسـتێکی هەنـدێ ئامانجـی سیاسـی حکومەتێـک، یاخـود کۆمپانیایەکـی گـەورە، تەنانـەت هـی سـەندیکایەکی پیشـەیی هاوبیـری خۆیشـی نییـە».[1]

جگـە لـەوە ونبوونـی گیانـی رەخنەگرتـن لـە گۆڕەپانـی کاری سیاسـی – رۆشـنبیری کوردسـتان هەمدیـس بـە چەنـد ئاراسـتەیەکی تـردا بـراوە، ئاراسـتەیەک وای بـۆ دەچـێ، کـە دەسـەڵات، یـا حزبـەکان پێیـان وایـە رەخنەگرتـن لێیـان جۆرێکـە لـە کوفـر دەرهـەق بـە پیرۆزییەکانـی خۆیـان و بۆیـە لـەم نێـودا کۆمەڵـێ ئامـراز و دروشـم دەکەنـە قەڵغانـی بەرگـری کـردن لـە خـود. ئاراسـتەیەکی تریـش وای لێـک دەداتـەوە، کـە خـودی رۆشـنبیری کـورد، کەسـایەتییەکی نەوێـر و ترسـنۆک و ئۆپۆرتۆنیسـتە، لەبـەر ئـەوە و بـە مەبەسـتی پاراسـتنی بەرژەوەنـدی و ئیمتیازەکانـی، خـۆی لـە هەڵـە و تەنانـەت تاوانـە زەقەکانـی دژ بـە ئـازادی دەبوێـرێ. لـەم نێوەشـدا هـەرچ بیانوییێـک بهێنرێتـەوە و پاسـاوی ئـەو بۆشـاییە بداتـەوە، بـەڵام دەبێ ئـەوە بزانیـن کـە « ئەرکـی رۆشـنبیرە هەرگیـز خزمەتـی هێـز و دەسـەڵاتێک نـەکات»[2] و ئـەو کەسـایەتییەیە

کە زۆرینەی کۆمەڵ لە دەوری کۆ دەبنەوە و «پشت بە بەرفراوانترین جەماوەر دەبەستێت». (٣)

چونکە مرۆڤی ڕۆشنبیر لە گەرمەی تێکۆشانی مەعریفی خۆیدا لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری کۆمەڵایەتی و ڕەخنەگرتن لە هەڵەکانی دەسەڵات « بە تەنها ڕووبەڕووی داواکارییەکانی کۆمەڵگاکەی نابێتەوە، بەڵکو دەبێ گۆڕانی جەوهەریش لە خودی کەسایەتی و پایەی ڕۆشنبیران بکات». (٤) بۆیە ئەرکی ڕۆشنبیر تەنها گ ڕەخنەگرتن نییە لە سیاسەتی دەوڵەت، هێندەی ئەوەی کە دەبێ وا سەیری کار و بزاڤی مەعریفی بکات، کە دەبێ ژیانی گشتی کۆمەڵ بە شێوەیەکی شیاو و شارستانی و پێشکەوتووتر بەردەوامی پێ بدرێ». (٥)

پرۆژەی ڕۆشنبیری وەک پرۆسەیەکی (مەعریفی — عەقڵانی) ڕێکخراو و بەرنامەڕێژ پێویستی بە زەمینەسازی و فاکتەری (خودی و بابەتی) هەیە، تا ببێتە دیفاکتۆ لە بەردەم ڕەوشی چەقبەستووی باو و، ئەو کیانەی کە بە مەبەستی هێشتنەوە و بەردەوامی دان بە دەسەڵاتی کۆنەپارێزی خۆی، پەنا دەباتە بەر سەرجەم شێوازە نا شارستانی و نا شەرعییەکان و لە باکگراوندی بیرکردنەوە سەقەتەکانی خۆی، کۆمەڵێ تەوتەم و تەلیسمی بەناو پیرۆز دەخوازێت، وەک بەربەستێک لە بەردەم لێشاوی هزری نوێ بەکاریان دێنێ. بێگومان لەم نێوەشدا، ئەو پرۆسە ژیارییە وەک کردارێکی دەستەجەمعی پێویستی بە بێلایەنییەکی تەواو هەیە و، دەبێ خودانی تریبۆنێکی ئازاد و کاراکتەری بوێر و بە هەڵوێست بێت، تا بتوانن هەنگاوی مەزن لە واری گۆڕان بنێن. چونکە « گومان لەوەدا نییە کە مرۆڤ لە نووسین و ئاخاوتندا هەوڵی ئەوە نادات تا بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە، تا چەند لەسەر ڕەواییە، بەڵکو هەوڵ دەدات گۆڕانێک لە ژینگەی ڕەوشتی کۆمەڵ دروست بکان». (٦)

بەم پێودانگە، مرۆڤی ڕۆشنبیر چ وەک تاک، یان گروپ، کە بیر لە ڕابوونێکی مەعریفی و پرۆژەیەکی گۆڕان دەکەنەوە، دەبێ بەر لە هەر شت بەرامبەر پەیامەکەیان ڕاستگۆبن و، بیر لە گۆڕانێکی ژۆنێتی لە بونیادی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرخان (هوشیاری) کۆمەڵگە بکەنەوە. واتە دەبێ وەک ڕۆشنبیرێکی ئۆرگانی (بە چەمکە گرامشییەکەی)، ڕۆڵی ئەکتیڤ لەو بوارەدا بگێڕن و بە چاوی عەقڵ بڕواننە دەوروبەر و دیاردەکان و خوێندنەوەیەکی (لۆژیکی

— زانستی) بۆ بکەن و ڕەهەندە بەرفراوانەکانی شی بکەنەوە و قاوغی سۆزداری تێک بشکێنن، هەروەها عەقڵانییانە مامەڵە لەتەک شتەکاندا بکەن. لەبەر ئەوە پێویستە «ڕۆشنبیر بە درێژایی ژیان دژی هەر روئیا، یا دەقێکی پیرۆز بێت، کە هەرگیز لە ململانێی بەردەوامدا بەرگەی رای جیاواز ناگرێت». (٧)

لەلایەکی تر کاتێک باس لە پرۆژەی ڕۆشنبیر دەکرێ وەک پێویستییەکی حەتمی بۆ گۆڕین و پێشڤەبردنی کۆمەڵگە، ناکرێ پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان (ڕۆشنبیر — ڕەوشت) فەرامۆش بکرێ. لەو شۆنگەیەی کە « ڕەوشت بریتییە لە کۆمەڵێ بنەمای ڕێکخراو بۆ پاراستن و پێش خستنی کیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا وەک یەکەیەکی گشتگیر و جۆرێک لە جۆرەکانی هوشیاری کۆمەڵایەتی». (٨) هەروەها ڕۆشنبیریش کاراکتەری سەرەکی پیادە کردن و سەرخستنی ئەو پرسە شارستانییە، وەک تاکێکی جیانەکراوەی کۆمەڵن نوێنەرایەتی بنەما ڕەوشتی و ئاکاری و بەهاکانی دەکات وەک خودێکی سەربەخۆ (بێگومان ڕەوشت بە مانا کلاسیکییە سواو و بەرتەسکەکەی ڕۆژهەڵاتی نا، کە ناموسە!). بۆیە لە حاڵەتی رابوونی کۆمەڵی ڕۆشنبیران بەو پرۆسەیە، پێویستە وەک « چەمکێکی مێژوویی سەیری ڕەوشت بکرێن بەو پێیەی کە بنەما ڕەوشتییەکان بە گوێرەی گەشەی کۆمەڵایەتی — مێژوویی کۆمەڵگە گۆڕانیان بەسەردا دێت». (٩) هەر لەبەر ئەوەیشە دەبینین لە کاتی رابوون بەم کارە ڕۆشنبیران ڕووبەڕووی چەندین پەرچەکرداری دۆگما دەبنەوە لەلایەن واقیعی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی باودا.

لەم گۆشەنیگایەوە، دەبێ ڕۆشنبیران وا سەیری بنەما و بەها ڕەوشتییەکان بکەن، کە هەرگیز دابڕاو نین لە بوون و کیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و ناکرێ هەندێ چەمکی سواو و وەهمی بەناو سەروەری بەپیرۆز کراو دەستیان لێ نەدرێت. چونکە مێژوو فێری ئەوەی کردووین، کە «بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادی راستەقینە لە بارودۆخی نالەباردا، تۆمەتی کاری گێرە شێوێن و وێرانکەری بۆ هەڵ دەبەسترێ». (١٠)

پەیامی ڕۆشنبیر گۆڕین و پێشڤەبردن و خزمەت کردنی کۆمەڵگەیە، لە گەیاندنی ئەو پەیامەشیدا تەنها ڕەچاوی ڕەوایی کێشەکان و ئاسۆی ئاییندەی کۆمەڵ دەکات و سڵ لە هیچ ترس و تۆقاندنێک ناکاتەوە، چونکە جیا لە راستی و ڕەوایی یاسا و یەکسانی «هیچ خوداوەندێکی تر لەم نێوەدا نییە ڕۆشنبیر بیپەرستێ». (١١)

وێـڕای ئەمـە نابـێ ئـەوە لەبیـر بکەیـن، کـە لـە گەرمـەی خەبـات و تێکۆشـانیدا دژی چەمکـە ئیفلیـج و بیرکردنـەوە دۆگمـا و بـاوەکان، کـە زۆرجـار سـەرەڕای پەتـای نزمـی ئاسـتی هوشـیار کۆمەڵایەتـی، ڕۆشـنبیر ڕووبـەڕووی شـورەی وەهمەکانـی دەسـەڵاتیش دەبێتـەوە، بەتایبەتـی دەسـەڵاتێک بنەماکانـی خـۆی لەسـەر زمانـی زەبروزەنـگ و خەسـاندن داڕشـتنبێ، لـەو دەمەشـدا تەنهـا ڕێگایـەک کـە لـە بـەردەم ڕۆشـنبیر دەمێنێتـەوە، بەرەنـگار بوونـەوەی خـەون و خولیاکانـی ئـەو دەسـەڵاتەیە. دیـارە دەبـێ لـەم پێناوەشـدا پـێ لـە جەرگـی خـۆی بنـێ و زیـرەک و بوێرانـە مامەڵـە لەتـەک ئـەو پرسـەدا بکات، چونکـە « دەربڕینـی ڕاسـتی بـە ڕووی دەسـەڵاتدا کارێکـی هێنـدە – میالـی – نییـە لـە گەشـبینی، بەڵکـو ڕامانێکـی وردە لەسـەر بیرکردنـەوە و دیـاری کردنـی ئەلتەرناتیڤێـک و دواتـر نوێنەرایەتـی کردنـی بەوپـەڕی هوشـیاری و زیرەکـی» (١٢) لەمەشـدا چـاری ناچـارە کـە دەبـێ بـاری گرانـی ئـەو ئەرکـە هەڵبگـرێ و گـرەوی ئـەو ڕووبەڕووبوونەوەیـە بباتـەوە، چونکـە «یەکێـک لـە سـەرەکیترین چالاکییـە فیکرییـەکان، لێپێچینـەوە – اسـتجواب –ی دەسـەڵاتە». (١٣)

وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێیکـرد، خەمـی هـەرە گـەورەی ڕۆشـنبیر هێنانـەدی گۆڕانێکـی (سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، کولتـوری، فەرهەنگـی) چۆنێتییـە لـە بونیـادی کۆمەڵـگای کـۆن، جـا بـە هـەر نرخێـک بێـت. بۆیـە پابەنـد بـوون بـە بەهـا ڕەسـەنەکانی ڕاسـتگۆیی و ویـژدان و خـۆ دوور خسـتنەوە و دوورە پەرێزگرتـن لـە بیرتەسـکی ئایدیۆلـۆژی و پاشـکۆی حزبایەتـی، تایبەتمەنـدی سـەرەکی ڕۆشـنبیرن، چونکـە ڕۆشـنبیرە ئۆرگانییـەکان ئـەو کەسـانەن کـە نـە دەکەونـە ژێـر کاریگـەری تەوژمـی ویسـتێکی خـودی و نـە دەکەونـە ژێـر کۆنتڕۆڵـی «دروشـمێک، یـان هێڵێکـی سیاسـی حزبێکـی کلاسـیکی، یاخـود باوەڕێکـی نەگـۆڕ». (١٤) بـە واتایەکـی تـر پێویسـتە ڕۆشـنبیر «وێـڕای پابەنـد بوونـە حزبایەتییەکـەی، هـەردەم بەرامبـەر بەهاکانـی ڕاسـتی و ئـازادی پەیوەسـت بـە سـتەم و چەوسـاندنەوەی مرۆڤایەتـی ڕاسـتگۆ بێـت». (١٥)

دواتـر ڕۆشـنبیر کەسـێکی نامـۆ نییـە بـە کەتـوار و ڕەوشـتی کۆمەڵایەتـی ژیانـی کۆمەڵـگای خـۆی و بـۆ خـۆی لـە نێـو گەرمـەی ڕووداوەکانـدا دەژیێـت، هـەر ئەمەشـە وا دەکات کـە بەرنامەیەکـی زانسـتی بـۆ کار و هەنگاوەکانـی دادەڕێـژێ و لـە کارەکانیشـیدا تەنهـا عەقـڵ و هەڵێسـت و بوێـری دەکاتـە سـەنگی مەحـەک و کۆنتڕڵـی جگـە لـە عەقـڵ و ئیـرادەی خـۆی، ناداتـە دەسـت هیـچ هێزێکـی دەرەکـی، لەبـەر ئەوەشـە کـە

دەبینین هیچ کات رۆشنبیر « ئامرازێک نییە و سەرپێی هەندێک یاسا و بنەمای داهێنراوی حیسابی بۆ هەر بابەت و کێشەیەک بخاتە گۆڕەپان» .(١٦)

« ئامانج لە چالاکی رۆشنبیر بەرزکردنەوەی ئاستی ئازادی و مەعریفەی مرۆڤە» (١٧) بەم پێودانگە، ئەرکی رۆشنبیر گرنگیدانە بە مرۆڤ و پاراستنی سەروەرییەکانی و رزگار کردنی لە هەر کۆتێک، کە ئازادییە کەسییەکانی سندم دەکات و لەسەر سروشتی ئازادی خۆی ژیان بکات و بیر بکاتەوە، دژی ئەو تەلیسمانەی کە مافی تاک نازانن وەک خودێکی خودان هزر و کیانی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ ببێتە خودانی جیهانبینی تایبەتی خۆی و پیادەی ئارەزووە (جەستەیی — هزری)یەکانی بکات. ئەو بازنە رەشەی بەردەوام تیایدا هەوڵی ئەوە دەدرێت مرۆڤ لە بەها و نرخی مرۆییانەی خۆی دابشۆرێنرێت و وەک ئامێرێک لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی خۆی کۆنترۆڵی بینین و هەستکردن و جوڵان و بیرکردنەوەی بکرێ. بۆیە مەرج نییە زمانی رۆشنبیر کۆک و تەبا بێت لەگەڵ زمانی سیاسەت، چونکە سیاسەتی دەسەڵاتێکی کۆنەپارێز و دۆگما، بەردەوام بە زمانێک گوزارشت لە خۆی و ستراتیژەکانی دەکات، کە هیچ سنوورێک و دەرفەتێک بۆ بەرامبەر ناهێڵێتەوە، تا لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆیەکی عەقڵانی و هێمنانە، بەتایبەتیش لە سای سیاسەتی دەسەڵاتێکدا، کە قاوغێکی فاشیزمی گرتبێتە خۆ، هەر لەبەر ئەمە سەیر نییە کە بڵێین «زمانی سیاسەت بەردەوام سوورە لەسەر ئەوەی درۆ بە راستگۆیی نیشان بدات و رێز لە تاوان بگرێ» .(١٨)

گرنگترین شت بەلای رۆشنبیرەوە ئازادییە بە کۆی مانا و رەهەندەکانی، تا لە میانی ئەوەوە پەنجە بخاتە سەر خاڵە لاوازەکانی دەسەڵات و نەریت و چەمکە کلاسیکییە چەقبەستووەکان ، هەر ئەم ئامرازەشە وا دەکات دووبارە لە گەرمەی ململانێ فیکری — مێژوویی خۆیانجا بگەنە خاڵی چارەسەر و گەیشتن بە وێستگەیەک، تا لەوێوە هەنگاوەکان بەرەو نوێبوونەوە و گۆڕان بنرێن، هەر لەم روانگەیەشەوە وازهێنانی رۆشنبیر لەم ئامانجە « خیانەتێکە لە پەیامی رۆشنبیر» (١٩) و هەر ئەمەشە دەیسەپێنێتە سەر رۆشنبیران کە «کاتێک ئیدانەی کارێکی دوژمنکارانە دەکەن، کە بەێ هۆ بەرامبەریان ئەنجام دەدرێ، بە هەمان شێوە دەبێ هەڵوێست بەرامبەر دەسەڵات و دەوڵەتی خۆیان وەربگرن، کاتێک سەروەری گروپێکی بەرامبەری لاواز پێشێل دەکات» .(٢٠) کەواتە بەم پێیە بێت

ئەركـی رۆشـنبیر ئـەوە نییـە، كـە دەسـەڵاتێكی سـەركوتكار بـە دەسـەڵاتێكی هاوشـێوەی ئـەو، بـەڵام خۆماڵـی بێنێتـە ئـارا، بەڵكـو ئامانـج و ئـەرك و پەیامـی رۆشـنبیر «دروسـتكردنی كەسـایەتی نوێیـە» .[٢١]

ماوەتـەوە بڵێیـن، رابوونێكـی مەعریفـی و دارشـتنی پرۆژەیەكـی رۆشـنبیری، كـە بەبـێ تـرس رەخنـە لـە مێـژوو و بونیـادی كۆمەڵایەتـی و عەقڵـی سیاسـی و دەسـەڵات و ئاییـن و نەریـت و ترادیسـیۆنەكان بگـرێ و دوور لـە هـەر ویسـتێكی خـودی بێتـە مەیدان و خـۆی لـە تەپوتـۆزی پاشـكۆی حزبایەتـی و ئایدیـای سـەقەت و دۆگمـا دابتەكێنـێ و سـەر لـە نـوێ كەسـێتی داڕوخـاوی تاكـی كـورد و زمانـی عەقـڵ و مەعریفـە و بەڵگـە و ئەرگۆمێنـت، بكاتـە شـێوازی ژیـان و بـە ئامانجـی سـەرەكی بگـرێ، ئەمـەو وێـڕای رەخنەگرتـن لـە چەوتـی و چەوێڵییـە كۆمەڵایەتـی – سیاسـییەكان، دیـوە جوانەكانیشـیان فەرامـۆش نـەكات و لـە هەوڵـی بەردەوامـی جوانتركردنـی كۆمەڵگاكـەی و بەرەوپێشـبردنی دابێـت، بەمـەش كـەم تـا زۆر دەتوانـێ پەیامـی راسـتەقینەی خـۆی بگەیەنێـت و رۆڵـی كارای لـە بونیادنانـی كۆمەڵگایەكـی كـراوە و پێشـكەوتوو هەبێـت.

**پەراوێزەكان:**

١. صور المثقف، ادوارد سعيد، المطابع التعاونية الصحفية، ش.م.ل. بيروت ١٩٩٦ ل ٩١

٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٨٨

٣. ه.س.پ ل١٥

٤. ه.س.پ ل٨٢

٥. ه.س.پ ل ٣٧ و ٤٩

٦. ه.س.پ ل١٠٤

٧. ه.س.پ ل٩٤

٨. مذاهب و مفاهيم فی الفلسفة و الاجتماع، د. عبدالرزاق مسلم الماجد، دار المكتبة العصرية، بيروت ل ٥

٩. ه.س.پ ل٦

١٠. نامۆیی نەتەوەیی – هەڵگورد بەرزنجی، ساڵ و شوێنی چاپی دیار نییە

١١.صور المثقف ل٦

١٢. هـ. س. پ ل١٠٦

١٣. هـ. س. پ ل ٩٦

١٤. هـ. س. پ ل١٤

١٥. هـ. س. پ ل١٤

١٦. هـ. س. پ ل١٠٢
١٧. هـ. س. پ ل٣٣
١٨. هـ. س. پ ل٤١
١٩. هـ. س. پ ل٩٤
٢٠. هـ. س. پ ل١٥
٢١. هـ. س. پ ل٥٢

### ژێدەرەکان:


٢٢. سعيد، ادوار، صور الثقف، المطابع التعاونية الصحفية ش.م.ل.بيروت ١٩٩٦
٢٣. الماجد، عبدالرزاق مسلم، مذاهى و مفاهيم في الفلسفة و علم الاجتماع، دار الكتب العصرية. بيروت
٢٤. الجابري، محمد عابد، قضايا في الفكر المعاصر، مركز دراسات الوحدة العربية، گ١، بيروت ١٩٩٧
٢٥. الزغبي، محمد احمد، التغير الاجتماعى بين علم الاجتماع البرجوازي و علم الاجتماع االاشتراكي، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت گ١، ١٩٧٨
٢٦. مونرو، توماس، التطور يط الفنون وبعض نظريان اخرى فى تأريخ الثقافة، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، ج١، ١٩٧١
**١. نوری بێخاڵی، مەرگی ئازادی، وتار، هەفتەنامەی میدیا ژ ٥٦ لە ١٩٩٩/١٢/١**

## ڕۆشنبیری کوردی، دوو زەمەنی جیا و یەك ئاراستە

بـە شـێوەیەکی گشـتی پێکهێنــەرە سـەرەکییەکانی ڕۆشـنبیری هـەر کەسـێک خـۆی لـە چـوار خاڵـدا دەبینێتـەوە، کـە بریتیـن لـە جـۆری ئـەو پـەروەردە و فێرکدنـەی تـاک لـە ژیانــی خۆیـدا پێـی گـۆش دەکرێـت، لەگـەڵ جـۆری ئــەو ڕۆشـنبیرییەی کـە لــە ژینگەکەیدا بـاوە، هاوشـان لەگـەڵ بەهـرە و سـەلیقە و تواناکانـی خـودی ئـەو کەسـە، ئەمــەو وێـڕای ئــەو شــارەزایی و پاشـخانە ڕۆشـنبیری و ئەزموونــە کۆمەڵایەتییانــەی بـە درێژایـی ژیانـی دەسـتی خسـتوون. بـەم پێودانگـە دەکاریـن بڵێیـن سـەرجەمی ڕۆشـنبیران لـە هـەر کوێیـەک بـن، لـە چوارچێـوەی ئـەم هێڵـە سـەرەکییانە دەرناچـن.

هەرچەنــدە ڕۆشــنبیری کــوردی تــەواو بەرهەمــی توانــا خــودی و ئەزموونــە کۆمەڵایەتییەکانـی خـۆی نییـە و زێدەتـر زادەی، یـان بـا بڵێیـن لـە ژێـر کاریگـەری کەتـوار و ڕەوشـی سیاسـی کوردسـتان لـە دایـک بـووە و گەشـەی کـردووە، کـە دواتـر بـە ئیفلیجـی هاتۆتـە بەرهـەم، بـەڵام مانـای ئـەوە نییـە کـە ئـەو پێکهاتـە ڕۆشـنبیرییە قسـەی لەسـەر نەکـرێ و پرۆژەکـە نەخرێتـە بـەر بـاس و لێکۆڵینـەوە. واتـە ناکـرێ کەتـوارە سیاسـییەکە بکرێتـە پاساوێک بـۆ خـۆ بـواردن لـە کەموکـوڕی و ئیفلیجییەکانـی ڕۆشـنبیری کـوردی.

دواتـر کـە لـەم وتـارەدا قسـە دێتـە سـەر زەمـەن و نـەوەی جیـای ئـەو ڕۆشـنبیرییە، مەبەسـت لـە خـودی کاراکتـەرەکان و جیاوازییەکانـی تەمـەن نییـە، هێنـدەی ئـەوەی قسـەکردنە لەسـەر دووبـارە بوونـەوەی خـودی گوتارەکـە، مەبەسـت گوتـاری ڕۆشـنبیرییە.

کـە دەڵێیـن ڕۆشـنبیری کـوردی دەرهاوێشـتەی پێکهێنەرەکانـی پێشـەوە و هەڵقـوڵاوی نێـو ژینگـەی کـوردەواری نییـە، مەبەسـتمان زیاتـر لەوەیـە، کـە ئـەو ڕۆشـنبیرییە زیاتـر بەرهەمـی سیسـتەمێکی پەروەردەیـی و فێرکاری ڕوخێنـەرە، کـە لەسـەر بینـای مەعریفـی چەندیـن سـەدەی داگیـرکاری و ژێردەسـتەیی وەسـتاوە، تەنانـەت ئـەم کەتـوارەش توانیوویەتـی چەندیـن دەنـگ و ڕەنگـی سـەقەت دروسـت بـکات، کـە دواتـر لـە کـۆی

کارەکانیـان هێنـدەی تـر جەسـتەی ئـەو رۆشـنبیرییە هەپـروون بکـەن، ئەمـە لـە کاتێـک دایـە کـە لـە هەمـان سـاتەوەختدا و لـە نێـو شۆڕشـدا بەنـاوی بەرگریکـردن لـە شـووناس گرووپێکـی تـر دروسـت بـوو، کـە هێنـدەی سـەرقاڵی پڕکردنـەوەی بۆشـاییەکانی دەسـتی سیاسـەتی داگیـرکاری بێـت لـە یـادەوەری و هوشـیاری نەتـەوە، هـات و لـە نێـو خۆیـدا و بەنـاوی جیـاوازی ئایدیۆلـۆژی، برینێکـی تـری خسـتە جەسـتەی ئـەو رۆشـنبیرییە. ئەمـەش وایکـرددوای راپەڕیـن زەمینەیەکـی تەندروسـت بـۆ کار و چالاکـی رۆشـنبیری نەتەیـە بەرهـەم، ئەویـش بـە حوکمـی بەرفرەتـر بوونـی مینبەرەکانـی ئایدیۆلۆژیـا و سیاسـەت، کـە پاشـان لـە دوای هەڵبـژاردن بـە شـێوەیەکی زەقتـر پـەردەی لـە رووی خـۆی هەڵماڵـی. واتـە بـە جۆرێـک بـوو نەتوانـرا هوشـیارییەک دروسـت بـکات، کـە دواجار ببێتـە سـەرەتایەک بـۆ بونیادنـای ئاسـتێکی رۆشـنبیری هاوجـووت لەگـەڵ خواسـتەکانی پـڕۆژەی رۆشـنبیری جیـددی، کـە لـە دوا هەنـگاودا چڕکردنـەوەی سـەرجەمی چالاکـی و کارە رۆشـنبیرییەکان لـە چوارچێـوەی حزبـدا، بـووە هـۆی دەرکەوتنی سانسـۆر و چاودێری کـردن بەسـەر ئازادییەکانـی تـاک و تەسـککردنەوەی بـواری رەخنەگرتـن و رای جیـاواز و بـەدوای ئەمەشـدا شـەڕی ناوخـۆ هێنـدەی تـر هاوکێشـەکانی ئاڵـۆز کـرد، بەجۆرێـک ئێسـتاش هەسـت دەکـرێ کـە خەریکـە لای نـەوەی نـوێ جۆرێـک لـە رۆشـنبیری چەکـەرە دەکات، کـە دەیـەوێ تەکانێـک بـەو رەوشـە قەچبەسـتووە بـدات و بـە دوای دۆزینـەوەی کلاورۆژنەیەکـدا دەگـەڕێ بـۆ گـۆڕان لـە بونیـادی کۆمەڵـگا و کـۆی سیسـتەمە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکـەی لەسـەر ئاسـتی بیرکردنـەوە و پەیوەندییـەکان، هـاوکات سـەرقاڵی ئەوەیـە دەروازەیـەک بـە رووی میتـۆدی رەخنەیـی عەقڵانـی و دیالـۆگ و جیـاوازی و یەکتـر قەبوڵکـردن بکاتـەوە، بـەڵام هێشـتا لەبـەر ئامادەگـی چەنـد کارکاتەرێکـی نـاو و بەردەوامـی گوتـاری دۆگمـا لـە نـاو جەسـتە و پێکهاتـی رۆشـنبیری کوردیـدا، نەیتوانیـووە جـێ پێـی خـۆی وەک پێویسـت بگـرێ، چونکـە بەردەوامـی ئـەو کاراکتـەر و گوتـارە، کـە دەیـەوێ بەنـاوی پێشـەنگی (ریـادە) گۆڕەپانەکـە تـا هەتایـە قـۆرخ بـکات، رێگـەی لـە هـەر هەناسـە و دەنگێکـی نـوێ و بیرکردنەوەیکی رەخنەیـی گرتـووە، بەداخـەوەش کایـەی سیاسـی و دەسـەڵات زیاتـر لـە خەمـی پتەوکردنـی بەندیـواری ئـەو بەریـە دایـە، کـە جگـە لـە شـوێنکەوتەیی و پاشـکۆیەتی شـتێکی جوانتـری لەنـاو گوتـاری رۆشـنبیریماندا بەرهـەم نەهێنـاوە و هـەر سـەرگەرمی جوینـەوە و دووبـارە کردنـەوەی حیکمەتەکانـی حـزب و سـەرکردەیە.

رەنگە هەبێت و بیرێ، جا کایەی سیاسی چ کارێکی بەسەر ئەم بوارەدا هەیە؟ بەڵام لە راستیدا پرۆسەی گۆڕان و نوێبوونەوە لە ئاستی گوتار و تیۆردا، ئەگەرچی لەسەر دەستی رۆشنبیران و دەستەبژێری رەخنەیی دێتە دی، لەگەڵ ئەوەشدا بەو مانایە نییە، کە سیستەمی سیاسی و دەسەڵات رۆڵ لە کاراکردن، یان لە پەلوپۆ خستنی ئەو پرۆسەیە نەگێرێ، وەک چۆن پێچەوانەکەی، هێز و گروپگەلی کۆمەڵایەتی خاوەن دونیابینی نوێ دەتوانن رۆڵێکی ئەکتیڤ لە سەرخستنی پرۆسەکەدا ببینن. واتە خودی کایەی سیاسیش لایەکی گرنگی هاوکێشەکە و جەمسەرێکی گرنگی نێو پرۆسەی گۆڕانە و بە هەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنی دەتوانێ کاریگەری خۆی هەبێت. بۆیە بەداخەوە دەبینین لێرە خودی دەسەڵات و کایەی سیاسی بە پێچەوانەی راستییەکانی مێژوو و کۆمەڵناسی هەنگاو دەنێ. لە کاتێکدا کە مرۆڤ وەکو تاکێک مافی جیاوازی و ئازادی و یاخیبوون و ئۆپۆزسیۆنی هەیە، کەچی دوای دە ساڵ ئازادی، خەریکە دەروازەکانیگوزارشت کردن لەو خودێتی و هێنانەدی ئازادییە کەسییەکان لە بەردەم تاکدا تەسک دەکرێنەوە، بە جۆرێک هەر لەگەڵ سەرکەوتنی راپەرشین حزب کۆنترۆڵی سەرجەم کایەکانی ژیانی کرد، حزب شووناسی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری قۆرخکرد و دواجار مافی ئەوەیشی بە خۆیدا، لە رێگەی کۆمەڵێ دەنگی نەزۆک گوتار و چالاکی رۆشنبیری بە ویستی خۆی ئاراستە بکات، بۆ ئەوەی دواجار نێوەندی رۆشنبیری ناچار بە رازیکردن و ملکەچی و شایەتمانی دان بۆ گەورەیی موعجیزەکانی حزب و حیکمەتەکانی سەرکردە و سیمبولە وەهمییەکانی تاکەکەس بکات و کولتوری جیاوازی بواری ژیان و هەناسەدانی نەمێنێ، ئەم کەشەش رۆڵی بینیوە لە دروستکردنی رۆشنبیرێکی تەسلیمکار و پاشکۆ و تووتی ئاسا، بە جۆرێک دواجار حزب کراوەتە پەرستراوێک و پێویست بووە قوربانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و تەنانەت رۆشنبیریشی بۆ بدرێت، تا کار گەیشتە چەند کەرتبوون و شەڕە گەڕەکی رۆشنبیری. واتە بە شێوەیەکی گشتی کار گەیشتۆتە ئەوەی حزب رێگە و شێوازی خۆی بە باشترین ئەلتەرناتیڤی گۆڕان بزانێ و هەر هەوڵێکی رۆشنبیران و گروپە کۆمەڵایەتییەکان بۆ جیاوازی و ئۆپۆزسیۆن و رەخنەگرتن رەت بکاتەوە. بە جۆرێکی تر پرۆژەی رۆشنبیری جیددی و رۆشنبیران (قورمیشکراو و دەروێشەکان نا!)، ئێستا لە بەردەم سزای لە سێدارەدانی مەعنەوی کایەی سیاسی

و دەسەڵاتدا خۆیان دەبیننەوە.

بێگومان بەم قسانەش مەبەستمان نییە بە تەنها کایەی سیاسی بە کۆسپی بەردەم پرۆسەی گۆڕان و کرانەوە و نا کارایی رۆشنبیران و نا ئامادەیی پرۆژەی رۆشنبیری بزانین، بەڵکو لە دیوێکی تردا کولتور و ئایین و ترادیسیۆنیش رۆڵی نەرێنی خۆیان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی لەم رووەوە دەگێڕن، لەدیوێکی تریشدا خودی کاراکتەرەکانی دونیای رۆشنبیری تاوان و کەمتەرخەمییان لە ئەستۆ دایە. راستە نێوەندی رۆشنبیری بەبێ بوونی جیاوازی و گفتوگۆ بە نێوەندێکی مردوو دەژمێردرێ، چونکە سروشتی کاری رۆشنبیری راوبۆچوونی جیاواز دەخوازێ و شتێکی ئاساییشە کە رۆشنبیران لە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئینتمای سیاسی و فیکری جیاوازدا ببینرێن و لە دید و تێڕوانین و جیهانبینیدا جیاوازبن، لەبەر ئەوەی خودی پرۆسەی رۆشنبیری و ئاستی نما و گەشەکردنەکەی زادەی بوون و بەردەوامی و یەکتر قەبوڵ کردنی جیاوازییەکانە، ئەو راستییەش لە یەکەم روانین بۆ نەخشەی دونیا بەرچاو دەکەوێ، کە تیایاندا هەیە خۆی بە رابردوو دەبەستێتەوە و رەسەنایەتی دەکاتە بنەمایەک و دەرگایەک بۆ چوونە نێو گۆڕان و نوێبوونەوە، تیاشیاندا هەیە رابردوو بە نەمری و موقەدەس دەزانێ و لادانی لێی بە کوفر، هەیانە وێڕای پاشخانی رابردووش، دەکەوێتە ژێر کاریگەری شارستانییەت و کولتوری دەرەکی و بە رێگایەکی دەزانێ بۆ داهێنان و نوێخوازی و نوێبوونەوە، دەستەیەکی تریش بە گومانەوە سەیری رابردووی کولتوری و رۆشنبیری دەکات و تەنانەت چەندین پرسیاری ترسناکیش لە بەرامبەر دوێنێ و شووناسدا دەوروژێنێ.. تد، هەموو ئەو ئاست و ئاراستانەش پەیوەستن بە سروشتی ئینتیما و جیهانبینی تاکە کەس، بەڵام جێی داخە ئەم کەتوارەش لە پانتایی و نێوەندی رۆشنبیری کوردیدا تەواو ئاوەژو و پێچەوانە بۆتەوە و دوای دە ساڵ ئازادیش کەچی تاکە بەها و چەمکێک رەواجی هەبێت، رەتکردنەوە و سڕینەوەی یەکترییە لەسەر نەخشەی رۆشنبیری و کلاوڕۆژنەیەک بۆ جیاوازی و یەکتر قەبوڵکردنی یەکتری نادۆزیتەوە، هەموو ئەوانەش لەژێر پەردەی شەڕی نەوەکان، یان حزبی بوون و ناحزبی بوونی گوتارەکان پیادو دوکرێن، ئەمەو بەبێ ئەوەی یەکێکیان شووناس و تایبەتمەندییەکانی نەوەی خۆی بناسێ، یان توانیبێتی بە حزبی و بێلایەنەوە (کە دیوێکی دیکەی لایەنداریيە) وەکو ئەوەی هەن یەکتری بخوێننەوە. ئەمەش

لـه كاتێكـدا كـه ئەمـڕۆ ڕۆشـنبیری كـوردی و كاراكتەرەكانـی لـه هـەر سـاتێك زیاتـر پێویسـتییان بـه تەبایـی و خوێندنـەوەی بابەتییانـەی یەكتـر هەیـە.

لەلایەكـی تـر ئامرازەكانـی گـۆڕان و نویچبوونـەوە بەشـێكن لـه فاكتەرەكانـی ئـەو پرۆسـەیە و پێویسـتە لەبـەر دەسـتی ڕۆشـنبیران فەراهـەم بـن، بـەڵام بـە پێچەوانـەی دونیـا، لـە كوردسـتان وەک بەشـێک لـە ڕۆژهەڵاتـی نقوومـی دواكەوتوویـی و سیسـتەمی كاریزمایـی، ئـەو ئامرازانـەش لـه دەسـتی حزبـدان، جگـه لـەوەی لـەو نێـوەدا ڕۆژنامەگـەری ئـازاد نابینیـت، كەچـی دەزگاكانـی چـاپ و بڵاوكردنـەوەش بەشـێكن لـە ماكینـەی دەسـەڵاتی سیاسـی و حـزب، كـە ناتوانـن ریسـک (موغامـەرە) بـە چاپكـردن و بڵاوكردنـەوەی پرۆژەیەكـی ڕۆشـنبیری جیـددی، یـان گوتارێكـی جیـاواز لـە دونیابینـی حـزب بكـەن و لـە بەردەمیانـدا چەنـد هێڵێكـی بڤـە تەنـراون، كـە بەزاندنیـان كوفرێكـە بەرامبـەر پیرۆزییەكانـی حـزب و ئایدیۆلۆژیـا و سـەركردە. دەرەنجامـی ئـەم كەتـوارەش، واتـە بـە قۆرخكردنـی سـتوونەكانی دەسـەڵات و ئامرازەكانـی ڕاگەیانـدن لەلایـەن حزبـەوە، بزاڤـی ڕۆشـنبیری ئـازاد و خـاوەن گوتـاری ڕەخنەیـی و خەونـی گـۆڕان خراوەتـە پەراوێـز و زەمینـەی كاركردنـی بەرتەسـک كراوەتـەوە، ئەمـەش ئـەو كوێرەوەرییەیـە كـە ڕۆشـنبیری كـوردی و گوتـاری ڕەخنەیـی و عەقڵانـی بـە دەسـتییەوە دەناڵێچنـێ، بەتایبەتـی كـە لـە سـەردەمێک دایـن خەریكـە دونیـا بـەرەو كرانـەوەی زیاتـر و زمانـی دەسـەڵاتەكانیش بـەرەو لۆژیـک و دیالـۆگ و لێكحاڵیبـوون دەچـن، ئـەم ڕەوشـەش بـە ڕۆڵـی خـۆی چەنـد دەنگێكـی سـەركێش و هەناسـەواری دروسـت كـردووەن كـە خـەون بـە تیرۆركردنـی دەسـەڵات و لەكـەدار كردنییـەوە دەبینـن و بـە زمانێـک دێنەگـۆ هاوكێشـەكانیان شـێواندووە و ئاراسـتەی ململانێكانیـان ناشارسـتانی تـر و بێزراوتـر كـردووە و هێنـدەی تـر بۆشـایی نێـوان گوتـاری ڕەخنەیـی جیـددی و دەسـەڵاتیان زیاتـر كـردووە. تێكەڵاوكردنـی ئەمانـە و ئەوانـەی دەیانـەوێ فەزایەكـی كـراوە لـە بـەردەم ژیانـی ڕۆشـنبیری و ئـازادی بێتـەدی و پردێـک لـە نێـوان كایـەی سیاسـی و نێوەنـدی ڕۆشـنبیری بێتـە ئاواكـردن بـە مەبەسـتی سـازكردنی گفتوگـۆ و یەكتـر خوێندنـەوە لەلاەیـن حـزب و دەسـەڵاتی كـوردی و نەتوانینـی (یـان زۆرجـار نەبوونـی ویسـتی بـۆ هەڵاوێركردنـی گوتـارەكان)، بـۆ خـۆی گرفتێكـی دیكـەی گەورەیـەز

لـە كاتێكـدا كۆمەڵگاكەمـان لـە پەراوێـزی پێشـكەوتن دایـە لـە بوارەكانـی ژیانـی كۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ئابـووری، كـە ئەسـتەمە چیتـر بەرگـەی ئـەم دواكەوتنـە

بگیرێ، ئەوا لەسەر ئاستی سەرخاندا (ڕۆشنبیری و هوشیاری) دەستەپاچەیی و نووچدان دواتر دەمانکاتە جەستەیەکی بێ گیان و جوڵە، بۆیە بیرکردنەوە لە ئایندەی پرۆژە و گوتاری ڕۆشنبیری و کارکردن لەسەر پرۆژەیەکی جییدی رەخنەیی، کارێکە دواخستنی، یان لەمپەر خستنە بەردەمی، کارەساتێکی ترسناکی بە دواوەیە..بۆچ؟!

هدەیەکی پڕ لە داهێنان و فەشەل هێنان، تژی تراژیدیا و گاڵتەجاڕی، پڕ لە ڕووداو و پەند جێ دەهێڵین و پێ دەنێینە سەدەیەکی یەکلاکەرەوە لە مێژووی مرۆڤایەتی، کە پێشتر بە خۆیەوەی نەبینیووە. سەدەی رابردوو دوا ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتییەکانی خۆی دایە دەست سەدەی نوێ، کە جیهانی بوونە و لەو یەکلاکردنەوەیەشدا لەوانەیە گەلان بمرن (نەک بە مانای مردنی ماددی)، بەڵکو بە لەدەست دانی سیما و ڕووخسارە ناسراوەکانی، بە لەدەست دانی ڕۆشنبیری و کولتور، بە هلدەست دانی شووناسی فەرهەنگی، ڕووبەڕووبوونەوەی بە جیهانیبوونیش درێژکراوەی ڕووبەڕووبوونەوەیکی ترە کە چەندین ساڵە لە ئارا دایە، ئەویش بریتتیە لە جیاوازییە ترسناکەکانی بواری پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی و ئابووری، کە دواجار دابەش بوونی جیهانی بۆ چەند پلەیەکی سەپاند، جیهانی قلە یەک و پلە دوو و سێ. کەواتە پێویست دەکات وەکو کێڵگەی تاقیکردنەوەکان و کۆمەڵێکی بەکاربەر لە ژیاندا بەردەوام نەبین، پاشان ئەگەر دواکەوتین و نەمانتوانیووە بچینە ریزی پلە یەک و دووەکان، ئەوا هەر هیچ نەبێت با لە سەدەی نوێدا لە پێگە و شوێنێکی تر بگەڕێین کە نەختێک شیاو بێت، شیاو بە عەقڵ و تایبەتمەندییەکانی سەردەم، شیاو بە خەونە سەرەتایی و سادەکانمان.

دواجار قسەکردن لەسەر ڕۆشنبیری، واتە قسەکردن لە فەلسەف، واتە قسەکردن لە گشت و ماهییەت و هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی لایەنە شاراوەکانی بوون و خۆشەویستی مەعریفە و ژیانێکی مرۆیی باشتر. بۆیە قسەکردن لە ڕۆشنبیری، واتە پێویستی باسکردن و سەرقاڵ بوون بە کایە جیاوازەکانی ژیان، چونکە پێشکەوتنی ڕۆشنبیریش پەیوەستە بە پێشکەوتنی ئەو کایانە، ئەمەش پێویستی زیاترمان بۆ ڕاوەستان لە سەریان و خوێندنەوەیان لە پشتی چاویلکەی رەخنەیی و عەقڵانی زیاتر دەکات. کە باسیش لە ئایندەی ڕۆشنبیری دەکەین، مەبەست

ئاییندەی نەتەوە و نیشتمان، یان روونتر بلێین دۆزینەوەی شووناسە و دەبێ سوور بین لەسەر بە خاوەن دەرکەوتنەوە لەو شووناسە و بونیادنانەوەی ئەو دوارۆژە، بەڵام دیارە بەتەنها سوور بوون بەس نییە بۆ چوونە نێو جیهانێکی شاراوە، کە تا ئێستا نەمانتوای بێت وەڵامی ئەو پرسیارە جەوهەرییانە بدەینەوە، کە پێویستن و تەوەری سەرەکی گۆڕان و نوێبوونەوە و دەربازکردنی ئەو قەیران و ئیفلیج بوونەن. بەردەوام بوونی ئەو شێوە پەیوەندییە سواو و سەقەتەی نێوان کایەسی سیاسی و کایەی رۆشنبیری کودری و پێکوتەکردن لە نێو پرۆسەی ژیان و خۆ جووینەوە و خۆ گرێدان بە عەقڵی ئەشکەوت و بیرکردنەوەی دۆگما، هەروەها دەروازە داخستن لە بەردەم پرۆسەی رەخنە و بەردەوامی بەیەکەوە ژیانی جیاوازییەکان، هێندەی تر دەمانخاتە دەرەوەی هاوکێشەکان، بەمەش باسکردن لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کرانەوەی کولتوری، بەبێ بوونی فەزایەکی ئازاد و کراوە لە بەردەم گوتاری رەخنەیی، تەنها بریتی دەبێ لە خەون و راکردن بە دوای تراویلکە (سەراب)دا!!

## سرووتەکانی کوشتنی گەنج

هەر کە باس دێتە سەر کێشە و گرفتەکانی گەنج، بەتایبەتی لە کۆمەڵگایەکی داخراوی وەک کوردستان ، کۆمەڵگایەک کە هەرچی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سواو و سەقەتی باوکسالاری هەیە بەڕێوەی دەبات و لەسەری سەرەوەیشیدا سیستەمێکی میتافیزیکی لە دەرەوەی ویست وئارەزوی تاکەکان شاقوڵیانە حوکمی کۆی نێوەند و پێکهاتەکانی دەکات، سیستەمێک بە حوکمی قەدەرێکی جەبری هەرچی گیانی پرسیار و گومانکردن و یاخیبوونە لە ناخی تاکەکانیدا کوشتووە . بابەتێکی ئا لەم چەشنە بەناچاری دەمانباتە سەر قسەکردن لەسەر سێ ئاست وکایەی جیاواز لە باکگراوند و کۆک و تەبا لە ئامانج، ئاستگەلێک کە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر تێکشکاندنی کەسایەتی و ئیرادەی ئەو کائینە هەیە و سەرچاوەی کۆی ئەو ئارێشانەن کە گەنج بەدەستییانەوە گیرۆدە بووە ،ئەو ئاستانەش بریتین لە : ( دەسەڵات+ ئایین+ ستراکتۆری کۆمەڵایەتی).

ترسی هەرە گەورە لەسەر ئاییندەی گەنج لەو چەشنە کۆمەڵگا نەخۆش و داخراوانەدا لەوێدایە کە ئەو سێ هێزە لەبەرامبەر هەر هەناسەیەکی گۆڕان و هەر هەوڵێکی یاخی و هەر هەنگاوێکی نوێگەردا دەچنە بەرەیەک و سەرەڕای تەواوی جیاوازییەکانیان سەنگەر لەو هێزە نوێگەرە دەگرن... هاوکات ترسەکە لەوێدا قووڵتر دەبێتەوە کە ئەو سێ کایەیە نەک تەنها لەسەر ئاستی گوتاردا، بەڵکو لەسەر ئاستی هەڵوێست و رەفتاری پراکتیکیدا لەبەرامبەر دنیای خەونەکانی گەنج دا دەکەونە شەڕ...مەرجیش نییە لەهەموو شوێنکات و هەلومەرجێکدا ئەو سێ هێزە پەنا ببەنە بەر کوشتنی جەستەیی گەنج، بەڵکو زۆربەی جار لەسەر ئاستی مەعنەوی و شکاندنی ئیرادە و سوک تەماشاکردنی توانا و ئەزموونی گەنج، وەک فشارێکی دەروونی ئەو شەڕە دژی گەنج بەڕێوە دەبەن.

کاتێک باوکەکانی حزب بەماندووبوونی شاخ و هیلاکی رۆژانی سەختی شۆڕش دەیانەوێ منەت بەسەر گەنجەوە بکەن و قەرزباری بکەن، یان بەپاساوی کەم

ئەزموونـی لـە بەهـای بیرکردنـەوە و عەقڵـی داهێنەرانـەی کـەم دەکەنەوە...ئـەو دەمـەی پیاوانـی ئایینـی مومارەسـەی ئازادانـەی مەیـل و ئـارەزوە چەپێنـراوەکان لەلایـەن گەنـج بـە گونـاە و حـەرام نـاوزەد دەکـەن، یاخـود کەرامـەت و کەسـایەتی گەنـج بـەوە دەپێـون چەنـد نوێـژ دەکات و بـەڕۆژوو دەبێـت و لـە مزگـەوت و دیوەخانەکانـدا سـەری رەزابـوون و ئـەرێ بـۆ تەلقیـن و ئامۆژگارییەکانیـان دەلەقێنـێ... ئـەو سـاتانەی دابونەریـت و سـتراکتۆری ژەنگگرتـووی بەمیـرات بەجێمـاوی کۆمەڵایەتـی سـنورەکانی عەیبـە و شـورەیی بـۆ رەفتـار و هەڵسـوکەوتی گەنـج دیـاری دەکات، یـان کۆمەڵـگا خواسـتی گەنـج و خولیـای تاکەکـەس بـە پێودانگـی نەریتـی بـاو کـۆت و مەحکـوم دەکات . ئـا لەوێـدا پرۆسـەی کوشـتنی گەنـج و روشـاندنی کەرامـەت و بەکۆیلەکـردن و خەسـاندنی خـۆی نمایـش دەکات، هـەر لەوێدایـە پرۆسـەی کپکردنـەوەی ئـارەزو و غەریـزە سروشـتییەکان و خنکاندنـی دەنـگ و ئیفلیجکردنـی ئیـرادەی ئـەو کائینـە لەدایک دەبێـت، کـە دواجـار بەشکسـتێکی سـایکۆ – سۆسـیۆلۆژی بەسـەر کەسـایەتی گەنـج دەشـکێتەوە و رادەسـتی قـەدەری کوشـتنێکی حەتمـی، بـەڵام لەسـەرخۆی دەکات.

ئاسـتی هـەرە ترسـناکتریش لـەو پرۆسـەیەی بەپەراوێزکردنـی گەنـج و ناچارکردنـی بـۆ خۆدانەدەسـت قـەدەری شۆرشـگێڕی باوکەکانـی حـزب و پیـرۆزی پیاوەکانـی ئاییـن و گەورەیـی پەنـد و حیکمەتەکانـی دابونەریـت، لـەو کۆمەڵـگا داخراوانـەدا (کـە کوردسـتانیش یەکێکیانـە) لەوێـوە دەردەکەوێـت کـە دەسـەڵاتی سیاسـی نـەک لەسـەر ئاسـتی گوتـار، بگـرە بەتـەواوی هێـزو گـورو توانـای مادديیانـەی ئـۆرگان و دامەزراوەکانی خـۆی سـەنگەری دوو هێزەکـەی تـر (ئایین+سـتراکتۆر) پتەوتـر دەکات و لەبەرامبـەر مەترسـی هەژمونـی گۆڕانکارییـەکان و پاراسـتنی بەرژەوەنـدی و سـەرچاوەکانی هێـزی خـۆی کـە لـەو دوو کایەیـە وەریدەگرێـت (مماگلـە) لەتـەک پـڕۆژە و داخوازییـە جـدی و سـەربەخۆکانی گەنـج دەکات، هاوکاتیـش کاری جـدی و لێبراوانـە لەسـەر قوڵکردنـەوە و تۆخکردنـەوەی گوتـاری پیرانـەی خـۆی و هێزەکانـی تـر دەکاتـەوە .

حـزب ئەوەنـدەی بـۆ مانـەوە و بەردەوامـی پێدانـی دەسـەڵاتەکەی بـۆ دیوەخـان و مزگـەوت دەگەڕێتـەوە، هێنـدەی سـەری (ئەشـهەدو) بـۆ رازیکردنـی کاراکتـەر و پیاوەکانـی ئـەم دوو دامـەزراوە کۆمەڵایەتییـە دۆگمـا و داخـراوە دەلەقێنـێ، ئەوەنـدەی دەرگاکانـی خـۆی لەبـەردەم کاراکتـەر و پـڕۆژەی پیـر ئاوەڵاکـردووە و سـەر بەمـاڵ و دیوەخانەکانـی حیکایەتـی دابونەریـت و حیکمەتەکانـی پیـریدا دەکات، نیـو ئەوەنـدە

باوەش بۆ گەنج ناکاتەوە، مەگەر تەنها لەکاتی گەرمبوونەوەی سەنگەرەکانی شەڕ و لەمەراسیمی قەرەباڵغکردنی میلیشیاکانیدا نەبێت . دیارە مەبەست لەم هاوکێشەیەی سەرەوە کۆمەڵگا داخراوو جوگرافیاکانی دەرەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و گەشەی عەقڵانیەت و فەراهەمبوونی ماف و ئازادییەکانی تاکەکەسن (بە کوردستانیشەوە)، ئەگینا لە دنیای پێشکەوتوودا حزب وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵگای مەدەنی بەردەوام لە خۆنوێکردنەوەی ریشەیی دایە لەسەر ئاستەکانی گوتار و پرۆژە و بەرنامە و کاراکتەردا .

هەندێ جار و ئێستایش لە پانتایی سیاسی کوردستاندا گوێبیستی کۆمیدیاگەلێک بەناوی پرۆسەکانی بەخۆداچوونەوە و نوێبوونەوە لەناو حزبی کوردیدا دەبین، ئەوەی لەو پرۆسە و بانگەشانەی حزبی کوردی جێگای پێکەنینە ئەوەیە کە بانگەشەکان جارێکی تر پەنا دەبەنەوە بەر لۆژیکی چاوسورکردنەوە و منەتبارکردن، هەروەها دەگەڕێنەوە بۆ ئەزمونەکانی خۆگیڤکردنەوە و هەڕەشەی کەرتکردن. لەم پرۆسە بەناو نوێکردنەوانەی حزبدا نەک تەنها جێگای گەنجی کارا نابێتەوە... لەو پرۆژە بارگاویکراوانە بە گوتار و باکگراوندی خۆسەپاندن نەک دەرفەت بۆ گەنجی بزۆز و ئینسیاتیفەکانی نابێت، بەڵکو زەمینە و دەرگا لەبەردەم هەندێ کاراکتەری بە سیما گەنج و بە عەقڵ و ئیرادە پاسیڤ و خۆبەدەستەوەدەری خودان گیان موریدی تەریقەت خۆش دەکرێت، کاراکتەر گەلێک کەبەهەندێ چەمک و هوتاف بارگاوی دەکرێن لە بنەڕەتدا بەرهەمی بیرکردنەوە و سەرچیخی ئەوان نین، بۆیەش دواجار ئەو کاراکتەرانە کە هەندێ جار شوناسی رۆشنبیرییش هەڵدەگرن دەبنە دەروێش وتووتی و وانەکانی باوکەکانیان دەڵێنەوە، بەڵام دوای رتوش و ماکیاژکردنی سیماکانیان کە ئەوە بابەتی شوێنێکی ترە و هەوڵدەدەین لە دەرفەتێکی تردا قسەی لەبارەوە بکەین. هاوکات نابێت ئەو راستییە لەبیرخۆمان بەرینەوە کە نائامادەگی ئەکتیڤانەی گەنج لە گۆڕەپانەکە و نەبوونی ئیرادەی خۆڕاگری لەبەرامبەر پرۆژە بەردەوامەکانی پیر بۆ دەسەڵات، ئەوە بۆخۆیشی فاکتەرێکی زەمینەسازکەرە کە ئەو هێزانە بەردەوامی بە گەمکەکانی خۆیان بکەن و ئەوەش کاتێکی تر لێی دەدوێین .

بێگومان لەم گەمەیەشیدا حزب جارێکی تر و لەڕیگەی ئەو عەقڵ و جەستە پاسیڤانەی بەناو گەنج ( کەهەندێ ئمتیازی پێبەخشیون !) دێت و گاڵتە بە

کەسـایەتی و کەرامەتـی خـودی گەنـج دەکات، تـا لـەو ڕێگەیـەوە پێمـان بڵێـت پێویسـتە ئێـوەی گەنـج گـوێ شـل بکـەن و ئامادەیـی فێربـوون و بێدەنگیتـان تێدابێـت بەسـە بـۆ ئـەوەی ئێمـە لـە مەجلیسـەکانماندا شـوێنتان بـۆ بکەینـەوە، چـوون ئێـوە پیـاوی ئیـدارەدان و کاراکتـەری ڕابەرایەتیکـردن نیـن.

ئاخـۆ لەهەلومەرجێکـی کۆمیـدی ئـاوادا دەتوانیـن چ جیاوازییـەک لـە نێـوان عەقڵـی سـوپەرمانی کـە گوایـە قاڵبـووی ئەزموونـە و لەگـەڵ بیرکردنـەوەی باوکەکانـی دیوەخـان و مزگەوتـدا دۆزینـەوە؟!

ئاخـر لەبیرمـان نەچێـت پیاوانـی ئاییـن و باوکەکانـی دیوەخـان و مامۆسـتاکانی دابونەریتیـش لـە کوردسـتاندا دەمێکـە بـە ئامانجـی خەسـاندن و دەمکوتکـردن و لـە بەهـا کەمکردنـەوەی توانـا و عەقڵـی گەنجـدا پێمـان دەڵێـن : (ئـەوەی گەورەیەکـی نەبێـت ، گەورەیـەک ناهێنێـت !!) .

## ڕێکخراوەکانی لاوان
## لە وەهمی ئایدیۆلۆژییەوە.. بۆ خەونی کۆمەڵایەتی!!

«ئەوەی ئەمڕۆ خواستی لاوانە، کۆمەڵگایەکی بێ جەنگ، بێ
چەوساندنەوە، بێ سەرکوتکردن، خاڵی لە هەژاری و زێدەڕۆیی
و پارە بەفیڕۆدانە- مارکۆزە»

بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی لەدایکبوون و ئەو قۆناغانەی پێیدا تێپەڕیون، قسەکردن لەسەر دیوە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕێکخراوی لاوان و گەنجانی کوردستان، کە هەندێکیان نزیک بە پەنجا و زیاتر لە پەنجا ساڵ تەمەنیان تێپەڕکردووە هەروا ئاسان نییە، بە تایبەتی ڕێکخراوگەلێک کە بەدرێژایی تەمەنی خۆیان و ئێستایشی لەگەڵ دابێت بانگەشەی پیشەیی بوونیان کردووە و دەکەن، کەچی تا ئەو چرکەساتەش نەیانتوانیووە خۆیان لە کاریگەرییەکانی ئایدیۆلۆژیا و گوتاری سیاسی حزب ڕزگار بکەن.

لەکاتێکدا کە ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەی هاوشێوەیان، زادەی ویست و خواست و ئیرادەی توێژگەلی کۆمەڵایەتین، واتە لە هەناوی پێداویستییەکانی توێژەکانیان هەڵدەقوڵێن و پێویست دەکات گوزارشت لە خەونە کۆمەڵایەتییەکانیان بکەن، کەچی لە کوردستاندا لەدایکبوونی ئەو ڕێکخراوانە وەک چۆن سروشتی نەبووە، بەو مانایەی بەرهەمی خەمی کۆمەڵایەتی توێژەکان و هەستکردن بە بەرخوردنەبوون لە مافەکانیان نەبوونە، لەگەڵیشیدا درێژکراوەی گوتاری ئایدیۆلۆی بوون، واتە لە منداڵدانی حزب، کە پێشەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بووە و بۆ گواستنەوەی کاریگەری گوتارەکەی خۆی لە بازنەی دەستەبژێری سیاسی بۆ پانتاییەکی فراوانتری جەماوەری و کۆمەڵایەتی لەدایکبوون، بەڵام ئاخۆ هەلومەرجی لە دایکبوونیان پاساوی ئەوە دەداتەوە، کە لە ئێستادا نەیانتوانیووە ببنە ئەو هێزەی تەواوی گەنجان لە دەوری

ئامانجەکانی کۆ ببنەوە و بە جیاوازی رەنگ و بیرکردنەوە و ئینتیمای سیاسیان خۆیان بە خاوەنی بزانن؟ ئایا لە هەلومەرجی حوکمڕانی خۆماڵیدا و لەگەڵ ئەو بانگەشانەی بۆ دیموکراسییەت و هێنانە ئارای کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کراوە دەکات، بیانوویەک ماوە ئەو رێکخراوانە لە قۆزاخەی خۆیان دەرنەچن؟ ئاخۆ هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە گەنجی کورد خەونە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی خۆی لەسەرووی دروشمە ئایدیۆلۆژی و ئامانج و خواستە سیاسییەکانی حزبدا ببینێ؟ روونتر بێژین، ئاخۆ خەمی ئەمڕۆی لاوی کورد خەم و خەونی نەک پەنجا، بگرە بیستساڵی پێش ئێستایە؟

رێکخراوەکانی لاوان و گەنجانی کوردستان، لە تەمەنی پڕ هەوراز و لێژی خۆیاندا، بە پێی دەرهاویشتە و گۆڕانکاری هەلومەرجە سیاسییەکان، بەرزی و نزمیان بە خۆوە بینیووە، بەو پێیەی چارەنووسی رێکخراوەکان گرێدراوی بزووتنەوەی سیاسی کورد بووە، وەک لەوەی گرێدراوی خەونی کۆمەڵایەتی توێژەکە خۆی بووبێت. روونتر بڵێین رێکخراوەکان ئامرازێکی دیکەی پەخشکردنەوەی گوتاری ئایدیۆلۆژی و رەواجپێدانی شۆڕش بوونە، تا ئەوەی دەربڕی خواستە کۆمەڵایەتییەکانی لاوان خۆیان بن. بۆیە لە سێ بەشی تەمەنی قۆناغەکانی کار و چالاکی خۆیاندا ئەوەندەی کارگەیەک بوونە بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤی شۆڕشگێڕ بە مانا نەتەوەییەکەی، ئەوەندە نەپرژاونەتە سەر بەرهەم هێنانی گەنجێک کە بیر لە خەونە کۆمەڵایەتی و خواستە مرۆیی و گەنجییەکانی خۆی بکاتەوە، ئەوەندەی درێژکراوەی گوتاری سیاسی بوونە بۆ جۆشپێدانی خەباتی جەماوەری بە خزمەتی بزووتنەوەی سیاسی، کەمتر توانیوویانە هوشیاری کۆمەڵایەتی لای توێژەکەی پەرە پێبدەن، بە چەشنێک لاوی کورد لە رێگەی ئەو هوشیارییەوە درک بە پێداویستی و مافە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بکات.

بەهەرحاڵ، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی رێکخراوەکانی تێدا دامەزرێنراوە، لەگەڵ کاریگەری و رەنگدانەوەی رەوشی سیاسی کوردستان لە سەردەمی ژێر دەستەیی خۆیدا، تا بە قۆناغی دوای شەڕی ناوخۆش دەگات، ئەو ناسروشتی لە دایکبوونەی رێکخراوەکان و بەردەوامیان بەم خەسڵەتانەوە کەمتر رێی تێدەچێت بکەونە ژێر نەشتەری رەخنە، بەو پێیەی بەشێکی دانەبڕاو بوونە لە گوتاری حزب، بەڵام کاتێک کوردستان ئەو دۆخە تێدەپەڕێنێ و دەبێتە خاوەن دامەزراوەی

شەرعی و یاسایی حوکمڕانی خۆی و شێوازی تێکۆشان دەگۆڕێ و پێویست دەکات زۆربەی شتەکان ببردرێنەوە شوێنی خۆیان، بەڵام ئەم ڕێکخراوانە بە هەمان نەفەس و دونیابینی درێژە بە کار و خەباتی خۆیان دەدەن و بوێری ڕاپسکانیان نابێت لە دەستی حزب و شەرم لەوە دەکەن لە سێبەری باوکە سیاسییەکانی سەردەمی شاخ و شۆڕش دەربچن و ڕووبەڕەو ئامانجە سەرەکییەکانی خۆیان، کە گوزارشت کردنە لە خەونی توێژی لاوان لە دەرەوەی هەر ئینتمایەکی سیاسی، یان باشتر بڵێین هەنگاونان بۆ ئەوەی ببنە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەر و هێزی فشار بۆسەر سیستەمی حوکمڕانی و دامەزراوەکانی (دەسەڵات) و ناچار بەوەیان بکەن لە خەم و داخوازی و مافی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بە خاوەن دەرکەون، هەڵدەگرێ ڕەخنە بکرێن و هەڵوەستە لە ئاستیاندا بکرێ و ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گومان و پرسیار بکرێنەوە.

لە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵی دوای ڕاپەڕین و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک ئەوەی خەونی لاوانی کورد لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، لە گوند و گەڕەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، لە ڕەگەزێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بێت، بۆیە هەر کۆمەڵە و گروپە هێشتا پابەندی ڕێکخراوێکن. پەرتەوازەیی لاوانی کوردستان و دابەشبوونیان بەسەر ڕێکخراوگەلی گرێدراو بە حزبی سیاسی جیاواز، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ دوو شت، یان ئەوەتا خودی لاوان خۆیان هێشتا درک بە خەون و خولیا و مافەکانیان ناکەن، یاخود ئەوەتا درکی پێدەکەن و ڕێکخراوەکان هوشیاریان کوێرکردوون و بە شێوەیەک بەلایانەوە حزب لەسەرووی خەونە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانیانەوە بێت.

بەبۆچوونی مارکۆزە بزووتنەوە خوێندکارییەکان (دەشێ بزووتنەوەی لاوانیش بچنە هەمان خانەوە - نووسەر) « نموونەی دابڕانی تەواون لە ئابووری و سیاسەت و کولتوری باڵادەست و نموونەی باڵای پەراوێز بوونن، بۆیە لە پرۆسەی بونیادنانەوەی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ئەقڵانی و زیندووکردنەوەی مەیل و خواستە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ، پێویستە سوود لەو توێژە و چینە وەربگرن»، بەڕاست کام لەو ڕێکخراوانەی ئێمە نوێنەرایەتی ئەو جۆرە بزووتنەوە زیندوو و ئەو توێژە لەبیر کراوانە دەکەن؟ لە ئێستای واقیعی سیاسی کوردستاندا، کە خودی ئەو ڕێکخراونە کەم تا زۆر و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشدارن لە درێژەپێدان و بەردەوام

بوونـی، ئـەوە کێـن پەراوێزخـراو، گەنجـی نـاو ئـەو ڕێکخراوانـە، یـان ئەوانـەی دەرەوە؟ کام لـەم ڕێکخراوانـە نـەک تـەواو، بەڵکـو بـە نیـوە ناچڵێـش لـە دەرەوەی کاریگـەری حـزب و بەبـێ ئابـووری حـزب دەژیـن؟ چەنـد کـەس نـەک لـە ئەندامانیـان، بەڵکـو لـە سـەرکردەی ئـەو ڕێکخراوانـەش توانیویانـە خۆیـان لـە کۆتوبەنـدی نەریتگەرایـی و باوەڕسـالای کۆمەڵگـە و کولتـوری باڵادەسـت ڕزگار بکـەن و بەرمەبنـای عەقڵیەتێکـی هاوچـەرخ و ژیانـی مەدەنـی و وەک خودێکـی سـەربەخۆ خۆیـان بسـەلمێنن؟

ئایـا ڕۆژێـک لـە ڕۆژان و لـە مـاوەی ئـەو بیسـت و ئەوەنـدە سـاڵەدا، ئـەو ڕێکخراوانـەی لاوان و گەنجانـی کوردسـتان لـە خۆیـان پرسـیووە، بـۆ نەیانتوانیـووە ببنـە چەتـری تـەواوی لاوانـی کوردسـتان، بـە جیـاوازی ڕەگـەز و ئینتیمـای سیاسـییان؟ بەراسـت هۆکارەکـە لـە خـودی گەنـج دایـە کـە متمانـەی بـەم ڕێکخراوانـە نییـە، یـان خـودی ڕێکخـراوەکان بەرمەبنـای دونیابینـی سیاسـی و ئایدیۆلـۆژی خۆیـان، جیـاوازی دەخەنـە نێـوان گەنجێـک و یەکێکـی تـر و هـۆکاری ئـەو لـە دەسـتدانی متمانەیـەن؟ بەراسـت لـەو ماوەیـەدا کـە هەموومـان بـە حـزب و حکومـەت و ئۆپۆزسـیۆن بانگەشـەی کۆمەڵگـەی مەدەنـی و کـراوە دەکەیـن، ئـەو ڕێکخراوانـە لـە خۆیـان پرسـیووە کـە بۆچـی لـە دوا قۆناغەکانـی تەمەنـی کارکردنـی خۆیانـدا لـە ریـزی ئـەو ڕێکخراوانـەدا، زۆرینـەی ئەندامانـی سـەرکردایەتییەکانیان، دواجـار وەک کادیـری پێشـکەوتوو، لـە ئۆرگانێکـی حزبەکەیانـدا دەسـت بـەکار دەبـن، یـان بەبـێ ئـەوەی ڕۆژێـک فەرمانبـەری حکومـەت بووبـن، لـە وەزارەت و دەسـتەیەکی حکومەتـدا دەبنـە بەڕێوەبـەری گشـتی؟

(مارکـۆزە) دەربـارەی خواسـتی لاوان دەڵـێ « ئـەوەی ئەمـڕۆ خواسـتی لاوانـە، کۆمەڵگایەکـی بـێ جەنـگ، بـێ چەوسـاندنەوە، بـێ سـەرکوتکردن، خاڵـی لـە هـەژاری و زێدەڕۆیـی و پـارە بەفیڕۆدانـە«. لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم بۆچوونـە دەپرسـین: ئایـا گەنجـی کـورد لـەم ڕۆژگارەدا بـەردەوام لەنـاو تـرس و دڵەڕاوکێـی هەڵگیرسـانەوەی جەنگـی بـراکان ناژییێـت؟ ئایـا لاوی کـورد بەشـی ئـەوە هوشـیاری نییـە درک بـەم بێدادییـەی نـاو سیسـتەمی حوکمڕانـی وڵاتەکـەی نـەکات؟ ئاخـۆ گەنجـی ئێمـە بەشـی ئـەوە ئـاگاداری ئـەو زێدەڕۆیـی و بەفیڕۆدانـەی سـامانی نیشـتمان نییـە؟ ئەگـەر لاوان و گەنجانمـان درک بـەو نەهامەتییانـە دەکـەن و ئـاگاداری هەمـوو ئـەو بێـدادی و گەندەڵـی و بەفیڕۆدانـەی سـامانی وڵاتـن و توێژێکـی پەراوێزخـراون، خێـرە خۆیـان لـە بزووتنەوەیەکـی کۆمەڵایەتـی کاریگـەر ڕێـک ناخـەن؟ یـان ئـەوە ئـەو ڕێکخراونـەن

لــه بـری حزبـد و مەترسـی بـۆ سـەر بەرژەوەندییەکانـی لاوانیـان پەرتـەوازە کـردووە و هێـزی خۆرێکخسـتنی ئیرادەگـەر و سـەربەخۆییان تیـادا کوشـتوون؟ مەگـەر خۆپیشـاندانەکانی کوردسـتان نزیکتریـن نموونـەی کۆمیدیا ئـەو دابەشـبوونە جوگرافـی و سیاسـییەی گەنجانمـان نیـن؟ لاوانـی ئۆپۆزسـیۆن چونکـە کـوڕی بـەر ئاگردانـی حزبـن و وەک حزبەکانیـان خۆیـان بـە پەراوێزخـراو دەزانـن، لەبـری ئـەوەی گەنجانـە و بەرمەبنـای خـەون و خواسـتە کۆمەڵایەتـی و مرۆییەکانیـان بیـر بکەونـەوە، دەکەونـە ژێـر بـاری هەژموونـی حـزب و دەڕژێنـە سـەر شـەقامەکان، بـە بەرامبەریشـدا لاو و گەنجانـی نێـو ڕێکخراوەکانـی بەرەکـەی تـر بـۆ ئـەوەی گـرەوی ئـەوە ببەنـەوە گەنـج پەراوێـز نەخـراوە، لـە گیرفانـی خۆیـان گوێـز دەژمێـرن و دەڕژێنـە سـەر شـەقامەکان و هەوڵەکانـی ئەوانـی تـر لـە ژێـر لافیتـەی حزبـدا پوچـەڵ دەکەنـەوە، لـە هـەردوو حاڵەتەکانیشـدا هـەردوولا گەنـج بـوون و خەونـی لاوێتـی خۆیانیـان و خواسـتە کۆمەڵایەتـی و مرۆییەکانـی خۆیانیـان بیـر چۆتـەوە و لەگـەڵ خۆشـیاندا تـەواوی گەنجەکانـی دەرەوەی بازنـەی خۆیانیـان نائومێدتـر کـردووە!

ئەگـەر بۆچوونەکـەی مارکـۆزە بکەینـە پێـوەر و لەبـەر ڕۆشـنایی قسـەکانی ئـەودا پشـت بـە ڕێکخراوەکانـی لاوانـی کوردسـتان ببەسـتین، بڵێـن ئومێدێـک هەبێـت بـۆ بونیادنانـەوەی کۆمەڵگـە بـە شـێوەیەکی ئەقڵانـی و زیندووکردنـەوەی مەیـل و خواسـتە راسـتەقینەکانی مـرۆڤ؟!

ڕەنگـە خوێنـەر پرسـیاری ئـەوە بـکات، لـە نێـوان ئـەو کۆمەڵگەیـەی مارکـۆزە قسـەیان بـۆ دەکات و کۆمەڵگـەی کوردیـدا ئاسـمان و ڕێسـمان، ئیتـر ئـەو بەراوردکارییـە چـۆن و بـە چ پێوەرێـک لۆژیکییـە؟

وەک ئـەوەی قسـەی ئێمـە لـەم ڕووەوە لەسـەر بنەمـای بـەراوردی کولتـوری نییـە، هاوکاتیـش خوانەخواسـتە داوای ئـەوەش لـە لاوان ناکەیـن هاوشـێوەی بزووتنـەوەی قوتابیانـی فەڕەنسـا لـە سـاڵی ١٩٦٨ی ڕۆڵـی زەمینـە خۆشـکەری بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی بگێـڕن، بەڵکـو قسـە لەسـەر زەمینەکانـی دوای شۆڕشـە، لەسـەر کاتـە. ئێمـە لـە سـەردەمێکدا قسـە دەکەیـن، ڕاسـتە هێشـتا قۆناغـی ڕزگاری نیشـتمانی لـە باشـووری کوردسـتان تـەواو نەبـووە، بـەڵام هەرگیـز ئەمـە ناکرێتـە پاسـاو بـۆ خۆدزینـەوە لـە ئـەرک و بەرپرسـیارێتییە هەنووکەییـەکان.

## پەیامێکی ئاژاوەچییانە بۆ ئوستادە واعیزەکان!!

«کاتێک کە لە ئاسۆدا دەبینرێت مەیدانی ململانێ
گۆڕاوە، ئەوا پێویستە بزانین نەوەیەکی نوێ جڵەوی
گرتۆتە دەست — کلاود دیگیۆن»

لــە وتــاری پێشــتر و لــە شــوێنکاتی تــردا قســەمان لــە بــارەی گرفــت و خەونەکانــی گەنــج و چەمکــی نــەوە و ململانێــی نــەوەکان کــردووە، لــەم نووسینەشــماندا هــەوڵ دەدەیــن لــە دەروازەیەکــی دیکــەوە بێینــەوە نێــو ئــەو باســە، چونکــە ئەمــە پرســێکی هەســتیارە و بابەتێکــی زێــدە گرنگــە و هەڵدەگــرێ لــە زۆر لایــەن و رەهەنــدی تــرەوە دەربــارەی بدوێیــن و راو بۆچوونەکانمــان ئاڵوگــۆڕ بکەیــن، بــۆ ئــەوەی هەرچــی زیاتــرە بتوانیــن خــاڵ بخەینــە ســەر پیتــەکان و تارمایــی ئــەو بەدحاڵیبــوون و گومانــەی نێــوان نــەوەی ئەمــڕۆ و دوێنــێ راماڵیــن و چیتــر رەوایــی بــە تۆمەتبارکردنــی ئــەوی دی نەدەیــن و بــەردەوام بــە شــوێن ئــەو پــرد و رایەڵانــە بیــن، کــە دەمانبەنــەوە ســەر ســەر خوانــی گفتوگــۆ و یەکتــر خوێندنــەوە، تــا بتوانیــن راشــکاوانە و لــە دیدگایەکــی رەخنەییــەوە دەرزی ئاژنــی هەڵــە و کێماســی و بەهەڵــە یەکتــر خوێندنــەوەی یەکتــری بکەیــن، لەبەرئــەوەی بەبــێ بوونــی ئــەو پرۆســەی رەخنەیــە ئەســتەمە بکاریــن بــەردێ بخەینــە ســەر بناغــەی تــەلاری گەشــەی کۆمەڵایەتــی و پێشــکەوتن و کرانــەوە.

دەسـپێک دەمەوێ لەو گۆشـەنیگا تەسـک و تاریکەی روانینی دەسـەڵاتەوە (دەسـەڵات بــە کــۆی مانــا و رەهەندەکانییــەوە) بخزێمــە نێــو کرۆکــی باســەکە، کــە هــەر رەخنــە و گلەیــی و تورەیــی و ناڕەزایەتییەکــی گەنــج و نــەوەی نــوێ بــە لادان و یاخیبــوون و ئــاژاوە و مەترســی دەزانــێ بــۆ ســەر خــۆی و ســەروەری فەرمانڕەواییەکــەی، لــە کاتێکــدا و ئەگــەر بــە دیدێکــی زانســتی و مێژوویــی ســەیری هاوکێشــەکە بکەیــن، تێدەگەیــن کــە ئــەو شــێوە بیرکردنــەوە و مامەڵــە ناتەندروســتەی دەســەڵات لەگــەڵ هەڵوێســتی نــەوەی نــوێ و دیــاردە و دەرکەوتەکانــی دونیــای ململانێــی نــەوەکان لــە

وەهمێک بترازێ شتێکی تر نییە، بە مانایەکی تر هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر پێمان وابێت هەر قسە و رەخنەیەک لەسەر دەسەڵات، هەوڵێکە بۆ تێکدانی سەقامگیری و لەقاندنی کۆڵەگەکانی و لەکەدارکردنی سەروەرییەکەی، بەتایبەتی دەسەڵاتێک کە هەمووان بەشدارین لە بیناکردن و پەرەپێدانی، بەو پێیەی ئەزموونەکانی مێژوو و سروشتی ژیانی دیموکراسی بۆمان دەسەلمێنن کە «ئەگەر هاوڵاتی چاودێری بەسەر هەڵبژێردراوەکانی بکات و ئەگەر پێویستیشی کرد بە ئازادی دژی ئەوان — دژ بە مانای جیاوازی نەک دوژمانیەتی— مومارەسەی بیروڕایەکی ناڕازی بکات، ئەوا هەموو شتێک بەرەو باشی دەڕوات — سارتەر».

کەواتە لە پشتی هەر قسەکردنێک لەسەر خەوشەکانی دەسەڵات، لەودیوی هەر رەخنەگرتنێک لە بۆشاییەکانی دەسەڵات، جۆرێک لە هاوکاریکردنی خودی دەسەڵات خۆی هەیە، واتە هاوکاری و هەستکردن بە ئەرک و بەرپرسیارێتییە، بۆ ئەوەی دەسەڵات چاکتر و جوان و دیموکراسییانەتر مومارەسە بکرێ، نەک پێچەوانەکەی، ئیدی هەر جۆرە خوێندنەوەیەکی دیکەی دەسەڵات بۆ ئەو گوتارە رەخنەییە، یان بۆ توڕەیی و ناڕەزایی شەقام و رای گشتی، دواجار پرسیار و گومان دەخاتە سەر چییەتی و ماهیەت و رەوایی دەسەڵاتەکە خۆی.

راستییەک هەیە و ناتوانین خۆمانی لێ ببوێرین، ئەویش ئەوەیە کە هەر جۆرە سڕینەوەیەکی جیاوازییەکان و یەکڕەنگ کردن ویەکدەنگ کردنێکی کۆمەڵگا، جا بەهەر ناوێکەوە بێت، هەمیشە مەترسییە بۆ سەر چەمکەکانی دیموکراسی و پرۆسەکانی گۆڕان و ریفۆڕم، چونکە خودی ئەو جیاوازییانەی (جیاوازی دونیابینی و ئینتیما، نەک دابەشکردنی بێدادییانەی کۆمەڵگا) نێو هەناوی کۆمەڵگان وا دەکەن کە کایەکانی بتوانن لەسەرجەم ئاستەکاندا تەکان بە پرۆسەی گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی خۆیان بدەن، بەو پێیەی هەرگیز ناکرێ چاوەڕێی ئەوە بین کە هەموومان وەک یەک بیربکەینەوە و بەیەک چاو و لە یەک گۆشەنیگاوە سەیری دیاردە و دەرکەوتەکان بکەین و بەیەک ریتم خوێندنەوەیان بۆ بکەین و ناکۆکی و جیاوازییەک لە دونیابینی و بیرکرنەوەمان نەبێت و روانینی تایبەتمان بۆ سروشتی پەیوەندی نێو کایەکان کۆمەڵگا و جۆر و سروشت ومامەڵە و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و کایەکان نەبێت، چونکە بەم چەشنە نەوە دروست نابێت، لەو روانگەیەی کە نەوە بەرهەمی جیاوازی جیهانبینی و ناکۆکی روئیاکانە بۆ ژیان و

ئاییندە، ئەوە لەسەر ئەو بنەمایە دروست دەبێت و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش پرۆسەکانی ریفۆرم و گۆڕان سەر دەگرن، بۆیە لە دەرەوەی ئەو هاوکێشەیە، جا بەهەر ناو و لەژێر پەردەی هەر دروشم و بەهەر پاساوێکەوە بێت، مانای وایە دەمانەوێ جوڵەی ژیان و نوێبوونەوە لە هەناوی کۆمەڵگا و لە رۆحی تاکەکاندا بکوژین، خودی ئەو مامەڵە ناتەندروستەش بەردەوام زەمینەسازی زیندووکردنەوەی ئەو بەدگومانییە، لێرەوە ناچارین کە بە ئاشکرایی و راشکاوییەوە ئەو راستییە بدرکێنین، کە قەت نەوەی هوشیار لە تەنها کڵاوڕۆژنە و دەروازەیەکەوە سەیری چییەتی و ماهییەت و سروشتی دەسەڵات ناکات و هەرگیز لەو باوەڕە دانییە کە « هەموو مانگاکان لە تاریکیدا رەشن»، واتە لە دیدی ئەو نەوە نوێیەدا هەموو دەسەڵاتێک کوتلەیەک نییە لە ناشیرینی و ستەم، بەڵکو بەردەوام لە بەردەمی ئەو نەوەیەدا ئەگەری ئەوە هەیە، کە دەسەڵاتێکیش هەیە دەتوانێ تا ئاستێکی شیاو و بەشێوەیەکی خوازراو باش بەکاربهێنرێ و گریمانەی ئەوەش دەکات، کە هەمیشە بوارێک هەیە بۆ ئەوەی دەسەڵات ئەگەر مەبەستی بێت تێیدا بەخۆی دابچێتەوە و خۆی جوانتر بکات، ئەویش لەو روانگەیەی کە «دیموکراسیەت هێزێکی دژ لە خۆیدا دەدۆزێتەوە، ئەو هێزەیشی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە — کلاود لیفۆرت»، بە واتایەکی روونتر بڵێین، هیچ هێز و سیستەمێکی سیاسی و دەسەڵاتێک کە بانگەشەی دیموکراسی دەکات، ناتوانێ دیموکراسی بێت ئەگەر لە هەناوی خۆیدا هەڵگری ئەو هێز و جیاوازییە نەبێت، کە چاوەڕوان دەکرێت لەهەر شوێنکاتێکدا ستۆپ بە دەسەڵات بکات، لەو نێوەشدا ئەو هێزە هێندە مەبەستی خودی دەسەڵات وەک چەمک و پرەنسیپ و کۆنسێپت نییە، هێندەی مەبەستی جۆر و شێوازی بەکارهێنان و مومارەسەکردنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی و سروشت و جۆری مامەڵە و پەیوەندییەتی لەگەڵ کایەکانی کۆمەڵگادا.

کاتێکیش گەنج، یان روونتر بڵێین نەوەی نوێ کە تووڕە دەبێت، بە دیوێکیدا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هەناوی کۆمەڵگادا و پاشان لە ناو خودی سیاسەت خۆیدا ئاماژەکانی کوشتنی دیموکراسی و بەهاکان دەدۆزێتەوە و هەستیان پێدەکات، بە تایبەت نەوەیەکی بارگاوی بە سیاسەت و لە ئامێزی کۆمەڵگایەکدا کە سەرلەبەری جەستە و پێکهاتەی نقوومی سیاسەت کراوە و سیاسەت سەرجەمی کونج و کەلەبەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و

کولتــوری داپۆشــیوە، نەوەیەکــی مەســت لــەو فەزایــەدا، کــە وێڵــی دوای دۆزینــەوەی شوناســی مرۆیــی و بەهــای تاکێتــی خــۆی و تێگەیشــتن لــە حەقیقەتــی دەســەڵات و کۆمەڵگاکەیەتــی .

بێگومـان لـە ئەمـڕۆی کوردسـتاندا بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان نەوەیـەک دەرکەوتـووە، کـە کـەم تـا زۆر هوشـیارییەکی بـە دیـاردە و دەرکەوتـەکان هەیـە، هوشـیارییەک کـە دواجـار رووبـەڕووی بەرپرسـیارێتی و تەنانـەت لـە زۆر حاڵەتیشـدا بـاج و قوربانیدانـی کردۆتـەوە و دەکاتـەوە، بۆیـە وێـڕای هـەر شـتێک ئـەو هوشـیارییە ناچـاری دەکات کـە لـە ئاسـتی ویژدانـی و مۆرالیـدا و وەک ئـەرک و بەرپرسـیارێتی سەرشـانی قسـە بـکات و هەڵوێسـت بنوێنـێ، هەڵوێسـتێک کـە بـەڕای مـن تـا ئێسـتا و بـە رێژەیەکـی گونجـا (لـە هەنـدێ شـوێنکاتدا و دەرەنجامـی هەنـدێ رەفتـاری ناشارسـتانی نەبێـت) سـنوری ئـاکاری نەبەزانـدووە، بـە مانایەکـی دی رۆحـی دیموکراسـییانەی خـۆی ون نەکـردووە، ئەوەنـدە نەبێـت کـە دەسـەڵات خـۆی تـا ئـەم چرکەیـەش بـە شـێوەیەکی پراکتیکـی ئـەو هەناسـەیەی نییـە دیموکراسـییەت وەک خـۆی قبـوڵ بـکات، چـوون نابێـت ئـەو راسـتییە لەبیـری خۆمـان بەرینـەوە کـە هیـچ کاردانەوەیـەک بەبـێ کارێکـی پێشـوەختە نییـە و نەبـووە، بـەو پێیـەی «هوشـیاری بەرامبـەر بـە سیاسـەت، بریتییـە لـە هەسـتکردنێکی ئاکارییانـە بـە سـتەم و رووبەڕووبوونـەوەی ئاکارییانـەی ئـەو سـتەمە — ئـالان»، سـتەم بــە دیــوە پۆلیســییەکەی نــا، بەڵکــو بەمانــای کوشــتنی مەعنەویانــەی بەهاکانــی و ئیــرادەی مــرۆڤ، ئەویــش لــە میانــی پرۆســەیەکی جەهەننەمییانــەی بێهۆشــکردن و فریودانـدا، پرۆسـەیەک مـرۆڤ رادەسـتی قـەدەری مەرگێکـی هێـواش دەکات و ژیانـی لەبەرچـاودا رەش و دونیـای لەبەردەمـدا بچـووک دەکاتـەوە، بەجۆرێـک ئیـدی مـرۆڤ بڕسـتی بەرگەگرتنـی ئـەو ژیـان و شـێوە مامـەڵ و پەیوەندییـە ناتەندروسـتەی نێـوان خـۆی و دەسـەڵاتی نامێنـێ و خـەون بـە مـەرگ و مردنێکـی خێراتـرەوە دەبینـێ، لـە کاتێکـدا دەسـەڵات بـە هیـچ کلۆجێـک ئـەو خەونـەی نـەوەی نوێـی پـێ قبـوڵ ناکـرێ، بـە بۆچوونـی (دۆڵۆز)یـش کاریگەرتریـن کاردانـەوەی ئـەو نەوەیـە بەرامبـەر ئـەو رەفتـار و مامەڵەیـەی دەسـەڵات ئەوەیـە، کـە ئـەو دیارییـەی دەسـەڵات رەت بکاتـەوە، دیارییـەک لــە ئاســتی رەمزیــدا کوشــتنی ئیــرادەی نەوەکــە خۆیەتــی، کــە بــە مــەرگ نەبێــت ناتوانـێ بیگەڕێنێتـەوە و بیداتـەوە دەسـەڵات، مـەرگ بـە مانـا مـاددی و جەسـتەییەکەی نـا، بەڵکـو بـە مانـای ئـەو سـیحرەی دەسـەڵات خـۆی لـە ناخمانیـدا چانـدووە تاکـو

ناچارمان بکات ئەومان خۆش بوێت، کە بەبێ کوشتنی ئەو سیحرە، یان ئەوەی هەندێ بیرمەند ناویان ناوە (فاشیزمی ناوەوەی مرۆڤ) مەحاڵە بتوانین سەروەری و بوون و بەهای مرۆییانەمان بگەڕێنینەوە، ئەو سیحر و تەلیسمەش، یاخود ئەو فاشیزمەی ناوەوەیشمان بریتییە لەو ترس و شەرمەی کە دەسەڵات بە شێواز و رەنگ و میکانیزمی جیاوازەوە لە کیانمانی چاندووە تاکو بەهۆیەوە خۆشمان بوێت، ئەو دەسەڵاتەی بە زمانی (فۆکۆ) جەستەمانی دەستەمۆکردووە، بەمەش (فۆکۆ) بەر لە دەرچوون لە تەلیسمی ئەو دەسەڵاتە و چوونە ناو جەنگ لەگەڵیدا، رووبەڕووی ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەمان دەکاتەوە، کە دەسپێک شەڕەکە لە خودی خۆماندا، لە ناوەوەماندا، لە کوشتنی ئەو فاشیزمە دەست پێبکەین، شەڕێک لە خودی خۆمانی ببەینەوە و لە رێگەیەوە ئیرادەی خۆبەدەستەوەدان و شەرم و ترس و بێ پاساو خۆشویستنی دەسەڵات تورِ هەڵدەین و ئیرادەی ژیان لە خۆماندا زیندوو بکەینەوە، بێگومان جاڕدانی ئەو جەنگەش لەگەڵ خودی خۆماندا بەبێ بوونی پرسیار و گومان لە خودی بوونی مرۆییانەی خۆمان و دواتر لە سروشتی دەسەڵات و جۆر و شێوازی پەیوەندی و مامەڵەی لەگەڵماندا کارێکی سەخت و ئەستەمە، پرسیار و گومانێک کە دواجار ریفۆرم و شۆڕش بەرهەم دێنێ، گومانێک ئارەزووی ژیان و ئازادی لای مرۆڤ زیاد دەکات، ئەو ئازادییەی کە «شتێکە لە دەزگاوە پەیدا نەبووە، بەڵکو پێویستە هەموو رۆژێک ئازادییەکەمان دروست بکەینەوە – ئالان»، ویست و هەوڵێک بۆ ئەو ئازادییەی، کە ئارەزووی تێکشکاندنی تابۆ و تەوتەم وبڤەکانمان لا دروست دەکات لە پێناو ژیانێکی جوان و مرۆییانەتردا.

بۆ ئەوەیش کە بە تێکشکاوی لەو تاقیکردنەوە پڕ کەموکوڕییەدا نەچینە دەرەوە، دەبێ وەک ئەرک و بەرپرسیارێتی ئاکارییانە بەرامبەر بەرەنگاربوونەوەی بێدادی و نایەکسانی و کوشتنی بەهاکانی دیموکراسی و ئازادی، کە بەرهەمی هوشیاری سیاسی تەندروستمانە، دەبێ بەبێ سڵەمینەوە و بە بوێری و باوەڕ بەخۆکردن و گەشبینییەوە بپرسین «ئەم زەمەنەی ترسە بۆچی؟– مۆریس کلافیل». لەو پرۆسەیەی پرسیار و گومانکردنەشدا، ئەوەی نوێ پێویستە بە زەینێکی کراوە و هوشیارییەکی تەندروست و ویژدانێکی زیندوو و زمانێکی لۆژیکی و عەقڵێکی رادیکاڵ رووبەڕووی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکەی بێتەوە، عەقڵێک کە «عەقڵی سانسۆر و

پێداچوونـەوەی بەردەوامـی فەرمانـڕەوا و سیاسـەتەکەی بێـت، بەبـێ ئـەوەی نـەرێ و سـلبی بێـت و گێرەشـێوێن نەبێـت — ئـالان»، لـە بەرامبـەر ئەمەیشـدا پێویسـت دەکات دەسـەڵات و کایـەی سیاسـی بەشـی ئـەوە پشـوو درێـژ بێـت کـە کۆمەڵـگا وەک موڵکـی تایبەتـی خـۆی سـەیر نـەکات، بـە جۆرێـک کـەس بـۆی نەبێـت لێـی بـە خـاوەن دەرکـەوێ و بـە دەسـەڵات بڵـێ ئـا ئەوەتـا دوو بـرۆ بـە پشـتی چاوتەوەیـە، چونکـە ئەگـەر «سیاسـەت تەنیـا بـۆ خـۆی جێبهێڵرێـت، ئـەوا سـتەمکاری هەڵدەگرێـت — ئەمانۆیـل لۆڤینـاس».

دواجـار و لـە گۆشـەنیگای ئـەو راسـتییە مێژووییانـەوە دەڵێیـن هەقـە ئوسـتادە واعیـز و هەمیشـە تەلقینـدەر و موژدەبەخشـەکانی دونیـای ئێمـە ( ئوسـتادە سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، ئایینییەکانمـان) لـە ئاسـت نـەوەی نوێـدا، نەوەیـەک کـە هوشـیارە و درک بـە ئـەرک و مافەکانـی دەکات .. نەوەیـەک کـە هەسـت بـە بەرپرسـیارێتی و ئـارەزووی ریفـۆرم دەکات .. نەوەیـەک کـە ژیانـی خـۆش دەوێـت و خـەون بـە کرانـەوە و گـۆڕان دەبینـێ .. نەوەیـەک کـە وێڵـە بـەدوای دۆزینـەوەی شوناسـی مرۆییانـە و بەهـای تاکێتـی خـۆی، ئـەو ئوسـتادانە ئەزموونێـک لـەو پەنـدەی شۆڕشـی نـەوەی نوێـی فەرەنسـی سـاڵی (١٩٦٨) وەربگـرن کـە دەڵـێ «ئـەی ئوسـتادەکان، پیـری ئێـوە تەریبـە لەگـەڵ پیـری رووناکبیرییەکەتانـدا، مۆدێرنیزمەکـەی ئێـوە جگـە لـە نوێکردنـەوەی پۆلیـس شـتێکی تـر نییـە!!» .. چش لـەوەی بـەو داواکارییەمـان هەراسـان و جـاڕس و تـوڕە دەبـن و لـە کاردانـەوە و هەڵچوونێکـدا، کـە دەرەقەتـی قبوڵکردنـی رای جیـاواز نایـەت و هەمیشـە بەچـاوی کۆیلـە و کۆیلـەدار.. مسـکێن و ئاغـا.. واعیـز و گوێڕایـەڵ، سـەیری ژیـان و پەیوەندییەکانـی نێـوان مرۆڤـەکان دەکـەن، هـاوکات لەسـای ئـەو تێگەیشـتنەیانەوە بـە لادەر و ئاژاوەچـی و زیندیـق تۆمەتبارمـان نەکـەن و لـە بـری ئـەوە بـە شـوێن دۆزینـەوەی ئـەو رایەڵانـەدا بگەڕێـن کـە هەمـوو لایەکمـان دەبەنـەوە سـەر حەقیقەتـی مرۆڤبـوون.

* بـۆ ئـەم نووسـینە سـوود لـە چاپـی یەکەمـی پەرتووکـی (المثقـف والسـلطة) ی (محمـد الشـیخ) وەرگیـراوە، کـە سـاڵی ١٩٩١ و لـە بەیـروت چاپکـراوە.

## دەربارەی چەمکی نەوەی نوێ و کێشەکانی گەنج
## لە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری (پێشکەوتن)دا

* پرسیار: کێشەکانی لاوان و نەوەی نوێ کەم نین , لە هەر قۆناغ و رەوتگەری سیاسی وکۆمەڵایەتیدا قەیرانی تایبەت بە سەردەمی خۆی سەرهەڵدەدەن , هەر قۆناغەو کێشەگەلی تایبەت بە خۆی هەیە. با پرسیارەکەم لەوەوە دەست پێ بکەم , لاو لە کۆمەڵگایەکدا دەژی زۆربەی شتەکان بە مادده کراون , بۆ وێنە ئەگەر گەنجێک هەمیشە مژووڵی خوێندنەوە و خۆ رۆشنبیرکردن بێت و چەند پەرتوکیشی لە بوارەکەی خۆی رۆنا بێت , بەڵام ئەگەر خاوەنی ئۆتۆمبێلێکی مۆدێرن نەبێت و خانوێکی نەبێت لەلایەن کۆمەڵگاوە بە کەسایەتییێکی لاواز سەیر دەکرێت , چارەسەر بۆ ئەم پرسی ماددەگەرایییە چییە و رۆڵی حکومەت و راگەیاندن و دەزگا پەیوەندیدارەکان لەم نێوندەدا دەبێ چی بێت؟

- وەڵام: بە بۆچوونی من ناوەرۆکی پرسیارەکە جۆرێک لە رەهایی تێدایە، بەو مانایەی تەواوی کۆمەڵگا بەو چاوە ناڕوانێتە ژیان، واتە تەنها لە ئاستە ماددییەکەی.. پاشان نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە دونیای ئەمڕۆ دونیای پێداویستییەکانە و رۆژ دوای رۆژیش بە حوکمی ئەو سیستەمە ئابوورییەی جیهان بەرێوە دەبات و ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەی هەیە، پێداویستییەکان زیاتر دەبن. مەبەستم لەو سیستەمە ئابوورییە جیهانییەیە کە لە بەرامبەر زۆری داهێنان و بەرهەم و کاڵاکانی، هەوڵی پەیداکانی بازاڕی زیاتر و بەکاربەری زۆرتر دەدات بۆ ساخکردنەوەی کاڵاکان. لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا هەندێ کاڵا هەن لەمڕۆدا بوونەتە پێویستی و پێشینەی ژیان، بۆ نموونە ئۆتۆمبێل. دواتر مەرج نییە ئەوەی خانوو و ئۆتۆمبێلی دوا مۆدێلی هەیە، ناخوێنێتەوە و بیر ناکاتەوە و خەونی کۆمەڵایەتی و کولتوری مەزنیشی نییە.

بەرای من سەرەتا گرفتەکە لە خودی گەنج خۆی دایە , تا کۆمەڵگا و دەسەڵات و شتەکانی تر، گرفتی ونکردنی شووناسی گەنجانە و خەونی مرۆییانەی

خۆی، گرفتی نائامادەگی لە بردنەوەی شەڕ لەگەڵ خودی خۆی. ڕەنگە من بە پێچەوانە شتەکان ببینم، بەوەی ڕێژەی هەرە زۆری گەنجی ئەمڕۆ خولیا ماددییەکەیە خستوویەتییە سەر کەڵکەڵەی تورەیی، تا خەونی فەرهەنگی و کولتوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی , ڕێژەیەکی زۆری گەنج ئێستاش بارگاوین بە مەیلی حزبییانەی وشک و لە چرکەساتێکی بەریەکەوتنی حزبەکان ئامادەیی گەورەترین سەرچیخی و بەیەکدا هەڵشاخانیان هەیە.. گەنجگەلێک هەموو ئەو شتانەی بۆ خۆیانی ڕەوانی دەبینن، بۆ بەرامبەرەکانیان بە گوناه.. گەنجگەلێک هێندەی لە هەوڵی خۆبەتاڵکردنەوەدان , کەمتر خەیاڵیان لای لەخۆ بەخاوەن دەرکەوتنە.. گەنجگەلێک هێندەی خۆیان بن , دووبارە و کۆپی بیرکردنەوە و قسەکانی ئەوانی ترن.. گەنجەلێک گوایە دەیانەوێ دەوروبەر و کۆمەڵگاکەیان و ستراکتۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی بگۆڕن، کەچی بوێری گۆڕینی خۆیان لە چوارچێوەی خێزانەکانیان و جۆری پەیوەندی و مامەڵەی کۆمەڵایەتییەکەیان نییە، لەوەش وێرانتر ئەوەیە کە بەرمەبنای چەند پێشمەرجێکی نەریتگەرا پاساوی خۆدزینەوەی بۆ دەهێننەوە.

ڕاستە ئەوە ئەرکی دەسەڵات و دامەزراوەکانییەتی بوار و زەمینەیان بۆ بڕەخسێنی کە گەنجان مومارەسەی ژیانی گەنجانەی خۆیان بکەن و خەونەکانیان بێننە دی، ئەرکی خێزان و کۆمەڵگا و دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانە کار بۆ ئەوە بکەن گەنج توانا و بەهرەکانی بتەقێنێتەوە، بەڵام دەبێ بەشی ئەوەش گەنج ئامادەیی ئەوەی تێدا بێت شەڕ لەگەڵ ستراکتۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە بکات و بە کردەوە خۆی لە کۆتی پاشکۆیەتی و شوێنکەوتەیی و ترس و شەرم داماڵی.. ئاخر هەر بۆ نموونە هێشتا لەم نیشتمانەدا کەم نین ژمارەی ئەو گەنجانەی لە ترسی باوکیان نوێژ دەکەن، یان لە شەرمی کۆمەڵگا وەک خۆیان ناپۆشن و ناخۆن و ناخۆنەوە، یاخود لەبەر میراتی خێزانی و بنەماڵەیی شوێنکەوتەی یەک بیروبۆچوونی سیاسی و ئایدیۆلۆژین و دوور نییە لە هەڵبژاردنەکان و سەر سندوقەکاندا دەجار لە پێناو حزبەکەیان ساختە بکەن و دەنگ بدەن!

* پرسیار/ زۆربەی لاوان و نەوەی نوێ، ئەوانەی ئارەزووی یەکێک لە ژانرەکانی

خۆرۆشـنبیرکردنیان هەیـە , توانایـان هەیـە داهێنـان بکـەن , بـە داخـەوە واز لـە خولیـاو ئارەزووەکانـی خۆیـان دەهێنـن لـە پێنـاو ژیانـدا. بـە بۆچـووی بەڕێزتـان ئەمـە خەتـەری گـەورەی نیـی بـۆ پێشـکەوتنی فەرهەنگـی و ئاسـتی پێشـکەوتنی سیاسـی و کۆمەڵایەتیمـان؟

– وەڵام: نازانـم کـوان ئـەو داهێنانانـە؟ تـۆ لـە لایەنـی تەکنەلـۆژی و داهێنانـی زانسـتی گـەڕێ، کـوان ئـەو هەمـوو داهێنانـە فیکـری و سیاسـی و مەعریفییانـەی گەنـج، کـە بەرهەمـی خوێندنـەوە و قاڵبوونـەوە بـن و هەڵگـری مانـا و رەهەندێکـی جیاوازتـر بـن لـە نـەوەی پێـش خۆیـان؟ کـوا ئـەو گوتـارە عەقڵانـی و لۆژیکییـەی گەنجـان کـە شـەڕی چارەنووسسـاز لەگـەڵ واقیعـی بـاوی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی بـکات و نـەوەی پێـش خـۆی تێپەڕاندبـێ و شـەرمەزار کردبـێ؟

مـن تـا ئاسـتێک هاوکێشـەکە پێچەوانـە دەبینـم، ئـەوە رێژەیەکـی زۆری گەنجانـن لەبـەر خەونـی مـاددی و دەسـکەوتی زوو دەوڵەمەنـد بـوون و لـە پـڕێ بـوون بـە کـوڕێ , جـڕت بـۆ خوێندنـەوە و کتێـب و داهێنـان لێدەدەن.. تـۆ بـڕۆ سـەیری تیـراژی رۆژنامـە و گۆڤـارەکان بکـە و بزانـە کامەیـە ئـەو حەشـاماتە گەنجـەی پشـکیان لێـی هەیـە.. سـەرێک لـە خانـە و دەزگاکانـی چـاپ و پەخـش بـدە و رێـژەی ئـەو هەمـوو کتێبـەی چاپیـان کـردووە، لەگـەڵ ئاسـتی فرۆشـەکەیان و لـە نێویانـدا پشـکی گەنـج لـەو کڕینـە بێنەبەرچـاو..

بێگومـان ئەمـە مەترسـییە لەسـەر پرۆسـەی گەشـەکردنی کۆمەڵایەتـی و کولتـوری و پێشـکەوتنی کۆمەڵـگا و خەونەکانمـان بـۆ کرانـەوە و ئـازادی، بـەڵام بەشـێکی ئـەو مەترسـییە سـەرچاوەکەی خـودی گەنـج خۆیەتـی. واتـە نابـێ گەنـج لـەو رەوشـە بێگونـاە نیشـان بدرێ.

توخـوا گەنجێـک بخوێنێتـەوە، دوای ئـەو هەمـوو تاڵـی و سوێرییانەی شـەڕی براکـوژی لـە بۆنەکانـدا شـەڕە پـەڕۆک دەکات و گوێـی کۆڵانـەکان بـە هـۆڕن کاس دەکات؟ توخـوا گەنجێـک بیـر بکاتـەوە و قـوڵ تێفکـرێ، دەچێتـە نێـو شـەڕێکی سیاسـی بەنـاوی دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن، کـە خـودی ئۆپۆزسـیۆنەکەی درێژکـراوەی هەمـان ژینگـە و عەقڵیەتـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و هەمـان مێـژووی شکسـتەکانە و لـەوەش وێرانتـر هەنـگاوێ بـۆ هاتنـە پێشـەوەی توانـای گەنجـان بـە رەوا نازانـن و بەبـێ هەڵبـژاردن لـە بورجـی عاجـدا جڵـەوی دەسـەڵات دەگرنـە دەسـت؟ توخـوا گەنجێـک بخوێنێتـەوە

و بیـر بکاتـەوە، بـە فیـت و فەتـوای پیاوێکـی ئایینـی و کۆلکـە نەخوێندەوارێکـی نـاو کتێبـی وەعـز و ئیرشـاد و خورافـەکان دار وبـەردی نیشـتمان بەسـەر یەکـەوە خاپـوور دەکات و ئـازادی کار و ژیانـی ئەوانـی تـر دەخاتـە بـەردەم هەڕەشـە و پرچـی سـەوزایی شـەقامەکان دەڕوتێنێتـەوە و یانـە خێزانـی و کۆمەڵایەتییـەکان گـڕ تێبـەر دەدا؟ توخـوا گەنجێـک ئەگـەر بەشـی ئـەوە هوشـیار بێـت و بیـر لـە ئایینـدەی خـۆی وەک مـرۆڤ و کۆمەڵگاکـەی بکاتـەوە , بـە لێشـاو لـە رقـی دانەمەزرانـدن دەچێتـە دەزگا ئەمنییـەکان و هـاوکار دەبـێ لـە بـە پۆلیسـی کردنـی ئـەم نیشـتمانە؟

* پرسـیار/گەر بچینـە بـازاڕ و بـۆ نموونـە لـە پەنجا گەنـج بپرسـی حـەزت لـە چییـە؟ راسـتەوخۆ پێـت دەڵێـت , ژنـی جـوان و کۆشـکی پسـکیتی و ئۆتۆمبێلـی مۆدێـرن؟ لـە کاتێکـدا ئەمانـە پێداویسـتی سـادەی ژیانـی هەمـوو مرۆڤێکن،ئەمـە واتـای ئـەوە نییـە گەنـج خـۆی لەبیـر کـردوە. بـە بـڕوای بەڕێزتـان کـێ بەرپرسـە لـەم دۆخـە کوشندەیە؟ئایاچارەسـەر چییـە؟

– وەڵام: پێـم وایـە هاتینـەوە سـەر هەمـان قسـەکانی مـن، بـەڵام ئـەوەش لـە بیـر نەکەیـن کـە خۆشـگوزەرانی مافـی هەمـوو کەسـێکە.. لـەو نێوەشـدا مافـی گەنجیشـە کاری بـەردەوام و پاشـەکەوتی بـاش و هاوسـەری جـوان و نەوایەکـی ئارامـی هەبـێ، ئەوانـە پێداویسـتی سـەرەتایی نیـن، بەڵکـو ژیانیـن.. ئەوەیـان کـە بـۆ هەمـووان فەراهـەم نابێـت , سـەرچاوە لـەو بێـدادی و نایەکسـانییە دەگـرێ، کـە مرۆڤەکانـی نیشـتمانی بـە گەنـج و پیـر و ژن و پیـاو و منداڵـەوە لەسـەر بنەمـای رەنـگ و ئینتیمـای سیاسـی و ئایدیۆلـۆژی دابـەش کـردووە.. ئـەو رەوشـە ناهەمـوارە بەرهەمـی نائامادەیـی چەمکـی هاووڵاتیبونـە لـەم وڵاتـە، بەرهەمـی ئـەو بیرکردنەوەیەیـە کـە لەسـەر بنەمـای (ولاو) مرۆڤەکانـی نیشـتمان لـە مافـەکان بەرخـورد دەکات، نـەک لەسـەر بنەمـای هاووڵاتیبـوون و هاوشوناسـی، دیـارە مەبەسـت لـە هاوشوناسـی لێـرە، ئاسـتە مرۆییەکەیەتـی. نـەک هـەر ئـەوە، بەڵکـو ئێسـتا خەریکـە ئـەو بێدادییـە دەگاتـە ئاسـتێک ئیـدی چینـی ناوەنـد نامێنـێ، ئـەوەی دەمێنێتـەوە لـە سـەرووی پلـەی سـەددی هەبـوون و ئـەوەی تریـش لـە پلـەی ژێـر سـفری سـەدی هـەژاری. دیـارە رێـژەی داراکـەش بـەراورد بـە رێـژەی نەداراکـە ئاسـمان و رێسـمانیان نێوانـە و ئـەوەی پێیـان دەوتـرێ خواپێـداو، کـە لـە راسـتیدا گەندەڵـی پێـداو و هەلپەرسـتن،

لەچاو ئەوانەی تر بە پەنجەی دەست و کەمتریش دەژمێردرێن. بە کورتی جۆری سیستەمە سیاسییەکە و عەقڵیەتییە حوکمڕانییەکە و لە بەرامبەریشدا دڕدۆنگی و هەلپەرستی هێزە بەناو نەیارەکانی ئەو سیستەم و عەقڵیەتە، هۆکاری ئەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە ناهەموارەن، بۆ نموونە ئەو هێزەی لە پێناو تەنها مانەوە و بەردەوامی خۆی، لە بەرامبەر بڕێک پارە و قەربوو، شازش نەک لەسەر کەرامەتی سیاسی خۆی، بەڵکو سازش لەسەر خوێنی ئەندامەکانیشی دەکات، چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێ سبەی جیاواز لە عەقڵیەتی حوکمڕانی باو، کۆمەڵگا بخاتەوە سەر سکەی تەندروستی ژیان و نوێبوونەوە.

* پرسیار/ رووکردنە لەشکری گەنجان بۆ وەرزش و فەرامۆشکردنی کایەکانی تری هونەری و رۆشنبیری و رێکخراوەیی و هتد. بە فەراغی فیکر ناودێر ناکرێت؟

- وەڵام: لە راستیدا داهێنانی فیکری، کارێکی تاکەکەسییە و پرسی رۆشنبیریش، بە مانا داهێنانەکەی، دەستەبژێرییە. واتە تۆ ناتوانی هەموو گەنجێک ناچار بەوە بکەی کە دەبێ لە بواری نووسین و فیکردا داهێنان بکات، لە کاتێکدا کە خەونی گەنجی زۆرن، بە سەندنەوەی مافی مومارەسەکردنی ژیانی گەنجانە لە گەنج و ناچارکردنی بە تەنها ئاراستەیەکی کار و خەون بینین و کورتکردنەوەی خەونی گەنجانە لە تەنها کایەیەک، لە بنەڕەتەوە ستەم کردنە لە خودی گەنج. لەبیر نەکەین وەرزش دیوێکی گرنگی کایەی رۆشنبیرییە، کۆمەڵگای ئێمە لەو ئاستەدا نا رۆشنبیرە، بۆیە لەگەڵ نەخۆشییەکانی قەڵەوی و چی و چیتر دەستەو یەخەیە، کۆمەڵگایەکە بەهای لەش ساخی و تەندروستی خۆی نازانێ. کەوابێت وەرزش جگە لە ئاستە ئارەزوومەندییەکەی، دیوێکی دیکەی هوشیاری و رۆشنبیرییە، چونکە وەک دەڵێن بیرکردنەوەی ساخ، لە جەستەی ساخ دایە.

رێک لە ناوەڕۆکی پرسیارەکە حاڵی نیم، کە ئاخۆ مەبەست لە بۆشایی فیکری و گرێدانەوەی بە گەنج مەبەست چییە، بەڵام ئەوەی فیکر بەرهەم دێنێ و داهێنان دەکات، دەستەبژێرێکی کەمن و مەرجیش نییە هەموو جار گەنجان ئەو توانای داهێنانەیان هەبێ، بەڵکو دەکرێ پیرێکیش کار لەناو کایەی فیکر و بوارەکانی دیکەی بەرهەمهێنانی فیکری بکات و داهێنان بکات. بە پێچەوانەوە بۆشایی هەستکردن بە چەمک و رەهەندەکانی گەنج بوون هەیە لە وڵاتەکەماندا..

بۆشـایی بـە هەنـد وەرنەگرتنـی وزەی مرۆیـی گەنـج هەیـە لـە نیشـتمانێکدا، کـە شـانازی بـەوە دەکات گوایـە کۆمەڵگایەکـی گەنجـە.. بۆشـایی لـە تێنەگەیشـتن هەیـە لـە خەونـی گەنجێتـی.

وەکوتـر هەڵەیەکـی ترسـناک هەیـە لـە تێگەیشـتنی گەنـج بـۆ چەمکـی بەشـداری سیاسـی، یـان ئـەوەی ئێـوە لێرەدا بـە بەشـداری و کاری ڕێکخراوەیـی ناوتـان بـردووە.. گەنـج لێـرە وا دەزانـێ، بەشـداری سیاسـی، واتـە زوو بوونـە دەسـەڵاتدار و گەیشـتن بـە پلـە و پۆسـتی حزبـی و حکومـی.. گریمـان بـا سـبەی کوردسـتان بڕیـار بـدات هەرچـی سـتافی سـەرۆکایەتییەکانی هەرێـم و پەرلەمـان و حکومـەت هەیـە، بـە بەڕێوەبـەرە گشـتییەکانیش لا ببرێـن و بدرێنـە دەسـت ژمارەیـەک گەنـج، ئـەی ئـەو حەشـاماتە گەنجـە چـی لێدەکـەی کـە پشـکیان نابـێ؟ پاشـان کـەم نیـن نموونـەی ئـەو گەنجانـەی، کـە زۆربـەی جـار بەهـەر نـاو بیانووییێکـەوە بێـت بەسـەر پشـتی لەشـکری هاوسـۆزی گەنجـەکان پەڕینـەوە و بـە پلـە و پۆسـتی بـەرزی حکومـی و حزبـی گەیشـتن، کەچـی نـەک گەنجانـە نەژیـان و ناژیـن و بیریـان نەکـردەوە و ناکەنـەوە، بەڵکـو ترسـناکتر لـە نـەوەی پێشـوو، لـە دیوەخانەکانـی حـزب و تەکییەکانـی حکومەتـدا بوونـە موریـد و گوێڕایەڵـی بـێ پرسـیار و گومـان و خۆیـان و خەونـی گەنجـی و دروشـمە بریقەدارەکانیـان و توێژەکەیانیـان بیـر چـووەوە.

ئەگـەر کاری ڕێکخراوەیـش ئەوەبـێ کـە ئێسـتا دەیبینیـن، ئـەوا لـە بنەڕەتـدا تۆڕێکـە و گەنـج وەک نێچیرێکـی خافـڵ دەخرێتـە نـاوی و لـە بـوون و بەهـای خـۆی دەخـرێ. مـن بـاس لـەو هەمـوو ڕێکخراوانـەی سـەر بـە حـزب ناکـەم، کـە بەنـاوی پیشـەیی و دیموکراتـی و جەمـاوەری بوونەتـە کارگـەی لـە مرۆڤخسـتنی هێـزی مرۆیـی گەنجـان و کردنیـان بـە خزمەتـکاری ئایدیۆلۆژیـا و حـزب، بەڵکـو زۆربـەی هـەر زۆری ئـەو بەنـاو ڕێکخراوانـەی کۆمەڵـی مەدەنیـش، کـە لەسـەر حیسـابی بودجـەی گشـتی کاوێـژ دەکـەن و لـە کار و چالاکییەکانیانـدا لـە بـری (شـین بـۆ حوسـەین، شـەپۆر بـۆ هەریسـە دەکـەن!). نـاوی چەنـد ڕێکخـراوی بەنـاو ڕێکخـراوی کۆمەڵـی مەدەنـی و سـەنتەر و نێوەنـد و کـۆڕ و کۆمەڵـەی هونـەری و ڕۆشـنبیری و چالاکـی ژنـان و منداڵپارێـز و چـی و چیتـرت بـۆ بژمێـرم، کـە بـە ناڕاسـتەوخۆ برابەشـی گەندەڵییەکانـن و لـە گیرفانـی میللـەت خۆیـان دەژیێنـن و بەبـێ پـارە ئامـادە نیـن وەڵامـی سڵاوێکیشـت بدەنـەوە، لـە کاتێکـدا کاری مەدەنـی کاری خۆبەخشـییە. تەنانـەت وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوان

لــە ســەردەمێکدا بەنــاوی خۆبەخشــی شــتێکی دامەزرانــد بەنــاوی (فەرهەنگخانــە) و ژمارەیــەک گەنجــی کــچ و کــوڕی دڵسـۆز و خوێـن گــەرم تواناکانیــان بــێ بەرامبــەر خســتە خزمــەت ئــەو فەرهەنگخانانــەی، کــە دامەزرێنــەر و خاوەنەکانــی بیرۆکەکــە، مووچــەی بــاش و ئیفــادی بەردەوامیــان هەبــوو. نــەک هــەر ئــەوە، بەڵکــو ئەگــەر بــە هەڵــەدا نەچووبــم، هەندێــک خاتــوون و بــرادەر بوونــە بەڕێوەبــەری بــەش و هۆبەیــش، وای لــە بەڕێوەبــەری گشــتیش!!

* پرســیار/چەندە پێشکەشــکردنی پــڕۆژە لەلایــەن لاوانــەوە کــەم هەســتی پێدەکرێـت , بــەڵام پرسـیار ئەوەیــە نابێـت لاو و نــەوەی نــوێ بــە پــڕۆژەی جــددی و ســەردەمیانە دەســەڵات ناچــار بــکات , گوێــی لــێ بگرێــت چونکــە دەســەڵات هــەر دەرگایێکــی نییــە , ســەدان ڕێــگا هەیــە بــۆ ئــەوەی نائومێــد نەبیــن پرۆژەکانمــان بگەێنینــە ناوەندەکانــی دەســەڵات نەخاســمە لاو و نــەوەی نــوێ دەســەڵات ناچــار بــکات تەقــەی لێبــکات , بــۆ وێنــە وەک ئــەوەی لــە سلێمانی ڕوویــدا , ڕای بەڕێزتــان لــەم بارەیــەوە چۆنــە؟

- وەڵام: ڕاســتە؛ ڕێــگا و دەرووەکانــی گەیاندنــی پــڕۆژە و دەنگــی گەنجــان بەلایەنــی پەیوەندیــدار زۆرن، وەک چــۆن میکانیزمەکانیشــیان جیــاوازن، بــەڵام کەمترینیــان تاقــی کراونەتــەوە و ئــەوەی هەبــووە کــراوە زیاتــر دەربڕینــی وردە گلەیــی و ڕازی شــەرمنانە بــوون. وەکوتــر چەنــدە بوونــی پــڕۆژە بــۆ گەنــج گرنگــە، بەقــەد ئــەوەش بەدەنگەوەهاتنــی ئــەو پــڕۆژە و داخوازییــەی گەنجــان گرنگتــرە، کــە بڕواناکــەم تــا ئــەم چرکــە ســاتەش ئەگــەر پــڕۆژە هەبووبــن، وەک پێویســت بــە دەنگەوەهاتنیــان هەبووبێــت.

بەهەرحــاڵ، کێشــە ئــەوە نییــە گەنــج پــڕۆژەی هەیــە یــان نا، ڕێگاو شــێوازی گوزارشــت لــە خۆکردنــی هەیــە یــان نــا، بەڵکــو کێشــەی ســەرەکی گەنــج ئەوەیــە ســەرەتا خــۆی بناســێ، خــۆی بناســێ وەک شــووناس، وەک خەونــە مرۆیــی و کۆمەڵایەتییــەکان، پاشــان هێزی خۆی کۆ بکاتەوە و گوتارێکی ڕوون و ڕەوانی هەبێت، هاوکات ویســتێکی خۆکرد و ئیرادەگەرانــەی هەبێــت بــۆ خــاوەن دەرکەوتــن لــە خــۆی، نــەک ببێتــە ماکینــەی ئیــرادەی دەرەوەی ویســتی گەنجانــەی خــۆی. ڕوونتــر بڵێیــن ئەرکــی یەکەمــی گەنــج ئەوەیــە چیتــر نەکەوێتــە داوی تەونــی ئــەو ڕێکخراوانــەی حــزب (بــە دەســەڵات و ئۆپۆزســیۆنەوە)،

کە گوایە هەڵگری خەونی ئەوانن، چونکە ئەزموون سەلماندوویەتی کە ئەو ڕێکخراوانە لە کارگەی بەرهەمهێنانی مرۆڤی گوێڕایەڵ بۆ وەعزەکانی سەرکردە و ئامرازی ئامانجە ئایدیۆلۆژییەکانی حزب زیاتر، هیچی تر نەبوون و نین و نابن. وەک چۆن ئەو بەناو ڕێکخراوانەی کۆمەڵی مەدەنی کە بەناو و ڕەنگ و هوتافی جیاوازی ڕەونەقدارەوە خۆیان نمایش دەکەن، کەچی لە داکۆکی کردن لە خەونی گەنج و توێژەکانی تر، یان لە ئاستی پێشهاتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەخوازراودا و لە شوێنکاتی جیاواز و بە حوکمی دابەشبوونی کۆمەڵگای باشووری کوردستان لە ئاستە جوگرافی و ئایدیۆلۆژییەکەی، کەوتوونەتە هەڵوێستی دووفاقی و دڕدۆنگانە مامەڵەیان کردووە و دەکەن، ئەو ڕێکخراوانەی لە هەر شوێنکاتێک و لە ئاست هەر ڕووداو و پێشهاتێک بە دوو پێوانەی جیاواز دەیپێون، پێوانەیەک کە لە بنەڕەتدا ئەتمۆسفیرێکی ئایدیۆلۆژی هەیە، تا باکگراوندێکی دیکە. بۆیە گەنج ئێستا و لە یەک کاتدا پێویستی بە خۆناسین و دۆزینەوەی خودی مرۆییانە و درک کردن بە ماف و داخوازییە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکان و خۆکۆکردنەوە و خۆڕێکخستن و یەک گوتاری و بەرنامەی ستراتیژی و دەرچوون لە تەونی ئەو ڕێکخراوانەی هەیە، کە بە ئاسانی کردوویانەتە نێچیری گوتار و ئیرادەی ئایدیۆلۆژی.

بۆ وەڵامی نموونەی پرسیارەکەشت، ئەگەر مەبەستت لەوەی سلێمانی ڕووداوەکانی ١٧ی شوباتە، ئەوە بابەتێکە زۆر هەڵدەگرێ و ناکرێ ڕووکەشی و عاتیفییانە و وەک هەڵچوون و کەفوکوڵێک سەیری هۆکاری سەرهەڵدان و ڕەهەندە سۆسیۆ — سیاسییەکانی و ئاکامەکان و دەرهاویشتەکانی بکرێ. ڕاستە هێزی ئەم جوڵانەوەیە لە ئاستە پراکتیکییەکەیدا گەنج بوو، بەڵام مەرجیش نییە بەرهەمی خودی گەنج خۆی بووبێت، وەکو دواتر دەرهاویشتەکانیمان بینی. بە پێچەوانەوە خەڵک و هێزی سیاسی بە دنەدانی گەنجان و دواتر تاوانبار کردنیان و پاشان سواربوونی شەپۆلی توڕەییان، هەرچی سیمای گەنجانە و مەدنیانە هەبوو لەو ڕووداوەیان داماڵی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕووداوە بازدانێکی نوێ بوو لە ژیانی سیاسی کوردستان و پرسیارێکی جیددی ڕووبەڕووی عەقڵییەتی حوکمڕانی کردەوە، کە ڕێگا و دەروازەی تر هەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، ئەگەر هەروا خەمساردانە چەمکی هاووڵاتیبوون بخاتە دەرەوەی بازنە و بەرنامەکانی و وەکو بەنجی هێورکردنەوەی ژانێک و بە مەبەستی هێورکردنەوەی توڕەییەکانی شەقام،

هەرجـارە و بـە بیانوێکـەوە رووبەڕوونەبوونـەوەی گەندەڵـی و بێـدادی پاسـاو بداتـەوە.

* پرسـیار/ لەلایـەن هەندێـک لـە کادرەکانـی  ناوەنـدی سیاسـیەوە گـوێ لـە ئـارەزوو و داخوازییەکانــی بەشــداری کردنــی پرۆژەکانــی لاو ناگیرێــت , یاخــود بۆیــان  بــەرز ناکرێتــەوە بـۆ  شـوێنی مەبەسـت ,  نابێـت دەسـەڵات پلانـی هەبـێ  بـۆ لاوان و نـەوەی نـوێ تـا هێـزی داهێنـان و خزمەتکردنیـان بـە فیـرۆ نەچێـت؟

- وەڵام: جـا کام لـە هێزەکانـی نـاو دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن هـەن رۆژانـە مێشـکمان بـەوە نەبـەن، کـە لاوان ئاییـنـدەی ئـەم نیشـتمانەن و بەخـاوەن دەرکەوتـن لـە خـەون و خۆزگەکانیـان بـە ئێمـە نەفرۆشـنەوە؟ ئـەم قسـانە چەنـدی بـە چەنـد؟ ئـەو قسـانەیان وەک زۆر بانگەشـەی دیکەیـان دێـڕە شـیعرەکەی (ئەحمـەد بەگـی موختـاری جـاف)م بیـر دەخەنـەوە، کـە دەفەرمـووێ:

ئیسمی ویژدان و عەدالەت، بێ موسەممایە و درۆ

هەر قسەی رووتە، قسەش ناچێتە گیرفانەوە

دێمـەوە و دەڵێـم گرفـت تەنها لـە دەسـەڵات، یـان نێوەندێکـی دیاریکـراوی دەسـەڵاتدا نییــە، کــە بەپیــر داخوازییەکانــی گەنجــەوە نایــەت، بەڵکــو گرفــت لــە خــودی گەنـج خۆیشـی دایـە، کـە نازانـێ داوای چـی دەکات و چۆنـی داوا دەکات، چـش لـەو شــوێنکەوتەیی و پاشــکۆیەتییەی رێــژەی هــەرە زۆری گەنجــی ئێمــە هەیەتــی بــۆ وەعزەکانـی حـزب و رێکخراوەکانـی، ئەمـە و جگـە لـەو شـەرم و ترسـەی گەنـج، کـە لـە ئاسـت تابـو و تەوتەمەکانـی دابونەریـت و ئاییـن هەیەتـی و شـەڕی ئەوانیـش بـە سیاسـەت و دەسـەڵات دەفرۆشـێتەوە، سـەرەڕای تێگەیشـتنی تەسـک و سـەقەتی بـۆ چەمکـی دەسـەڵات و رەهەندەکانـی و کورتکردنـەوەی لـە حزبێکـی دیـاری کـراو، یـان لـە حکومـەت، لـە کاتێکـدا هـەر یەکـە لـە دەسـەڵاتی کۆمەڵایەتـی و ئایینـی بەشـێکی زۆری ئــازادی و خەونــە مرۆییەکانــی بەنــاوی نەریتگەرایــی و باوەڕســالاری زەوت و پێشــێلکردووە و گەنــج ترســی لــە رووبەڕووبوونەوەیــان هەیــە و تەنانــەت حێزانیــش وەک یەکەیەکـی بچووکـی دەسـەڵات نابینـێ و هەرچـی شـەڕی خـۆی و خـوا و دونیـا هەیـە بـە دەسـەڵاتی سیاسـی دەیفرۆشـێ.

* پرســیار/  هەســت دەکەیــن لاو لــە ڕووحــەوە  هیلاکــە، لــە ڕووی دەرونییــەوە

مانـدووه , ئـەم   شـەكەت بـوون و  بێهوودەبوونـەی لاوان كۆمەڵێـك  فاكتـەری هەیـە.
لـە ڕوانگـەی  بەڕێزتانــەوە ئـەم  دۆخــە  كوشــندەیە چــۆن هەڵدەســەنگێنن؟

وەڵام: ئـەوە بـە تەنهـا گەنجـەكان نیـن هیلاكـن، بەڵكـو ئـەوە كۆی كۆمەڵگایە بەدەست ئــەم هەلومەرجــە سیاســییە ناجێگیــر و رەوشــە كۆمەڵایەتییــە شــێواو و بارودۆخــە ئابوورییــە نالەبــارە مانــدوو و شــەكەتە.. هەریەكــە و هیلاكــە بەدەســت خەمێكــەوە، هەریەكـە و مانـدووە بـە دوای خەونێكـەوە. لـەو نێوەشـدا كۆمەڵـگا لـە ئاسـتە سیاسـی و كۆمەڵایەتییەكــەی هــۆكار و ســەرچاوەن.. لــە ئاســتە سیاســییەكەی، خۆدزینــەوەی كایـەی سیاسـییە لـە ئـەرك و بەرپرسـیارێتییە كۆمەڵایەتـی و دیموكراسـییەكان. ئاسـتە كۆمەڵایەتییەكەیشــی، ناهوشــیاری كۆمەڵگایــە لــە تێكەڵكردنــی مــاف و ئەركەكانــی و خۆشـاردنەوەی لـە بەرپرسـیارێتی.

واتـە گرفـت لـە كـۆی سیسـتەمەكە دایـە، تـا ئـەو ئاسـتەی مـرۆڤ گومـان لـەوە دەكات كەسـێك هەیـە خـۆی بـە خاوەنـی ئێسـتا و ئایینـدەی ئـەم نیشـتمانە بزانـێ.. گومـان لـەوە بـكات ئێمـە ئەزموونمـان لـە رابـردووی تـاڵ و پـڕ سـفت و سـوێی ژێردەسـتەیی و شكسـت و راكەراكــە و خۆكــوژی و بەیــەكا هەڵشــاخان وەرگرتبــێ.. گومــان لــەوە بـكات هێزێـك هەیـە حیكمـەت و ویسـت و ئیـرادەی پتـەوی هەبـێ بـۆ ئاشـتكردنەوەی یەكتـری مرۆڤـەكان لەنـاو خۆیـان لـە لایـەك و مرۆڤـەكان و نیشـتمان لەلایەكـی تـر. دیـارە گەنجیـش توێژێكـی ئـەو كۆمەڵگایەیـە و نـەوەی ئـەو سـەرزەمینە بەڵالێـدراوە كولتـوری و كۆمەڵایەتـی و سیاسـیەیە، كـە تیایـدا تەنهـا بیـر لـە دروسـتكردنی مـرۆڤ ناكرێتــەوە، تەنهــا هێزێكــی خێرخــواز و دەســتێكی ژیاندۆســتی نییــە بیخاتــەوە ســەر رێچكـەی راسـتەقینەی ژیـان.

ئــەو قســانەی دەیكەیــن هێنــدە ســەرچاوە لــە رەشــبینی و بێهوودەییــەوە ناگــرن، ئەوەندەی رەنگدانەوە و شایەتحاڵی واقیعی باوی سیاسـی و كۆمەڵایەتی و كولتوریمانن.. تـۆ سـەیركە گوتـاری سیاسـیمان جگـە لـە بـارگاوی بوونـی بـە پارادۆكسـێكی كوشـندە لەنـاو خۆیـدا، چەندیـش وشـك و برنگـە لـە ئاسـتی خوێندنـەوەی یەكتـر و هەڵكـردن لەگـەڵ جیاوازییـەكان، ئـەو جیاوازییانـەی كـە پێویسـتە سـەرچاوەی یەكبـوون بـن تـا پەراتــەوازە بــوون.. ســەیركە گوتــاری ئایینــی و پەیوەنــدی كۆمەڵایەتیمــان چەنــدە ئـازادی كـوژ و تاكەكـەس كـوژ و خـەون كـوژ و ژیـان كـوژن و هەڵگـری كەمتریـن مانـا و بەهــای مرۆڤدۆســتی و لێبوردەییــن. بەداخــەوە ئێمــە كۆمەڵگایەكیــن نــا لێبــوردە،

کۆمەڵگایەکیـن چـاوی بیرکردنەوەمـان بـە ئەسـتەم بەرپێـی خـۆی دەبینـێ، تـا ئەوسـەری کـۆڵان.. خەیاڵـی سیاسـیمان هـەر بـەلای دەسـکەوت و بەرژەوەندییەوەیـە، تـا بونیادنانـی ئاییندەیەکـی گـەش، کـە لـە سـایەیدا ئـارام و ئەرخەیـان هەنـگاو بـۆ ژیانێکـی نـوێ هەڵگرین..تـا ئـەوەی (دلاوەر قەرەداخـی) گووتەنـی (چ ئەسـەفێکە، نیشـتمان پەنجەرەیەکـت بـۆ روانیـن و پلیکانەیەکـت بـۆ سـەرکەوتن پـێ رەوا نابینـێ)، دیـارە نیشـتمان وەک سـەرزەمینی جوگرافـی نـا، بەڵکـو نیشـتمان وەک سـەرزەمینی کولتـوری و سـتراکتۆری کۆمەڵایەتـی و ئەتمۆسـفیری ئایینـی و دونیابینـی سیاسـی. کەوابێـت ئـەوە تەنهـا گەنجـەکان نیـن گیـرۆدە بـە هیلاکـی، بەڵکـو کـۆی کۆمەڵـگا پێویسـتی بـە پشـوودان و ئۆقـرە هەیـە، تـا خـۆی کـۆ دەکاتـەوە و دێتـەوە سـەرخۆی و بـە چـاوی هیـواوە لـە کلاورۆژنەیەکـەوە چـاوی بـە رووناکـی ئاسـۆیەک روونـاک و گـەش دادێـت.. ئـەوەش ئەرکـی هـەر هەموومانـە، بـە دەسـەلات و ئۆپۆزسـیۆن، بـە گەنـج و پیـر، بـە پیـاو وژن، بـە رۆشـنبیر و خەڵکـی ئاسـایی. سـەرەتای تۆکمـە و هەنـگاوی دروسـتیش بـۆ ئـەو پرۆسـەیە لـە لێبوردەییـەوە دەسـت پێـدەکات، لـە هـاوکاری کردن و راستکردنەوەی هەڵـەی یەکتـر، لـە هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی، لـە بەرقەرارکردنـی چەمـی هاوولاتیبـوون، لـە وەک یەکـی مرۆڤـەکان لـە ئـەرک و مـاف و یەکسـانی بەرخوردبوونیـان لـە هەلـی کار و ژیـان، لـە سـەرەوەرکردنی یاسـا و رێزگرتـن لـە ئازادییـە تاکەکەسـی و گشـتییەکان. بۆیـە پێویسـتە گەنجـان و نـەوەی نـوێ زیاتـر و بـەر لـە هەمـووان ئـەو رۆڵـە مێژووییـە بگێـرن و بـەو ئـەرک و بەرپرسـیارێتییە هەڵسـن، بـەلام دوای خـۆ رزگارکـردن لـە پاشـکۆیی و شـوێنکەوتەیی و تـرس و شـەرم، ئیرادەگەرانـە دێنـە گۆرەپانەکـە .

## گەنج و دووانەی..
## مەعریفەی ئەشکەوت و کورتبینی روئیا

گرفتـی گەنـج دەمێکـە لـە نێوەنـد و کایـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و رۆشـنبیرییەکانی کۆمەڵـگای کـوردی بۆتـە جێـی بـاس و خـواس، هـەر یەکێکیـش لەمانـە و بـە خـودی گەنـج خۆیشـیەوە لێکدانـەوەی جیـا جیـا بـۆ ئـەو کائینـە و ئارێشـە و خەونەکانـی دەکـەن، لەگـەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا هەسـت بـەوە دەکـرێ، کـە هێشـتا پێنـاس و شوناسـێکی دیاریکـراو و سـتاندارد بـۆ گەنـج ئامادەیـی نییـە، کـە ئەمـەش وایکـردووە بـەردەوام خوێندنـەوەی نـا کامـڵ بـۆ کێشـەکانی بکـرێ و زۆر جاریـش بـە هەڵـە خواسـت و ویسـت و ئارەزووەکانـی تەوزیـف بکرێنـەوە، تەنانـەت گەنـج بـە خۆیشـی تـا ئـەم چرکـە ساتە لـە نێـو گێـژاوی پرسـیار و داخـوازی و خـۆ یەکلانەکردنـەوە دایـە و دەتوانیـن بڵێیـن نەیتوانیـوە وەک پێویسـت گوزارشـت لـە خـۆی و دونیاکـەی بـکات.

گەنجـی ئـەم نیشـتمانە دەنگـی ناڕەزایـی بەرزکردۆتـەوە، بـەوەی لەسـەر ئاسـتی دەسـەڵات و کۆمەڵـگا پشـتگوێ و فەرامۆشـکراوە و کـەس نییـە گـوێ بـۆ ئـارەزوو و داواکارییەکانـی شـل بـکات و لـە راز و نهێنییەکانـی ناگـەن، بۆیەشـە خـۆی کەنارگیـر کـردووە، لـە بەرامبەریشـدا کۆمەڵـگا تـا ئـەم چرکەیـەش ئامادیـی کردارەکـی نیشـان نـەداوە، کـە وەک خـۆی مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم توێـژە بـکات و بـە تەنـگ بانگەشـەکانیەوە بێـت، هـاوکات دەسـەڵاتیش بەبـێ رەچاوکردنـی ئـەو راسـتییەی، بـەوەی وێـڕای مافـی گەنـج لـە بەشـداری کارای لـە بـواری سیاسـی و کارگێڕیـدا، زێدەتریـن خـەون و خولیاکانـی ئـەو توێـژە خواسـت و پێداویسـتی مرۆیـی و کۆمەڵایەتیـن، کـە بـە حوکمـی کۆمەڵـێ لەمپـەر و ئاسـتەنگ، کـە بەرهەمـی کولتـور و سـتراکتۆر و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـن گەنـج لێیـان بەرخـورد نەبـووە، یـان لێیـان بێبـەش کـراوە. بۆیەشـە لـەم نێـوەدا دەبینیـن گەنـج خـۆی وەک توێژێکـی نیگـەران و بێـزار لـە رەوش و ژینگـە و پەیوەندییـەکان نمایـش دەکات، ئـەو یاخیبوونەیشـی، کـە ئێسـتا بۆتـە جێـی مشـتومڕ، رەنگدانـەوە و کاردانـەوەی ئـەو هەسـتەی گەنجـە.

بێگومـان یەکێـک لـە سروشـتەکانی گەنـج یاخیبـوون و مـل نەدانـە بـۆ بویـەری کۆمەڵایەتـی، کـە وەک میـرات بەسـەریدا دەسـەپێنرێ و نـەوە لـە نـەوەی تـری وەرگرتۆتـەوە، ئەمـەش پەیوەسـتە بـەو راسـتییە مێژوویـەی، کـە هەمیشـە و لەگـەڵ هـەر گـۆڕان و پێشـڤەچوونێکی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی، پێـدراو و داخوازییەکانـی کۆمەڵـگا و چیـن و توێژەکانیشـی دەگۆڕێـن، کـە پێدەچێـت ئێسـتا لـەلای ئێمـە و لەگـەڵ ئـەو وەرچەرخانانەشـدا، کـە لەسـەر ئاسـتی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و فەرهەنگـی لـە دونیـادا روویانـداوە و کـەم تـا زۆر کاریگـەری راستەوخۆیشـیان بەسـەر جـۆری ژیـان و پەیوەندییەکانـی کۆمەڵـگای کـوردی هەیـە، کەچـی هێشـتا کۆمەڵـگا و دەسـەڵات لـە مامەڵەیانـدا لەگـەڵ کایـە و نێوەنـدە جیاوازەکانـدا رەچـاوی ئـەو گـۆڕان و قەڵەمبازانەیـان نەکـردووە و ناکـەن.

یاخیبـوون لەگـەڵ ئـەوەی دەرکەوتەیەکـی ئاسـایی و سروشـتییە، هاوکاتیـش کـە لۆژیکـی خـۆی لـە دەسـت دەدات نـا ئاسـایی و نـا سروشـتی دەبێـت، بەمـەش رەنگدانەوە و پەرچەکردارەکانیشـی هـەر دوو دیـوی باشـی و خراپـی... تەندروسـت و ناتەندروسـت بـە خۆیانـەوە دەبینـن، کـە لەوانەیـە لەنـاو واقیعـی کوردسـتان و ئـەو دەرکەوتانـەی دەیانبینیـن باشـتر لـە راسـتی بۆچوونەکەمـان و ئـەو هاوکێشـەیە حاڵـی بیـن.

بەهەرحـاڵ قسـەی ئێمـە لەسـەر توێـژی گەنـج، یـان ئـەو کایەیەیـە کـە بـە نـەوەی نوێـی دوای راپەڕیـن ناودەبـردرێ، توێژێـک و نەوەیـەک کـە بـێ ویسـت و ئیـرادەی خـۆی لـە دووڕیانێکـدا ماوەتـەوە و ناچـار کـراوە نەتوانـێ وەک خـودی خـۆی و مەیلەکانـی هەنـگاو بنـێ و بژییـت. ئـەم بابەتـەش پـڕ لـە گیـروگازە و هـەروا ئاسـان نییـە بـە چەنـد پەیـڤ و دەسـتەواژەیەکی سـۆز ئامێـز لـە بارەیـەوە بدوێیـن، بەڵکـو خـودی بابەتەکـە ناچـار بـە قسـەکردنێکی ورد و قوڵترمـان دەکات، کـە رەنگـە وەک پێویسـتیش ئـەو وتـارە بارتەقـای نـەکات.

«ماغـوت»ی مـرۆڤ و شـاعیر لـە شـوێنێکدا دەڵـێ: (تەنهـا شـتێک کـە بـە نیشـتمان دەمبەسـتێتەوە پێڵاوەکانمـە) .. بـەڕای مـن قسـەی ئـەو مرۆڤـە مەزنـە گوزارشـتە لەوپـەڕی بێـزاری و بێهودەیـی مـرۆڤ و خەونەکانـی لـە ئاسـت جوگرافیایەکـدا، کـە ژینگـەی کۆمەڵایەتـی و کولتـور و ترادسـیۆنەکەی تروسـکاییەکیان بـۆ ژیـان و مرۆڤبـوون نەهێشـتۆتەوە و کلاوڕۆژنەیەکیـان تێـدا نەمـاوە بـۆ روانیـن و هەناسـەدان، ئەگینـا دەبـێ چ سـیحرێک بێـت وا لـە کەسـێک بـکات بـەو هەمـوو جوانـی و پاکییـەی خـۆی

هەست نـەکات وەک کائینێکـی بەرجەسـتە و بـە شـێک لـە ژینگەکـەی، هیـچ مێـژوو و یادەوەرییـەک بـە نیشـتمانی نابەسـتێتەوە؟ ئـەوە چ نهێنییەکـە مرۆڤێـک بـەو مەزنـی و حیکمەتانەیـەوە بگەیەنێتـە ئـەو یەقینـەی، کـە تاکـە زنجیرێـک مابێـت بـۆ ئـەوەی بیشـکێنێ و لـە رێگەیـەوە دابڕانێکـی قـووڵ و فرەلایـەن لەنێـوان هەسـت و نەسـت و کۆخەیاڵـی خـۆی و یادەوەرییەکانـی کۆمەڵـگا و نیشـتمانەکەی دروسـت بـکات، تەنهـا و تەنهـا پێڵاوەکانییەتـی؟

ئـەو دەمـەی سـەرقاڵی ئـەو نووسـینە بـووم، لـە دەنگوباسـی سـەتەلایتی کوردسـتاندا راپۆرتێـک دەربـارەی سـەرلەنوێ کۆچـی بـە لێشـاوی گەنـج پەخشـکرا، گەنجێـک لەوانـەی چەندەمیـن جـارە دەربـازی نابێـت و بـە هـەزاران دۆلاری لـە ختوخۆڕایـی چۆتـە گیرفانـی قاچاخچـی و چەرچییەکانـی سـنوور، کەچـی بەوپـەڕی بـڕوا و بـێ منـەت و بـە راشـکاوی دەڵـێ: (مەگـەر تەنهـا مـردن، واتـە ئەگـەر بمـرم، ئەگینـا هـەر دەڕۆم) .. یەکێکـی تـر کـە بەهەمـان دەردی هاوڕێیەکـەی چـووە، بگـرە جگـە لـەو هیلاکـی و زیانـە مادد‌ییـەی بەریکەوتـووە چەندیـن جـار بـەر شـەق و تێهەڵدانـی جەندرمـە بۆتـەوە، پێـی وایـە: (لەبـەر ئـەوەی تروسـکاییەک بـۆ ژیـان بـەدی نـاکات و لێـرە ناتوانـێ وەک مـرۆڤ بژیێـت، هـەر سـوورە لەسـەر کۆچکـردن).. ئەگـەر دوور و وردتـر و بـە دیدێکـی شـیکارییانە بچینـە بنـج و بناوانـی گوزارشـتی ئـەو گەنجانـە، کـە نموونـەی سـەدانی تـرن، پێـم وانییـە قسـەکانیان پەرچەکردارێکـی هەرزەکارانـە و هەڵچـوون و کەفوکوڵێکـی کاتـی خوێنگەرمـی لاوێتـی بێـت، بەڵکـو ئەمـە گوزارشـتێکی راسـتەوخۆ و بـێ رتووشـە لـە هـاواری تورەیـی و بـێ هیوایـی نەوەیـەک، کـە چیتـر دروشـمە حەماسـییەکانی کوردایەتـی و نیشـتمانپەروەری فریـوی نـادەن .. چیدیکـە هاشـوهوش و بانگەشـەی دەسـەڵاتی کـوردی بـۆ دیموکراسـیەت و کرانـەوە، ناتوانـن خـۆڵ بکەنـە چاوەکانـی .. ئیـدی ئـەو کائینـە بڕسـتی ئـەوەی لێبـڕا گـوێ بـۆ ئـەو حیکایەتـە پووچانـە و حیکایەتخوانـە جادووبازانـە رادێـرێ، کـە دەمێکـی دوور و درێـژە بـە تەلقیـن بێهۆشـیان کـردووە و چیتـر ئامادەیـی ئـەوەی تێـدا نەمـا بەدیـار حەسـرەت و ئازارەکانـی رۆژانـە و برینداركردنـی هەسـت و ئـارەزووە مرۆییـەکان و سـەربڕینی خەونەکانـی لاوێتـی بتلێتـەوە.

(کۆمەڵـگای ئێمـە لـە دەرەوەی سیاسـەت تەنیـا یەکشـێوە ئومێـدی بەرهەمهێنـاوە کـە کۆچـە— بەختیـار عەلـی).. هەمیشـە دەگوتـرێ ژیـان بـە ئومێـدەوە جوانـە، بـەڵام

کە هیوایەک بۆ ژیان نەما، مانەوە و بەردەوامی بەهەر ناوێکەوە بێت بێ مانا دەبن .. کە زیندەگی مرۆڤ پڕ بوو لە چاوەڕوانییەکی تاقەت پڕوکێن و کوشندە و موژدەی فریودەر، ئیدی بوون بێ بەها و ئایندە تونێلێکی تاریک دەبێت .. ئێستا کۆمەڵگای کوردی و بە تایبەتی کایەکانی ئایین و کۆمەڵایەتی و سیاسەت تیایدا لەهەر کاتێک زیاتر دەستەپاچە و بێ وەڵامترن لەبەرامبەر خواست و خولیای کائینەکانی ئەم وڵاتە، ئەوان ئیتر سیحرەکانیان بەتاڵ بوونەوە و موژدەکانیان مایەپووچ دەرچوون .. ئەوان کە بەدرێژایی مێژوو و ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت لە هوشیارییەکی سەقەت و کەسایەتییەکی دەستەمۆ بەولاوە شتێکی تریان بەرهەم نەهێنا، بەو هۆیەشەوە ئاسۆیەکیان بۆ خەون بینین و پانتاییەکیان بۆ ژیان و فەزایەکیان بۆ چرۆکردنی ئومێدەکان و مەئوایەکیان بۆ دڵنیایی نەهێشتەوە، دەبێ بەشی ئەوە هۆشیان بەبەرەوە مابێ، کە لە ئاست یادەوەری برینداری چەندین نەوە دان بە هەڵەکانیان دابنێن و باوەڕ بەوە بێنن، کە وەڵامەکانیان بۆ پرسیارەکانی ئەو سەردەمە ناشێن و شەرمیان بە پیربوونی زەین و دونیابینی و ئێکسپایەربوونی مەعریفەکەیان نەبێت و بەشی ئەوە جورئەت بدەنە خۆیان، کە ئەگەر دەستبەرداری پیرۆزی خۆیشیان نەبن، بەڵام با گوێ بۆ نزاکانی نیشتمان و کروزانەوەی نەوەی نوێ هەڵخەن، ئەوان کە هەرچی هێز و وزە هەیە لەو کۆمەڵگایەیان دادۆشی، لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی حەرفێک لە جوانی و ژیان بپارێزن، هەر هیچ نەبێت هەقە غیرەت بدەنە بەر خۆیان چیتر بوار لەبەردەم هێز و وزە و عەقڵەکانی گۆڕان تەسک نەکەنەوە، چونکە ئەوەی دەبینرێ و بە ئاشکرایی هەستی پێ دەکرێ ئەو واقیعە تاڵ و غرور و بوغرا و لە خۆبایبوونە بێ ئەندازەیەی ئەو سێ کایەیە، کە کۆمەڵگاکەمانی تووشی نەخۆشی و چەقبەستن کردووە، بەو پێیەی راستییەکی حاشا هەڵنەگر هەیە کە (کێشەی گەورەی کۆمەڵگای ئێمە ئەوەیە پیرەکانی هەستناکەن کەپیربوون، هەر کۆمەڵگایەک هەستکردن بە پیری تیا لاواز بوو، کۆمەڵگایەکی نەخۆشە — ب.ع)، کەوابێت نهێنی ئەو تەلیسمە و سیحری ئەو حیکمەتە لە کوێدایە، کە ئەوانە کەیفیان بە نەخۆشی هێشتنەوە و ئیفلیج مانەوەی کۆمەڵگا بێت؟ مەگەر زەمەنێک نییە بە کۆڵێ موژدەوە شاباشمان بەسەرەوە دەکەن؟

کایەی سیاسی بەلای خۆیەوە هەموو ماناکانی داوەتەوە دەستی قەدەری ئایدیۆلۆژیا

و تەنهـا زمانێکـی کردۆتـە لۆژیکـی ژیـان و لـە دەرەوەی ئـەوە کـۆی زمانەکانـی تـری کوشـتوون، ئـەو کایەیـە تـا ئـەم چرکـە سـاتەش بـۆ وەڵامـی پرسـیار و پێدراوەکانـی ئەمـرۆی پێشـکەوتن و وەرچەرخـان، دەسـت دەباتـەوە بـۆ نێـو ئـەو توێشـو و جانتایانەی بـە بنمیچـی ئەشـکەوتەکانەوە هەڵـی واسـیبوون و بیـری چووبـووەوە لـە هاتنەوەیـدا بەتاڵیـان بکاتـەوە، ئـەو لۆژیکـەش لەگـەڵ خۆیـدا دۆزەخێکـی بـۆ بوون و بەهـا مرۆییەکان بەرهەمهێنـا و قەسـابخانەیەکی بـۆ سـەربڕینی هیـوا و ئومێـدی نـوێ دامەزرانـد و بـەو یەکڕەنـگ و یـەک دەنـگ و یـەک زمـان کردنـەی خـۆی بـۆ کۆمەڵـگا بـە کـۆی پێکهاتـە و دەرکەوتـە و دیاردەکانییـەوە، هەرچـی هەناسـەی ئومێـدە ژەهـراوی کـرد، چونکـە (بـە سیاسـییکردنی زمـان واتـە بـە سیاسـیکردنی سـۆزە ئینسـانییەکان، بـە سیاسـیکردنی ئەخـلاق، بـە سیاسـیکردنی یاسـا ............ بـە سیاسـییکردنی زمـان، مانـای کوشـتنی هـەر هیوایـەک بشـێت لـە دەرەوەی سیاسـەت دروسـتبێت — ب.ع)، هـەر سروشـتی ئـەو لۆژیکەیشـە وا دەکات مـرۆڤ بـێ دەسـت و ویسـت و ئـارەزووی خـۆی ژیانـی لەبەرچـاو رەش بێـت و بەقـەد بچووکتریـن تروسـکایی خۆشـی بـە دونیـا و دەوروبـەر نەیـەت و نـەک هـەر لـە کۆمەڵـگا و کایەکانـی، نـەک هـەر لـە نیشـتمان و جوانییەکانـی، بگـرە لـە خـودی خۆیشـی بڕەنجێـت و ئاسـۆیەک بـۆ چەکەرەکردنـی خەونەکانـی نەبینـێ و جگـە لـە مـردن رێـگا و میکانیـزم و شـێواز و رایەڵێکـی تـر شـک نەبـات بـۆ مانـەوە .. ئـەوەی وا لـە کەسـێک دەکات تەنهـا مـردن، ئەگینـا شـتێکی تـر نەتوانـێ رێـگای دابـڕان لـە یادەوەرییەکانـی بگرێـت، ئـەوەی کەسـێک ناچـار دەکات تـا دوا پێکـی ئەجـەل وەسوەسـەی کـۆچ لـە کەللـەی دابێـت و بـە هۆیـەوە دوا بزمـار لـە تابووتـی یادەوەرییەکانـی بـدات، سـێبەری ئـەو هەمـوو وەهـم و خورافـە و موژدانەیـە، کـە زەمەنێکـە بەنـاوی پیـرۆزی و رەهایـی ناچـار بەمانـەوەی کـردووە، رەهاییـەک بێجگـە لـە گوێڕایەڵـی و کۆیلەبـوون، ئەگەرێکـی تـری ژیـان و زیندەگـی لەبـەردەم ئـەو کەسـەدا نەهێشـتۆتەوە، چـوون لەسـای ئـەو فـەزا داخـراو و گوتـارە گشـتگیر و رەهایـەدا، کـە کـۆی ژیانـی قۆرخکـردووە و لـە پێنـاو درێـژەدان بـەو واقیعـە بـاو و سـەپاوەی خۆیـدا، خـودی مـرۆڤ خـۆی و سـەرجەمی شـتەکانی تـر تەنهـا وەک ئامرازێـک تەماشـا دەکات و مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکات، لەبـەر ئەوەیشـە کـە (ئـەوەی زۆرجـار لـە نووسـینمان دەتۆرێنێـت، دەسـەڵاتی رەهـا و بێسـنووری دیاردەیەکـە بەسـەر کـۆی مانـا و لایەنـە جیاوازەکانـی ژیانـدا، هـەر کاتێـک بابەتێـک ژیانـی خسـتە ژێـر رەحمەتـی خۆیـەوە،

کۆی بابەتەکانی دی دەبنە پەراوێزی بچووک و تەاوکاری ئەو — ب.ع).

(لە دوای دین سیاسەت دەبێتە ئەو هێزەی زمان لە ناوەوەڕا پڕ دەکات لە مەدلولاتی رەمزی، زمان ناچار دەکات تەنیا یەکشێوە بنوسێت و لەیەک کایە ماناکانی خۆی وەرگرێت — ب.ع)، لەم روانگەیەوە دیارە بەتەک سیاسەتیشەوە مێژوویەکی دوور و درێژە کایەی ئایین و کولتور رۆڵی ئەو کاراکتەرە دەبینن، کە هەر چی ئیرادەی مرۆڤبوونە لە تاکەکەسیان زەوت کردووە و ملکەچی ژێر فشار و هەژموونی ئەو حوکمانەی خۆیان کردووە، کە لێ لادان و پشتگوێ خستنیان سزای توندی لەسەر بووە، ئەوانە لەگەڵ سیاسەتدا کۆمەڵگایان رووبەرووی سام و ترسێکی وا کردۆتەوە، کە تاکەکانی لە هەر هەنگاونان و قسە و بیرکردنەوەیەکیاندا، حیساب بۆ شتگەلێک بکەن، کە لە وەهم بترازێن شتێکی تر نین و بە ناو و ماسکی جیاواز و هەمەجۆرەوە وەک تابۆ و تەوتەم لە کۆخەیاڵ و زەینی مرۆڤەکانیان چاندووە، بە جۆرێک ئەو وەهمانەیان وا وێنا کردووە و نمایشی دەکەن، کە ئەگەر تاکە کەس نەیانپارێزێ و بەرگریان لێ نەکات و سەرپێچیان لێ بکات دونیا دەبێتە دۆزەخ و بوارێک بۆ ژیان و گەشەکردن نامێنێتەوە، سەیر لەوەدایە خودی کایەی سیاسی ئەو میراتەی، کە کورتکردنەوەی کۆی ماناکانە بۆ مانایەک، لە کایەکانی ئایین و کولتور بۆ ماوەتەوە، چونکە بناغەی ئەو وەهمانە بەرهەمی ئایین و کلتورن، کاتێکیش هەلومەرج و بارودۆخەکان دەگۆڕێن و شوێنکاتەکان پێویستییان بە زمان و لۆژیک و گوتارێکی تر دەبێت بۆ سندمکردن و خەساندنی کۆمەڵگا و چیتر بەو زەقییەوە ئایین و ترادسیۆنی کۆمەڵایەتی ناتوانن ئەو رۆڵە جەهەنەمییە بگێڕن، ئیدی سیاسەت دێت و ئەو چەمک و پێناسە و تەئویلانەیان لێ وەردەگرێتەوە و بە بەلاغەتێکی ترەوە مانا و مەدلولەکان تەوزیف دەکاتەوە و دواجار لە رێگەی کەناڵە هەمەجۆرەکانی خۆیەوە بەناو کۆمەڵگادا پەخشیان دەکاتەوە، ئەو مەعریفەی جەهل و چاوبەستەکی کردن و ترساندن و تۆمەتبارکردنە، وەزیفە و ماناکانی بە گوێرەی شوێنکات و گوتاری کایەکان دەگۆڕێت، واتە ئەو مانایانەی ئایین پەخشیان دەکاتەوە، کولتور بە دیو و داڕشتنەوەیەکی تر کاریان لەسەر دەکات و بەلای خۆیشیەوە سیاسەت هەمان ئەو گوتەزا و دەستەواژانە بە بەرگی ترەوە دەخاتە روو، بەڵام لە دوا وێستگەدا هەر هەموو داڕشتنەوە و تەوزیفکردنەکان هەڵگری یەک مانا و مەدلول

و یـەک ناوەڕۆکـن، کـە ئەویـش لـە ئیرادەخسـتن و لـە مـرۆڤ خسـتنی تاکەکەسـە، بۆیەشـە بـەردەوام چییەتـی و ماهییەتـی ئـەو ترسـانەی کایـەکان هەیانـە لـە کرانـەوەی عەقڵـی تـاک، بـە نـاو و سـیمای جیـاوازەوە دەردەکـەون، کـە لـە پشـتی ئەمـەوە هیـچ مەبەسـتێکی پیـرۆز و ئامانجێکـی مرۆیـی نییـە، هێنـدەی ترسـی ئـەو کایانەیـە لـە ئایینـدە و پێگـەی خۆیـان، چونکـە هـەر یەکێـک لـەو هێـزە نەریتخـواز و باوەڕسـالار و ئایدیۆلۆژیانـە ترسـیان لـە تەقینـەوە و پڕانـی زمـان و جوڵانـی ئیـرادە و چرۆکردنـی ویسـتی تاکەکـەس بـۆ گـۆڕان هەیـە، لەبـەر ئـەوە دڵەڕاوکێـی ئـەوان ئـەو کاتـە دەسـت پێدەکات و قـووڵ دەبێتـەوە و لـە میانـی ئـەو دڵەڕاوکێیەشـیاندا روونتـر و باشـتر دیـوی دووەم و شـاراوەی ترسـەکەیان دەردەکـەوێ، کـە تـاک دەسـت بـۆ هەمـوو ئـەو تابـۆ و تەوتـەم و سـنورە بڤانـە دەبـات، کـە دەسـەڵات و کۆمەڵـگا لـە دەسـتبردنی نـەوەی نـوێ بۆیـان زراوی تۆقیـوە و بیمـی لـێ نیشـتووە و دەکـرێ ئـەم ترسـەی کایەکانـی کولتـور و ئاییـن و سیاسـەت بـە نەخۆشـییەکی درێژخایـەن و دەروونـی کوشـندە سـەیر بکـرێ (هەمـوو ئەوانـەی دەڵێـن قسـەکردن لەسـەر دیـن و سیاسـەت و حەرامـەکان، کۆمەڵـگا ویـران دەکات، ماڵمـان لێکدەترازێنێـت، شـیرازەی کۆمەڵایەتـی دەپچڕێنێـت، ئەزموونـی سیاسـیمان دەخاتـە مەترسـییەوە، تەنیـا کەسـانی مەحافەزەتـکار نیـن، بەڵکـو کەسـانێکن فۆبیایەکـی قووڵیـان لـە ژیـان هەیـە — ب.ع)، هـەر بۆیەشـە هیـچ کات ئـەو سـێ کایەیـە باکیـان بـەوە نییـە و ترسـیان لـەوە نییـە، کـە گەنـج و نـەوەی نـوێ بەوپـەڕی سـادە و سـاویلکەیی خواسـت و خـەون و خولیاکانیـان لـە نەبوونـی کەمالیاتـی ژیـان کـورت دەکەنـەوە و کار لەسـەر ئـەوە دەکـەن هەنـدێ پێداویسـتی تەرفیهـی و بەتاڵکردنـەوەی گەنجانـە هەیـە دەسـەڵات و کۆمەڵـگا بۆیـان دابیـن بـکات، کـە خـودی ئـەم تێگەیشـتنەی گەنـج و نـەوەی نـوێ بـۆ خـۆی گیروگازێکـی گەورەیـە و ئاماژەیـە بـۆ ئـەو حەقیقەتـە تاڵـەی، کـە هێشـتا ئـەو کائینانـە شوناسـی راسـتەقینەی خۆیـان نەدۆزیوەتـەوە و نەیانتوانیـوە ژیـان بـە دیوێکـی جیـاواز و جوانتـر لەوانـەی پێش خۆیـان ببینـن، ئـەو تەوزیفکردنـەوە سـەقەتەی گەنـج و نـەوەی نـوێ بـۆ شـوناس و ئومێـد و هیـوا و داخوازییەکانیـان، هێنـدەی تـر زەمینـەی لەبـەردەم کایەکانـی ئاییـن و کولتـور و سیاسـەت خۆشـکردووە، کـە ئـەو هێـز و وزە نوێیـە لـە سـتراتیژی راسـتەقینە و ناوەڕۆکـی جددیانـەی خۆیـان دوور بخەنـەوە و لەگـەڵ ئەوانـدا جەخـت لەسـەر ئـەوە بکەنـەوە و دەسـت لەسـەر سـنگ ئەشـهەدوبیللا بـۆ ئـەوە بکـەن، کـە وەک

پێویست نەیانتوانیوە ئەو داواکارییە سادە و ساکار و سەرتاییانەی ئەوان دابین بکەن، ئەمەش رێک ئەو ترسەیە کە ئەگەر و گریمانەکانی گۆڕان دوور دوخاتەوە و دەرفەتی زیاتر دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی لەسەر ئەو ژێیەی هەست و سۆزی غەریزی گەنج و نەوەی نوێ هەر سێ کایە تەمەنی مانەوە و بەردەوامی خۆیان درێژ و درێژتر بکەنەوە، چونکە مەترسی هەرەگەورە و فریوخواردنی هەرە ترسناک لەوێدایە، کە خودی ئەو نەوەیە بڕوای ئەوەی لا دروست بێت، کە هەمم و دالغەی شتی لاوەکی هەیە و رێچکەی پرسیار و گومانە جددییەکانی خۆی ون بکات، لەو گۆشەنیگایەی کە (ناکرێت نەوەی نوێ وەک کۆمەڵێک منالەورتکە تەماشا بکرێن کە دەبێت یاریگا و شوێنی شادییان بۆ ئامادەبکرێت، وەک کۆمەڵێک گەنجی بێژن کە ژنیان بۆ بهێنین، کۆمەڵێک خەڵکی بێپارە کە دەبێت تۆزێک پارەیان بۆ پەیدا بکەین — ب.ع).

بەم پێودانگە ئەوە خودی ئەم تێگەیشتن و بیرکردنەوە و ئاییندەبینییە سەقەت و تەسکەی گەنج و نەوەی نوێیە، کە وایکردووە گەنج لە ئەرک و پەیامە سەرەکییەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە و بۆ خۆیشی نەزانێ کێیە و چییە و داوای چی دەکات، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەو کائینە تا ئێستاش هەر بەچاوی غەریزەوە دەڕوانێتە ژیان و هەوڵی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی مانا و بەها و دیوێکی جوانتر نادات لە ژیاندا، هاوکات بوێری و توانا و وزە و ئیرادەی بۆ نوێبوونەوە و گۆڕان لە خۆیدا کوشتووە، ئەمەش دیوێکی تری ئەو ترس و گیروگازەیە، کە نەوەی نوێ لە کوردستان بەدەستییەوە گیرۆدە بووە و ناتوانێ رێگا و دەروازە روونەکانی کار و هەنگاوی خۆی بدۆزێتەوە و بە ئاشکرایی و بە شێوەیەکی لۆژیکی خۆی بۆ کۆمەڵگا و دەسەڵات پێناسە بکاتەوە و بەبێ ترس و لەو پەڕی ئاگایی و بە هوشیارییەکی زانستییەوە بێتە گۆڕەپانەکە و بەرگری لە بوون و بەها و خەونەکانی بکات، ئاخر (ئەو نەوەیەی ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمەدا بۆ ئەوەی ببێتە نەوە، دوو توانای گرنگی نوقسانە، ئیرادەی گۆڕین و ئیرادەی تێگەیشتن — ب.ع)، ئەمەش حەقیقەتێکی تاڵە و پێویستە بەوپەڕی شەفافی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، گەنج و نەوەی نوێ قبوڵی بکات و لە بەر رۆشنایی ئەو راستییەی، کە تا ئەم چرکەساتەش گەنج و نەوەی نوێ ئیرادەی تێگەیشتن و وردتر رۆچوونە نێو گرفتەکە و وزە و ورە و ئازایەتی و مەیلێکی راست و راشکاوی بۆ پرۆسەی

گۆڕیـن نییـە و لـەم نێوەشـدا و بـۆ شـاردنەوەی ئـەو خەوشـەی خـۆی، سـاویلکانە فرمێسـک بـۆ نەبوونـی پـارک و سـەنتەرێکی لاوانـە و شـاری یـاری و شـتی لاوەکـی دەڕێـژێ، کـە بەهۆیـەوە لەلایـەک خـۆی لـە ئـەرک و پەیـام و وەزیفـەی راسـتەقینەی دەدزێتـەوە، لەلایەکـەی تریـش بـوار دەداتـە دەسـەلات و کۆمەلـگا کـە وەکـو منالـی شـیرەخۆرە و تـازە پێڕەوکـە سـەیریان بکـەن و مامەلەیـان لەگەلـدا بکـەن، ئەمـەش راسـتەوخۆ بـەو مانایـە دێـت، کـە ئـەو نەوەیـەی گوایـە لـە پیربوونـی کۆمەلـگا بـە کایـە سیاسـی و کۆمەلایەتییەکـەی بێـزار و تورەییـە و قێـزی لـە روانیـن و دونیابینـی ئـەوان دەبێتـەوە، هیـچ خەونێکـی جیـاواز و جوانتـری لـەوان نییـە و بەهەمـان چـاو دونیـا دەبینـێ و هەسـت و روئیایەکـی سـتاتیکی و جـوان و ژیـان و مرۆدۆسـتانەتری بـۆ ژیـان نییـە، کـە بتوانـێ ئـەوەی ئێسـتا تێپەڕێنـێ، ئـەم هاوکێشـەیەش مەترسـییەکی گەورەیـە بـۆ سـەر خـودی شوناسـی گەنـج و نـەوەی نـوێ و مـرۆڤ بـە دەرکەوتنـی ئاسـۆیەگی گـەش و روونـی گـۆڕان و کرانـەوە و پێشـکەوتنت رەشـبین و نائومێـد دەکات، لـەو گۆشـەنیگایەی کـە ( چەمکـی نـەوە ئاماژەیـە بـۆ هەسـتێکی سـتاتیکی تـر بـە ژیـان — ب.ع)، کـە ئەمـەش نەبـوو ئیـدی ئاسـان نییـە چاوەڕوانـی شـتێکی تـازە و نـوێ بیـن، کـە ئۆقـرە و ئارامییـەک ببەخشـێتە هیلاکـی ویژدانمـان.

گالتەجـاڕی و کۆمیدیایەکـی مەزنـە گەنـج و نـەوەی نـوێ بێتاقەتـی و تورەیـی و یاخیبوونـی خۆیـان لـە پرسـە لاوەکـی و تەنهـا شـتە کەمالـی و غەریزییـەکان کـورت بکەنـەوە و بەمـەش ناچـار بـێ پرسـیار و پـرۆژەی جـدی و لـە میانـی پەرچەکـرداری هەرزەکارانـە و هەلچـوون و کەفوکولـی کاتـی ئـەو ناڕەزاییـە نمایـش بکـەن، چونکـە ئـەوەی مێـژوو و ئەزموونەکانـی مرۆڤایەتـی لەبـاری گۆڕانـی کۆمەلایەتـی و شـەڕی نەوەکانـدا سـەلماندوویانە، ئەوەیـە کـە هەمیشـە نـەوەی نـوێ بـە تێگەیشـتنێکی زانسـتی و لۆژیکیانـە بـۆ گرێکوێرەکانـی شوناسـی خـۆی و بـە بـاوەڕ و متمانەیەکـی نەگـۆڕ و ئیرادەیەکـی بەهێـزی گۆڕیـن و ئامادەگـی قوربانیـدان، دێـت و شـەق لـە زۆربـەی ئـەو بەهـا و نـۆرم و نەریـت و ترادسـیۆنە دۆگمـا و سـەقەت و بـاوە داسـەپاوانە دەدات، کـە ژیـان لـە جوغزێکـی بچووکدا کـورت دەکەنـەوە و کۆمەلـگا بـە رەنگێکـەوە رەنـگ دەکـەن، کـە نەتوانـێ پەلکەزێڕینـەی رەنگەکانـی تـر ببینـێ و بناسـێ و بـەردەوام لـە قوولایـی تاریکـی ئـەو سـنور و تەلبەندانـەدا دەیانهێلنـەوە کـە بەرژەوەنـدی و ئامانجەکانیـان دەیانخـوازن، بەواتایەکـی دی گەنـج و نـەوەی نـوێ شـەڕ لـە پێنـاو

ژیانێکی نوێ و کولتور و بەها و نۆرمی تازە دەکات .. شەڕ لەسەر ئەوە دەکات کە کۆمەڵگا لە دۆخی چەقین و نەزۆکی دەرباز بکات .. شەڕ بۆ ئەوە دەکات دونیایەکی ڕووناکتر و جوانتر و ڕەنگاوڕەنگتر لەوەی پێش خۆی دروست بکات .. شەڕ لەسەر ئەوە دەکات تەفسیر و دەلالەتە نەخۆشەکانی سیستەمی باو تێک بشکێنێ و لە شوێنیاندا و بە گوێرەی پێدراو و وەرچەرخانەکان سیستەمێکی نوێ لە بەها و مانا و دەلالەت و پەیوەندی بەرهەم بهێنێ، لەبەر ئەوەی (نەوەی نوێ هەمیشە لە تاریکییەوە دێتە دەرێ، تاریکییەک لە بنەڕەتدا دەرەنجامی کۆنبوون و کاڵبوونەوە و تاریکبوونی مانا و سیستم و تام و ئارەزووەکانە — ب.ع).

بۆیە باشترین هەنگاو و پرۆژەیەک، کە ئومێد ببەخشێتە نەوەی نوێ و لەرێگەیەوە چاوەڕێی دونیایەکی جوانتر و ژیانێکی مرۆییانەتر بکەن، پێویست دەکات گەنج و نەوەی نوێ سەرەتا لە خۆی دەست پێبکات و بە سەرجەمی سیستەمی بیرکردنەوەی خۆی دابچێتەوە و جارێکی تر لەنووکەوە تێی هەڵچێتەوە لە پێناو سەر لەنوێ خۆ پێناسەکردنەوە و بەرهەمهێنانی پرسیاری نوێ، هاوکات بتوانێ لە توێی وەڵامە لۆژیکی و زانستییەکانی بۆ کۆی پێدراوەکانی ئەمڕۆ و خستنەڕووی ئەلتەرناتیف و میکانیزمی گونجاو و شیاو بۆ دەربازبوون لەو دۆخە چەقبەستووە خۆی بدۆزێتەوە، ئومێدێک بۆ ئێستای خۆی و سبەی دابین بکات و تارمایی و ترسی هەموو ئەو بێهودەیی و نائومێدیانە بڕەوێنێتەوە، بەراست ئەو هێز و وزە و بیرکردنەوەیە بێت، کە چاوەڕوانی مەزنی لێ بکرێت و ئەو فریادڕەسە راستەقینە بێت، کە بتوانێ خۆی لەو قەیران و گێژاوە رزگار بکات و دەرگای ئاسۆیەکی ڕووناک بەسەر خۆیدا بکاتەوە، چونکە (نەوەی نوێ لەو ساتەدا لە دایک دەبێت کاتێک نائومێدییەک دەستدەکات بەکار، کاتێک یۆتۆپیایەک خەون بەوەوە دەبینێت ببێتە حەقیقەت، کاتێک خەیاڵێک دەکەوێتە قسە و بە زمانی واقیع دەدوێت — ب.ع).

سەرچاوە: (www.rahand.com) هەردوو وتارەکەی بەختیار عەلی (سیاسەتسالاری زمان و کێن ئەوانەی دەبنە نەوەیەکی دی ؟)

## قسەیەك دەربارەی ئازادی!

گەرموگوڕترین تـەوەر و بـاس و خواسـی نێـو کۆمەڵـگای کـوردی لـە ئاسـتە سیاسـی و ڕووناکبیرییەکەیـدا، پرسـی ئـازادی رادەربڕینـە، کـە لـە بنەڕەتـدا ئـەوە بەشـێکی بچووکـی نێوکـۆی ئازادییەکانـە، کـە لـەو نێـوەدا هـەر یەکـە و بەرمەبنـای بیرکردنـەوەی سیاسـی و دونیابینـی ئایدیۆلـۆژی و بەرژەوەندییەکانـی دێـت و کاڵا بـە بـاڵای ئازادیـدا دەبـڕێ. بـەلای کایـەی سیاسـییەوە ئێـرە سـەرزەمین و بەهەشـتی ئازادییـە و نزیکتـرە لـە ئەسـینای یۆنانـی کـۆن، بـەلای کایـەی ڕووناکبیـری و بەشـێک لـە میدیاشـەوە ئێـرە جوگرافیایەکـی بەڵاڵێـدراو و دۆزەخێکـە بـۆ ئـازادی و لـە زیندانەکـەی مۆسـۆلینی و قەسـابخانەکەی هیتلـەر دەکات، لـە نێـوان ئـەو دوو تێڕوانینەشـدا کـە هەردووکیـان پەرچەکـردارن، خۆمـان و هاوسـەنگیمان بیرچۆتـەوە، ئاخـر ئێـرە نـە بەهەشـتە و نـە دۆزەخ، بەڵکـو لـەو نێوانـە دایـە.

بەهەرحـاڵ، لێـرەدا زۆر بـە کورتـی و بـە خێرایـی هـەوڵ دەدەیـن بـە کۆمـەک وەرگرتـن لـە هەنـدێ بۆچـوون و وردە سـەرنجی چەنـد بیرمەنـد و نووسـەرێک، قسـەیەک لەمـەڕ ئـازادی بکەیـن، بـۆ ئـەوەی هێڵـە سـەرەکییەکانی ناکۆکـی و بەدحاڵییەکانـی نێـوان ئـەو دوو گوتـارە بدۆزینـەوە.

« مـرۆڤ هەرگیـز بەختـەوەر نابێـت لـە کۆمەڵگایەکـدا کـە ڕێـگا نـەدات بـە ئـازادی کار بـکات و بیـر بکاتـەوە- راسـل»، ئەگـەر ئـەو بۆچوونـەی راسـل لەگـەڵ بیرکردنـەوەی کایـەی سیاسـی و دروشـم و کردەوەکانـی لـە پەیوەسـت بـە تێگەیشـتن و مامەڵـە لەگـەڵ چەمکـی ئـازادی بـەراورد بکەیـن، هەسـت دەکەیـن خـەوش و بۆشـاییەک هەیـە. ئاخـر لێـرە (ئـازادی/ ئازادییـەکان) باجـی کۆمەڵـێ تابـۆی کۆمەڵایەتـی و تەوتەمـی سیاسـی دەدەن، واتـە ئـەوە بـە تەنهـا کایـەی سیاسـی و دونیابینیەکـەی نییـە دەیـەوێ خـراپ مامەڵـە لـە تـەک ئـازادی بـکات، بـە تایبەتـی کـە خـودی ئـەو کایەیـەش لـە رەحمـی ئـەو کولتـور و بونیـادە کۆمەڵایەتییـە پارێـزگار و پەیوەندییـە باوەڕسـالار و پیرۆزگەرایـە هاتۆتـە دەر، کـە هەمیشـە تاکەکانـی دەکاتـە کۆیلـەی بیروبـاوەڕ و بەهـا

و نۆرمە سواو و سەقەتەکانی. کەم تا زۆر (مرۆڤ/ تاکەکەس) لێرە ئازادییەکانی مەحکومن بە ملکەچی بۆ کۆمەڵێ بەند و باوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری و ئایینی، کە هەر تێپەڕاندنێکیان بە بڤە دادەنرێ، لە کاتێکدا کە « ئەگەر بنەمای ئاکار بە کردەیی بریتی بێت لە ملکەچ بوون بۆ نەریتە باوەکان و سەرسام بوونی ساویلکانە پێی، ئەوا لێرەوە گفتوگۆ کۆتایی دێ — تۆدۆرۆف».
لەناو هەلومەرجێکی ئاواشدا کە بیرکردنەوە و رەفتار و هەڵوێستی تاک بچێتەوە ژێر جەبری نەریتسالاری و پیرۆزگەرایی، ئیدی ئەو تاکە کەسە چۆن دەستی بگاتە بەختەوەری؟ لەسای هەلومەرجێکی وەها ناجۆر و بیرکردنەوەیەکی دۆگما و پەیوەندی داخراوەوە رێک خەیاڵمان دەچێتەوە سەر ئەو رایەی (ماکسێنس فێرمین) کە دەڵێ « بەختەوەری تەنها لە خەوندا دێتە دی».
بەم پێودانگە، راسل پێی وایە بۆ ئەوەی (مرۆڤ/ مرۆڤەکان) خۆشبەخت بژین، پێویست دەکات لە کار و بیرکردنەوەدا ئازاد بن، ئاخر مرۆڤی کۆیلە نە دەتوانێ بیر بکاتەوە و نە دەبێتە ئەو هێزەش توانای داهێنانی هەبێت. مرۆڤی ئازادی (لێزەوتکراو/ سنووردار کراو) چۆن دەتوانێ هەنگاو بنێ و ژیانێکی ئاسایی بژیێت، کە بواری کار و مافی بیرکردنەوەی نەبێت؟! ئەگەریش بڕیار بێت بەو دونیابینییە سەقەت و نەخۆشە بمانەوێ کۆمەڵگایەکی کراوە و پێشکەوتوو دروست بکەین، کە لە بنەڕەتدا گوتارێکی توندوتیژە و لە ئاست هەر پەرچەکردارێکی ناڕەزایی و گومان و پرسیار کردنێک دەست دەباتەوە بۆ تۆقاندن و ئامادەیی ئەوەیشی تێدایە بە بیانووی هەمەجۆر پاساوی توندوتیژییەکانی بداتەوە، جارێکی تر کۆمەڵگا دەدەینەوە دەستی قەدەری کۆیلە بوون و زەوتکردنی ئازادی مرۆڤەکانی، کە ئەمەش پێچەوانەی سروشتی مرۆیی مرۆڤەکان دەکەوێتەوە، چونکە هەرگیز « ناتوانین لە رێگەی تۆقاندنی خەڵکەوە جیهانێکی پێشکەوتوو بونیاد بنێین، بەڵکو دەبێ لە رێگەی هاندان و پەروەردەکردن و شانازیکردن بە ئازادی تاکە کەسییانەوە ئەو کارە بکەین- راسل».
ئەگەر روانینی دیوەکەی تری ئەو هاوکێشەیە بۆ چەمکی ئازادی وەربگرین، کە ئەویش (مرۆڤەکان/ کۆمەڵگا)یە، بەتایبەتیش دەستەبژێرەکەی و لە روانگەی تێگەیشتنی راسلەوە هەڵی بسەنگێنین، ئەوا دیسانەوە مرۆڤ تووشی جۆرێ لە نائومێدی دێت. « ئازادی شتێکی رەها نییە، بەڵکو رێژەییە، بۆیە هیچ مرۆڤێک

نییە لە رەفتار و هەڵسوکەوتدا رەها بێت- راسل»، بە گوێرەی ئەو تێگەیشتنە بێت بەشێکی دیار لە گوتاری ئازادی خوازی ئێمە دەکەوێتە ژێر پرسیار، چونکە بەشێکی دیاری ئەو گوتارە هەمیشە خۆی بە خاوەنی کۆی راستییەکان نمایش دەکات و هەر لەو روانگەیەشەوە دەیەوێ هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی بەردەوامی پێبدا، کە ئەو راستە و تەواوی کۆمەڵگا، لە ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی هەڵەیە. ئەگەر لە سادەترین مانادا مەرجێکی سەرەکی گۆڕان و پێشکەوتن و کرانەوە لە کۆمەڵگادا بریتی بێت لە بوونی ئازادی، بەڵام دواجار خودی ئەو ئازادییەش پەیوەستە بە کۆمەڵێ رەهەندەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە بزانین مەرج نییە هەموو هەوڵێکی گۆڕان بە ئەرێنی بکەوێتەوە. بۆیە لەو نێوەدا و لەهەر هەوڵ و بانگەشە و هەنگاونانێک بۆ بەرجەستەکردنی ئازادی، خراپ نییە ئەو بۆچوونەش لەبەرچاو بگیرێ، کە دەڵێ « ئازادی بریتییە لە دەرچوون لە هەندێک سیستەم و پیادەکردن و رێزگرتن لە هەندێکی تریان-راسل». دیوێکی ئازادی بەرپرسیارێتییە، وەک چۆن لایەنێکی دیکەی ئازادی رێکخستنییەتی (نەک سانسۆر و سنوردار کردنی)، بە شێوەیەک کە هاوسەنگی نێوان یەکەکانی کۆمەڵگا (تاک/ گروپ) رابگرێ، بە جۆرێک هەموویان بەرخورد بن لەو مافە و بواری زیاتر بەهۆیەوە بۆ گفتوگۆ و جیاوازی و یەکتر قەبوڵکردن بکاتەوە، چونکە « ئازادی بەبێ رێکخستن مانای ئاژاوەیە- راسل».

گوتاری دەستەبژێری کوردی لە باری ئازادییەوە، جگە لەوەی دەیەوێ لە تەنها گۆشەنیگای خستنەرووی تیۆری چەمکەکانەوە مامەڵە لەگەڵ واقیعەکەدا بکات، هاوکاتیش حوکمی پێشوەختەی لە زاکیرەی خۆیدا بۆ پاساودانەوەی قسەکانی پێیە، کە ئەمەش لەگەڵ لۆژیکی رەخنەیی نایەتەوە، کە هەر بەم هۆیەشەوە بۆشاییەکی گەورەی خستۆتە نێوان خۆی و کایەی سیاسی و هەندێ جاریش کۆمەڵگا، چونکە « ئەرکی تیۆری رەخنەیی شیکردنەوەی مرۆڤ و جیهانەکەیەتی لە چوارچێوەی بوونە کۆمەڵایەتییەکەیدا، نەک شیکردنەوەی لە میانی کۆمەڵێک چەمکی فەلسەفی رەهاوە — مارکۆزە«. ئەو هەناسە سوارییە لە گوتار و ئەو رەهاییە لە بیرکردنەوە و قۆرخکردنی تەواوی حەقیقەتەکان لە نێو بەشێکی دیاری کایەی روناکبیری، کە خوێنەری جیددی بە ئاسانی دەتوانێ نەگوتراوی پشتی گوتراوەکانیان و لەو گەمە زمانەوانییەی دەیکەن بدۆزێتەوە، تا ئەو ئاستەی جۆرێکی

دیکـە لـە دۆگماتیـزم بەرهـەم دێنـێ، چونکـە بیرکردنەوەکانـی خـۆی خاڵـی لـە هەڵـە و خــەوش و وەک دوا ئەلتەرناتیــڤ چارەســەر دەخاتــەڕوو، کــە ئەمــەش دیســانەوە لەگـەڵ بانگەشـەکانی ئـەو گوتـارە بـۆ عەقڵانییەتـی رەخنەیـی ناکـۆک دێتـەوە، بـەو پێیــەی « ئەقڵانییەتــی رەخنەگرانــە جۆرێکــە لــە فەلســەفەی رۆشــنگەرانە، چونکــە هــەم بـاوەڕی بــە پلورالیـزم هەیـە، هــەم بـاوەڕی بــەوە هەیـە، کـە ئادەمیـزاد هەڵــە دەکات و هـەم ئایدیـا و تیـۆرەکان قابیلـی گـۆڕان و پێشـکەوتنن — جیهانبەگلـو».

## سیاسەتی نووسین و نووسینی سیاسییانە!

نابێ ئەو راستییە لەبیری خۆمان بەرینەوە، کە کردەی نووسین و خودی نووسین خۆیشی دیوێکی دیکەی سیاسەتکردنە، بەتایبەتیش نووسینی رەخنەیی.. بە واتایەکی دیکە کاتێ لەمەڕ شتێک..دیاردەیەک..پێشهاتێک دەنووسین و قسە دەکەین و بە هەناسەی رەخنە دەرزی ئاژنی دەکەین، بە دیوەکەی تردا ئێمە سیاسەت دەکەین، نەخاسمە ئەگەر قسە و نووسینەکەمان تایبەت و پەیوەست بێت بە دەسەڵات و کاراکتەرەکانی.

سیاسیبوونی نووسین و گوتاری رەخنەیی دەربارەی دەسەڵات و کائینەکانی لەوێدا درکی پێدەکرێ، کە تۆ شێوازێکی بیرکردنەوە و دونیابینی ئایدیۆلۆژی، یان بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیکردن، یاخود کاری حزبی و چی و چیتر دەدەیتە بەر نەشتەری رەخنە، کە تیایدا چەندە لە روخساردا مەبەست و ئامانجت ریفۆڕم کردنە، هێندەش زیاتر زەمینە خۆشکردنە بۆ ئەوەی پاساو و بیانوی خستنەڕوو و هێنانە گۆڕپانی ئەلتەرناتیفەکەت بدەیتەوە، کە بە نموونەی باڵای خۆتی دەزانی. واتە بە دیوێکی تر تۆ ئەو نۆرم و شێوازەی دونیابینی و شتەکانی ترت بە دڵ نییە و پێت وایە ئەوەی تۆ باشتر و گونجاوترە، کە زۆرجار رەنگە ئاکامەکەیشی پێچەوانە بکەوێتەوە (هەر هیچ نەبێت ئەو خوێندنەوەیە کەم تا زۆر بۆ واقیعی کوردستان راستە!).

بەمانایەکی دی ئەوەی تۆ لە میانی کردەی نووسین و رەخنەگرتندا بۆی دەکۆشی و لە پێناویدا دەنووسی، رەنگە سەرچاوەکەی هێندە نیازپاکیت نەبێت بۆ ریفۆرم، بەقەد ئەوەی دەتەوێ بە جۆرێک لە جۆرەکان بڕوا بە خەڵک بهێنی، کە جێگۆڕکێی کاراکتەرەکان کارێکی زەرورە، لە کاتێکدا رەنگبێ ئەو ئەلتەرناتیفەی تۆ خەیاڵی هێنان و دانانی دەکەیت و کاری بۆ دەکەیت، هیچ شتێکی زیاتر و باشتر و شیاوتر و جوانتری پێ نەبێت لەوەی هەیە و باوە (ئەزموونی شانزە ساڵەی دەسەڵاتی کوردی لە ئاستی حزب و حکومەتدا بەڵگەی ئەو راستیەیە!).

بەهەرحاڵ بۆ ئەوەی خوێنەر زنجیرەی بیرکردنەوەی نەپچڕێ و وەکو تریش شتەکان وەکو خۆی وەربگرێ، پێویستە بڵێم کە ئەو نووسینە کورتە حوکمێکی رەها و پێشوەختە و کوێر نییە بەسەر سروشت و چییەتی کردەی نووسین و رەخنەگرتن بە گشتی لەسەر ئەم هەسارەیەدا، بەڵکو قسەکردنە لەسەر زۆرێک لە هەوڵەکانی کردەی بەناو نووسین و رەخنەیی ئەمڕۆی کوردستان، کە لە پشتیانەوە روحێکی جادوباز و ویستێکی شەیتانی هەیە و دەیەوێ وەک فریشتەی گۆڕان و ریفۆرم لە توێی رازاندنەوەی چەمک و دەستەواژەکاندا خۆیمان پێ بناسێنێ..چونکە ئەو جۆرەی قسەکردن و نووسینە فۆرمێکی دیکەی سیاسەتکردنە، کە تیایدا پێشتر سیاسی و سەرکردە و دەزگایەک وەزیفەکانی بەسەر کاراکتەرەکانی بەشێوەتەوە، چونکە راستییەکی زۆر سادە و سەرەتایی هەیە، کە نووسینی سیاسی ئەگەرچی پڕیشی بێت لە خەیاڵی شاعیرانە و وێنەی هونەری و فەزای فەنتازی، دواتر خوێنەری وردبین و جددی زۆر بە ئاسانی لە توێی رستەکاندا بۆن بەهەناسەی سیاسییانەی نووسینەکە دەکات، بەو پێیەی دیوی راستەقینە و مانا و مەدلولەکان لەو شێوە نووسینانەدا، وەک وتمان لەو دیو ماسکی وشە و رستە و دەمامکی دەستەواژەکاندا خۆیان حەشارداوە.

دیارە شتێکی ئاساییە نووسەری گەمەکار و رۆژنامەنووسی مراوەغەکار لەو حاڵەتدا لە رووتبوونەوە بترسێ و زاتی ئەوە نەکات خۆی وەک خۆی و بێ رتوش نمایش بکات کە هەیە، دەشێ ئەو وەک سیاسییەکی درۆزن شیرینی وشە و هەڵوێست هەرزانفرۆش بکات..دەلوێ مینا سیخوڕێک تاوێک لە بەرگی سواڵکەر و تاوێکی تر لە پۆشاکی خێرخوازێک خۆیمان بۆ نیشان بدات، دەشکرێ چەشنی جادووگەر و فاڵچییەک بە سیمایەکی نورانی بێتە بەر دەممان و وەعزمان پێ بفرۆشێ..وەک ئەوەی شروستیشە حزبی نەبێت و حزب و حزبایەتی سوک و ریسوا بکات (بەتایبەتی کە زۆرتر حزب لە کوردستاندا بۆتە دیوەخانی کۆنە جاش و شۆڕشگێرە فایلدارەکان و....)، سروشتی تریشە کە حزبیش بێت و ئینتمای بۆ ئایدیۆلۆژیایەک هەبێت، بەڵام ئەوەی نەک ئاسایی و سروشتی نییە، بەڵکو زۆر مەترسیداریشە بۆ سەر هوشیاری خەڵک، ئەوەیە کابرا ئینتما و پەیوەستبوونێکی دەروێشانەی بۆ کەسێک هەبێت و لێمانی بکا بەکاریزماو فریادڕەس، کەسێکی پاسیف کە دوێنێ و ئەمڕۆ هیچ ئامادەگییەکی کردەیی نەبووە و تەنها لە سێبەر

و تارماییەکانـدا هەسـت بەبوونـی کـراوە، کەچـی بابـای ڕەخنەگـر و نووسـەری سیاسـی دێـت لـە میانـی تەئویـل و تەوزیفـە وەهمـی و  فانتـازی و خۆشـخەیاڵییەکانی خـۆی دەیکاتـە سـیمبول!!

بێگومـان فاکتـەری زۆر هـەن بـۆ دەرکەوتنـی ئـەو کاراکتـەرە گەمەکارانـە و ڕەنگـە لـە کوردسـتاندا ئـەوە هـەر زەحمـەت و ئەسـتەم نەبێـت و هـەر کـەس ئەگـەر خوازیـاری بێـت و بیـەوێ و فرسـەتی بوونـە قارەمانـی لـە دەسـتدابێت هەلـەکان بقۆزێتـەوە، بـەڵام ئـەوەی زۆر مەترسـیدارە لـە کاری ئـەو کەسـانەدا، شـێواندنی هوشـیاری کۆمەڵگـە و تاکەکانـی و ناشـیرینکردنی کـردە و پەیامـی نووسـینە، بەتایبەتـی کـە زیرەکانـە ئـەو کەسـە گەمـە لەسـەر ژێـی هەسـت و سـۆزی خەڵـک دەکات.

پێدەچـی خـودی شـێوازی حزبایەتیکـردن لـە کوردسـتان یەکێـک لـە فاکتـەر و زەمینەسـازییەکان بێـت بـۆ دەرکەوتنـی ئـەو جـۆرە کەسـانە، چونکـە زۆرێـک لەوانـەی ئێسـتا شـولیان لـێ هەڵکێشـاوە و دەیانـەوێ خۆیانمـان لێبکـەن بـە سـوپەر ریفۆرمخواز و ڕەخنەگـر (کـە ئـەوەی راسـتی بێـت ئەمـڕۆ ئازایەتـی تێدانییـە)، مناڵـی قوربانـی شـەڕی ناوخـۆ و هەندێکجاریـش حیمایـەی دوای فەرماندەیەکـی سـەربازی ئـەو کاتـە بـوون و ئـەو ڕۆژانـە نەیانـدا بەرخۆیـان قسـەیەکی خێـر بـۆ کۆمەڵگـە و کێشـە و قەیرانەکانـی بکـەن، کـە ئەمـڕۆش بـەم چەشـنە و گوایـە لـە حـزب و حکومـەت و سـەرکردە بێمنەتـن و سـڵ لـە گووتنـی هیـچ شـتێک ناکەنـەوە و وا نیشـانی خوێنـەر و خەڵکـی دەدەن، کـە ئـەوان قەڵەمـی هەقبێـژ و ڕەخنەگـری جددییـن، لەکاتێکـدا کـە مـرۆڤ بەچـاوی دیقـەت و وریاییـەوە لـە خۆیـان و جـۆری پەیوەندییـەکان و نووسـینەکانیان ورد دەبێتـەوە، بـاش تێدەگات کـە لـە پشـتی نووسـینەکانیان لۆژیکێکی کوشـندە هەیـە و زۆرجاریـش وا ڕێکەوتـووە، کـە ئـەو کەسـانە لـە هەنـدێ شـوێنکاتدا گیـروگازی ئـەو لۆژیکەیـان نەشـاردۆتەوە، ئـەوە بـە چاوپۆشـین لـەو ناشـەرازییە مەعریفییـە و هـەژاری و دەسـتکورتییەی، کـە لـە پاشـخانی فیکـری و مێژوویـی و سیاسـی هەیانـە، هـاوکات لەگـەڵ سـادەیی و سـاکاری و کاڵفامیـان لـە تەوزیـف و تەئویلکردنـی چەمکـەکان و  وێناکردنـی چییەتـی کاراکتەرەکانیـان. هـەر بۆنموونـە دەکـرێ کەسـێک ئـەو کاتـە ئینتمـای بـۆ کولتـوری خێـڵ تێکشـکاندبێ و چەمکەکانی مێگـەل و ڕەعیەتـی تێپەڕاندبێ، کـە لـە شـەڕی حزبایەتیـدا و لەنـاو مینبەرێکـی بـەرزی جەماوەریـدا نابێتـە چاوسـاغی جەنگاوەرەکانـی شـەڕی حـزب و دواتریـش بەبـێ هەڵوێسـتێکی ڕاشـکاو و ڕوون و

لــه بێدەنگییەکــی شــەرمندا و بەبــێ هیــچ روونکردنەوەیــەک جانتــا و هەگبەکانــی بــۆ جوگرافییایەکــی تــر تێکدەنــێ و لــە نێــو تارماییــدا و لــە پرێــکا کورســییەکەی لــە ماڵــی حــزب و شــوێنەکانی تــردا بــە خاڵــی جێدەهێڵــێ و ئیــدی نــە لێدوانێکــی لــەم بارەیــەوە هەیــە و نــە پاســاو، رەنگــە وەکــو جارانــی دیکــە هێشــتا بــە ئومێــدی ئــەوە بێــت حــزب و ســەرکردە و (خێــڵ!) بیگرنــەوە بــاوەش، ئــەو چوارچێــوە و ســنورەی گوایــە بەزاندوویەتــی و ئینتماکەیانــی تێکشــکاندووە..رەنگە ئــەوە نموونەیەکــی زۆر ســادەی ئــەو فۆرمــە تەئویلانــە بێــت، کــە رۆژ نییــە لــە مــاس میدیــاکان و ســەکۆی کــۆڕ و ســیمینارەکای کوردســتاندا دەیانبینین..خــوا حــزب و بەرپــرس و بیرکردنــەوە و مامەڵەکانیــان بگرێــت، کــە مانــای زۆر لــە شــتەکانیان ئــاوەژو کــردەوە، چونکــە ئــەوەی واقیعــی حــزب و حزبایەتــی لــە کوردســتان شــێواند و بــواری ئەوەیــدا، کەســانێک کــە تــا دوێنــێ منداڵــی شــەرمن و گوێڕایەڵــی خــۆی بــوون، ئەمــڕۆ دەســتی چەوریــان بەســەری حــزب و بەرپــرس و ســەرکردەکانی بســڕنەوە و لــە بەرامبەریشــدا لــە نێوەنــدی رۆشــنبیری و رۆژنامەگەریــدا شــاباش بەســەر خەڵــک لێبــدەن، گوایــە ئــەوان ســەرقافڵە و هەڵگــری راســتەقینەی پەیامــە مرۆیــی و مۆراڵییەکــەی پیشــەکەن، فۆرمــی ســواوی پەیوەنــدی دیکتاتۆرییانــەی نێــوان ســەرکردە و بەرپرســەکانی حــزب و ئەندامەکانیــان بــوو، کــە بەداخــەوە تــا ئــەم چرکەســاتەش کێرڤەکــەی دانەبەزیــووە، لۆژیکــی بەبارەبەرکردنــی ئەندامــی حــزب و قبوڵکردنــی ئەنــدام بــۆ هــەر جــۆرە بارکردنێک..لۆژیکــی قبوڵکردنــی رەش و ســپییەکانی حــزب و ســەرکردە بــە ســپی و جوانــی و ناشــیرینییەکانیان بــە جوانــی لــەلای ئەنــدام و کادیران..لۆژیکــی شــەرمنی کادیــر و ئەندامــی حــزب لــە بــەردەم بەرپــرس و ســەرکردەدا...!!

## گەمەکانی زمان لە گوتاری ئایدیۆلۆژیستێکدا!!

بۆ هەمیشە دیوارێکی ترسناک لە سنورەکانی نێوان عەقڵ و ئایدیۆلۆژیا ئامادەگی هەیە، دیوارێک بەردەوام ترس و گومان بەرهەم دێنێ، ئەو کاتانەش زێدەتر درک بە مەترسییەکانی ئەو دیوارە دەکەین، بە تایبەتی بە دیوی ئایدیۆلۆژیادا، کە خوێندنەوەی ورد و قوڵمان بۆ شوێن و پێگەی عەقڵ و ئەوی دی جیاواز هەبێت لە سنوری ئایدیۆلۆژیادا، هاوکات ئەو دەمەی ئاستە جیاوازەکانی گوتاری ئایدیۆلۆژی و هەڵبەز و دابەزی کێرڤی نمایشەکانی کاراکتەری ئایدیۆلۆژیست بناسین، کە بە گوێرەی هەلومەرج و شوێنکات و پێدراو و بەرژەوەندییە ئایدیۆلۆژییەکان مامەڵە دەکات.

ئا لەوێدا و لە میانی ریشاژۆکردنی ئەو هاوکێشە پڕ گیروگازەدا، لە توێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئاست و ریتمەکانی ئەو گوتارە و ئاماژە گۆڕاوەکانی سیمای کاراکتەرەکانیدا بەدیان دەکەین، دەتوانین باشتر و روونتر دیوی ئەودیوی مەترسییەکان هەست پێبکەین..بەو پێیەی ئایدیۆلۆژیای دۆگما و رووت، کە لە شوێن و خاڵێکدا گیری خواردووە و چەقی بەستووە و لە سای هیچ رەوش و هەلومەرج و وەرچەرخانێکدا دونیابینییەکەی ناگۆڕێ و چەندەی دەرکەوتە و پێدراوەکانی دونیای کۆمەڵگا بەتەواوی کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتورییەکانی لە گۆڕان و نوێبوونەوەی بەردەوام دابن، ئەو هەر لە چوارچێوە قەتیس خواردوو و بەستەڵەکەکەی خۆی دەمێنێتەوە و وەهمی رەهایی بواری نادا دەرەوەی خۆی ببینێ، ئەمەش وادەکات لە سای ئەو فەزا داخراوەدا بەردەوام کاراکتەر و کەسایەتی پاسیڤ بەرهەم بهێنێت، کاراکتەرێک کە ئاسۆکانی بیرکردنەوە و رامانی داخراون و عەقڵی تا ئەوێ بڕ دەکات، کە ئایدیۆلۆژیا سنوری بۆ کێشاوە..لەم نێوەشدا دەشێ دۆزەخێک بۆ عەقڵ بە بەردەوامی لە کەمیندابێت، چونکە کەسی بارگاوی بە ئایدیۆلۆژیا، کە هەمیشە کەسێکی بێ پرسیار و هەڵگری رۆحی نەرجسیەتە، راهاتووە لەلایەک بۆ چەواشەی بەرامبەر و لەلایەکەی تریش لە ترسی پیرۆزی

ئایدیۆلۆژیاکـەی، بـەردەوام پێیەکـی لەمبـەر سـنوری دیوارەکـە و ئەویدیکـەی لەوبـەر بێـت.

رەنگـە ئـەم هەڵوێسـتـەی کەسـی ئایدیۆلۆژیسـت لـە حاڵەتێکـدا، کـە بەرهەمـی ناهوشـیاری و نائاگایـی خـود بێـت، هێنـدە مایـەی مەترسـی نەبێـت و ئاسـایی بێـت، بـەڵام کاتێـک ئـەو کەسـێتییە لـە میانـی خودئاگایـی و هوشـیارییەوە و بـۆ مەرامـی ئۆپۆرتۆنیسـتی کەسـێتییەکە بەرجەسـتە بـکات، ئەمەیـان مەترسـییەکی مەزنـە بـۆ سـەر خـودی کۆمەڵـگا و لـە نێویشـیدا بـۆ سـەر سیسـتەمی دیموکراسـی، بـەو پێیـەی لـە سـای ئـەو بیرکردنەوەیـەدا شـوێنێک و بەهایـەک بـۆ ئـەوەی دی جیـاواز و پلورالیـزم لـە بەرنامـە و ئەجێنـدای کەسـی ئایدیۆلۆژیسـت نامێنێتـەوە، کـە بەداخـەوە زۆربـەی جاریش ئـەو کەسـە لـە میانـی گوتارەکانیـدا پەنـا بـۆ زۆر لـەو چەمکانـە دەبـات، کـە لـە دونیـای دیموکراسـی و فـەزای ئازادیـدا بـوون و ئامادەییـان هەیـە، بـەڵام ئـەو دێـت و بـە شـێوەیەک تەوزیفیـان دەکات و بەکاریـان دەبـات، کـە لـە دوا وێسـتگەدا بـە کوشـتنی بەهـای خـودی دیموکراسـی و ئـازادی و جیـاوازی کۆتایـی دێـت، هـاوکات لەگـەڵ ئەمەشـدا کەسـی ئایدیۆلۆژیسـت زۆر زیرەکانـە و بـە گوێـرەی ئاسـتەکانی گوێگـر و شـوێنکاتەکان ئـەو چەمـک و گوتەزایانـە بەسـەر کایەکانـی کۆمەڵـگا دەبەشـێتەوە، بەتایبەتـی لـە توێـی گەمـەی زمانـدا، گەمەیـەک کـە مەترسـییەکانی زۆر لـە قامچـی جەلـلاد ترسـناکترن.

بێگومـان لۆژیکـی ململانێـی نێـوان دەسـەڵات و مەعریفـە، لۆژیکێکە بـەردەوام ئامادەگی هەیـە و دەبـێ، خـودی ئـەو لۆژیکـە وئاسـتی ململانـێ و شـێوازی گوتارەکەیشـیان لـە قۆناغێکـەوە بـۆ قۆناغێکـی تـر، لەسـای هەلومەرجێکـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی بـۆ یەکێکـی تـر، لـە شـوێنکاتێکەوە بـۆ یەکێکـی تـر گۆڕانـی تێدەکـەوێ، دیـارە بەردەوامـی خـودی ئـەو کێبەرکـێ و ململانێیـەش شـتێکی ئاسـاییە.. واتـە لەگـەڵ هەمـوو ئـەو تـرس و بەدحاڵیبـوون و گومانـەی لـەو هاوکێشـەیەدا هەیـە، کەچـی خـودی پرۆسـەکە، پرۆسـەیەکی سروشـتییە، بـەڵام ئـەوەی لـەم نێـوەدا ئاسـایی نییـە، یەکلانەبوونـەوەی، یاخـود خـۆ یەکلانەکردنـەوەی کـەس و کاراکتـەری ئایدیۆلۆژیسـتە، بەتایبەتـی ئـەوەی کـە بەهوشـیاری و زیرەکییـەوە خزاوەتـە نێـو بازنـەی ململانێکـە لـە نێـوان هـەردوو کایـەدا. هـەر ئەمەشـە وادەکات لـە نێـو ئـەو دڕدۆنگیـەدا کەسـی ئایدیۆلۆژیسـت باڵانسـی خـۆی لەدەسـت بـدات، لەلایـەک لـە ئاسـتی مەعریفـی متمانـە

لەدەست بدات و لەلایەکەی تر و لەناو کایەی ئایدیۆلۆژیاش هەمیشە چاوەڕێی سزا بێت، دواجاریش بەهۆی ئەم دووفاقییەوە لە بێدەنگییەکی پەراوێزکراودا خۆی لە ئاوەدانی مەعریفە بدزێتەوە و هەوڵی گەمە بدات بۆ ئەوەی وەلائی خۆی بۆ سیستەمی ئایدیۆلۆژی نوێ بکاتەوە، لەم هەوڵەشیدا درێغی لە هیچ کام لە ڕێگا و شێواز و میکانیزم ناکات، تەنها بۆ ئەوەی بچێتەوە ژێر سێبەری ئایدیۆلۆژیا و سوپاسگوزار بێت بەوەی چەشنی کورێکی لاسار، سیستەمی ئایدیۆلۆژی باوەشی سۆزی باوکایەتی بۆ ئاوەڵا بکات.

بێگومان ئەو هاوکێشەیەی ململانێی دەسەڵات و مەعریفە لە هەموو ئەو وێستگانەدا خۆی نمایش دەکاتەوە، کە تیایدا دەنگی وشە ئامادەیی هەبێت، یەکێکیش لەو وێستگانە بواری میدیا و ڕۆژنامەگەرییە بە چەمک و مانا و مەغزا تەندروست و پەیام و بەرپرسیارێتییە مۆراڵی و کۆمەڵایەتییەکەی.

دەسەڵات کە هەمیشە لە پێناو مانەوە و بەردەوامی خۆیدا، هەوڵی کۆنترۆلکردنی سەرجەمی کۆمەڵگا بە کۆی کایەکانییەوە دەدات و لەو نێوەشدا پەنا بۆ جۆرەها گەمە و مانۆڕ دەبات، تاکو زۆرترین هێزی جەستەیی و فیکری بخاتە خزمەت مەرام و مەبەست و ستراتیژەکانی، لە میانی ئەوەشدا بەرهەمهێنانی کاراکتەری پاسیڤ و بێ پرسیار و شەرمن و دەستەپاچە بە تەوەری کار وەردەگرێ، ئیدی لای ئەو، بەرهەمهێنانی ئەو کاراکتەرە و دەستەمۆکردنی دەکەوێتە سەرووی هەموو ئیعتیبارەکان و بۆ ئەمەش کایەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی سڵ لە دابەشکردنی خەڵات و مەدالیا و شەڕەفی نووسەری و ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسی و هونەری و شتی لەو بابەتە ناکاتەوە بەسەر هەموو ئەوانی خۆی گۆشی کردوون و رایهێناون، بەجۆرێک ئەگەر تا ئەوپەڕیش رووشکێن و شەرمەزاریان بکات و بیانخاتە پەراوێز، هێشتا سیحری پەروەردەکەی بۆ ئەو کەسایەتییانە، هێزی ئەوەی هەیە بیانکاتەوە کوڕی گوێڕایەڵ و حازربەدەستی کاتەکان، لە ڕێگەی ئەو شێوە مامەڵە بەکۆیلەکردنەشدا شەرعیەت دەداتە خۆی، کە بە هەر شێوازێکەوە بێت ئەو کەسانە بکاتە موڵکی خۆی و بیانخاتە خزمەتی ماکینەی بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆژیاکەی..ئەم ستراتیژەی دەسەڵاتیش بۆ دروستکردنی ئەو کاراکتەرانە جۆرەها شێوازی پاداشت و سزا دەگرێتەخۆ، هەر لە چاوبڕکێ و موغازەلە و دەم چەورکردن بگرە، تا ئیمتیازات و پلە و پۆست، تا شێوازی لێ سەندنەوەیان

و ناچارکردنیـان بـه بێدەنگـردن و دەمبەسـتەکردن..نهێنی و سـیحرێکیش کـە هەمیشـە دەسـەڵات هەیەتـی بـۆ درێژەپێدانـی ئـەو سیاسـەت و مامەڵەیـەی، توانـای بەرهەمهێنانـی پاساو و مانۆرکردن و تاکتیکی نمایشکردن و خـۆ جوانکردن و ماکیاژ و ماسـک بەسـتنی بەردەوامـە. زێدەتریـش لـەم گەمەیەیـدا جەخـت دەکاتـە سـەر ئـەو کەسـانەی لەلایـەک غەریـزەی دەسـەڵات و کورسـی و مێـز کوێـری کـردوون و لـەو ڕێگەیـەوە نەبێـت هەسـت ناکـەن، کـە خەڵـک حیسـابیان بـۆ دەکات، لەلایەکـی تـر مەیلـی نەرجسـیەت و خۆدەرخسـتنی کۆڕەکانـی مەعریفەیـان هەیـە، ئەوانـەی تـا ئێسـتا لەنێـو ئـەو دووڕییانـەدا نەیانتوانیـوە خۆیـان یـەکلا بکەنـەوە، بەجۆرێـک لەیـەک کاتـدا لـە نـاڵ و بزمـار دەدەن، لەلایـەک خۆیـان بـە هاومەشـرەب و هاونشـینی ئەهلـی فیکـر و مەعریفـە و داکۆکیـکاری ئـازادی نمایـش دەکـەن، لەلایەکـەی تریشـدا خەونـی پشـت مێـز و بوونـی سـکرتێرە و حیمایـە و داهـات و نزیـک بوونـەوە لـە دەسـەڵات، وایلێکـردوون نەتوانـن دەسـتبەرداری مەرایـی سـەرانی دەسـەڵات بـن، لـەم نێوەشـدا و بـە نهێنـی و شـەرمنی لەنـاو مەجلیسـی دەسـتەبژێردا سـێ بـە سـێ تـەڵاق بـۆ ئـازادی و کرانـەوە و دیموکراسـی فـڕێ دەدەن و لـە مێزگـرد و دیمانـە و بەرنامـە ڕاستەوخۆکانیشـدا، کـە دەچنـەوە بەرچـاو و گوێـی دەسـەڵات حاشـا لـەوە دەکـەن، کـە ئـەو ناماقوڵیەیـان کردبێـت بـەدڵ لەگـەڵ ڕای شـەقام و دەسـتەبژێر و ئـەو ئازادیانەدابـن، کـە دەسـەڵات هەراسـان و نارەحـەت دەکـەن، واتـە ئـەوان لەیـەک کاتـدا لەگـەڵ گـورگ گۆشـت دەخـۆن و لەتـەک مەڕیـش شـین دەکـەن، بەواتایەکـی دی، کـە قسـە بێتـە سـەر کۆنسـێپتەکانی ئـازادی و دادوەری و یەکسـانی و قبوڵکردنـی جیـاوازی و کرانـەوە و شـتی لـەم چەشـنە، بەبەرگـی نورانـی و مونەزیـری ئـەم بوارانـە، بـەڵام دوور لـەو چاوانـەی کـە دەسـەڵات و ئایدیۆلۆژیـا بەسـەریدا کردوونـە نیگابـان، دەردەکـەون و خۆیـان و گوتارەکانیانـی پـێ دەڕازێننـەوە، کـەژی لـەو مینبەرانـەدا کـە هێـزی دەسـەڵات دەیانبینـێ و دەیانبیسـتێ، دەبنـە واعیـزی بەشـینەوە و شاباشـکردنی حیکمەتەکانـی حـزب و سـەرکردە و هـەر قسـەیەک دەرهـەق بـە خسـتنەڕووی خـەوش و کەموکـوڕی ئـەو کایـە و کەسـایەتییانە بـە ئـاژاوە و بـێ سـەوادی پێناسـە دەکـەن و لـە دیـدی ئـەوان تـا ئـەوێ جوانـە بیـر لـە ئـازادی و دیموکراسـیەت و بەهاکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی بکەینـەوە، کـە لەلایـەک دڵـی لـە باڵـی پەپوولـە ناسـکتری حـزب و سـەرکردە نەگەچڵێنـی، لەلایەکـەی تریـش گلۆڵـەی ئـەو نەخەیتـە لێـژی.

ئـەو کەسـانەی کـە ژەنـگ و مۆرانـەی ئایدیۆلۆژیـا لـە بیرکردنـەوە و دونیابینـی داون، بـۆ زیاتـر خـۆ خسـتنە مـاڵ و دیوەخانـی حـزب و نێـو باوەشـی سـەرکردەکان، هـەر بـەوە ناوەسـتن لـە بەرامبـەر گوتـاری ڕەخنەیـی و مەعریفیـدا و بـۆ بـە پیـرۆزی هێشـتنەوەی حیکمەتـی دونیاکەیـان، شـوناس و نـاو و ناتـۆرە بەسـەر ئەوانـی دیکـەی جیـاواز لـە خۆیـان ببەشـنەوە، بەڵکـو ترسـناکتر لـەوەش لەنـاو خـودی یـەک هەیکەلـی ڕێکخسـتنی سیاسـی و یـەک چوارچێـوەی ئایدیۆلۆژیـدا، چـاڵ و بیـری قـوڵ بـۆ هەڤـاڵ و هـاوڕێ و هاوبیـری خۆیـان هەڵدەکەنـن و پێشـبڕکێی ئەوەیانـە کامەیـان زۆرتریـن ئیمتیـازی مـاددی و چەورتریـن پۆسـتی حزبـی و پلـەی ئیـداری دەسـتگیر دەکـەن و باشـتر و لێزانانـە تـر دڵـی حـزب و سـەرکردەکانیان ڕازی دەکـەن، بێگومـان لەهـەر بـوار و پانتاییەکـی تـری نێـو هەیکەلەکانـی حزبـدا و لەنـاو زۆرتریـن کاراکتەرەکانیـدا ئـەو دیاردەیـە لـە دەزگا ڕاگەیانـدن و ڕۆشـنبیرییەکانی حـزب و لەنـاو خـودی ئـەو کەسـانەدا بەرجەسـتەیە، کـە شوناسـی ڕۆشـنبیری و ڕۆژنامەنووسـیان هەڵگرتـووە.

سـەیر لەوەدایـە زۆر لەوانـە کـە گوایـە عیبرەتـی نەرجسـیەت و شکسـت و تێکشـکانی ئەوانـی دوێنێمـان وەک حیکایـەت و پەنـد بـۆ دەگێڕنـەوە و گێڕاویانەتـەوە، ئەمێسـتا بـە ئاشـکرا و بـێ سـڵەمینەوە و لـە پـاڵ گەمـەی زمـان و بـە ئایدیۆلـۆژی کردنـی دەسـتەواژە و پرەنسـیپ و گوزارەکانـەوە دێـن و لەسـەر کورسـی دەسـەڵات بەجۆرێکـی دی کاوێـژ لەسـەر ئەجێنـدا و ئەزموونـی ئەوانـە دەکەنـەوە، کـە پێشـتر بـە خـاوەن هەڵوێسـتی شـۆڕەیی نیشـانیان دایـن و کەسـەکانیان وەک کاراکتـەری دۆڕاو و تێکشـکاو بـۆ نمایـش کردیـن، هەمـوو ئـەو گەمـە و مانۆڕانەشـیان تەنهـا و تەنهـا لـە پێنـاوی پۆسـت و پلـە و پایـە و کورسـی و دەسـکەوتی مـاددی زیاتـر و حیمایـە و سـکرتێرەی چـاو جـوان و مەمـک تونـد و بـەژن زراڤ و سـمت خڕەکانـە. پێدەچێـت ئـەو بەڕێزانـە گەیشـتبنە ئـەو بـاوەڕ و یەقینـەی کـە تـازە شـەرمە بێنـە مەجلیسـی خەڵکـی سـادە و ڕەشـۆکی و ڕووی کـۆڕی مەعریفـە و ئەهلـی قەڵەمیـان نییـە و ناچـار وێـڕای ئـەوەی ئەگـەر حـزب و سـەرکردە چەندیـن جـاری تریـش پەراوێـز و بێنازیـان بکـەن و وەلایـان بنێـن، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لەتـەک ئـەو غەریـزە نەرجسـیەت و خەونـە ماددیانـەی هەیانـە، هـاوکات بوێـری و ئازایەتـی ئەوەیـان نەبـووە و نییـە خۆیـان لـە سـێبەری ئایدیۆلۆژیـا و سـامی حزبایەتـی تەسـک دووربخەنـەوە و لەسـەر سـفرەی چـەور و پـڕ نیفـاق و دڕدۆنگـی دەسـەڵات ڕاهاتـوون، ناتوانـن دەسـتبەرداری ئـەو نـاز و نیعمەتـە بـن و چـش لـەوەی

دیموکراسـیەت ئەتـک دەکـرێ و کەرامەتـی ئازادییـە گشـتی و کەسـییەکان دەڕووشـێ و مافەکانـی مـرۆڤ پێشـێل دەکرێـن و دادپـەروەری کۆمەڵایەتـی و وەک یەکـی لـە بەرامبـەر یاسـا و هـەل و بـواری یەکسانی ژیـان و گـوزەران و کار بـۆ هاووڵاتیـان بەبـێ جیـاوازی ئینتمـا دەبێتـە نوکتـەی رۆژانـە و نـاوی بـێ نـاوەڕۆک و دروشـمی زلـی بریقەدار.

بۆیـە ئاسـاییە لەسـای ئـەو شـێوە بیرکردنەوەیـەدا ناچـار زۆر لەوانە چوونـەوە و دەچنەوە قاوغـی خۆیـان و لـە نێـو چـوار دیـواری دوور لـە بینایـی خەڵـک و ژانەکانـی شـەقام، بێدەنگـی دەکەنـە پیشـە و بـەردەوام سـەرقاڵی چنینـی تەونـی ئـەو تاڵـە دەزووانـەن، کـە جارێکـی تـر و بەرێگایەکـی تـر و بەشـەرم و تەریقبوونـەوە دەیانباتـەوە سـەر خوانـی دەسـەڵات و لەبەرامبـەر ئـەو بێدەنگـی و نوققـە نەکردنەیـان و گەورەترکردنـی حیکمـەت و پیرۆزییەکانـی سـەرکردە و حـزب و هەوڵـی بەردەوامیـان بـۆ چەواشـەکردنی رای گشـتی و شـێواندنی چەمـک و بەهـاکان، دەسـەڵات لـە لاسـاری و سەرکێشـییەکانی رابووردویـان دەبـورێ و دەسـتی سـۆزی باوکانەیـان بەسـەردا دێنـێ و ئەوانیـش بـێ سـڵەمینەوە و دوو دڵـی و هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی دێـن لەسـەر رووپـەڕی رۆژنامـە و شاشـەی تیڤـی و بـەردەم مایکـی رادیـۆ و کۆبوونەوەکانـدا دەسـتی چـەوری خۆیـان بەسـەری خەڵکـی سـاویلکە و بەهـا و بنەماکانـی دونیـای دیموکراسـی و ئـازادی و کۆمەڵـی مەدەنـی و دادوەری دەسـڕنەوە و گوتـارە رەخنەیـی و مەعریفیـەکان و هەناسـە تـوڕە و تۆراوەکانـی گەنجـان و دەنـگ و قەڵەمـە بوێـر و هەقبێـژەکان دەدەنـە بـەر دەسـترێژی تۆمـەت و نـاو و ناتـۆرە و لەبـەر رۆشـنایی وەعـز و تەلقینەکانـی دەسـەڵات، کاڵای بـە مەیلـی روانیـن و ئـارەزووی نەرجسـیەتیان بـە بـاڵای شـتەکان دەبـڕن و جارێکـی تـر و بـە دەسـتی ئەنقەسـت و لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی تایبەتـی و پاراسـتنی دیـواری دەسـەڵات، سـەرلەنوێ و بـە میزاجـی ئایدیۆلۆژیانـە مانـا و مەدلـول و پێناسـی چەمکـەکان تەوزیـف دەکـەن و دادەڕێژنـەوە، کـە رەنگـە رۆژگارێـک بـەر لـە ئێسـتا شـەڕی دەسـتەویەخەیان دژی خـودی ئـەو خوێندنەوانـەی ئەمـڕۆی خۆیـان کردبێـت.

دواجـار ماوەتـەوە بڵێیـن کـە زۆر لـەو کاراکتـەرە پاسـیڤ و شـەرمنانە لـە میانـی بەخشـندەیی و سـەدەقەی حـزب بوونەتـە، یـان خۆیـان کردۆتـە کەڵـەگای گۆڕەپانـی رۆشـنبیری و راگەیانـدن، ئەمێسـتا بـە شـێوە و نـاوەڕۆک و بەرگێکـی تـر و لـە رێگـەی هێـزی بـە ئایدیۆلـۆژی کردنـی چەمکەکانـەوە، رۆڵـی هەمـان ئـەو یاسـاوڵانەی حـزب دەگێـڕن، کـە راوی سـێبەری نەیـار و ئـەوی دی جیـاوازی خۆیـان دەکـرد و دەکـەن.

## تێکست و گوتار.. ڕەهەند و خوێندەوە

هەمـوو گوتـار و تێکسـتێک بـواری ئـەوەی تێدایـە زیاتـر لـە خوێندنـەوە و شـرۆڤەیەکی بـۆ بکەیـت، ئـەو فـرە خوێندنەوەییـەش چەنـدە پەیوەسـتە بـە سروشـتی گوتـار و تێکسـت خـۆی، وەک هەڵگری مانا و ڕەهەنـدی جیـاواز، کـە پەیوەسـتن بـە شـوێنکاتی دەربڕیـن و سـیاقی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی دارشـتنەوەیان، ئەوەنـدەش دەکەونـە ژێـر بـار و کاریگـەری باکگراونـدی خوێنـەر خـۆی، بۆیـە ئاسـاییە ببینیـن کەمتریـن گوتـار و تێکسـت لـە حوکمـی خوێندنـەوەی میزاجـی قورتاریـان بێـت، بەتایبەتـی لـە کۆمەڵگەیەکـدا کـە چ لـە ئاسـتە سیاسـییەکەی، یـان لـە ئاسـتە کولتـوری و کۆمەڵایەتییەکـەی، کۆمەڵگەیەکـە دونیابینـی و بیرکردنەوەکـەی بارگاوییـە بـە گومـان و تـرس و هەمیشـە پاسـاوێکی پێیـە بـۆ ئـەوەی بەرامبەرەکـەی ڕەت بکاتـەوە، یـان هەرنـا قەرزبـاری بۆچوونەکانـی بکاتـەوە!!

لـە شـوێنێکی دیکەشـدا ئامـاژەم بـەوە داوە، کـە کۆمەڵگـەی کـوردی لـە کـۆی ئاسـتەکانیدا، کۆمەڵگەیەکـە لێوڕێـژ لـە پاسـاو، کـە دەشـێ بـە کۆمەڵگـەی پاسـاو نـاوی بەریـن. واتـە کۆمەڵگەیەکە بـە توانـا لـە هێنانـەوەی بیانـوو و داتاشـینی وەهمـی گـەورە لـە پێنـاو سـەلماندنی ڕاسـتی خـۆی، یـان هەرنـا بـۆ خـۆ دزینـەوە لـە ڕەخنـە و گلەییەکانـی بەرامبەرەکـەی. لـە بەرامبەریشـدا کەمتریـن ویسـتی تێدایـە بـۆ بـە خۆداچوونـەوە . کۆمەڵگەیەکـە تـاک و کایـە و کائینەکانـی ئەوەنـدەی سـەرقاڵی ئـەوەن لەسـەر حیسـابی ناشـیرینکردنی ئەوانیتـر خۆیـان جـوان بکـەن، چارەگـی ئـەوە لەباریانـدا نییـە لـە ئاوێنـەی ئەوانیتـر تەڵخییەکانـی خۆیـان ببینـن. ئـەو کۆمەڵگەیـە بـە کـۆی پێکهاتەکانـی ئەوەنـدەی توانـای هەیـە پاسـاوی شکسـت و چەوتـی و چەوێڵییەکانـی بداتـەوە، چارەکـی ئـەوە ئامادەیـی تێـدا نییـە خۆخوێندنەوەیەکـی بوێرانـە بـۆ خـۆی بـکات و دەرزی ئاژنـی کەموکوڕییەکانـی بـکات، لـەوەش زیاتـر توانـای، یـان ڕاشـکاوانەتر بڵێیـن ویسـت و ئیـرادەی قبوڵکردنـی ئـەوی دی جیـاوازی نییـە، چ جـای ئـەو جیـاوازە بیـەوێ لەگەڵیـدا و لەسـەر کێماسـییەکانی بکەوێتـە دمـودوو.

لەو کۆمەڵگەیەدا و لە نێو کایە سیاسی و ڕووناکبیری و کولتوورییەکەی ڕەتکردنەوەی بەرامبەر لە ئاستێک دایە و هەوڵدان بۆ ناشیرینکردنی بە ڕێژەیەکە، وای لێهاتووە هەموو جیاواز بینین و جیاواز بیرکردنەوە و جیاواز دەربڕینێک لە واقیعی باو و سەپێنراو، مەحکومە بە کۆمەڵێک حوکمی پێشوەختەی بەربەرییانە، کە ئیدی ئەو جیاوازە یان دوژمنە، یان دەستی دوژمنی لە پشتە، یاخود هەوڵێکە بۆ ئاژاوەگێڕی و تێکدانی شیرازەی پەیوەندییەکانی هەناوی کۆمەڵگە، پەیوەندییەک کە جگە لە ملکەچی و باوەڕهێنان بە یەک تاکە حەقیقەت و چوونە ژێرباری ئەو حەقیقەتە، هیچی تری قەبوڵ نییە. ڕەنگە ئەو واقیعە کەمتر لە ئاستی دروشم و هوتافدا هەستی پێبکرێ، بە پێچەوانەوە بە گوێرەی دروشمەکان بێت ئەو کۆمەڵگەیە خاڵییە لە دوژمنایەتی و یەکتری خوێندنەوە لە چڵەپۆپەی دایە، بەڵام کاتێک لە ئاستی دروشمدا شۆڕ دەبینەوە ئاستی کردەنی و پراکتیک لە مامەڵەی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی ڕۆژانەدا، ئەوکات تێدەگەین ئێمە لە چ وەهمێکدا خەریکە خۆمان دەخنکێنین، بە تایبەتی ئەگەر وردتر پەرچەکردا و کاردانەوەکان وەربگرین و خوێندنەوەی وردی سایکۆ — سۆسیۆلۆژیان بۆ بکەین، کە هیچ یەکێک لەو پەرچەکردارانە خاڵی نین لە گیانی ڕق و ویستی تۆڵە و حەزی جاران کردنەوەی بەرامبەر بە سفر و داتاشینی دونیایەک ناووناتۆرە بۆی، بە گوتاری ڕووناکبیریشەوە، کە لە بنەڕەتدا وەک دەڵێن (ان هی الا اسماء سمیتموهما انتم و اباوکم). بەراست لە ژینگەیەکی وادا ئومێدێک بۆ دەرکەوتنی جیاوازی هەیە؟ ئایا کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ئەو لۆژیکە گەشە دەکات؟!

زمان کە هەمیشە توانای زاوزێی هەیە و دەشێ لە شوێنکاتێک و لە سیاقێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری دیاریکراودا لە ڕێگەی ئاماژە و دالەکانییەوە کۆمەڵێ مەدلول بەرهەم بێنێ، ئاخۆ چۆن دەکرێ بێ سێ و دوو لێکردن ببرێتەوە بەر ڕەحمەتی چەقۆی شیکردنەوەی ئایدیۆلۆژی؟! ئایا مەرجە ئەوەی تۆ لە گوتاری فلان و تێکستی فیساردا چاوەڕێی دەکەیت، هەمان ئەو شتە بەسەر مندا بسەپێنی؟ کە بۆ تۆ ڕەوا بێت ئەو دیوە ببینی کە لەگەڵ دونیابینی و بەرژەوەندییەکانتدا کۆکە، باشە بۆ مافی ئەوە لە من زەوت دەکەیت دیوەکەی تری گوتارەکەی تۆش ببینم، کە پڕیەتی لە هەناسەی دۆزەخی و ناچارکرنەوەم بۆ ئەوەی بچمەوە ژێربار و حوکمی یەک حەقیقەت و یەک حیکمەت؟!

بڕوام وا نییە لە هەموو حاڵەتەکاندا سەرکردە بە ڕۆحیەتی رق و دژایەتی ئەوانی تر گوتارەکانی ئاراستە بکات، بەڵام تەمەننای ئەوەش دەکات هەموو بە یەک ئاست سەری ئەشهەدوبیللای بۆ بلەقێنن، ئەوە ڕەنگە شتێکی ئاسایی بێت، چونکە هەمیشە سەرکردە پێی وایە ئەو لە سەری سەرەوەی کۆمەڵگەیە و لە ئاستێکی باڵا و دووربینتر لەوان بیر دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە مونەزیر و موفەسیرەکانی سەرکردە بێن و هەموومان ناچار بەوە بکەن بچینەوە ژێر باری تەنها یەک شرۆڤە و راڤە و تەئویل، کە ئەویش بەرهەمی تێگەیشتن و خوێندنەوەی تاک ڕەهەندییانەی خۆیانە بۆ پیرۆزی و حیکمەتی سەرکردە، لەوەش وێرانتر ڕووناکبیرانێک بێن و لەو مونەزیرانەی حزب و سەرکردە خراپتر مۆژدەی ئەوەمان بدەنێ، کە دەیانەوێ بەختەوەر و سەرازامان کەن!!

ئەگەر بۆ ئەو مونەزیرەی حزب ئاسایی بێت بە گوێرەی پێگە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکەی خۆی و بازنەی بەرژەوەندییە ماددی و دەسەڵاتگەراکانی لە نێو کۆی سیستەمی ئایدیۆلۆژی و حوکمڕانیدا تێکستەکان بە پیرۆز و گوتارەکان بە حیکمەت بە ئێمە و هەموومان بفرۆشێتەوە، بەڵام ئاسایی نییە ئەو قەناعەتەی خۆیمانی بەسەرماندا بسەپێنێ و ناچار بەوەمان بکات بچینە ژێر باری قەناعەتەکانی ئەوەوە، هاوکات دەبێ بەشی ئەوەش ئەو مونەزیرە ڕۆشنگەرەی حزب و موفەسیرە بونیادگەرەی ئایدیۆلۆژیا بە مافی ئێمە و هەموومان ڕەوا ببینێ، کە بە ویستی سەرکردە نەبین و وەک ئیرادەی ئەویش بۆ دەستەمۆکردن نەکەوینە ژێرباری گوتارەکەیەوە و خەونی موفەسیر و مونەزیرەکەش هەمان خەونی ئێمە نەبێ، لە بەرامبەریشدا بۆ ڕووناکبیرێکیش ئاساییە نەچێتە ژێر باری وەسیەتی سەرکردە و پەنجەی شایەتمانی بۆ گوتارەکانی بەرز نەکاتەوە، بەڵام هەرگیز ئاسایی نییە بێت و بەناوی ڕەخنە و بەرگریکردن لە ئازادی پانتایی بیرکردنەوە بۆ خۆی تاپۆ بکات و خۆی بە فریادڕەسی کۆمەڵگە نیشان بدات، لە دەستی ئەو شتەی ئەو ناوی لێناوە ستەم و دیکتاتۆرییەتی دەسەڵات، دواتر کێ ئەو مافەی پێداویت تۆش واعیز ئاسا بەناوی فیکرەوە بێیت و پڕمان کەیتەوە لە ئامۆژگاری و لەوەش ترسناکتر ببیت بە وەسی بەسەر عەرشی ئازادیخوازی نەتەوەیەک. تۆیەک کە دێیت گوتاری سەرکردە دەبەیتەوە خانەی رامکردن و بێدەنگکردنی کۆمەڵگا، لە بیری خۆتی دەبەیتەوە بەو تۆمەت بەشینەوانەی خۆت بۆ ئەوانەی

وەک ســەرکردە و جیــاواز لــە تــۆ بیردەکەنــەوە بــە مێگــەل و بێدەنــگ و گوێڕایــەڵ ناودەبەیت، مەگـەر بـۆ خـۆت سـێبەر و تارمایـی فاشـییەتێکی دیکـە نیـت و دەڕژێیتـە دونیابینــی و خەیــاڵ و بیرکردنەوەمــان؟!

مـن شـتێک دەزانـم و تـەواو بـڕوام پێیەتـی، ئەویـش ئەوەیـە کـە سـەرکردە لەیـەک کاتـدا هـی تـۆی گوێڕایـەڵ و منـی لا لاسـار و هـی تـۆی بێدەنـگ و ئـەوی یاخـی و هـی تـۆی بـێ پرسـیار و ئەمـی پـڕ گومانـە و بـۆی نییـە لەسـەر بنەمـای پابەندێتیمـان پێیـەوە، لـە ئاسـتی شوناسـی هاووڵاتیبووندا جیامـان کاتـەوە و خـۆی بـە خاوەنـی تـۆ و نابەرپرسـیار بەرامبـەر مـن و ئـەو و ئـەم بزانـێ. کرۆکـی دیموکراسـییەت و قبوڵکردنـی جیـاوازی ئەوەیـە کـە چـۆن دەتوانیـن هاوسـەنگی و باڵانـس لـە نێـوان ئەوانـەی وەک ئێمـە بیردەکەنـەوە و ئەوانـەی پێچەوانـەی ئێمـە بیـر دەکەنـەوە رابگریـن، حیکمەتـی سـەرکردە لـە وێدایـە لەسـەر بناغـەی پیاهەڵـدان و مەراییەکانـی تـۆ و جیـاوازی و ناڕەزاییەکانـی مـن بـۆ ئـەو، شـوناس نەبەشـێتەوە و بەرپرسـیارێتی خـۆی تەفسـیر و تەوزیـف نەکاتـەوە، کەوایکـرد گومانـت نەبـێ سـبەی لـە بەرامبـەر یـەک نـوزەی شـەرمنانەی ناڕەزایـی تۆشـدا، دەتخاتـەوە کونجـی بـێ کەسـی!!

بـەلای منـەوە وەک هـەر مرۆڤێکـی دیکـە، سـەرکردە شایسـتەی رق لێبوونـەوە و ناشـیرین کـردن نییـە و کائینێـک نییـە لـە گۆشـەی ناشـیرینکردنەوە مامەڵـەی لەگەڵـدا بکـرێ، بـەڵام لـە بەرامبەریشـدا پێـم وایـە سـەرکردەش هەمیشـە سـەر راسـت و جـوان و لـەوەش زیاتـر پیـرۆز نییـە، ئەویـش بەشـێکە لـە مـن و ئێمـە تـۆ و ئێـوە و ئـەو و ئـەوان، کەسـێک نییـە نامـۆ بەسـەر زەمینـی جوگرافـی و کولتوریمانـەوە و دەکەوێتـە ژێـر بـاری هەمـان ئـەو هەلومەرجـە کۆمەڵایەتـی و کولتـوری و دەروونییانـەی هـەر یەکێـک لـە ئێمـە بـە رێژەیـەک دەکەوینـە ژێـر کاریگەرییەکانیـان، ئـەوە بۆیـە ئاسـاییە کـە زۆرجـار کاردانـەوە چەوتەکانـی سـەرکردە بـۆ خـۆی بەشـێکن لـە رەنگدانـەوەی کاریگەرییەکانـی ئـەو ژینگـە کۆمەڵایەتـی و کولتـوری و کۆمەڵایەتییـەی هەموومانـی تێـدا گـەورە و پـەروەردە بوویـن، ئەویـش وەک بەشـێک لـەو بونیـادە دابـڕاو نییـە لـە کـۆی هاوکێشـە و دەرهاویشـتەکان، بۆیـە هەرگیـز ئـەوە ناهێنـێ و مافـی ئەوەشـمان نییـە تـا رقمـان لێـی بێتـەوە، بـەڵام دەکـرێ لەگەڵیـدا کـۆک و تەبـا نەبیـن و جیـاواز بیـر بکەینـەوە!

قسـەکردنی ئـەو نووسـینە زێدەتـر لەسـەر روونـاکبیـرە، نـەک سـەرکردە، ئـەو

روونکردنەوانەیش بۆ ئەوە بوون کە بەرچاو روونییەک بدەینە خوێنەر، تا دواجار لە نێو ئەو ململانێیەی ئەمڕۆ هەیە نووسینەکەمان نەباتەوە خانەی تەرەفگیری بەرەیەکی دیاریکراو. بەو پێچیەی گوتاری هەر یەکە لە سەرکردە و رووناکبیرەکە بەشێک لە راستی و لۆژیکیان تێدایە، بەڵام کارەسات لەوێدایە لەبری بەیەکەوە هەڵکردنی ئەو بڕە راستی و لۆژیکەی هەردوولا، بیچین و لایەنە تاریکەکانی هەردوو گوتارەکە بەگژ یەکتردا ببەینەوە و ململانێ و ناکۆکییەکان قوڵتر بکەینەوە لە ئاستی رەخنە و خوێندنەوە بیگوازینەوە ئاستی دوژمنکاری و سڕینەوەی یەکتری!

بەداخەوە، گرفتی هەرە گەرەی زۆربەی زۆری کۆمەڵگەکەمان بە خودی رووناکبیرانیشمانەوە ئەوەیە، لە کەمترین حاڵەتدا ئامادەیی ئەوەمان تێدایە یەکتریمان وەک جیاواز و ناکۆک قەبوڵ بێت، بەڵکو هەمیشە لە هەوڵی ئەوە داین بەرامبەرە جیاوازەکانمان بخەینە خانەی دژ و دوژمن، ئەمەش بە رۆڵی خۆی وایکردووە لە خوێندنەوەمان بۆ رەفتار و گوفتار و هەڵوێستی یەکتر، هەمیشە کار لەسەر سڕینەوەی یەکتر بکەین و یەکتری نادیدە و ناچیزە بگرین. بەداخەوە ئەو جۆرە خوێندنەوەیە بە تەنها لە ئاستە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکەیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو زۆر خراپ و ناشیرین پەڕیوەتە ناو گوتاری رووناکبیری و کولتوری و پەیوەندی کۆمەڵایەتیشمان. رەنگە ئاسایی بێت کەسێکی ئایدیۆلۆژیست بە تەنها تەفسیرێکی رەهای خۆیەوە منی قەبوڵ بێت، لەوەش ئاسایی تر ئەوە بێت سەرکردەیەک بە مەبەستی پەیوەست و پابەندبوون پێیەوە، ئیدی لەژێر هەر ناو و بەهەر زمانێکەوە بێت، بیەوێ هەژموون بکاتە سەر خەیاڵ و کۆنەستمان، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە کە گوتاری رووناکبیری بیەوێ قەناعەت بە هەمووومان بێنێ، کە تەنها گوتاری ئەو باڵایە و خوێندنەوەی ئەوە بە تەنیا دەتوانێ مانا بداتەوە شتەکان و هاوکێشەکان باتەوە شوێنی خۆیان، هەر ئەوە توانای کردنەوەی کۆدەکانی گوتاری هەیە، یان وەک خۆیان دەڵێن رستە نەگوتراوەکانی پشتی گوتار و کەشف دەکەن (مەگەر ئێمەش نازانین لە پشتی هەموو گوتراوێک نەگوتراوی تر هەیە)، کە ئەمەش بە دیوێکدا بەرهەمهێنانی جۆرێکە لە فاشیزم، کە دەشێ ناوی بنێین فاشیزمی گوتار!

ئەو گوتارە لە ئاستێک دایە سنووری بنەما و رەهەندەکانی فەندەمێنتالیش تێدەپەڕێنێ و بە هەناسەیەکی فاشییانە دەیەوێ هەمووومان بباتەوە ژێر باری

ئـەو بڕوایـەی، کـە کـۆی کایـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی جارانـی سـفر بکەینـەوە و قـەدەری ئـاوەز و بیرکردنـەوە و پرسـیار و رامانەکانمـان بدەینـەوە دەسـتی گوتارێـک، کـە رووناکبیـر بەشـێکی هـەرە زۆری ئاماژەکانـی لـە بنمیچـی ئایـدی و خەیاڵـی خـۆی بەرهەمـی هێنـاوە و دەیـەوێ وەک حەقیقەتێکـی رەهـا پێمانـی سـاخ بکاتـەوە لەوسەریشـەوە بێـت و ئـەو جـۆرە لـە فاشـیزممان بـە جەوهـەری دیموکراسـی و رۆحـی ئـازادی و فریادڕەسـی پـێ بفرۆشـێتەوە!

رەنگـە لـەوەدا گەڕانەوەیـەک بـۆ پەرتووکـی (وەهمەکانـی دەسـتەبژێر _ عەلـی حـەرب) شـتێکی خـراپ نەبـێ، چونکـە دەسـتەبژێری رۆژهەڵاتـی بەگشـتی و لـە نێویشـیاندا کوردسـتان بـە تایبەتـی، کـە لـە ژێـر کاریگـەری راسـتەوخۆی ئەدەبیـات و مەعریفـەی ناوچەکـە دایـە (بـەوە نییـە لـە ئەوڕوپـا پەیـام و مەسـیجەکانی دەنێـرێ!!)، لـە نێـو کـۆ وەهمێکـی زۆر گـەورەدا دەژێـت و پێـی وایـە دەبـێ ببێتـە سـەرچاوە و مەرجـەع، بەجۆرێـک بەشـێکی دیـاری ئـەو دەسـتەبژێرە خـۆی لـە بورجـی عـاج و کۆمەڵگـەش بـە کـۆی کایەکانـی لـە خـواری خـوارەوە دەبینـێ و سـێبەری خـۆی لـێ بۆتـە ئەژدیهـا، کـە دوور نییـە سـبەی رۆژ بـە دەردی هەمـان ئـەو بۆقـە بچێـت کـە لەبـەر سـێبەری خـۆی پێـی شـەرم بـوو پێشـوولەش راو بـکات و بـۆ ئێوارەکـەی خەریـک بـوو لـە برسـان گیـان بـدات!!

## میدیا و زمان.. هەڵوەستەیەك

لە ژمارە (٩١)ی هەفتەنامەی (میدیا) لە ٢٠٠١/٤/١، مامۆستای ئازیز و هۆزانڤانی بەرگری و شۆڕش (د. عەبدوڵڵا پەشێو) لە ژێر سەردێری (چەند سەرنجێکی سەرپێی دەربارەی میدیا و زمان)، وتارێکی نووسیوە. دوابەداوای بڵاوبوونەوەی وتارەکە، هەریەکە لە بەڕێزان (فەلەکەددین کاکەیی و عەبدولڕەزاق عەلی و میرئال زیلانی) بە وتارێک و لە دوو توێی چەند خاڵێکدا تێبینییەکانی خۆیان لەمەڕ وتارەکەی (پەشێو) خستۆتەڕوو. هەر لەو گۆشەنیگایەوە کۆمەڵێک سەرنج کە لەلام گەڵاڵە بوون دەخەمە بەرچاو.

(پەشێو) لە وتارەکەیدا لە دەرگای زۆر تەوەری گرنگی پەیوەست بە میدیا و زمان دەدات , لەوانە رۆڵی میدیا لە گەیاندنی زمان، جیاوازی میدیای حزبی و نەتەوەیی، بڵاوکردنەوەی لەلایەن دوژمنان و خودی کورد و ئاستە جیاوازەکانیان، تەوژمی سەردەمی سەردەم و مەترسی فەوتانی زمان و کولتووری نەتەوەیی لە بەردەم باهۆزی جیهانگیری، نەتەوە و پەیوەست بوون بە زمانی دایک، زمان وەک چەکی بەرگری و گرەنتی مانەوە و پاراستنی نەتەوە لە توانەوە، دەسەڵاتی دوای راپەڕین و رێوشوێنی گرنگی پێدان و پێشخستنی زمان، زاڵبوون و باڵادەستی زمان و هونەری داگیرکەران لە میدیا کوردی و دەرهاوێشتە ترسناکەکانی، زمان وەک ناسنامە و کارگەرییەکانی لە رەهەندی رامیاری هەر نەتەوەیەکدا، زمان و ئەرکی میدیا. ئەمانە و چەندین پرسی تر، کە دەیەوێ لە رێگایانەوە باس لەو پاشاگەردانییە بکات، کە زمانەکەمان تێیکەوتووە، لەولاش دەزگاکانی راگەیاندن (بینراو، بیستراو، خوێنراو) هێندەی تر قوڕەکەیان لێ خەست کردووە.

ئێمە بێگومان لەوە (پەشێو) لە سۆنگەی دڵسۆزی بۆ زمانی کوردی قسە دەکات و لە کاتێکدا خەریکە دوای دە ساڵ (ئازادی!) سەرجەم بەها و سیما و ئەدگار ومۆرکە نەتەوەییەکانمان لە دەست دەدەین، دەیەوێت هەر هیچ نەبێت ئێمەی کڵۆڵ بۆ بەردەوامی دان بەمانە و بەرگری کردن لە شووناس (زمان)ـەکەمانە،

کە دوا قەڵغانی بەرگریکردن و پاراستنی سیما نەتەوەییەکانمان بپارێزین و گرنگی و پەرەی پێبدەین.. ئەو وەک ڕێبوارێکی کاروانی بەرگریکردن لە سەروەری زمان و بەهای پەیڤی ڕەسەن لە تاراوگە شوێن پێی کەموکوڕییەکان هەڵدەگرێ و بۆ بێبەهاکردنی زمانی زگماکی دەکروزێتەوە، خەم بۆ زەبوونی زمانەکە دەخوات، ستایشی لایەنە باشەکانی میدیا و ڕۆڵی لە گەیاندنی پەیامی نەتەوە و گرنگی سەتەلایتە کوردییەکان دەکات و دەستخۆشی لە پەخشکردنیان دەکات، لە هەمان کاتیشدا وەک ئەرکێکی نەتەوەیی لایەنە خراپەکانی ئەو دەزگا هەستیارانە بە نیازێکی کوردانەی پاکەوە و بە مەبەستی برەوپێدانی زمان و کەسایەتی میدیای کوردی، دەخاتە بەر تیشکی ڕەخنە و چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە.. هەموو ئەوانەی جێگای سوپاسن و ئومێدیش دەکەین هەر یەکە و لە ئاستی خۆی، بە پێی توانا و شارەزایی خۆی لە خەمی زمان و کولتووری نەتەوەیی خۆیدا بێت.

بەهەرحاڵ، لە ئەنجامی ئەو گەنگەشەیەی کە چ وتارەکە، یاخود بەدواداچوونەکان ناویانەتەوە، هەندێ شت سەرنجیان ڕاکێشام و بە پێویستم زانی لە و خاڵانەدا بیانخەمە ڕوو.

- هەستکردنی (پەشێو) بە نائامادەگی میدیای نەتەوەیی و دواجار میدیای حزبی ئەرکە نەتەوەییە گرنگەکانی لە ئاست زمان و هونەر و کولتووری نەتەوەیی کردۆتە قوربانی گوتاری حزب، ئەی هەر ئەو گوتارە نییە، نەک پەرەی بە زمان نەداوە و پەرەی بە پێشخستنی و بەستاندارد کردنی نەداوە، بەڵکو وێڕای شێوەزارەکان و بە چەشنی دوو کەرتکردنی نیشتمان، زمانەکەیشی دوو کەرت کردووە (قوتابی، خوێندکار .. ئافرەت، ژن.. ڕێزدار، بەڕێز.. گەنج، لاو، خورت.. ڕووناکبیر، ڕۆشنبیر... هتد). لەم ڕووەوەش دەڵێ « مەسەلەکە پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە. چونکە ئاشگرایە کە میدیای دەزگایەکی سەربەخۆیی خواز بە چاوی میدیای دەزگایەکی کۆسمۆپۆلیت، تەماشای زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ناکات).
- ئێمەی کورد لەبەر خۆبەکەم زانینمان بەرامبەر دوژمنان و خەڵکی تر، نەک پێمان شەرم نییە، بەڵکو شانازی بەوە دەکەین، بە زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی لە نێو خۆماندا دەئاخڤین ( بێگومان مەبەست لە هونەری زانینی زمان نییە!)، ئەوەش پێکهاتی سایکۆلۆژی – مێژوویی مرۆڤی کوردە، کە وا دەکات خۆی بەرامبەر خەڵکی تر خۆی بە پلە دوو بزانێ، ئەگینا بۆ (ئیستۆنی و

سـویدییەک وێـڕای زانینـی رووسـی، فینلەنـدی) لەنـاو خۆیانـدا پێـی نادوێـن، یاخـود بـۆ (باسـک، ئەلبانـی ، سـکوتلەندی، ئەبخازی)یـەک پێیـان قـووت ناچـێ بەسـەر خۆیانـدا بسـەپێنین و وەک ئێمـە بڵێـن (کوردسـتانی عیـراق و سـوریا و تورکیـا و ئێـران)؟! کەوابێـت (بێشـکچی) وتەنـی « کـوای کوردسـتانی کـورد؟!» . لـەم بارەیەشـەوە دەڵێیـن ئەگـەر ئیسـتۆنی و سـویدی، کـە خـاوەن دەوڵـەت و سـەدان دامـودەزگای فەرهەنگیـن، لـە ونکردنـی کولتـوور و زمانـی خۆیـان بترسـن، ئـەی ئێمـە چـی بکەیـن، کـە لـە هەمـوو لایەکـەوە بـەر شـاڵاوی داگیرکـەران کەوتوویـن؟ سـەبارەت بـەوەی خەڵـک نیشـتمانی خۆیـان بـە ویسـتی خۆیـان ناکەنـە بەشـێک لـە نیشـتمانی دوژمنیـش دەڵـێ « دەتوانـم دەیـان دەبەنـگ و گـەوج و گەلحـۆ و گەمـژە و کەللەڕەقـی تریـش بژمێـرم، کـە سیاسـەت و حیکمـەت لـە ئێمـە فێـر نابـن!» .

● وەک بڵێـی ئێمـەی کـورد سـەرەڕای ئـەو قڕکـردن و راگواسـتن و لەنێوبردنـەی لەلایـەن داگیرکـەران بەرامبەرمـان ئەنجـام دراوە و ئەنجـام دەدرێـن قـەرزاری (تـورک و فـارس و عـەرب) ی بابەکووشـتەمان بیـن و پێویسـت نـاکا دڵمـان لـەو سـتەمە بڕەنجـێ و بـەو چـاوە سـەیری ئـەم پرۆسـەیەی جینۆسـاید و خەڵـک سـووتاندن بکەیـن ·کـە بـرا گەورەیـەک لەسـەر هەڵەیـەک شـەقێک لـە بـرا بچووکەکـەی دەدات و تەمێـی دەکات!) . ئەگینـا توخـوا شـەرمێکی مێژوویـی نییـە بـۆ سیاسـەت و جەمسـەرەکانی دەسـەڵات و رۆشـنبیر و هونەرمەنـدان و دامـودەزگا رۆشـنبیری و فەرهەنگـی و راگەیاندنەکانـی کـورد، مەرتایـی بـۆ دوژمنـان بکـەن و قەوانـی سـواوی ( برایەتـی!) لێبدەنـەوە؟ ئاخـر نابـێ بپرسـین بـە چ یاسـا و شـەرعێک (عـەرەب و تـورک و فـارس) بـرای ئێمـەن بـە (راگواسـتن، قڕکـردن، سـووتاندنی نیشـتمان، ئەنفـال و خنکانـدن، ئەتککردنـی نامـووس، زیندەچـاڵ و زیندانیکـردن و لەداردانـی تێکۆشـەران و ...هتـد؟!) . بۆیـە لـەم بارەیـەوە دەڵـێ « یـەک لـە سـیما هـەرە دیارەکانـی سـەرلەبەری میدیـای کـوردان، بـەڕای مـن سیاسـەتی کـوردی — نووسـەر، بـە زمانـی دراوسـێیان موجامەلـە و خۆشـیرین کردنـە، جـاری وا هەیـە ئـەو موجامەلـە و خۆشـیرین کردنـە دەگاتـە راددەی کلکەسـووتە و ماستاوسـاردکرنەوە و رەنگـە کارێکـی نێڤەتیڤیـش بکاتـە سـەر ئیمـاژ —وێنـە-ی کـورد» .

پێـم وایـە تـا ئێـرە بەسـە کـە قسـە لەسـەر سـەرنجەکانی (پەشـێو) بکەیـن، چونکـە زۆر لـەوە زیاتـر هەڵدەگـرێ و لـە رووپـەڕی رۆژنامەیـەک جێگایـان نابێتـەوە و پێویسـتی بـە لێکۆڵینەوەیەکـی مێژوویـی — فەرهەنگـی — کولتـووری سـەربەخۆ هەیـە، بـەڵام لـە دەرەوەی سـەرنجەکانی هۆزانڤانـی هێـژا، بـە باشـی دەزانـم بـە چەنـد

پەیڤێک، یەک دوو تێبینی تر لەم رووەوە بخەینە بەر دیدی خوێنەری ئازیز، کە بریتین لە:

* گرنگ نییە (پەشێو) لە کوردستانە یان لە هەندەران، گرنگ ئەوەیە ئەو خۆی بە بەشێک لە نەتەوە و نیشتمانەکەی دەزانێ، کەواتە کوردبوون پەیوەست نییە بەوەی تۆ لێرەی، یان لە ئوسترالیای، یان مەرجی گرنگی دان بە زمان و هەوڵدان بۆ پاراستنی کولتووری نەتەوەیی، پەیوەست نییە بە شوێنکاتی ئامادەگی کەسێک، ئەگەر بەم پێودانگە بێت، ئەوا هەوڵە جیددییەکانی بەڕێزان (د. جەمال نەبەز، د. کوردستان موکریانی , د. جەمشید حەیدەری، شاکەلی و میراودەلی و وانلی و کێ و کێ، کە دەرفەتی ناوهێنانیان نییە)، لەگەڵ شەونخوونی و ماندووبوونی دەیان دەزگای کولتووری و فەرهەنگی کوردی لە تاراوگە، یەکسان بە سفر دەکرێت. ئەمە نەک هەر لە بەهای هەوڵ و کۆششەکانیان کەم دەکاتەوە، بگرە تاوانێکیشە دەرهەقیان ئەنجام دەدرێت. ئەمە لە کاتێک دایە کە زۆر کەس لێرە، یان لە تاراوگە گەڕاونەتەوە سەر سفرەی چەور و لەناو کێڵگەی ئێرە و لە سێبەری رووەکی خۆماڵی زماندا دەژین، بەڵام نەک تەنها ئاشنای زمانەکە نین، بەڵکو داوە مووێک بە نەتەوە و کولتووری نەتەوایەتی نایانبەستێتەوە، چ جای ئەوەی خەمخۆری زمانی کوردی بن..!

* بەڕاست لێرە ژمارەیەکی زۆری رۆژنامە و گۆڤار و پەرتوک چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام ئاخۆ تا ئێستا توانراوە ئەو دەزگایانە پەیڕەوی لە رێنووسێکی دیاریکراو بکەن.. هەر هیچ نەبێ پەیڕەوی لە پێشنیاز و راسپاردەکانی بەشداربووانی کۆڕەکانی رێنووسی کوردی بکەن؟! پاشان زۆر لەو بەناو پرۆفیسۆر و مامۆستا و یادیدەدەر و نووسەر و سوپەر رۆشنبیران هەن، کە فریان بەسەر زمانی دایکەوە نییە (ئەو وتار و نووسینە عەرەبییانەی سەربازێکی ون لە دەزگایەکی رۆژنامەنووسی دەیانکاتە، بەڵگەی بەرجەستەن!

*لێرە بە تۆن تەلەفزیۆن و رادیۆ هەن، لەگەڵ رێزمان بۆ ئەو ئەرک و ماندووبوونەی دەیکێشن و ئەو بڕە خزمەتەی پێشکەشی دەکەن، چەند کەس لەو ژمارە زۆرەی بێژەر و پێشکەشکاری بەرنامەکان، نەک هەر خاوەن بڕوانامەی زمان نین، بەڵکو شێوازی خوێندنەوەیشیان پێ بەرزەفت (کۆنترۆڵ) ناکرێ؟ تۆ واز لەوە بێنە، کە سێ بەشی کاتی بەرنامەکانیان خزمەتی زمان و فەرهەنگ و کولتووری (تورک و فارس و عەرەب) دەکەن؟ ئەی بۆ ئەوە چی بڵێین، کە ژمارەیەکی زۆری

میوانــی بــەردەوام و دووبــارەی زۆربــەی بەرنامــە راســتەوخۆکانی تەلەفزیۆنەکانمــان، کــە خــاوەن بڕوانامــەی بــەرزی زانســتی و ئەکادیمیــن لــە قســەکانیاندا ئەگــەر (ســەد پەیــڤ وەربگریــن، ئــەوا هەشــتاو پێنجیــان کــوردی نیــن)، ئەمــە وێــڕای ئــەو (ف)یــە بــێ مانایــەی بــە پەیڤــی کوردییــەوە دەیلکێنــن؟! کام تەلەفزیــۆن و کەناڵــی ئاســمانی وڵاتانــی هاوســێیان بینیــووە، کــە گۆرانییەکــی کــوردی پەخــش بکــەن، یاخــود مێژگردێکی (رامیــاری، وێژەیــی، هــزری) بــۆ نووســەر و رووناکبیرانــی کــوردی، بــە کــوردی ئامــادە و پێشــکەش بکــەن؟ تەنانــەت کەناڵــی (ئەلجەزیــرە)، کــە میوانێکــی بەرنامەکانــی عــەرەب نەبێــت، ئــەوا راســتەوخۆ لــە ســتۆدیۆ قســەکانی وەردەگێڕدرێنــە ســەر زمانــی عەرەبــی، جگــە لــەوەی کەناڵەکانــی تورکیــا هەرچــی بەرنامــە و فیلمــی بیانــی هەبێــت، دۆبــلاژی دەکــەن، فارســیش بــە هەمــان شــێوە!!

قســەی زۆرمــان مــاوە مــرۆڤ لــە بــارەی کڵۆڵــی و زەبوونــی زمانەکەمانــەوە بیــکات، کــە بــە دەیــان وتــار و لێکۆڵینــەوە تــەواو نابــن. دبــارە کە قســە لــەو کەموکڕییانــەش دەکەین، مانــای ئــەوە نییــە بوونــی ئــەو دەزگایانــەی چــاپ و پەخــش و بڵاوکردنــەوە، بــێ ســوود بووبێــت، یــان بــێ ســوود بێــت، بەڵکــو تــا ئێســتا نەیانتوانیــوە لــە ئاســتی پێویســتدا بــن و پەیامــە راســتەقینەکەیان بگەیەنــن، پاشــان گلەیــی یەکــەم لــە دواکەوتــن و گرنگــی نــەدان بــە زمــان لــە ئەســتۆی دەزگای پــەروەردە دایــە، بــە تایبەتــی لــە قۆناغەکانــی ســەرەتایی و ناوەنــدی، ئەگەرچــی زمــان و ئەدەبــی کــوردی دەخوێنــدرێ و هەندێــک لاپــەڕەی کــەم لــە شــێوەی (مەلزەمــە) لــە بــارەی مێــژوو و جوگرافیــای کــوردی بــەدی دەکرێــن، بــەڵام داخەکــەم هێشــتا هــەر مێــژوو و کولتــوور و جوگرافیــای عــەرەب و بــە کــوردی دەئاخنرێتــە گوێچکــەی (تەڵەبــە!)ی کــورد، ئەمــەو جگــە لــە وەرگێڕانــی واتــا تایبەتییەکانــی قورئــان لــە دوو توێــی پــەروەردەی ئیســلامی بــۆ کــوردی، کــە ئەویــش بــە ئیفلیجــی کــراون.

بەهەرحاڵــن دواجــار ئەگــەر مامۆســتا (پەشــێو)یش دڵــی لێمــان نەڕەنجــێ، باشــترە جارێکــی تــر هێنــدە (مەســەلە، مناســبە، رســمی، جاهیــل، ئینــکار، عەســکەری، سیاســی، زەلیــل، مەوزووعــی، ئیمکانیــات، تەرفیهــی، حیکمەتــن ئیجــازە، هیدایــەت، تەعریــب، قانــوون، موختەســەر، مەعــاش، ئەهلــی، عەمەلــە، خەتــەر، موتڵــەق و ..... هتــد) بــەکار نەهێنــێ و هەرچــی زیاتــرە لــە فەرهەنــگ و زمانــی دەوڵەمەنــدی کــوردی، ئەگــەر لــە شــێوەزارەکانیش بێــت ســوود وەربگــرێ و بەکاریــان بێنــێ.

# ڕاگەیاندن لە نێوان خواستی دەسەڵات و ئەرکی ڕاگەیاندندا

## بەرکۆڵ

قسەکردن لەسەر پرسی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی لەم سەردەمەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندن و شۆڕشی زانیاریدا، کارێکی هەروا سادە و ئاسان نییە، ئەمەش وادەکات کە لێرەدا دوورو نزیک نەچینەوە بنج و بناوانی مێژوویی‌و ڕەهەندە تیۆرییەکانی. بەڵکو بەپێی توانا قسە لەسەر ئەزموونی ڕاگەیاندنی کوردی ئەم چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕین دەکەین، کە لە هەناوی خۆیدا هەڵگری دونیایەک گیروگازو پرسیارە، پرسیارگەلێک کە پێویستیان بە وەڵامدانەوەی جددی هەیە. ڕەنگە هەر یەک لەم پرسیارانەو پرسیاری تریش لای خەڵکی دی هەبن، ئەوانەی ڕاستەوخۆ سەروکاریان لەگەڵ ئەم دونیایەدا هەیەو تەنانەت وەڵامی جیاواز لە ئێمەشیان لەلا هەبێت، بەڵام بەبڕوای من ئەو پرسیارانەی دەمەوێ لێرەدا بیانوروژێنم گرنگترین ئەو پرسیارانەن کە ناکرێ خۆمانیان لێ ببوێرین، چونکە هەر هیچ نەبێت دەلاقەیەک، یاخود ڕوونتر بڵێم دەروازەیەکن کە لێیانەوە بتوانین گەنگەشەی زیاتر لەسەر تەواوی لایەنەکانی کایەی ڕاگەیاندنی کوردی بکەین.

بەم پێیە جەختکردنەوە لەسەر ڕەوشی ڕاگەیاندنی کوردی لەمڕۆدا بە لەبەرچاوگرتنی هەردوو دیوی چەندێتی و چۆنێتی و بەراوردکردنی گوتارەکەی لەگەڵ ئەرک و پەیامی ڕاگەیاندن خۆی. هەروەها ئاستی بەرپرسیارێتی ئەم کایەیە لەهەمبەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان، تەوەری سەرەکی باسکردنی نێو ئەم نووسینە دەبن. بێگومان ئەم کارەش پەلکێشی ناو گفتوگۆیەکی زیاترمان دەکات و لەگەڵ خۆیدا زۆر پرس و بابەتی تریش بەرهەم دێنێ، کە مایەی قسە لەسەر کردن بن، کە ناچاردەبین لەچەند دیو و کلاوڕۆژنەیەکدا کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەکاری ڕاگەیاندن هەیە و یەکە و پێکهێنەری سەرەکی بەرهەمهێنانی گوتارێکی تەندروستی ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەگەری بدوێین، ئەویش بەڕەچاوکردن و لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە دواجار لە پشتی نووسینەکە مەبەستێک

خـۆی نمایش دەکات و دەکرێ لەنێو قسـە و دەسـتەواژە و ئاماژەکانـدا بیخوێنینـەوە. بـەڵام ڕەنگـە لێـرەدا دەرفەتـی بەرفراوانکردنـی نووسـینەکمان نەبێـت، بۆیـە زیاتـر قسـە لەسـەردیوی پەیوەندییەکانـی (ڕاگەیانـدن+ دەسـەڵات+ کۆمەڵـگا) دەکەیـن.

## ڕاگەیاندنو دەسەڵات

وەک زانـراوە، ڕاگەیانـدن ئەرکـی هۆشـیارکردنەوەی خەڵـک و گواسـتنەوەی هـەواڵ و نیشـاندانی ڕووی ڕاسـتەقینەی دیـاردە و دەرکەوتـە و ڕووداوەکانـی ڕۆژ و وروژاندنـی شـەقام و زەمینەسـازییە لەبـەردەم وتوێـژی شارسـتانیانە، هەروەهـا یەکێکـە لـە هـۆکارە هـەرە گرنگەکانـی پەیوەندیکـردن و ڕۆڵ و کاریگەریەکـی بەرچـاوی هەیـە لـە دروسـتکردنی ڕای گشـتی و ئاراسـتەکردنی کۆمەڵـگا بـەرە و ڕاسـتەڕێی ژیـان، هـاوکات پـردی بەیەکـەوە بەسـتنەوەی نێـوان یەکەکانـی کۆمەڵـگاو دەسـەڵاتە، کـە لـە ڕێگەیـەوە تەمـی بـەد حاڵیبوونـی نێوانیـان دەڕەوێتـەوە و بەردەبازێـک دەبێـت بـۆ پەیوەندیەکـی تەندروسـتی کۆمەڵایەتـی و هۆیـەک دەبێـت بـۆ سـڕینەوە و لادانـی سـەرجەمی ماسـک و دەمامـک و پـەردە و بەندیوارەکانـی نێوانیـان، تاکـو هەریەکەیـان بەدیـوی ڕاسـتەقینە و سـیمای بـێ ڕتوشـی خـۆی ئەویتـر ببینـێ.

دیـارە ڕاگەیانـدن لـە بوونـی بـەو ڕایـەڵ و پـردەی پەیوەنـدی نێـوان دەسـەڵات و کۆمەڵـگا، بـەردەوام وەکـو کایەیەکـی بێلایـەن، مامەڵـە لەتەکیانـدا دەکات، کەچـی دوای نزیکـەی (١٥) سـاڵ لـە ئەزموونـی سیاسـیو خۆبەڕێوەبردنـی کـورددا، ئێستاشـی لەگـەڵ دابێـت ڕاگەیاندنـی کـوردی لەچوارچێوەیەکـی دیـاری کـراوی کارکردنـدا گیـری خـواردووە و تـا ئـەم چرکـە سـاتەش بەهەنـدێ ئـەرک و بەرپرسـیاریەتی بـارگاوی دەکـرێ، دوورو و نزیـک پەیوەنـدی بـە ئـەرک و پەیامـی ڕاگەیاندنـەوە نییـە، ئەمـەش بەڕۆڵـی خـۆی جۆرێـک لـە فـەوزای دروسـتکردووە و هۆیـەک بـووە کـە ڕاگەیانـدن و کاراکتەرەکانـی ئاراسـتەی کاری سـەرەکی خۆیـان ون بکـەن. ڕەنگـە دیارترینـی سـیماکانی ئـەو فەوزایـە لـەوەدا خـۆی بینیبێتـەوە کـە ڕاگەیانـدن و کەناڵەکانـی کراونەتـە دیـو و شـانۆی نمایشـکردن و جوانکردنـی دەسـەڵات، بێگومـان دەسـەڵات بەکـۆی مانـا و ڕەهەندەکانـی، کـە ئەمـەش گرفـت و گیروگازێکـە تـا ئێسـتا نەتوانـراوە ڕاگەیاندنـی لـێ دەربازبکـرێ و سـێبەری ئـەو تەلیسـمەی لەسـەر لابـدرێ، بەجۆرێـک لـەدوا وێسـتگەدا دەسـەڵات و ڕاگەیانـدن بوونەتـە دوو دیـوی دراوێـک و هەریەکێکیشـیان

بۆ ئەویتر لەهەمبەر خۆدزینەوەیان لە ئەرک و بەرپرسیارێتیە کۆمەڵایەتیەکان پاساو دەهێنێتەوە، بگرە ئەو کەناڵانەیش کە بەجۆرێک لەجۆرەکان ناوی سەربەخۆیی و بێلایەنییان بەباڵای خۆیاندا بڕیوە لەو تەڵەزگەیە دەرنەچوون. بەمانایەک لەماناکان خودی ڕاگەیاندنی کوردی لە قەیرانێکدایە، جا چۆن چاوەڕێی چارەسەرکردن و دەربازکردنی کۆمەڵگای لێبکرێ لە قەیرانەکاندا؟!

ئەگەر لەشوێنکاتێکی مێژوویی و لەقۆناغێکی سیاسی دیاریکراودا. بەتایبەتی لەسەردەمی شاخدا کە ناوی نراوە شۆڕش، پێویست بووبێت ڕاگەیاندن و پرۆسەی نووسین بەکۆی کەناڵەکانیان بەشێک بن لەگوتاری حزب و ڕەنگدانەوەی خواست و ئامانجە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکانی بووبن و لەپشتی ماسکی شۆڕشی کوردایەتی و بەبیانوی شۆڕشگێڕی و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن، خەڵکی بەرەو باوەشی حزب و ئۆرگانە جیاوازەکانی ئاراستەکردبێت و ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەیەکانی خستبێتە پێشەوەی ئەرک و بەرپرسیارێتیە کۆمەڵایەتییەکان و نەوە دوا نەوەی بەم هەناسەیە گۆش کردبێت. ئەوا لە قۆناغی ئێستادا، کە دونیابینی و هاوکێشەکانی جیهان و خودی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی گۆڕانیان بەسەرداهاتووە و پێیان ناوەتە قۆناغێکی تازە و نوێ، هەر لە گۆڕانی واقیعی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگا تا دەگاتە گۆڕانی شێواز و هەلومەرجی خەبات لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان، لەسەروشیانەوە گۆڕانی هاوکێشە سیاسیەکان و تای تەرازووی هێز و ململانێیەکانی ناوچە و جیهان، ئیدی زەمینەی ئەو پاساو و بڕو بیانوانە بەهەرناوێک و لەژێر هەر بەرگ و پەردەیەک دابێت نەماوە. بۆیە پێویستە بەر لەکۆمەڵگا، خودی دەسەڵات و حزبی کوردی و بەدوای ئەویشدا کاراکتەر و کائینە شەرمنەکانی دونیای ڕاگەیاندن بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بەرگرتن لەمەترسی و هەژموون و هەڕەشە شۆڤینیـ فەندە منتاڵیەکان و قۆستنەوەی زۆرترینی هەل و دەرفەتە سیاسیەکانی نوێی دونیا بەقازانج و بەرژەوەندی کورد، لەسای پلان و بەرنامە و هاوکێشە سیاسیەکانی ئەمڕۆی جیهان، کە سەرەکیترین هەنگاوو کاریان دارشتنەوەی سەرلەنوێ و ئاڵوگۆڕی نەخشەی سیاسی ناوچەکەیە بەخۆیان دابچنەوە. بەمانایەکی دی ئەرکی دەسەڵاتی سیاسی کوردە لەتەک گوتارە سیاسیەکەی و بەمەبەستی زامنکردنی پشتیوانی شەقامی کوردی کار

لەسـەر ڕاپەڕانـدن و جێبەجێکردنـی ئەرکـە کۆمەڵایەتیەکانـی بـکات، بەدیوەکـەی تریشـدا ڕاگەیانـدن و کاراکتەرەکانـی ئـەو تەلیسـمی شـەرم و تـرسو نەوێرانـی دەرچـوون لەسـێبەر و هەژموونـی حـزب بشـکێنن و سـەرگەرمی وروژاندنـی پرسـە کۆمەڵایەتیـەکان بـن، هەمـوو ئەمانـەش لـە حـزب و دەسـەڵات و ڕاگەیاندنـی کـوردی دەخـوازن کـە میکانیـزم و شـێوازی کارکـردن و تەنانـەت جـۆری بیرکردنـەوە و دونیابینـی خۆیـان بگـۆڕن، بەتایبەتـی حزبـی کـوردی کـە چیتـر ناکـرێ بەنەفەسـی ئایدیۆلـۆژی مامەڵـە لەتـەک کۆمەڵـگا و کایەکانـی بـکات و دەسـت بنێتـە بینـا قاقایانـەوە.

ناچارکردنـی ڕاگەیانـدن بـەوەی ببێتـە مینبـەری دەسـەڵات و داپۆشـینی هەڵـە و خەوشـەکانی و کردنـی بـە ئامێرێـک بـۆ پتەوکـردن و پاراسـتنی سـەروەری دەسـەڵاتی خـۆی، تـا بەهۆیـەوە خواسـتەکانی تێـر بـکات و لەبەرامبەریشـدا کۆمەڵـگا سـندم و جڵـەو و بێدەنـگ بـکات، هەروەهـا ڕاگەیانـدن بکاتـە چەترێـک و لـە سـایەیدا خـەوش و ناشـیرینیەکانی بشـارێتەوە، هـاوکات ڕاگەیانـدن و کاراکتەرەکانـی شـەرمنانە و دەسـتە پاچـە ئـەو فەرمانـە شـاقولّیە جێبەجێبکـەن و بەیەکـەوە و بەنـاوی هەلومەرجـی سیاسـی و ئەرکـی نەتەوەیـی و نیشـتیمانی و پاراسـتنی ئاسـایش و دەسـکەوتەکان و چـی و چیتـر، کۆرپـەی هەرچـی خـەون و خولیـا و پێداویسـتی کۆمەڵاتـی کۆمەڵـگا هەیـە لەبـار بـەرن، ڕێـک پێچەوانـەی ئـەرک و پەیامـی ئـەم قۆناغەیـە و ناکـرێ قبـوڵ بکـرێ، ملکەچکردنـی ڕاگەیانـدن بـۆ ئـەم واقیعـە داسـەپێنراوە و بێدەنگـی لێکردنـی کۆمەڵـگاش لەخواسـت و پێداویسـتیەکانی، کـە سـەرەتایترین مافـی ژیانیەتـی، ئاینـدە و نەوەکانـی داهاتـوو بـەرە و ئاقارێـک دەبـات، کـە ڕەنگـە دڵخۆشـکەر نەبێـت، لێرەوەیـە کـە ئیـدی ناکـرێ دەسـەڵات و ڕاگەیاندنـی کـوردی خۆیـان لەئـەرک و بەرپرسـیارێتیە کۆمەڵایەتیـەکان بدزنـەوە و نەبـان بکـەن و تەنهـا و تەنهـا کـۆی خەونەکانـی خەڵـک بدەنـەوە دەسـت قـەدەر و گوتـاری سیاسـەت. بـەم پێودانگـە، خـودی ئـەو قەیرانـەی دونیـای ڕاگەیانـدن و خۆشـاردنەوەی دەسـەڵات لەئاسـت ئەرکـە کۆمەڵایەتیـەکان و گیـروگازی پرسـی پەیوەندیەکانـی (دەسـەڵات — ڕاگەیانـدن) و (ڕاگەیانـدن — کۆمەڵـگا) و (دەسـەڵات — کۆمەڵـگا) ڕووبـەڕووی چەنـد پرسـیارێکمان دەکەنـەوە، کـە دەکـرێ لـەم پرسـیارانەدا چڕیـان بکەینـەوە:

- بەڕاست، ئەرکی ڕاستەقینەی ڕاگەیاندن چییە؟
- بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگی نێـوان خواسـتی شـەقام و چڵێسـی دەسـەڵات لـەم قۆناغەدا،

پێویستە ڕاگەیاندن چی بکات؟
- ئایا تا کوێو چەند ڕاست و دروستە، ڕاگەیاندن بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو لۆژیکەی دەسەڵات کە دەڵێ: جوانیەکانم بەجوانی و ناشیرینیەکانم بەجوانی نمایش بکە؟
- لە بەجێگەیاندنی پەیامی هاوکێشەی (سەروەری دەسەڵات و پاسەوانێتی حەقیقەت)، ڕاگەیاندن دەکەوێتە کام لای تای تەرازووەکە؟
- لەکوێدا پێویستە ڕاگەیاندن قسەی خێر بۆ دەسەڵات بکات و کەی و لەکوێدا پێویستە بیخاتە ژێر گومان و پرسیار و لێپرسینەوە؟
- بۆ دەربازبوون لەم قەیران و چەقبەستنەدا، پێویستە ڕاگەیاندن و کائینەکانی چۆن چۆنی ڕەفتار بکەن؟
ئەمانە و چەندین پرسیاری تر، کە قسەی زۆر و وەڵامی وردو و لۆژیکی و زانستی و بەلەبەر چاوگرتنی دیفاکتۆی سیاسەت و ئەرک و پەیام و بەرپرسیارێتی ڕاگەیاندن دەخوازن، بەو هیوایەی بتوانین لەتوێی ئەم پەیڤانەدا سەرەداوێکی وەڵامەکانیان دەستگیربکەین و ئاسۆیەکی فراوانتر لەبەردەم وەڵامی ڕوون و زیاتر بکەینەوە.
بەچاوپۆشین لەتێز و تیۆرە کلاسیکیەکانی دونیای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و ڕەچاوکردنی ئەو پێشکەوتنانەی لەمێژووی ئەو پرۆسەیەدا ڕوویانداوە، یەکەم و دوا هەمین ئەرک و پەیامی ڕاگەیاندن بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیە، ڕوونتر بڵێین ڕاگەیاندن بە پلەی یەکەم لەبەردەم ئەرک و لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی دایە و وەڵامدانەوەی، یان وروژاندنی خواست و مەیلە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای بەکۆی پێکهاتەکانی لەئەستۆدایە، ئەم ئەرکە و بەرپرسیارێتیەشی لەیەک کاتدا هەم پیشەیی و هەمیش مۆڕالیە، بۆیەشە بێلایەنی نواندنی ڕاگەیاندن لە بەرامبەر ڕووداو و دەرکەوتە و دیاردەکان و سەنگی مەحەکی پاراستنی ناسنامە ڕاستەقینەکەی و ئاراستەی کاری تەندروستیەی، ئەم بێلایەنیە و هەستکردن بەئەرکی کۆمەڵایەتی و بەدەنگەوە چوونی خەون و خولیای شەقام، دواجار گرەنتی ئەوە دەداتە ڕاگەیاند کە متمانەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی زامن بکات و کە خودی بەدەستهێنانی ئەو متمانەیەی شەقامیش بەڕاگەیاندن، سەرچاوە لە ڕاستگۆیی ئەودا وەردەگرێت لەگەیاندنی پەیامەکەیدا. چونکە لە دەرەوەی

هاوکێشە و دوالیزمی (متمانەو ڕاستگۆیی)، ئیدی بەهاو نرخ و سەنگێک بۆ شوناسی ڕاگەیاندن نامێنێتەوە، کە ئەویش بەرۆڵی خۆی دەتوانێ ڕاگەیاندن بە ئاقارەکانی (سەرکەوتن — شکست، بەردەوامی — چەقین، جوڵەو زیندوێتی — پوکانەوە.... هتد) ببات. ئەزموونی مێژوویی دونیای ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەگەریش تاکو ئەمرۆ ڕاستی ئەو هاوکێشانەمان بۆ دەسەلمێنێ. واتە بەگوێرەی ئاست و ئاراستەی ئەو پێدراوە، ڕاگەیاندن بەردەوام لەبەردەم دوو ئەگەردایە، ئەگەری ژیانەوە و ئەگەری نابودبوون، کە هەردووکیان پەیوەستن بەچەندێتی و چۆنێتی و جۆری مامەڵەی ڕاگەیاندنو کاراکتەرەکانی لەتەک پەیامە ڕاستەقینەکەیدا. کەواتە لەناو هەناوی خودی ڕاگەیاندنو پەیامەکەیدا، ململانێیەک هەیە، کەیو لەکوێدا کائینەکانی نێو ئەو دونیایە توانیان بەدیوە تەندروستەکەی ململانێیەکە بەرنەوە، ئەوکات دەتوانین لەسەر زەمینی واقیعو لەناو تەڵەزگەو هاوکێشەی دەسەڵاتو کۆمەڵگا، شوێنگەیەک کە بەرهەمی متمانەی کۆمەڵایەتیو ڕاستگۆیی بێت، بۆخۆیان دەستەبەر بکەن، هەر وەڵامی خودی ئەم پرسیارەشە کە دواتر توانای ئەوەمان پێدەبەخشێ کە لەپرسیاری پاراستنی هاوسەنگی نێوان هاوکێشەی شەقام و دەسەڵاتدا بگەینە سەرەتای وەڵامێک. بەدیوێکی تر لە ناسینی دیوی ڕاستەقینەی پەیامی ڕاگەیاندنەوە، زەمینەی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێ بپەڕینەوە سەر وەڵامی پرسیاری چیەتی ئەو هاوسانگیە.

سروشتی دەسەڵات وایە کە بەردەوام لە هەوڵی دەستەمۆکردنی سەرجەمی پێکهاتە و کایە و بووەکانی دەورووبەری خۆیەتی، هەرچی ڕێوشوێن و شێوازیش هەیە بەکاردێنێت و دەیانگرێتەبەر، بەمەبەستی هێنانەدی ئەو مەیلەی خۆی، بۆ ئەمەش هەمیشە بڕو بیانو و پاساوی خۆی هەیە و لەهەر وێستگە و قۆناغێکدا و لەسای هەر هەلومەرجێکدا، ئەو پاساوانەی بەبەرگی جیاواز دەخاتەڕوو، بەو پێیەی دەسەڵات هەردەم توانای بەرهەمهێنانی ئەو بیانوانەی هەیە، ئیدی بەلای ئەوەوە گرنگ نییە چەندە بەڵگە و ئەرگۆمێنتی عەقڵانی و لۆژیکی لەپشتی ئەم گەمەیەدان، دیارە ئەوە تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکی ڕەهانییە، کە لەسەرجەمی شوێنکاتەکان ئەو دەسەڵاتە بڕێک لە ڕاستگۆیی پێ نییە، بەپێچەوانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەزاکیرەی ئەودا هەمیشە ئامادە باشیەک هەیە لە پاساودانەوەی خۆدزینەوەی لەبەرپرسیارێتیە کۆمەڵایەتیەکان و پەراوێزکردنی

خواسـت و پێداویسـتی چیـن و توێـژ و کایەکانـی کۆمەڵـگا، لەبەرامبەریشـدا کۆمەڵـگا چاوەڕێـی شـتی تازەتـر و زیاتـر لـە دەسـەڵات دەکات، کـە ئـەو پێداویسـتیانە سروشـتی گەشـەی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکان و پێشـکەوتنی ژیـان دەیانسـەپێنن، ئەگەرچـی زۆرجاریـش خەمسـاردی خـودی کۆمەڵـگا لەبەرامبـەر ئـەرک و بەرپرسـیارێتیەکانی و بێدارنەبوونـەوەی هەلـی ئـەوە دەدەنـە دەسـەڵات کـە لەسـەر ئـەو گەمانـەی خـۆی بـەردەوام بێـت، کـە ئەمـە لـە کۆمەڵـگای ئێمـەدا ڕێـک پێچەوانەیـە، چونکـە کایـە کۆمەڵایەتیەکانـی کۆمەڵـگای کـوردی، تەنانـەت زیـاد لەپێویسـت و بـەدەر لەتوانـای خۆشـیان بەرامبـەر ئـەرک و بەرپرسـیارێتیەکانیان بەرگەیـان گرتـووە، تـا زەمینـەی ئەمـڕۆ هاتۆتـە ئـارا، هەمـوو ئەمانـە وادەکـەن کـە بڵێیـن شـتێک نەمـاوە بەنـاوی هاوسـەنگی تـا ڕاگەیانـدن ئـەو باڵانسـە ڕابگـری، بەتایبەتیـش کـە پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد، تاکـە هاوسـەنگیەک کـە پێویسـتە و دەکەوێتـە ئەسـتۆی ڕاگەیانـدن ڕایبگـرێ، پرسـی بێلایەنـی و نیشـاندانی ڕاسـتگۆییە لـە پەیامەکەیـدا بەرامبـەر کۆمەڵـگا، تاکـو بەهۆیـەوە ئـەو متمانەیـەی ناومـان بـرد دەسـتەبەر بـکات، کـە خـودی ڕاگەیاندنـی کوردیـش نەیتوانیبێـت ئـەو متمانەیـە بەدەسـت بێنـێ و لـە قەیرانـی بـێ متمانەیـی شـەقامدا بـژی، ئیـدی ناکـرێ بـاس لـە پاراسـتنی ئـەو هاوسـەنگیە بکەیـن، بگـرە بەدەسـتەمۆبوونی ڕاگەیانـدن و کائینەکانـی بۆلۆژیکـی دەسـەڵات و ڕازیبوونـی بەنانـی مەمـرە و مـەژی لەبەرامبـەر بێدەنگـی ئـەو و ڕوژاندنـی شـەقام و فەرامۆشـکردنی ئـەرک و بەرپرسـیارێتیە کۆمەڵایەتییـەکان، هێنـدەی تـر تـای تەرازوەکـەی لـە خزمەتـی بەرژەوەنـدی دەسـەڵات و پێچەوانـەی خواسـتە کۆمەڵایەتیەکانـی خەڵـک لەنـگ کـردووە، دواجـار سـەردەمی ئـەوە بەسـەرچووە کـە ڕاگەیانـدن کـۆی ئیـرادەی خـۆی ڕادەسـتی قـەدەری دەسـەڵات بـکات و چاوەڕێـی فەرمانەکانـی ئـەو بێـت و لـەو سـەردەمەدا ڕاگەیانـدن هێنـدەی پێویسـتە ڕۆڵـی کارتێکـەر ببینـێ لـە دونیـای دەسـەڵاتدا، نیـو ئەوەنـدە بـاوی ئـەوەی نەمـاوە کارتێکـراوی ڕاسـپاردە و تەلقینەکانـی دەسـەڵات بێـت، کـە بێگومانیـن لـەوەی چەنـدە خـودی دەسـەڵاتی کـوردی لەپشـتی ئـەو دەسـتە پاچەیـی کـردن و دەسـتەمۆکردنی ڕاگەیاندنـە، ئەوەنـدە و بگـرە زیاتریـش کائینەکانـی نـاو خـودی دونیـای ڕاگەیانـدن بەرپرسـیارن لـەو بـێ دەسـەڵاتیەی، کـە هـەر شـتێک بێـت، ئـەوا دەسـەڵاتی نـەک چـوارەم، نۆیەمیـش نیـە !، واتـە خـودی کاراکتەرەکانـی ڕاگەیانـدن تاوانـی بەرهەمهێنـان و درێژەکێشـانی ئـەو قەیرانـە و لەپـەل

وپـۆ کەوتـن و بـێ هەناسـەیی گوتـاری ڕاگەیاندنیـان لـە ئەسـتۆدایە.

ئەگـەر ئەمـە واقیعـی ڕاگەیاندنـی کـوردی بێـت و لـەولاش نـەک ئەرکـی میدیـا نەبێـت خوانـی دەسـەڵات جـوان بـکات و مەیـل و حەزەکانـی تێـر بـکات، (کـە میدیـای کـوردی ڕێـک ئـەو ئاراسـتەیەی وەرگرتـووە)، بگـرە پێویسـت دەکات هەمیشـە میدیـا چـاوی کـراوەی چاودێـری سـەر دەسـەڵات و ڕەفتـار و کایەکانـی بێـت و مینبەری خواسـت و پێداویسـتیە کۆمەڵایەتیەکانـی خەڵـک بێـت، ئـەوا نـەک ڕاگرتنـی ئـەو هاوسـەنگیەی نێـوان خەونـی شـەقام و چلێسـی دەسـەڵات لەلایـەن ڕاگەیانـدن شـتێکی بـێ مانایـە، بەڵکـو ئـەوە ئەوپـەڕی خیانەتکردنـی میدیـاو کائینەکانیەتـی لـە ئـەرکو پەیامـی پیـرۆزی خۆیـان، بەتایبەتـی لـە ڕەوشـێکی سیاسـیو کۆمەڵایەتـی وادا کـە کـۆی قورسـایی سـەنگەکان بەبەرژەوەنـدی تـای تـەرازووی دەسـەڵات شـکاوەتەوە، ئـەم بیدعەیـەی ڕاگەیاندنـی هاوسـەنگیش کـە بەرهەمـی گوتـاری شـەرمنو دەسـتە پاچـەو دەسـتەمۆکراوی خـودی کاراکتەرەکانـی دونیـای ڕاگەیاندنـی کوردیـە، دوورو نزیـک، مەگـەر لـە تێـزو میتـۆدو تیـۆرو سیسـتەمە کلاسـیکیو دواکەوتـووەکان، ئەگەرنـا لـە قوتـوی هیـچ عەتارێکـدا نایدۆزینـەوە و پەیوەنـدی بـە ئـەرک و بەرپرسـیارێتی میدیـاوە نییـە، تەنانـەت لەسـای سیسـتەمە سیاسـیە دیموکراسـی و لیبراڵەکانیـش کـە زۆرترینـی مـاف و ئازادیـەکان دابینکـراون، نـەک هـەر میدیـا خـۆی نەچۆتـە ژێـر بـاری ئـەو لۆژیکـە سـەقەتە، بەڵکـو خـودی دەسـەڵات لـەو سیستەمانەشـدا لـە خسـتنە ڕووی لۆژیکێکـی وادا شـەرم دایـان دەگـرێ. کەوابێـت تاکـە هاوسـەنگیەک کـە ئەرکـی ڕاگەیاندنـە ڕایبگـرێ و بیپارێـزێ و گەشـەی پێبـدات ئـەو بیدعـە سـەقەتەی دەسـەڵات و گوتـاری ڕاگەیاندنـی کـوردی نییـە، بەڵکـو دەسـتگرتنە بـە هاوسـەنگی ڕاسـتگۆیی و لەدەسـت نەدانـی متمانـەی شـەقام لەلایـەن خـودی میدیـا خـۆی و، خۆنەدزینـەوە و دیزەبـەدەر خۆنـە نەکردنیەتـی بـۆ بەرپرسـیارێتی کۆمەڵاتـی، کـە بەداخـەوە تـا ئـەم چرکـە سـاتەش لـە کوردسـتان داخـوازی و پێداویسـتیە کۆمەڵایەتیەکانـی کۆمەڵـگا کەوتوونەتـە پەراوێـزی پەراوێزەکانـی گوتـاری ڕاگەیاندنـی کـوردی.

لـەم ڕوانگەیـەوە، دەکـرێ بڵێیـن دیـوی دووەمـی ئـەم وەڵامـە، دەشـێ وەڵامـی بەشـێکی پرسـیارەکەی دوای خـۆی بێـت، کـە بـاس لەچوونـە ژێـر بـاری ڕاگەیانـدن دەکات بـۆ لۆژیکـی دەسـەڵات کـە دەڵـێ: جوانیەکانـم بەجوانـیو ناشـیرینیەکانم بەجوانـی نمایـش بکـە و ستایشـی ئـەو دەسـکەوتانەم بکـە ( کـە لەبنەڕەتـدا

بەرهەمـی قوربانیدانـی کۆمەڵگایـە بـە ژیـان و کەرامـەت و خواسـتە کۆمەڵایەتـی و پێداویستیە سـەرەتایە مرۆیەکانـی). بـەڵام ئـەم ڕوانینەمـان هەرگیـز بـەو مانایـە نایـەت کـە جوانیەکانـی دەسـەڵاتیش بـە ناشـیرینی لـە گوتـاری ڕاگەیانـدن و هەڵوێسـتی کۆمەڵـگادا وێنابکرێـت، چونکـە ئەمـەش هیـچ لۆژیکێـک و ویژدانێکـی تێدانییـە، ئـەوە نەبێـت کـە ئەرکـی ڕاگەیانـدن گەڕانـە بـەدوای ناشـیرینی و خەوشـەکان و وروژاندنیـان و هەوڵـدان بـۆ خسـتنەرووی ئەلتەرناتیـڤ و چارەسـەری بەمەبەسـتی جوانترکـردن و ڕاسـتکردنەوەیان، نـەک بێـت کاتەکانـی خـۆی بـە سـتاییش و پەسـنی هەنـگاو و کارە باشـەکان بکـوژێ، کـە ئەمـە لەپێشـینەی ئـەرک و بەرپرسـیارێتیە دیموکراسـیەکانی هـەر دەسـەڵاتێکە، کـە بانگەشـەی کرانـەوە و دیموکراسـیەت بـکات. کەواتـە وەک چـۆن ئەرکـی ڕاگەیانـدن نییـە سـەرقاڵی پیاهەڵـدان و جوانترکـردن و ڕازاندنـەوەی دیـوە پۆزەتیڤەکانـی دەسـەڵات بێـت، ئـاواش کارێکـی نالۆژیکـی و ناعەقڵانیـە، تەنهـا بەبیانـوی پەراوێـز خسـتنی خواسـتگەلێکی کۆمەڵایەتـی و پێداویسـتی کۆمەڵـگا لەلایـەن دەسـەڵات،کۆی دەسـەڵات وەک کوتلەیـەک لـە ناشـیرینی و تابلۆیەکـی لێخـن وێنـا بـکات، بەڵکـو ئـەرکو پەیامـی ئـەو، لەتـەک بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتـی و داکۆکیکـردن لەپێداویسـتی و خەونەکانـی خەڵـک، هاوکاتیـش ئەرکـی دۆزینـەوەی ڕێگاچـارەی شـیاو و لەبـارە بـۆ گرفـت و کێشـە و قەیرانـەکان و هاندانـی شـەقامە بـۆ هۆشـیاربوونەوە لەبەرامبـەر مـاف و ئەرکەکانیـدا.

ئـەم ڕاسـتیە مێژوییـەش، کار ئاسـانی ئەوەمـان بـۆ دەکات کـە بتوانیـن بەبـێ درێـژ دادڕی و خزانـە نێـو گفتوگۆیەکـی دوور و درێـژ لـە وەڵامـی پرسـیارەکەی تـردا بڵێیـن: بـۆ بەجێگەیاندنـی ڕاسـت و دروسـتی پەیامەکـەی و ئاراسـتەکردنی گوتارێکـی تەندروسـت، ڕاگەیانـدن پێویسـتە بـەردەوام پاسـەوانێتی لـە حەقیقـەت و شـەفافیەت بـکات و مینبەرێـک بێـت بـۆ ئاشـتکردنەوەی کایەکانـی کۆمەڵـگا و دروسـتکردنی پـردی تەبایـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی لـە نێوانیانـدا، کـە دواجـار کۆمەڵـگا بـە کایـە سیاسـی و کۆمەڵایەتیەکانـی لەسـەر لۆژیکـی گفتوگـۆ و دوور لـە گوتـاری توندوتیـژی و ئـاژاوە و دەمکوتکـردن ڕابهێنـێ.

وەک دەبینیـن و بـە ئاشـکرایی هەسـتی پێدەکەیـن کـە لەکوردسـتاندا دەسـەڵات بـەردەوام کۆمەڵـگا و ڕاگەیانـدن بـەوە سـەرکۆنە دەکات کـە ستایشـی کار و هەنـگاوە جوانەکانـی ناکـەن، کـە ئەمەیـان گیروگازێـک و گرفتێکـی ناوگوتـاری دەسـەڵاتە،

چونکە دەبێ دەسەڵات و کایەی سیاسی ئەو ڕاستیە بێنێتە بەرچاوی خۆی. کە بەدیوەکەی تردا قسەکردن بەخێر بۆ دەسەڵات، تەنها ئەوە نییە پەسنی کارە باشەکانی بکەین، بەقەد ئەوەی گرنگی و مەزنی قسەی خێرا لەوێدایە هاوکاری دەسەڵات بێت لە دۆزینەوەی لایەنە نێگەتیڤ و خەوش و کەموکوڕیەکانی ئۆرگان و یەکەکانی دەسەڵات خۆی، کە ئەمە لەیەک کاتدا ئاماژەیە بۆ ئاسودەیی کۆمەڵگا بەکارە جوانەکان و هاندان و هاوکاریکردنی دەسەڵاتیشە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و ڕاستکردنەوەی هەڵە و جوان کردنەوەی دیوە ناشیرین و تاریکەکانی. کە ئەم ئازایەتیەتە لە یارمەتیدانی دەسەڵات بۆ بەخۆداچوونەوە، پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری خەڵک و ڕادەی درک کردنیان بەهەبوونی بۆشاییەکان و زیرەکی و چاوکراوەیی ڕاگەیاندن لە دۆزینەوەی گەندەڵی و کێماسیەکان، بەو مەرجەی لە پشتی ئاشکراکردن و خستنە ڕووی ئەو دیوە نێگەتیڤانە، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ئینتیمای کۆمەڵگا و ڕاگەیاندن بگەیەنێ و نیازپاکی لە گەشەپێدان و پێشخستنی خودی دەسەڵات و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم دووانە بسەلمێنێ، نەک تەنها بۆ تانە و تەشەرلێدان و کەمکردنەوە لە بەهاو گرنگی دەسەڵات و دوور لە ژیانی بەرپرسیارێتی و ئینتیما.

لەم دیدگایەوە، هەر هەوڵێک بۆ گەڕان بەدوای خاڵە لاوازەکانو دۆزینەوەی لایەنە ناشیرین و ساختەکان، بەئامانجی باشترکردنی ژیان و جوانترکردنی سیمای دەسەڵات و هاندانی بۆ بەخۆداچوونەوە، لەخودی خۆیدا قسەکردنە بەخێر بۆ ئەو، هەروەها ستایشکردنێکی دڵسۆزانە و هاوکاریکردن و دەستگیرۆیی کردنێکی خەمخۆرانەی ئایندەی ڕوونی کۆمەڵگا و تەندروست کردنی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی سیاسی و دەسەڵاتە. بۆیە هەق وایە دەسەڵاتی کوردی ئەو ڕاستیە بێنێتە بەرچاوی خۆی، کە ئەوە بەتەنها ستایشکردنی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگا نییە بۆ کارەکانی کە بەهاوسەنگی دەداتێ، بەقەد ئەو دەنگانەی کە دەرزی ئاژنی هەڵە و کەم و کوڕیەکانی دەکەن و پەنجە دەخەنە سەر برینەکانی، کە دەستی دەسەڵات دەگرن تا جوانتر و جوانتر دەرکەوێ و خۆی نمایش بکات، واتە پڕۆسەی ڕەخنە لە دەسەڵات و کایەکانی بەدیوە مەعریفی و کۆمەڵایەتیەکەی هێندەی هێز دەبەخشێتە دەسەڵات، ئەوا لە بایەخەکەی کەم ناکاتەوە، کە بەداخەوە ڕاگەیاندنیکوردی لەم بارەیەوە نەک هەر خەمسارد و کەمتەرخەمە، بەڵکو بەئەرکی خۆشی نەزانیوە.

بۆ پرسی دەربازکردنی ڕاگەیاندنی کوردیش لەم قەیرانە و ڕزگارکردنی لەم ڕەوشە دۆگما و چەقبەستووەی تێی کەوتووە و ئەو گوتارە لاواز و شەرمنەی هەیەتی، ئەوا پێویستە لەسەر هەرسێ ئاستی (دەسەڵات و کۆمەڵگا و خودی ڕاگەیاندن) کار لەم پێناوەدا بکرێ.

بەجۆرێک دەسەڵات دەستەبەرداری ئەو بیرکردنەوە و ڕەفتارەی خۆی بێت، کە جڵەوکردن و سندمکردنی ڕاگەیاندن و کەناڵەکانی و دەم بەستکردنی کائینیەکانیەتی، ئەویش بەزەمینەسازی و کرانەوەی زیاتر بەدەم گوتاری ڕەخنە و قبوڵکردنی ئازادی بیرورا، کۆمەڵگاش بەلای خۆی هۆشیاری بەگرنگی و کاریگەری ڕۆڵی ڕاگەیاندن هەبێت و هاوکاری بێت لە دەستنیشانکردنی لاوازیەکان، بەلای خۆشیەوە کاراکتەرەکانی دونیای ڕاگەیاندن چیتر چاو لەدەستی بەزەیی و بەخششی دەسەڵات و فەرمانە شاقوڵیەکانی نەبن و بەو باشی و شەرمنی و دەستەپاچەییەوە مومارەسەی ئەو پیشە پیرۆزەیان نەکەن و بە دڕدۆنگی و ترسەوە مامەڵە لەتەک دیاردە و دەرکەوتەکان نەکەن.

## ڕاگەیاندن لە بەردەم پرسیاری ئازادیدا

دوای ڕاپەڕیــن بارودۆخێکــی سیاســی وا هاتــە ئــارا، کــە دەلیڤــەی زیاتــری بەســەر مومارەســەکردنی سیاســەت و ڕاگەیانــدن کــردووە، بــەڵام بارودۆخێکــی ناتەندروســت کــە دواتــر کــورد، چ وەک تــاک، یــان دەســتە و گروپــە کۆمەڵایەتــی و سیاســییەکان نەیتوانــی گوتــاری خــۆی ڕێــک بخــات و بکەوێتــە ســەر ڕاســتەڕێی پیادەکردنــی ژیانێکــی نموونەیــی لــە ســەرجەم کایەکانــدا. لــەو ســاتەوە بۆشــاییەک کەوتــە نێــوان هاوکێشــەی پەیوەندییــەکان، کــە لــە جیاتــی هەوڵــدان بــۆ هوشــیارکردنەوە و خوێندنــەوەی دروســتی چەمکــەکان و بونیادنانــی کەســایەتی نــوێ، ڕووەو ســارای قەیــران و بەرتەســککردنەوەی جیاوازییــەکان و پشــێوی وەرچەرخــا. ئەمــەش بــە ڕۆڵــی خــۆی لــە بــری پردێــک بــۆ بەیــەک گەیشــتن و یەکتــر خوێندنــەوە و تەبایــی کۆمەڵایەتــی دروســت بــکات، بــووە هــۆی نانــەوەی فەوزایەکــی سیاســی و دۆزەخێــک بــە نــاوی ئــازادی و فرەهەنــدی. دەرکەوتــن و گەشــەکردنی بــواری ڕاگەیانــدن و ڕۆژنامەگەریــش دەرهاویشــتەیەکی ئــەو ڕەوچــەی پێشــووە، کــە باســمان کــرد، بــەڵام چ تــەرزە ڕاگەیانــدن و بزاڤێکــی ڕۆژنامەگــەری؟ تــەرز و نەزمێــک کــە ئەســتەمە شــوێن و ســەردەمێک نموونــەی لــەم چەشــنەی بــە خۆیــەوە بینیبــێ. حزبــەکان لــە تێڕوانینــی تەســکیان بــۆ ژیانــی حزبایەتــی و پاوانکردنــی شۆڕشــگێڕی، جیــل لــەوەی بوونــە زەمینەخۆشــکەری ململانێــی بەرژەوەندییــەکان، هۆیەکــی ســەرەکیش بــوون لــە دروســتکردنی کەتوارێکــی (واقــع) شــێواو بــۆ ڕاگەیانــدن، کــە دەکــرێ بــە پرۆســەی دژە ڕاگەیانــدن و جەوهــەری ڕۆژنامەگــەری نــاوی بەریــن. ئــەو ڕەوشــەی ئێســتا، کــە درێژکــراوی پێــش خۆیەتــی، گوزارشــتێک نییــە بــۆ ئــازادی ڕادەربڕیــن و ئامادەگــی ڕاگەیانــدن وەک دەســەڵاتی چــوارەم و چاودێــر بەســەر ڕەفتــاری کۆمەڵــگا (دەســەڵات، تــاک)، بگــرە قەڵغانێکیشــە لــە بــەردەم کرۆکــی ڕاگەیانــدن، کــە ڕووی ڕاســتەقینەی خــۆی نمایــش بــکات و ببێتــە میکانیزمــی دروســتکردنی ڕای گشــتی و وروژانــدن و چاودێــر بەســەر ڕەفتــاری دەســەڵات.

نهێنــی ئەمــەش بــۆ تێگەیشــتنی ســەقەتی خــودی حــزب دەگەڕێتــەوە بــۆ

مومارەسـەی سیاسـی و چەمکەکانـی ئـازادی رادەربڕیـن و دیموکراسـی و دفرەهەنـدی. بـەو پێیـەی حـزب لـەم وڵاتـەدا بەرهەمـی هوشـیاری نەبـووە، جگـە لـەوەی زۆرترینـی ئەزموونەکانـی لـە نێـو پانتاییەکـی جوگرافـی بچـووک و لەگـەڵ چـەک و شـەڕی رووبەڕووبوونـەوە بەسـەر بـردووە، وەک لـەوەی لـە گەرمـەی ململانێـی فیکـردا بووبێـت. بۆیـە دواجـار کـە دێتـە نـاو پانتاییەکـی فراوانتـر لـەوەی رابـردوو (شـار)، ناتوانـێ بـە ئاسـانی دەنـگ و رەنگـی جیـاواز لـە خـۆی قەبـوڵ بـکات، بەتایبەتـی کـە ئەزموونەکانـی شاخیشـی بەشـێکن لـە رەتکردنـەوەی بەرامبـەر و کارکـردن بـۆ سـڕینەوەی لـە نەخشـەی سیاسـیدا، بـۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنـی ئـەو راسـتییانەش پاسـاوی خـۆی هەبـووە. دواجـار ئێسـتاش لـە بەرامبـەر ئـەو گاڵتەجاڕییـەی بەنـاو فرەهەنـدی، حـزب پاسـاوی خـۆی هەیـە، پاسـاوی پاراسـتنی سـەروەری و نەریـت و قۆرخکردنـی مێـژووی تێکۆشـان — کەتـواری دە سـاڵی دوای راپەڕیـن باشـترین بەڵگـەی ئـەم هاوکێشـەیەیە. کـە مەیدانـی کاری رۆژنامەگـەری و راگەیاندنیـش لەمـڕۆدا ناڕێـک و پـەرش و بـڵاوە خـودی حـزب لێـی بەرپرسـیارە. چونکـە ئەگـەر گەلـی کـورد مێژوویێکـی درێـژ و ئەزموونێکـی تاڵیشـی لەگـەڵ سـتەم و چەپاندنـی سـەرکوتکاری سـتەمە تاوتالیتارەکانـی بـەر لـە راپەڕیـن هەبێـت، بـەڵام پاسـاوی حـزب لـە وەڵامـی نەبوونـی ئـازادی و کەشـی دیموکراسـی ئەمـڕۆ، ئـەو راسـتییەی پـێ پەردەپـۆش ناکـرێ، کـە حـزب نەیتووانیـوە ئیـش لەسـەر کایەکانـی فیکـر و مەعریفـە و هوشـیارکردنەوەی نـەک تەنهـا خەڵـک، بگـرە ئەنـدام و کادیرەکانیشـی بـکات.. دواتـر ناکـرێ بڵێیـن کـە راگەیاندنـی کـوردی و کوردسـتان بـە گشـتی، چوارچێوەیەکـی نییـە. بـە پێچەوانـەوە چوارچێوەیەکـی تایبـەت و جیـا لـەوەی دونیـای هـەی، کـە ئەویـش چوارچێـوەی راگەیاندنـی حزبییـە. حزبـەکان لـەم رۆژگارەدا بەربینگـی راگەیانـدن و کەناڵەکانیـان گرتـووە و بـە ویسـت و بەرژەوەنـدی و سـتراتیژی خۆیـان ئاراسـتەی دەکـەن، هـەر هەوڵێکیـش بەهـەر ناوێکـەوە لـە دەرەوەی ئـەو چوارچێوەیـە بدرێـت، حـزب بـە گومانـەوە تێـێ دەڕوانێـت، ئەگەریـش تـا ئێسـتا ئەلتەرناتیڤـی ئـەم تـەرزە راگەیاندنـە نەهاتۆتـە ئـارا، دیسـان خـودی حـزب بەرپرسـیارە. چونکـە لـەم وڵاتـەدا تەنهـا حـزب سـەرچاوەی دەسـەڵات و بڕیـار و هێـزە و خاوەنـی سـەرچاوەی داهـات و دەزگا و ئامێرەکانـی چـاپ و پەخشـە و تەنانـەت حکومـەت و ئۆرگانەکانیشـی لـە پەراوێـزی بڕیـاری حـزب دان.. بەمـەش ئـەو کـەس و کـەرت و گروپـە کۆمەڵایەتییانـەی لـە دەرەوەی بازنـەی سیاسـی و ئایدیۆلـۆژی حـزب

دان، مەحرومــن لــەو ســەرچاوانە!

لێرەوە دەکرێ بۆ خۆمان لە حزب بپرسین: ئاخۆ دوای دەیەیەک لە راپەڕین، تا چەند توانیویەتی وێنە تەڵخەکان و تۆتالیتارییەتی بەر لە راپەڕین لە یادەوەری خەڵکدا بسڕێتەوە؟ تا چەند داویەتییە بەرخۆی لە هەڵسوکەوتەکانیدا و لە مومارەسەکردنی حزبایەتیدا، نموونەیەکی جوانی دیموکراسی بێت، بۆ ئەوەی خەڵک شوێن پێی هەڵگرێ؟ تا چەند ئازادی بەرامبەرەکانی دەرەوەی ئینتیمای خۆی قەبوڵ بووە؟ دواتر تا چەند هەوڵی داوە لە تەک فرەهەندی و جیاوازییەکاندا هەڵ بکات؟!

رەنگبێ لە دوو توێی وەڵامی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تردا، بگەینە سووکە وەڵامێک سەبارەت بەم رەوشەی ئەمڕۆی راگەیاندن و رۆژنامەگەری. چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لێرەدا حزبە سەرچاوەی شتەکان و نێوەندی راگەیاندنیشی پاوان کردووە، پرسیاری ئازادی بە نەبوون و هەبوون ئاراستەی ئەو دەکرێتەوە. لەبەرئەوە ئەو کەناڵانەی زمانحاڵی حزبن و تێڕوانینی خۆیەتی بۆ پرسەکانی ئازادی و دیموکراسی و فرەهەندی و چەندین پرسی تر.

بەم پێودانگە، سەیر نییە کە رەوشی ئەمڕۆی راگەیاندن و رۆژنامەگەری کوردی، نەک ساخڵەم و دروست نەبێت، بەڵکو گەرەلاوژێیەک بێت. ئەگەر بڵێین ئەزموونە تاڵەکانی رابردووی سەرکوتکاری و تۆتالیتارییەت رۆڵیان لە دروستکردنی کەشێکی لەم جۆرە هەیە. ناکرێ ئەوەش لە بیری خۆماندا بەرینەوە کە لە بەرامبەردا برێکی زۆری بەرپرسیارێتییەکەش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی حزب و ناهوشیاری کۆمەڵگا. دیارە ئەم بارودۆخە لە ئاست پێداویستییەکانی ئەمڕۆی دۆزی کورد و خواستی تاکەکانیدا نییە، وەک چۆنیش رەوتێکی دژە ئاراستەی سەردەم و چەمکەکانی جیاوازی و کۆمەڵگای کراوەیە. بۆیە پێویستە کار بۆ گۆڕینی ئەم رەوشە بکرێ. گەرەکە چاو بە سەرەلەبەری شتەکاندا بگێڕینەوە و جارێکی تر لە دەرەوەی بازنەی تەسکی ئایدیۆلۆژیا، چەمکەکان بخوێنینەوە و رەفتار بکەین. چونکە رەوشی ئەمڕۆی کوردستان، نەک تەنها پێویستی بە باشترکردنی ژیانی راگەیاندن هەیە، بگرە پێویستیشی بە پێداچوونەوەی زۆربەی کایەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی — سیاسی هەیە. پێویستە لە نوێ بە لۆژیکێکی تر بیر لە چۆنییەتی مامەڵەی سیاسی و کاری حزبایەتی و پرۆسەکای تری ژیان

بکەینــەوە و بــە نەفەســێکی تــر و عەقڵێکــی کراوەتــر کاریــان لەســەر بکەیــن.

بێگومـان ئـەو بەخۆداچوونـەوە و خـۆ ڕێکخسـتنەوەیەش بـە هـەر میکانیزمێـک بێـت، ئەگـەر بـە قازانجـی هوشـیاربوونەوە و پرۆسـەی گـۆڕان و گەشەسـەندنی کۆمەڵایەتـی بگەڕێتـەوە، ئـەوا نـەک ئاسـتەنگ نییـە و نابێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی قەیرانـی نوێـن بەڵکـو پانتاییەکـی زیاتـر لـە بـەردەم پێشـکەوتن دەکاتـەزوە و ڕەهەندێکـی تـری پێدەبەخشــێ.

بۆیــە ڕێکخســتنی کاروبــارەکان و لــە چوارچێوەگرتنــی ڕەوشــەکە ئەگــەر بــە مانــای کۆنترۆڵکردنــی چالاکییەکانــی تــاک و بەرتەســککردنەوەی ئازادییەکانــی و لــە بۆتەگرتنــی کۆمەڵــگا نەبێــت لــە قاڵبــی بۆچوونێکــدا، نــەک ئاســاییە، بەڵکــو زۆر پێویسـت. بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەک ڕێـک بخرێتـەوە، کـە زەمینـەی هەڵسـوڕان و ڕۆڵ بینیـن لـە خزمەتکـردن و بەرەوپێشـبردنی کۆمـەڵ بـۆ تـەواوی پیـن و توێـژ و تاکـەکان بڕەخسـێنرێ، بـە چاوپۆشـین لـە ئینتیمـای سیاسـی. بێگومـان سیاسـەت بـە تەنهـا بـەس نییـە بـۆ بیناکردنـەوەی مـرۆڤ و کەسایەتییەکەی، بگـرە چەندیـن کایـە و بـواری تـری بەرتەسـککراوە و خواسـت و غەریـزەی کپکـراوی هەسـتیار هـەن، کـە ڕەنگدانـەوەی گرنگییـان لەسـەر بونیـادی ئـەو کەسـایەتییە دەبێـت، پێویسـتە ئاوڕیـان لـێ بدرێتـەوە و بەهەنـد وەربگیرێـن، بـەڵام کێشـەکە ئـەوە نییـە کـە لـە کوردسـتان بـە تەنهـا سیاسـەت بۆتـە، یـان کراوەتـە میکانیزمـی گـۆڕان و بونیادنانـەوەی خـود و لایەنەکانـی تـری ژیانـی مـرۆڤ فەرامـۆش کرابـن، بەڵکـو مەترسییەکە لـەوە دایـە، کـە بـە شـێوەیەک پرۆسـەی سیاسـەت پیـادە دەکـرێ، کـە لـە کەشـکۆڵی هیـچ سیسـتەمێکی سیاسـی دیموکـراس و کـراوەی دونیـادا، ئـەو تـەرزە سیاسـەتکردنە نابینـرێ. سیاسـەت لێـرە لـە بـری بوونـی بـە هونـەری بەڕێوەبـردن، بۆتـە هونـەری پاسـاوهێنانەوە و لەخشـتەبردن، هونەرێـک هێنـدەی کاراکتەرەکانـی کار لەسـەر لەبۆتـەدان و فریـودان و چاوبەسـتکردنی خەڵـک دەکـەن و پاسـاو لـە بـەردەم هەڵـە و ڕەفتـارە دژە دیموکراسـییەکانیان دێننـەوە، بەقـەد نیـوەی ئـەوە کار بـۆ دروسـتکردنی زەمینەیـەک ناکـەن، کـە دیموکراسـی ببێتـە بەشـێک لـە کولتـوری کۆمەڵـگا و ڕەخنـەش ببێتـە گوتـاری نوێبوونـەوە.

بـەم پێیـە دەکـرێ بڵێیـن تەنهـا پرسـیار ئـەوە نیـە، کـە ئاخـۆ کار بـۆ باشـترکردنی ڕەوشـی ڕاگگیانـدن بکـرێ، یاخـود سیاسـەت بەسـە بـۆ بیناکردنـەوەی مـرۆڤ؟ بەڵکـو ئــەوەی گرنگــە ئــەو پرســیارەیە، کــە ئاخــۆ چــۆن ڕوانیمــان بــۆ شــت و دیــاردە و

چەمکەکان بگۆڕین، بەجۆرێک کە لەگەڵ مانا و جەوهەرەکەیاندا بێتەوە؟ روانینێک وامان لێبکات هەست بە هەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆمان بکەین.. روانینێک ئاستی بینینمان قووڵتر بکاتەوە و ناخی شتەکان بخوێنینەوە، نەک دروشمبازی بە چەمکەکانەوە بکەین!

هەر لەم روانگەیەشەوە ناکرێ کارکردن ب باشترکردنی رەوشی راگەیاندن و رۆژنامەگەری کوردی تەنها لە پێناو دەرخستن و زەقکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە فەرامۆش کراوەکان بێت، بەڵکو دەبێت راگەیاندن بە تەواوی کەناڵەکانییەوە دەرزی ئاژنی بەها و کولتوور و دابونەریتەکانی کۆمەڵگا بکەن و لایەنە جیاواز و سواوەکانی دەربخەن.. پێویستە رۆشنبیری لە گوتاری ستایش و پیاهەڵدان و نوزانەوە و خەونی نۆستالیژی بگۆڕی، بۆ گوتاری رەخنەیی و درک بە هەڵە و کەموکوڕییەکان بکەین.. گەرەکە کار بۆ ئەوە بکرێت راگەیاندن چاودێری رۆژانەی دەسەڵات و دەسەڵاتداران و خەمساردی بەلاڕێداچوونی هاووڵاتی بکات و بەرپرسیار بێت لە لێپرسینەوەیان.. دەبێت راگەیاندن و قەڵەمی رۆژنامەنووس تەوقی ئایدیۆلۆژیای تەسک بپچڕێنێ و رای گشتی سەر شەقام بوروژێنێ.

## ئێوە وا دەڵێن، یان ئەوان وا دەکەن؟!

«تۆ کە ناتوانی لەگەڵ ئەوانی تر لەسەر یەک ریتم سەما بکەیت، رەنگە هۆکەی ئەوە بێت، کە تۆ گوێ لە مۆسیقایەکی تر دەگریت- هێنری داڤید»

لـەم چەنـد دێـرەدا بـێ پـەردە و راشـکاوانە سـەبارەت بـە رەوشـی میدیـای حزبـی و پەیوەنـدی و مامەڵــەی نێــوان بەرپــرس و کارمەندەکانــی بــە شــێوەیەکی گشــتی، رووی دەمــی قســەکردن دەکەینــە هەمــوو ئــەو بەڕێزانــەی لــە کوردســتان و لەنــاو حزبەکانیــان لــە ســەرووی هەرەمــی دەســەڵات و بڕیــاری حزبیــدان.

دەسـپێک دەپرسـین ئاخـۆ مەکتەبـە ناوەندییـەکان و دەزگا و کەناڵەکانـی راگەیاندنـی حزبـی موڵکـی حزبـن، یـان موڵکـی ئەوانـەن کە بەڕێوەیـان دەبـەن؟ ئایا کەسـێک لـەو دەزگایانـە (چ وەک کارمەنـدی فەرمـی، یـان گرێبەسـت) کاری کـرد، پێوانە و سـتاندەردی حزبــی هــەن رۆڵ و ئــەرک و بەرپرســیارێتییەکانی دیــاری دەکــەن، یــان لەســەریەتی بــێ چەنــد و چــوون بچێتــە ژێــر بــاری کــۆی وەعزەکانــی بەرپــرس و بەڕێوەبەرەکــە؟ ئایــا راگەیاندنــکار و رۆژنامەنــووس (بــا حزبیــش بێــت!) ئامێرێکــی میکانیکییــە و بــۆی نییــە لــە دەرەوەی کار و دونیابینیــی حزبــی، رایەکــی جیــاواز لــە ســەرووی خــۆی بڵــێ، یاخــود پێویســتە ئاســۆی بیرکردنــەوە و بۆچوونــی لــە بەردەمــدا ئــاوەڵا بێــت؟ ئایــا حــزب وەک دیاردەیەکــی مۆدێــرن و نێوەندێکــی دامەزراوەیــی، کادیــری کــراوە و چــالاک و خــاوەن دەستپێشــخەری دەوێ، یــان کائینــی دەســتەپاچە و بــێ پرســیار و رەخنــە؟ ئایــا پەیوەنــدی و هێــزی بڕیــاری ســەرۆک و ســکرتێری حــزب و بەرپرســی مەکتــەب و دەزگا راگەیاندنەکانــی حــزب، وەک بنەماکانــی ئیمــان وان (لازم و ملــزوم) ن و دەبــێ رۆژنامەنــووس و راگەیاندنکارەکــە وەک یــەک پێیانــەوە پابەنــد بێــت، یــان دەشــێ بــە دوو چــاوی جیــا بڕوانێتــە ئــەو دوو کــەس و پێگەیــە؟ ئایا ترســی بەرپــرس و بەڕێوەبــەری مەکتــەب و دەزگاکان لــەوەی، کــە رۆژنامەنــووس و راگەیاندنکارێکــی

نێو کەناڵەکانی میدیای حزبی لە سەکۆیەکی تر رەخنە بگرێ و رایەکی جیاواز لە حزب لە مەڕ پرسێکی سیاسی دەربڕێ، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە حزب و سەرکردە و سیاسەتەکەی پیرۆزن، یان ترسی ئەوان لە کورسی و پێگەکەیانە؟ ئایا پێوەری حزبی بوون لە کوردستاندا بەرمەبنای ئەوەیە هەموومان بارەبەر و گوێڕایەڵ و بونەوەری بێ پرسیار و گومان بین و هەموو شتەکان بە چاوی حزب و سەرکردەکان ببینین، یان ئەوە مەرایی و گەمەیەکی تری ئەو بەڕێزانەی دەزگاکانە بۆ زاڵکردن و بەردەوامی دان بە هەژموونی خۆیان لەو دەزگایانە؟ ئاخۆ ناکرێ لەگەڵ حزب و سەرکردە و بە تێزی هابرماس (دژ — بە مانا پۆزەتیفەکەی) بیربکەینەوە و هەنگاو بنێین، یان دەبێ بۆ راست و چەوتی حزب.. سپی و رەشی سەرکردە دەست لەسەر سنگ و شوکرانەخواز بین؟

ئێوەی بەڕێز لە نێو حزبەکانتان لە کام وتار و بۆنەدا ئاماژەتان بەوە داوە رۆژنامەنووس و راگەیاندنکاری نێو دەزگای حزبەکانتان نابێ لە دەرەوەی سەکۆکانی حزب قسە بکەن و را دەربڕن؟ بەڕاست مرۆڤ و بەها و تواناکانی شایانی کڕینن، یان رێزلێگرتن؟ ئاخۆ حزب کار و بەرهەمی جوانیان لەو توانا رۆژنامەنووسیانە گەرەکە، یان خۆساخکردنەوە و دەمبەستن و بیرنەکردنەوە؟ بە راست بیرکردنەوە کۆت دەکرێ، ئینتما، بە گومانکردن لە بەرامبەرەکانمان دروست دەکرێ؟!

ئێوەی بەڕێزی سەرکردەی حزب بە درێژایی هەژدە ساڵ رۆژێک لە بەرپرسێکی دەزگا و مەکتەبە راگەیاندنەکانی خۆتان پرسیوە، بۆ فلان رۆژنامەنووسی دەزگاکەت بارگەی خۆی پێچایەوە، یان بۆ فیسار راگەیاندنکاری مەکتەبەکەت ماڵئاواییکرد؟ ئاخۆ لە ساڵیاد و بۆنەی دامەزراندنی دەزگا و کەناڵە راگەیاندنەکانتان، جگە لە بەرپرس و بەڕێوەبەری یەکەم، بۆ چرکەیەک گوێتان بۆ را و رازی کارمەندەکانی تری دەزگاکە شل کردووە، کە لە بنەڕەتدا ئەوان داینەمۆی دەزگاکانیانن؟ ئاخۆ لە ماوەی هەژدە ساڵ ئەزموونی حزبایەتی و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان، حزبەکان نەیانتوانیووە جگە لەو چەند سیما و دەموچاوەی راگەیاندن، کادیر و توانای تر بەرهەم بێنن، یان ئەوەش حیکمەتێکی دیکەی سیاسییە، تا ئەو زاتە بەڕێزانە هەر لە پلە و شوێنی خۆیاندا بن و جار نا جاریش وەکو هەنگاوێکی رووکەشی (نەک گۆڕانکاری)، شوێنەکانیان لە نێو مەکتەب و دەزگاکان ئاڵوگۆڕ بکەن؟

بەرپێزان ئێوە دەزانن نەک لە نێو ئۆرگانە حزبیەکانتان، بگرە قەدەر عەیامێکی دووریشە لە نێو مەکتەبی ناوەندی و دەزگا راگەیاندنەکانتان تەکەتول و پیاو پیاوێنە و خزم خزمێنە هەیە، تا ئەو رادەیەی زۆرجار کە حزب بەرپرسی مەکتەبێک و بەڕێوەبەری دەزگایەک دەگوازێتەوە شوێنێکی تر، ئەویش بە خزم و خوێش و عێل و عەشیرەت و پیاوەوە دەیگوێزێتەوە؟

هەموو ئەو پرسیارانە لە کاتێکدان کە دونیا پێشکەوتنێکی نوێی بە خۆیەوە بینیوە، لە نێویشیدا کوردستان تا ئاستێکی باش خەریکە پشکی ئەو کرانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی بەردەکەوێ، کە لە بەرامبەر ئەم پێشهاتەدا پێویست دەکات حزب و سەرکردایەتی حزبی کوردی لەسەر هەموو ئاستەکاندا بە جۆری بیرکردنەوە و میکانیزمی کاری خۆیاندا بچنەوە، چونکە ئێستا سەردەمی شاخ و زەمەنی رادیۆی نێو ئەشکەوت و رۆژنامەیەکی چاپی رۆنیۆ نییە، کە تەنها و تەنها خەمی گواستنەوەی چالاکییەکانی پێشمەرگە بێت، تا لە رێگەیانەوە حزب شەرعیەتی خۆی بە خەڵک بداتە قەبوڵکردن، بەڵکو ئێستا حزب پێویستی بەوەیە لە دەرەوەی زاڵکردنی گوتاری ئایدیۆلۆژی، ئاوڕ لە کۆی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگە بداتەوە و وەڵام و چارەسەری بۆ زۆرینەی پرسیار و ئاستەنگەکان پێ بێت، کە زۆرجار دەشێ ئەو وەڵام و چارەسەرییانە بە میکانیزم و گوتارێکەوە بکات، کە لە دونیابینی سیاسی و ئایدیۆلۆژی خۆی جیاواز بێت، جا ئەگەر ئەوە بۆ حزبێکی ئایدیۆلۆژی و عەقائیدی راست بێت لەو سەردەمەدا، ئەوا بۆ حزبی کوردی، کە زۆرینەیان هێڵێکی فیکری و ئایدیۆلۆژی دیاریکراویان نییە و زێدەتر لە بزووتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری و چەترێک دەچن، کە دەیانەوێ مەیلی کۆی کۆمەڵگە بە جیاوازییەکانیانەوە بۆ خۆیان کێش بکەن، کارێکە لە پێشەوەی کارەکانی تردا.

خودی ئەو پرسیارانەش پرسیارگەلی دیکەی گرنگ دەوروژێنن، کە پەیوەندییان بە تێگەیشتنی خودی حزب و سەرکردەکانیانەوە هەیە بۆ کۆمەڵێ چەمک، لە هەموویان گرنگتر چەمکی رۆشنبیر و رۆشنبیران..بەو پێیەی مەعریفەی سیاسی بەشێکی گرنگی نێو کایەی رۆشنبیری و خودی حزبیش وەک دامەزراوەیەکی مۆدێرن، ئامرازێکی کارای چالاکی رۆشنبیری و مەدەنییە. بە مانایەکی تر کارێکی ئاسان نییە بێین و مەعریفەی سیاسەت و سیاسەتکردن لە خانەی رۆشنبیری بخەینە

دەرەوە و کار و بزاڤــی حزبایەتیـش وەک پێداویسـتییەکی ژیانــی دیموکراســی بخەینــە دەرەوەی چالاکــی رۆشـنبیری، لێـرەوە پرسـیارگەلێک سـەرهەڵ دەدەن کـە راسـتەوخۆ پەیوەندیـان بـە پرسـیارەکانی پێشـەوەمانەوە هەیـە، بـۆ نموونـە تێگەیشـتنی حزبـی کـوردی و سـەرکردە لەمـڕۆدا بـۆ رۆشـنبیری و رۆشـنبیر چییـە؟ چـۆن دەڕواننـە دوانـەی پەیوەنـدی نێـوان رۆشـنبیر و حـزب؟ ئایـا بـەلای ئەوانـەوە رۆشـنبیرێک کـە ئەنـدام و کادیـری حزبـە دەبـێ بـە هەمـان چـاوی ئەندامـی ئاسـایی سـەیری بکـرێ و مامەڵـەی لـە تەکـدا بکـرێ، یـان وەزیفـەی هـەر یەکەیـان لـە نـاو حزبـدا و لـە سـیاقی زەمەنیـدا جیـاوازە؟ ئایـا ئـەوان رۆشـنبیرانێکیان دەوێ ئەندامیـان بـن، کـە شـت و رووداو و دیـاردە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کولتـوری و ئابووریـیـەکان وەک هــەن بخوێننــەوە و بیخەنــە بەردەسـتی سـەرکردایەتی، یـان وەک چـۆن ویسـتی ئایدیۆلـۆژی حـزب و دونیابینـی سـەرکردە دەیـەوێ؟

دیـارە ئەگـەر حـزب و سـەرکردە هـەر تەنهـا ئـەو رۆشـنبیرانەیان بـوێ، کـە تۆڕێکـی فراوانــی پەیوەنــدی و بەرژەوەنــدی کۆمەڵایەتــی و ئابــووری و تەنانــەت خوێــن و ناوچەگــەری وایـان لێـدەکات شـتەکان وەک خۆیـان نەگەیەننـە سـەرەوە و تەنهـا لـە خەمــی رازیکردنــی دڵــی ســەرکردەکان و پاراســتنی کورســی و ئیمتازەکانــی خۆیانیــان دابـن، ئـەوە چـی زۆرە کائینـی عەجیبـی لـەو چەشـنە زۆرە، بـەڵام ئاخـۆ ئـەوە تـا چەنـد خزمـەت بـە ئامانجـە نەتەوەیـی و نیشـتمانی و تەنانـەت ویسـت و بەرژەوەندییـە سیاســی و ئایدیۆلــۆژی و دەســەڵاتخوازییەکانی حــزب دەکــەن؟

ئێمـە کاتـێ دەڵێیـن ئاساییە رۆشـنبیر حزبـی بێت، لـە قەناعەتەوە ئەو قسـەیە دەکەین و بـە عەیـب و شـورەیی نازانیـن رۆشـنبیر حزبـی بێـت، بەڵکـو لـەو قەناعەتەشـماندا لــە یــەک کاتــدا لەگــەڵ سەردەســتەکانی حــزب و مونەزیــرە ئایدیۆلۆژییەکانیــان و رۆشـنبیرانی دەرەوەی حـزب ناکۆکیـن، چونکـە یەکەمیـان دەیـەوێ رۆشـنبیر کەسـێکی پاسـیڤ و بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان کۆیلـە بێـت و کار لەسـەر بچووککردنـەوەی ئەندامـە رۆشـنبیرەکانی دەکات، ئـەوەی دووەمیشـیان بـە رەهایـی لـە هەوڵـی بـەردەوام دایـە، کـە بەبـێ هـەڵاواردن، رۆشـنبیرانی نـاو حـزب وەک تووتـی حـزب و سـەرکردە بـە هاووڵاتـی بناسـێنێ و خەمـی سـەرەکی ئـەو، ناشـیرینکردنی رۆشـنبیرانی نـاو حزبـە، کـە هیـچ کام لـەو دوو تێـزە خزمـەت بـە پرۆسـەی رۆشـنبیری و کارابوونـی گوتـاری رۆشـنبیری رەخنەیـی ناکـەن. بـە مانایەکـی دی حـزب و سـەرکردە دەیانـەوێ رۆشـنبیری ئەندامـی

حـزب هەمیشـە شـوکرانەخواز بێـت و سـەری ئەشـهەدوبیللا بـۆ کـۆی بڕیـارەکان بلەقێنـێ، تـا هێـزی پرسـیار و گومانـی تێـدا بکـوژێ و زاتـی ئـەوە نـەکات پەنجـە بۆ ئـەو حـەرام و بـە پیرۆزکراوانـە ببـات، کـە حـزب بـە حـەرام و پیرۆزیـان دەزانـێ، لـەولاش رۆشـنبیرانی دەرەوەی حـزب گەرەکیانـە بەبـێ جیـاوازی کـردن لـە نێـوان ئاسـتی هوشـیاری و درک کردنـی ئەندامانـی حـزب، لەسـەر ناشـیرینکردنی دەنگـە رۆشـنبیر و کـراوە و رەخنەییەکانـی نـاو حـزب لەبەرچـاوی هاووڵاتیـدا خۆیـان وەک دەسـتەبژێر و تاکـە هەڵگـری گوتـاری رەخنەیـی و ژیاندۆسـت بناسـێنن، کـە بەداخـەوە زۆربـەی ئـەو دەنگانـەش ئەگـەر بـە خوێندنەوەکـەی (علـی حـەرب) کـە لـەو وەهمانـەی لـە کتێبەکەیـدا (اوهـام النخبـە) خسـتوونیەتە روو بخوێنینـەوە، دەچنـە ئـەو خانەیـە.

بەوپێیـەش کـە خـودی راگەیانـدن و کەناڵەکانـی دیوێکـی دیکـەی مەعریفـەی رۆشـنبیری و فۆڕمێکـی دیکـەی چالاکـی رۆشـنبیرین، دەکـرێ لـەو لایەنـەوە خوێندنـەوە بۆ کەنـاڵ و کاراکتـەرە دەسترۆیشـتووەکانی نێـو میدیـای حـزب بکەیـن، کـە بـە داخـەوە رۆڵـی زۆرێـک لەوانـەی بەرپـرس و بەڕێوەبـەری دەزگا و کەناڵەکانـی راگەیاندنـی حزبـن، بریتییـە لـە بچووککردنـەوەی توانـای رۆشـنبیرانی نێـو دەزگاکانـی راگەیاندنـی حـزب و هەوڵـی بەردەوامیـان بـۆ پەراوێـز خسـتن و بچـووک کردنـەوەی پانتایـی کار و دەربڕینـی رۆژنامەنـووس و راگەیاندنـکارە رەخنەگرکانـی نێـو حزبـە، تـا ئـەو ئاسـتەی زۆرجـار کاریگـەری نێگەتیڤـی ئـەوان لەسـەر تێکشـکاندنی دەنگـە رەخنەییەکانـی نـاو حـزب، ترسـناکترە لـەو تۆمەتانـەی رۆشـنبیرانی دەرەوەی حـزب بـە یـەک چـاو لـە تەنهـا روانگەیەکـەوە بـۆ رۆشـنبیرانی نـاو حزبـی هەڵدەبەسـتن، دیـارە ئـەو کارەی کـە بەشـێک لـەو بەرپـرس و بەڕێوەبـەری مەکتـەب و دەزگا راگەیاندنەکانـی حـزب دەیکـەن زۆر کەمتـر لـە روانگـەی دڵسـۆزیانە بـۆ حـزب و سـەرکردە، بەڵکـو تـا ئاسـتێکی بـەرز ئـەو هەوڵانەیـان پەیوەنـدی بـە پاراسـتنی ئـەو تـۆڕە پەیوەنـدی و بەرژەوەندییـە سیاسـی و ئابـووری و دەسـەڵاتگەرایەوە هەیـە، کـە ئـەو بەڕێزانـە لـە نێوەنـدی بڕیـاری دەزگاکانیـان و ئەوانیتـر هەیانـە.

لـەم روانگەیـەوە پێمـان وایـە جـارێ ئەرکـی وەڵامدانـەوەی دروسـت و راشـکاوانەی ئـەو پرسـیارانە دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئەوانـەی لـە هـەرەم و سـەرووی سـەرەوەی بڕیـار و دەسـەڵاتی حزبـدان لـە کوردسـتان، تـا ئـەوە نەبێـت، رەنگـە ئێمـەش نەتوانیـن چوارچێـوەی ئـەو خوێندنەوەیـە تێپەڕێنیـن و قەناعـەت بـە خۆمـان بێنیـن، کـە

حـزب و سـەرکردە دیدێکـی جیـاواز و کراوەتریـان بـۆ کاراکتـەری ڕۆشـنبیر و چالاکـی ڕۆشـنبیری نێـو حـزب هەیـە. بۆیـە لـە ئەزموونـی دونیـا چ لـە دوێنـێ یـان ئەمـڕۆ، دەیـان نموونـەی زینـدوو هـەن لەسـەر پەیوەنـدی تەندروسـت و ناتەندروسـتی نێـوان حـزب و ڕۆشنبیر، یـان دەسـەڵات و ڕۆشـنبیر، کـە دەشـێ حـزب و سـەرکردەی کـوردی ئەزموونـە تەندروسـتەکان بکەنـە پێـوەری کار، بـە پێچەوانـەوە، ئـەوا ئـەو یەکتـر ناشـیرینکردن و تۆمـەت بـۆ یـەک هەڵبەسـتنەی نێوان حـزب و ڕۆشنبیران..دەسـەڵات و ڕۆشنبیران..سـەرکردە و ڕۆشـنبیران بـەردەوام دەبێـت و لەنێـو ئـەو تەمومـژ و ناڕۆشـنیە و بـێ متمانەیـی نێـو ئـەو دوو کایەیـەدا (دەسـەڵات و ڕۆشـنبیر)، کائیـن گەلێکـی زۆری بەرپرسـی نێـو دەزگاکان سـەوڵی بەرژەوەنـدی و مشـەخۆرانەی خۆیـان دەوەشـێنن و تـا دێـت بۆشـایی نێـوان دەسـەڵات و گوتـاری ڕۆشـنبیری ڕەخنەیـی قوڵتـر دەبێتـەوە و ئەوانیـش لـە نیعمەتـی دەسـەڵات و ماددیـدا دەژیـن!

ئەگـەر بڕیـارە حـزب و سـەرکردەی کـوردی گوتارێکـی ڕۆشـنبیری ڕەخنەیـی جددیـان دەوێ (چ لـە نـاوەوەی حـزب، یـان لـە دەرەوەیـدا)، کـە دواتـر خزمـەت بـە پرۆسـەی دیموکراتیزەکـردن و کرانـەوەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و گەشـەکردنی ئابـووری کۆمەڵگـەی کـوردی و پێشـکەوتنی خـودی حـزب و پتەوکردنـی پێگـەی جەمـاوەری سـەرکردە بـکات، هەقـە بـۆ تەنهـا جارێـک ئـەو ڕاشـکاوییەی (ژەنـەڕاڵ دیگـۆل)ی فەڕەنسـی بدەنـە بەرخۆیـان، کاتـێ بـە ڕۆژنامەنووسـەکەی هـاوەڵ و هاوسـەفەری دەڵـێ «تکایـە لـە بەرامبـەر بۆچوونەکانمدا یـەک جار بڵـێ نـا، یـان وا نیـە، تـا هەست بکـەم دوو کەسـی جیاوازیـن»، کـە ئەمەیـان کـرد لەوێـدا بۆیـان دەردەکـەوێ، کـە چەندێـک لـە شـارەزا حزبـی و ڕاوێـژکارە ڕۆژنامەنووسـی و شـیکەرەوە سیاسـییەکانیان لەگەڵیانـدا ڕاسـتگۆن! کـە گومـان دەکـرێ ئـەو بەڕێزانـە وەک زۆرینـەی بەرپرسـە حزبییەکانـی بـواری ڕێکخسـتنی حزبـی، واقیعـی دروسـتی ڕێکخسـتنەکانی حـزب و ڕای خەڵکیـان وەک خـۆی بـە سـەرکردایەتی بگەیەنـن، یـان ئـەو کات بۆیـان ڕوون دەبێتـەوە کـە بۆچـی ئـەو هەمـوو شـارەزا و شـیکەرەوە و شـیرەتکار و ڕیـش سـپیانە، ڕەخنـە لـە بۆچوونێکـی سیاسـی و خوێندنەوەیەکـی کۆمەڵایەتـی و پلانێکـی ئابـووری حـزب و سـەرکردە ناگـرن، کـە ڕەنگـە پـڕ بـە پێسـتی واقیعەکـە نەبێـت، بەڕاسـت سـەرکردە بەڕێـزەکان ئـەوە ئێـوەن هێـز و ئیـرادەی ڕەخنـە و پرسـیارتان لـە ڕاوێـژکار و بەرپرسـی دەزگا ڕاگەیاندنەکانتـان کوشـتووە، یـان ئەوانـن کورسـی و ئیمتیـاز کـڕی کـردوون؟

# وتاری ڕۆژنامەنووسی

## ئایین و مرۆڤ.. ویست و ئازادی

جوانترین شتێک کە مرۆڤ لە ژیان و مامەڵەی ڕۆژانەیدا لە تەک ئەوانیتری دەوروبەری پەیڕەوی بکات، ڕێزگرتنی بەرامبەر و قبوڵکردنیەتی بە کۆی جیاوازییەکانی، ترسناکترینشی لەو پرۆسەیەدا بەهەڵە خوێندنەوە و سڕینەوەی هەمان ئەو بەرامبەرەیە.

ئاساییە من وتۆ، ئەم و ئەو، هاوڕا نەبین و لەسەر هەر پرس و دیاردە و دەرکەوتەیەک نەک هەر خوێندنەوە و تێگەیشتنی جیاوازمان هەبێت، تەنانەت حاڵەتێکی زۆر تەندروست و سروشتیشە کاتێک لەسەر دیدو بۆچوونی یەکتری قسە بکەین و ڕەخنە بگرین، بەڵام حاڵەتی ناتەندروست و نەخۆش ئەوەیە، کە لەسەر حسابی دونیابینی و ڕوانینی خۆمان کۆی شتەکانی بەرامبەر ڕەت بکەینەوە و سەرجەمی ڕاستییەکان لای خۆمان گل بدەینەوە و پێمان وابێت بەتەنیا خۆمان خاوەنی ڕەهای یەکەم و دواهەمین ڕاستییەکانی ژیان و بوونین. ترسناکتریش لە هەموو ئەمانە ئەوەیە، کاتێ لۆژیکی خوێندنەوەی بەرامبەرمان نەبێت و نەمانتوانی لە تەکیدا پردێکی گفتوگۆی شارستانی دروست بکەین، ئیدی ڕەوایی بدەینە خۆمان و ناچار لەبەر بێ تیفاقی و هەناسەسواری و بێ سەوادیمان، لەسەر پێستی کەسایەتی و ڕووشاندنی بوون و بەهای مرۆییانەی بەرامبەرەکەماندا دوا بزمار لە تابووتی وتووێژ و یەکتری خوێندنەوە بدەین.

من بەردەوام باوەڕێکی نەگۆڕم بەو کۆنسێپتە هەیە، کە دەڵێ پێویستە هەر کەسێک بەڕێگای خۆی بچێتە بەهەشت، بەمانایەکی تر ئەو پرەنسیپەی کە مرۆڤ تا ئەوپەڕی ئازادە لە ئینتیماکردن و نەکردنی، باوەڕبوون و نەبوونی بە ئایین، جا هەر ئایینێک بێت، هەر ناچار کردنێکی ئەو کەسە و هەر جۆرە فشارکردن و هەژموون کردنە سەری، بەوەی کۆیلەی میراتی پێش خۆی بێت و نائاگایانە بخرێتە نێو پرۆسەی بە پیرۆزکردنی ئایین و کەسایەتییەک، ئەوا ئەم شتە تەواو بە مانای کوشتنی کەسایەتی و بەهای مرۆیی ئەو کەسە دێت، بەڵام

ئەمەش هەرگیز بەومانایە نیە، کە ئەو کەسە پێی وابێت ئەوانەی باوەڕیان بە ئایین هەیە و لە نێو پرۆسەی پەرستندان، مافی بەرخوردبوون لەو ئازادییەی خۆیانیان نیە، بە پێچەوانەوە، چۆن بۆ من ڕەوابێت بڕوام بە ئینتمای ئایینی نەبێت، ئاواش مافی کەسێکی تره و بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی بۆ بوون و ژیان، ئایین پەرست بێت، وەک چۆن مافی کەسی ئایینداریش نیە بە ویستی خۆی حوکمی رەها بەسەر من و ئەوانیتردا بسەپێنێ، کە بچینە ژێر باڵی دونیابینی ئەو، ئەگینا گومڕا و زیندیق و مولحید و مورتەدین.

دەڵێن مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت، ئەگەرچی ئەو لەدایک بوونەیشی لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی خۆیەتی، کەوابێت وەک چۆن بە ئازادی لە دایکبووە، باوەڕی تەواویشم بەوە هەیە، کە دەبێ ئازادبێت لە هەڵبژاردنی ئینتماکانی خۆی و بەتایبەتیش ئایینی. راستە لە کۆمەڵگا نەریتگەرا و باوەڕ سالارییەکاندا مرۆڤ بێ دەستی خۆی و بەناچاری دەخرێتە چوارچێوەی ئینتمای ئایینی، لەگەڵ ئەوەش کە تا ئەم چرکەیەش ئەو مرۆڤە لەسای ئەو کۆمەڵگا داخراوە خاوەن دونیابینییە تاک رەهەند و رەهایانەدا ئازاد نیە، بەڵام دەبێت ئەو ڕۆژە هەر بێت، کە ئەو مافە سەرەتایی و سروشتییەی مرۆڤ بۆی بگەڕێتەوە، کە کوردستان بەشێکی نێو هاوکێشەکەیە. گومانیشی تێدا نیە ئەو پرسی گەڕاندنەوەی ئازادییەش هەوڵ و خەبات و رەنگە خوێنیشی بوێت، واتە پێویستە ئەو ڕۆژە بێت مرۆڤی ئێرە و ئەم جوگرافیا بەلا لێدراو و کۆتکراوەی حوکمە رەهاکان، بە ویست و ئیرادە و تەواوی ئازادی خۆی ئینتمای ئایینی خۆی بۆ ( ئیسلام، مەسیحی، یەهودی...هتد) دەسنیشان بکات، یان تەنانەت نەچێتە ژێر سێبەری هیچ کامێکیشیان.

تۆ کە ئیسلام بوون بۆ خۆت بەگەورەیی و سەروەری دەزانیت، دەبێ ڕێز لە ئیرادە و ویستی ئەوانەش بگریت، کە ئایینی تۆیان قبوڵ نیە، نەک بەمانای رەتکردنەوەی تۆ و بیرو راکانت و دژایەتیکردنیان، بەڵکو بەو واتایەی ئاساییە وەک تۆ ئەوانیش ئازادن لەوەی نەچنە ژێر بڕواکانی ئیسلام (بەوانەیش کە هاوخوێن و رەگەز و زمانتن)، ئەوە مافێکی رەوای خۆیانە لە نێوان ئایینەکان و تەنانەت بێ ئایینیشدا سەر پشک بن. ئیدی پێویست دەکات هەموومان دەستبەرداری ئەو بیرکردنەوە سەقەت و روانینە تەسک و دونیابینییە رەهایەی خۆمان بین، کە لەسەر ئەو پرەنسیپە بیناکراوە، کە دەڵێ ئەوەی لەگەڵم نەبێت دژ و دوژمنمە.

بــه مانایەکــی روونتــر، دەبــێ فێــری ئــەوە بیــن وەک چــۆن بــۆ کەســانێک (زۆر گوتــن قورئــان خۆشــە)، ئــاواش مافــی رەوای خەڵکانێکــی تــرە، کــە بــۆ ئەوانیــش (زۆر گوتــن گۆرانــی خــۆش بێــت). بۆیــە و هــەر لــەم دیدگایــەوە پێویســتە کۆمەڵــگای کــوردی بــە کــۆی کایــە و تاکەکانمانــەوە بــە ســەرجەمی سیســتەمی بیرکردنەوەمــان دابچینــەوە و بگەینــە ئــەو بڕوایــەی، مــەرج نیــە ئــەوەی لای تــۆ حــەڵاڵ و حەرامــە، بەســەر خەڵکــی دیکــەدا بیســەپێنی.

ئەگــەر تــۆ ئاســودەیی لــە کونجــی مزگەوتێکــدا دەبینــی، ئــەو دڵنیایــی لــە ســوچی یانەیەکــدا بــەدی دەکات... ئەگــەر تــۆ بــە زیکــر و تەهلیــل گیانــت ئۆقــرە دەگرێــت، ئــەو بەســەمای بــەژن زراڤێــک و شــیعرێکی تــەڕ گیانــی ئــاو دەخواتــەوە... ئەگــەر تــۆ لــە توێــی وەعــزی پیاوێکــی ئایینیــدا ڕۆشــنایی ڕێــگا دەدۆزێتــەوە، ئــەو لــە ســێبەری کتێبەکانــدا بــەدوای تروســکاییەکانی ژیــان دەگەڕێــت... ئەگــەر تــۆ لــە نێــو دێــری پەرتوکــە پیــرۆزەکان و لــە بەرامبــەر رووگــەی پەرستگاکەتدا بــەدوای راســتییەکان وێڵــی، ئــەو لــە نێــو پێچەکانــی گومانــدا شــوێنپێی بــوون و چارەنووســی خــۆی دەپشــکنێ... ئەگــەر و ئەگــەر و ئەگــەر، کــە هەمــوو ئەوانــە مافــی هــەر یەکێکتانــە......

گرنــگ هەردووکتــان مافــی رەوای خۆتانــە و هیــچ کامتــان لەویتــر مرۆڤتــر و باڵاتــر نیــن، هــەردوو لاتــان پێویســتە ئــازاد بــن لــە بیرکردنــەوە و شــێوازی ژیــان، بــەڵام وەختــێ یەکێکتــان هێڵێکــی راســت و چەپــی رەش بەســەر ئــەوی تــردا بێنــێ و بوارێــک بــۆ وتووێــژ نەهێڵێتــەوە و سووربێت لەســەر خاوەنــداری کــۆی حەقیقەتــەکان و بــە ڕەهایــی و پێشــوەختە بڕیــار و حوکمەکانــی بەســەر ئــەوی دیکــەدا ببەشــێتەوە، دەبــێ ئــەو کەســە گومــان نــەک تەنهــا لــە خــۆی بــکات، بگــرە لــە ســێبەری خۆیشــی بــکات و بزانێــت خــودی ئــەو سروشــت و بونیــاد و پێکهاتــەی خــۆی و ئــەو شــتەی بــاوەڕی پێــی هەیــە و وەکــو ڕێبــازی ژیانــی خــۆی دیاریکــردووە، نقومــی تاریکــی و گومڕایــی و جەهلــن!!

## ئایا ئیسلامی سیاسی ئەلتەرناتیڤە؟

«کاتێ واعیز و وتاربێژەکان هەست دەکەن خەڵک گوێیان لێناگرێ، باشترە ساتێک بچنەوە لای خۆیان و لە ناخی دڵیان رامێنن، تا بزانن خوا لەناو دڵیان دانیشتووە یان نا — راما کریشنا»

بەڕاست ئیسلامی سیاسی دەتوانێ لە ئاستی گوتاری نەتەوەیی و نیشتمانی، نموونە و ئەزموونێکی باشتر لە ئەمڕۆمان پێشکەش بکات؟ ئایا بەراورد بەم دوو هێزەی ئێستا لە دەسەڵات دان، ئەو هێزانەی ئیسلامی سیاسی وێڕای جیاوازی رووکەشی گوتار و شێوەی کارکردنی سیاسییان، دەتوانن ببنە ئەلتەرناتیڤی باشتر لە ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتوریدا؟ ئایا دەشێ ئیسلامی سیاسی (بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی دوێنێ و ئەمڕۆی ناوچەکە و وڵاتانی دەوروبەرمان) بە ئۆپۆزسیۆنی پۆزەتیف بناسین؟ ئاخۆ ئیسلامی سیاسی دەتوانێ خواستە دیموکراسی و خەونە مەدەنی و ئازادییە کەسییەکانمان مسۆگەر بکات؟

لە ئاستە نیشتمانی و نەتەوەییەکەی نەک پێمان وانییە ئەو هێزانە دەتوانن لە واری کرداریدا شتێک بکەن، کە لە ئاست خەونی خەڵک و قەبارەی قوربانیدانەکانی دابێت، بەڵکو بڕوابوونیان بەو بنەمایانە، لە تاکتیکێکی سیاسی زیاتر، شتێکی دیکە نییە، لەبەر ئەوەی بەرمەبنای بیرکردنەوە ئایدیۆلۆژی و عەقیدەییەکەیان، قەوارە و سیستەمێکی فراوانتر لە قەوارەی نەتەوە و جوگرافی سەیری دەکات، کە ئەویش (ئوممەی ئیسلامی)یە، لە چەشنی یۆتۆپیاکەی (تۆماس مۆر) و زیندانەکەی سۆسیالیزمی ئۆکتۆبەر، بۆیە بینینی خەونێکی نیشتمانی و نەتەوەیی لە سای بیرکردنەوەیەکی لەم چەشنەدا، جگە لە خۆ خەڵەفاندن و فریودان شتێکی تر نییە، رەنگە بە سووک سەیر کردن و رێز نەنان لە سەروەری و سیمبولە نەتەوەییەکان، روونتر بڵێین بەها دانەنانیان بۆ بەشێک لەو هێمایانەی بریتین

لـه پێکهاتـی شووناسـی نەتەوەیـی بـوون نزیکتریـن بەڵگـە و باشـترین گەواهیـن، واتـە کاتێـک هێزێکـی ئیسـلامی هیـچ بەهایـەک بـۆ ئـاڵا وەک رەمـزی بوونـی نەتەوەیـی و سـرودێکی نیشـتمانی دانەنـێ، ئیـدی بـڕوا هێنـان بـەوەی کـە ئـەو هێزانـە دەیانـەوێ و مەبەسـتیانە قۆناغـی رزگاری نیشـتمانیمان بگەیەننـە دوا لوتکـەی ئاسـۆ، لـە نوکتەیەکـی بـێ مانـا و خـۆ هەڵخەڵەتانـدن زیاتـر نییـە.

دیـارە ئـەم قسـانەمان بـەو مانایـە نیـن، کـە ئـەو هێزانـە بیریـان لـەو پرسـانە نەکردۆتـەوە، بـە پێچەوانـەوە، گرنگیدانیـان بـەو پرسـانە لـە گوتارەکانیانـدا پانتاییەکـی دیاریـان بەرکەوتـووە، بـە تایبەتـی لـە شـوێنکاتی دیاریکـراو و وێسـتگە و قۆناغێکـی ژیانـی سیاسـی کوردسـتاندا، بـەڵام ئـەم بانگەشـە و گوتارانەیـان سـەرچاوە لـە بڕوابوونیـان بـە پرسـە نیشـتمانی و نەتەوەییەکانـەوە هەڵنەقـوڵاوە، بـە دیوێکـی تـر ئـەو گوتارانەیـان پشـت بەسـتوو نیـن بـە بڕوابوونێکـی پتەویـان بـەو خەونانـە و دوور و نزیـک شـوێنی بایەخـی پـڕۆژە فیکـری و سـتراتیژە درێـژ خایەنەکانیـان نەبـوون و نیـن، بـە قـەد ئـەوەی هەوڵێکـن بـۆ چاوبەسـتەکی شـەقام و کارکـردن لەسـەر ژێـی سـۆزی خەڵـک و قۆسـتنەوەیان لـە ساتەوەختێکی دیاریکـراو و سنووردارادا، بـۆ نموونـە لـە سـاتەوەختی هەڵبژاردنـەکان زۆرتریـن شـتێک کـە ئـەو هێزانـە پەنـای بـۆ دەبـەن، بانگەشـەکردنیانە بـەوەی خودانـی پـڕۆژەی نیشـتمانی و نەتەوەییـن، بـەڵام دواجـار ئـەو هـەوڵ و ختوکەدانەیـان تەڵەیەکـی سیاسـییە بـۆ ئـەوەی گەمـەی دەسـەڵات ببەنـەوە، قسـەکەی (مـەلا کرێکار)یـش بەسـە بـۆ ئـەوەی کـە ئەگـەر ئـەو هێزانـە گەمەکـە ببەنـەوە، (ئەزموونەکەمـان و دەسـکەوتەکانی دەبەنـەوە سـەر سـفرەی بەغـدا)، چـش لـەوەی ئێرانیـش پشـکی لـەو خوانـە دەبـێ، ئەمـەو ئەگەرچـی خاوەنـی ئـەو قسـەیەش بـۆ چـاوی رەشـی کوردبـوون ئـەو تەنزیـرەی نەکـردووە، هێنـدەی ئـەوەی تۆخکردنـەوەی نەیـاری و دوژمنایەتـی خۆیەتـی بـۆ پـڕۆژەی سیاسـی ئـەو هێـزە ئیسـلامگەرایانەی کوردسـتان!

ئەگـەر بـە دیـوی هاتنـەدی خەونـە کۆمەڵایەتـی و مرۆییـەکان و پـڕۆژەی ئۆپۆزسـیۆن بوونیـش بڕوانینـە بیرکردنـەوە و دونیابینـی و ئامانجە دوورەکانی ئیسـلامی سیاسـی، ئەوا لەوێـش رووبـەڕووی گومـان و دوو دڵیـەک دەبینـەوە، بـەوەی چـۆن پڕۆژەیەکـی سیاسـی باوەڕسـالار و بانگەشـەکاری حەقیقەتـی رەهـا و پەیوەسـت بـە نەریتگەرایـی، کـە حوکمێکـی پێشـوەختە و تەفسـیرێکی حـازر بەدەسـتی بـۆ هەمـوو رەفتارێکـی مـرۆڤ

پێیە و کۆمەڵگە لە چوارچێوەی دەقێکدا گیر دەکات، دەقێک کە بەرای ئەوان قابیلی قسە لەسەرکردن و تەئویل نییە، ئیتر چۆن چاوەڕێی کرانەوەیەکی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنێکی کولتوری لەو پرۆژەیە دەکرێ؟ پرۆژەیەک کە لەسەر بنەمای کۆمەڵێ ئەحکامی ستاندارد و نەگۆڕ، بەبێ رەچاوکردنی گەشەی شارستانییەتی مرۆڤایەتی و کرانەوەی دونیا و گۆڕان و گەشەسەندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا، رەفتار و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان چوارچێوەدار دەکات، نەک ناتوانێ موژدەی کۆمەڵگەیەکی نوێ و ئەزموونێکی پێشکەوتووتر بداتە خەڵک، بگرە هێندەی تر لە حاڵەتی متبوون و دۆگمایی دەیانهێڵێتەوە.

خۆ ئەگەر بە دیوی ئۆپۆزسیۆن بوون سەیری ئەو پرۆژەیە بکەین، ئەوا لە بنەڕەتدا و وەک ئەزموونەکانی دوێنێ و ئەمڕۆی دەورووبەر و ناوچەکە پێمان دەڵێن، ئەو پرۆژەیە هەرگیز ناچێتە خانەی ئۆپۆزسیۆنێکی ئۆزەتیڤ، چونکە دوور نییە لە چرکەساتێکدا نموونەیەکی وێرانتر لەوەی جەزائیر و ئەفغانستان و ئیخوانەکانی میسرمان پێشکەش بکات، کە ئەو کات کۆمەڵگە خۆزگە بە کفن دز بخوازێ. ئەوەی ئێستا ئەو هێزە ئیسلامگەرایانە لە پاڵ ماسکی دیموکراسیەت و ململانێی سیاسی و مەدەنی دەیانەوێ لێیەوە بپەڕنەوە سەر عەرشی دەسەڵات، ئەگەر بواری هێزێکی جەماوەری و ماددی و لۆجستی و سەربازیان هەبوایە، دیموکراسیەت و ململانێی سیاسی و پرۆسەی هەڵبژاردنیان بە عەلاگەی پشت مێزی بارەگاکانیان هەڵدەواسی و یارییەکەیان لەو موجامەلە و چاوباشقاڵێ کردنە لەگەڵ خەڵک و دەسەڵات دەگۆڕی بۆ کودەتا و بە خوێن یەکلایی کردنەوەی هاوکێشەکان، چش لەوەی بە گەڕانەوە بۆ عەقڵیەتی پەڕگیر و بیرکردنەوەی باوەڕسالار و حەقیقەتی رەهاگەریان، ئەگەر بێنە سەر تەختی دەسەڵات هەرچی ناکۆک بە دونیابینی و پرۆژە سیاسییەکانیانە جارانی سفری دەکەنەوە، ئەوەش تۆمەت و بوختانێک نییە بە میزاجی خۆمان بە هێزە ئیسلامگەراکانەوە بلکێنین، بەقەد ئەوەی بانگەشکردن و باوەڕبوونیان بە تەنها یەک حەقیقەت و دابەشکردنی دونیا بەسەر خێر و شەڕ و بەشینەوەی موژدەی بەهەشت و دۆزەخ، باشترین بەڵگەن لەسەر ئەو قسانەمان.

وەکوتر ئەگەر قسە بێتە سەر بنەما دیموکراسی و خەونە مەدەنی و ئازادییە

گشـتی و تاکـە کەسـییەکان، ئـەوا بـەر لەهـەر هێـز و پڕۆژەیەکـی سیاسـی، ئیسـلامی سیاسـی دەکەوێتـە بـەردەم گومـان و پرسـیار. بـەو پێیـەی دیموکراسـییەت و بنەمـا و پرەنسـیپەکانی لـەلای ئـەوان ئامـرازن، نـەک ئامانـج، چونکـە لـەم ڕۆژگارەدا قـەدەری واقیعێکـی سیاسـی جیهـان هێـزە ئیسـلامگەراکانی ناچـار کـردوون بچنـە ژێـر بـاری قسـەکردن لـە دیموکراسـییەت، ئەگینـا ئـەوان لـە بنەڕەتـدا بڕوایـان بـە پرەنسـیپەکانی شـورا هەیـە، کـە ئەمـەش لەگـەڵ دیموکراسـییەت ئاسـمان و ڕێسـمانیان نێوانـە، هـەر بـۆ نموونـە بنەمـای شـورا لەسـەر بەیعـەت دانـە، کـە ئەویـش حوکمـی نێـو دەقـەکان دیـاری کـردووە، کەچـی دیموکراسـییەت گەڕانەوەیـە بـۆ ئیـرادەی تـاک خـۆی.

بەداخـەوە ئیسـلامی سیاسـی دوای شکسـتی ئەزموونەکانـی لـە دونیـای ئیسـلامی، چ لـە بینینـی ڕۆڵـی ئۆپۆزسـیۆن، یـان لـە گرتنـە دەسـتی دەسـەڵات، دێـت و دەیـەوێ بەنـاوی دیموکراسـییەت و لـە پـاڵ بانگەشـەکردن بـۆ بنەمـا دیموکراسـییەکانی حوکـم و ژیانـی سیاسـی، کڵاوێکـی مـەزن بنێتـە سـەر خـودی دیموکراسـی، ئاخـر لـە بنەڕەتـدا و بـە گەڕانـەوە بـۆ دەق و شـرۆڤە و تەنزیـری بیرمەنـد و تیۆریسـێنەکانی ئیسـلامی سیاسـی، بـە کـۆی ڕەنـگ و دەنگەکانـی، دواجـار دیموکراسـییەت جگـە لـە بیدعـە و داهێنانێکـی کوفـری ئەوروپـا شـتێکی تـر نییـە.

دیـارە ئـەو سـەرنجانەمان بـۆ ئـەوە نیـن، کـە بڵێیـن دیموکراسـیەت دەق و چوارچێوەیەکـی پیـرۆز و بـێ خەوشـە، بـە پێچەوانـەوە لەنـاو خـودی وڵاتانـی لانکـەی سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی دیموکراسـی، تـا ئێسـتاش قسـە لەسـەر بۆشـاییەکانی نێـو دیموکراسـییەت دەکـرێ، بـەڵام تـا ئێسـتا گونجاوتریـن و شـیاوترین شـێوازی دەسـەڵات و حوکمکـردن بـووە لەبەرامبـەر دەسـەڵاتی دیکتاتـۆری و تۆتالیتـاری و ڕەهاگەرایـی، بەڵکـو قسـەی ئێمـە لەسـەر ئـەو گەمـە جەهەننەمییـەی ئیسـلامی سیاسـی و فێڵەکانیەتـی لەنـاو بازنـەی دیموکراسـییەت، کـە دواجـار سـەری دیموکراسـییەت و بەیەکـەوە ژیانـی سیاسـی و ئایینـی و مەزهەبـی دەخـوات و هەمـووان ناچـار بـە پۆشـینی یـەک ڕەنـگ و گوێبیسـتی یـەک دەنـگ دەکات.

ئەگەریـش قسـە بێتـە سـەر کۆمەڵگـەی مەدەنـی و ئازادییـە کەسـییەکان، کـە ئـەوەی دووەمیـان کۆڵەگـە و بنەمایەکـی سـەرەکی یەکەمیانـە، ئـەوا ئیسـلامی سیاسـی بـە گەیشـتنی بـۆ کورسـی دەسـەڵات هەمـوو ئـەو خـەون و خۆزگانەمـان ژێـر پـێ دەخـات، وای لـەوەی ئەگـەر لـە خوێـن سوریان نـەکات!

بەو پێیەی کۆمەڵگەی مەدەنی گەڕانەوەیە بۆ عەقڵ و تاکگەری و ئایین و پەرستن دەخاتە دەرەوەی هاوکێشەکانی سیاسەت و دەسەڵات بەگشتی و بواری پەروەردە بەتایبەتی و بەها و سەروەری بۆ تاکە کەس و ئازادییەکانی دەگەڕێنێتەوە، کە لە دیدی دونیابینی و عەقیدی ئیسلامی سیاسی ئەو بنەما و پرەنسیپانە مەحکومن بە تەکفیر و سەر بەرەو ئیلحاد دەچن، بە هیچ کلۆجێک لە فەرهەنگی یاسا و رێسا و حوکمەکانی ئەو هێزانە جێگایان نابێتەوە، چونکە دواجار ئیسلامی سیاسی هەموومان، بە کردار و گوفتار و رەفتارەوە دەباتەوە بەردەم سەنگی مەحەکی حوکمە رەهاکانی دەقگەلێکی بە پیرۆز کراو، کە لە دەرەوەی حەقیقەتی رەهای خۆی بڕوای بە هیچ حەقیقەتێک نییە.

دواجار دەپرسین: ئەگەر پڕۆژەیەک منی مرۆڤ لە هەرچی بەهای مرۆیی و تاکگەری و نیشتمانی و نەتەوەیی و خەونی دیموکراسی و مەدەنی هەیە دابشۆرێ و ناچارم بکات مل بۆ حوکم و دەسەڵات و حەقیقەتی رەها و بە پیرۆز کراوی ئەو بدەم، چ گاڵتەجاڕییەکە بە دەستی خۆم، بە دەنگی خۆم، ئەو چاڵە بۆ خۆم هەڵبکەنم و بچمەوە نێو دونیای جەهل و خورافەی پشت ماسکی پیرۆزی و بە پیرۆزکردنەوە؟!

## تارمایی سەلەفیەت و ئاسۆی کرانەوە..

هەرچەندە دڵنیام کە تا دێت ڕەوتی گۆڕان و تەوژمی ریفۆرم و هێزی پێشکەوتووخواز، کە بەرهەمی بێداربوونەوەی ویژدان و هوشیاری تاکەکانە، خەریکە بەرەکەی فراوانتر دەبێت و وا بچێت لەباری دایە هەر هیچ نەبێت، نەوەی نوێ، نەوەیەک کە بە حوکمی پێدراوەکانی ئەمڕۆی دونیا و هەلومەرجەکان نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری موژدەکانی نەریت و باوەڕسالاری و تەلقینەکانی ئایدیۆلۆژیا و چیتر ئامادەیی ئەوەیشی تێدا نییە گوێ بۆ هەموو ئەو موژدە و وەهمانەیان شل بکات و کات و تەمەنی جوانی خۆی بە دیاریانەوە بکوژێ، ڕۆژانەش دەبینین و دەبیستین کە چۆن و تا چ ئاست و بە چ شێوە و چەندین میکانیزم ئەو نەوەیە بەرەنگاری واقیع دەبێتەوە، ئەو وەڵامدانەوە و هەراسان بوون و بێزارییەی نەوەی نوێ لە هەمبەر سەنگەرەکانی کۆنەخوازی و سەلەفیەت و دۆگمایی هەروا لە خۆڕا نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوە و بەرهەمی ئەو نالەبارییە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەیە، کە ئەو هێزە کۆنزەرفاتیفانە هێناویانەتە ئارا و سەرلەبەری کۆمەڵگایان گیرۆدە و نیگەران کردووە.. لەم ئاستانەیەدا و وەک گریمانە، ئەگەر بەرهەمی ئەو دڕدۆنگییەی دەسەڵاتی کوردی لە نێوان ملکەچ بوون و سەر لەقاندنی بۆ گوتاری سەلەفییەت و خواستی تیۆکراسییانەیان و بانگەشەکانی خۆی بۆ دیموکراسییەت و کرانەوە و کۆمەڵی مەدەنی، سەرلەنوێ دەرکەوتنی خەلافەت و بەرزبوونەوەی کێرڤی سەلەفیەت و سەرکەوتنی مەعریفەی شمشێر بێت، بە ڕاشکاوی دەیڵێم ئەگەر لە کونی دەرزیشدا بێت بای بای لەم جوگرافیا نەگبەتە دەکەم و ئەم سەرزەمینە بەڵا لێدراوە بە جێ دێڵم..ئەوە تەنها گریمانەیەکە و بەس، ئەگینا گومانم لەوە دانییە، کە بۆ بەرگرتن لە سەرلەنوێ پەخش بوونەوەی جەهلی سەدەکانی شمشێر و باڵادەستی گوتاری توندڕۆیی و کارابوونەوەی هێزی کۆنەپارێز و عەقڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دیوەخان، پێویست بە پشوو درێژی دەکات، تەنانەت دەبێ کاراکتەرەکانی نێو بزووتنەوەی گۆڕان بۆ زۆرترین قوربانیدان ئامادەبن.

ئـەو پێشـەکییەم بۆیـە نووسـی تـا لـە رێگەیـەوە بچمـە سـەر کرۆکـی بابەتەکـە، کـە ئەویـش هەژمـوون و هەڕەشـەی کایـەی ئایینییـە لـە کوردسـتان بـە سـەلەفی و ناسـەلەفی، بـە حوجرەکانـی مزگـەوت و بارەگاکانـی حـزب، بـە توندڕۆ و بەنـاو میانـڕۆ، بـۆ سـەر سروشـت و ماهییـەت و چییەتـی و ناوەڕۆکـی دەسـتوری باشـووری کوردسـتان.

رەنگـە قسـەکردن لەسـەر یاسـای بنەڕەتـی، یاخـود دەسـتور، لـە هـەر وڵاتێکـدا زێدەتـر ئەرکـی شـارەزایانی بـواری یاسـا بێـت، بـەڵام ئەمـە هەرگیـز بـەو مانایـە نییـە، کـە هـەر یەکێکمـان وەک هاوڵاتـی و بـەو پێیـەی چارەنووسـی خۆمـان و نـەوە دوای نەوەکانمـان بـەو دەسـتورەوە بەنـدە، راوبۆچوونمـان لەبـارەی هەنـدێ لـە رەهەنـدە نەتەوەیـی و نیشـتمانی و بگـرە مرۆیـی و مۆراڵـی و کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکانی نەخەینـە روو، کـە خـودی ئـەو کایـە و رەهەندانـەش لـە توێـی چەمـک و دەسـتەواژە و داڕشـتنەوەی یاسـاییدا هەمـوار دەکرێـن. بـە واتایەکـی دی هەمـوو ئـەو رەهەندانـە شـەرعیەتێکی یاسـایی و کۆنکرێتـی وەردەگـرن (دوای ریفرانـدۆم) و کاتێکیـش پەسـەند کـران، ئیـدی دەبـن بـە دەقـی پیـرۆز و ئومێـدی سـەر لـە نـوێ ئاڵوگـۆڕ و هەموارکردنیـان نامێنـێ (هـەر هیـچ نەبێـت لـە رۆژهـەڵات وایـە و کوردسـتانیش بەرهەمـی منداڵـدان و جوگرافیـای ئـەو هوشـیارییە پاوانخـواز و دیکتاتۆریەتـەی رۆژهەڵاتـە !!).. بۆیـە پێویسـتە بـەر لـەوەی دوا رەشنووسـی دەسـتوورەکە هەمـوار بکـرێ و ئامـادە بکـرێ و رابگەیەنـرێ و بخرێتـە دەنگـدان، دەبـێ هەمـوو هاوڵاتییەکـی ئـەم نیشـتمانە، کـە کـورد و ئاشـوور و ئەرمـەن و کلـدان و تورکمـان و ئیسـلام و مەسـیحی و ئێزیـدی و کاکەیـی و سـابیئە و ئەهلـی حـەق و چـی وچیتـری لێیـە، قسـە و راو سـەرنجەکانی خۆیـان لەبـارەی یەکـە بـە یەکـەی برگـە و بەنـد و ماددەکانـی ئـەو دەسـتوورە بخەنـە روو، (نـەک وەک سـەرۆکی لیژنـەی مافـی مرۆڤـی پەرلەمانـی باشـووری کوردسـتان، کـە بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ رای خەڵـک و بەبـێ ئـەوەی هێشـتا هیـچ شـتێ لـەو بـوارە ئاشـکرا و روون بێـت، یەکلایەنـە بڕیـاری دا و رایگەیانـد، کـە ئیسـلام ئایینـی فەرمـی و سـەرەکی کوردسـتان و شەریعەتەکەیشـی سـەرچاوەی بنەڕەتـی دەسـتوورەکەی دەبێـت، ئەوەیـە پارێزگاریکـردن لـە سـادەترین مافەکانـی مـرۆڤ، کـە بڕیاردانـە لەبـری خەڵـک و بەنـاوی ئـەوان!!).❊

لەوانەیـە بۆخـۆم دونیایـەک سـەرنج و تێبینیـم لەسـەر دەسـتوورەکە هەبێـت، کـە جـارێ تاکـو دوا رەشنووسـی هەموارکـراو ئامـادە دەکـرێ و بـە فەرمـی لەلایـەن

پەرلەمانـی کوردسـتان رادەگەیەنـرێ قسـەیان لەبـارەوە ناکـەم، بـەڵام پێـم باشـە بـاز بەسـەر ئـەو هـەراو زەنایـە نـەدەم، کـە هێشـتا هیـچ نەبـووە و کـورد گووتەنـی: ( نـە رسـترایە و نـە پەشـترایە، بێشـکەی بـۆ حـازر کرایـە!)، بڵندگـۆی مزگـەوت و مەجلیسـی حوجـرە و هێـزە سـەلەفی و ئیسـلامگەراکان بـە کـۆی رەنـگ و دەنگییانـەوە ناویانەتـەوە. بـە تایبەتـی ئـەو هەڕەشـە و گوڕەشـەیەی کـە ئەگـەر ئیسـلام ئایینـی سـەرەکی و فەرمـی کوردسـتان و شـەریعەتەکەی سـەرچاوەی بنەڕەتـی دەسـتوور نەبێـت، شـەقام دەوروژێنـن (کـە وروژاندنەکـەش دیـارە و زۆر لـە فەتـوای تـەڵاق خسـتنی مـەلای خەتـێ بـۆ خەڵکـی روانـدز لـە سـەردەمی پاشـای گـەورە دوورتـر نابێـت، لـە پێنـاو سـەروەری خەلیفـە!!)، ئەگینـا لـەوە گاڵتەجـاڕی تـر ئەوەیـە، پەنـا بـۆ دادگای دەسـتووری عیراقـی عروبـە دەبـەن. بێگومـان مەبەسـت و ئامانجـی پشـتی ئـەم گوتارەشـیان زۆر ئاشـکرا و روونـە، دیـارە لـە مەملەکەتێـک و لـە سـای ئەزموونێکیشـدا، کـە سـەرکردە و بەرپرسـەکانی سـەری زمـان و بنـی زمانییـان دیموکراسـییەت و کۆمەڵـی مەدەنـی و تێکـەڵ نەکردنـی سیاسـەت و ئاییـن بێـت و حزبەکانـی لـە کەناڵەکانـی میدیـا سـوپەر عەلمانـی بـن و لـە دیوەخـان و حوجرەکانیشـدا فرمێسـک بـۆ خەلافـەت بڕێـژن، ئـەو عەنتەریاتـەی هێـزی سـەلەفی و تونـدڕۆ ببینیـن و هەڕەشـەکان قبـوڵ بکرێـن و قـڕو قەپیـان لێبکـرێ، ئـەم هەڵوێسـتەیان جێگـەی گومـان و پرسـیار و هەڵوەسـتەکردنە!

بەڵـێ ئاسـاییە و وەک هـەر پێکهاتەیەکـی تـری ئیتنـی و مەزهەبـی، مافێکـی رەوا و سروشـتی ئـەو کـەس و هێزانەیـە، کـە لەتوێـی دەسـتووردا وەک هـەر پێکهاتێکـی تـری ئیتنـی و مەزهەبـی رێـز لـە بـاوەڕ و ئینتمایـان بگیـرێ و ئـازادی تـەواوی پیادەکردنـی سـروت و رێوڕەسـمە ئایینییەکانیـان بدرێتـێ، بـەڵام نـەک بـەو مانایـەی سـەرچاوەی دوا بڕیـارەکان هـەر خۆیـان و دونیابینـی و دەقەکانـی ئـەوان بـن، ئیـدی ئـەو فـرت و فێـڵ و چاوبەسـتەکی زۆرینـە و کەمینـەی پشـت ماسـکی دیموکراسـی بـاوی نەمـاوە، چونکـە دیموکراسـی یـەک دیـوی هەیـە و تـەواو، ئیتـر یـان بـاوەڕت پێـی هەیـە یـان نـا.

سـەیری ئـەو گاڵتەجاڕییـە بکـەن، هێشـتا هیـچ نەبـووە و لـە دەسـپێکی خـۆ بیناکردنیـن، دێـن ریسـەکەمان لـێ دەکەنـەوە خـوری، وەک ئـەوەی لـە دوێنـێ و ئەمـڕۆ و بگـرە لـە سبەینێشـدا گرفتـی سـەرەکی و کێشـەی چارەنووسسـازی کـورد ئایینـی ئیسـلام بێـت، کـە بێگومـان بـەم تێگەیشـتنە ئیفلیـج و دۆگمایـەوە چەندیـن سـەدەیە کـورد و بزووتنـەوەی کوردایەتـی لـە پـرس و سـتراتیژی بنەڕەتـی خـۆی لەسـەر ئاسـتی

نەتەوەیـی و نیشـتمانی دوور خراوەتـەوە و دەخرێتـەوە، ئـەوە ئەگـەر لەبـەر رۆشـنایی گۆڕانـکاری و وەرچەرخانـە هەمەلایەنەکانـی ئەمـڕۆی دونیـا، پێـدراوە کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و فەرهەنگییـەکان و ئـازادی تاکەکـەس و شـێواز و سیسـتەمی حوکمڕانـی لەبەرچـاو بگریـن شـتێکی تـرە.

لێرەوە بـە پرسـیارێکی گرنگـی «تـۆدۆرۆف» وردتـر دەچمـە نێـو کرۆکـی باسـەکە، ئـەو لـە میانـی دیالۆگێکـی لەگـەڵ خۆیـدا و بەڕەچاوکردنـی ئەزموونەکانـی مرۆڤایەتـی و خوێندنـەوە و شـیکردنەوەی تێـز و تیـۆری بیرمەنـدان، بـە تایبەتـی لـە سـێبەری مێـژووی فیکـری فەڕەنسـیدا، لـەم بارەیـەوە و لـە پەرتوکـە بەناوبانگەکـەی خۆیـدا بەنـاوی «ئێمـە و ئەوانیتـر» دەڵـێ: (کاتـێ یاسـاکانی سروشـتی و ئایینـی و مەدەنـی لەگـەڵ یەکتـری ناکـۆک بـن و نەگونجێـن، چارەنووسـی مـرۆڤ چـی دەبێـت؟ بێگومـان وا خـۆی دەبینـێ کـە لـە یـەک کاتـدا و بـە ناچـاری ملکەچـی سـێ سـەروەرە، بەبـێ ئـەوەی بتوانـێ بـە تـەواوی ملکەچـی یەکێکیـان بێت..دەزانـی لـەو حاڵەتەشـدا چـی روودەدات؟ ئـەو مرۆڤـە رقـی لـە هەرسـێکیان دەبێتـەوە، بەمـەش ئـەو کەسـە نـە دەبێتـە پیـاو و نـە هاوڵاتـی و نـە ئیماندارێکـی لـە خـوا تـرس).

هـەر لـە بەرەبەیانـی مێـژوو تـا بـە ئەمـڕۆ دەگات، مـرۆڤ هەمیشـە و بـێ ویسـت و ئیـرادەی خـۆی بـە چەندیـن تەلبەنـد و رێسـا و یاسـایەکەوە لـە چوارچێـوە دراوە و کـۆت کـراوە، هـەر لـە یاسـا سروشـتییەکانەوە بگـرە، تـا دەگاتـە ئایینـی و مەدەنییەکان، ئەمـە و عـورف و دابونەریتـی کۆمەڵایەتیـش سـەربار، هەمـوو ئەوانـەش هەریەکـە و بـە شـێوەیەک بەشـێک لـە ئـازادی مرۆڤیـان وەک تاکـە کـەس زەوت کـردووە.. بێبەشـکردنی تاکـە کەسـیش لـەو ئازادییـە پـێ بەپێـی قۆنـاغ و شـوێنکاتەکان بێـدادی و نایەکسـانی و نابەرابـەری لەنـاو کۆمەڵـگای مرۆڤایەتیـدا بەرهـەم هێنـاوە، بەمـەش هەمیشـە مرۆڤایەتـی لەگـەڵ ململانـێ و شـەڕ و ئـاژاوە دەسـتەو یەخـە بـووە.

«دیـدرۆ» دەڵـێ: (باشـترین کۆمەڵـگا ئەوەیـە، کـە خاوەنـی کەمتریـن ژمـارەی یاسـاکانە)، هـەر بـۆ خۆیشـی و بـە مەبەسـتی زێدەتـر روونکردنـەوە و ئاشـکرا کردنـی نهێنـی جـەور و سـتەم و بەکۆیلەکـردن و دەمبەسـتکردن و لـە پەلوپـۆ خسـتنی مـرۆڤ و بەتاڵکردنـەوەی لـە بـوون و بەهـا و کەسـێتی و ئیـرادە و سـەروەری لـە سـای زۆری یاسـا و رێوڕەسـم و کـۆت و بەنـد و نەریـت و چـی و چیتـردا، لـە شـوێنێکدا دەڵـێ: (ئەگـەر دەتانـەوێ بەسـەر مرۆڤـدا زاڵ بـن، هەمـوو جـۆرە لەمپـەر و ئاسـتەنگێکی

بخەنــە بــەردەم و بــە جۆرەهــا شــێواز کۆتــی بکــەن) ... کەوابێــت یاســا و عــورف و نەریتــەکان چەنــدە بــۆ رێکخســتنی ژیــان و پەیوەنــدی نێــوان مرۆڤــەکان دانــراون، هێنــدە و زیاتریــش لــە پشــتیانەوە مەبەســتیان کۆنترۆڵکردنــی تــاک و تەســلیم کردنیەتــی بــە وەهمــی بەرژەوەنــدی (کــۆ) و رازی کردنــی بــەو قــەدەرەی، کــە بــە بیانــو و پاســاوی جیــا جیــا، کــە بــە گوێــرەی پێــدراو و هەلومەرجــی کۆمەڵایەتــی و بارودۆخــی سیاســی هەرزانفــرۆش دەکرێــن، دەســتبەرداری زۆرێــک لــە مــاف و ئازادییەکانــی بێــت .. هەمــوو ئــەو یاســا و رێســا و عــورف و نەریتانــە، چ بەرهەمــی مــرۆڤ خــۆی بــن، یــان وەک دەڵێــن سروشــتێکی ئاســمانی بــن، کــە گوایــە شــتێک بــە مــرۆڤ دەبەخشــن، دواجــار لــە بەرامبــەر ئــەو بەخشــینەدا دونیایــەک خــەون و ئــارەزوو لــەو کەســانە زەوت دەکــەن .. مــرۆڤ لــە کــوێ وهــەر کــێ و ســەرچاوەکەی هــەر چییــەک بێــت، ئــەو بەخششــەی بەرهەمــی هێــز و بیرکردنــەوەی خــۆی بێــت، یــان بــە حیســاب نێــردراوی کــەس و ســەرچاوە و هێزێکــی تــری مــوژدە بەخــش بێــت، «دیــدرۆ» گووتەنــی: (شــتێک ناداتــە کەســێک، ئەگــەر ســوودی خــۆی تێــدا مابێــت و بەردەوامیــش داوای ئــەو شــتەت لــێ دەکات، کــە بــۆ خــۆی بــە کەڵکــە).

تاکــە بەهــا و شــتێک لــەم نێــوەدا، کــە لــە توانــای دا هەیــە هاوکێشــەکان وەک خــۆی لێبکاتــەوە و مــرۆڤ بباتــەوە دۆخــی سروشــتی و مرۆییانــەی خــۆی و بەتــەواوی خاوەنــی ئیــرادە و ســەروەری بێــت، ئازادییــە، چونکــە ئــەوە بەرتەســککردنەوەی ئــازادی کەســەکانە، کــە دواتــر ملکــەچ و گوێڕایەڵیــان دەکات و گیانــی گومــان و پرســیاریان تێــدا دەکــوژێ و ناچــار بەســەر لەقانــدن و بێدەنگیــان دەکات .. وەک «تــۆدۆرۆف» یــش دەڵــێ: (ئــەوەی ئــاژەڵ و مــرۆڤ لــە یەکتــری جیــا دەکاتــەوە، ئامادەگــی و نائامادەگــی ئازادییــە، نــەک عەقــڵ)، کاتێکیــش لــە جوگرافیایەکدا یادەوەری مــرۆڤ سیخناخ بێــت لــە پرۆســەکانی خەســاندن و خەیاڵدانــی تــژی بێــت لــە وێنــە و دیمەنەکانــی کۆتکــردن و لــە میانــی وەعــز و تەلقینــی ئایدیۆلــۆژی و ئایینــی عەقڵــی مرۆڤــەکان بــە تەنهــا حەقیقەتێکــەوە کڵــۆم درابــێ و زمــان و گــوێ و چــاوی مەحکومی بڕیــارە رەهاکانی کولتور و ترادســیۆن و ئاییــن و عورفــی هەمەڕەنــگ و فرەنــاو بێــت، روونتــر بڵێیــن عەقڵێکــی دەســتەمۆ و قوڕمیشــکراو و جەســتەیەکی ســندم و کۆتکــراو و دونیابینییەکــی داخــراو، کــە تــەواوی ئــازادی مرۆڤبوونــی لــە دەســتدابێت، عەقڵێــک دەبێــت کــە لــە کۆیلەیــی و گوێڕایەڵــی و ســەرلەقاندن و ئەشــهەدوبیللا شــتێکی تــری لــێ چــاوەڕوان ناکــرێ، هــەر

خـودی ئـەو عەقڵـە ئیفلیجـەش کـە کەسـایەتییەکی دەسـتەپاچە هەڵگریەتـی فاکتـەر و زەمینەسـازی لـە دایکبوونـی بێـدادی و نابەرابەرییـە، کـە لـە ڕێگایـەوە کۆمەڵـگا پـڕ دەبێـت لـە روحـی جادوبـاز و واعیـز و بـازرگان، کاراکتەرگەلێـک بـە باکگراونـدی وەهـم و خورافـە و عـورف و یاسـا و سـەروەری نەتەوەیـی و نیشـمانی و بەرژەوەنـدی گشـت، مرۆڤـەکان وەک مێگـەل لێدەخـوڕن .. کۆمەڵگایەکیـش لـە سـای سـێبەری زاڵـی ئـەو هەمـوو یاسـا و ڕێسـا سروشـتی و کۆمەڵایەتـی و ئایینییانـە بێـت، گومانـی تێـدا نییـە کـە کەمتریـن ئەگـەری گۆڕانـی لـە بـەردەم دایـە و بچـووک و سـادەترین گریمانەکانـی کرانـەوە و ریفـۆڕم تێیـدا چەکـەرە ناکـەن.. مـن پێـم وایـە ئـەو هەراوهۆریـا و خـۆ گیڤکردنـەوەی ئـەو کایـە و هێـزە سـەلەفییانە شـتێک نییـە، جگـە لـە سـەرلەنوێ مـارە کردنـەوەی کوردسـتان لـە عیـراق و بـە عیراقـی کردنـەوەی کـورد و تۆخکردنـەوەی شـوێنەکەوتەیی و ئینتمـای خۆیـان و دڵسـۆزی نیشـاندان بـۆ گەڕانـەوەی خەلافەتێـک، کـە بەتەنیشـت خزمەتکردنـی عـەرەب و عروبـە و بـە کەنیـزەک بردنـی کچەکانمـان لـە سـەردەمی غـەزەوات بەنـاوی غەنیمـە و حەڵاڵکردنـی خوێنـی لاوانمـان لـە دۆڵەکانـی ئەسـحابە و شـەهیدان و بـە شـینەوەی شوناسـی مەوالـی بەسـەر پیاوەکانمـان، لـە ماڵوێرانـی و دەردەسـەری چیتـری باشـتری بـۆ کـورد پـێ نەبـوو، کەچـی بـەوەش ناوەسـتن و دەیانـەوێ لـەو سـەردەمی گۆڕانـە خێـرا و پێشـکەوتنە تیشـک ئاسـایانە بماندەنـەوە دەسـت قـەدەری بیابـان و جارێکـی تـر، بـە هەمـان ریتمـی جـاران، کـە بـە دە گونـد و شـارێک خوێندەوارێکیـان نەبـوو و ناچـار دەگەڕانـەوە بـۆ مامۆسـتا و کتێـب، لەسـەر هوشـیاری ناکامڵـی کۆمەڵـگا بلەوەڕێـن و سـەرجەمی بەرهەمـی خەبـات و قوربانیدانمـان وەک سـینییەکی زێـڕ ببەنـەوە سـەر خوانـی خەلیفـە گۆشـکراوەکانی کولتـوری بیابـان و شارسـتانییەتی سـەعلوک و شمشـێر، ئەگـەر رازیـش نەبیـن ئـەوا چـاوی بەغدامـان لـێ سـوور دەکەنـەوە و بـە نەوەکانـی هـارون رەشـید گوێچکەمـان رادەکێشـن، ئـای لـەو کۆمیدیـا حەیابـەرە!!

## ئاماژەکانی بێئومێدی

لەم وڵاتەی ئێمەدا نیشانەی بێئومێدی زیاترن، تا گەشبینی , زۆربەی هەرە زۆری ئەو رووداو و پێشهاتانەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمەدا دەگوزەرێن , ئاماژەن بۆ بێهوودەبوون , تا خۆشبینی. هەموو ئەو بانگەشە و دروشمانەی بەناوی چاکسازییەوە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا دەکرێن و بەرز دەکرێنە , جگە لە دەرمانی هێورکردنەوە و خافڵاندنی خەڵک شتێکی نر نین.

قسە لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا , ئەوەندەی لە خەون نزیکە , کەمتر لە واقیعدا جێی دەبێتەوە , چونکە ئەو گۆڕانە بە بڕیارێکی سیاسی و دەرکردنی یاسایەک نایەتەدی , بەو پێیەی کولتور بەرهەمی دەسەڵاتی سیاسی نییە , تا توانای گۆڕینی ئاراستە و رەهەندەکانی هەبێت , بەڵکو زێدەتر پەیوەستە بە هوشیاری و سروشت و چییەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. کۆمەڵگایەک کە تا ئەم چرکە ساتە مێژووییە و بەو هەموو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەی لە ژیانی رۆژانەیدا هەیە، هێشتا گرێدراوی کۆمەڵێ نەریتی سواو و کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی و دۆگمی ئایینی بێت و خودی سیستەمی سیاسیش لەژێر جەبری ئەو کۆت وبەندە نەریتگەرا و دۆگمە ئایینییە بە پیرۆز کراوانەدا هەنگاوەکانی بنێ , نوکتەیەکی قۆڕە تیایدا باس لە پێشکەوتن و کرانەوە بکرێ.

کۆمەڵگای نەریتگەرا و باوەڕسالار , کە خۆی بە پیرۆزی دەور دابێت و سیستەمە سیاسییەکەیشی بە ئامانجی خۆ بەپیرۆزکردن کاوێژ لەسەر مێژوو و بە خاوەن دەرکەوتنی بکات , ئاسان نییە جوڵەی گۆڕان تێیدا بکەوێتە سەر راستەڕێی گونجاو و دروستی خۆی.

سیستەمی سیاسی و عەقڵییەتی حوکمڕانی ئەگەر نەشتوانێ هەنگاوێک وەپێش کۆمەڵگای خۆی بکەوێتەوە , ئەوا ئاسایی نییە لە دوای کۆمەڵگاکەی بڕوا. لە مێژووی جوڵانەوەی پێشکەوتنخوازی دونیادا نەتەوە و وڵاتێک نادۆزیتەوە , لە سێبەری هەنگاو و بیرکردنەوە چەقبەستووەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی بمێنێتەوە و

نەتوانێ ڕەوشی باوی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەرباز بکات. ئەگەر شۆڕش بە مانا کلاسیکییەکەی هەڵوەشاندنەوەی سەرلەبەری سیستەمی کۆن و باو بێت و لە شوێنیدا سیستەمێکی دیکەی نوێی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرهەم بێنێت , کە وەڵامدەرەوەی خواست و پێداویستییەکانی کۆمەڵگای دوای شۆڕش بێت , ئەوا لە کوردستان شۆڕش نەیتوانیووە ئەوەش بکات. بەڵکو بەرهەمی شۆڕش لەسەرزەمینی ئێمەدا بەرهەم هێنانەوەی هەمان دۆخی پێشووە لە بەرگێکی ماکیاژکراو و بەس.

سیستەمی سیاسی و عەقڵیەتی حوکمڕانی لە وڵاتی ئێمەدا درێژکراوەی هەمان ئەو دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی ڕابوردووە، کە تا ئێستاش بە بەیت و باڵۆرەی پیرۆزییەکانی نەریت و ئایین و چی و چیتر , خۆی لە گەورەترین بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتورییەکان دەدزێتەوە . تەنانەت خودی ئەو یاسایانەیشی کە گوایە بۆ خزمەتی کۆمەڵگا و بە مەبەستی پێشخستن و کرانەوە دایان دەنێ و هەمواریان دەکاتەوە , بەر لە هەرشتێکدا بە فلتەری پیرۆزییەکانی نەریت و ئاییندا ڕەت دەبن و دەپاڵێورێن , بەتایبەتی ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە چییەتی و سروشتی ماف و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سادە و سەرەتاییەکانی تاکەکەسەوە هەیە. کۆمەڵگای نوێ , کۆمەڵگای تاکگەرێتییە , کۆمەڵگایەکە تاک ناچار نییە بچێتە ژێر بار و جەبری کۆمەڵێ بەیت و باڵۆرەی سواو , کە دوور و نزیک لەگەڵ ژیانی ئێستا و پێدوایستی و خەونە مرۆییەکانی ئەمڕۆی تاکەکەسدا نایەنەوە.

بۆ ئەوەی هەنگاوێکی جیددی لە ژیان سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا بە ئاراستەی کرانەوە و پێشکەوتن بنرێ، بەر لە هەر شتێک پێویستە عەقڵیەتی سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی ئێمە , خۆی لە تەپوتۆزی شانازییەکانی مێژوو و کەوتنە ژێر باری بێ چەندوچوونی بەهاگەلی سواوی نەریتگەرا و دۆگمی ئایینی بە پیرۆزرکراو و خاترانەی ئەم و ئەو داتەکێنێ. پێویستە دەزگا و دامەزراوەی مۆدێرنی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و میدیایی بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی هوشیاری سەقەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بخاتە گەڕ و توانای ماددی و مرۆیی و ئەکادیمی پێویستیان بۆ فەراهەم بکات.. پێویستە یاساکان لە هەژموون و باڵادەستی و کاریگەری نەریت و باوەڕسالاری بپارێزێ و هێزی چەسپاندنی یاسا بە شێوەیەکی

وەک یـەک بـۆ هەمـووان پیـادە بـکات , بـە شـێوەیەک هاووڵاتییـان بـە جیـاوازی رەنـگ و رەگـەز و ئینتیمـای سیاسـی و ئایینـی و نەتەوەیـی لەبـەردەم یاسـادا هەسـت بـە یەکسـانی لـە مـاف و ئازادییەکانیـان بکـەن.. بەقـەد ئـەوەی عەقڵییەتـی حوکمڕانـی لـە خەمـی بوژاندنـەوەی ژێرخانـی ئابووریدایـە , کـە کـەس نازانـێ تـا ئێسـتا بوژانـەوەی ئـەو ژێرخانـە بـۆ خەڵـک دەبێتـە نیعمـەت , یـان نیقمـەت , ئـەوا پێویسـتە لـە رێگـەی خسـتنەگەڕی سیسـتەمێکی پەروەردەیـی دروسـت کار لەسـەر دروسـتکردنەوەی مرۆڤـی کـورد بـکات و بایەخـی زیاتـر و بـە پـلان و بەرنامـەی تۆکمـە بـە بـواری تەندروسـتی و بیمـەی کۆمەڵایەتـی و کاڵکردنـەوەی جیاوازییـە چینایەتییـەکان و رەخسـاندنی هەلـی وەک یەکـی کار و ژیـان و گـوزەران بـۆ هاووڵاتیـان بڕەخسـێنێ و چیتـر بەنـاوی بەرنامـەی چاکسـازی و نەهێشـتنی گەندەڵـی لـە بـری لێپێچینـەوە و سـزادان , پلـە و پۆسـت و پایـەی بەرپرسـی گەندەخـۆر و کەمتەرخـەم نەبردرێتـە بورجـی عـاج!

## پۆرترێتی ئەنفال

کاریگەرییــە کۆمەڵایەتــی و دەروونییەکانــی دوای ئەنفــال کــە قوربانییەکانــی گیــرۆدە کــردووە، چەنــد بارتەقــای چرکەســاتەکانی روودانــی کارەســاتبارن، لــە ئێستاشــدا ئەوەنــدە تاقــەت پڕوکێــن. رۆڵــە و پاشــماوەی ئەنفالکــراوەکان بــە تەنهــا لەگــەڵ ناسۆرییەکانی نێـو یادەوەری دوێنێـی دابـڕان لـە ئازیزانیـان ناژیـن، بەڵکو لە ئێستاشـدا باجـی سـەرگەردانی خۆیـان دەدەن، خوێندنـەوەی ئەنفـال و شـیکردنەوەی رەهەنـد و دەرهاویشــتەکانی دەمانگەیەنێتــە ئــەو بــاوەڕەی کــە ئــەوان لەمــرۆدا بــە دەســت چ نەهامەتــی و ئازارێکــی رۆحــی و دەروونــی بــەردەوام دەتلێنــەوە.

بێننــە پێــش چاوتــان دوای ئــەوەی دایکێــک بەبەرچاوییــەوە گیانــی دوو منداڵــی دەکێشـن و رێگەشـی نـادەن بـۆ چرکەیەکیـش باوەشـی دوا ماڵئاواییـان پێـدا بـکات و بـە دەسـتەکانی بیاننێـژێ، کـە ئێسـتا سـەربوردەی ئـەو نمایشـە جەللادییـەی دوژمنمـان بـۆ دەگێڕێتــەوە، تێدەگەیــن کــە ئــەو دەمانــە ئــەو دایکــە خاوەنــی چ ئیرادەیەکــی پتــەوی خۆڕاگــری و مانــەوە بــووە.

پیاوێـک دوای خەونـی بەیەکەوەنانـی خێـزان و بوونـە بـاوک، پـاش سـەختی و هـەوراز و لێژییەکانـی تەمـەن، لـە پڕێکدا ژن و کچ و کوڕەکانـی دەخرێنـە پشـتی زیلێکـەوە و تـا چـاوی گریـان بـڕ دەکات زیلەکـە بێبەزەییانـە روو بـەرەو مەنفـای مـەرگ و لمسـتانی زیندەبەچـاڵ و بیابانــی کوشــتن هەنــگاو دەنــێ، دەبــێ بەدرێژایــی ئــەو ماوەیــە ئــەو پیـاوە چـۆن توانـای ژیـان و مانـەوەی هەبووبێـت و ئێسـتایش بـە چ هێزێکـەوە بەرگـەی بەردەوامــی بگــرێ؟

کۆرپەیەکـی شـیرە خـۆرە لـە مانگەکانـی سـەرەتای تەمەنـی، کـە هەرگیـز خەیاڵـی لــە گــۆی مەمکــی دایکــی و بۆنــی باوەشــە گەرمەکــەی زیاتــر بــۆ هیــچ شــتێکی تــر نەچـوو بـوو، کـێ بـاوەڕ دەکات کـە زۆر نابـا لمـۆزی پۆسـتاڵ رەشـێک لـە بـری مەمـەی شــیر دەچێتــە دەمــی و هەمــوو شــتەکانی ئــەو ژوورەی بــە منداڵــی حوکمــی مردنــی تێـدا دراوە بـەو نامـۆن، هــەر لــە تاریکــی و تەنگەبــەری ژوورەوە بگــرە، تــا دەگاتــە

هەراوهۆریـای حەشـاماتێک مرۆڤـی چارەنـووس دزراو، منداڵێـک کـە بێبەزەییانـە لەبـەر سـنگی دایکـی تـوڕ دەدرێ و زوقمـی ئـەو سـەرمایەی بیابـان فرمێسـکەکانی دەکاتـە بەسـتەڵەک و لـە چاوەڕوانـی گەڕانـەوەی نێـو گەرمـی و سـۆزی باوەشـی دایکـی دایـە، بەڵکـو گریـان و زیـڕەی برسـێتی هێـور بکاتـەوە و چاوانـی پـڕ بکاتـەوە لـە نیـگای ژیـان، کەچـی دواجـار ئەجەلـی ئەنفـال رۆحـی دەداتـە دەسـت کەڵبـەی شـۆفەڵ و دوا چـاوی لـە بن لـم و بـە ئومێـدی بینینـەوەی دایـک لێـک دەنـێ و دوای ئاوابوونـی وەیشـوومەی مـەرگ و دۆزینـەوەی گۆڕەکـەی، قـاپ قرعـان و چـاوەزار و کوژەکەکـەی نێوچەوانـی دەبنـە شووناسـی گەلێکـی زیندەبەچـاڵ کـراو بەبەرچـاوی خـودا!!

حیکایەتەکانـی ئەنفـال هێنـد ئاڵـۆزن، برینەکانـی هێنـد قوڵـن، زامەکانـی هێنـد بـە سـوێن، ئەسـتەمە لـە سـینگی رۆمانێـک و نێوچەوانـی تابلۆیەکـی خەمگیـن جێگەیـان بێتـەوە، زمانێـک نادۆزیتـەوە بتوانـێ ئەنفـال پێناسـە بـکات.. ئەنفـال بـۆ هەمیشـە رسـتەیەکی تـەواو نەکـراوە لـە زاکیـرەی زمانـدا، بەردەوامیـش تابلۆیەکـی تـەواو نەکـراوی نێـو خەیاڵـی فڵچەیەکـە، کـە دەسـتی ناگاتـە رەنگێکـی شایسـتە، بـۆ پڕکردنـەوەی بۆشـاییەکانی.. ئەنفـال بـۆ هەتـا هەتایـە میلۆدییەکـی تـەواو نەکـراو و شـیعرێکی نەگوتـراو و سـکێچێکی نیوەچڵـە، نەگوتراوێکـە هەمـوو گوزارشـتەکان دەرەقەتـی کەشـفکردنی نایـەن.. ئەنفـال ئەنفالـە و بـەس، کـە مەگـەر هـەر تەنهـا خـوا بزانـێ و بتوانـێ لـە دەرفەتێکـدا و لـە موعجیـزەی کتێبێکـی نوێیـدا تەعریفـی بـکات!!

# ئەنفال، یادەوەری شووناس

(لەوەتەی دەستی ڕاست و چەپی خۆم
ناسیووە، فرۆکەی سیخۆ دەناسم– نەجیبە
شێخ وەسانی شایەتحاڵی ئەنفال)

هەمیشە لە پشتی هەر گوتراوێکەوە کۆمەڵێک نەگوتراو هەن، دونیایەک ئاماژەگەلی واتایی و زمانەوانی ئامادەن، کە دەکرێت لە میانی ڕەوانبێژی زمانەوە بیان دۆزینەوە، ئەو ئاماژانەی دوا جار مێژوو لە بەرگێکی بەرجەستە و بینراودا وێنا دەکەنەوە. ئەوە بە تەنها بستێک زەوی و بەها گەلی ترنین، کە مانا دەبەخشنە نەتەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەوانیشدا یادەوەری لایەنێکی گرنگی شوناسی نەتەوەیە، کە ئەمەشە وا دەکات لە دۆزینەوە و گەران بەدوای شوناسی کوردبوونماندا، تەنها خۆمان بە تەونی نەخشەی وڵات و زمان و ئایین و بەرژەوەندی هاوبەش هەڵنەواسین، کە لەسەری ڕاهێنراوین، بەڵکو کورد لە سێبەری تارمایی کارەساتەکانی هەناوی مێژوودا باشتر دەتوانێت خۆی بناسێتەوە، لە نێو دێڕی ئەو حیکایەتانەدا چییەتی و ماهیەتی خۆی بۆ دەدۆزێتەوە، کە پڕن لە وێنەی خوێن و مەرگ، لە شریتی ئەو یادەوەریانەدا چاکتر ڕاستی خۆی بۆ دەردەکەوێت، کە گرتەکانی دیمەنی پرۆسەکانی جینۆساید دەگێڕنەوە، چونکە لە هەناوی هەر گێڕانەوەیەکدا لە نێو گرتە سینەماییەکانی هەر یادەوەریەکدا، هێڵێک هەیە بۆ دۆزینەوەی شوناس، کورد لەمیانی ئەو هێڵ و تونێلانەوە دەکارێ بگاتە ئەتمۆسفیری کورد بوونی خۆی.
(ژیان ئەوە نیە کە یەکێکمان تێیدا زیندووین و دەژین، بەڵکو ژیان بۆ مرۆڤ ئەوەیە، کە چی بەبیر دێتەوە و دەیگێڕێتەوە- مارکیز)، بەم پێیە ژیان و زیندەگی بۆ ئێمەی کورد بریتی نیە لەو چرکە ساتەی تێیدایین، ئەو هەناسانە نیە کە بە پێوە هێشتوینەتەوە، بەڵکو دیوی ڕاستەقینەی ژیانی ئێمە، کە ئیلهام بەخشی مانەوەی ئێستامانە، لە نێو پێچەکانی مێژوو ولە نێو دێری ئەو

یـادەوەری و گێڕانەوانـە دایـە، کـە لـە دوێنێـدا بەشـێک بـوون لـە بوونمـان، مـەرج نیـە بـەردەوام خۆگرێـدان بـە دوێنـێ و پیاسـەکردن بـە ڕاڕەوەکانـی نۆسـتالیژیا و یـادەوەری، نیشـانەی چەقیـن و مـەرگ و خـۆ خواردنـەوە بێـت، چونکـە مـرۆڤ بـوون و ماناکانـی بـۆ ئێمـەی کـورد، لـەو تێکسـتە نەنووسـراوانەی یـادەوەری دوێنێماندایـە، لـەو وێسـتگە و لەحزانـەی ویسـتی ئێمـە بـۆ ژیـان دایـە، کـە ئـەوی دی هەمیشـە هەوڵـی کوشـتنی ئـەو ویسـتەمانی داوە، بـۆ ئـەوەش کـە بمانـەوێ ئەمـڕۆ و سـبەی ژیانمـان بەردەوامـی پـێ بدەیـن و جوانتـری بکەیـن، پێویسـتە لـەو پنتانـەوە دەسـت پـێ بکەیـن، کـە لـە زەیـن و کـۆ خەیـاڵ و ویژدانمانـدان و هێـزی بیرکردنـەوە و زمانـی گێڕانەوەمـان پـێ دەبەخشـن.

ژیـان شـتێک نیـە، جگـە لـە چیرۆکـی دووجـار بـێ دەسـتەڵاتی مـرۆڤ، دەسـەڵاتی لـە دایـک بـوون و مـردن... وەک بـە ئیـرادەی خۆمـان لـە دایـک نەبوویـن، هـاوکات بەبـێ ئیـرادەی خۆشـمان قـەدەر دەمانداتـەوە دەسـت مـەرگ، لـە نێـوان بـوون و مەرگیشـدا بـێ ویسـت و ئـارەزووی خۆمـان بۆشـاییەک پـڕ دەکەینـەوە، کـە پێـی دەوترێـت ژیـان، مـەودای نێـوان ئـەو دوو زەمەنـەش بـۆ ئێمـە جگـە لەسەرسـامی شـتێک نەبـووە، جگـە لـە جارێکـی تـری مـەرگ مانایەکـی تـری نەبـووە، ئـەوە خۆمـان نەبوویـن مانایەکـی جوانتـر نەدەینـە ژیـان، ئـەوە ئێمـە نیـن کـە فـزول ناچـاری کردبیـن ئـەو مەودایـە جارێکـی تریـش بەمـەرگ پێناسـە بکەینـەوە، مەرگـی نێـو ئـەو مەودایـە زادەی ترسـی ئـەوی دیکەیـە لـەوەی هاوبەشـی ژیـان و مـرۆڤ بوونـی بکەیـن، لەوێدایـە کـە نایـەوێ جگـە لـەو کـەس هەناسـەی بـوون و بەهـای مرۆییانـەی خـۆی هەڵمـژێ و هەمیشـە یـان دەبـێ بـە کۆیلەیـی لـە سـێبەری ئـەودا ژیـان بـکات، یـان دەبـێ ناچـار بـە خنـکان بێـت و ڕازی بێـت بـەو ئەجەلـەی ئـەو بـۆی دەستنیشـان دەدات، واتـە ئـەوە ئێمـە نەبوویـن و نیـن حەزمـان بـە مەرگـی پێشـوەختە و نـاوادە کـردووە، ئـەوە ئەویتـرە کـە نەیویسـتووە چێـژ لـە ماناکانـی ژیـان و بەیەکەوەبوونـی مرۆییانـە وەربگریـن. سەرسـامی ئێمـە لـەو بۆشـاییەدا لـە ئاسـت سـەمەرەیی خـودی ژیـان خـۆی نیـە، یـان نەبـووە، بەڵکـو لـە ئاسـت ئـەو دونیابینیـە نەرجسـیەی بەرامبـەر بـووە، کـە بۆچـی دەبێـت ژیـان بـە ئێمـە ڕەوا نەبینـێ؟ بـۆ دەبـێ مەرگـی ئێمـە هەوێنـی ژیـان و بەردەوامـی ئەوبێـت، لـە کاتێکـدا ئەویـش ناچـارە دواجـار ئـاڵای خۆبەدەسـتەوەدان لەبـەردەم قـەدەری مەرگـدا هەڵبـدات؟ سەرسـامی ئێمـە لـە بەرامبـەر ئـەو ڕۆحـە شـەرانگێزە بـووە، کـە ماناکانـی ژیـان و مرۆڤبوونـی بـۆ کوشـتنی ئـەوی دەی کـورت کردۆتـەوە و هەمیشـە لـە سڕینەوەی

ئـەوی دیکـەدا ویسـتوویەتی پێناسـەی خـۆی بکاتـەوە.

کـە (نەجیبــە) حیکمەتــی ناسـینی (سـیخۆ) بـەو بەرائەتــی نەخوێندەوارییــەوە باس دەکات، دەیـەوێ لـە بـری هەمووماـن مێـژووی قوربانـی بوونمـان بگێڕێتـەوە و بـە جـەلادەکان بڵـێ، ئێـوە کوتلەیەکـن لـە شـەڕو مـەرگ... دەیـەوێ بڵـێ، ئێـوە بـەو ویسـتە دۆزەخیەتـان بـۆ جاویدانـی.. ژیانتـان بـە سروشـت و گیانەوەریـش ڕەوا نەبینـی، تەنهـا میکانزمێکتـان بـۆ مانـەوە و پێناسـەیەکتان بـۆ شـوناس سـەندنەوەی ژیـان بـوو لـە وانیتر.

ئەوەیـە حیکمەتـی گێڕانـەوە.. ئەوەیـە نهێنـی ئـەو دیـوی زمـان.. ئەوەیـە ئاماژەیەکـی بچوکـی نەگوتـراوی پشـتی گوتـراو، هـەر ئـەو سیحرەشـە ناچارمـان دەکات، کـە بـۆ سـەرلەنوێ خۆدۆزینەوە..بـۆ جارێکـی تـر خۆپێناسـە کردنەوە..بـۆ دیسـان گـەران بـە دوای شوناسـی کوردبوونمـان، بـاوەش بـە یادەوەریمانـدا بکەینـەوە و وزەی وەبیـر هێنانـەوە و توانـای گێڕانـەوە بدەینـەوە بەرخۆمـان.

ڕاسـتە زمانـی (نەجیبـە) زمانێکـی سـادە و سـاکارە، ڕاسـتە هونـەر و تەکنیکەکانـی گێڕانـەوەی ئـەو سـەرەتایین، بـەڵام هونـەر لەوێدایـە ئێمـە چـۆن بتوانیـن ڕەهەنـدە مرۆییەکانـی نـاو ئـەو سـادەییە بدۆزینـەوە؟ چـۆن لـە هەنـاوی ئـەو ئامـاژە واتایـی و زمانەوانیـە سـاکار و سـەرەتاییانە، ماناکانـی ژیـان دۆسـتی ببینینـەوە؟ ئـەو ویسـتە خۆڕسـک و ڕەوایـەی مرۆڤێـک بـۆ ژیـان بناسـینەوە، کـە بەبـێ خواسـتی خـۆی لێـی زەوتکـراوە و بەبـێ ئیرادەی خـۆی مافـی چێـژ وەرگرتنـی لـە ژیـان لـێ سـەندراوەتەوە؟ گرنـگ ئەوەیـە لـە میانـی ئـەو گێڕانـەوە سـاکارەدا تـا چەنـد درک بـە برینـداری کـۆ خەیـاڵ و یادەوەریمـان دەکەیـن؟

چیرۆکـی ئێمـە لەگـەڵ ژیـان چیرۆکـی بەدبەختیـە، سـەربوردەی ئێمـە لـە نێـو بۆشـایی نێـوان هـەردوو زەمەنـی بـوون و مەرگـدا سـەربووردەی هەناسـە سـاردیە، یـادەوەری ئێمـە لێوانلێـوە لـە خوێـن، پڕاوپـڕە لـە بێهودەیـی، دوێنێـی ئێمـە پڕیەتـی لـە تەنیایـی و بـێ ئومێـدی، ئـەو پـەڕی بەختیـاری ئێمـە لـە ڕابـردوو لـە تەنهـا شـتێک کـورت دەبێتـەوە، کـە ڕاکردنـە بـە دوای ژیـان، ژیـان نـە بەتەنهـا بـە مانـای پـاروێ نـان، بەڵکـو بـە مانـای زیندەگـی مرۆییانـە و بەرخوردبـوون لـەو مافـەی پێویسـتە وەک هـەر کەسێکی تـر لێـی بەهرەمەنـد بیـن، ژیـان بـە مانـای چێـژ وەرگرتن لـە سروشـت و ئازادی و مافـی خۆپێناسـەکردن و گوزارشـت لەخـۆ کـردن و خـەون بینیـن .. بەختیـاری بـۆ

ئێمە بریتییە لە گەڕان بەدوای دەرفەتێک بۆ هەناسەدان و خۆ پێناسەکردن، کاتێ (بەختیاری شتێک نیە تەحەممول بکرێت، بەدبەختیش هەروا — کازانتزاکیس )، کەچی لە نێوان بەختیاری و بەدبەختیدا شتێک بۆ ئێمە مابێتەوە، بەرگە گرتن بووە بە هەر بەهاو نرخێک بێت، بەختیاری ئێمە لە بێهوودەیی و بەدبەختیماندا بووە، لە هەردووکیشیاندا خۆ راگر بووین، بەختیاربووین بەوەی دەتوانین لە مانای ژیان و مرۆڤبوون دەگەین و قوربانی بۆ دەدەین و شەڕ لەسەر بەرجەستەکردنی بەها جوانەکانی ژیان دەکەین، بەدبەختیش بووین لەوەی لە لوتکەی کارەساتدا ئاسمان دڵۆپێ فرمێسکی نەڕشت و مرۆڤایەتیش بێدار نەبووەوە و زەویش باکی بە لە ئامێزگرتنی ملیۆنان جەستەی خنکاوی ئێمە نەبوو، لەهەر دووکیشیاندا تەحەممولمان کرد و خۆڕاگر بووین و هەر بەتەنها و بە پێوە سروودمان بۆ ژیان و ئازادی و عەشق و دونیایەکی جوانتر و مرۆڤێکی ژیاندۆستتر چڕی...مەگەر (نەجیبە)کانی وڵاتی ئێمە سیمبولی بەرگەگرتن و بە پێوە مانەوە و ژیان و مرۆڤ دۆستی نین؟!

## ئەنفال لە لاواندنەوەوە بۆ هوشیاریی کولتووری

«ئێمە بانگەشە بۆ هێنانە ئارای جیهانێک ناکەین
کە کەسی تێدا ناکوژرێ، بەڵکو جیهانێک کە کوشتن
پاساو نەداتەوە — ئەلبێر کامۆ»

جولەکەکان لە پرۆسەی بە جیهانی کردنی هۆلۆکۆستدا شتێکیان هەیە ناویان ناوە (مێژووی زیندوو) و تا ئەوپەڕیش تێیدا سەرکەوتوو بوون، بەڕاست ئیدی کاتی ئەوە نەهاتوو کوردیش لە بە زیندوویی هێشتنەوەی مێژووەکەیدا هەنگاوێکی جیددی بنێ؟

کاتێک ئەزموونی کورد لەباری کارکردن لەسەر پرۆسەکانی جینۆساید و بە جیهانی کردن و کردنی بە هوشیارییەکی نێوکۆیی کۆمەڵگەی خۆی , بە ئەزموونی کار و بەرنامەکانی ئەو گەلانە بەراورد دەکەین، کە رووبەڕووی جینۆساید بوونەتەوە، هەست دەکەین هێشتا پرۆژە و پلانەکانی کورد وەک پێویست نە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و نە گوتاری رووناکبیری و نە وەک دەسەڵاتی سیاسی لە ئاستی گەورەیی ئەو پرۆسە دڕندەیەدا نەبووە، بە شێوەیەک لە سەر ئاستی کوردستان خۆی، ئەنفال و کیمیاباران و کۆی پرۆسەکانی جینۆساید لە کۆنەست و خەیاڵ و بیرەوەری نەوەکاندا بکاتە هوشیارییەکی کولتوری و نەتەوەیی و بنەما و بناغەیەک بۆ سەر لەنوێ خۆشووناسکردنەوە و هەوێنی بەدیهێنانی خەون و ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان. هەروەها لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا و بە هۆی نەبوونی ستراتیژییەتێک لەو بوارەدا کاری جیددی بۆ بکات و رای گشتی نێودەوڵەتی بخاتە بەردەم ئەرک و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و یاسایی خۆی، بەرامبەر ئەو جینۆسایدەی رۆژگارێک بەبەرچاوی ئەواندا دژی کورد ئەنجام درا. ئەوە ئەزموونی ئیسرائیل لە مامەڵەکردن لەگەڵ هۆلۆکۆست، ئەوە شەڕی بەردەوامی ئەرمەن لەسەر کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی

و چەندین نموونەی تر. دیارە ئەو قسانە بەو مانایە نین، کە لە کوردستاندا لەم رووەوە هیچ نەکراوە، بە پێچەوانەوە، کاری باش کراون و هەنگاوی باشیش نراون، بەڵام نەبوونی بەرنامە و پلان و ستراتیژییەتێکی تۆکمەی هەلایەن و درێژخایەن، جێی پرسیاری ئێمەیە.

لە ئێستادا دداننانی ئەنجوومەنی نیشتمانی عیراق بە پرۆسەکانی قڕکردنی کوردان لە کیمیاباران و ئەنفال بە جینۆساید، بوارێکی باشە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بیکاتە پردێک بۆ گەیاندنی ئەو کەیسە بە جیهان و بە جینۆساید ناساندنی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، راستە بەستنی چەندین کۆنگرە و کرنفرانس لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بە مەبەستی بە جینۆساید ناساندنی ئەو کەیسە هەنگاوی باشن، بەڵام لەوە گرنگتر، بەدامەزراوەییکردنی هەوڵەکانی ئەم بوارە و کردنی کەیسەکەیە بە ستراتیژییەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی.

سەرکردایەتی کورد دەبێ رەهەند و لایەنەکانی نێو ئەو پرۆسەیە بۆ رای گشتی و نێودەوڵەتی ورد و روونتر بکاتەوە، بەو مانایەی جگە لە پرۆسەکانی کۆمەڵکوژی و راگواستن و تەعریب و کیمیابارانکردن، کە بە درێژایی سیستەمە حوکمڕانییە یەک لە دوا یەکەکانی عیراق دژ بە کورد پیادەکراون، ئەوا ئەنفال کە لوتکەی سیاسەتە هۆڤ و درندەییەکانە بەرامبەر کورد، لە هەناوی خۆیدا هەڵگری چەندین تاوانی دیکەیە. روونتر بڵێین ئەنفال بە تەنها بریتی نییە لە کوشتن و زیندەبەچاڵکردنی چەند سەد هەزار کوردێک، بەڵکو راستتر لە میانی ئەو پرۆسە دوژمنکارییەدا تاوانگەلی لە شێوەی گوللە بارانکردنی منداڵ و پیر، بەکۆیلەکردن و بازرگانی پێکردنی بەشێک لە کچ و ئافرەتانی ئەنفالکراو، دەستدرێژی سێکسی، ئەزموونکردن و تاقیکردنەوەی نموونەی چەکی بایۆلۆژی لەسەر بەشێکی ئەو مرۆڤانە، شێواندنی جەستە و سوود وەرگرتن لە بەشێکی ئەندامانی جەستەیان، گۆڕینی و بێسەروشوێنکردنی هەزاران کەس، سوتماککردنی زەوی و سروشت و ژینگەی کوردستان بە گیاندار و بێگیانییەوە و چەندین تاوانی تر، کە هەریەکەو بە گوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان جۆرێک لە تاوان و شێوەیەک لە سزادان و قەرەبۆکردنەوەیان هەیە.

راستە خزمەتکردنی قوربانی و پاشماوەکانی ئەنفال و باشترکردنی باری ژیان و گوزەرانیان و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆیان کاری گرنگن، بەڵام لەوانەش

گرنگتــر ســەرلەنوێ بــە کۆمەڵایەتیکردنەوەیــان و هێورکردنــەوەی بــاری دەروونــی و چارەســەرکردنی نەخۆشــییە دەروونــی و کۆمەڵایەتییەکانیانــە، کــە ئــەوەش پێویســتی بــە دامەزراندنــی ســەنتەرەکانی راهێنــان و پەروەردەکــردن و چارەســەری دەروونــی و تەندروســتی و بنکــە و دامــەزراوەی کۆمەڵایەتــی و پەروەردەیــی تایبەتمەنــد هەیــە. گەڕاندنــەوەی ئارامــی و دڵنیایــی و ئاسایشــی دەروونــی و کۆمەڵایەتــی و پتەوکردنــی هەســتی شــانازی کــردن لەلایــان لــە ئەرکــە هــەرە گرنگەکانــن، کــە پێویســتە حکومــەت بــە پشــت بەســتن بــە لێکۆڵینــەوەی زانســتی و رووپێــوی مەیدانــی کۆمەڵایەتــی و پەروەردەیــی و دەروونــی و تەندروســتی پشــت ئەســتوور بــە داتــا و ئامــاری ورد، پلانــی کــورت و درێژخایەنــی هەبێــت.

لایەنێکــی دیکــەی هــەرە گرنــگ و پــڕ بایــەخ لــەو نێــوەدا بوونــی ســتراتیژییەتێکی نەتەوەیــی و نیشــتمانییە لای حکومــەت و دامەزراوەکانــی، کــە چــۆن ئــەو جینۆســایدە و کــۆی کــردە تاوانکارییەکانــی دیکــە، کــە بــە درێژایــی نزیــک بــە ســەدەیەک لەســەر دەســتی رژێمــە یــەک لــە دوا یەکەکانــی عێــراق دەرهــەق گەلەکەمــان ئەنجــام دراون، بــە تایبەتــی جینۆســایدی کیمیابــاران و ئەنفــال لــەو یادکردنــەوە کلاســیکییەی ســاڵانە دەربــاز دەکات و چــۆن لــە ســروتی لاواندنــەوە و گریــان و بەردەوام کولاندنــەوەی برینەکان و کردنــی قوربانییــەکان بــە مــاددەی میدیایــی و سیاســی، دەگــۆڕێ بــۆ هوشــیارییەکی دەســتەجەمعی کولتــوری لــە یــادەوەری ئەمــڕۆ و ســبەی نــەوەکان، کــە ســەر لەنــوێ گیانــی ئینتمــا و بەرپرســیارێتی نەتەوەیــی و نیشــتمانی لای تاکەکــەس و گروپــە کۆمەڵایەتــی و هێــزە سیاســی و دامەزراوەکانــی حکومــەت پتــەو دەکاتــەوە. بــە مانایەکــی روونتــر، چــۆن ئــەو تاوانــە دژە مرۆییانــە دەکاتــە هەوێنێــک بــۆ بەرهەمهێنانــی هوشــیارییەکی کولتــوری لــە ئاســتی کۆمەڵگــە و کردنــی بــە بناغەیــەک بــۆ بەدیهێنانــی ئامانجــە نەتەوەیــی و نیشــتمانییەکان لــە ئاســتی سیاســی ناوخۆیــی و عیراقــی و نێودەوڵەتیــدا؟

دیــارە ئــەم کارە هەمدیــس پێویســتی بــە پــلان و ســتراتیژییەتەوە هەیــە , پێویســتە یەکــە کۆمەڵایەتــی و دامــەزراوە پەروەردەیــی و نێوەنــدە رووناکبیــری و فەرهەنگــی و کەناڵەکانــی میدیــا لــەم نێــوەدا رۆڵێکــی بەرچــاو بگێــڕن. دەبــێ لــە چوارچێــوەی میتۆدەکانــی خوێنــدن و بەتایبەتــی لــە وانەکانــی مێــژوو و ئەدەبیاتــی قۆناغەکانــی خوێندنــدا، ئەنفــال و کیمیابــاران و کــۆی پرۆســەکانی جینۆســاید تەوزیــف بکرێنــەوە،

تەنانــەت لــە زانکــۆکان و بــە تایبەتــی لــەو کۆلیــژ و بەشــەکانی زانســتە مرۆییەکانــدا لێکۆڵینــەوەی زانســتی و ئەکادیمــی ئەنجــام بدرێــن. پێویســتە نێوەنــدی رووناکبیــری و بــە تایبەتــی ئەدیبــان لــە زاری شــایەتحاڵەکانەوە کار لەســەر بەرهەمهێنانــی دەقــی بــاڵای چیــرۆک و رۆمــان بکــەن، ســەنتەرە رۆشــنبیری و نێوەنــدە هونــەری و رێکخراوەکانــی کۆمەڵــی مەدەنــی لــە چوارچێــوەی چاالکــی شارســتانی و ئاشــتیخوازانە و لــە بۆنــەی جیــاوازدا بیکەنــە ســکاندالّ و کەیســێکی هەمیشــە زینــدوو و بیبەنــەوە بــەردەم الیەنــە پەیوەندیدارەکانــی حکومەتــی عیــراق و قونســوڵگەری و باڵیۆزخانــەی وڵاتــان و دامــەزراوە و رێکخــراوە نێودەوڵەتییەکانــی نــاو کوردســتان و بیکەنــە کارتێکــی بەردەوامــی فشــار، بــۆ ئــەوەی دونیــا بــە ئەرکــی ئەخلاقــی و یاســایی خــۆی هەڵســێ، هەم بــۆ بەجینۆســاید ناســاندنی، هــەم بــۆ کۆمەککردنــی کوردســتان بــۆ بەدەنگەوەهاتنــی پێداویســتییە ژیانــی و دەروونــی و کۆمەڵایەتییەکانــی قوربانیــان.

شــتێک کــە زۆر گرنگــە لێــرەدا بــە بیــر ســەرۆکی کابینــەی حەوتــەم بهێنینــەوە، کارکاردنــی مینیۆمێنتــی ئەنفالــە، کــە ئێســتا وەک پــرۆژە و بینــا تــەواو بــووە و لــە ســەردەمی کابینــی پێنجــەم و لەســەر دەســتی ئــەودا بەردی بناغــەی دانــراوە . دامەزراندنی ســەنتەرێکی ئەرشــیفی نەتەوەیــی، بــە جۆرێــک هەرچــی دیکیۆمێنــت و بەڵگەنامــە و فۆتــۆ و ڤیدیــۆی تاوانــەکان و کەرەســە و کەلوپــەل و جلوبەرگــی قوربانییــەکان دوای هەڵدانــەوەی گــۆڕەکان و تەنانــەت بەشــێک لــە ئێســک و پروســکی قوربانییــەکان کۆبکرێتــەوە و لــەو ئەرشــیفخانەیە و لەنــاو مینیۆمێنتەکــە بپارێــزرێ و بــۆ میــوان و شــاندە سیاســی و دیبلۆماســی و ئەکادیمــی و میدیاییەکانــی دونیــا، کــە دێنــە کوردســتان بخرێنــەڕوو. لــە هــەر هەمــوو ئەوانــەش گرنگتــر ئەوەیــە کــە بــە پێــی زانیارییــەکان تــا ئێســتا (١٣)ســێزدە کەســی رزگاربــووی پرۆســەی ئەنفــال و زیندەبەچاڵکــردن لــە ژیانــدا مــاون، جگــە لەوانــەی لــە دانیشــتنەکانی دادگای بــاڵای تاوانەکانــی عیــراق لــە ســەروەختی دادگاییکردنــی تاوانبارانــدا لەســەر شــوێنکات و چۆنییەتــی ئەنجامدانــی پرۆســەکان گەواهیانــدا، کــە پێویســتە لــە چوارچێــوەی دیــداری تەلەفزیۆنــی لەگەڵیانــدا و وەرگێڕانــی لێدوانەکانیــان بــۆ زمانــە زیندووەکانــی دونیــا، ســوود لــە دیکۆمێنتکردنــی را و گەواهــی دانەکانیــان ببینــرێ و بپاریزرێــن، چ وەک پاراســتنی مێــژووی ئــەو تاوانانــە و گواســتنەوەیان بــۆ نــەوەکان، یــان بەکارهێنانیــان وەک بەڵگــە لــە مینبــەر و دادگا نێودەوڵەتییەکانــدا .

بـه کورتـی و بەکـوردی کاتـی ئـەوە بەسـەرچووە و درەنـگ کەوتوویـن، کـە ئـەو کار و هەنگاوانەمـان لـە میانـی پـلان و بەرنامـە و سـتراتیژیەتێکی نیشـتمانیدا بـە دامەزراوەیـی و زانسـتی نەکـردوون، کەمتەرخـەم بوویـن لـەوەی تـا ئـەم چرکـە سـاتە نەمانتوانیـوە گەلەکەمـان لـە سـروتی یادکردنـەوەی لاواندنـەوە و شـین و شـەپۆر و چەنـد بـارە کولاندنـەوەی برینـی قوربانییـەکان قورتـار بکەیـن و ئـەو بیرەوەرییانـە بکەینـە هوشـیارییەکی کولتـوری و نەتەوەیـی و نیشـتمانی زینـدوو لـە ویـژدان و یـادەوەری نەوەکانمـان. بۆیـە بـە بۆچوونـی ئێمـە کابینـەی نوێـی حکومـەت پاڵپشـت بـە ئەزموونـی حوکمڕانـی پێشـینەی خـۆی لـە ئێسـتادا دەتوانـێ بـەم ئەرکـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییە هەڵسـێت و لـە ئاسـتی ئـەو بەرپرسـیارێتییە مەزنـە دابێـت، بەتایبـەت کـە کەرەسـەکانی لەبەردەسـتە و تەنهـا دەمێنێتـەوە سـەر ئـەوەی بەرمەبنـای پـلان و بەرنامـەی جیـددی، میکانیـزم و توانـای مرۆیـی و مـاددی پێویسـت لـەم بـوارەدا وەگـەڕ بخـات.

## هەڵەبجە لە نۆستالیژیاوە بۆ ڕۆحی کوردبوون

سەیرە تا ئەم لەحزەیەش کورد و پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و روناکبیرییەکەی، دوای هەموو ئەو ئەزموونە تاڵانەی مێژووی سیاسی خۆی، پاش هەموو ئەو پێشکەوتنانەی دونیا، ئێستاشی لەگەڵ دابێت تەنها بەدیوێکی عاتیفیانە رووداوەکانی خۆی دەخاتەوە روو و هەرگیز ئەو هەوڵە نابینی، کە کۆی نەهامەتی و وێستگەکانی ژیانی پڕ کارەساتباری خۆی، لە گێڕانەوەی چیرۆک ئامێز و لاواندنەوەی شاعیریانە بیەڕێنێتەوە بۆ ئاستی گوتارێک کە رەگەکانی کوردبوون و مانەوە و بەردەوامی و سزادانی مێژووی لەسەر بونیاد بنێ..ئەمێستاش کارەساتەکانی جینۆساید و کوشتوبڕ وکیمیاباران و ئەنفال، تەنها بەمەبەستی کولاندنەوەی برین و وروژاندنی دیوی سۆز و عاتیفەی شەقام یاددەکرێنەوە، ئەویش لە میانی گوتارێکی سادەگۆی دووبارەی پڕ هاش و هوش و دروشمی جۆشدار، کە دوور و نزیک خزمەت بە قووڵکردنەوەی رەهەندە دیرۆکی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دۆزی کورد خۆی ناکات و ناتوانێ ئەو یادەوەریانە لە حاڵەتی نۆستالیژی و گێڕانەوەی حیکایەتخوانانە بۆ دیوە نەتەوەیی وسیاسییەکەی بگۆڕێ.

ئەوە بە تەنها هەر لە میانی یادکرنەوەی کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال نیە، کە جارێکی تر کایەی سیاسی و دەسەڵاتی کوردی گەرەکییەتی وەک بریندارکردنی ناخی مرۆییانەی ئێمە و ناچارکردنمان بە چەند خولەکێک وەستانی رووکەش لەو رۆژانەدا لە خشتەمان ببات، بەمەبەستی رەواج پێدانی کاڵا سیاسی و حزبییەکەی خۆی و قەڵەباڵغ کردنی دیوەخانەکانی و کوێرکردنی هوشیاری سیاسی و نەتەوەیی وکۆمەڵایەتیمان، تا لە پەنا ئەوە خۆی لە هەرچی بەرپرسیارێتی مۆراڵی ونەتەوەیی هەیە بدزێتەوە و جارێکی تریش حزب و ئەزموونی فوول دیموکراتێکی دوای راپەڕینمان وەک موعجیزەکانی خۆی پێ بفرۆشێتەوە..ئەوە هەر ئەو یاد و بۆنانە نین، کە حزبی کوردی دەیانکاتە پەنجەرەیەکی تر بۆ خۆ دزینەوە لە ئەرک وپەیامە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بە گوێرەی پێدراو و خواستەکانی ئەمڕۆی

کۆمەڵــگای کــوردی، بەڵکــو لــە ڕێگــەی ئــەو ڕەواج پێدانــە بــازاڕی وئایدیۆلۆژیــە و بچوککردنــەوەی ئــەو کارەســاتانە بــۆ بۆنــەی خەمنــاک و پرســەبار، نــەک هــەر گەورەیــی و گرنگــی پەندەکانــی قوڵکردنــەوەی ئینتمــا لــە ناخمانــدا دەکــوژێ و ناچــار بــە ڕۆتینێکــی ڕووتــی یادکرنــەوەی کــرچ و کاڵمــان دەکاتەوە،بگــرە هەرچــی ئومێــدی بڕوابوونمانــە بــە شــوناس و ئینتمــا لــە ناومــان دەکــوژێ . دیــارە لــە زۆر ڕووی تریشــەوە کایــەی سیاســی تــا ئێســتا ئازایەتــی و جورئەتــی ئــەوەی نەداوەتــە خــۆی پرســیارە گرنــگ و هەســتیار و بەرهەمــدارەکان بوروژێنــێ، نــەک هــەر ئــەو پرســیار گەلــەی نەوروژانــدووە، بەڵکــو هەناســەی ئەوەیشــی لەبــەر هەمــوو ئەوانــە بڕیــوە، کــە دەیانەوێــت پرســیاری لــەم چەشــنە نــەک هــەر لــە کارەســاتی جینۆســایدەکان بکــەن، بگــرە ڕوحــی ئەوەیشــی لێکووشــتوون، بــۆ نموونــە پرســیار لــە نهێنــی ئــەو پەتــا ترســناکە بکــەن، کــە ئاخــۆ بۆچــی و لەبەرچــی لــە ســاتەوەختی گەرمــەی شــۆڕش وتێکۆشــان و لــە هەڕەتــی دڕندەییەکانــی بەعــس و قەســابخانەکانیدا (٥٠٠, ٠٠٠) پێنــج ســەد هــەزار کــورد دەبێتــە جــاش؟!

بەڕاســت کــە ئەمــڕۆ (٢٨) بیســت و هەشــت ســاڵ بەســەر کارەســاتی هەڵەبجــە و ســەدە ونیــو و چارەگــە ســەدەی تریــش بەســەر گەلەکۆمــە و کۆمەڵکــوژی و جینۆسایدی دیکــەی گەلەکەمــان لەســەر دەســتی داگیرکــەران ڕەت دەبــن، کەچــی هێشــتا کایــەی سیاســی کــوردی و خــودی کۆمەڵــگا و نێوەنــدە ڕووناکبیرییەکەیشــی لــە خــەوی قــووڵ بێــدار نەبوونەتــەوە و هــەر ئــەو لەحزانــە ئاهێکــی ڕواڵەتیانــە هەڵدەکێشــن و لێویــان دەکــرۆژن و ڕەنگــە هەنــدێ جاریــش وشــکە فرمێســکێک بڕێــژن و ئــاوازی نــای لــە ڕادیــۆ و تیڤیــەکان بــۆ چەنــد ســاتێک لەڕێگــەی گوێچکەکانمانــەوە ناخمــان برینداردەکاتــەوە و لــە میانــی وێنــەی لاپــەڕەی بڵاوکراوەکانیشــەوە بینینمــان خوێنــی تێــدەزێ و هوتافــی سیاســییەکانیش بــێ تاقەتمــان دەکــەن و........، هەمــوو ئــەو ســیناریۆ دووبارەوەبووانــە چ خزمەتێــک بــە ڕوحــی کوردبــوون و مانەوەمــان دەکــەن؟ دەتوانــن چــی لــە ژێرخانــی بیرکردنــەوە و متمانــەی ئینتمامــان بگــۆڕن؟

ئاخــر ئەگــەر بڕیــارە ئیــدی تــا هەتایــە یادکردنــەوەی کارەســاتی کیمیابارانــی وەرێ وبالیســان و شێخوەســان و هەڵەبجــە و ئەنفالــی گەرمیــان و بادینــان و بارزانییــەکان، هــەر ئــەو ڕێوڕەســمە ڕۆتینیانەبــن، کــە لــە ڕێگەیانــەوە جارێکــی تــر حزبــی کــوردی ناشــیرینییەکانی خــۆی پــێ ســواخ بداتــەوە و بیــەوێ گەمــەی گیســکەکەی هەیــاس

لەگــەڵ گەلــدا بــکات و لــە میانــی ئــەو یادانــەدا رووقایمانــە مەدالیــای ســەروەری و موعجیــزە بــە ملــی مێــژووی سیاســی خۆیــدا هەڵواســێ، وەک ئەوەی ســاڵانە لە بیــرەوەری راپەڕینــدا دەیبینیــن، باشــتر وایــە لــە هەمــوو ئەگەرەکانــی نوێبوونــەوە و گــۆڕان و بــە ئــاکام گەیاندنــی ئامانجــە نیشــتمانی و نەتەوەییــەکان بەگومــان بیــن و هەمیشــە ئاســۆکانی رزگاری و دادگاییکردنــی خۆمــان و دوژمنانمــان بــە تاریکــی ببینین..هەمــوو ئــەو چەشــنە یادکردنەوانــە نــەک بەقــەد ســوتووی جگەرەیــەک خزمــەت بــە هوشــیاری و بێداربوونەوەمــان نــاکات، بەڵکــو دواجــار هەمــوو ئــەو خــەون و خولیایەشــمان لــە ناخــدا دەکــوژن کــە بــە روحــی شــۆڕش بینیمــان و لــە کــۆی ئــەو مانــا جوانانــەی ژیــان و بــاوەڕ بەخۆبــوون و دەســتگرتن بــە رەگەکانــی ئینتمــا و بەرپرســیاری خاڵیمــان دەکەنــەوە، چونکــە تێگەیشــتین ئیــدی لــە پشــتی هەمــوو ئــەو هاشوهوشــانە بەرنامــەی ســەرلەنوێ بــە ئامێرکردنەوەمــان و بــە کۆیلەکردنمــان هەیــە بــۆ گوتــاری حــزب و ســەروەرییەکانی، تــا زاتــی ئــەوە نەکەیــن بیــر لــەوە بکەینــەوە، کــە مێــژوو لــە دەرەوەی جووڵــە وچالاکــی حــزب دەبــزوێ، واتــە ئەگــەر ئــەو ســیحرەی حــزب نەبــێ ژیــان و مێــژوو لــە بــزاوت دەکــەوێ و ئەگەرێــک بــۆ گــۆڕان و هەڵســانەوە و شــۆڕش نامێنــێ، بــێ ئــاگا لــەوەی کــە تــازە هێــزی راکێشــانی حــزب بــەو هەناســە و بیرکردنــەوە و دونیابینییــەی هەیەتــی، ئــەو وزەی ئەســپەی نییــە، کــە کۆمەڵــگا رووە و ئاقارەکانــی دڵنیایــی پەلکێــش بــکات و هێورییــەک ببەخشــێتە جەســتەی شــەقار و بیــرەوەری هیــلاک و مانــدووی نەتــەوە، چونکــە لەودیــو پــەردەی کروزانــەوەی حــزب و کایەی سیاســی کوردی بۆ ئەو کارەســاتانە، هێنــدەی خەونــی جارێکــی تــری بەســوپەرمان کردنــەوەی خــۆی و ســاخکردنەوەی کالاْ ئایدیۆلــۆژی و بەرژەوەندییەکانــی هەیــە، نیــو ئەوەنــدە مەرامــی خــۆ نوێکردنــەوە و بەخۆداچوونــەوە و ســوود وەرگرتــن لــە پەندەکانــی مێــژوو و ئەزموونەکانــی دونیــا و ناوچەکــە نییــە، تــا لــە رێگەیــەوە بێنــەوە نــاو ویژدانــی خەڵــک و بیانخەنــە بــەردەم پرســیاری ئینتمــا و بەرپرســیارێتی، واتــە ئــەوە داینەمــۆی فیکــری و سیاســی و پەیامــە کۆمەڵایەتــی و نەتەوەییەکــەی حــزب نییــە، کــە وادەکات تاکــی کــورد هەســت بــە مەترســیەکانی ســەر شــوناس و ئەگەرەکانــی دووبــارە باوەشــکردنەوە بــە کارەســات و چۆنێتــی و رێگــە دەربــازی رووبەڕووبوونەوەیــان بــکات، بەڵکــو لەتــەک ئــەو دیرۆکــە سیاســی و یادەوەرییــە برینــدارەی خەڵــک خــۆی، هەڵــە و ناشــیرینی و بــێ موبالاتــی حــزب و کایــەی سیاســی لــە ئاســت پێدراوەکانــی ســەردەم و خەونــە کۆمەڵایەتییەکانــی

شـەقام و پاوانکردنـی بـۆ کەنـاڵ و دەروازەکانـی ژیـان، وای کـردووە و وا دەکات کـە تاکـی کـورد و کۆمەڵـگای کـوردی بـە گشـتی لـە تـەک راسـتکردنەوەی ماناکانـی ئینتمـا و بەرپرســیارێتی، هەوڵیـش بـۆ راســتەرێکردنی حـزب و کایـەی سیاسـی بـدات، تـا لــە بەرامبــەر مێــژوو و هوتــاف ودروشــم و ئامانجــە تیۆرییەکانــی خــۆی هەســت بــە بەرپرســیارێتی بکات.بەمانایەکـی دی ئــەوە کۆمەڵــگا نییــە دەترســێ و بــە بیانــوی جیــاوازەوە هەوڵــی راکردنێکــی خێــرا دەدات بــۆ ئــەوەی خــۆی لــە ســێبەری حــزب بدزێتـەوە، بەڵکـو ئـەوە خـودی حزبـە نایـەوێ گـۆڕان لـە رەفتـار و گوفتـار و بیرکردنـەوە و هەڵوێسـتەکانی دەرهـەق بـە دوێنـێ و پێشـهاتەکانی ئێسـتا و خواسـتە کۆمەڵایەتییـە هەنووکەییەکانــی خەڵــک و ســەرلەنوێ پێناســەکردنەوەی چەمکــەکان بــە گوێــرەی پێدراوەکانـی ئەمـرۆ بکاتـەوە.

بـەردەوام بوونـی کایـەی سیاسـی و حزبـی کـوردی لەسـەر ئـەو ریتمـە سـەقەتەی بێدارکردنــەوەی خەڵــک و مشــەخۆری لەســەر یــادەوەری نەتــەوە و کاڵــک کردنــەوەی مانــا قــووڵ و رەهەنــدە مێژوویــی و سیاســی و کۆمەڵایەتییەکانــی ئــەو یادەوەرییــە و بەتاڵکردنـەوەی لـە هێـز ورایـەڵ و فاکتەرەکانـی دروسـتکرنەوەی سـەرلەنوێی نەتـەوە و دارشــتنەوەی هێڵــە ســتراتیژییەکانی کاری نەتەوەیــی و چاندنــەوەی تــۆوی راســتەقینەی ئینتمــا و بەرپرســیارێتی، بەتایبەتــی لــە بــە هەڵــە قۆســتنەوە و تەزیفکرنــەوەی کارەســاتەکان، نــەک ســەرلەنوێ بریندارکردنــەوەی ویــژدان و ســۆزی پاشــماوەی قوربانییـەکان و بێزارکردنـی نـەوەی ئـازادی و کوشـتنی بێمانـای کات و زیاترمژۆڵکردنـی خەڵکـە، تـا لـە پشـتی ئـەو گەمەیـە حـزب و کایـەی سیاسـی رەگەکانـی تاکـڕەوی و پاوانکـردن دابکوتێت..زیندووترین بەڵگـەی راسـتی ئەو قسانەشـمان وەڵام و بەدەنگهاتنی پاشـماوە و قوربانییەکانـی ئەنفـال و کیمیابـاران و ئـەو کارەسـاتانەن بـەوەی کـە ئیـدی تاقەتــی ئەوەیــان نەمــا گــوێ بۆئــەو قەوانــە ســواوانەی کایــەی سیاســی کــوردی شــل بکـەن و  لەسـەر حیسـابی نەهامەتـی و ئـازار و برینەکانـی ئـەوان هێزگەلـی سیاسـی و کـەس و نێوەنـدی مشـەخۆر خۆیـان قەڵـەو بکـەن و ئـەو بیرەوەرییانـە بـەم چەشـنە و بـە بەردەوامـی بکرێنـە کاڵای بازرگانـی پێکـردن، لـەم رووەوە دەکـرێ هەڵوێسـتی لاوان و توێژەکانـی دیکـەی هەڵەبجـە لـەم رۆژانـەی دوایـی بـە نزیکتریـن نموونـە وەربگریـن، جگـە لـەو بێـزاری و جاڕسـیەی هەمیشـە لەسـەر رووخسـاری رۆڵـەی ئەنفالکـراوەکان دەیبینیـن، واتـە ئەگـەر کایـەی سیاسـی هـەر بیـەوێ خـۆی لـەم راستییانە نەبـان بـکات

و گـوێ لـە هەناسـەی ئـەو دەنگانـە نەگـرێ و هەمیشـە سـاڵانە قەوانـی سـواو و بـە ئـاواز و ریتمـی تـازە لێبداتـەوە و بـە ریـکلام و دروشـمگەلی سیاسـی دووبـارە بێتـەوە و یادەوەریمـان بریـندار بـکات و تەنهـا یادکردنـەوە بـۆ یادکردنـەوە بکاتـە ئامانـج، نـەک ناکـرێ، بگـرە هەقـی ئـەوەی نییـە پرسـیاری بـێ ئینتمایـی و خـۆ بەبەرپرسـیار نەزانیـن لـە ئاسـت پێشـهات و دەرکەوتـە سیاسـییەکانی سـەر گۆڕەپانـی کوردسـتان و عیـراق و ناوچەکـە، کـە بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان پەیوەندیـان بـە ئێمـەوە هەیـە لـە خەڵکـی بـکات، لـە بـری ئـەوە چاکتـر وایـە حـزب و کایـەی سیاسـی کـوردی بەرنامـە و پـلان و پـرۆژەی هەبێـت بـۆ وەڵامدانـەوەی خواسـتە کۆمەڵایەتییەکانـی خەڵـک و بـە گوێـرەی پێدراوەکانــی ســەردەم پــرۆژەی هەبێــت بــۆ ســەرلەنوێ دروســتکردنەوەی ئینتمــا و چۆنێتــی و چییەتــی و میکانیزمــی نوێکردنــەوە و پتەوکــردن و گەشــەپێدانی گیانــی کوردبـوون و مانـەوە و پاراسـتنی شـوناس، چونکـە پـادەوەری فاکتـەر و رایەڵیکـی تـرە لـە کـۆی ئـەو رایـەڵ و فاکتەرانـەی، کـە دەکـرێ لـە میانەیـەوە سروشـتی ئـەو شوناسـە و ئەگەرەکانــی مانــەوە و بەردوامــی پێانــی بەهێــز بکرێتــەوە و لــە رێگەیــەوە گیانــی بەرپرسـیارێتی لـە ناخـی تاکەکانـدا دووبـارە برووێنیتـەوە.

پێـم وایـە کارەسـاتەکانی ئەنفـال و کیمیابارنیـش جگـە لـەوەی کارەسـاتی گـەورەن لــە مێــژووی سیاســی ئێمــەدا و دەکــرێ لــە ســەر ئاســتی ناوچەیــی و نێودەوڵەتــی بکرێنـە پـرۆژە و پلانـی سەرخسـتنی خەونـە نیشـتمانی و نەتەوەییەکانمـان، هـاوکات کایــەی سیاســی لــە ئاســتی ناوخــۆدا رووبــەڕووی بەرپرســیارێتی کۆمەڵایەتــی مــەزن دەکاتــەوە، کــە پێویســتە بیــر لــە وەڵامدانەوەیــان بکاتــەوە، تــا بتوانــێ جارێکــی تــر و شایســتەتر خــۆی ئاوێتــەی ویژدانــی کۆمەڵــگا بکاتــەوە، چونکــە کارەســاتەکانی کیمیابــارن و ئەنفــال لــەوە گەورەتــرن تەنهــا بــە ســەرەدولکەی پیرەژنــان و پرســەی ســاڵانە تەوزیــف بکرێنــەوە و بــەس حیکایەتێکــی بــێ روح و بەرهــەم و پەنــد و ئەزمــوون و نوێبوونەوەبــن!

## بوونێك هەمیشە لە سێبەری ترس...
## ژیانێك بەردەوام لە نێو تارماییەکانی گومان

چەنـدی دەتـــەوێ و دەیکەیـت، ناتوانــی ئەدگارەکانــی مرۆڤدۆســتی ئــەم ژینگەیــە بناسـیتەوە.. نازانـی چـۆن دیوێکـی ژیاندۆسـتی ئـەم کۆمەڵگایـە بدۆزیتـەوە، ئـەو دەمـەی خەریکـە خەیـاڵ دەکەیـت، دەوروبـەرت پـڕە لـە فریـادڕەس و ڕۆحـی نورانـی.. ئـەو کاتەی خەریکـە بـاوەڕ دەکەیـت کۆمەڵگاکـەت هەناسـەیەکی ژیانـت پـێ دەبەخشـێ.. ئـەو ساتەی خەریکـە هەسـت دەکەیـت لـە ئامێـزی جوگرافیایـەک و لەنێـو مرۆگەلێکدایـت، کـە مەئوایەکـن بـۆ دڵنیایـی و باوەشـێکن بـۆ سـۆز، زۆری پێناچێـت و لەچاوتروکانێکدا کولتـور و دابونەریـت کـۆی خەیـاڵ و بـاوەڕ و ئەندێشـەکانت دەکەنـە سـەراب.. زۆر نابـا ئاییـن و سیاسـەت هەرچـی ئومێـد و گەشـبینی و متمانـەت هەیـە دەکەنـە تەپوتـۆز.. لـە سـای ئـەو دێوەزمانـە، کـە لەگەڵمـان گەورەدەبـن و شـوورەیەکی پتـەو و بـەرزی تابـۆ و تەوتـەم و پیرۆزییـان بـە چواردەوردا تەنیویـن، هەمیشـە وایـن سـێبەری تـرس و تارمایـی مـەرگ بەدوامانـەوەن... هەمـوو ئەوانـە بـەردەوام مژدەکانیـان لەسـەر سـفرەی دڕدۆنگـی و دووفاقـی دەخەنـە بەردەممـان!

ئەوانــەی بــەر لــە ئێمــە ئەوانــەی پێــش ئــەوان و ئێمــەش، گیــرۆدە و بەنــدی ســیحرێک کراویــن زاتــی بەتاڵکردنەوەمــان نەکــردووە.. تەلیســمێک ســەراپای ژیــان و بوونمانــی داگیرکــردووە، ئازایەتــی شــکاندنیمان نەبــووە.. هێزێکــی تاریــک، عەقڵێکــی پــووچ، پەیوەندییەکــی دۆگمــا و بۆگــەن بیرکردنــەوە و ڕەفتارمانــی ئاراســتەکردووە و دەکات، جورئەتــی نەفــرەت لێکــردن و تــووڕ هەڵدانیمــان نەکــردووە.. ئــەو نهێنیانــەی جــار ناجــارێ، ئــەو ڕازانــەی تــاو ناتــاوێ، بــە تــرس و شــەرم و نیوەچڵیــەوە، گوایــە ئاشـکرایان دەکەیـن و دەیاندرکێنیـن، ئـەو وەهمانـەن هێنـدەی سـێبەری تـرس و تارمایـی بەکۆیلەکردنــن، نیــو هێنــدە نهێنــی قــووڵ و ڕازی شــاراوەنین، کــە پــەی بــە کــۆد و مەغزاکانیــان نەبەیــن، کەچــی بــەردەوام وایــن لــە خولگەیانــدا دەخولێینــەوە و تەنهــا لەبەرئــەوەی چاوترســێن و رووشــکێن کراویــن، ناتوانیــن قفڵــی دەممــان بشــکێنین و

پـڕ بـە گـەرووی حەسـرەتەکانمان هاواربکەیـن و بەڕوویانـدا بتەقینـەوە. ئەگینـا لـە سـادەترین گوتـن و مانـادا، ئـەو بەنـاو نهێنیانـە سـیحری کولتـور و دابونەریـت، تەلیسـمی ئاییـن و سیاسـەتن، کـە بـەردەوام لـە مرۆڤبوونیـان خسـتووین و سـامی ئەوەیـان لا دروسـت کردوویـن، کـە نەوێریـن بـەدوای شـوناس و بوونـی مرۆیـی خۆمـان بگەڕێیـن و پرسـیار بکەیـن!

ئەگـەر ئەوانـەی بـەر لـە ئێمـە، ئەوانـی پێـش ئەوانیـش بەشـداربووبن لـە بەرهەمهێنـان و تەنینـی تەلبەنـدی ئـەو وەهمانـە، ئـەوا ئێمـەش، تـرس و شـەرم و نەوێـری خـودی خۆشـمان لـە پاراسـتن و تۆخکردنـەوەی سـێبەر و تارماییەکانیـان بەشـدار و بەرپرسـیارین. قـەدەر و چوارچێوەیـەک، کـە دوور و نزیـک، کـەم و زۆر خزمـەت بـە بوونـی مرۆییانەمـان نـاکات، لـەوێ رۆژێـوە تاکـو ئەمـڕۆ کەرامەتمـان دەڕوشـێنن و لـە ماناکانـی ژیـان و جوانیەکانـی داماندەدۆشـن، قـەدەر و تەلبەندەکانـی (بڤـە و عەیبـە و حەرامـە)، تەلبەندگەلێـک کـە لـە بەکۆیلەکردنـی زیاتـر، ژیانێکـی جـوان و شـیاو و پـڕ ماناترمـان پـێ رەوا نابینـن.. ئیـدی حیکمـەت لـە قبوڵکردنیـان چییـە؟ تـرس لـە شکاندنیان لـە کوێیـە؟!

((شـاملۆ))ی شـاعیر و مـرۆڤ لـە شـوێنێکدا دەڵـێ: ((رۆژگارێکـی سـەیرە گوڵـم، دێـن بـۆن بەدەمتـەوە دەکـەن، نەبا رۆژێ وتبێتـت خۆشـم دەوێـی...))، بەراسـت مافـی ئەوەمـان نییـە، ئەگـەر جورئەتـی گومانیـش نەکەیـن، هـەر هیـچ نەبـێ لـە خۆمـان بپرسـین، ئـەوان کێـن؟ ئەوانـە چیـن؟ کـێ ئـەو مافـەی پێـداون وەک سـێبەر بەدوامانـەوە بـن؟ بـۆ دەبـێ بترسـین، لـە کـێ شـەرم بکەیـن، ئەگـەر بپرسـین: ئـەوە چ دۆزەخێکـە لـە دەرەوەی بـوون و ئیـرادەی خـۆت، کەسـێک – هێزێـک- کایەیـەک بێـت و فەرمانـت بەسـەربکات ئەوەبیـت، کـە ئـەو دەیەوێـت؟ ئـەوە چ گاڵتەجاڕییەکـە لـە سـەرووی سـەروەری و مرۆیـی خـۆت، بەنـاوی کولتـور و نەریـت و ئاییـن و سیاسـەت و بەبـێ ویسـتی خـۆت بێـن و پێـت بڵێـن: وابـدوێ، وا دانیشـە، وابخـۆ، وا بـڕۆ، وا بپۆشـە، وا و وا و....؟!

ئیتـر حیکمـەت لـە دەسـتەپاچەیی و دۆشـدامانمان لـە چـی دایـە؟ بـوون و مانەوەمـان چ بەهـا و مانەیەکـی هەیـە، کـە هیـچ کامێکمـان خۆمـان نیـن و سـێبەری ئەوانیتریـن؟ ئـەوە نییـە بـۆن بەدەممانـەوە دەکـەن، کـە نـەک چـی دەڵێیـن و چیمـان گوتـووە، بەڵکـو چیمـان خـواردووە و خواردۆتـەوە.. ئـەوە نییـە دەیانـەوێ بزانـن چ خەونـێ

دەبینین، خەیاڵی چی دەکەین، دڵمان چی و کێ دەخوازێ، بۆن و ئارەزووی چ رەنگێک دەکەین و چۆن و چی دەپۆشین و... هتد؟!

ئەو حەکیم و واعیز و وەلی و بوونەوەرە عەنتیکانەش، کە گوایە کلیلی بوون و چارەنووسمانیان لە دەستە، بەرەنگ و روخسار و بەرگ و ماسکی جیاواز خۆیانمان نیشان دەدەن، بە ریتم و ئاوازی بەرز و نزم.. زبر و نەرم، فەرمان و ئامۆژگارییەکانیان بە گوێچکەماندا دەچرپێنن.. لە شوێنکاتی جیاواز و بە گوتاری هەمە ناو و هەمە رەنگی کولتور و نەریت و ئایین و سیاسەت دەردەکەون و بە گوێرەی پێگە و وەزیفەی کۆمەڵایەتی و رۆحی و سیاسییان، جارێک بەناوی باوک و ریش سپی و پیاوماقوڵ.. تاوێک بەناوی مامۆستا و مورشید و مەلا و شێخ و سەید و وەجاخزادە.. ساتێکیش بەناوی سەرکردە و فەرماندە و عەرەب وتەنی (وهلم جرا!!)، حوکمە کوێر و سەیر و سەمەرەکانی (عەیبە و حەرامە و بڤە) مان بەسەردا دەبەشنەوە.

تۆ سەیری ئەو هەموو عەشقە ناکامە بکە، بڕوانە ئەو زیندانە زۆر و زەوەندەی ویست و ئارەزووە مرۆییەکانی کائینەکانی ئەم سەرزەمینە، سەرنج بدە هەموو ئەو خەونانەی بە کۆرپەیی سەریان بڕاوە، تەماشای ئەو قوربانیانە بکە، کە مافی سەرەتایی و ساکاری مرۆڤ بوون و خودبوونیان لێ زەوت کراوە.. بە ویژدانەوە گوێ بۆ نزای کچە پاکیزە و پەپوولەیەکی ئەم نیشتمانە رابگرە، کە شەرم دەکات باس لە قوربانی بوونی خۆی بکات، دەترسێت و بەگومانە پەنجە بۆ جەلـلاد و بکوژی خەونە مرۆییەکانی درێژ بکات، تا دەگاتە ئەو ئاستە بێهوودەیی و گومانکردنەی، ترسی لەوە هەیە هەرچی بوونەوەری دەوروبەریەتی دڵیان لە بەرامبەریدا بێتە بەرد!!

چ کارەساتێکە بتکوژن و بواری دوا قسەت نەدەن؟ چ خەراباتێکە بتکوژن و دەرفەتی دوا وەسیەت نەدەن؟ چ دۆزەخێکە، مرۆڤێک لەناو هوتافەکانی کولتور و ئایین و سیاسەت.. بەو پەڕی یەئسەوە، بەو پەڕی ترس و نزاوە بڵێ: دەمەوێ بژیم؟!

جەلـلادی ئەو قوربانیە و هاوشێوە و هاو چارەنووسەکانی، کە نهێنی شەوێک و چرپەی پیاسەیەکی تەنیایی بە ترس و شەرم و دڵەڕاوکێ و تکا و پاڕانەوە دەگێڕێتەوە، جەللادێکە لەو کائینە عەجیبانەی ناومان بردن، کە پێیان وایە هێز

و حیکمەتێـک... بەهـا و نۆرمـی کۆمەڵایەتـی، ڕۆحـی خواوەنـد، موعجیـزەی خەبـات لـە پشـتی گوتـار و ڕەفتارەکانیانـە، تاکـو مرۆڤـەکان وەک مێگـەل لـێ بخـوڕن و کائینـە گوناهەکانیـش.. مرۆڤـە بەدبەخـت و قوربانیەکانـی نێـو ئـەو مێگەڵـەش (بەتێڕوانینـی ئـەوان!).. مـن و تـۆ و ئـەم و ئـەو و ئـەوان و ئێمـە و هەموومـان، شـوکرانەی کۆیلەیـی و گوێڕایەڵـی و لـە مـرۆڤ خسـتنمان بکەیـن!!

ئـەو قوربانییـە خەسـیوەی ژێـر تـرس و سـامی کولتـوری باوەڕسـالاری و نەریتگەرایـی، ئەگـەر بەدزییـەوەش بێت..ئەگـەر بەشـەرم و تەریقبوونـەوەش بێت..ئەگـەر بەتـرس و لەرزیشـەوە بێـت، نـەک پێویسـتە دوا وەسـیەتەکانی بنووسـێتەوە و نوزەیەکـی لێـوە بێـت و دواقسـەکانی دەنووسـیت، بەڵکـو پێویسـت دەکات جگـە لەویـش، هـەر یەکێکمـان چرکـە سـاتەکانی ناکامیمـان یاداشـت بکەیـن و ئەگـەر لەنێـو گـەرووی تاریکیـش بێـت، بیگەیەنینـە بـەردەم نیـگاکان، پێویسـت دەکات یاداشـتی ئـەوان دوا نووسـین نەبێـت، هـاواری ئـەوان دوا قیـژە نەبێـت، تـا هیـچ نەبێـت، لـە ڕێگەیانـەوە ئـەو هێـز و کایانـە و هوتافەکانیـان شـەرمەزارکەین، تاکـو پێیـان بڵێیـن چیتـر ئامادەیـی گوێگرتنـی وەعـز و تەلقینەکانـی ئێوەمـان نەمـا، چیتـر بـە دەسـت جەهـل وخوارفـە و مـوژدە دۆزەخیەکانتـان، جەسـتەمان هەپـروون بـە هەپـروون مەکـەن.. تاکـو بەیەکـەوە بـە کـۆرس بەسـەریاندا هاواربکەیـن و پێیـان بڵێیـن:

«ئەو دەرسەی
پێویستە فێری بین،
دەرسێکە سەبارەت بە ئەوین،
ئەوینێ
نەکۆت و نەمەرج و نە سنوور بناسێ»*

ئـەو قوربانییـە و ئەوانـەی وەکـو ئەویـش، کـە گـەرووی تاریکـی کولتـور خنکاندوونـی بەتەنهـا نیـن، ئـەوە هەموومانیـن، کائینەکانـی دەستبەسـتە و دەم کڵۆمـدراوی سـایەی قـەدەر و تەلبەندەکانـی (عەیبـە و حەرامـە و بڤـە) و هـەر یەکێـک بـە خەونێکـەوە.. بـە خەیاڵێکـەوە.. بـە برینێکـەوە.. بـە هیوایەکـەوە، وێڵـی کڵاوڕۆژنەیەکـی ڕووناکـی، تینـووی هەناسـەیەکی ژیانیـن و لـە ژووانـی ئاسـۆیەکداین، تێیـدا بـوون و شوناسـی مرۆیمـان بدۆزینـەوە..

لـه نووسـینەوەی یاداشـتی نێـو هەنـاوی تاریکییـەکان مەکـەوە، لـە ریزکردنـی رسـتە مرواریيەکانـی پەیـڤ مەوەسـتە، ئەگـەر بـە فرمێسـیکیش بێـت وێنـای ئـەو دیمەنانـە لـە سـەر دیـوار و سـەکۆی ئـەو ژووره تاریکانـە هەڵبکۆڵـە، کـە زراویـان لـە دەرکەوتنـی خـۆر تۆقیـوە و رژاوە و هەموویـان لەگـەڵ شـەپۆلێکی (بـا)دا بـدە بەکەشـکەڵانی ئاسـمان و تـا دەگەنـە (ماڵـی خـودا) بیاننێـرە.. ماڵێـک کـە پڕیەتـی لـە پاکـی و بەرائـەت و راسـتگۆیی، ماڵێـک تـژی لـە سـۆز و میهـر و بەخشـندەیی، ماڵێـک کـە هەمیشـە سـێبەری بێنەوایـان و قوربانیەکانـی دەسـتی ئەوانەیـە، کـە بەنـاوی ئـەو دەدوێـن، ماڵێـک کـە هیـچ بۆشـاییەکی لەسـەر زەوی و لەنـاو فـەزا و لـە توێـی بەرگـی کتێبەکانـدا داگیرنەکـردووە و تەنهـا و تەنهـا لەسـەر زەمینـی ویژدانـدا خـۆی دەدۆزێتـەوە..

تـۆ بـە تەنهـا بـۆ پـەردەی کچێنـی و دڵۆپـە خوێنـی بەناهـەق تـکاو مەگریـە، ئـەوە نییـە حەشـاماتێک لـە مـرۆڤ، دونیایـەک لـە خەڵقەنـدەی (خـوا) لـەم جوگرافیایـە، لـە سـای ئـەو سـیحر و تەلیسـمانە پـەردەی مرۆڤبوونیـان دۆڕانـدووە.. پـەردەی بـوون و بەهـا و سـەروەری.. پـەردەی ژیـان و هەناسـەدان و زیندەگـی!

ئێسـتاش سـەروەختی ئـەوە هاتـووە، گـوێ لـە پاسـەوانەکانیان نەگریـن و لـە نیگابانـی و سانسـۆر و سیخوڕی ئـەوان نەترسـین.. ئاخـر ئـەوان بـەو ترسـی نیگابانـی، بـەو وەهمـی پاسـەوانی، بـەو چـاوی خوێـن تێـزاوی پـڕ رق و کینەیـان، بـەو دڵـی بـەرد و عەقڵـی کوێـر و ویژدانـی خەوتوویـان، بـەو کابـوس و دێوەزمـەی نێـو حیکایـەت و ئەفسـانەکانیان، دەیانـەوێ پەردەکانـی ئـەم شـانۆگەرییە تراژیدیـە درێـژ بکەنـەوە.. ئیتـر کاتـی ئـەوە هاتـووە بێدەنگـی ماڵئاوایـی بـکات.. شـەرم و تـرس بارگەکانیـان تێـک نێـن، بـا نامەکـەی تـۆ رووی عەیبەیەکیـان سـپی کاتـەوە و هاودەنگـی هەمـوو ئەوانـەش کـە تنۆکـێ ویژدانـی مرۆییـان مـاوە، پـەردەی بڤـە و حەرامەکانیـن بدڕێنـێ.. چـش لـەوەی تنۆکێـک خوێـن، تینوێتـی زمانـی لۆمـە و شمشـێری رق و گوللـەی شـێتیان تێـر دەکات، کـە دواجـار رەنگـی ئاڵـی ئـەو خوێنـە، دێباجـەی مانیفێسـتی مەرگـی جەهل و خورافـە و وەعـز و تەلقینـی باوکەکانـی کولتـور و ئاییـن وسیاسـەت دەنەخشـێنێ و شـەفەقی رۆژێکـی نـوێ.. ژیانێکـی نـوێ و بەهـای مرۆڤبوونـی لـێ دەردەکـەوێ!

* ئەڤیننامە، حەمە سەعید حەسەن

## جەستە و یادەوەری.. کولتوور و توندوتیژی

کـەم کـەس هـەن بتوانـن وشـە لەسـەر جەسـتەیەکی یاخـی بخەنـە سـەما.. خسـتنە سـەمای وشـەکان بـەو مانایـە نـا جەسـتە جڵەوگیـر بکەیـت، بەڵکـو بـەو مانایـەی بتوانیـت ئاوازێـک بـۆ ژیـان بژەنیـت. بـە مانایەکـی دی کێیـە ئـەوەی دەتوانێ‌ئـەو جەسـتە یاخییـە لـە خـودی خـۆی (جەسـتەکە خـۆی) و غەریـزەی شـەهوانی خەتـووی ناوەوەی(مـن) ئـازاد و رەهـا بـکات؟ بەتایبەتـی لـە سـای کولتورێکـدا کـە شۆڕشـی جەسـتە بـە کوفـر دەزانـێ؟ چـوون هەمیشـە جەسـتەکان یـادەوەری لـە خۆیانـد هەڵدەگـرن و دەیپارێـزن، چ جـای بـۆ مرۆڤێکـی رۆژهەڵاتـی کـە دواجـار لـە لوتکـەی شۆڕشـێکی هەسـتەوەری لـە پێنـاو ئازادکردنـی جەسـتەدا، جارێکـی تـر یادەوەرییەکـەی دەیداتـەوە دەسـت ویسـتی شـەهوەت و غەریـزەی خـۆ بەتاڵکردنـەوە، کـە ئیـدی ناتوانـێ‌وەک سروشـتی خـۆی مامەڵـە لەگـەڵ جەسـتەدا بـکات. پرسـیارێکیش لێـرەدا ئەوەیـە ئایـا رەگ و بنەڕەتەکانـی زەوی دەگۆڕێـن، لـە کاتێکـدا یادەوەرییەکـەی لـە ناخیـدا حەشـار دراوە؟! گرفتەکـە لێـرەدا چەنـدە پەیوەسـتە بـۆ توانـای بەرزبوونـەوە بـۆ ئاسـتی رۆحـی لـە مامەڵـە لەتـەک جەسـتەدا، ئەوەنـدەش زیاتـر گرێـدراوی یـادەوەری ناوکـۆی کولتـورە، زەوی کولتورێکیـش کـە بـە تـۆوی شـەهوەت ئـاو درابێـت و رەهابوونـی جەسـتە لـە خـۆی و لـە ویسـتە غەریزەییەکانـی و گەیشـتن بـە کامڵـی و (سـمو) بـە کوفـر و حـەرام بزانێـت و لەولاشـەوە یادەوەری بـە دونیایـەک چەپانـدن و سـەرکوتکردنەوە بـارگاوی بێـت، هەمیشـە ئەگـەری ئـەوە هەیـە دواجـار جوگرافیـای جەسـتە وەک پانتایـی خـۆ بەتاڵکردنـەوە مامەڵـەی لـە تەکـدا بکـرێ‌و بکرێتـە کاڵایەکـی هـەرزان لـە بـازاڕی غەریـزەی شـەهوانی، لـە کاتێکـدا دەشـێ‌رۆحێکی (کۆلۆمبـس)ی هەبێـت تـا کیشـوەری ون و سـیحری پەنهانـی لـە جوگرافیـای جەسـتە بدۆزێتـەوە، یـان وەک ئـەوەی کـە لـە ئاسـتە عیرفانییەکەیـدا (مەولانـا جەلالەدینـی رۆمـی بەڵخـی) گووتەنـی، مـرۆڤ بـەر لـەوەی بـۆ شـکاندنی تینوێتـی بـەدەم قومێ‌ئـاوی نێـو چنگیـەوە رووبکاتـە دەریـا، باشـترێکە خـۆی بـۆ ئـەوە تەرخـان بـکات مـرواری و

دووڕەکانی نێو دەریاکە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی تا هەتا تینوێتی رۆحی خۆی بشکێنێ. ئەوەی کە کەسمان پەی بە تینوێتی رۆحمان نابەین و تەنها دەمانەوێ جارێکی تر لە رێگەی خۆبەتاڵکردنەوە و رووتبوونەوەیەکی سێکسی یادەوەریمان بنووسینەوە، هەر ئەمەیە وایکردووە دواجار کەسی توندوتیژ بین بەرامبەر جەستەی خۆمان و ئەوی دیکەش.

پاولۆ کۆیلیۆ دەڵێ: «لە ناخی هەر یەکێکماندا فریشتەیەک و شەیتانێک خەوتوون و هەردووکیان کت و مت لە یەک دەچن». کەوابێت چی گرنگە بۆ مرۆڤ؟ وێڕای ئیرادە، بوون و ئامادەیی بەردەوامی ویستێکی رۆحی سەرکێشە بۆ ئەوەی شەیتانەکەی ناوەوەمان هەمیشە خەواڵو و فریشتەکەی ناخیشمان بەردەوام بێدار بێت. هزری ناتوندوتیژی لەوێدا دەست پێدەکات، کە رقی ناوەوەمان بکوژین و کابووسی تۆڵە گومناو بکەین، ئەوە نەک هەر بەرامبەر بەرامبەرەکانمان، بەڵکو بەرامبەر ئەو بورکانە تورەییانەی جارناجار لەناوەوەماندا تووشی تەقینەوەیەکی سەرشێتانەمان دەکەن.. چ قەیدی با هەندێجار ترسنۆک بین، ئاخر ئەو مرۆڤەی پێی وایە ناترسێ، با گومانی نەبێ کە خەسڵەتێکی مرۆییانەی لەدەست داوە. ترس بە مانای ملکەچی نا، بە مانای شوێنکەوتەیی و سازش نا، ترس بەمانای ئەوەی چۆن دەتوانین لە ئاستی زللەیەک دەستی تەوقە گەرم کەینەوە و لە ئاستی گوللەیک عەتری وشە بپژێنین و ژیانمان پڕکەین لە رەنگ و کەون بە پەلکەزێرینە داپۆشین!!

## ڕەهەندەکانی زیندان!
## (یەکەم سەرکەوتن ئەوەیە لەخۆت بردبێتەوە – نیچە)

قسـەکردنی ئێمـە لەسـەر زینـدان، تەنهـا قسـەکردن نییـە لەسـەر دیـوی ناسـراوی ئـەو پرۆسـەیە، واتـە بـەس قسـەکردن نییـە لەسـەر تەنیایـی و گۆشـەگیری کەسـێک، یـان پەراوێزکـردن و دوور خسـتنەوەی لـە دونیـای دەرەوەی خۆی، یاخود باسـی دروسـتکردنی ئـەو دابڕانـە جەبرییـە نییـە، کـە هێـز و کایەیەکـی سیاسـی بەسـەر کەسـێکی نەیاریـدا دەیسـەپێنێ، بەڵکـو لـەوە زیاتـر باسـکردنە لـە تەنیایـی مێژوویـێـک و گۆشـەگیری کولتورێـک بـۆ خـۆی، کـە لەگـەڵ خۆیـدا خەونـی جـوان و بەهـای ئـازادی و سـەروەری مرۆیـی ملیۆنـان کەسـی زیندانـی کـردووە، مێژوویێـک دەرگای بەسـەر خۆیـدا داخسـتووە و بەتەنهـا دەسـتوخەتێکەوە خـۆی دەنووسـێتەوە و بـە تەنهـا زمـان و لۆژیکێکیشـەوە دێتـەوە سـەر تەختـەی شـانۆ و حیکایەتەکانـی خـۆی وەک حیکمـەت دەگێڕێتـەوە و هێشـتا بـە تەنهـا تێگەیشـتنێکەوە لـە گوێگرەکانـی دەڕوانـێ .. کولتورێـک بـە تەنهـا روئیایەکـەوە ژیانـی بینیـووە و دەبینـێ و هـەر بـەو رەنـگ و سیمایەشـەوە دەیـەوێ لـە تـەک پەلکەزێڕینـەی هـەوا گۆڕکێکانـی دونیـا خـۆی بگونجێنێ..مێـژوو و کولتورێـک لـە واعیـز و موژدەبەخـش و مرۆڤـی گوێڕایـەڵ زیاتـر شـتێکی تـری بەرهـەم نەهێنـاوە.. مێـژوو و کولتورێـک کـە تـا ئـەم چرکـە ساتەش بەلایـەوە ئەسـتەمە و پێـی شـورەییە خۆخوێندنەوەیەکـی رەخنەگرانـەی جـددی لەسـەر دوێنـێ و تەنانـەت ئەمـڕۆی بـکات، تـا هـەر هیـچ نەبێـت سـبەیەکی جیـاواز لـە رۆژەکانـی تـر بـۆ خـۆی دروسـت بـکات، تەنانـەت ئـەو ئێستایەیشـی کـە تیایـدا ژیـان دەکات بـە مـوو (لـە رووخسـاردا نەبێـت) جیاوازییەکـی لەگـەڵ پێـش خـۆی نییـە، واتـە بـە دیوێـک لە دیـوەکان، هەر باسـکردنێکی زینـدان لـە دونیـای ئێمـەی کـورد دا، دواجـار باسـکردنە لـە زیندانی ئەو مێـژوو و کولتورە تەنیـا و گۆشـەگیرە، زینـدان تەنهـا بـە مانـا پۆلیسـیەکەی نـا، بەڵکـو بـە مانـا مێژوویـی و کولتورییەکەیشـی. هـەر بۆیـە ئاسـاییە کـە هـەر قسـەکردنێک بەدیوەکـەی تـردا، واتـە قسـەکردن لـە تەنیایـی و گۆشـەگیری بـە رۆڵـی خـۆی دەمانباتـەوە سـەر

خوانـی چیرۆکەکانـی نێـو مێـژوو و کولتورەکەمـان، کـە پڕیانـە لـە وێنەکانـی زینـدان.

زینـدان وێنەیەکـی هەمیشـە زینـدووە لـە یادەوەریمانـدا، بـەردەوام بەشـێک بـووە لـە حیکایەتەکانـی نێـو مێـژووی ئێمـە و بەرگێکـی سـیحراوی و ئەفسـانەیی کردۆتـە بـەر و لێمـان بـووە بـە تەلیسـمێک، کـە تـرس لـە بەدرۆخسـتنەوە و بەتاڵکردنـەوەی هەمـوو کیانـی داگیـر کردوویـن، هەرکـە لـە زیندانـی نێـو هەنـاوی دایکمـان رزگارمـان بـوو، زیندانگەلـێ خۆیـان بـۆ لـە مـەلاس نابووین و دواتـر هـەر یەکە و بەجۆرێـک گرەوەکـەی خـۆی لـێ بردینـەوە، لـەوە  ترسـناکتریش هـەر هەموویـان و بـە ئێستایشـەوە دەوریـان داویـن و سـێبەر و تارماییـان وا بەسـەر سـەرمانەوەیە، ئـەو سـێبەرانەی نایەڵـن هـزر و بیرکردنەوەمـان دەرەوەی خۆیـان ببینـن، بـۆ خۆیشـمان کەمتریـن توانامـان داوەتـە بـەر خۆمـان، کـە بـە ئیرادەیەکـی شـێلگێرانەوە رووبـەڕووی ئـەو تارماییـە ببینـەوە، واتـە لەگـەڵ ئـەوەی خـودی زینـدان لـە مانـا و سروشـت و جەوهـەری خۆیـدا کوشـتنی ئیـرادەی مـرۆڤ و بـە کۆیلەکردنیەتـی، هـاوکات خۆیشـمان بەشـی ئەوەمـان لەبـاردا نەبـووە مانایـەک بدەینـەوە ئیـرادەی مرۆییانـەی خۆمـان و بـە خۆیشـمان بەشـدار بوویـن لـە کوشـتنی ئـەو ئیرادەیـە، ئەمـەش روونتـر لـە میانـی نەبوونـی گومـان و پرسـیارەکانی خۆمـان و بێدەنگیمـان دەردەکـەوێ لـە بەرامبـەر ئـەو سـڕبوون و مـت بوونەمـان لـە چوارچێوەی زیندانەکانـدا و بـێ ئـەوەی سـوڕی ژیـان و گۆڕانـی وەرزەکان توانـای ئـەو مارەیشـمان بداتـێ، کـە لەگـەڵ گۆڕانـی وەرزەکانـدا، وەک ئـەو خۆمـان نـوێ بکەینـەوە. بۆیـە هـەر لـە بەرەبایەنـی ئـەو مێـژووە تاریـک و خوێناویەمانـدا، زۆر بەلامانـەوە ئاسـایی بـووە تەنهـا یاسـاوڵەکانی بـەردەم دەرگا و دەروازەی زیندانـە فرەڕەنـگ و هەمـە پانتایـی و فـەزا جیاوازەکانـی (کۆمەڵـگا — کولتـور — ئاییـن — سیاسـەت) بۆیـان هەبێـت پێمـان بڵێـن کـەی و چـۆن دانیشـین و بـە پێـوە بیـن .. بوەسـتین و بڕۆیـن .. بـێ دەنـگ بیـن و قسـە بکەیـن .. بخەویـن و بێـدار بینـەوە، ئەمـەو بەبـێ ئـەوەی بوێـری پەرچەکـداری نارازیبوونمـان لـەلا دروسـت بووبێـت.

کەواتـە بەیـێ بوونـی رۆحێکـی وا کـە خـودی خـۆی دەرزی ئـاژن بـکات و لـە دونیـای نـاوەوەی خـۆی دەسـت پێبـکات، ئەسـتەمە بتوانیـن دیـوار و تەلبەنـدی ئـەو زیندانانـە ببەزێنیـن و ئـەو ئازادییـە زەوتکراوەمـان بگەڕێنینـەوە، کـە بەنـاوی جیـاوازەوە لێمـان دزراوە، چونکـە بـێ بەدەسـت هێنانـەوەی ئـەو ئازادییـە، بـەردەوام دیـواری زیندانەکانمـان ئەسـتوورتر و سـیماکانی جوانتـر دەکەیـن، بـەو پێیـەی مـرۆڤ کـە ئـازادی خـۆی لـە

دەستدا، زووتر و ئاسانتر دەبێتە موڵکی ئەوانیتر، کە خودی خۆمان لە بەشێکی لە دەستدانی ئەو ئازادییەماندا بەرپرسیارین، لەبەرئەوە «نیتشە» گوتەنی جارێ پێویستە ئەو شەڕەی لە پێشمانە لە خودی خۆمان و گیروگاز و رارایی ناوەوەی خۆمان ببەینەوە، تا بتوانین دواتر بەوپەڕی ئیرادە و متمانە و باوەڕ بەخۆ بوونەوە بچینە شەڕی شکاندنی کۆت و بەند و شیشەی ئەو کۆ زیندانانە.

## زیندانیکردنی ئیراده و خود کوژی شووناس

ئـازادی بـه کـۆی رەهەنـد و ماناکانـی، کرۆکـی راسـتەقینەی بـوون و بەردەوامـی مرۆڤـه، بـه بـێ ئـەو بەهـا مەعنەوییـه، تـاک هەرچـی مانـا و بەهـا و سـەروەری خـۆی هەیـه لـه دەسـتی دەات، چونکـه ئـەوە خـودی ئازادییـه بـه دیوێـک لـه دیوەکان مانـا دەداتـه ژیـان و چەمکـی مرۆڤبـوون، بـه دیوەکـەی تریشـی لـه کـۆی بوونەوەرەکانـی تـر جیـای دەکاتــەوە، خـودی ئـەو ئازادییـەش چەنـدە پەیوەسـتە بـه راپسـکان و دەرچـوون لـه سـێبەری هەرەشـه و تارمایـی هەژمـوون و فشـاری ئـەوی دی، ئەوەنـد زیاتـر گرێـدراوە بـه ویسـت و هێـز و ئیـرادەی خـودی تاکـه کـەس بـۆ ئـازادی.

بــه مانایەکــی دی، بوونــی هێــز و خــود ئیرادەیــی تــاک خۆیەتــی، کــه ســەنگ و بەهایــەک دەداتــه بــوون و ژیانــی خــۆی، تەنانــەت کــه قســه لــه ئاســوودەیی و بەختــەوەری مرۆڤیــش دەکــرێ، ئــەوا هــەر ئــازادی دەکەوێتــه پێشــینەی پێداویســتییه مــاددی و مەعنەوییەکانــی هاتنــەدی ئــەو فــەزای ئاســوودەیی و بەختیارییــه.

لـەم نێـوەدا و ئـەو هێـز و ئیرادەیـەی ئاماژەمـان پێیـدا، بێگومـان بـه چەمکه (نیتشـه) ییەکــەی، هێــزی مــاددی و ئۆتۆریتــه نییــه، بەڵکــو هێزێکــی شــاراوە و ئیرادەیەکــی پەنهانــه لــه نــاوەوەی تــاک خۆیــدا، کــه پاڵنەرییەتــی بــۆ مانــەوە و بەردەوامــی و پاراسـتن و گەشـەی خـود، دەرکەوتنـی ئـەو هێـز و ئیرادەیـەش، یـان باشـتر بڵێیـن دۆزینــەوە و پەیبردنــی تــاک پێیــان پەیوەســتە بــه خودناســی تــاک خــۆی، بەبــێ ئــەو خودناسـییەش ناتوانیـن لـه سروشـت و چییەتـی و ماهیـەت و بایەخـی ئازادییەکه بگەین، چونکـه لـه میانـی ئـەو پرۆسـەی خودناسـی و دۆزینـەوەی هێـز و ئیـراده ناوەکییـەدا دەتوانیـن بپەڕینـەوە بـۆ دونیـای ئـەوی دی جیـاواز، هـەر لەوێـوەش دەشـێین رێگـه و رایـەڵ و بەردەبازێـک بدۆزینەوە،تاکـو لـه تـەک ئـەوی دیکـەی جیـاوازدا مانـا بدەینـەوە بـوون و بەهـای مرۆڤبـوون و ژیاندۆسـتی و بەیەکەوەژیان..گرفتـی ئێمـەی کوردیـش لـه نێـو ئـەو هەمـوو بەرامبـەرە جیاوازانەمانـدا، کـه هاوکێشـەکەیان گەیاندۆتـه ئاسـتی نەیـار و دوژمـن، لەوێـدا گەورەتـر و ئاڵـۆز و دژوارتـر دەبێـت و بـووە.

لێــرەوە ئێمــە چەندەیــش لــەو پرۆســەی دۆزینــەوەی هێــز و خــود ئیرادەیــی و خودناسـینماندا سـەرکەوتوو بووبیـن (کـە بێگومـان ئەمـە حکومێکـی ڕێژەییـە)، بـەڵام بـەو پێیـەی بەرامبەرەکانمـان زمانێـک جگـە لـە زمانـی مـەرگ و سـڕینەوە بـۆ بـوون و مانەوەمـان شـک نابـەن، ئیـدی کەمتریـن بـوار و دەرفـەت بـۆ هاتنـەدی ئـازادی و خۆشـنوودی و ژیانێکـی تەنانـەت سـادە و سـەرەتایی مرۆییانـە بـۆ ئێمـە لـە ئارادابوونـە، بـە تایبەتـی کـە بەرامبـەر و ئەوانـی دیکـەی جیـاواز لـە ئێمـە کوتلەیـەک بوونـە لـە رق و لەسـەر باکگراونـد و ئەتمۆسـفیرێکی پتـەوی رەتکردنـەوە و سـڕینەوەی مـاددی و مەعنـەوی ئێمـە دونیابینـی خۆیـان داڕشـتووە و پایـە و کۆڵەگەکانـی گوتارەکانیـان پتەتـر کـردووە، هەمـوو ئەمانـەش نـەک هـەر تەهـا ئەرکـی ئێمـەی سـەخت کـردووە تـا بتوانیـن دەروازە و دەلیڤەیەکـی شـیاو بـۆ چوونـە نـاو و پەڕینەوەیەکـی هێمنانـەی ئـەوان بدۆزینـەوە، بگـرە دواجـار کـۆی هەوڵـە هێمنەکانیشـمان لـەلای ئـەوان بـە پرۆسـەگەلی جیـاوازی مـەرگ وەڵام دراونەتـەوە.

ئەگـەر بدەینـە بەرخۆمـان و ئـەو گیـروگازە مێژوویـی و کولتورییـەی هاوکێشـەی ئێمـە و ئـەوان جـێ بهێڵیـن و لـەو چوارچێوەیـەدا بـۆ خۆمـان بگەڕێینـەوە شـتێکی خـراپ ناکەیـن، تـا ئەگـەر هیـچ نەبـێ بـە بیانـوی گوتـار و هەڵوێسـتی ئەوانـی دی خەمسـاردی و کەمتەرخەمـی و کێماسـی و نەرجسـییەتی خـودی خۆمـان پاسـاو نەدەینـەوە و بوێرانـە بتوانیـن دەرزی ئاژنـی خۆمـان بکەیـن و خۆخوێندنەوەیەکـی بوێرانـە بـۆ خۆمـان لەسـەر ئاسـتی مێژوویـی و کولتـوری و کایەکانـی تـر ئەنجـام بدەیـن.

دواجـار خوانێـک هەموومـان کـۆ دەکاتـەوە کـە کوردبوونـە، بێگومـان ئـەو کوردبوونەشـمان بـە تەنهـا هەسـتێکی رووکـەش وسـۆزێکی رۆمانسـی و خەیاڵێکـی شـاعیرانە نییـە، بەڵکـو رەگەکانـی کوردبـون بـە قوڵایـی مێـژوو و کولتورمـان شـۆڕ بوونەتـەوە، کـە بەداخەوەئـەوە بـەر لـە هـەر کـەس خۆمانیـن ئـەو رەگانـە دەبڕینـەوە و بـە قوڵاییەکانـی بوونـی دیرۆکـی و کولتـوری و جوگرافـی خۆمـان و شوناسـەکەمان ئاشـنا نیـن، ئەویـش نـەک لەبـەر ئـەوەی لـە ئاسـتی مێژوویـی و کولتوریـدا پـەی بـەو بوونەمـان نابەیـن و بایەخـی نازانیـن، بـە پێچەوانـەوە، بەڵکـو لەبەرئـەوەی لـە بنەڕەتـدا ئێمـە بوونەوەرگەلێکـی بـێ یادەوەریـن و هەمیشـە بـە خـۆ دابڕانـدن لـە دوێنـێ و هەڵاتـن لـە سـبەی لـە ئێسـتایەکی لەرزۆکـدا دەژیـن و لـە بەرپرسـیارێتییە

ئایندەییەکانمـان خۆمـان دزیوەتـوە وە دەدزینـەوە، ئـەوەش بـە تەنها لـەو شـوێنکاتە نییـە کـە ئێمـە تیایـدا قسـە دەکەیـن، بەڵکـو ئـەو گرتانـە لـە شـوێنکاتی جیاوازیی‌نێـو مێـژووی ئێمـەدا بـە رەنـگ و روخسـاری جیـاواز و لـە جەسـتە و زەیـن و کۆخەیـاڵ و یادەوەریمانـدا ئامادەییـان هەبـووە و هەیـە، کـە هـەر ئەمەشـە وایکـردووە بـەردەوام بـە دوای شکسـتەکان و درەنـگ فریاکەوتنـی پێشـهاتەکان، خۆمـان کۆبکەینـەوە و سـەرلەنوێ و لـە سـفرەوە تێـی هەڵبچینـەوە.

راسـتیمان بـوێ و راشـکاوانە و روونتـر بدوێیـن، ئێمـە لـە بنەرەتـدا خەونێکـی ناسیونالیسـتیمان نەبـووە، ئەگەریـش هەمـان بووبێـت، ئـەوا خەونێکـی کـورت مـەودا و سـنوردار بـووە و لـە تـەون و قۆزاخـەی چواردیـواری خێـزان و تیـرە و هـۆز و شـورەی مـاڵ و کـۆڵان و گـەرەک و گونـد شـار و ناوچەیـەک رەتـی نەکـردووە، ئەگینـا چـۆن دەچێتـە عەقڵـەوە کەسـێک بـە رۆیشـتنی بەسـەر مافـوری سـووری سـەرۆکایەتی کۆتایـی بـە خەونەکانـی بێـت و لـەوەش وێرانتـر بەبۆنـە و بەبـێ بۆنـە، خەونـی نەتـەوە و دەوڵەتێـک بـە نـەزۆک بـە نەوەکانـی بفرۆشـێتەوە، ئەمـەش لـە کاتێـک دایـە کـە (تیـۆدۆر هرتـزل)ی جولەکـە خـەون دەکاتـە واقیـع و ئەوانـەی ئێمـەش تـازە بـە تـازە دیفاکتۆمـان لـێ دەکەنـە خەونـی نـەزۆک، کـە ئـەم بیرکردنـەوە کورتبینـە و هەڵوێسـتە لەرزۆکـە بـە رۆڵـی خـۆی یەکێکـە لـە فاکتەرەکانـی ئـەو دابڕانـە مەعریفـی و مێژوویـی و کولتورییـەی نێـوان ئێمـە و یادەوەریمان..نێـوان ئێمـە و کوردبـوون، هاوکاتیـش فاکتەرێکـی دیکـە ئـەوە بـووە، کـە سـەرەڕای ویسـت و هێـز و ئیرادەمـان بـۆ ئـازادی، ئـەو ویسـتە زیاتـر کاردانەوەیـک بـووە، وەک لـەوەی ویسـت و ئیرادەیەکـی خـود ئاگایـی بێـت، کـە لـە ناوەوەمانـدا پاڵنەرمـان بێـت بـۆ ناسـینی خـودی خۆمـان و پێناسـەکردنەوەی بەرامبەرەکانمـان، مەگـەر جوینـەوەی قەوانـە سـواوەکەی برایەتـی کـورد و ئەوانیتـر بـە بەردەوامـی دیوێکـی ئـەو راسـتییە نییـە و تەنهـا کاتێـک بـە ئاگاهاتووینەتـەوە، کـە برایەتییەکـە رادەسـتی ژێردەسـتەیی و هەرنـا بـرا بچووکـی کردووینەتـەوە.

ئێمـە سـەرەڕای ئـەوەی لەبـری ویسـتی ئـازادی ئـەو هێـز و ئیرادەیەمـان لـە چەمکـی ئازایەتـی چڕکدۆتـەوە بـۆ دیاریکردنـی سـنوری نێـوان ئێمـە و ئـەوان (کـە لـە زۆرتریـن حاڵەتـدا و دوای شـک نەبردنـی ئەلتەرناتیفـی تـر و ناچارکردنمـان بـۆ ئـەو لۆژیکـە)، کەچـی لـەوە وێرانتـر دواجـار هەمـان هاوکێشـەمان و خـودی چەمکـی ئازایەتیمـان بـە دیو

و ڕەهەنـد و مانـا و ڕوخسـاری دیکـە بەسـەر خۆمانـدا تەوزیفمـان کـردووە، بەمانایەکـی دیکـە بـەو لۆژیکـەی کـە (بێشـکچی) بوێرانەتـر لـە خـودی خۆمـان ئامـاژەی پێکـردووە، ڕوونتـر بڵێـن ئازایەتـی ئێمـە لەبەرامبـەر خـودی خۆمـان و بێهێزکردنـی ئـەو خـودە و بەهێزکردنـی بەرامبەرەکانمـان بـووە، هـەر ئەمەیشـە وایکـردووە هەمیشـە دوای هـەر هەڵسـانەوەیەک بـاوەش بـە شکسـتێکی نوێـدا بکەیـن و بـە ئاسـانی ببینـە نێچیرێکـی دەسـتەپاچەی هەمیشـەیی ئەوانـی دیکـە و وێـڕای دووبارەبوونـەوەی ئەزموونـەکان و بێبـاک و بەبـێ خـۆ خوێندنەوەیەکـی بوێرانـە، لـە سـفرەوە دەسـت پێدەکەینـەوە و ترسـنۆک و شـەرمنانە لـە بـری ئـەوەی دەرزی ئاژنـی برینـە ناوەکییەکانمـان بکەیـن، نـەوە دوای نـەوە بـە وەڵامـی حـازر بەدەسـتی فاکتەرەکانـی قـەدەری جوگرافیـا و پیلانـە هەرێمایەتـی و نێودەوڵەتییـەکان (کـە بێگومـان دیوێکـی هاوکێشـەکە و سـیناریۆیەکی دووبـارەوە بـوون)، پاسـاوی شکسـت و کەوتنەکانمـان دەدەینـەوە..زۆر بـە کورتـی و بـە کوردییەکـی ڕەوان (پاولـۆ کۆیلیـۆ) گوتەنـی: « لـەو شـوێنانەی پێویسـت بـووە ژێـر بیـن، ئـازا بوویـن»، بـەڵام چ ئازایەتییـەک؟!

## سێبەری کولتوور و ئاسۆی خود گۆڕان

زۆر جار و لەشوێنەکانی تردا باس لە پەیوەندی نێوان کچ و کوڕ کراوە، لە هەر یەکێک لەم باسانەشدا کەم تا زۆر ئاماژە بەچەندین تەوەری گرنگ و پەیوەست بە پەیوەندی کراوە.... لەگەڵ هەموو ئەوباس و خواستانەدا و لەتەک وروژاندنی سەرجەمی پرسیارە گرنگەکانی پەیوەست بەم پرۆسەیە ، کەچی دەبینین وەڵامەکان هێشتا تێنوێتیەکانمانی نەشکاندووە.

پێم وایە بۆ قسەکردن لەسەر سروشت و چیەتی و چۆنیەتی ئەو پەیوەندیە و دیوی ئەرێنی و نەرێنی و هۆکارەکانی ناتەندروستی پرۆسەکە، دەبێ بۆ تێگەیشتنی خودی کۆمەڵگای کوردی بۆ پرۆسەی پەیوەندیکردن و جۆر و سروشتی پەیوەندی نێوان خێزان بگەڕێینەوە. کەلەمەشدا راستەوخۆ دەبێ باس لە کاریگەری و رەنگدانەوە نەرێنیەکانی کولتور و ترادسیۆنی کۆمەڵایەتی و کایەی ئاین بکەین، بەماناییەکی تر لەدەرەوەی باسکردنی ئەم رەهەندانە و فەرامۆش کردنی ئەولایەنانە خوێندنەوەکەمان کورتی دێنێ.... ئاخر لەمیانی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، کەلە رێگای میکانیزم و هۆکارەکانی بە کۆمەڵایەتی بوون، شوناسێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی دەبەخشنە تاکەکان مەترسی ئەو گوتارە مەرگدۆستیەمان بۆ دەردەکەوێ، کەپرۆسەی پەیوەندی کردن لەمانا جوانەکانی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە، پرۆسەیەک لەمانا بەخشین بە ژیان دەیگۆڕێ بۆ ناشرینکردنی ژیان.. دیارە دوور و نزیک.. کەم و زۆر.. راستەوخۆ و ناراستەوخۆ، بەتەنیشت ئەم هۆکارانەشەوە، بونیادی سایکۆلۆژی کەسەکان خۆیشیان رۆڵ دەبینین، بەڵام خودی ئەو بونیادەش بە جۆرێک لە جۆرەکان دێتەوە ژێر باری کاریگەریەکانی ژینگەی خێزان و سیستەمی کۆمەڵایەتی و ستراکتۆر و دابونەریت و ئاین و..... هتد... سستی و ناتەندروستی ئەو پەیوەندیەی نێوان کوڕ و کچی کورد، چەندە پەیوەستە بە ترس و شەرمی ناوەوەی هەریەکێکمان، هاوکات هێندەو زیاتریش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو پەروەردە و فێرکردن و

پێگەیاندنـە کۆمەڵایەتیـەی لـە سـەری گـۆش کراویـن، ئـەو بەهـاو سیسـتەمەی کـە زادە و بەرهەمـی عەقڵـی پاتریارکـی و کولتورێکـی نەرێتگـەرای خێڵەکـە، کـە ڕەگ و سـەرچاوەکانی لـە ترادسـیۆنی کۆمەڵایەتـی و کایـەی ئاییـن درێـژ دەبنـەوە بـۆ ئەمـڕۆ... ترادسـیۆن و سـتراکتۆرێک کـە هەمیشـە شوناسـی مرۆڤبوونـی لـە ڕەگەزێـک سـەندۆتەوە و کـۆی ماناکانـی ژیانـی بـە ڕەگەزەکـەی تـر بەخشـیوە...

هەرلەنـاو خێزانـدا کوڕەکانمـان نابـێ یـاری کچانـە و کچانمـان ناشـێ ڕەفتـاری کوڕانـە بکـەن.. لـەو ژینگەیـە فێردەکرێیـن بووکـە شووشـە بـۆ کـچ و تفەنـگ و دەمانچـە بـۆ کـوڕ هەڵبژێریـن... هەرلـەوێ فێـری عەیبـەی قسـەی مناڵـی کـوڕ لـە مەجلیسـان و بڤـەی دواکەوتنـی کـچ دەکرێیـن لـە کـۆڵان..

زۆری پـێ ناچـێ بەدەرسـەکانی دەسـتنوێژ شـکان و ئابڕووتـکان و خۆداپۆشـین و چـی و چـی تـر تەلقیـن دەدرێیـن... مەترسـیەکە لەوێـدا گەورەتـر دەبێـت کەلەگـەڵ خێزانـدا یەکـە و دامـەزراوە و هۆکارەکانـی بـە کۆمەڵایەتیبـوون کاری چڕتـر لەسـەر ئاراسـتەکردنی پەیوەنـدی و ڕەفتارەکانـی تاکەکـەس دەکـەن، تەنانـەت زۆرینـەی هـەرە زۆری ئـەو دەزگاو دامەزراوانـەش، کـە بـۆ خۆمـان و بـێ هیـچ پێودانـگ و پێوەرێک ناومان نـاون دەزگای مۆدێـرن و مەدەنـی، کۆیلـەی ئـەو کلتـورە داسـەپاو و ژینگـە نەرێتگەرایـەن و جورئـەت و ئیـرادەی ئەوەیـان نیـە، تـۆزی ئـەم مێـژووە لـە خۆیـان داماڵـن.. چونکـە ئـەوە بەتەنهـا خێـزان نیـە لـە پرۆسـەی بەخشـینی شوناسـی کۆمەڵایەتـی بـە تاکـەکان بـەو ئاقـارەدا دەچێـت، بەڵکـو لەگـەڵ ئـەو و هاوتەریـب دەزگاو هۆکارەکانـی تریـش (باخچـەی سـاوایان، زانکـۆ، دەزگاکانـی دەوڵـەت، مزگـەوت و....هتـد....)، وێرانتـر ئیـش لەسـەر بەرهەمهێنانـی ئـەو جیاوازیـە جێندەریانـە دەکـەن، کـە ڕاسـتەوخۆ پرۆسـەی پەیوەندیکردنـی نێـوان ئـەم دوو ڕەگـەزە، بـە ئاراسـتەیەکی مەرگدۆسـت و نامرۆیانـە دەبـەن، زۆر جـار وا ڕێککەوتـووە بەرهەمـی سیسـتەمی بیرکردنـەوە و کاری ئـەو نێوەنـد و هۆکارانـە لەسـەر بنەمـای بەکۆیلـە کردنـی ڕەگەزێـک بـووە بـۆ ئەویتـر... کەوابێـت بەرپرسـیارێتی هـەرە زۆری ئـەو بێدەنگـی و شـەرم و ترسـی ڕەگـەزەکان لەپەیوەندیکردنـدا لەگـەڵ یەکتـری، دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو بەهـاو نـۆرم و ڕێوڕەسـمانەی کەلەمیانـی پرۆسـەی پێگەیاندنـی کۆمەڵایەتـی لـە ڕێگـەی ئـەو دەزگاو هۆکارانـەی بـە کومەڵایەتیبوونـەوە فێریـان دەبیـن، باشـتر بڵێیـن سروشـتی بیرکردنـەوە و بونیـادی عەقڵـی خـودی ئـەو دامـەزراوە و هۆکارانـە خۆیـان، کـە تاسـەر

ئێسقان ژەنگ و مۆرانەی نەریتگەرایی خواردوونی، تەنانەت کورتکردنەوەی ئەمانە و رەهەندە مرۆیی و مۆڕالیانەی چەمکی ئابڕوو ( شەرەف) لە کۆمەڵگای ئێمە بۆ نێوگەڵی ئافرەت، دیوێکی تری ئەو ستراکتۆرە ئیفلیج و نەریتە چەقبەستووەیە، کە لە سێبەری هەژموونی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئایندا گەشەدەکات. لەگەڵ ئەمەشدا ئاستی هوشیاری هۆکارێکی ترە کە نەوەکانمان نەیانتوانیووە ئەوتەلسیم و سنورانە تێپەڕێنن.. بەمانایەکی دی گەنجی ئێمە (کچ و کوڕ) لەگەڵ هەموو ئەو گەشەسەندن و پێشکەوتن و فرەکەنال بوونەی سەرچاوەکانی زانیاری و رۆشنبیری و هوشیاری نەیانتوانیووە، وەکو خود ئێرادەیی و رامان و قوڵبوونەوە تێگەیشتنیان بۆ سروشتی پەیوەندی کردنیان لەگەڵ یەکتر تێپەڕێنن.... واتە لەگەڵ بێدەنگی ترس و شەرمی ناوەوەیاندا، نەیانتوانیوە بە گوێرەی پێدراوەکانی سەردەمی خۆیان و بەو هەموو سەرچاوەو شێواز و میکانزمانەی لەبەر دەستیاندا بە، خۆیان لە سێبەری ئەو کلتورە چەقیوە رزگار بکەن و خودیانە مانایەکی ژیان و مرۆدۆستانە، لە بری ماناغەریزەییەکان بدەنە چەمکی پەیوەندی و پرۆسەی پەیوەندیکردن... بەمانایەک لەماناکان لەگەڵ عەقڵیەتی پاتریارکی و گوتاری خێڵەکی و بڤە و عەیبەکانی کولتور و ئاین، لاوازی هوشیاری کۆمەڵایەتی خودی گەنج بەربەستێکی تری بەردەم بە ناتەندروست مانەوە و بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەیوەندی نێوان کوڕان و کچانە... واتا لەگەڵ هەموو فشارەکانی دەرەوەی تاکەکەس لە سەر ئاستی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و ترادسیۆن و ئاین، باری سایکۆلۆژی و نائامادەیی خود ئیرادەیی گەنج بۆ گۆڕان فاکتەری پشتی ئەم پەتایەی ناتەندروستی پەیوەندیکردنن.

## فرەژنی و چڵێسی پیاو!

لەوە دەست پێدەکەم کە چۆن لە سای ئەو کولتورە بۆگەن و هوشیارییە سەقەت و خوێندنەوە ناتەندروستەی پێی گۆشکراوین، لە گەمەیەکی زمانەوانیدا هەوڵی ئەوەمان داوە و دەدەین ژن بهێنینە پلەی خوارەوەی خواری پیاو و بچووکی بکەینەوە، لەوەش زیاتر بوون و بەها و ماف و شوناسی مرۆڤبوونی لێ زەوت دەکەین، ئاخر کاتێک بەناوی مافەکانی ئافرەتان، ئەو کائینە لە بازنەی مافەکانی مرۆڤ هەڵاوێر دەکەین و جیا دەکەینەوە، رێک وەک ئەوە وایە و بەو مانایە دێت کە ئافرەت مرۆڤ نییە، ئەوە نەک هەر بۆ ئافرەت، تەنانەت بۆ منداڵانیشمان هەر وا دەکەوێتەوە، ئەگینا بۆ رۆژێک لە رۆژان گوێبیستی گوزارشت و دەستەواژەی مافەکانی پیاوان نەبووین؟!

بێگومان لەبەر ئەوەی تا ئەو چرکەساتەش لە دیدی ئێمەی نقووم بووی نێو زەلکاوی باوەڕسالاری و نەریتگەرادا، ژن تەنها و تەنها کاڵا و ماکینەی منداڵ خستنەوە و تێرکەری ئارەزووە چڵێسە شەهوانییەکانی پیاوە و منداڵیش هەمیشە کۆیلەیەکی ئەڵقە لە گوێ و گوێڕایەڵی بێ پرسیار و گومانی بەردەم فەرمانەکانی پیاوسالاری و باوکسالارین، ئیدی چاوەڕێی دید و تێڕوانینێکی ژیان و مرۆڤدۆستانە بۆ ئەو دوو کائینە لەلای ئێمەی پیاو ئەستەمە، ئەمە جگە لەو پاساودانەوە و بڕوبیانو هێنانەوانەی هەمانە لە بەرامبەر هەر خوێندنەوەیەکی کورتبین و ئیفلیجی خۆمان بۆ کەس و دیاردە و دەرکەوتەکان.

سەرەتا لە خۆمەوە دەست پێدەکەم، ئینجا لەوانی تر و بەڕاشکاوی دەڵێم و نکۆڵی لەوە ناکرێ، کە پیاو تا بڵێی چڵێس و برسی جەستەی ئافرەت و کۆیلەی تێرکردنی غەریزە سێکسییە برسییەکانییەتی و ئەگەر لە تەنها شەوێکدا لەگەڵ هەموو کچ و ژنانی دونیا جووت بێت، هێشتا بسکەی سمێڵی دێت، تاکو دەچێتەوە باوەشی یەکێکی دی، وەک ئەوەی خواوەند ئەو مرۆڤەی تەنها بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە سۆزداری و تێرکردنی حەزی شەهوانی پیاو دروست کردبێت، گومانیشی

تێدا نییە کە لە پشتی ئەو بیرکردنەوە دۆزەخییە ئەتمۆسفیرێکی پتەوی کولتوری باوەڕسالاری و نەریتگەرای پیاوسالارانەی گەنیو هەیە و ئامادەیە، کە وەک هەر دیاردە و دەرکەوتەیەکی تر، بۆ پاساودانەوەی ئەو حەزە چڵێس و برسییەی دەیان و سەدان بڕوبیانوی هەیە و بۆ هەمیشە و لە چاو تروکانێکدا دەست دەباتەوە نێو پریاسکەی کولتور و دابونەریت و تورەگەی دەقە رەها دۆگما و بە پیرۆزکراوەکان و بەناوی چاکسازی و شتی لەو بابەتە بەسەر کۆمەڵگا و کایەکانیدا دەیانبەشێتەوە.

بەهەرحاڵ دوای ئەو مشتومڕەی کە پڕۆژە یاسای پەرلەمانی کوردستان لەمەڕ یاسای فرەژنی دروستی کردووە و لەو نێوەدا تەرەفگیری یاساکە و دژ و لایەنی بێدەنگیش هەن، بەڕای من وەک کەسێک ئەوەی بەهەر ناو و پاساوێکەوە رەوایی دەداتە دیاردەی قێزەونی فرەژنی و حەڵاڵی دەکات، باشتر وایە و ئەگەر راست دەکات، با بە راشکاوی و بوێریشەوە هەڵوێست لە بەرامبەر دیاردەگەلی نامۆ و بێزراوی چەشنی هاوسەرگیری (موتعە و مسیار و سیغە) دەربڕێ و بەراستگۆیی دەست بۆ دەرخستنی رەگە مێژووییەکان و داهێنەرانی ئەو شێوە ئیباحیەت و زینا شەرعیانە ببات و بۆ خەڵکیان روون بکەنەوە، با قسەیەکی روون و ئاشکرا لە مەڕ دیاردەکانی مارەیی سەر بێشکە و مارەبەجاش و شتی لەو بابەتە بکات و بەبێ ترس و لە ڕێی خوا داهێنەر و سەرچاوە تیۆرییەکانی ئەو بازرگانیکردنە بە جەستەی کچ و ژن را دەربڕێ .. ئەوەی بە بڕوبیانوی فریودەرانەی باوەڕسالاری و نەریتگەرایی خەمخۆری تەشەنە نەکردنی بەدڕەوشتی و زینایە، ئەگەر راست دەکات و نیەت پاکە، با ئازایەتی بداتە بەر خۆی و لەوە دەست پێبکات، کە ئیدی چیتر بە زۆر لەچک نەکرێتە سەر کچی منداڵی تەمەن نەونەمام و پەپوولەیی، کە هێشتا دەستی راست و چەپی خۆی بۆ لێک جیا ناکرێتەوە، لەچکێک کە بەرهەم و پاشماوەی چاخی بە کۆیلەکردنی ئافرەتی مرۆڤ و ریکلامێکی پڕ رەواجی بازرگانی سیاسییە، با لەوە دەست پێبکات، چۆن و هەر کاتێک پیاوی (سمێڵ بابڕی!!) کوردی موسڵمان، کە ئارەزووی جووتبوونی کرد لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، هەتا ئەگەر لە ماوەی بێنوێژی و لەبەردەم تەشتێک هەویری نانکردندا بوو، ناچاری دەکات و شەهوەتی شێتانەی لە دەفری ئەو ژنە ماندوو هیلاکە بەتاڵ دەکاتەوە، کەچی خودی ژنەکەی خۆی ئەگەر ئارەزووی سێکسی هەڵسا و داوای جووتبوون لە مێردەکەی بکا (کە حەددی نییە!!)، لە ترسی ئەوەی نەبادا

مێردەکـەی بـە رووقایـم و بـێ شـەرم و دۆخیـن شـل نـاوی ببـات خـۆی دەخواتـەوە .. ئەوانـەی بـە بیانـووی ترسـیان لـە لەیـەک ترازانـی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و تێکچوونـی شـیرازەی خێـزان، رەوایـی دەدەنـە فرەژنـی و حەڵاڵـی دەکـەن، ئەگـەر راسـت دەبێـژن و بـۆ سـەلماندن و سـەپاندنی هێـز و دەسـەڵاتی پیاوسـالارانە و رۆحـی مازۆشـی خۆیـان نییـە، بـا ئـەو تابـۆ و تەوتـەم و وەهمـە کۆمەڵایەتـی و شـەرعییە پووچانـەی لـە عەقڵـی خەسـیوو و هوشـیاری نەخۆشـی کۆمەڵـگادا چاندوویانـە تێـک بشـکێنن، رێـگا بـدەن کـچ و کـوڕ وەک دوو مرۆڤـی کامـڵ و هوشـیاری خـاوەن مـاف و رەوایـی لـە دەسنیشـانکردنی ئایینـدە و چارەنووسـی خۆیـان سەرپشـک بـن، بـا بهێڵـن ئـەو دڵخوازانـە بـە شـێوەیەکی سروشـتی و مرۆیـی و دوور لـە قامچـی بـاوک و بـرا و ترسـی مـام و ئامـۆزا و چاوسـوورکردنەوەی خـاڵ و خاڵـۆزا، هاوسـەری ژیانیـان ئازادانـە هەڵبژێـرن.

بەڕاسـتی کۆمیدیایەکـی سـەیرە لـەم وڵاتـە، سـەیرکەن، ئەگـەر ژنەکـەت نـەزۆک بـوو .. ئەگـەر نەخۆشـی درێژخایەنـی هەبـوو .. ئەگـەر نازانـم مـاوەی چەنـد تـۆرا و نەگەڕایـەوە ماڵـەوە و نەهاتـەوە نێـو باخەڵـی پیاوەکـەی (لەوانەیـە و گریمـان بـا خەتـا و گوناهەکـە هـی پیاویـش بێـت!!)، پیـاو بـۆی هەیـە ژنـی دووەم بێنـێ ، وای لـە سـێیەم و چوارەمیـش. ئاخـر ئەمـەش ئەگـەر گەمەیەکـی تـری یاسـا و تـرس و شـەرمی ئـەو کایەیـە نەبێـت لـە بەرامبـەر هەژمـوون و باهـۆزی وێرانـکاری باوەڕسـالاری و نەریتگـەرا (کـە هەموویـان بەیەکـەوە بڕسـتی ژیـان و گـۆڕان و نوێبوونەوەیـان لـە کـورد کوشـتووە) چییـە؟ هەمـوو ئەمـەش تەنهـا لەبـەر ئـەوەی کـە کایـەی ناوبـراو بەشـی ئـەوە بهێڵێتـەوە کـە دیوەخانـی نەریـت و سـەکۆی باوەڕسـالاری و مینبـەری یەقیـن و رەهاییـەکان لێـی تـورە نەبـن و دڵیـان لێـی نەڕەنجـێ، نەبـادا بـەر نەفرەتـی ئابڕووچـوون و تەکفیـری بـدەن، بۆیـەش کـە لـە پـڕۆژە یاسـایەکە و بانگەشـەکانی ئـەو کایـە شـەرمنە ورد دەبیتـەوە، زۆر بـە ئاسـانی ئـەو سیاسـەتی (نەشـیش بسـووتێ نـە کەبـاب) و نوکتـەی (بانێکـە و دوو هـەوا) مـان بـۆ ئاشـکرا دەبێـت، بـەو پێیـەی لەلایـەک بانگەشـەی ئـازادی و دیموکراسـی و کرانـەوە و کۆمەڵـگای مەدەنـی دەکات (تەنانـەت لـە ماددەیەکـی دەسـتوردا یەکسـانی ئافـرەت و پیـاوی بـە تـەوەری سـەرەکی ئازادییـەکان وەرگرتـووە)، کەچـی لـەولا دێتـەوە دەروازە و کونێـک بـۆ تێرکردنـی حـەزی شـەهوانی و غەریـزەی چڵێسـی پیـاو دەکاتـەوە.

باشــه ئــەی ئەگــەر بپرســین (ئــەوە ئەگــەر بــە لادەر و بەڕەڵــڵا و بــێ ڕەوشــت و مولحیـد و زیندیـق ناومـان نەبـەن و لـە سـوچێکدا فتوامـان لەسـەر نـەدەن — فتـوا بـە دیـوە سیاسـی و ئایینییەکـەی): ئەگـەر پیاوەکـە نەمێـرد بـوو .. ئەگـەر نـەزۆک بـوو و توانـای نـەوە خسـتنەوەی نەبـوو .. ئەگـەر نەخۆشـی درێژخایەنـی هەبـوو .. ئەگــەر لەبــەر گەشــتە شــەهوانییەکانی و رازی کردنــی دڵــی (کاکەســوورەکەی) بــۆ ســوریا و تورکیـا و ئیمـارات و بـۆ شـەوی سـووری باوەشـی سـۆزانیان بـە هەفتـە و مانـگ و بەنـاوی بازرگانـی و چـی و چیتـر نەهاتـەوە مـاڵ .. ئەگـەر وەک مـەلای واعیـز و سیاســەتمەداری مولەقینــی گۆڕینمــان، تەنهــا لەبــەر دوورکەوتنــەوەی مانگێــک لــە خێزانەکـەی زەواج موتعـەی کـرد .. ئەگـەر لـە کـۆڵان و فەرمانگـە و شـوێنی کاری خۆیـدا هـەر خەریکـی چاوبڕکێـی هەرزەکارانـە بـوو لەگـەڵ دەر و دراوسـێ و هاوپیشـەکانی .. ئەگـەر لـەو بەڵایـەی ڕاکردنـی خەڵکێـک لـە باشـوور و ناوەڕاسـتی عیـراق بـۆ کوردسـتان لـە ترسـی تیـرۆر و تەقاندنـەوە، پەنجـا دۆلارییـەک دابنێتـە سـەر ناوکـی یەکێکیـان .. ئەگـەر هەمـوو شـەوێ دوای دەسـتبازی و بـە سەرخۆشـی و بێهۆشـییەوە هاتـەوە مـاڵ و لـە قووتـی دەمـی مـاڵ و منداڵـی بگێڕێتـەوە بـۆ قاپێـک عـەرەق و پێکێـک وێسـکی .. ئەگـەر و ئەگـەر و ..... بەڕاسـت پرسـیارەکە ئەوەیـە، ئـەو دەمـە ژنـەی بەدبەخـت و خێرلەخـۆ نەدیـو قـوڕی کام یاسـا و شـەرع و دیموکراسـییەت بـکا بەسـەر خۆیـدا؟!

بۆیـە بـە راشـکاوی دەڵێـم، گەلـۆ دەزانـن گاڵتەجاڕییەکـی منداڵانـە و سـوکایەتی پێکردنێکـی ئاشـکرا و لـە بەهـای مرۆیـی کەمکردنـەوەی ژن و پیـاوی کـوردە، کـە پێمـان وابێـت بـە فرەژنـی چارەسـەری زینـا و لادانـی کۆمەڵایەتـی و بەدڕەوشـتی دەکەیـن (ئـەرێ بەڕاسـت فرەژنـی ئەلتەرناتیڤـی منداڵبـازی و کاری لواتەیـە؟!)، یـان بـەو وەهمـەوە بیـن گوایـە سـەرگرتنی بڕیـاری فرەژنـی کێشـەی قەیرەیـی کچـان ناهێڵـێ، مەگـەر ئەوانـەی ژنـی دووەم و سـێیەم دێنـن هـەر قەیرەیـان هێنـاوە، یـان بـە شـێوەیەکی تـر لەبـەر ئـەو ئاسـتە یەکسـان و بـەرزەی گوزەران و وەک یەکییـەی ڕەخسـاندنی هەلـی کار و ژیـان بـۆ گەنجانمـان، هەرچـی کـوڕی قەیـرە و بێژنـە لـەم وڵاتـە نییـە و کۆچـی بـە لێشـاوی لاوانیـش نووکتەیەکـی ڕۆژانـە و وڕێنـەی ڕاگەیاندنـە و بـەس؟!

## لەودیو حیکمەتی بەپیرۆزکردنەوە*

ئیدی شتێک لەم سەر زەمینەی ئێمە شک نابەیت تەلیسمی پیرۆزی نەخرابێتە سەر، تەنانەت بۆشایی هەناسەدانیش بەشێکە لەو مەودا هەستپێنەکراوەی، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بە پیرۆزکراوە، یاخود هەر هیچ نەبێت رەنگە لە دەرفەتێکدا، کە لاساری و بێزاری و چەقاوەسوویی ئێمە دەیرەخسێنن مۆری تەوتەمی بخرێتە سەر.. ئای کە کائینگەلێکی گوناهین..بێدەرەتان و سیاچارە.. خەونەکانی دوێنێمان بە خوێن رەنگالەیی کرد، کاتێکیش کە بێدار بووینەوە، ئەوەتاین بەسەر دۆزەخێکی تر!!

ئیدی نەریتی پیرۆزگەرایی پاڵ پاساوەکانی سیاسەتبازی وا خەریکە وێنەی پیرۆزییە ئەزەلییەکانی نێو کایەکانی کولتور و ئایین لە یادەوەری و بیرکردنەوەماندا کاڵ دەکەنەوە..لە میانی وەعز و تەلقین و حیکایەتی جادووباز و شەوارەکاندا، بە وێنەگەلێکی تری پیرۆزکردن و بە دەمامک و ناوی تر مێشک و بیرکردنەوە و بوون و دوونیابینیمان بارگاوی دەکەن و لە پشتی ماسکەکانی زمان و گێڕانەوەی ئەفسانەکانیان، باوکەکانی شۆڕش و قدیسەکانی سیاسەت پێمان دەڵێن: ئێوە چین، جگە لەو زەڕنەقووتانەی لەترسی مار و لە سوچێکی گوێسوانەی دڵنیاییەکانماندا حەشارمان داون؟ ئێوە چین و کێن، لەو خەاڵووە فریودراوانە زیاتر، کە پێویست دەکات تاوناتاوێک تەقەی شێتانەی یاساوڵەکانمان بێدارتان بکاتەوە؟

ئیدی چوو..ئەو خەیاڵانەمان بە توونی بادا چوون، کە بە ئومێدیان ورەمان بەبەردا دەهاتەوە..چەند ساویلکانە و بە خەیاڵی رووناککردنەوەی زوڵمەتی پیرۆزییەکانی خورافە و رقی شکاندنی تابۆ و تەوتەمەکانی دیکتاتۆر و بە خەونی فیردەوس خۆمان رادەستی قەدەری موژدەکانی ئەوان کرد..!!

ئێوە بڵێن: ئاخۆ ئاسوودە و دڵنیاتر نەدەبووین، بەشێک بواین لە تەپوتۆز و سەرابی کاروانی ئەنفال..یان سووتوێک بواین لە پاشماوەکانی خەردەل..یاخود سەربووردەی چیرۆکی ئەو یادگارییە تەنیایانە بواین، کە بە خەتێکی خواروخێچ

و بـه هەڵکۆڵـدراوی لەسـەر دیوارەکانـی نوگرەسـەلمان و ئەبـو غرێـب بەجێمـاون؟!

ئیـدی ئێسـتا ئێمـە ئـەو ڕێبـوارە شـەکەت و شـوێن بزرکردووانەیـن، کـە لـە دووڕیانێکـدا چاوەڕێـی دەلیلێـک دەکەیـن و دەرناکەوێ..لەژووانـی تەتەرێکدایـن، کـە بـەدەردی (قـەل و هەواڵەکـە!!) چووە..نەبـواری گەڕانەوەمـان هەیـە بـۆ سـەردابە تاریکـە دڵنیابەخشـەکانی بـەر لەدایکبوون..نـە هیـوای ماڵئاوایـی سـێبەری پەیکەرەکانـی دیکتاتـۆر، رەنگـە تەنهـا ئومێدێـک بـۆ مانـەوە ئـەو تێکدەری و ئاژاوەگێڕییـەی خۆمـان (بەقسـەی ئـەوان!) و گوللـەی کوێـر و تەقـەی شـێتی یاسـاوڵەکانی ئەوان..خرۆشـان و توڕەیـی ئێمـە و تۆمەتەکانـی ئەوان..بێشـەرمی و زمـان درێـژی ئێمـە و تەلقیـن و شـەقی ئەوان..هـاوار و قیژاندنـی ئێمـە و خۆنەبانکـردن و خۆدزینـەوەی ئەوان..(نـەو) و ناڕەزایـی سەرشـێتی و هەرزەکارانـەی ئێمـە و هەراسـان بـوون و پاشـگەزبوونەوەی ئـەوان بێـت لـە بەهاکانـی ئازادیخوازی..لەوانەیـە بـەو سـیحرە نەبێـت لـەو دەربەنـدە سـەختەدا رزگارمـان نابێـت!!

ئیـدی بێدەنگـی لـە ئاسـت بێـدادی و مشەخۆری..دەستەوەسـتان لـە بەرامبـەر ڕووتکردنـەوە و دەسـتخەڕۆیی کـردن..ڕازی بـوون بـەو قـەدەرەی کـە تاکو هەیـن گوێڕایەڵ و شـەرمن و سوپاسـگوزار بین..هەرچـی ماناکانـی بـوون و جوانـی هەیە..هەرچـی بەهاکانـی ژیـان و مرۆڤدۆسـتی هەیـە لـە ناخماندا دەکوژن..ئێمـە بـۆ ئـەوە لێـرە نیـن تـا بەدیـار خـەم و ئازارەکانمـان بتلێینـەوە، بـۆ ئـەوەش تابـۆی پەیکەرەکانـی دیکتاتۆرمـان نەشـکاند و ڕاوی سـێبەری جەللادەکانمـان نەکـرد، تـا وا بـە هێـوری پێسـتی چرچـی جەسـتەمان کـەوڵ کەن..بـۆ ئـەوە نەماوینەتـەوە تـا مناڵـە بێنازەکانمـان بەدیـار عەیـش و نۆشـی شـاهانەی بێیبییەکانـی ئـەوان بکروزێنـەوە و بـۆ خۆیشـیان بەرامبـەر حەسـرەتەکانی نەبوونـی و بـێ مەئوایـی ئێمـە، شـەوەکانیان سـوورتر و ماڵەکانیـان پـڕ چراخانتـر و ژووانەکانیـان پـڕ کەنیزەکتـر بکەن..بـۆ ئـەوە هەناسـە نادەیـن و ژیـان بەناچـاری ناگوزەرێنیـن، تـا ئـەوان هەرجـارە و بـە وەهمـی حیکایەتێـک و زیندووکردنـەوەی ئەفسـانەی داسـتانێک لەسـەر بوونمـان کاوێـژ بکـەن..!!

ئیـدی ئێمـە و بوونـی مرۆییانـە و مێژوومـان، کـە هەمیشـە قوربانـی سـنوورە بڤـە و حەرامکراوەکانـی خورافـە و شـوورەیی و شـەرمە و داهۆڵـە پیرۆزکراوەکانـی کولتـور بوویـن، هیـچ حیکمەتێکـی تێدانییـە جارێکـی تـر لـە ژێـر چەتـری هەنـدێ بەنـاو تابـۆ و تەوتـەم و بەپیرۆزکـراوی تـر تروسـکاییەکانی ژیانمـان لـێ زەوت بکـەن و لـە

پـاڵ بـێ موبالاتـی و خـۆ بەخـاوەن نەزانینیـان بـۆ کائینەکانـی ئـەم سـەرزەمینە، بـازاڕی پیرۆزییەکانیـان گـەرم بکەنـەوە و جارێکـی تـر و بـە مکیاژێکـی دی پێمانـی بفرۆشـنەوە..پیرۆزیگەلێکی دروسـتکراو، کـە لەسـەر هەناسـە سـاردی و مەینەتـی و تـاڵاوی چەشـتنی هـەزاران قوربانـی بیناکـراوە و لـە پەیکەرێکـی سـڕی بـێ گیـان و حەسـارێکی رازاوەدا بۆمانـی وێنـا بکەنەوە..تەنهـا یـەک حیکمەتیشـی تێدانییـە ئەمڕۆییـەک کـە ئاودامانـە لـە زامەکانـی دوێنێمـان و تنـۆک تنـۆک خوێنـی جەسـتەمانی لـێ دەچـۆڕێ، ئێسـتایەک کـە لەسـەر کـەلاوەی ماڵەکانمـان و بۆسـۆی جەسـتە و ئێسـک و پرووسـکمان هەڵچنـراوە، تەنهـا وێسـتگەی حەسـانەوەی ئـەوان و مایـەی برسـێتی و بێـکاری و لانـەوازی ئێمـە بێـت.. عیبـرەت لـەودا چییـە، کـە دەبـێ شـوکرانەی ئەوەبیـن لـەم رۆژگارەشـدا گـورگان خـواردوو نەبوویـن و گـۆدۆ ئاسـا دەبـێ لـە چاوەڕوانـی پێڕەوکـە و هـەراش بوونـی کۆرپـەی ئەزموونەکەیـان دابیـن؟!

* «یاداشـتی دوو لاوی پاشـماوەی کیمیایـی و ئەنفـال لـە دامێنـی مۆنۆمێنتـی هەڵەبجـە و پەیکـەری ئەنفـال، لـە دواسـاتی خوافیزیکـردن لـە نیشـتمان»

## هەناسەیەکی تر بۆ دیکتاتۆریەت!

چەندە مەیل و ئارەزوی خۆسەپاندن و تاکڕەویی ودیکتاتۆریانەی ناخی کەسێک، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی کەسێتی خودی خۆیەتی... چەندە دنیابینی تاکرەهەندانەی ئایدیۆلۆژی و باکگراوندی سیاسی کە ئەو کەسە پێی گۆشکراوە ، رۆڵ لە دروستکردنی پەیکەری دیکتاتۆردا دەبینن . هێندەش کوێرکردنی هوشیاری خەڵک لەسەر ئاستی دامەزراوەو ئۆرگانەکان و، تەنانەت ناهوشیاری ئەو کائینە خۆبەدەستەوەدەر و تەسلیمکارەی کە قەدەری خۆی داوەتە دەستی سەرکردەی سوپەرمان...کائینێک کە حزب لە هەلومەرجێکی شلۆقی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و، بە ئیشکردن لەسەر سۆز و غەریزە و دیوە تێکشکاوەکانی ناوەوەی بەرهەمی هێناوە...کائینێک ژیان و بوون و بەردەوامی و مانەوەی خۆی لە وێنەی سەرکردە و حیکمەت و ئەفسانە داتاشراوەکانی دنیای توانای سەرکردەدا دەبینێتەوە، کاریگەریان بەسەر بەرهەمێنانی دیکتاتۆر و دەسەڵاتی دیکتاتۆریانە هەیە و، زەمینەخۆشکەرێکی لەبارن بۆ هێنانەکایەی ستەمکاری و دروستکردنی کەسێک کە دواجار هەر لەڕێی ستاییشەکانی خۆیانەوە ، ئەو کەسە بەرگی پیرۆزی و تەوتەمی دەکرێتەبەر.

پرۆسەی ئاشتی ، پرۆسەیەکی دەستەجەمعییە..ئەوە کۆی کۆمەڵگایە بە جیاوازی کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دەبنە هەوێنی ئاشتی..ئاشتی بەرهەمی دنیابینی و کلتوری ئەو کەس و هێزگەلانەن کە بڕوایان بە چەمکەکانی بەیەکەوەژیان و لێبوردەیی هەیە.. بەرهەمی هوشیارییەکی کۆمەڵایەتی سیاسی تەندروستە ، کە لەڕێگەی ئەو هوشیارییەوە تاک و کایەکانی کۆمەڵگا ململانێکانیان دەگوازنەوە ئاستی شارستانییانە..ئاشتی زادەی ئەو گوتارە عەقلانی و ئەو لۆژیکە سیاسییەیە کە بڕوای بە کێبەرکێیەک هەیە ، رایەڵەکانی لەسەر دیالۆگ و زمانی گفتوگۆ وەستابن . کەواتە ئەو پرۆسە دیموکراسی و شارستانییە، هەر بە کۆی کۆمەڵگاوە جوانە..ئەوە رۆحی ژیاندۆستانەی کۆی هێزو کایە و تاکەکانی کۆمەڵگەیە جوانی و مانا دەبەخشێتە ئاشتی، نەک تەنها کەسێک کە هوشیارییەکی سیاسی ئیفلیج و،

ئایدیۆلۆژیایەکی دۆگما و، پەروەردەیەکی کۆیلەییانەی ئەندامانی گروپەکەی بیکەن بە سوپەرمان و، تەنها جوانییەک لە ئاشتیدا لەو زاتەدا ببیننەوە... کەسێک کەلکەڵەی کورسی نەک وایلێکردووە کێشە چارەنووسسازەکان فەرامۆش بکات، رەنگە وارێککەوتبێت هەر لەپێناو مانەوەو بەردەوامی خۆی وەک کەس ، لە شوێنکاتێکی مێژووییدا کۆی خەونەکانی گەلەکەی بردبێتەوە سەر سفرەی جەللاد و، نەک هەر ئاشتی نەکردۆتە پەیام، بەڵکو کاراکتەرێکی سەرەکی بووە لە دروستکردنی رۆحی شەڕانگێزی و تۆڵەسەندنەوە .

لەهەر ماڵە کوردێکی لانەواز و، هەر خانەوادەیەکی مارانگەستەی دەربەدەری وکوێرەوەرییەکانی بەعس و، نەداری و هەژاری رێی سەرفرازی ئەم نیشتمانە بپرسی، بەتایبەتی لە زستاندا، وەرزێک کەتیایدا بەرەی هەژار دەدڕێ و، تینی سەرما و سۆڵەی بەفرو باران ئاونگەکانی ژیان لە جەستەیاندا دەکاتە جەلیت و چلورە , لێیان بپرسە چ شتێک گەرمتان دەکاتەوە؟ راست بیریان بۆ نەوت و سۆپا و سوتەمەنی دەچێت و، لە خەیاڵیاندا رێک وێنەی ئەو لولە نەوتە دەکێشرێ ، کەپێیان وابوو دوای ئاوارەبوون و چرۆکردنی خەونی کوردایەتی و، وەبەرهاتنی ئازادی لە کەرکوکەوە ، ماڵەکانیان پڕدەکات لە گەرمی و روناکی...... لەد ایکی شەهیدێک ...مێرد ئەنفالکراوێک...باوک لەداردراوێک... برا شوێبزرکراوێک...خانوو روخێنراوێک... .بپرسن: ئەوە چ شتێکە سکونی دڵتان دەدا و، هەناسەکانی ئومێدی ژیانتان گەرم دەکاتەوە؟ رێک خەیاڵیان دەیانباتەوە بۆ ئەو بەڵێنە زیوین و وەعدە ئاڵتونیانەی سەرکردە و شۆڕش، کە لە قۆناغی ئازادیدا ئەوان لەسای خوێنی رۆڵە و جگەرگۆشەکانیان ، دەبنە خاوەن ماڵ و، بەمەحەکی یاسا تاوانبارو جەللادەکانیان دەبەنە بەردەم ویژدانی دادگا و، سەرکردەو شۆڕش بۆ گەرمکردنەوەی هەناسەکانی ئەوان و، قەرەبوکردنەوەی لەخۆبوردووییەکانیان ، تاوانباران دەدەنەوە دەست سزای عادیلانە، بەڵام دواجار هەموو ئە بەڵێنانە لە جوانییەکانیان بەتاڵ بوونەوە و ، بوون بە هەگبە و هەنبانەیەک لێوانلێو لە درۆ...... دوای تەواوبوون لە گێڕانەوەی بیرەوەرییە تاڵەکانی کوردایەتی، پاش کولاندنەوەی زامە بە سوێکانی ئاوارەیی و برسێتی و کوشتن و بڕین و گرتن و ژەهربارانکردن، خەڵک چاوەڕێی ئەوەبوون ئازادی زیاتر..ئاشتی سەرتاپاگیر و درێژتر..خۆشگوزەرانی پتر..دادی کۆمەڵایەتی و وەک یەکی بەرچاوتر..دەرفەتی

کار و ژیانــی زیاتــر ، ســوچی مــاڵ و کەلێنــی رۆح و حەســرەتی دڵ و هەناســەی ســاردیان گــەرم بکاتــەوە ، نــەک دروشــمێکی فریــودەر بەگوێچکەیانــدا بچرپێنرێــت... ئاخــر چــۆن ئــەو هەمــوو ســاردی و ســرپیانەی دنیــای کــورد بەباوەشــی ســاختە و ، هوتافــی ئایدیۆلــۆژی و، هەناســەی مــردووی کەســێک گــەرم دەبنــەوە؟! دەبــێ ئــەو زاتــە چ ســەرچاوەیەکی گەرمــی و رۆشــنایی بەخــش بێــت، ئــەو هەمــوو ساردییانەی ژیانــی کــورد گەرمکاتــەوە؟ مەگــەر ئەمــە بەپیرۆزکــردن و تەوتەمکردنــی کائینــی ســەرکردە نییــە، کەســێک گوایــە دوێنــێ شــەڕی جەلــلاد و بەپیرۆزکردنــی دەکــرد، ئەمێســتا وەڵامــی بــۆ ئــەو دروشــم و بــاق و بریقانــەی ژێــر وێنەکــەی خــۆی نییــە!!

دوای ئــەو هەمــوو وێرانــی و خاپورکردنەی ئاواییەکانی کوردســتان...پاش کوێرکردنەوەی ســەرچاوەکانی ئــاو و جوانــی و ژیــان و سروشــت...دوای ســوتاندنی خــاک .. وشــککردنی کانیــاو.. سیســکردنی ســەوزایی .. کوشــتنی ئــاژەڵ .. ژەهراویکردنــی هەوا...دەبێــت چــۆن و بــەچ شــێوەیەک ئــەم وێرانییــە ئاوابکرێتــەوە؟ بەڕاســت کــە ئاوەدانــی کوردســتان بــە ســەلامەتی و ســەروەری کەســێک ببەســتینەوە ، تەنهــا ئــەو کاراکتــەرە بەمایــەی ئاوەدانــی کوردســتان بزانیــن و ، وا پیشــان بدەیــن کــە وڵات بــەو ئاوەدانــە، ئــەم وەســفە چــۆن تەفســیر دەکــرێ؟

کوردســتان بــە پــرد و رێگاوبان..بــە خوێندنگــە و نەخۆشــخانە..بە ســەرچاوەکانی ئــاوی خاوێــن و گوزەران...بــە نۆژەنکردنــەوەی گونــد و دێهات..بــە پەرتوکخانــە و باخچــەی ســاوایان و دایەنگە..بــە پرۆژەکانــی بەرهەمهێنــان و ســود وەرگرتــن لــە ســەرچاوەکانی ســەر و ژێــر زەوی..بەقەرەبۆکردنــەوەی زیانلێکەوتوان..بــە ئاوڕدانــەوەی جدی و وەک یــەک و بــێ جیــاوازی لــە بنەماڵــەی شــەهیدان وئەنفالکــراو و کیمیابارانکــراو و زیندانــی و بێسەروشــوێنەکان، بــە دەســتگیرۆیی خێــزان و کەســوکار و، بەتایبەتــی جگەرگۆشــە و مناڵەکانیــان ئــاوەدان دەبێتەوە......کوردســتان بەوانــە ئاوەدانــە ، ئەوانــەی لــە قوربانــی بەخشــین بــە مــاڵ و گیــان درێغیــان نەکرد.. ئەوانــەی ماڵەکانیــان دیوەخانــی شــۆڕش و، داڵــدەی پێشــمەرگەبوو..ئەوانەی لەپێنــاوی ســەرفرازی کــورد و ســەربەخۆیی کوردســتاندا ئاواییەکانیــان جێهێشــت و، بەخەونــی ئاوەدانکردنــەوەی زێــد و هەوارەکانیــان دوای ئــازادی بەدەســتی خاڵــی و، دڵ و بــڕوای دەوڵەمەنــد گەڕانــەوە ، نــەک بەتەنهــا کەســێک...ئەو کەســە بەرهەمــی لەخۆبوردویــی و فیــداکاری خەڵــک و، ئــەو ئاوەدانــی و ژیانــە ئــارام و سروشــتە جوانــەی کوردســتانە ، کــە بوونــە

قوربانی ئازادی.

گەلۆ! ئەوە ئێمەین کە خەریکە جارێکی تر پەیکەری دیکتاتۆرەکان زیندوو دەکەینەوە..جارێکی تر و بەریتمێکی جیاواز لەوەی پێشوو، گەرەکمانە سەروەر و سوپەرمان و چی و چیتر لە زەینی نەوەکانمان دادەڕێژین و، زەمینەی ئەوەیان بۆ دەرەخسێنین کە بەوە بنازن ، مێژوو کورد و کوردستان قەزباری (ئازایی و لێهاتوویی و بیرتیژی و دووربینی و خۆراگری و ..هتد) ی ئەوانن .ئەگەر وانییە ، ئەدی ئەوە چ بیرکردنەوەیەکی عەقلانی و دنیابینییەکی لۆژیکی و ئینتمایەکی ژیرانەیە کە جوانی ئاشتی..گەرمی ماڵ و رۆحی نەتەوە ....ئاوەدانی کوردستان لە تەوتەم و بەپیرۆزکراوێکدا کورت دەکاتەوە؟؟

ئەوە وەڵامێکە بۆ ئەو سیاسی و کادیر و رۆشنبیرە دیموکراتخواز و مۆدێرن و داهێنەرانە بەجێدەهێڵین، کە سەری زمان و بنی زمانیان کۆمەڵگەی مەدەنی و کرانەوە یە و، شەرێکی بێ چەندو چوون و پێشمەرجییان لەگەڵ کلتور و عەقڵی خێڵدا راگیاندووە!!

## لە داوی کۆیلەدارێکەوە بۆ پەرستنی بتێکی دی!

هەموو ئەوانەی بە گیانی کاریزمایی و بە گوتارێکی موژدەبەخشانە روو دەکەنە خەڵک بەوەی بتەکان تێک دەشکێنن، دواجار بەرهەمی ئەو موژدانەیان قووت کردنەوەی بتگەلێکە بە سیما و دەمامکی جیاواز لەوانەی باون، بەلام بەهەمان بیرکردنەوە و دونیابینی، کە بریتییە لە سفرکردنەوەی بەرامبەرەکان و کاوێژکردن لەسەر شەرعیەتە سواوەکان و خۆ بە فریشتە زانین.

بۆیە بەقەد ئەوەی پێویست دەکات کۆمەڵگە گومانی بەردەوامی لە بتە باوەکان هەبێت و کار بۆ تێکشکاندنی پیرۆزییان بکات، جا بە هەر دەمامکێکەوە بن، ئەوەندەیش پێویست دەکات بە چاوی ترس و دڵەڕاوکێوە سەیری ئەوانە بکەن، کە بەسەر پشتی ئەسپێکەوە دێن و زۆلۆ ئاسا دەمامکیان بەستووە و بوێری ئەوەیان نییە بە روخساری راستەقینەی خۆیان بێنەوە ناومان،چونکە بە گوتارەکانیانەوە دیارە کە دەیانەوێ پەیکەری بتێکی گەورەتر لەوەی باو لە خەیاڵماندا بنەخشێنن، بە مانایەکی تر گەرەکیانە لە فۆرمێکی دیاریکراوی کۆیلەبوونەوە بمانگوازنەوە سایەی فۆرمێکی دیکەی کۆیلەیی، کە تیایدا تەنها سیما

و رووخساری کۆیلەدارەکان و بتەکان گۆڕدراوە، ئەگینا لە هەناو و بیرکردنەوەیاندا هەڵگری هەمان ویست و گوتاری بە کۆیلە و مێگەل کردنی مرۆڤەکانن.

ئەوە واقیعێکە و کەم تا زۆر ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا باوە و خەریکە تەشەنە دەکات، بۆ نموونە هێز و کاراکتەر گەل هەن هەنووکە دەیانەوێ مژدەی ئەوە بدەنە مرۆڤی کورد، کە ئامانجیان ئازادکردنی خود و ئیرادەی مرۆڤەکانە و بە هۆیەوە دەیانکەنە هێزێک بۆ شکاندنی بتەکان، بەڵام دواتر ئەوە لە بیر خەڵک دەبەنەوە، کە چۆن بە زمانێکی شەیتانیانە دەیانکەنە کۆیلەی بتەکانی خۆیان، بتگەلێک نەک بوێری ئەوەیان نییە لە بورجی عاجی خۆیان داببەزن و تێگەلی خەڵک بن، بەڵکو لەوەش کۆمیدیتر بەناو و بیانووی بێ ماناوە خۆیان لە گۆڕەپانی شەڕە چارەنووس سازەکان دەدزنەوە.

کاتێک کەسێک بەهەر بڕوبیانوێکەوە بێت ئامادەیی ئەوەی تێدانەبێت رووبەڕوو و بە خۆی شەڕی ئەو کەس و شتانە بکات کە ناوی ناون بت و بێدادی و نایەکسانی، دەبێ گومان لە دونیابینی بەناو ژیاندۆستانەی بکەین و بە ئاسانی نەچینە ژێر باری سیحری دروشمەکانی، کە هەر کەس و کایەیەک لە شوێنکاتێکی دیاریکراو و لە سای هەلومەرجێکی سیاسی ناجۆر و بارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی قەیراناویدا دەتوانێ بەرزیان بکاتەوە.

لێرەوە دەبێ ئەوە بڵێین کە هێزی راچەنین و نوێبوونەوە و بەرەوپێشچوونی هەر کۆمەڵگەیەک و دەرچوونی لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی باو، نابێ بەرهەمی کاریزما بێت، چونکە کۆمەڵگەیەک توانا و شیان و ئیرادەی تاکەکانی و ئاستی هوشیارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی بناغەی ئەو پێنگاڤە نەبێ کە بەرەو گۆڕان و نوێبوونەوەی دەبات و بە تەنها لە چاوەڕێی فریادڕەس و کاریزما دابێت، ئەوا سبەی رۆژ بە ئاسانی ئەو ئیرادەیەی رام دەکرێت و بەردەوام ئەگەری ئەوە هەیە کە لە خودی ئەو کاریزمایەدا بت و پەیکەری دیکتاتۆر دروست بکات.

بۆیە ئەگەر ئامانج لە هێنانە کایەی ئازادی و نەهێشتنی بتەکان و زەمینەسازی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی مرۆڤەکان، بریتی بێت لە راپسکانی تاکەکانی لە کۆیلەتی بتێک و بوون بە کۆیلەی بتێکی تر، ئەوا نەک گۆڕان لە رەوشی باو و پێشکەوتن لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرهەم نایەت و مرۆڤەکان بە بەهەشتی ئەو خەونانە شاد نابن، کە لە سای هوتافی کاریزمایەکەوە دەیبینن،

بەڵکـو قوڕەکـە خەسـتتر دەبێتـەوە و لەگـەڵ خۆیـدا ئـەو کۆمەڵگەیـە نەوەیەکـی تریـش گیـرۆدەی کۆیلەتـی دەکات و هێـز و ئیـرادەی تاکگـەری تێـدا دەکوژێـت.. بـە کـوردی و بەکورتـی لـە هـەر پرۆسـەیەکی گـۆڕان و نوێبوونـەوەدا گرنـگ گۆڕینـی دەمامـک و روخسـاری بـت و دیکتاتـۆرەکان نییـە، بـە قـەد ئەوەی تێکشـکاندنی سـێبەری بتـەکان و گۆڕینـی عەقڵـی دیکتاتۆرییانـەی بتـەکان خۆیـان لەهـەر شـت گرنگتـرە.

## داری دیموکراسی لەو خاکەدا بەر ناگرێ!

بیرمەندی ناسراوی کورد (مەسعود محەمەد) لە بارەی دیموکراسی جیهانی سێیەم و ئەو کولتورە سیاسی و ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەی رەنگرێژی بیری مرۆڤەکان و دونیابینی سیاسییەکان و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی کردووە دەبێژێ « ئەو خاکەی دیموکراسی تێدا شین دەبێ بریتییە لە پۆرگی نەفس و بینینی هۆش و لەباری تەبیات و رشتەی کۆمەڵایەتی و پاشخانی شارستانی، هەر نیشتمانێک ئەم بژێوانەی نەبێ، بە میوانیش یەک دوو رۆژ، دیموکراسی داناکات».

یەکێک لە کۆڵەگەکانی دیموکراسییەت ئازادی رادەربڕین و گوزارشت لە خۆکردن و قەبوڵکردنی جیاوازییەکانە بە کۆێ دەنگ و رەنگەکانی، دیارە ئەوەش بە دروشم نایەتە دی، وەک ئەوەی بە تەنها بوونی ئەو ئازادییە گرنگ نییە، ئەگەر گوێی لێنەگیرێ و لەوەش وێرانتر تۆمەتی بخرێتە پاڵ و توانجی لێبدرێ.

بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆ لە واقیعی کوردستاندا و لە سەر هەر دوو ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی دەبینرێ دیوی دووەمی پراکتیزە کردنی چەمکەکەیە، واتە تەنها بۆ ئەوەی بە دونیا بڵێین ئێمەش دیموکراسین، ئاماژە بە زۆروزەوەندی چاپەمەنی و ئەو نووسینانە دەدەین، کە لێرە و لەوێ و بەناوی رەخنە لەسەر کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی دەنوسرێن، کە بە داخەوە زۆرنابا ئەو نووسین و را و هەڵوێستە، ئەگەر سەری خاوەنەکەی نەخوا، بەڵام لە رێگەی توانج و تۆمەتەوە بێزراوی دەکات.

رەنگە ساڵوەگەڕی رۆژنامەگەری کوردی باشترین دەرفەتێک بێت، بۆ ئەوەی قسە لە رەوشی نالەباری ئەمڕۆی میدیا بە گشتی و میدیای دەرەوەی حزب بکەین، وەک ئەوەی عاجباتی سەدەی نوێ بێت و هەرکەسە و لە شوێنی خۆی لێی کەوتۆتە تەقە، بە هەندێک لەوانەش کە رۆژێک لە کانیاوی ئەو رۆژنامەگەرییەیان خواردۆتەوە و ئەمڕۆ بەردی تێدەگرن.

دیارە کە ئەو قسانە دەکەین مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین میدیای ئەهلی

هەرچـی خـەوش و کێماسـی و بۆشـاییە نیەتـی، بـە پێچەوانـەوە وێـڕای زۆرجـار نـا هاوسـەنگی و ناوردبینـی و هەنـدێ جـار شـێواندنی ڕاسـتی و لایەنگیـری، لەلایەکـی تـر میدیـای ئەهلـی وەک بەرچەکـرداری ئـەو ڕەوشـەی ئەمـڕۆ تێیکەوتـووە، کـە تۆمەتـی هەمەچەشـنی بـۆ هەڵدەبەسـترێ، خەریکـە (کـە هیواداریـن بـەو ئاقـارەدا نـەڕوا) دەیـەوێ خـۆی بخاتـە شـەڕێکەوە کـە هـی ئـەو نییـە و دەیانـەوێ بـەزۆر بیهێننـە نـاو شـەڕەکە، بۆیـە بـە بـڕوای مـن باشـتر وایـە بـۆ ئـەو میدیایـە لـە بـری ئـەوە (کـە زۆرجـار سـفر کردنـەوەی میدیـای حزبـە) بـە خەوشـەکانی خۆیـدا بچێتـەوە و زیاتـر پیشـەییانە پـەرە بـە کار و گوتارەکـەی بـدات.

سـەیرکەن لـەو وڵاتـەی کـە ئەزموونەکـەی بەرهەمـی خوێنـی خەڵـک و کاروانێکـی دوور و درێـژی تێکۆشـانە دژی دیکتاتۆرییـەت و تـاک ڕەوی لـە پێنـاو ئـازادی، کەچـی خەریکـە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان دروشـمەکان ئـاوەژوو دەبنـەوە و ئەرکـە دیموکراسـی و مەدەنییـەکان و بەهاکانـی هاووڵاتیبـوون و دادپـەروەری و ئـازادی تـاک دەکرێنـە قوربانـی کۆمەڵـێ بەنـاو وەهمـی سیاسـی و خورافـەی کۆمەڵایەتـی و گوتـاری زڕیـاوی ئایدیۆلـۆژی و کولتـوری نەریتگـەرا و باوەڕسـالار، کـە لـەوەدا مـرۆ ناچـار دەبێـت گومـان لـە زۆر شـت و لـە نێویانـدا چەمکـی شـۆڕش و بەهـا شۆڕشـگێڕییەکانیش بـکات.

سـەیرە کۆمەڵگەیـەک خـەون بـە ئاییندەوە ببینـێ و کایـەی سیاسـی و دەسەڵاتەکەیشـی مـوژدەی کرانـەوە و مەدەنییەتـی بداتـێ، کەچـی لـە ئاسـتی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی تووشـی فۆبیایەکـی گـەورە هاتبێـت و داروپـەردووی ئـەو نیشـتمانە و ڕۆڵـەی شـەهیدان و تێکۆشـەر و هاوسـەنگەرەکانی ڕۆژی سـەخت و سـێبەری خۆیشـی لـێ ببێـت بـە دوژمـن، بـە چەشـنێک زراوی لـە گللەیـی گەنجێـک و گازانـدەی ژنـە ڕەشپۆشـێکی ئەنفـال بـڕژێ.. زەندەقـی لـە ڕەخنـەی ڕۆژنامەنووسـێک و ڕای نووسـەرێک بچـێ.. هێڵنجـی بـە ناڕەزایـی پێشـمەرگەیەکی دێریـن و هەڵوێسـتی سیاسـییەکی خـاوەن ئەزمـوون بێتـەوە.. لـە دەنگهەڵبڕینـی چالاکوانێکـی مەدەنـی و بانگەیەشـەیەکی گـۆڕان و چاکسـازی بتۆقـێ، هەمـوو ئەوانـە سـەرچاوەی ئـەو نیگەرانـی و گومانانـەن، کـە ئاماژەمـان پێیـدا.

کاتـێ لـەو هەرێمـەدا شـتەکان دەگەنـە ئـەو ئاسـتەی دەم بکەیتـەوە و ڕەخنـە بگـری بڵێـن دەسـتی لـە پشـتە..ڕا دەربـڕی بلێـن بەکرێگیـراوە.. قسـە بکـەی بڵێـن دڵـی بـەو ئەزموونـە خـۆش نییـە.. هەڵوێسـت لەسـەر خـەوش و کەموکوڕییـەکان

دەربڕی، بە دژە کوردبوون و بێ ئینتما وەسف بکرێی.. بۆچوونێک لەسەر پێشهات و ڕووداوێکی سیاسی بخەیتەڕوو، بێ سێ و دوو بەوە تۆمەتبارت بکەن، کە پیلانی داگیرکەرانی کوردستان و ناحەزانی جێبەجێ دەکەیت.. باسی چاکسازی و گۆڕان و کرانەوە بکەیت، بە جەلـلادی دوێنێ و شەریکە بەشی گەندەڵی پێناسەت بکەن، بە تایبەتی کاتێ ئەو قسانە لە مینبەرێکەوە بکەیت کەماڵی حزب نەبێ و لە سەنگەرێکەوە بێت کە هەژموونی حزب باڵی بەسەردا نەکێشابێ و لە گۆشەیەکەوە بێت کە ڕووناکی چاوی حەسحەسی موریدەکانی حزب ڕووناکی نەکاتەوە، لە سوچێکەوە بێت دوور لە حەلقەی زیکری دەروێشانی حزب و وەعزەکانیان، ئەوە تاوانێکە و کردووتە و (ئەگەر چاوی ڕەشی ئەمریکا نەبێ!) پێویست دەکا بە سزای (گەل و شۆڕش و دەسکەوتەکانی!) بگەیەنرێیت، ئیدی نەک تەنها میدیا و دەنگە هەقبێژ و قەڵەمە ڕاستگۆکان، بگرە خەڵک ناچارە (بەوانەش کوڕی شاخ بوون و ئێستا بێزارن) دەیان و سەدان پرسیار و گومان لە بەرامبەر ڕەوشی باودا دابنێن، بەڵام کارەسات لەوێدایە کە خەریکە قوڕەکە بۆ زۆرێک لە ڕۆژنامەنووسان و ئەو مینبەرانە خەست دەکرێتەوە، کە بە جۆرێک و جۆرێکی تر و دوور لە سانسۆر و مەقەسی خەیاتەکانی نێو دەزگای میدیای حزبی دەتوانن هەناسەیەک بدەن، کە ئەمەش مرۆ ڕەشبین دەکا، چوون ئەگەر کۆمەڵگا و دەسەڵاتێک بانگەشەی دیموکراسی بکەن، نابێ بە بوونی ئازادی بیروڕای جیاواز قەڵس بن، بۆ ئەمەش دەخوازێ لە ڕەخنە نەترسن، ڕەخنەش پێویستی بە مینبەرێکە سێبەری سەروەری و پیرۆزییەکان بەرچاوی لێڵ ناکەن، ئەگەر ئەوە قەبوڵ نەکرا و هەر کەس چووە ئەو خانەیە بێتە (نەیار و دوژمن و سیخوڕ و پیاوی بێگانە)، بەلایەنی کەم مانای ئەوەیە ئەو کۆمەڵگا و دەسەڵاتە لە دیموکراسی نەگەیشتووە، یان لە بنەڕەتدا نایەوێ دیموکراسی بێت.

بۆیە بەبۆچوونی من ئەگەر دەسەڵات و کایەی سیاسی کوردستان بیەوێ میدیای ئەهلی وەک خۆی بیخوێنێتەوە، پێویستە هەندێ بووقی نەشازی نێو دەزگاکانی خۆی بێدەنگ بکا..ئەگەر دەیەوێ میدیای ئەهلی و زۆرێک لەوانەی تێیدا کار دەکەن (چونکە هەندێک بوونەتە بار بەسەر ئەو نێوەندە و پێویستە ئەوانیش پاکسازی و چاکسازی خۆیان بکەن)، پەرچەکرداری توندیان نەبێ، باشتر وایە دەرگای زانیارییەکانی خۆی واڵا بکا و تۆمەتی بێ بنەمایان بۆ دروست نەکا و

هەنـدێ نـاو و نازنـاو بـە باڵایانـدا نەبـڕێ، کـە زیاتـر بـەر مەبنـای لۆژیکـی

(ان هي الا اسماء سميتموها انتم و اباكم و ما لكم به من علم الا اتباع الظن»ـە .

کاتێکیـش میدیـای دەرەوەی حـزب لـە بـەردەم واقیعێکـی وا تـاڵ دابێـت، خـودی دیموکراسـی و هەمـوو چەمکەکانـی دیکـەی پەیوەسـت بـە دادپـەروەری و سـەروەری یاسـا و ئەوانـەی بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن، دەکەونـە ژێـر پرسـیاری قـورس. چونکـە دەسـەڵاتی سـەرکەوتوو و تەندروسـت (کـێ و لـە هـەر کـوێ بێـت) بەرهەمـی خۆخوێندنـەوەی بوێـر و گوێگرتـن لـە رەخنەیـە، دەسـەڵاتی نیشـتمانی و نەتەوەیـی بـە قـەد شـانازی کـردن بـە سـەروەرییەکانی، ئەوەنـدە و زیاتـر پێویسـتی بـە قەبوڵکردنـی جیـاوازی و رەخنـە و سـەرنجی ئەوانـە هەیـە، کـە لـە دەرەوەی ئـەودان و وەک ئـەو بیرناکەنـەوە، پێویسـتی بـە هـاوکاری و دەسـتگیرۆیی ئەوانەیـە ئیمتیـاز و بەرژەوەندییەک لەگەڵیـدا کۆیـان ناکاتـەوە

## پرۆلیتاریاکانی شاخ و بزنسمانەکانی شار!

ڕۆژی جیهانــی کرێـکاران، کـە لـە بنەڕەتـدا و لـەم جوگرافیایـەی ئێمـەدا کولاندنـەوەی برینــی ئــەو چینــە و شــایلۆغانی پێشــەنگ و مونەزیرەکانییەتــی، لــەوە دەرچــووە بــوار و دەرفەتێـک بێـت، بـۆ ئـەوەی هەنـدێ بەنـاو داکۆکیـکاری مافـی کرێـکاران بتوانـن بـە دروشـمبازییەوە ڕووی نیفاقـی خۆیـان بشـارنەوە. چونکـە لـە واری کردەنیـدا دەیابینیـن، کـە چـۆن زۆرینـەی ئەوانـەی ڕۆژانێـک قوتابـی گوێڕایەڵـی ئـەو قوتابخانەیـە و تووتـی بێ پرسـیار بـوون، لـە ئەمـڕۆدا بـە پراکتیـک لـە فیکـر و پـەروەردەی قوتابخانەکەیـان، نــەک هــەر هەڵگەڕاونەتــەوە، بگــرە لێــرە و لــەوێ بــە لاقرتــێ، تانــە و توانجیشــی تێدەگـرن، ئیتـر لـەو نێـوەدا پەنـدە کوردییەکـەی (هەڵگەڕانـەوەی ڕێـوی) بێننـەوە یـادی خۆتـان و خوێندنەوەیەکـی تایبەتـی خۆتـان، بەرمەبنـای واقیعـی بـاو بـۆ ئـەو تایپـە هەڵگـەڕاوەی کـورد بکـەن.

بەداخـەوە وەک چـۆن زیاتـر لـە هـەزار ساڵە لـەو جوگرافیـا بەڵاڵێدراوەی ڕۆژهەڵاتـدا، بـە کوردسـتانی خۆشـمان، نـەوە دوای نـەوە بـە وەعـز و تەلقیـن و خورافـە هوشـیارییان کوێــر دەکــرێ و هێــزی پرســیار و گومــان و گــەڕان بــە دوای حەقیقەتییــان تێــدا دەکـوژرێ، زۆر کەمتریـش لـەو تەمەنـە نـا و تـا ئـەم چرکـە ساتەش، بـە زمانـی جیـاواز و بـە ریتـم و ئـاوازی:

ڕابن ئەی هۆزی بەش مەینەتان، دیلانی برسێتی دونیا

لە تەنورەی بیروباوەڕتان، قرمژنی بروسکە ڕاسا

هــەر کرێـکار و جوتێـر و پاڵـە و ڕەنجـەدەرن دەسـووتێن و زگ (سـک) زلـەکان لـە بـەری ڕەنـج و قوربانیدانـی ئـەو چینانـە دەخـۆن و لەبـەر تیشـکی بروسـکەی ئیرادەیانـدا خۆیـان گـەرم دەکەنـەوە.. ئەمـی کرێـکار هـەر چەوسـاوە و ئـەوی کرێـکار دۆسـتیش هــەر قەڵـە و و قەڵـەو تـر.. ئەمـی پاڵـە و جوتێـر هـەر ڕەنجـدەر و کۆڵکێـش، ئـەوی پاڵەدۆسـتیش هـەر بەرخـۆر و مشـەخۆر، بۆیـە هـەق وایـە بـە ڕاشـکاوی و بـێ پێـچ و پەنـا، هەرنـا بـە سـوپەر پرۆلیتـار و پۆسـت کۆمۆنیسـتەکانی خۆمـان بڵێیـن، توخـوا

لێگەڕێن هەر هیچ نەبێ کرێکار بەشی کرێی کار و هیلاکی خۆی وەرگرێ، چش لەوەی نەیکەنە سووتووی گەیشتن بە عەرشی دەسەڵات.

وەک زۆر شوێنی دیکەی دونیای ژێر ستەمی چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی، هەرچی شۆڕشی کوردە لەسەر پشتی گوندەکان و رەنجی کرێکار و بەرهەمی جوتیاری کورد بەرپابوون، کەچی راپەڕین کرا و گوندەکان وێران بوون و شارەکان چراخان.. کرێکار و جوتیارە گوندییەکان دەست بەتاڵ و ئەفەندییە ئایدیۆلۆژیستەکانیش هاتنەوە و بوونەوە بزنسمان و خاوەن پرۆژەی وەبەرهێنان و مۆڵ و کۆمپانیا.

بە چاوی خۆمان دەبینین، کە چۆن زۆرێک لەوانەی دوێنێ لە شاخ (بە زۆرێک لە هاوبیرانیان لە نێو شارەکاندا)، پۆزی شۆڕشی چینایەتی و هێنانە کایەی دونیای بێ چین و چەوسانەوەیان بەسەر خەڵکی رەش و رووتی گوندەکانی کوردستاندا لێدەدا، ئێستا بوونەتە خاوەن کۆیلە و کەنیزە، بەڵام بە ناوەڕۆک و لە فۆڕمێکی تری جیاوازی کۆیلەکردنی مرۆڤەکان و بە کەنیزەک کردنی مێینە، لەوەش گەڕێن چۆن لە رێگەی وەگەڕخستنی سەرمایەکانیان کەلێنی نێوان مرۆڤەکانی نیشتمانیان گەورە و گەورەتر کردووە، تا ئەو ئاستەی هەندێک لەوانەی، کە بای ململانێی سیاسی و حزبایەتی کردنی بە خاوەنی دەزگا و دامەزراوەی رۆشنبیری، لە بری کردنی ئەو دەزگایانە بە سەکۆی بەرهەمهێنانی مەعریفە و جیاوازی و داهێنان، کردیانن بە دیوەخانی خێزان و خزم و خوێش و کەسوکار، چش لە خراپ بەکاربردنی پۆست و ئیمتاز و دەزگاکانیان بۆ بێدەنگکردنی بەرامبەرە جیاوازەکان، یان بۆ هێنانە ژێرباریان و کڕینیان.

بە تەنیشت ئەو تایپە لە بەناو خەباتکاری چینایەتی و پێشەنگی پرۆلیتاریا، دوای راپەڕین و بەتایبەتی بە کاریگەری چەپی ئێرانی، تایپێکی دیکەی پرۆلیتاریا دۆست هەڵتۆقین، کە وێرانتر لەوانەی پێشوو و بە ناوی رادیکالیزمەوە کەوتنە وێزەی جەستەی کوردبوون. بەو پێیەی کەم تا زۆر ئەوانەی شاخ ئەگەر کورد وتەنی (بۆ رووەتی دونیاش بێت)، باسێکیان لە ئاوێتەکردنی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی دەکرد، بەڵام ئەوانەی دوای راپەڕین هاتن، جگە لەوەی تۆزیان لە چاکەت و پانتۆڵەکانیان دادەکوتی و باسی مافی چینی زەحمەتکێشیان دەکرد، هاوکات بە کارکردن لەسەر راگەیاندنی شەڕی بێ چەند و چوونی ئایین هاتنە

نێـو جەنگەکـە، لـەوەش وێرانتـر بـە ئاشـکرا کەوتنـە دژایەتـی بیـری نەتەوەیـی و هەمیشـە بـە دروشـمی (ناسـیونالیزم شـەرمەزارییە بـۆ مرۆڤایەتـی)، رووبـەڕووی ئـەو بیـرە بوونـەوە.

بەداخـەوە، زۆربـە (چ ئەوانـەی سـەردەمی شـاخ و چ ئەوانـەی دوای راپەڕیـن)، کـە خیانەتییـان لـە فیکـر و فەلسـەفە ژیـان و مـرۆڤ دۆسـتەکەی مارکـس کـرد و دەکـەن، ئەوانـەن کـە لـە گووتنـەوەی تووتـی ئاسـای وشـە و رسـتە و دەسـتەواژەکانی مارکسـدا لـە مارکس مامۆسـتا تـرن و بـوون، بـەڵام لـە بـاری بیرکردنـەوە و بـڕوا و مـۆڕاڵ و رەفتار و هەڵوێسـتدا سـەرمایەدارێک شـاگردیانە و بـوو.. ئاخـر قۆڕتریـن و بێماناتریـن نوکتـە ئەوەیـە لـە شـاخدا بانگەشـەی هێنانـەدی دونیـای بـێ چیـن و چەوسـانەوە بکەیـت و کـە هاتیتـەوە نـاو شـاریش خەریکـی بزنـس و قوڵکردنـەوە و تۆخکردنـەوەی جیـاوازی چینایەتـی بیـت، وەک چـۆن ئەوانـەی بـە دروشـمی سـواوی (ناسـیونالیزم شـەرمەزارییە بـۆ مرۆڤایەتـی)، شـەڕی سـەرەکیان ناوبردنـی خەڵکـی وڵاتپارێـز و نەتەوەیـی بـوو بـە شـۆڤینی و راسیسـت، لـە کاتێکـدا زۆرێـک لـەو سـوپەر ئینتەرناسیونالیسـت و پۆسـت شۆڕشـگێڕانە، بـە بیانـوی شـەڕی ناوخـۆ و راوەدوونانـی حزبـە فەرمانـڕەواکان و لـە ترسـی هەڕەشـەی ئیسـلامییەکان چـوون لـە هەنـدەران و پەناهەندەیـی شـوکرانە بژێـری سۆسـیالی سـەرمایەداری بـوون و لـە پێنـاو وەرگرتنـی ئیقامـەدا بوونـە سـوپەر ناسیونالیست!!

ئـەوەی ئێمـە دەیڵێیـن شـتێک نییـە نـە نـوێ و نـە بوختـان بێـت، بەڵکـو وەک رۆژی روونـاک دیـارە. ئاخـر نـاوی چەنـد لـەو کـوردە ئینتەرناسیونالیسـتانەتان بـۆ بنووسـین، کـە لـە شـاخدا و بـە قسـەی نـاو کتێـب و خوێندنـەوەی بـەر ئاگردانـی ئەشـکەوتان سـەدان کـوڕی جووتێـر و کرێـکاری رەش و رووتـی کوردیـان لـە سـەنگەرەکان بـە کوشـتدا و ئێسـتاش لەگەڵیـان دابنیشـە جـڕت بـۆ ئـەو فەلسـە ژیـان و مرۆڤدۆسـتە لێـدەدەن و سـەرگەرمی بزنـس و وەبەرهێنانـن؟ نـاوی چەنـد لـەو سـوپەر و پۆسـت ئینتەرناسیونالیسـتە کوردانەتـان بـۆ بژمێریـن، کـە لـە دوای راپەڕیـن هاتنـە گۆڕەپانەکـە و دوژمنـی سەرسـەختی فیکـری نەتەوەیـی و سـەرمایەداری بـوون و ئێسـتاش لـە ئەورووپـا و ئەمریـکا و کەنـدا لەبـەری پـارەی سۆسـیالی وڵاتانـی سـەرمایەداری دەخـۆن و ئیقامەکەشـییان یـان بـە نـاوی سـوکایەتی کـردن بـە خـوا و ئیسـلام، یاخـود بـە سـوپەر کـورد و ناسیونالیسـت وەرگرتـووە؟

رەنگـە دروشـمبازی و شاباشـی حزبـە دەسـەڵاتدارەکانی کوردسـتان لـەم بارەیـەوە، بـەوەی خەمخـۆر و دڵسـۆزی کرێـکار و پاڵـە و رەنجدەرانـن، ئەگـەر شـتێکی ئاسـاییش نەبـێ، بـەڵام خەوشـێکی ئەوەنـدە گـەورە نییـە، چونکـە لـە بنەڕەتـدا و لـە ئاسـتی دونیابینـی سیاسـی و ئایدیۆلـۆژی و فیکرییـەوە ئـەو حزبانـە دوور و نزیـک شـتێک بـەو فەلسـەفە ژیـان و مرۆڤدۆسـتە نایانبەسـتێتەوە، هـاوکات بانگەشەکردنیشـیان بـۆ مەسـەلەی نەتەوەیـی هـەر قسـەیە و بـۆ وەبەرهێنانـی ناوخۆیـە، وەک چـۆن هێشـتا لـە نێـوان ئـەوەی حزبـی عەلمانیـن، یـان ئایینـی، خۆیـان یـەکلا نەکردۆتـەوە، بـەڵام بـۆ هێـز و کاراکتـەر گەلێـک، کـە لـە پێـش و پـاش راپەڕیـن بـە بـەرگ و رەنـگ و دەنگـی ئایدیۆلۆژیـا و فیکـری پرۆلیتاریـاوە هاتـن و تایپێکیـان بوونـە بزنسـمان و تایپەکـەی تریـش کۆیلـەی سۆسـیال و ئیقامـە، ئەوپـەڕی خـەوش و شـورەییە!!

## خۆپیشاندان وەك ماف، ئەشكەنجە وەك ستەم

«هەرگیز چاکە لە ڕێی خراپەوە دەرک نەکراوە،
ئەگەرچی بە خراپەش دەور دراوە — کریشنا مۆرتی»

بۆ ئەوەی بەدحاڵیبوونێک لە واتای چەمکی چاکە و خراپە دروست نەبێت و ئەو قسەیەی (مۆرتی) کە هێناومەتەوە وەک پێوەرێک سەیر نەکرێت بۆ حوکمدان بەسەر چاکەخوازی ئەم و خراپەکاری ئەو و بە پێچەوانەوە، دەمەوێ بڵێم ئەو دوو چەمکە لەم نووسینەدا لە دەرەوەی مانا و سیاقی تێگەیشتنی خۆیان و وەک دەلالەت بۆ کردار و پەرچەکردار بەکار هێنراون، چوون ناچێتە عەقڵەوە مرۆڤ خۆپیشاندان و ناڕەزایی و ڕژانە سەر شەقامی هاووڵاتیان وەک سەرەتاییترین ماف بە خراپەکاری وەسف بکات، هاوکاتیش بۆچوونێکی نا لۆژیکییە هەوڵی هێورکردنەوەی ناڕەزایی و شێوازی بە دەنگەوەچوونی داواکارییەکان لەلایەن دەسەڵات بە خراپە وەسف بکرێت، بەو پێیەی لە بنەڕەتدا نیەتێکی خاوێن لە هەردوو لا هەستی پێدەکرێ، بەڵام ڕەنگە جۆر و شێوازی گوزارشتکردن لەو نیەتە نا تەندروست و نەخوازراو بێت.

بەهەرحاڵ، من سەرەتا و ئێستاش دژی ئەو بۆچوونەم کە خۆپیشاندان بە مەرجی مۆڵەت بێت، بەتایبەتی لە سای سیستەمێکدا کە بانگەشەی دیموکراسییەت و کرانەوە و مافی هاووڵاتیبوون دەکات، دیارە لە نێوان ئاگادار کردنەوە و مۆڵەت وەرگرتندا ئاسمان و ڕێسمان جیاوازی هەیە، دەشێ و ئاساییە ڕێکخەرانی هەر خۆپیشاندانێک دەزگا حکومییەکان ئاگادار بکەنەوە تا ئاسایشی خۆپیشاندەران بپارێزن، بەڵام خۆپیشاندانی بێ مۆڵەتیش بەو مانایە نەبێت کە ڕەش و سپی تێکەڵ بکرێن و سەر بەرەو توندوتیژی بکێشن.

بەلای منەوە توندوتیژی تەنها دیو و مانایەکی هەیە، واتە توندوتیژی هەر توندوتیژییە، ئیدی بە بەردەفڕکانێ، یان شەڕە قسە و جنێو، یاخود بەکارهێنانی

هێـز و تەقـە بێـت. چونکـە دواجـار پەرچەکـردارەکان تاڵتـر و نەخوازراوتـر دەبـن. مـن گومانـم لـەوە هەیـە هێشـتا کۆمەڵگـەی ئێمـە لـە ئاسـتە کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و تەنانـەت دەستەبژێرەکەیشـی هوشـیاری خۆپیشـاندانیان هەبێـت، ئاخـر بوونـی ویسـت و ئیـرادە بـۆ خۆپیشـاندان لـە بوونـی هوشـیاری ئەنجامدانـی خۆپیشـاندان جیـاوازە، لـە بەرامبەریشـدا گومانـم هەیـە دەسـەڵاتی کـوردی تێگەیشـتنی دروسـتی بـۆ مافـی نارەزایـی دەربڕینـی هاووڵاتیـان هەبێـت، نەبوونـی ئـەو هوشـیارییە دیموکراسـی و مەدەنییـەی هاووڵاتـی و نـا ئامادەیـی ئـەو تێگەیشـتنە تەندروسـتەی دەسـەڵات دواجـار وا دەکـەن هاوکێشـەکان سـەر بـەو ئاقـارەدا بـڕۆن کـە خوێنـی لـێ بکەوێتـەوە و لـە بـری گـەڕان بـە دوای پـردی پەیوەنـدی و دیالـۆگ و یەکتـر خوێندنـەوە و گوێگرتـن و ناتوندیـژی، پتەوکردنـی دیـواری رق و یەکتـر سـڕینەوە و توندوتیـژی لێبکەوێتـەوە.

بـە هەمـوو پێودانگـەکان خۆپیشـاندان مافێکـی سروشـتی و سـەرەتایی هاووڵاتییـە، لـە بەرامبەریشـدا ئەرکـی دەسـەڵاتە گـوێ بـۆ خواسـتەکانی شـەقام بگـرێ و بـە شـێوەیەکی یاسـایی وەڵامیـان بداتـەوە، گریمان خۆپیشـاندان توندوتیژی زمـان و تەنانەت بەردەفڕکێشـی تێبکەوێـت، کـە لـە بنەڕەتـدا نابـێ بـواری ئـەو شـتە بـدرێ، بـەڵام هیـچ شـتێک پاسـاوی ئـەوە ناداتـەوە تـۆ خەڵـک بئاخنییـە زیندانـەکان و لـەوەش خراپتـر ئەشـکەنجەیان بدەیـت. ئەگـەر نواندنـی توندوتیـژی هاووڵاتـی لـە خۆپیشـاندانەکان دیوێکـی بەرهەمـی ئـەو ناهوشـیارییە بێـت کـە پێشـتر باسـمان کـرد و بەشێکیشـی بەرهەمـی هەلپەرسـتی ئۆپۆزسـیۆن و قۆسـتنەوەی نـا بەرپرسـانەی دۆخەکـە بێـت بـۆ مەرامـی سیاسـی، ئـەوا لـە بەرامبـەردا رەواییـدان بـە گرتنـی هاووڵاتـی خۆپیشـاندەر و بـە یاسـاییکردنی ئەشـکەنجەدانی، دیوێکـی بیرکردنـەوەی دۆزەخییانـەی سـتەمگەرییە و ئاماژەیەکـی ترسـناکە بـۆ ئـەوەی کـە هێشـتا لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا نـە یاسـا سـەروەرە و نـە ویسـتێکیش هەیـە بـۆ قەبوڵکردنـی جیـاوازی!

زۆرێـک لەوانـەی ئێسـتا لـە هەرەمـی دەسـەڵاتی سیاسـی کوردسـتان و سـەرکردایەتی حزبەکانـدان کـەم تـا زۆر ئـازاری ئەشـکەنجەی زیندانەکانیـان بینیـووە، کـە لەسـەر داوای مافـی رەوای خۆیـان چەشـتویانە و بەردەوامیـش وەک رەمزێـک بـۆ ئازادیخـوازی بـە نـەوەی ئێسـتای دەفرۆشـنەوە، کەواتـە چـۆن دەچێتـە عەقڵـەوە ئەوانـەی دوێنـێ دوور لـە چـاوی یاسـا و تەنهـا لەسـەر داوای رەوا و ویسـتی ئازادیخوازانەیـان خراونەتـە ژێـر ئەشـکەنجە، ئەمـڕۆ لـە سـایەی دەسـەڵات و دامەزراوەکانـی خۆیانـدا رێگـە بـە

ئەشـکەنجەدانی ئازادیخـوازان بـدەن، بـە تایبەتـی کـە ئـەو کەسـانە هاوونیشـتمانی خۆیـان بـن؟!

لەنـاو هەمـوو خۆپیشـاندانێکدا هەوڵـی ناچیـزە دەدرێـن بـۆ بەلاڕێدابردنـی ڕەوشـەکە و شـێواندنی ئامانـج و مەبەسـتەکانی خۆپیشـاندان، بـەڵام ئـەو هەوڵـە نابێتـە بیانـوو بـۆ ئـەوەی پەرچەکردارەکانـت توندتـر بـن، بەردەفرکانێـی خۆپیشـاندەر ئەگـەر سـەرچاوە لـە ناهوشـیاری بـۆ شـێوازی داواکردنـی مـاف و تووڕەیـی پەنگخواردوویـان بگرێـت، ئـەوا وەڵامدانــەوەی نەرێنــی بــەو داخوازییانــە و پەرچەکــرداری توندتــر لەلایــەن دەســەڵات گوزارشـت لـە هەناسـە سـواری خـۆی دەکات، چونکـە لـە هەمـوو حاڵەتەکانـدا ئـەوە دەسـەڵات و دامەزراوەکانییەتـی دەبـێ لـە خۆپیشـاندەران و تەنانـەت لـە هاشوهوشـی ئۆپۆزسـیۆنیش پشـوو درێژتـر بـن. ئاسـاییە دوای لێکۆڵینـەوە و کۆکردنـەوەی بەڵگـە و بـە پێـی بڕیـاری دادگا ئەوانـەی سـەرچاوەی نانـەوەی پشـێوی و توندوتیـژی بوونـە بدەیتـە دادگا و یاسـا لێیـان بپرسـێتەوە، بـەڵام ئـەوەی ئاسـایی نییـە ئەوەیـە کـە بـەر لـە لێپرسـینەوە ڕەوایـی بـە لێدان و ئەشـکەنجەدانی هاووڵاتـی بدەیت، ئـەوەی پەنـا بـۆ ئەشـکەنجە و تۆقاندنـی ئەوانیتـر ببـات لـە سـادەترین مانـادا پێمـان دەڵـێ کـە بـڕوای بـە جیـاوازی نییـە و ترسـێکی هەمیشـەیی هەیـە لـە لـە دەسـتدانی کورسـی خـۆی، کەسـێکیش تـرس دونیابینـی داگیـر کردبێـت، بـەردەوام بیـر لە ترسـاندنی سـەرچاوەکانی ئـەو ترسـە دەکاتـەوە، کـە بـە دیوێکدا ئـەو ترسـاندنەی بەرامبـەر جۆرێـک لە سـتەمکاری بەرهـەم دێنـێ. ئاخـر ناکـرێ تـۆ بێیـت و بەنـاوی سـزادانی سـەرپێچیکاران، ئەوانەیـش بخەیتـە قەفەسـەوە کـە هێمنانـە گوزارشـتیان لـە داخوازییەکانیـان کـردووە، ئـەو شـێوە مامەڵەیــە هەمــان ئــەو قســەیەی (کۆنســتانتین گۆرگیــۆ)م بیــر دەخاتــەوە کــە لــە ڕۆمانــی (کاتژمێـر ٢٥)دا دەڵــێ « بـۆ ئـەوەی بێتاوانێـک مەحکـوم بکـرێ دەیخەنـە نێـو دوو تاوانبـار، ئەمــەش فێڵێکـی کۆنـە«، کـە بەداخـەوە بەشـێکی دەرەنجـام و ئاکامەکانـی مامەڵـە و هەڵوێسـتی دەسـەڵات لـە تـەک خۆپیشـاندەراندا بـەو ئاقـارەدا شکایەوە!

ئێسـتا دۆخـی کوردسـتان بـە شـێوەیەکە پێویسـتی بـە بەخۆداچوونـەوە هەیـە، چ لـە ئاسـتی هاووڵاتـی و دەسـتەبژێرەوە بـێ، یـان لـە ئاسـتی سیاسـی و دەسـەڵات، لـەوە گەڕێـن کـە ئۆپۆزسـیۆن پێویسـتی بـە فۆڕماتێکـی تـەواوی خـۆی هەیـە، بـەوەی دەرزی ئاژنـی بیرکردنـەوە و جـۆری مامەڵـەی لەگـەڵ پێشـهاتەکان و هەڵوێسـتەکانی بـکات،

ئۆپۆزسیۆنێک کە کەمترین مەرجی تەندروستی ئۆپۆزسیۆن بوونی تێدایە.

بەلای خۆیە دەبێ دەسەڵات بگاتە ئەو بڕوایەی خۆپیشاندان مافێکی سروشتی و سەرەتایی هاوولاتییە و شێوازێکی دیکەی خەباتی مەدەنی و دیموکراسییە بۆ داواکردنی مافەکانی و ناکرێ بۆ هەمیشە بە چاوی گومانی پیلانگێڕی بڕوانێتە ناڕەزایی خەڵک، هاوکات پێویستە دەسەڵات و دامەزراوەکانی بە هەموو شێوەیەک خۆیان لە ئەشکەنجەدانی هاوولاتی بەدوور بگرن و پاراستنی ئاسایش و ئارامی و سەروەری یاسا نەکەنە بیانوو بۆ سەرکوتکردنی خواستی خەڵک و لەوەش خراپتر لەگەڵ گرتنیان و بەر لە لێکۆڵینەوە، هاوولاتی تێر شەق و زللە بکەن، لە بەرامبەردا دەبێ دەستەبژێری رووناکبیری کوردیش دەستبەرداری ئەو وەهم و دیدگا ئایدیالییەی خۆی بێت کە (گەمە بە سیاسەت بکات و ئاگری سیاسەتیش دەستی نەسووتێنێ). دیارە ئەوە بە مانای رەواییدان بە گرتن و ئەشکەنجەدانی دەستەبژێر نییە، بەقەد ئەوەی هەوڵێکە بۆ ئەوەی رووناکبیر لەناو هاوکێشەکاندا رۆڵی دروست و راستەقینەی خۆی لە هێورکردنەوەی دۆخەکە و بە مەدەنی و دیموکراسییکردنی خۆپیشاندانەکان ون نەکات و فاکتەری بەرهەم هێنانی هوشیاری ناتوندوتیژی بێت، وەکو تریش پێویستە شەقام بەشی ئەوە هوشیاری گوزارشتکردن لە داوا و مافەکانی هەبێت، کە هەروا بە ئاسانی نەچێتە ژێر باری ویست و مەرامە سیاسی و دەسەڵاتگەراکانی ئۆپۆزسیۆنێک کە نیوەی تەمەنی خۆی و زیاتریش بەشێک بووە لە ماکینەی بەرهەمێنانی گەندەڵی و بێدادی و دڕدۆنگی و کاوێژکردن لەسەر دۆخە سیاسییەکە. بە دیوەکەی تردا، ئەگەر دامەزراوەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە و هێزەکانی دیکە بخرێنە چوارچێوەیەکی نیشتمانی و هاوولاتی هەست بەوە بکات کە ئەم دەزگا و دامەزراوانە هی ئەون و لە تەک بەرگریکردن لە نیشتمان، بەرگری لە دڵنیایی و ئاسایش و ئازادی ئەویش دەکەن. ئەم هەنگاوە بە رۆڵی خۆی جۆر و ماهیەت و سروشتی هەموو ناڕەزایی و توورەییێکی هاوولاتیان و شەقامیش بە ئاراستەیەکی مەدەنی و ئاشتیخوازانەتردا دەبات.

## دامەزراوەی نیشتمانی و متمانەی خەڵك

لە پشتی هەر سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی و کراوەدا، لەشکرێکی گەورەی ئاسایش و سوپا و دەزگای هەواڵگری نیشتمانی هەیە کە دەیانپارێزن، ئەو ئەمریکا و وڵاتانەی ئەوروپا کە دەیانبینین، هەروا بە ئاسانی و لە توێی دروشم و چەند یاسایەکی بێگیاندا نەیانتوانیووە بەردەوامی بەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژی و کرانەوە کۆمەڵایەتی و قەڵەمبازە سیاسی و سەروەرییەی یاسا و مافی هاوڵاتیبوون بدەن، ئەگەر لە پشتیانەوە هێزێک نەبێ لە هەڕەشە و مەترسییە دەرەکی و ڤایرۆسە ناوخۆییەکان بیانپارێزێ، بەدیوەکەی تریشدا ئەو دامەزراوانەیان ئاسایشی ئابووری و دۆزینەوەی بازاڕی نوێشیان لە ئەستۆ دابووە، تا لە ڕێگەیەوە هەژموونی کاڵا و کولتوری خۆیان بە ئەوانی دیکەی دەرەوەی جوگرافیای خۆیان ساخ بکەنەوە، جیهانگیری رووکارێکی ئاشکرا و بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگری ئەو راستییەیە.

ئێستا کورد لە باشووری کوردستان کیانێکی نیمچە سەربەخۆ و ئارامی هەیە، سیاسەتمەدار و دەسەڵاتدارانیشی هەمیشە بەڵێنی ئەوە بە خەڵکی کوردستان دەدەن، کە هەوڵ دەدەن و کار دەکەن لە پێناو مسۆگەرکردنی ئاییندەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری گەشتر و پاراستنی دەسکەوتەکانی راپەڕین، بەڵام لە بیریان چۆتەوە، یان باشتر وایە بڵێین خۆیان لەوە بواردووە، کە هیچ کام لەو دەسکەوتانە نە دەپارێزرێن و گەشەیان پێدەدرێ، نە کوردستان لەباری ئابووریدا ژێرخانەکەی دەبوژێتەوە، نە متمانە دەگەڕێتەوە نێوان هاووڵاتی و ئەو دامەزراوانە، ئەگەر هێزگەلێکی نیزامی و نیشتمانی (نەک حزبی!) لە بەرامبەر مەترسییە ناوخۆیی و فشارە دەرەکییەکان نەیانپارێزێ، هێزێک لە چەشنی دەزگا سەرکوتکەرەکانی سەردەمی بەعس نا، کە هیچ متمانەیەکیان لە نێوان خۆیان و خەڵکدا نەهێشتبووەوە، هێزێک نا کە لە سەروەری یاسا و ڕێزگرتنی بەها و مافی هاوڵاتیبوون نەگات، هێزێک نا کە یەکەم و دوا وەلا و ئینتیمای بۆ حزب و ئایدیۆلۆژیا و سەرکردەیەک بێت، هێزێک نا لە ئاستی هوشیاری و ئاگایی نیشتمانی

و نەتەوەییدا تەیار نەکرابێ و لە ئاستی مەشق و تەکنیکیشدا کارامە و پڕ چەک و تفاق نەبێ، هێزێک نا خۆی لەسەرووی یاسا ببینێ و وەک مێگەل بڕوانێتە خەڵک، هێزێک نا ژیان و گوزەران و کەرامەتی کۆمەڵایەتی خێزان و منداڵی کاراکتەر و هەڵسوڕاوەکانی دابین نەکرابێت، بەڵکو هێزێکی نیشتمانی و نەتەوەیی یەکگرتوو، کە ملکەچی یاسا و دەستور و نێوەندێکی دیاریکراوی شەرعی و متمانەپێکراوی خەڵک و رێگەپێدراوی جەماوەری بێت، سوپایەکی نیشتمانی و ئاسایشێکی تۆکمە و چاوکراوە و دەزگایەکی هەواڵگری نیشتمانی یەکگرتوو، کە خۆی بە خاوەنی دەسکەوتەکانی راپەڕین و کۆی خەڵک و سنوری وڵاتەکەیان بزانن، کە بەداخەوە لەو چرکەساتەدا، ئەگەرچی لە نێو یاساکانی پەرلەماندا دەقی لەم چەشنە هەیە، بەڵام هێشتاش ئەو هێزانە پەرتەوازەیی و بێسەروبەریان پێوە دیارە، هەر حزبە و بۆ خۆی هێزێکی لەشکری و دەزگای ئاسایش و دامەزراوەی هەواڵگری و سیخوڕی هەیە، کە پێویستە بە یاسا و بڕیارێکی ئەنجوومەنی نیشمانی و سەرۆکایەتی هەرێم رێک و یەک بخرێن و بەرەو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستان و ئەو ئایندە موژدە بۆ دراوە ئاراستە بکرێن، کە حزب و سەرکردەکانی کورد کردوویانەتە سەرمەشقی دروشمی کارەکانیان.

ئیدی نەک کاتی ئەوە هاتووە، بەڵکو زۆریش درەنگ کەوتووین و پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد بە راشکاوی و کراوەیی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، هەرنا بۆ ئەوەی خەڵک لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا بەرچاو روونییەکی بۆ ئایندە هەبێت: سوپای یەکگرتوو و دەزگای ئاسایش و هەواڵگری نیشتمانی لە رابوردووی گەلاندا بۆچ دروست بوون و گرنگییەکەیان لە کوێ دایە؟ لەو گۆشەنیگایەی کە سەقامگیری و ئاسایشی نێوخۆ ئەرکی ئەو دامەزراوانەیە، لەو نێوەدا رۆڵی ئەو دامەزراوانە لە تەکان پێدانی پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵات چییە؟ ئایا بە بێبەشبوونی کورد لەو دامەزراوە یەکگرتووانە چ زیانێکی پێکەوتووە؟ بۆچ تا ئێستاش جۆرێک لە روانینی ناتەندروست لە ئاستی جەماوەریدا بۆ ئەو دامەزراوانە هەیە؟ هۆکارەکەی نا ئاگایی و درک نەکردنی خەڵکە بە زەرورەتی بوونیان، یان پەیوەستە بە ئینتمای ئەو دامەزراوانە و جۆری مامەڵەی کاراکتەری ئەو دامەزراوانە لەگەڵ هاوڵاتیان؟ ئایا دەکرێ ئەو ئەزموونەی کوردستان بەبێ ئەو دامەزراوانە بپارێزرێ و پەرەی پێبدرێ؟ ئەو دامەزراوانە چ

ڕۆڵێـک لـە وەگەڕخسـتنی سـەرمایەی بێگانـە لـە کوردسـتان و گەشـەپێدانی ئابـووری کوردسـتان دەگێـڕن؟ چـۆن دەکـرێ لـە کوردسـتاندا ئـەو دەزگایانـە بـە دامەزراوەیـی و دەسـتوری بکرێـن و دوور لـە سـێبەری حـزب و کاریگـەری ئایدیۆلـۆژی، بـە ئـەرک و بەرپرسـیارێتی نەتەوەیـی و نیشـتمانی خۆیـان هەڵسـن و ببنـە جـێ متمانـەی خەڵـک؟ ئەزموونـی دونیـا و وڵاتانـی پێشـکەوتوو و دیموکراسـی لـەو بارەیـەوە چیمـان پـێ دەڵێـن؟ ئـەی کـورد و ئەزموونـی حوکمڕانـی کوردسـتان لـەو بارەیـەوە و لـە مڕۆیـدا لـە کوێـی هاوکێشـەکان دایـە؟ ئاخـۆ تـا سـەر دەکـرێ لـە کوردسـتان هـەر حزبـە و هێـزی پێشـمەرگە و دەزگای ئاسـایش و هەواڵگـری تایبـەت بـە خـۆی هەبێـت و سـەرۆکایەتی کوردسـتان و پەرلەمـان و حکومەتـی کوردسـتان بـە دیاریانـەوە دانیشـن؟

## مەرگی مرۆڤبوون لە سایەی خانەدانی و وەجاخزادەییدا!

حزبی کوردی بە راست و چەپی، بە ئیسلامی و بەناو عەلمانی، بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنی، تەبیعەتی وایە، پێی خۆشە لە دیوەخان و تەکیە و خانەقاکاندا بازاڕی گەرم بێت، بۆ ئەو نەتەوە هیچ نییە، جگە لە مێگەل، ئاخر هەر جوینەوەی چەمکی جەماوەر لەسەر زاری سەرکردە و ئۆرگانەکانی حزب، بۆ خۆی بەڵگەی ئەوەیە، چونکە لە فەرهەنگی سیاسیدا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هاووڵاتی و جەماوەردا هەیە. حزبی کوردی بە گشتی فشەی بە هاووڵاتیبوون دێت و بەلای ئەو باشترین ئۆتۆریتەیەک کە هەیبێت بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێکان، جەماوەرە، واتە مێگەل. بۆ ئەمەش هیچ شتێک هێندەی دیوەخان و تەکیە و خانەقاکان ناتوانن خزمەتی ئەو مەیلەی حزب بکەن، چونکە هاووڵاتیش لەو شوێنانە رەعیەتە، تا مرۆڤ. ئەوە بۆیە نەک هەر سەرکردەی حزبێکی دەسەڵاتدار، بەڵکو بەلای سەرکردەیەکی ئۆپۆزسیۆنیشەوە کە گوایە بە درێژایی ژیانی سیاسی خۆی شەڕی عەقڵیەتی خێڵ و نەریتی کردووە و دەکات، ئاساییە بۆ دەنگێک بەرماڵ بخاتە سەر نێوچەوان و عەشیرەت بەرز بنرخێنێ!!

بە کورتی و کرمانجی، ئەوە کوردستانە، بۆ ئەوەی دەستت لە پۆستێکی حکومی گیربێت، یان لە هەڵبژاردنی حزبدا بیبەیتەوە، دەبێ خانەدان و نەجیبزادە و وەجاخزادە بیت و ریشەت بچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی دیار، خۆ ئەگەر کوڕی ئاغا و عەشیرەت و مەلا و سەید و شێخ و بەگزادە بیت، ئەوا هەر دوو شەشە. ئەگینا کوڕی کابرایەکی جوتێر و پاڵە و کرێکار بیت، هوشیاری سیاسی و هەڵسوڕاوی و کادیری و دڵسۆزی و قوربانیدانت هەرچەندە بێت، هێندەی سوتووی جگەرەیەک نرخی نییە، هەموو تەکنۆکراتی و بڕوانامە و لێهاتووییشت بە فلسێکی سووتاو.

حزبی کوردی هەر لەوەدا داهێنانی نەکرد بەدرێژایی بیست ساڵ و بە شاباشی مێژووی شۆڕشگێڕی، غەنیمەی پۆست و ئیمتیاز بەسەر کائینەکانیدا ببەشێتەوە،

هـەر لـەوەدا پێشـەنگ نەبـوو و نییـە تـا دوو قەڕنـی تریـش بـەوە شـوکرانە بژێـر و چاوبەرەژێرمـان بـکات، کـە دەبـێ حـەوت پشـتی شـەهید لـە بـەری خوێنـی شـەهیدەکەیان بخـۆن، بـا نەخوێنـدەوار و کۆڵەواریـش بـن (لەگـەڵ ئەوپـەڕی ڕێـز بـۆ خوێنـی شـەهیدان). بەڵکـو سـیحری هەڵبـژاردن و دەنگـدان وایلێکـردن، ئەگـەر ئیمانداریـش نەبـن، بـەڵام داوای نـزای سـەرکەوتن لـە قاپـی وەجاخزادەکانـدا بکـەن و ئەگـەر بـە دروشـمیش مەدەنـی و کـراوە بـن، کەچـی بـۆ بردنـەوەی شـەڕی هەڵبـژاردن، لـە پراکتیکـدا فـول عەشـیرەت و دیوەخـان دۆسـت بـن، تـا ئـەوەی لـەو نێـوەدا ئەوانـەی بـە حیسـاب هێـزی ئۆپۆزسـیۆن و دژە خێڵیـش بـوون، فێربـوون (پـار و ئەگـەر بـۆ دەمیـش نەبـێ، بـۆ کـۆش باشـە) و حـزب و بزووتنـەوە سیاسـییەکانیان بکەنـە سـفرەی بەشـینەوەی دەسـەڵات و پۆسـت لـە نێـوان بـاوک و کـوڕ و زاوا و خـەزوور و خـاڵ و خـوارزا و.....!

وەک نموونەیەکـی دووبـارە و چەنـد بـارە و مشـتێکی خەروارێـک، لـە ژمارەکانـی رابـوردووی ئـەم هەفتەنامەیـە و لـە بەدواداچوونێکیـدا لێدوانـی کادیرێکـی حزبـی لەبـارەی پێـوەری دەستنیشـان کردنـی کەسـێک بـۆ پۆسـتێکی حکومـی و ئیـداری لـەو دەڤـەرە سـەرنجی راکێشـام. سـەرنجی راکێشـام، نـەک سەرسـامی کـردم، چونکـە ئـەو قسـە و لێدوانانـە بوونەتـە رۆتیـن و لـە ئێستاشـدا کوردایەتـی و حزبایەتـی هـەر بـەو ریبەیـە دەیخـوات. ئـەو کادیـرە فەرموویەتـی بـۆ فلانـە پۆسـت چەندیـن کەسـایەتی بنەماڵـە ناسـراوەکانی ناوچەکەمـان دەستنیشـان کـردوون. بـە قسـەی ئـەو بـرادەرە بێـت ( کـە ئـەوە هـەر بـە تەنهـا قسـەیەکی سـەر زارەکـی ئـەو کەسـە نییـە، بەڵکـو لـە بنەڕەتـدا بەرهەمـی پـەروەردەی سیاسـی و هوشـیاری کۆمەڵایەتـی زۆرینـەی هـەرە زۆری کادیـر و بەرپرسـە حزبییەکانمانـە) ئـەوەی لـە بنەماڵەیـەک نەبێـت، کـەس بـە کڵاوی لێهاتوویـی و بڕوانامـە و شـارەزایی و تەکنۆکاتییەکـەی ناپێوێـت.

ئـەوە هـەر لەبـەر ئەوەیـە لـەم نیشـتمانە بەڵالێـدراوەدا، بۆتـە شـتێکی ئاسـایی، کـە هەموومـان هاووڵاتـی یەکسـان و مرۆڤـی وەک یـەک نیـن، دەزانـن بـۆ؟ چونکـە کاتێـک لـە نێـو گوتـاری سیاسـی و بیرکردنـەوەی سیاسـییەکانی وڵاتـدا کۆمەڵگـە بەسـەر پیاوماقـوڵ و ناماقوڵـدا دابـەش بـوون، کەواتـە لـەو وڵاتـەدا مـرۆڤ و نیـوە مـرۆڤ، هاووڵاتـی پلـە یـەک و پلـە چواریـش هـەن.... خودایـە ئـەو مەیلـەی بـە دیموکراسـی بـوون و ویسـتی کرانـەوە و بـە شارسـتانی کردنـەی کوردسـتان بەخێـر بگێـڕی!!

## زمانی فریشته و زەمەنی فیڵ

« هەموو مرۆڤێک دەتوانێ ببێتە قەدیس، بەڵام بۆ
هەموو کەس ئاسان نییە ببێتە مرۆڤێکی چاک —
حیکمەتێکی هیندی»

ئێستا و لە کوردستان چاوی سێرە و تیروکەوانەکان هەر هەموویان لەسەر کایەی سیاسین، بە جۆرێک دەسەڵات و حکومەتی کوردستان و کاراکتەرەکانی لێ بترازێ (کە ئەویش درێغی نەکردووە لە هەوڵی تەنها خۆ جوانبینین)، ئەمڕۆ هەر کەس و هێز و گوتارێک لە شوێنی خۆی بۆتە مرۆڤ و هێزێکی نورانی و چاکەخواز و فریادڕەس و ریفۆرمخواز، هەرکەس و کایەیە و دەمی دەکاتەوە بە زمانی فریشتە موژدە دەبەشێتەوە و نەفرین لە ڕەوشی باو و سەبەبکارانی دەکات، وەک ئەوەی دونیا و خەونەکانی مرۆڤ لەم وڵاتە تەنها لە گەیشتنە دەسەڵات و بڕیاری سیاسەتدا کورت کرابنەوە و مرۆڤی کورد هیچ خەونێکی کۆمەڵایەتی و خۆزگەیەکی مرۆیی و تاکەکەسی نەبێت.

ئەوە بەو مانایە نییە کایەی سیاسی و دەسەڵاتی کوردستان فریشتە بێ خەوش و کەموکوڕییە و نابێ کەس ڕەخنەی لێبگرێ، بەڵکو بەو مانایەی خێرە بەبێ ئەوەی ئاگامان لە خۆمان بێ، هەموومان قسە دەکەین و کەسمان گوێ ناگرین، هەموومان باشین و هەموومان خراپ، هەموومان ڕاستین و هەموومان چەوت، هەموومان یاریکەرین و هەموومان ناوبژیوان؟

کەماڵ شتێکە هەرگیز نە کەس و نە هیچ هێز و کایەیەک ناتوانێ پێی بگات، کەس و کایە و هێزێکیش گومانی لەو ڕاستییە هەبێت و پێی وابێت گەیشتۆتە کەماڵ و دەتوانێ موژدەی کەماڵ بداتە کۆمەڵگە، ئەوە بۆ خۆی بەشێکی خەوش و کەموکوڕییەکانێتی.

ئێمە لە ناو کۆمەڵگەیەک و لە جوگرافیایەکداین، کە تیایدا بەقەد گەندەڵییەکانی

دەسـەڵات، کـەس و هێـز و کایـەی کۆمەڵایەتـی مشـەخۆر هـەن، بەقـەد بێـدادی نێـو کایـەی سیاسـی، کـەس و نێوەنـد و کایـەی ڕۆشـنبیری نەرجسـی و هەلپەرسـت و ریابـاز هـەن، بارتەقـای زراوتۆقینـی دەسـەڵات لـە کرانـەوە و شـەفافیەت، گوتـاری ڕووناکبیـری جیـاوازی کـوژ و ڕەهاگـەر هـەن.

کـەس گومانـی لـەوە نییـە، کـە ڕەوشـی سیاسـی و هەلومەرجـی کۆمەڵایەتـی و بـواری ئابـووری و ژیـان و بەڕێوەبـردن و شـێوازی فەرمانڕەوایەتـی کوردسـتان، لـە ئەمڕۆیـدا پێویسـتی بـە چاکسـازی و نوێکردنـەوە و تەکانـدان هەیـە بـۆ دۆخێکـی بـاش و جوانتـر، ئـەوەش پرۆسـەیەکە پێویسـتی بـە هـەوڵ و توانـای هەمـوو لایـەک هەیـە، هـەر لـە خـودی دەسـەڵات و کایـەی سیاسـییەوە بگـرە، تـا دەگاتـە یـەک بـە یەکـی تاکەکـەس و کایـە کۆمەڵایەتـی و ڕووناکبیـری و مەدەنییەکانـی کوردسـتان، پرۆسـەیەکە بـە بەشـینەوەی تۆمـەت و ناشـیرین کردنـی یەکتـری و یەکتـر سـڕینەوە بـێ ئـاکام و مایـە پـووچ دەبـێ، پرۆسـەیەکە پێویسـتی بـە زمانـی گـوڵ و نیەتـی پـاک و بەرنامـەی پوخـت و تەبایـی کۆمەڵایەتـی و یـەک ئیـرادەی سیاسـی (نـەک یـەک بیرکردنـەوە و ئینتمـای سیاسـی)ـەوە هەیـە، پرۆسـەیەکە کـۆی مەترسـییە ناوەخـۆ و دەرەکییـەکان لەبـەر چـاو بگـرێ، پرۆسـەیەکە بـە کـون فەیەکونێـک نایەتـەدی و پێویسـتی بـە پشـوو درێـژی و بەردەوامـی و سـووربوون هەیـە، چونکـە هەڵەیەکـی گـەورە دەکەیـن ئەگـەر پێمـان وابـێ بـە تەنهـا چەنـد دروشـمێک و لـە سـەقفێکی زەمەنـی دیاریکـراودا دەتوانیـن کـۆی بـارودۆخ و ڕەوشـی بـاو بـە ئاقارێکـی باشـتردا ببەیـن.

لـەو زەمەنـی فـرت و فێـڵ و بەرژەوەندخـوازی و کڵاونانـە سـەر یەکتـر و پەڕینـەوە بەسـەر پشـتی یەکتـردا، خەریکـە لـە نێـو گێـژاوی ئـەو هەمـوو گوتـارە پـەرش و بڵاوە و هەراوزەنـا بێسـەرووبەرەدا، سـەر لـە کۆمەڵگـە دەشـێوێنرێ، بـە جۆرێکـە هـەر کەسـە و هێزێکـە دێـت و لـە ڕوخسـاردا قەدیـس و پیـاوی نورانییـە، بـەڵام هێشـتا دیـار نییـە چەنـد ڕاسـتگۆ و چاکـە، خەریکـە هەمووومـان خۆمـان لـەو ڕاسـتییە نەبـان دەکەیـن، کـە لەنـاوەوەی هـەر یەکێکمـان شـەیتانی خەتـوو هـەن و دوور نییـە لـە پڕێـکا بتەقنـەوە و هەنبانـەی دروشـم و هوتافەکانمـان جارانـی سـفر بکەنـەوە، ئـەوە نییـە کازانتزاکیـس دەڵـێ « ناخـی ئێمـە پـڕە لـە تاریکـی، پـڕە لـە دەنگـی وشـک و شـکاو، پـڕە لـە دەعباگەلـی کوڵکنـی برسـی «. کـێ ناڵـی بـە شـێکی زۆری ئـەو هـەراو زەنایـەش بەرهەمـی ئـەو بـارە سـایکۆلۆژییەی خاوەنەکانییەتـی و لـە بـری (حەسـەن

و حوسێن) شین بۆ (هەریسەکە) ناکەن؟!

بەداخەوە هەرگیز بەو لۆژیکەی ئەمڕۆ، کە بریتییە لە گۆڕینەوەی تۆمەت و یەکتر ناشیرینکردنی نێوان دەسەڵات و بەرامبەرەکانی، ئەستەمە بکارین بەردێک بخەینە سەر بناغەی خەون و خۆزگە و هیوا مرۆیی و ژیاندۆستییەکانمان، کە بانگەشەی بۆ دەکەین. بە تایبەتی کە هەریەکە و لە شوێنی خۆی (کەم تا زۆر) بەشێکی بەرپرسیارێتی ئەو گەرەلاوژە و بێسەروبەرییەی دەکەوێتە ئەستۆ، کە ناشێ خۆمانی لێ ببوێرین، کاتێکیش هەر یەکێکمان، چ وەک تاکەکەس، یان هێزی سیاسی و گروپی کۆمەڵایەتی و نێوەندی رووناکبیری، بە بڕواوە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی، کە دیوی یەکەمی ناشیرینییەکانی بەرامبەر و دیوی دووەمی چەوت و چەوێڵییەکانی خۆمان ببینین و هاوکاری یەکتر بین لە چاککردنەوە و راستکردنەوەی یەکتر، دڵنیام دەتوانین زەمینەیەکی باشتر بۆ خەونی نوێبوونەوە و خۆزگەی گۆڕان و ئومێدی پێشکەوتن بسازێنین، ئەگینا هەر هەموومان پیاوی باش و کوڕی چاک و مرۆڤی نورانی و قەدیس بین، بێ زەحمەت کێ و چی چاک بکەین؟!

## کام ڕێگایە دەمانباتە ئەوێ؟!

«جەنگ جیاوازە لە گێچەڵ و دەمەقاڵێ — پاولۆ کۆیلیۆ»

بــە پێچەوانــەی هەمــوو پێشــنبینییە تاڵــەکان، بــە پێچەوانــەی هەمــوو ئــەو وێنــە ناشــیرینانەی بــۆ بەرامبەرەکانمــان تاشــین.. بــە پێچەوانــەی هەمــوو ئــەو نائومێــدی و ڕەشــبینییانەی بەشــرانەوە، بــە پێچەوانــەی هەمــوو ئــەو تەنــگ پێهەڵچنیــن و تۆمەتبارکردنــەی ڕکابــەرەکان.. بە پێچەوانــەی هەمـوو ئـەو وەعـزە شـەیتانییانەی سـام و بیمـی لـە دایکبوونـی فاشـیزمیان لـە زاکیـرە و خەیاڵمانـدا چانـد، دواجـار (وێـڕای هەنـدێ خـەوش و کەموکـوڕی) پرۆسـەکانی هەڵبژاردنمـان تێپەڕانـد.. نـە چـاوی ڕق لـە کـەس سـوور کرایـەوە، نـە کوردسـتان بـووە گۆمـی خوێـن، نـە زەنگـی دیکتاتۆریـەت و فاشـیزم میوانـی گوێچکەمـان بـوون، نـە دەرچـوو قەوارەیەکیـش بەکرێگیـراو و ئاژاوەگێـڕ بێـت ، بـە پێچەوانـەوە ئەمجارەشـیان سـەلماندمان هەموومـان بـە یەکـەوە دەتوانیـن دونیایەکـی نـوێ و جوانتـر دروسـت بکەیـن، کـە تیایـدا بـە هەمـوو جیاوازییەکانمـان مـل بدەینــە بــەر ململانــێ و کێبەرکێیەکــی شارســتانی و دیموکراســی و هەریەکەمــان بەقـەد بـوون و ئامادەییمـان بـەری ڕەنجـی ماندووبوونمـان بچنینـەوە و بارتەقـای قەبـارە و قورسـاییمان، بۆشـاییەک لـە فـەزای سیاسـی داگیـر بکەیـن ( بـە مانـا ئەرێنییەکـەی).

پرۆسـەکانی هەڵبـژاردن و گەمەکانـی دیموکراسـی پانتاییەکـن کـەس تیایانـدا دۆڕاو نییــە، بەڵکــو هەموومــان تیایانــدا براوەیــن، براوەیــن بــەوەی بەشــدارییەکی سیاســی جــددی دەکەیــن، براوەیــن بــەوەی دەمانــەوێ لــە ڕێگــەی ســندوقەکانی دەنگدانــەوە کاژی کــۆن فــڕێ بدەیــن و بەهــاری ژیانــی سیاســی و کۆمەڵایەتیمــان نــوێ بکەینــەوە، براوەیـن بـەوەی دەمانـەوێ ژیـان بـە کـۆی کایـە و پێکهاتەکانـی ڕەنگاوڕەنگتـر بکەیـن، دەسـگرتن و سـووربوون لەسـەر خـودی هێشـتنەوە و بەردەوامـی ڕەنگاوڕەنگـی ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی، لـە خـودی خۆیـدا گەورەتریـن بردنەوەیـە لـە تـرس، گەورەتریـن سـەرکەوتنە بەسـەر بێهوودەیـی، گەورەتریـن ڕاچەنیـن و بازدانـە بەسـەر دۆخـی مـت بـوون و چەقیـن.

ئەگەر ئەو جیاوازی و رەنگاوڕەنگییە بۆ دوێنێ و ناوەوەی خۆمان راست بووبێت، ئەوا گومانی تێدا نییە بۆ سبەی و دەرەوەی خۆشمان ئاساییە، واتە وەک چۆن ئاسایی بوو لێرە بە رەنگی جیاوازەوە دەرکەوتین، ئاواش ئاسییە و نە عەیبە و نەشورەیی، لەوێ لە سەنگەری جیاواز و بە میکانیزمی جیاوازەوە بچینە بەرەی شەڕ، گرنگ بردنەوەی شەڕەکەیە، چونکە نیشتمانپەروەری و نەتەوەییبوون بەسەر کەس تاپۆ نییە، کەسیش بۆی نییە وەعزی وڵاتپارێزی بەسەر ئەوانی تر ببەشێتەوە.

هەر دوێنێ بوو لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان هەندێ دەنگ کوردایەتیان شاباش دەکرد و بە پاساوی سەیر سەیر خەریکی فوکردن بوون بە ئاگری دووبەرەکی، کەچی ئێستا و لەسەروەختی هەڵبژاردنەکانی عیراقدا هەر ئەوانن دێنەوە و کوردینیمان بە فۆرمێکی تری جیاواز لە گەمەکانی دوێنێ پێ دەفرۆشنەوە و خەریکە بە بیانووی مەترسی فرەیی و جیاوازی ترسێکی زەبەلاح و وەهمێکمان لا دروست دەکەن، وەک ئەوەی رۆژی قیامەتی کورد نزیک بووبێتەوە!

پێویست دەکات هەمیشە ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە بڕوابوون بە دیموکراسی و بەیەکەوەژیان و کارکردن و هەڵکردنی جیاوازییەکان ناچنە ژێر هیچ هەلومەرجێکەوە، ئەگەر بڕیارە لە شوێنکاتێکدا بڕوامان بە جیاوازی هەبێت، ئەوا ناشێ لە شوێنکاتێکی تر دژی بووەستینەوە و بە دروشمی قەبە پاشگەزبوونەوەکەمان سواخ بدەین.. لە هەموو حاڵەتەکاندا دیموکراسی دەکەوێتە خزمەتی پرسە نەتەوەییەکان، گرنگ لەو نێوەدا جۆری کار و فۆڕمی بیرکردنەوە و چییەتی میکانیزمەکانی گەیشتن بەو ماف و خەونە نیشتمانی و نەتەوەییانەن، بۆیە چیتر ناکرێ لە کوردستان بەناوی بەرژەوەندی نەتەوەیی، یەک ئیرادەیی سیاسی و یەک بیرکردنەوەی سیاسی تێکەڵ بکرێن، هەرگیز ئاسایی نییە بەناوی یەکڕیزی، یەک لیستی و یەک هەڵوێستی ئاوێتە بکرێن و بەسەری هاووڵاتیانماندا ساخ بکرێنەوە.. قەت لۆژیکی نییە بەناوی وڵاتپارێزی، دەرگای بیرکردنەوەی جیاواز و هەوڵی چارەسەری جیاواز و خستنەگەڕی میکانیزمی جیاوازی چارەسەری پرسە نەتەوەییەکان، بەسەر بۆچوونی جیاوازدا دابخرێ، چونکە دواجار هەموومان رۆڵەی ئەم جوگرافیایەین و ئەوانەیش پێیان وایە بە تەنها تۆزی مێژووی کوردایەتی بە شانی ئەوانەوەیە، خراپ نییە ئەوەش بزانن کەسانێکیش هەن هێشتا بۆنی باڕووتی سەنگەرەکانی

کوردایەتـی هـا بەبەرگیانــەوە.

بەهەرحــاڵ، بیرکردنــەوە سیاســییەکانمان هــەر چییــەک بــن، ناکــرێ مافــی دەستپێشـخەری جیـاواز لەوانـی تـر بسـتێنینەوە.. دیدگامـان بـۆ کوردبـوون هـەر چۆنێک بێـت، رێـی تێناچێت بەرامبەرەکانمـان ناچـار بـە تەنهـا یـەک بیرکردنـەوە و بەرنامـەی کار بکەیـن.. تێگەیشـتنمان بـۆ ژیـان و نوێبوونـەوە هـەر چۆنێـک بێـت، ناشـێ پێمـان وابێـت تەنهـا رێگەیـەک هەیـە بـۆ ژیـان و تەنهـا کلاورۆژنەیـەک هەیـە بـۆ دەرکەوتنـی خـۆر.

ئــەوەی بــێ ئومێــدی و رەشــبینی و تــرس ببەشــێتەوە، چاوەڕێــی مــوژدە و سەرکەوتنیشـی لێناکـرێ، بۆیـە کـورد لـەو شـەڕەدا پێویسـتی بـە جەنـگاوەرە، نـەک دروشـمی سـۆزباو، جەنگاوەرێـک توانـای ململانـێ و بەردەوامـی هەبێـت، جەنگاوەرێـک بزانـێ چـی دەوێـت.. لـەو جەنگـەدا بـۆ کـورد ئەوەنـدە یەک لیسـتی و یـەک بیرکردنەوەی سیاسـی گرنـگ نییــە، بەقــەد ئــەوەی رۆحــی جەنگاوەرێکـی گەرەکـە کـە « هەرگیـز دۆسـتەکانی لەبیـر نـاکا، ئـەو دۆسـتانەی لـە شـەڕگەکەدا خوێنیـان تێکەڵـی خوێنـی ئــەو دەبێــت، جەنگاوەرێـک بۆنــە و بــوارەکان دەقۆزێتــەوە تــا هەڵەکانــی راسـت بکاتــەوە، جەنگاوەرێـک گەمەیـەک نمایـش نـاکات ئەوانـی تـر بۆیـان دیـاری کردبێـت، جەنگاوەرێـک دواجـار دەزانـێ چـۆن کۆتایـی بـە جەنگەکـە دێنـێ — پاولـۆ کۆیلیـۆ».

# دیوی دیکەی کوردبوون!

هەڵەیەکی کوشندە دەکەین ئەگەر وا بڕوانینە کوردبوون، کە بە تەنها بریتی بێت لە خۆ جیاکردنەوە لەوانی تر، لە کاتێکدا خودی ئەو شووناسە لە هەناوی خۆماندا هێشتا برینداره و لە بری کۆکردنەوەمان، بووەتە هۆی پارچە پارچە بوونمان. پارچەبوون نەک بە مانای جیاوازی و قەبوڵ کردنی، بەڵکو بە مانای رەتکردنەوەی ئەو جیاوازییانە و سڕینەوەیان و بەخاوەن دەرکەوتن لە حەقیقەتی رەها. کەواتە بۆ دەستگرتن بە شووناسی کوردبوون بەر لە بەکار هێنانی وەک هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئێمە و ئەوانی دی جیاواز لە ئاستی کولتور و فەرهەنگ و زمان و مێژوو، پێویست دەکات لەناو خودی کورد خۆیدا بە دوای بنەما و هێزەکانی مانەوە و بەردەوام بوونیدا بگەڕێین. بە مانایەکی تر، کوردبوون بەر لەوەی بریتی بێت لە خۆ گرێدان بە بستە جوگرافیایەک، بریتییە لە ئینتیمای بێ چەند و چوون بۆ مرۆڤ بوون و بەهاکانی ئازادی و بەیەکەوە ژیان لەناو خۆماندا. هەر لەم روانگەیەوە خەونی کورد بۆ یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی نیشتمان لە دەرەوەی بڕوا بوون بە بەرهەمهێنانی مرۆڤێکی ئازاد لەناو خۆیدا، ئازاد لە بیرکردنەوە و رامان، لە راستیدا خەونێکی کوشندەیە.

ئەزموونەکانی مێژووی کورد پێمان دەڵێن، ئەوە جەستەی هەلا هەلاکراوی کوردبوونە لەسەر دەستی خودی کورد خۆی، شکستخواردووی کردووین و نەیهێشتووە وەک شووناس و بوونێکی جیاوازی ئامادە و کارا بێینەوە ناو مێژوو. دیرۆکی تێکۆشانی کورد لە ژێر دروشمی ئازادی، هەر لە سەردەمی میرنشینەکانەوە و پێش ئەویش بگرە، تا دەگاتە رۆژگاری ئەمڕۆمان پڕە لە ئەزموونی یەکتر سڕینەوەی کورد لەناو خۆیدا. چونکە لە بنەڕەتدا بڕوای کۆنکرێتیمان بە ئازادی و کوردبوون نەکراوەتە بناغەی تێکۆشان و دەرچوون لە سێبەر و هەژموونی ئەوانی تر، بە قەد ئەوەی لەناو خودی بزووتنەوە سیاسییەکانماندا مەیلێکی هەمیشە ئامادە بۆ خۆسەپاندن و قەرزارکردنەوەی هاوشووناسە جیاوازەکانمان لە خەیاڵدا

بووه، تا ئەوەی کوردبوون نەبووە بەو سفرەیەی هەموومان بە کۆی دونیابینییە سیاسی و پاشخانە ئایدیۆلۆژی و وردە ئینتیما ئایینی و مەزهەبییەکان کۆ بکاتەوە. واتە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە بری کوردبوون خۆی، ئینتیمای خێڵ، ناوچە، ئایدیۆلۆژیا، ئایین و وردە ئینتیمای بچووکتر سەرمەشقی هەنگاوەکانمان بوون. ئەوە بۆیەش کورد بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی خۆی، هێندەی ئەوەی شەڕوان و جەنگاوەری بەرهەم هێناوە، بەقەد ئەوە مرۆڤی ئازاد و خاوەن ئیرادەی بەرهەم نەهێناوە، کە چەمک و بەها بەرزە مرۆییەکان نەکاتە قوربانی مەیلە خێڵەکی و ناوچەیی و حزبی و ئایدیۆلۆژییەکان.

شتێک لەمڕۆ و ئاییندەشدا بۆ کورد گرنگ بێت، بەر لە بەرەنگاربوونەوەی ستەم و دڕندەیی دوژمنەکانی، ئاشتبوونەوەیەتی لەگەڵ خۆی. ئاشتبوونەوە بە واتای قەبوڵکردنی جیاوازییەکانی نێو هەناوی خۆی و دەستبەرداربوونی وردە ئینتیما و پەیوەست بوون بە خەون و ئامانجگەلێکی گەورە و گشتگیر تر لە ئایدیۆلۆژیا، کە پێش هەموویان مرۆڤبوون و بەدوای ئەویش کوردبوون خۆیەتی.

دەبێ مرۆڤی کورد لە ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی بگاتە ئەو یەقینەی، کە هەریەکە و لە شوێنی خۆی بە خۆی بڵێ: من بەبێ‌تۆ هیچ نیم و تۆش بەبێ‌من هیچ، کەوابێت بوون و مانەوەمان پەیوەستە بە بەردەوامی پەیوەندی گرتنمان بە یەکترییەوە. لە هەناوی کۆمەڵگەیی خۆیدا، گرفتی سەرەکی و پەتای درمی نێو جەستەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێت، ئەو ترسەیە لە پەیوەندی گرتن لەگەڵ بەرامبەرەکەی.. پەیوەندییەک دواجار رقی نێوانمان کاڵتر و هەڵکردنمان لەگەڵ یەکتر بە کۆی جیاوازی و ناکۆکییەکانمان تۆختر دەکاتەوە. بۆ کورد بە تەنها دەسگرتن بە شووناسی کوردبوونەوە بەس نییە، ئەگەر خودی ئەو شووناسە لە ئاستە مێژوویی و کولتورییەکەیدا هەلا هەلا بێت و پەند لە ئەزموونەکانی یەکتر سڕینەوەی هێزە کۆمەڵایەتی و گرووپە سیاسییەکانی نێو هەناوی مێژووی دوور و نزیکی خۆی وەرنەگرێ. بە کورتی و کرمانجی،کوردبوونمان لەوێدا دروستە کە یەکتری بخوێنینەوە، کە گوێ بۆ یەکتری شل کەین، کە جیاوازییەکانمان فاکتەری پەیوەندیگرتن و لەیەک گەیشتنمان بن، کریشنا مۆرتی وتەنی « پەیوەندی ئەو ئاوێنەیەیە مرۆڤ خۆی تێدا دەبینێتەوە. بێ‌پەیوەندی، مرۆڤ بوونی نییە، بوون واتە لە پەیوەندیدا بوون، لە پەیوەندیدا

بــوون، واتــە هەبــوون. مــرۆڤ تەنیــا لــە پەیوەندیــدا، بــوون پەیــدا دەکات، ئەگــەر وانەبێــت، بوونــی نییــە و لــەو کاتــەدا بــوون بێمانــا دەبێــت». کەوابێــت بــوون و مانــەوە و بەردەوامیمــان لــە پەیوەندیگرتــن بــە یەکتــری دایــە، تــا لــەو بورجــی عاجــی کەللەڕەقــی یەکتــر نەخوێندنەوەیــەدا دانەبەزیــن، کوردبــوون هەمیشــە شووناســێکە برینــدار، نێچیرێکــە دەســتەپاچە لەبــەردەم ســێرەی نەیارەکانمــان.

## خۆخوێندنەوە و پێشکەوتن!

گرفتــی گــەورەی ئێمــە بــە تەنهــا قەبــوڵ نەکردنــی خۆخوێندنەوەیەکــی بوێرانــە نییــە بــۆ مێــژوو و بیرکردنــەوە و هەڵوێســتەکانمان، بەڵکــو پەرچەکــرداری ســۆزداری و پــڕ کەفوکوڵمانــە لــە ناشــیرینکردنی هــەر هەوڵێکــی لــەو چەشــنە، ئەگەرچــی پشــت ئەستووریش بێت بە تیۆرێکی رەخنەیی عەقڵانی و بەڵگە و ئەرگومێنتی مێژوویی. ئامادەیــی دونیابینــی و بیرکردنەوەیەکــی لــەو چەشــنەش لــە نــاو کولتورەکەمانــدا وایکــردووە نەتوانیــن وێنــەی دروســتی خۆمــان بدۆزینــەوە، کــە زۆرجــار ئــەو وێنەیــەی خۆمــان، کــە بــە دەســتی خۆمــان و بــە ماکیــاژ و خــۆ خەڵەتاندنــەوە تەڵخــی دەکەیــن، دوور نییــە لــە ئاوێنــەی چــاوی بەرامبەرەکانمانــدا جوانتــر و روونتــر خــۆی بنوێنــێ، ئــەوە بۆیــە هەمیشــە و ئەگــەر بــۆ ساتێکیش بێت پێویستە گوێچکەمــان لــە شــەیتانی ناوەوەمــان کــەڕ کەیــن و نیگامــان بخەینــە ســەر روانینەکانــی ئــەوان بــۆ خــودی خۆمــان و « حەقیقــەت لــە زمانــی دوژمنــەوە ببیســتین — لۆژیــک».

یەکێــک لــە خەســڵەتەکانی هــەر کۆمەڵگایەکــی زینــدوو، کــە بــەردەوام جوڵــەی ژیانــی تێدایــە و ئەگــەری کرانــەوە و پێشــکەوتنی زیاتــری لــە بــەردەم دایــە، ئەوەیــە کــە شــەرم لــە خســتنەڕووی خــەوش و کەموکوڕییەکانــی نــەکات و خــوێ بــە تــەواوی برینــە سۆســیۆ — سیاســی و کولتورییەکانــی بونیــادی خۆیــدا بــکات، ئەگەریــش پێویســتی کــرد کۆمــەک لــە بەرامبەرەکانیشــی وەرگــرێ، چونکــە «بێگانــەکان هەموویــان بەربــەری نیــن، هاووڵاتیانــی ئێمــەش هەموویــان شارســتانی نیــن — لایبرۆیــر». بــۆ ئــەوەی بەرامبەرمــان بناســین، پێویســت دەکات خــودی خۆمــان بناســین، هــەر هەوڵێکیــش بــۆ ناســینی خــود لــە دەرەوەی لۆژیکــی خۆخوێندنەوەیەکــی رەخنەیــی و بوێرانــە بــۆ کــۆی ســتراکتۆری کۆمەڵایەتــی و کولتــوری و سیاســیمان لــە روانگــەی ئەزموونەکانــی دوێنــێ و هەلومەرجــی هەنووکەیــی، ناکامــڵ دەردەچــێ، ئاخــر هیــچ ئایندەیەکــی تەندروســت بەبــێ دۆزینــەوەی نەخۆشــییەکانی دوێنــێ و دۆزینــەوەی چارەســەرییەکان نایەتــە

بەرهـەم. ئاییندەیەکی تەندروست بۆ هـەر کۆمەڵگایـەک کـە خـەون بـە دەربازکردنـی قەیرانەکانـی دەبینـێ، بەبـێ ددان نـان بـە هەڵەکانـی دوێنـێ و دۆزینـەوەی هەڵـە و هـۆی شکسـتەکان نایەتـەدی، بەتایبەتـی کـە « بنیـادەم هەمیشـە هـۆی شـتەکانی بیـر دەچێتـەوە — ئەلیسـاندرۆ باریکـۆ»، هـەر لـەم روانگەیـەوە بیرکەوتنـەوە و پەیبـردن بـە هـۆکارەکان، زەمینەسـازییەکی دروسـت بـۆ دەستنیشـان کردنـی ئەلتەرناتیـڤ و چارەسـەرییەکان دەکات.

« هەمـوو نەتەوەیـەک لەبەرئـەوەی بـاوەڕی وایـە تەنهـا ئـەو خاوەنـی حیکمەتـە، بۆیـە سـەرجەم نەتەوەکانـی دیکـەی پـێ شـێتە — تـۆدۆرۆف». پێشـکەوتن بـە کاوێژکـردن لەسـەر شـانازییەکانی دوێنـێ و تێنەپەڕاندنیـان دروسـت نابێـت.. پێشـکەوتن بـەوە بەرجەسـتە نابێـت خـۆت هەمیشـە وەک فریشـتە و بەرامبەرەکانـت بـە شـەیتان وێنـا بکەیـت و هەوڵـی گواسـتنەوەی ئـەو تـۆوە لـە زاکیـرەی دوێنـێ بـۆ خەیاڵدانـی ئەمـڕۆ و سـبەی نـەوەکان بگوازیتـەوە و هوشـیارییان بـەو تێگەیشـتنە دۆگمایـەوە موتوربـە بکەیـت.. پێشـکەوتن بـە پاسـاودانەوەی شکسـتەکانمان بـە بیانـووی دڕندەیـی ئەوانیتـر نایەتـەدی. کۆمەڵگایـەک ئەگـەر خەونـی ژیـان و بەردەوامـی و مانـەوەی هەبێـت، وێـڕای سـوود وەرگرتـن لـە ئەزموونەکانـی، پێویسـتی بـە کۆمەکـی تـەواوی شارسـتانییەتی مرۆڤایەتـی و ئەزموونـی ئەوانـی تـر دەبـێ. کۆمەڵگایـەک چەنـدە لـە دیـد و خەیاڵدانـی خۆیـدا پێشـکەوتوو و شارسـتانی و کـراوە بێـت، هێشـتا پێویسـتی بـەوە هەیـە خـۆی نـوێ بکاتـەوە « ئێمـەی تـا ئـەو رادەیـە سـەردەمی، دوای چەنـد سـەدەیەک کـۆن دەبیـن — لایبرۆیـر»، چ جـای کۆمەڵـگا و نەتەوەیـەک کـە تـازە بـە تـازە و دوای ناسـۆرییەکانی دەیـەوێ بێتـەوە نـاو مێـژوو و لـە هەوڵـی دروسـتکردنی شووناسـێکی جیـاواز لەوانـی تـرە بـۆ خـۆی، ئـەوە بۆیـە دەبینیـن کـە کۆمەڵـگا شارسـتانی و پێشـکەوتووەکان هەمیشـە لـە هەوڵـی گۆڕینـی بەردەوامـی فۆڕمـی ژیـان و پەیوەنـدی و بیرکردنەوەکانیانـدان، بـە جۆرێـک لەگـەڵ هەلومەرجـی گۆڕانکارییـە زەینـی و مادییـەکان بگونجـێ، تـا ئـەوەی شـۆڕش بەسـەر پرەنسـیپەکانی شۆڕشـدا بکەنـەوە، راپەڕینـی خوێندکارانـی ١٩٦٨ی فەڕەنسـا لـەم نێـوەدا نزیکتریـن نموونەیـە.

# ناوەڕۆك


بەرچەنە ........ ٧
بەهاکانی راپەڕین، دەروازەیەک بۆ بەخۆداچوونەوە ........ ٩
سرووتەکانی کوشتنی گەنج ........ ١٧
راپەڕین لە لاواندنەوەوە بۆ وەبەرهێنانی ئامانجەکان ........ ٢١
مێژووی سەرهەڵدانی پارتە سیاسییەکان ........ ٢٦
کوردبوون لە نێوان سەربەخۆیی و ئازادیدا! ........ ٣١
ئاشی دەسەڵات، گەمژەیی رەعیەت دەیگێڕێ! ........ ٣٧
دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە گەمەی دیموکراسیدا ........ ٤٢
ئۆپۆزسیۆن لە نێوان رەوایەتی سیاسی و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاندا ........ ٤٩
ئەوی دی جیاواز لە کۆمەڵگا ئایدیۆلۆژییەکاندا ........ ٥٦
فەندەمێنتالیزم و گوتاری جیاوازی کوژ! ........ ٦٣
کۆمەڵگای داخراو و گوتاری دژە گۆڕان ........ ٦٦
ئێمە کامیانین، دوژمن یان جیاواز؟ ........ ٧٢
عەلمانییەت و کۆمەڵی مەدەنی ........ ٨٧
بە بۆنەی دەوڵەتەوە.. لە بارەی سیکیولاریزم و بەها و ئازادیی مرۆڤ ........ ٩٢
ئایدیۆلۆژیا، لە بۆتەدان و مەرگی مانا ........ ١٠٠
هەڵوەستەیەک لە ئاست پرۆژەی رۆشنبیری ........ ١٢٠
رۆشنبیری کوردی، دوو زەمەنی جیا و یەک ئاراستە ........ ١٢٧
سرووتەکانی کوشتنی گەنج ........ ١٣٤
رێکخراوەکانی لاوان لە وەهمی ئایدیۆلۆژییەوە.. بۆ خەونی کۆمەڵایەتی! ........ ١٣٨
پەیامێکی ئاژاوەچییانە بۆ ئوستادە واعیزەکان! ........ ١٣٨
دەربارەی چەمکی نەوەی نوێ و کێشەکانی گەنج لە وەڵامی پرسیارەکانی.. ........ ١٤٩
گەنج و دووانەی.. مەعریفەی ئەشکەوت و کورتبینی رونیا ........ ١٦٠
قسەیەک دەربارەی ئازادی! ........ ١٧٠
سیاسەتی نووسین و نووسینی سیاسییانە! ........ ١٧٤
گەمەکانی زمان لە گوتاری ئایدیۆلۆژیستێکدا! ........ ١٧٨
تێکست و گوتار.. رەهەند و خوێندەوە ........ ١٨٤

میدیا و زمان.. هەڵوەستەیەک ........ ١٩٠
ڕاگەیاندن لە نێوان خواستی دەسەڵات و ئەرکی ڕاگەیاندندا ........ ١٩٥
ڕاگەیاندن لە بەردەم پرسیاری ئازادیدا ........ ٢٠٦
ئێوە وا دەڵێن، یان ئەوان وا دەکەن؟! ........ ٢١١

وتاری ڕۆژنامەنووسی ........ ٢١٧
ئایین و مرۆڤ.. ویست و ئازادی ........ ٢١٩
ئایا ئیسلامی سیاسی ئەلتەرناتیڤە؟ ........ ٢٢٢
تارمایی سەلەفیەت و ئاسۆی کرانەوە.. ........ ٢٢٧
ئاماژەکانی بێئومێدی ........ ٢٣٣
پۆرترێتی ئەنفال ........ ٢٣٦
ئەنفال، یادەوەری شووناس ........ ٢٣٨
ئەنفال لە لاواندنەوەوە بۆ هوشیاریی کولتووری ........ ٢٤٢
هەڵەبجە لە نۆستالیژیاوە بۆ ڕۆحی کوردبوون ........ ٢٤٧
بوونێک هەمیشە لە سێبەری ترس.. ........ ٢٥٢
جەستە و یادەوەری.. کولتوور و توندوتیژی ........ ٢٥٧
ڕەهەندەکانی زیندان! (یەکەم سەرکەوتن ئەوەیە لەخۆت بردبێتەوە — نیچە) ........ ٢٥٩
زیندانیکردنی ئیرادە و خود کوژی شووناس ........ ٢٦٢
سێبەری کولتوور و ئاسۆی خود گۆڕان ........ ٢٦٦
فرەژنی و چڵێسی پیاو! ........ ٢٦٩
لەودیو حیکمەتی بەپیرۆزکردنەوە ........ ٢٧٣
هەناسەیەکی تر بۆ دیکتاتۆریەت! ........ ٢٧٦
داری دیموکراسی لەو خاکەدا بەر ناگرێ! ........ ٢٨٢
پرۆلیتاریاکانی شاخ و بزنسمانەکانی شار! ........ ٢٨٦
خۆپیشاندان وەک ماف، ئەشکەنجە وەک ستەم ........ ٢٩٠
دامەزراوەی نیشتمانی و متمانەی خەڵک ........ ٢٩٤
مەرگی مرۆڤبوون لە سایەی خانەدانی و وەجاخزادەییدا! ........ ٢٩٧
زمانی فریشتە و زەمەنی فێڵ ........ ٢٩٩
کام ڕێگایە دەمانباتە ئەوێ؟! ........ ٣٠٢
دیوی دیکەی کوردبوون! ........ ٣٠٥
خۆخوێندنەوە و پێشکەوتن! ........ ٣٠٨

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا...

- نوری ئیبراهیم عەلی، ناسراو بە (نوری بێخاڵی)
- ساڵی ١٩٧١ لە رواندز لە دایک بووە
- بەکالۆریۆس لە زمانی عەرەبی — زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ١٩٩٥
- ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان

## چاپکراوەکانی نووسەر

١. لە پێناو هوشیاری نەتەوەیی — نووسین/ ٢٠٠٠، بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی (میدیا).

٢. گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی — وەرگێڕان بە هاوبەشی/ چاپی یەکەم ٢٠٠٢ و چاپی دووەم ٢٠٠٤، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما.

٣. قوتابخانەی فرانکفۆرت — وەرگێڕان بە هاوبەشی/ ٢٠٠٣، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما.

٤. راگەیاندن و کاری رۆژنامەگەری — نووسین/ ٢٠٠٦، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری رۆشنبیری سۆران.

٥. شەلاڵم بە عەتری ئێوارە — شیعر/ ٢٠١١، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری رۆشنبیری مێرگەسوور.